# واعیزەکانی سوڵتان

نوسینی:
دکتۆر عەلی وەردی

وەرگێرانی:
عەبدوڵلا جەبار شەمسەدین



چاپی پێنجەم
2015

د.عەلی وەردی

# واعیزەکانی سوڵتان

وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا جەبار شەمسەدین

چاپی پێنجەم

2015

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە: (66)

## ناسنامەی کتێب


- **واعیزەکانی سوڵتان**
- نوسینی: دکتۆر عەلی وەردی
- وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا جەبار شەمسەدین
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: هەرێم یاسین
- تیراژ: 1000
- نۆبەت و ساڵی چاپ: پێنجەم ، 2015
- شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج

ژمارە سپاردن: 123ی ساڵی 2003ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.


ناونیشان: سلێمانی ـــ بازاری سلێمانی ـــ بەرامبەر بازاری خەفاف.

ژمارەی مۆبایل: (07701574293)، (07501191847)

# پێڕست


پێشەکی ........................ 14

بەشی یەکەم : ئامۆژگاریی وململانێی دەروونی ........................ 27

بەشی دووەم: ئامۆژگاری رێنزدیواجی کەسێتی ........................ 49

بەشی سێیەم: ئامۆژگاری وچاکسازی کۆمەڵگە ........................ 75

بەشی چوارەم: گرفتی پێشینە چاکەکان (السلف الصالح) ........................ 95

بەشی پێنجەم: عەبدوڵڵای کوڕی سبأ ........................ 129

بەشی شەشەم: قورەیش ........................ 153

بەشەی حەوتەم: قورەیش رەسوڵنراوە ........................ 213

بەشی هەشتەم: عەمماری کوڕی یاسر ........................ 227

بەشی نۆیەم: عەلی کوڕی ئەبی تالیب ........................ 249

بەشی دەیەم: سروشتی شەهید ........................ 299

بەشی یازدەیەم: کێشەی شیعەو سوننە ........................ 313

بەشی دوازدەهەم : پەندی مێژوو ........................ 357

## پێشەکی وەرگێڕ بۆچاپی سێیەم

سوپاس بۆخودا کەیارمەتی داین بۆئەوەی چاپی سێیەمی شاکاری (واعیزەکانی سوڵتان) ئامادەبکەینەوە بۆچاپکردن... من دەرهەق بەو هەڵە زۆرو زەوەندەی تایپ کەلەچاپی دووەمی ئەم پەرتوکەدا هەبوو، پڕبەدڵ وزمانم داوای لێبوردن لە ڕۆحیانەتی مامۆستا وەردی گوڵ وخوێنەران وکڕیارانی بەڕێز ومیهرەبانی چاپی دووەم دەکەم. ئەوەندە بەسە کەدەڵێم دەرهەق بەو هەڵەڕەپەلانە، بەش بەحاڵی خۆم لەئاستی ئێوەدا شەرمەزارم. بەڵام پاساوێکیشمان هەیە ئەویش بریتیەلە بگرەو بەردەی کۆمپیوتەر وجیاوازیەکانی ئۆفیس کەبوە هۆی ئەوەی وێڕای هەڵەگیری کردن، کەچی کاتێ بەخۆمان زانی لەسەرتاسەری کتێبەکەدا لەهەرجێگەیەکدا (ای)بەدوای یەکداهاتبێ، ئەودووپیتە قرتاوە وسڕاوەتەوە. ئەوە گوێبەنی کۆمپیوتەربوو. بەڵام ئیشەکەی ئێمەی هێندە ناشیرین کرد کەناچاربین ئابەم پاڕانەوەیە داوای لێبوردن وچاوپۆشی بکەین.

بۆئەوەی دڵنیابین لەوەی ئەمجارەیان هەڵەگیریمان تەواوە، دوومانگی ڕەبەق دەستم لەهەمووکارەکانی ترم هەڵگرتوەوخەریکی هەڵەگیری ئەم چاپی سێیەمە بووم. هیوادارم ئەمجارەیان بێ هەڵەوپەڵە کارەکەمان ڕایی ببێت و ناتەواوی تەکنیکی ڕەنجمان بەفیڕۆ نەداتەوە.

ئەم پۆزشە کورتەم بەپێویست زانی... ئیدی لێرەوە ئێوە لەگەڵ ناوەڕۆکی کتێبەکەدا دوویەدوو بەجێ دێڵم، تاکو لەژوانێکی ئارامدا تێکەڵ بەڕۆحی یەکتر بێن...فەرموون...

مەشخەڵ کەوڵۆسی

دووشەممە٢٢/١/٢٧١٠کوردی

٢٠١٠/٤/١٢زاینی

## پێشەکی وەرگێر بۆچاپی یەکەم

ئەو چرکەیەی بۆچونێکی ئامەئلوفی تێدا لەدایك دەبێت..چرکەیەکە پڕلەبەهار پڕ لەپاکیزەیی وپڕ لەمشور بۆباشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك..چونکە لە هەمان چرکەساتدا پرۆسەیەکی گرنگ وچارەنووسساز سەرهەڵئەدات کەبریتیە لە پرۆسەی تێرماندنی سیستەم ونەریت وخوەباوەکانی نێو کۆمەڵگەو بیناکردنی بۆچونە نوێیەکە لەجێگەی گەندەڵیەکانی ڕابردوودا..بەدەربڕینێکی تر،دەکرێت بڵێین: لەدایك بونی بیرۆکەی نوێ، یەکسانیشە بەکارکردن بۆ بەرقەرارکردنی.لە حاڵێکدا کارنەکرا بۆ پراکتیزەکردن ونەزمایشکردنی ئەو بیرۆکەیە بەمەبەستی چاکترکردنی ژیانیخەڵکی،ئەوابیرۆکەکە مەغزاکۆمەڵایەتیەکەی لەدەست دەدات و، دەبێتە فەلسەفەیەکی ڕووت وتەنها بۆسەر ڕەفەی ئەکادیمیاکانی ئەفلاتون دەست دەدا..پرۆژەی ڕەتکردنەوەش کاتێ سەرهەڵئەدات کەکاربکرێت، شۆڕش بکرێت بۆبەرجەستەکردنی بیرۆکەکە،دەنا بیرۆکەی ڕووت هیچ زیانێکی بۆ پەزەکان نیەو، نابێتە سەرچاوەی مەترسی بۆسەر بەرژەوەندی مێزەر زل وپیاوە قۆشمەکانی کۆمەڵگا...

ئەمەش یەکێکە لەنهێنیە هەرەگرنگەکانی دژایەتی کردنی تورەیش وکۆمەڵگەکانی دوای قورەیشیش بۆئیسلام..یان هەربیروباوەڕێکی دیکە...پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)دەربارەی ئیسلام دەفەرمێت:(بدا الاسلام غریبا وسیعود غریبا)...کەوابێت ئیسلام لەهەموو چرکەکاندا قابیلیەتی نوێ بونەوەو نامۆبونەوەی هەیە...ئەم فەرمودەیەش مانایەکی سۆسۆلۆژی ولۆژیکی هەیەو بەکورتی بریتیە لەوەی پێویستە(توێژەری بێ لایەن)بۆوەی دروست وتێروتەسەل سەرنج لەچەمکەکان وکاریگەریەکانی ئیسلام بدات.پێویستە بەشێوازێکی ئەبستراکتیکی دیدی خۆی چڕبکاتەوە..

ئەم ڕێبازە ئەبستراکتیکیەش دەخوازێت ئیسلام دابڕنرێت لەئیعتیبارە (مێژووی و شەخسی وسیاسی و...هتد) ەکان... بەم جۆرە هەم بەپاك وبێ گەردی وبەرزی و بڵندی ئیسلام وچەمکەکانی تێ دەگەین وهەم دیاردە مێژووی و سیاسی و شەخسیەکان،وەك ئەوەی واقیعن دەتوێژینەوە، ئەوکات هەڵەوپەڵەو ناتەواوی هیچ کەس وگروپ ودەستەیەك وامان لێناکات چاولەئاستی نموونە باڵاکانی ئیسلام دابخەین و، ناتەواویەکان بکەینە کاڵای باڵای ئیسلام...چونکە هەر توێژەرێك بیەوێت بابەتیانەو بەبێ هەڵچوون وبەحەکەمکردنی عاتیفە سەرنج بدات، تێدەگات ئیسلام(وەك لەخوێندنەوەی تێکستەکانی قورئان وسوننەت)یشەوە دەردەکەوێت، تەرحێکی ئیلاهیە بۆباشکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك وبۆخۆی قەوارەیەکی مەعنەوی موجەڕەدی هەیەوموڵکی تایبەتی هیچ نەتەوەو پێڕەوەدەستەیەك نیە... بەم پێیە ئەواعیزەکان ونەهیچ کەسێکی تربۆیان نیە کەسێك لەئیسلام بکەنە دەرەوە، چونکە ئەوانە، نەتەفویزکراون بۆدەرکردنی خەڵکی لەئیسلام و نەکراونەتە وتەبێژی ڕەسمی بەناوی ئیسلامەوە تاکو بڕیاربدەن کام کەس وکام چەمك لەگەڵ ئیسلامدا دەگونجێت یان بەپێچەوانەوە.

ماموٚستا(دکتۆر عەلی وەردی)لەم پەرتوکەدا لەمێژووی فیکری ئیسلامی دەکۆڵێتەوە لەژێر ڕۆشنایی لۆژیکی کۆمەڵایەتی نوێدا...لەڕاستیدا زۆرباش توانیویەتی لەهەوڵەکەیدا سەرکەتووبێت، چونکە پەیڕەوی سێ ڕێبازی کردووە کەتاهەنوکە لەڕەوتی نوسیندا کەم جاران بەرنیگاکانم کەوتوون، سێ ڕێبازەکەش بریتین لە:

١) داڕنینی ئیسلام لەئیعتیبارە مێژووی وشەخسیەکان..واتەلەکاتی توێژینەوەی مێژووی ئیسلامدا بەزمانی حاڵ دەڵێت: خەڵکینە!ئەو مێژووە مێژووی موسوڵمانانە نەك مێژووی ئیسلام و، لەو هەموو ڕەشکاری وخراپەکاریەی مێژووی موسوڵمانان یەك تۆزقاڵیشی مڵکی ئیسلام نیە.هەربەسادەیی لەبەرئەوەی ئیسلام دەقی نوسراوەو بۆخۆی خوڵقێنەروکارەکتەری ڕاستەوخۆی ڕوداونیە... ئالێرەدایە کە(تەئویل) دێتە ئاراوەو ئەوکەسانەی کارەکتەری ڕوودارن بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانیان ئیسلامیان بۆ مەرامی

خۆیان ڕاڤە کردوە،بەدرێژایی مێژوش، دیارە ئەوانەی خاوەنی بەرژەوەندی بوون لە ڕاڤەکردنی ئیسلامدا بەشێوازی لارو خوار، بریتی بوون لەسوڵتانەکان.لەم پرۆسەیەشدا هەندێ لەواعیزە پراگماتیەکان لەدەوری سوڵتانەکان کۆبونەتەوەو بەدەقە ئاینیەکان ئارایشتی کردەوە بەدەکانی سوڵتانیان کردوە.

بەوپێیەی باسکرا"واعیزەکان وسوڵتانەکان" خولقێنەری مێژووی ستەمکاری بوون...ناونانی پەرتوکەکەش بەناوی(واعیزەکانی سوڵتان) ەوە، بۆ دروستکردنی ئەو ئیحائەیە لەهزری خوێنەردا.لەبەرئەوەیە کەدەبینین بەتەنها وشەیەکیش ئۆباڵی خراپەکاریەکانی هیچ لایەنێك ناداتەپاڵ ئیسلام.

٢)گومانکردن لەهەموو چەمکێك کەلەم پەرتوکەدا خراوەتە بەرباس ولێکۆڵینەوە،و فەرامۆشکردنی دەستەواژەی(ڕاستی ڕەها)..بەجۆرێ ئەم گومانکردنەی کردۆتە ڕێبازی نوسین کەتەنانەت چەندین جار لەم پەڕاوەدا نمونەی مێژویی دێنێتەوەو قسەی لەسەر دەکات، هەرخۆیشی دەڵێت:(لەوانەیە ئەم ڕووداوە وانەبێت کەئێمە باسمان کردوە،یان لەوانەیە فلان کەس ئاوای نەگوتبێت کەبەئێمە گەیشتووە)! تەنانەت گومان دەکات،لەڕاستی ودروستی ئەوبەڵگانەش کەخۆی دەیانهێنێتەوە بۆسەلماندنی بۆچونێکی خۆی؟!.ئەمەش وایکردووە بەزمانێکی ڕاشکاوانەی بێ تەمومژ بدوێت.بەندە بۆخۆم کەمجارم دیتوە توێژەرێك بەوزمانەڕاشکاوە بدوێت و، شێوازی دەربڕینی پەرتوکەکە بەتایبەتمەندییەکی بێ پێشینەی مامۆستا (وەردی) لەقەڵەم دەدەم...دیارە ئەم شێوازەش کرۆکی لۆژیکی کۆمەڵایەتی نوێیە.

٣)پێ بەخشینەوەی ئاستامەی مرۆڤ بوون بەو کۆمەڵگەیەی کەدەوری پێغەمبەری خوا(درودی خوای لێبێت)یان گرتبوو...دەکرێت ئەم خاڵە قسەی زۆری لەسەر بکرێت، لەم پێشەکیە کورتەدا بوار نیە هەموو ڕەهەندەکانی ئەم گرفتە لەدیدی(عەلی وەردی) یەوە تاوتوێ بکەین..تەنها ئەوەندە هەیە بڵێین:بەدرێژایی مێژوو،موسوڵمانان لە ڕێگەی(کەڵەکەبوونی فیکری)یەوە(هالەیەك) لەقودسیەت وپیرۆزێتیان دروستکردووە بۆیاوەرانی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)و،ئەم

پیرۆز ڕاگرتنە، وای لێ کردوون کەلەسروشتی مرۆڤ بیان بەنە دەرەوەو بیانخەنە ڕیزی فریشتە بێ گوناهەکانی خوا!!.

دیارە ئەم زیادە ڕۆچوونە لەپیرۆزکردنی چینی سەحابەکاندا بەتەواوی دژی سروشتی مرۆڤێتی ئەوانەو، هەرگیزاو هەرگیز پێغەمبەری خوداش ئاوا ئاماژەیەکی نەداوە بەوەی هەموو یارەرانی یان تەنانەت کەمێکیشیان فریشتەن و هیچ گوناهێکیان لێ ناوەشێتەوە...بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە بڵێین: سەحابەکانیش مرۆڤ بوون و، وەك چۆن کاری چاکەیان کردووە خراپەشیان کردوەو،ئەوەندە هەیە: ئەوان بەهۆی ژیانیان لەگەڵ شەخسی پێغەمبەری خوادا(درودی خوای لێبێت)ڕێزی زیاتریان هەیە لەڕووی پاریزکاری وکۆمەککردنی ئیسلامەوە!!

بەلام وادیارە(واعیزەکانی سوڵتان)بەم جۆرە پەیڤە لۆژیکییە قایل نابن...لەم نێوەندەدا(عەلی وەردی)دێت وسەحابەکانیش دەکات بەدوو بەشەوە:

ئەلیف ) ئەوسەحابانەی کەلەپێش ڕزگارکردنی مەککەوە موسوڵمان بون وکۆچیان کردبۆ مەدینەو خەباتیان کرد...ئەم چینەی خاوەنی هەموو ڕێزو پیرۆزی و قودسیەتێکن وبەڵسوزی ژیان وبەڵسوزی مردن...خودا لێیان ڕازییەو، ئەوان لە خودا ڕازین...پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)بەوانە دەفەرمێت:(هاوەڵانم وەکو ئەستێرەوان).

بێ) ئەو کۆمەڵەی کەلەدوای ڕزگارکردنی مەککەوە، بەناچاری هاتنەناو ئیسلامەوە..ئەمانە بیست وسێ ساڵی ڕەبەق دژایەتی خودی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)و بەرنامەی ئیسلامیان کرد.. لەهیچ هەوڵێك کەمتەرخەمییان نەکرد بۆ لەناوبردنی ئیسلام وکوشتنی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)...لەدوای ئەوەی فەتحی مەککە کراو ئەوکۆمەڵە کەمە زانییان چاریان نەماوەو ئیسلام سەرکەوتووە، بەناچاری هاتنەناو ئیسلامەوە...پێغەمبەریش ناوی لێنان (توڵەقا- دڵڕاگیرکراوەکان)...یاسای بۆ دەرکردن،چونکە دەیزانی باوەڕیان دانەمەزراوە.. ئەمانە لەدوای کۆچی پێغەمبەریش(درودی خوای لێبێت)گەورەترین ئاشوب و ئاژاوەیان بۆ موسوڵمانان نایەوە... ئەم چینە، کە ئەبوسوفیان ولەدوای خۆیشی

معاویەی کوڕی ڕابەرایەتیان دەکرد، سەرچاوەی سەرجەم ڕەشکاریەکانی مێژووی موسوڵمانانن...

(عەلی وەردی)پرسیار گەلێ لۆژیکی گرنگ دەورووژێنێت سەبارەت بەوەی: کەی ماقوڵە ئەبوسوفیان وەکو عومەری کوڕی خەتتاب سەیر بکرێت؟ بەچی کلۆجێك معاویە خاوەنی هەمان ڕێزو قودسیەتی عەلی کوڕی ئەبی تالبە؟! یان بۆ دەبێت چاولەوئاژاوانە دابخەین کەئەبوسوفیان وەۆزوبەرەی ئومییە دروستیان کرد، لە کاتێکدا پێغەمبەر خۆی بەزمانی حاڵ.دەری بڕیوە کەئەم چینەی لەدوای فەتح موسوڵمان کراون، باوەڕیان دانەمەزراوە؟!...

(مامۆستا وەردي)بەوجۆرە چارەسەری مەسەلەی پیرۆزێتی یاوەران دەکات وئەم ڕێبازەش لەتوێژینەوەی ئیسلامیدا، ڕێبازێکی مۆدێرنە...

ماوەتەوە بڵێم: ڕەنگە هەندێك کەس لەڕاستیەکانی نێو ئەم پەرتوکە قەڵس و دڕدۆنگ بن، وەلێ هەقە ئەو جۆرەکەسانە بەچاوی ویژدان ودڵسۆزیەوە سەیری پەرتوکەکە بکەن، ئەوسا ڕەنگە بۆیشی بەگەردنیدا بکێشن.. ئەمەلەلایەك، لەلایەکی ترەوە حەز دەکەم بڵێم: مەرج نیە بەندە وەکو (وەرگێڕ) لەگەڵ هەموو ڕاکانی نوسەردابم. .نەخێر من لەگەڵ جێگەی ئەم پەرتوکەدا هەستم کردوە، زیادەڕۆیی زۆر دیارە بەڕاشکاوێتی زمانی دەربڕینەوە، یاخود بۆچونەکانی لەبارەی ئەو مەسەلەوە کەلێی دەدوێت بەلامەوە پەسەند نیە، بۆیە ئەوەندەی بۆمکرابێت پەراوێزم لەسەری نوسیوەو هەرچیەکیشم بۆنەلوابێت، ئیدی مەرج نیە کەمادەم پەراوێزم لەسەر نەنوسیوە مانای وایە بەپەسەندی دەزانم!!.

بەهەرحاڵ، ئەوە گرنگ نیە کەمن یان خوێنەر ڕاکانی نوسەرمان لاپەسەندەیان نا، نوسەر خۆیشی چەند جارێ دووپاتی دەکاتەوە کەمەبەستی لەنوسینی ئەم پەرتوکە قەناعەتکردن نیە بەهیچ کەسێ..نایەوێت کەسانێك قەناعەتی پێ بکەن... بەڵکو گرنگ ئەوەیە پەرتوکەکە نوسراوەتەوەو تەرحەکەکراوەو ڕێبازی توێژینەوەکەش ئەفرێنراوە، ئەمەیش یەکێکی ترە لەئەفراندنەکانی ئەم پەرتوکەو نوسەرەکەی.

لەدواهەناسەی ئەم پێشەکییە کورتەدا دەڵێم:لەساڵی(١٩٥٤)دا ئەم پەرتوکە بە زمانی عەرەبی لەچاپ دراوە، کەچی سەیرلەوەدایە تائەمڕۆ بەزمانی کوردی وەرنەگێڕدراوە... بەندە بۆ وەی چیتر ڕۆشنبیریی کوردیی لەم سەرمایە ئیبستیمۆلۆژیە گرنگەی مامۆستا(عەلی وەردی)بێ بەش نەبێت، هەستام بە وەرگێڕانی ئەم پەرتوکە، کەدەتوانم بڵێم کۆی بیرکردنەوەکانی مامۆستا(عەلی وەردی)یە...ناشزانم وەرگێڕانەکەم تێرو تەواوەو ڕێك وپێکە؟! یان دەبەنگانە و پڕلەکەلێن وقلۆچە!!ئەم حوکمدانە بۆ خوێنەران جێ دێڵم..گرنگ ئەوەیە خۆمم هیلاك کردوەو مەبەستیشم خزمەتکردنە بەخەرمانی ڕۆشنبیری کوردی.. ئەدی مشکێك لەگوێ درەوانێکیشدابێت هەرباشە!!وەکو کورد دەڵێت.

وەرگێڕ:

عەبدوڵڵاجەبار شەمسەدین

مارس/٢٠٠٣

# پێشەکی

ئەمیستاکە توێژینەوەیەکی ڕاشکاوانەی بێ دووڕوویی دەخەمەبەردەستی خوێنەر، سەبارەت بەسروشتی مرۆڤ، لەبەردا هەندێک لەبڕگەوبەشەکانی ئەم توێژینەوەیەم ئامادەوسازکردبوو، بەمەبەستی ئەوەی لەدەزگای ڕادیۆی عێراقەوە پێشکەشی بکەم، ئەوە بوو(جەلاوزە- یاساول)ەکانی ئێستگە، ئەم پرۆژەیان ڕەفز کرد(١)،لەبەرهۆیەك کەجگە خواو ئەوانەی لەزانستدا ڕۆچوون کەسی دیکە پەیی پێ نابات.

- ڕادیۆش، وەك سەرجەم دامەزراوە کەلتوریەکان لەم وڵاتەدا، لەسەر ڕەوتێکی بیرکردنەوەی وا ڕێ دەکات کەلەڕێڕەوی(تەرپوش بەسەرەکانی سوڵتان)ەوە، نزیکە.

لەم وڵاتەدا دووچاری کۆمەڵێك بیرمەندی ئەفلاتونی بوین کەجگەلەڕاگەیاندنی هەڕەشەوگوڕەشە لەسەر مرۆڤ لەبەرئەوەی لەنمونە باڵاکانی خەیاڵات وئەندێشەی وان لایانداوە، سەریان لەشتی تر دەرناچێت وزیاتریان پێ نیە. بێ وەی ساتێك ڕابوەستن بۆئەوەی بۆیان ئاشکرابێت نمونە باڵاکانی وان چەندە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا سازەودەگونجێت.

ئەو بیرمەندانە خویان بەوەوە گرتووە کەهەمووڕیاردە گەندەڵەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کەئێمە بەدەستیانەوە دەناڵێنین، بدەنەوە لای بەدێتی ڕەوشت و ئاکارمان، بۆیە پێیان وایە ڕیفۆرم وچاکسازی کارێکی سانایە، تەنها بەوەی ڕەوشتمان چاك کەین ولەدڵماندا چڵکی چاوچنۆکی وڕژدی وخودپەرستی و ئارەزوو بازی بشۆرینەوە، بەڕای ئەوان خۆشحاڵ وسەرفراز دەبین وسەربڵندی باوباپیرانمان دەگێڕینەوە.

ئەوانە واڵە(دەروونی مرۆڤ) گەشتوون کەوەك کراسێك وابێت چۆن بەسابون وئاو دەشۆردرێت وچڵك وچەپەڵی لێ دەبێتەوە..بۆیە پڕبەدەمیان هاواردەکەن،

خەڵکینە! ڕەوشتتان پاك بکەنەوەودڵتان خاوێن بکەن! کەدیتیان خەڵکی بە دەمیانەوە ناچن وئەم لۆژیکەی ئەوانیان لاپەسەند نیە، جامی هەڕەشەوگوڕەشەو وتارگەلێکی ناپەسەندیان بەسەردا ڕژدەکەن.
منیش بڕوام وایە ئەمەبێ ئەرزشترین وبۆگەنترین ڕایە لەبواری چاکسازی کۆمەڵایەتیدا... چونکە ئێمە گەربێت وسەدان ساڵ بمێنینەوەو هەمان کردەوەی باوك وباپیرانمان بکەینەوەو بقیڕینین بۆخەڵکی تاکو سروشتی خۆیان بگۆڕن، هەرگیز ناگەینە بەرەنجامێکی دروست، لەوانەشە خۆمان نەزانین بەڵام خراپەمان بەرانبەر کۆمەڵگەکەمان کردبێت.
ئێمە بەوکارەمان خۆمان سەرقاڵ دەکەین وخۆمان دەخەڵەتێنین گوایە لەسەرە ڕێگەی چاکسازیدا ڕێ دەکەین، کەچی لەڕاستیدا لەجێگەی خۆماندا ڕاوەستاوین یان بەرەودوا گەڕاوینەتەوە. سروشتی مرۆڤ تەنها بەئامۆژگاری ناگۆڕێت، ئەمیش وەك دیاردەکانی دیکەی گەردون بەگوێرەی چەند ڕێسایەکی دیاری کراوبەڕێوە دەچێت، ناگونجێت کاریگەری لەسەر شتێك دابنرێت بەرلەوەی لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر خەسڵەتە ڕەسەنەکانی ئەوشتە.
"باکون" دەڵێت:(بۆ وەی زاڵ بێت بەسەر سروشتدا، یەکەم جار پێویستە لەسەرت لێی بکۆڵیتەوە)(٢). مرۆڤ بەشێکە دانابڕێت لەو سروشتەی چواردەوری داوە. پێشینەکان ڕایان وابوو مرۆڤ ئازادو ژیروخاوەن توانای هەڵبژاردنە، بەڕای ئەوان مرۆڤ لەسەر ئەورێگەیە دەڕوات کەخۆی لەژێر ڕۆشنایی لۆژیك وبیرکردنەوەی ڕوتدا هەڵی دەبژێرێت... هەرلەبەرئەوەشە دەبینین لە( ئامۆژگاری ) هەڵڕشتندا زۆریان کردوە، چونکە بڕوایان وابوو دەتوانن بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی مرۆڤ بگۆڕن وناکاری چاك بکەن. سەدان ساڵ بەم شێوەیە بەردەوام بون ولەسەری ڕۆشتن وخویان پێوەگرت،خەڵکیش لەهەمان کاتدا سەرگەرمی‌کاری خۆیان بون و ئامۆژگاری کاری تێ نەکردن، مەگەر ئەوکاتەی کەبەسەریاندا دەخوێنرایەوە، بۆیە دەیانبینین لەجڤاتی ئامۆژگاری کردندا دەگرین، پاشان کەلەوجڤاتە دەرچون وەکو سەرەتایان لێ دێتەوە.

بیریارانی ئەمڕۆشمان لەسەرهەمان شێوازی پێشینە دێرینەکانیان ڕێیان کردوە، ئیدی جیاوازی نییە لەنێوان ئەوانەیاندا کەڕۆشنبیریی نوێیان هەڵگرتوەو ئەوانەشیان کەخاوەنی ڕۆشنبیریی کۆنن، سەرجەمیان دەیانەوێت بەقسان سروشتی مرۆڤان بگۆڕن زۆرجار دەیان بینین لەڕێگەی ئامۆژگاریەکانیانەوە داوا لەخەڵکی دەکەن شتانێك لەدەورنیاندا بگۆڕن کەناگۆڕدرێن، بەوەش داوای ئەستەم دەکەن، ئەمەش وای کردوە خەڵکی گوێ بیستی ئامۆژگاری بن بەڵام ئەچێتە دڵیانەرەوکاری پێ نەکەن.

لەم ماوانەی دوایدا ئەریتێکی بەد لەنێو ئەوەی نوێدا بڵاوبۆتەوە، دەیان بینین بەسەر(ڕدێنی) هەموو ئامۆژگاری کەرێکدا پێ دەکەنن، وای لێهاتوە ئامۆژگاری کەران لەشێوێك دان و، ئەوەی نوێش لەشێوێکی تردا... سەیرە ئامۆژگاری کەرانیش کاربەو ئامۆژگاریانەی خۆیان ناکەن کەپێشکەشی خەڵکی دەکەن. ئەوان بەخەڵکی دەڵێن: دڵتان خاوێن بکەنەوە لەچڵکی ڕقدی وئارەزوبازی وخود پەرستی، کەچی زۆرجار خۆیان لەخەڵکی زیاتر ئارەزوبازو ڕقدو خودپەرستن. لەوانەیە هەڵەنەکەین گەربڵێین ڕقدی وئارەزوبازی وخودپەرستی... هتد، خەسڵەتی ڕەسەن وبنەڕەتین لەمرۆڤدا، هەموو مرۆڤێك ڕقدو ئارەزوبازو خود پەرستە. ڕاستە لەم ڕووەوە ئاڕادەیەك مرۆڤێك لەمرۆڤێکی تر جیاوازە، وەڵێ ئەو ناچوون یەکیە لەپلەدایە نەك لەجۆردا.

هیچ کەسیش ئەم خەسڵەتە مرۆییانە سەرکۆنە ناکات مەگەر ئەوانەی خودا نیعمەتی بەسەردا ڕشتون وئارەزوەکان وخودپەسەندیەکانی تێرکردون وبۆخۆیان بونەتە جێگەی چارچنۆکی خەڵکی تر. هەموو مرۆڤێك خۆیی خۆش دەوێت، ئەگەر بەخەڵکیمان گوت: چارچنۆکی وخودپەسەندی بتارێنن.. مانای وایە پێیان دەڵێین: سروشتی مرۆڤانەی خۆتان وازلێ بێنن وببنە فریشتە!

شایانی ئاماژەپێدانە لێرەدا بەسەرهاتی ئەو(کابرا ئەزهەری) یە بگێڕینەوەکە بە هاوڕێیەتی یەکەم شاندی ئەزهەر سەردانی(فەرەنسا)دەکات کە"محەمەد عەلی" ساڵی (١٨٢٦) ناردنی بۆخوێندن لەو وڵاتەدا. ئەوکابرا ئەزهەریە لەیادشتەکانیدا سەبارەت ئەوگەشتە دەڵێت گوایەسەری سوڕماوە کاتێك ڕوتێتی ئافرەتی

فەرەنسی وتێکەڵاوبونی ئەوی لەگەڵ پیاواندا دیوە.. ئەزهەریەکە ئەم شتە بە ئەنگی دەزانێت وبەخراپ وناپەواو تیاترۆی لەقەڵەم دەدات... لەدوای ئەوە یادەداتەوەو هەندێك لەچاکەی فەرەنسیەکان باس دەکات وەك ئەوەی ئارەزووی نێربازی وئاوێزان بون لەگەڵ منداڵاندا ناکەن.. ئەوسەبارەت بەفەرەنسییەکان بە دەق دەڵێت: لەچاکەکانی زمان وهۆنراوەکانیان بریتیەلە هەڵنەدانی ڕەگەزێ بە هاوڕەگەزەکەیدا، لەزمانی فەرەنسیدا ئەوە بەباش ئازانرێت پیاگێ بڵێت ئاشقی منداڵیك بوم، ئەوە دەبێتە پەیڤێکی تەرێزڵ کریاو(٣).

ئەم بابا ئەزهەریە ستایشی فەرەنساییەکان دەکات لەبەرئەوەی ئاشقی منداڵان نابن وسەرکۆنەی ژنەکانیان دەکات لەبەرئەوەی ڕوتن وتێکەڵاوی پیاوان دەکەن. نەیزانیوە ئەو دوانە دوومەسەلەی پێك بەستراون ویەکێکیان بێ ئەوەی تریان بونی نابێت. ئامۆژگاری کەرانمان خویان گرتوە بەخۆزگە خواستن بەداپۆشین و بەستنەوەی ژنانەوە، ئەمەش بوەتە هۆی سەرهەڵدانی نەریتی(لادانی سێکسی) لە پیاوو ئافرەتیشدا پێکەوە، پیاو بەسروشت مەیل و ئارەزوی بەلای ژندایە، ژنیش هەروەها ئارەزوی بەلای پیاودایە. گەر ڕێگەمان گرت لەم سروشتە کە بەڕێگەی ڕاست بگاتە ئەنجامی خۆی، ئەوابەناچاری لەڕێگەی چەوتەوە هەوڵی بۆدەدات.

بەڵگەکان سەلماندویانە لەوکۆمەڵگایانەدا کەخۆداپۆشینی ئافرەتانی بەتوندی تیادایە، لەهەمان کاتدا لادانی سێکسی وەك نێربازی ومێبازی و...هتدی بەزۆری تێدا دەبینرێت.ئامۆژگاریکەرانمان گومانیان وابو دەتوانن تەنهابەهۆی قسەو ئامۆژگاریەوە ڕێگەبگرن لەلادانی سێکسی...نەیان دەزانی لادان سروشتێکی کۆمەلایەتیەو پێویستە لەهەر وڵاتێکدا سەرهەڵبدات ودەربکەوێت کەژنان دادەپۆشن لەبەرانبەر پیاواندا(٤).لەدێریشەوە گوتراوە:(گەرویستت گوێڕایەڵیت نەکرێت، فەرمانێك بدە کەلەتوانادا نەبێت).

منیش دان دەنێم بەوسەرسوڕمانەمدا، کەلەکاتی گەڕانمدا بەوڵاتە جیاجیاکانی خۆرئاوادا دوچارم هات، بەهۆی ئەوەی لەوێ دەمبینی کەچەندە گرنگی دەدەن بە سروشتی مرۆڤ ولەگەڵیدا هەڵدەکەن، ئەوان سەربەستی تەواو دەدەن بەمرۆڤ تاکو تیایدا خۆی ئاشکرا بکات، توندوتیژی ناکەن لەئامۆژگاری کردنیدا، ڕێگەشی

لێناگرن لەتێرکردنی ئارەزووەکانیدا، یان لەتێرکردنی خودپەرستیەکەیدا، ئەمەش لەچوارچێوەی کۆمەڵـە کەوشـەنێکی دان پێدانراودا. دەمبینـی زارۆ لەوێنـدەر پێدەگات وبڕوای هەیە بەوەی مافی ئەوەی هەیە یاری بکات وئارەزوو بکات و کێبەرکێ ورکابەری بکات لەسنوری بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵەدا کەتیایدا دەژی.

کەگەورەش بوودەبێتە کەسایەتیەکی سروشتی، نەزۆر لەخۆکردنی هەیەو نەدوو ڕوویی. ئەم دیاردەیەم بەراورد دەکرد لەگەڵ ئەورەفتارەی مامۆستاکەمان لە ڕۆژگاری منداڵێتیماندا بەرەوڕومان دەیتواند. ئەو دەم ئامۆژگاری لەچڵەپۆپەی توندوتیژیدا بوو... مامۆستا قامچی ودارەکەی لەڕوومانا ڕادەوەشاندوئامۆژگاری دەکردین کەپەیگیربین بەڕێزو بێدەنگی ونەدەبەوە.. ئێمەش لەلای ئەودا هەرچی لە ناخماندا بوو سەرکوتمان دەکرد، هەرچی ئەو دەیویست لەڕێزی دروستکراو ئەوەمان نیشان دەدا. هەرکە لای ئەویش دەچوینە دەری، دنیامان دەنایە یەک بە قیژەوهوڕو هات وهاوار وعەجول.

بەڕاستی زۆر سەرسام بوم کەبینیم زانکۆکانی ڕۆژئاوا گرنگی تەواو بەئارەزوو دەدەن، شەرم ناکەن وئامۆژگاریش پێشکەش ناکەن، جێگەی تایبەت بۆ تێکەڵاو بون و سەمای خوێندکارە کوڕوکچەکانیان تەرخان دەکەن، ئەمەش یارمەتی یەکتر ناسینیان دەدات وجۆرەها مۆسیقاشیان بەسەردا دەڕژێنن و هەموویان(ئامێکی بەرینانە)(٥)دەچێژن... ئەم سەرسوڕمانەم بۆ یەکێک لەمامۆستاکان ئاشکرا کردو، مامۆستاکە بەم جۆرە وەڵامی دامەوە:( گەربێتو ئێمە ڕێگەبگرین لەقوتابیە کوڕو کچەکانمان تاکو بەئاشکرا تێکەڵاوی یەکترین، ئەوان پەنادەبەنە بەر تێکەڵاوبونی نهێنی وشاردراوە لەکەش وهەوایەکی وادا کەپتر گومان وئیفرای تیادا دەبێت، ئێمەکەدان دەنێین بەوەی لەسروشتی مرۆڤدا هەیەو زەمینەیشی بۆ دەڕەخسێنین کەلەکەشێکی پاک ودڵنیایدا تەعبیری لێ بکرێت، بەوە مرۆڤ دوور دەخەینەوە لە هەڵخەڵـەتانی ژێرپـەردە) مامۆسـتاکە بـەم شـێوەیە کۆتـایی بەقـسەکەی هێنا:(ڕۆڵەکانت لەسەر ژیانی ڕوناکی ڕابێنە حەزی تاریکی تیایاندا پاشەکشە دەکات!).

لەسەرەتای ئاشنابوونمدا بەژیانی ئەمریکا، جارێکیان سڵاوم کردلەکیژێك لەکیژە جوانەکانی پۆلەکەم، ئەویش بەئاماژەیەکی چاو وەڵامی دامەوە.لەئەمریکاشدا ئاماژەی چاوی کیژان چ ئاگەیەنێت جگەلەنەرم ونیانی وهەڵسوکەوتی باش، وەلێ من ڕاڤەیەکی پیسی ڕۆژهەڵاتیانەی ئەوئاماژەیەم کرد، بۆیە ئەو ڕۆژە هەرسەیری ڕوخساری خۆم کرد لەقودیکدا.!!

ئەو شەرمە دەستکردەی لەژینگە ڕۆژهەڵاتیەکەمدا لەسەری پەروەردەکرابووم، وای لێکردم بەوئاماژە پاکژە، هەست بەچپەیەك لەچپەکانی شەیتان بکەم. زۆر ساناشە شەیتان مرۆڤێك بخەڵەتێنێت کەلەسەر شەرم و ڕێزی دروستکراوو وشکیەکی زۆر ڕاهاتبێت.

لام وایە ئەو وشکیە زۆرەی بۆتە خەسڵەتی ژیارە ڕۆژهەڵاتیەکەمان، پاشماوەیەکە لەپاشماوەکانی سەربڵندی چاخەزێڕینە دێرینەکەمان. ژنان لەوکاتەدا دەکڕدران و دەفرۆشران...بەزۆری ئەمیرو دەوڵەمەندەقۆشمەکان کەنیزەکانیان دەکڕی و کۆشکەکانیان لێ پڕدەکرد.(٦)

خاوەن کەنیزەکان زۆری پێ دادەگرت لەسەر پاك داوێنی کەنیزەکانی، حەوشی بڵندی بەدەوردا دروست دەکرد، پاسەوانی وچاودێری توندی بەسەردا دەسەپاندن بۆوەی هەژارێك چاوی تەماحیان تێ نەکات وسەرنجێکیان لێ نەدزێ! شەرعناس وئامۆژگاری کەرانیش پشتگیری خاوەن کەنیزەکانیان دەکرد لەم پێداگیری وتوندچاودێری کردنەی ژناندا، چونکە ئەریوش بەسەرەکان ئەودەم و ئێستاکەش لەسەر ئەوە دەژین کەخاوەن کەنیزەکان دەیان دەنێ.ئامۆژگاری کەران بنەماش داپۆشینی ژنانیان لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا دروستکردوبەبەڵگەی(نەقلی و نەقلی)پشتڕاستیان کرد...ئەوان بێ ئەوەی هەست بکەن،ویستیان ڕێگەبگرن لە هەژاران لەوەی هەوڵبدەن بۆ ئەوەی لەناوکۆشکە بڵندو قەشەنگەکانیاندایە. ئامۆژگاریکەر کاتێك دەڵێت:(مەنوارە بۆژن) لەوانەیە مەبەستی ئەوەبێت بڵێت: (مەڕوانە بۆکەنیزەکی غەیری خۆت)هەروەها کەدەڵێت:(ڕژدی مەبە) لەوانەیە مەبەستی ئەوەبێت بڵێت:(ڕژدی مەبە بەغەیری خۆت لەسەر ژنێك کەبەپارەی حەڵاڵی خۆی کڕیویەتی).

سەیرە کەدەیان بینن هەموو خەشمی خواوەرەشەکانی، دادەبارێنن بەسەر ئەو هەژارەدا کەبەیەکێك لەکەنیزەکاندا هەڵدەدات، کەچی دەست خۆشانە دەکەن لەو دەوڵەمەندەی کەبەپارە ئەوکەنیزەکانەی لەبازاڕدا کڕیوە، وەك ئەوەی جیاوازی حەڵاڵ وحەرام لای ئەوان، بریتی بێت لەبون یان نەبونی پارەوسامان.(٧)

* * *

دەگێڕنەوە جارێك(خەلیفەسلێمان کوڕی عبدالملك) لەدەشتێکدا گەشت و سەیرانی دەکردوگوێی لەدەنگێك بوو لەدوورەوە دەهات، دەنگێکی نەرم وگۆرانی بێژانە، خەلیفە توڕەبوو لەو دەنگەی بەمەترسی لەسەر پاك داوێنی ژنان وهۆیەکی لەخشتە بردنیان دایە قەڵەم، بۆیە فەرمانیدا گۆرانی بێژەکە بخەسێنن وگونی دەربێنن، ئەوەبوو ئەوهەژارەیان خەساند.(٨)

وادەزانم ئامۆژگاری کەران بەم بەسەرهاتە دڵخۆش بون وچەپڵەیان بۆ لێداوە، ئەم کارەی خەلیفە بەپارێزگاری کردنی ڕەوشت دەزانن، لەوانەیە بیانەوێت حکومەتە بەڕێزەکەمان کاربەم سوننەتەی ئەوخەلیفەیە بکات وگونی گۆرانی بێژان دەربێنێت.(٩)

ئامۆژگاری کەران گوێ نادەن بەوەی گەرگۆرانی بێژان گۆرانی بۆخەلیفە بڵێن و کەنیزەکانیش سەمای بۆبکەن، بەڵام گرنگی دەدەن بەوەی گەرکۆیلەو چەوساوەیەك گۆرانی بڵێت بۆخۆی یان بۆخێزانەکەی یان بۆخەڵکی گوندەکەی. لام وایە ئەوە خوی ئامۆژگاری کەرانی لای ئێمەیە. وازدێنن لەوەی تاغوتان چ دەکەن، لەولاوە هەموو گرنگیەك دەدەن بەهەژارانی خەڵك وبەدوی هەڵەکانیاندا دەگەڕێن وهەڕەشەی دنیاو قیامەتیان لێ دەکەن.

هۆکاری ئەم لایەنگریەی ئامۆژگاری کەران ئەوەیە کەئەوان لەبەرداو تائێستەش لەسەر پاشەڕۆی دەوڵەمەندوتاغوتان دەژین، بژێوی وان بەستراوەتەوە بە ڕەزامەندی گەورەکانەوە، لەبەرئەوەشە چاودەپۆشن لەکردەوەکانی ئەوان هەرلە داپلۆسین ودزی و...هتد. سەرەڕای ئەوەش داوای تەمەن درێژیان لەخوا بۆدەکەن. ئەوەم بەخەیاڵدا دێت کەتاغوتان ئامۆژگاری کەرانیان وەك باشترین هۆکاری بێ هۆشکردنی ڕەعیەتەکانیان دۆزیبێتەوە...خەڵکی سەرقاڵ بون بەئامۆژگاریکردنی

یەکتریەوەو ئیدی لەبیریان چوو لەسەر دەستی تاغوتاندا چیان بەسەر هاتوەو چ ستەمێکیان لێکراوە.

ئامۆژگاریکەر لەکاتێکدا ئامۆژگاری خەڵکی دەکات، بەشوێنکەوتنی نموونە باڵاکان وپاکژکردنەوەی دەرونیان لەچڵکی ڕژدی وخودپەرستی. بەوە وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا داوای ئەستەم دەکات، چونکە خەڵکانێکی دەگمەن نەبێت ئیتر خەڵکی ناتوانن ئەوە بکەن...

بابای بازاری دەبینێت ناچارە بۆ وەی بژی وەدوی خودپەرستی بکەوێت، ئەمە لە کاتێکدا ئامۆژگاری کەران دەی تەرێنن رەهەموکات بەرویدا هاواردەکەن: خود پەرستی گوناهێکی قێزەونە!. کابرای بازاری بەوە ڕەشبین وئومێدبڕاو دەبێت لەوەی بتوانێت خۆی چاك بکات، خۆی بەوە دێتە بەرچاو کەنوقمی گوناهو تاوان بوەوناتوانێت خۆی لێ قوتارو دەربازو ڕزگار بکات. ترس لەتوڵەی خوا دەپەڕێتە سەری، ئیدی دوچاری ئەوگرێ دەرونیە دەبێت کەلەدەرونزانیدا ناوتراوە(گرێی کەمتەرخەمی-Guilt complex) لەم سات وکاتەدا ئامۆژگاری کەرهەل دەقۆزێتەوەو، ڕوولەخەڵکی دەکات وهاواردەکات: ئێوە لەبەردەمی خوادا تاوانتان کردووەو بەوەش بەڵاونارەحەتی خواتان بۆخۆتان مسۆگەرکرد... ئامۆژگاریکەر بەوە بەرپرسیارێتی ستەمی هەمەچەشنەی کۆمەڵایەتی لەئەستۆی ستەمکاران دادەڕنێت ودەیخاتە ئەستۆی خودی ستەمبارانەوە.

بەم جۆرە تاغوتان دەحەوێنەوە، چونکە بەرپرسیارێتی ئەو ستەمانەیان لەسەر لابراوە کەپێی هەڵدەستن وخستویانەتە ئەستۆی ئەو هەژارو چەوساوەیەی کە بەدوای پاروەنانێك وبژێویدا بەیانی وئێوارە ڕادەکات، هێشتر ئامۆژگاری کەران بەڵێنی سزای خوای دەدەنێ.

خەریکە بڕوای تەواوبێنم بەوەی لۆژیکی ئامۆژگاریکەرە ئەفلاتونیەکان، لۆژیکی ستەمکارانە...ئەوان بەولۆژیکە خەڵکی سەرقاڵ دەکەن وپێیان دەڵێن:ئێوە ستەمتان لەخۆتان کردوەو بەدەستی خۆتان بەدوی مەرگ وتیاچونی خۆتاندا گەڕاون.بەوەش ستەمکار دەحەسێتەوەوگاڵتەوگەپ بەچێژو ڕابواردنەوە دەکات،

لەولاوە ستەملێکراو داوای لێبوردن دەکات، لێرەدا ئەو پەندە دەچەسپێت کە دەڵێت:(احدهمایحمل لحیقه، والاخریشکو من وخزها)

جارێکیان هەندێك لەتەرپوش بەسەرەکانم بینی ستایشی تاغوتێکیان دەکرد لەسەرئەوەی بەرانبەردزان توندوتیژە،بەرای ئەوان تاغوتەکە سەربەرزی باوباپیرانیگەراندبویەوەو بۆیە شیاوی رەزامەندی خواو پێغەمبەرەکەی(درودی خوای لێبێت)... تەرپوش بەسەرەکان لەبیریان چوبوو یان لەبیرخۆیان بردبویەوە کەئەوستەمکارە بڕوادارە چ دزیەکی گەورەدەکات.. ئەوتالانی سامانەکانی ئەتەوە دەکات و لەئارەزووەکانی خۆی وئەوەو دەست وپێوەندەکانیدا خەرجی دەکات، بێگومان خوداش پشتگیری دەکات (!!). گەرهەژارێك دزی بکات ویەك درهەم بدزێت خوای لێ دەرەنجێت وفریشتەو تەرپوش بەسەرەکانیش لەگەڵیدا دەرەنجێن!!.

کێشەی تەرپوش بەسەرەکانی لای ئێمە ئەوەیە لایەنی دەسەلاتداردەگرن ولەدژی ستەملێکراو دەوەستن...سەیر دەکەین دان دەنێن بەناتەواویەکانی سروشتی مرۆڤدا لەکاتێکدا باس لەکارەکانی حاکمێك دەکەن، ئەگەرحاکم ستەمی لە رەعیەتەکەی کرد یان رووبەڕوی تیاچونی کردەوە، دەڵێن: ئەوە ئیجتیهادی کردو هەڵەی کرد، هەموو مرۆڤێکیش هەڵە دەکات، پاکی هەربۆخودایە!!. کەچی لە کاتێکدا باس لەکردەوەی "رەعیەت"ەکەی دەکەن،دەبینیت هەرەشەوگورەشەی سزای خوایان پێ دەگەیەنن وهەرچی بەلایەکیش توشیان دەبێت هۆکەی دەگەڕێننەوە بۆ خودی رەعیەتەکان.

* * *

من لەم پەرتوکەدا دەمەوێت سەرنج ڕاکێشم بۆمەترسی ئەو بیرکردنەوە پیسە، ئەو بیرکردنەوەیە کەلەئامێزی تاغوتاندا گەشەی کردوەو لەسەرپاشەڕۆی وان پێگەیشتوە، ئێستاکاتی ئەوە هاتوە جۆرەبیرکردنەوەیەکی دی پەیرەو بکەین ئەویش بیرکردنەوەی هەژارو چەوساوەوکرێکارو سەپانە.(١٠) وەکو گوتمان ئەمڕۆ زۆرینەی بیریارانمان پەیرەوی لەو شێوازە دەکەن کەچەپلە لێ دەدات بۆ

ستەمکار وتف لەڕوی ستەملێکراودەکوتن. کاتی ئەوەمان هاتووە لەسروشتی مرۆڤ بکۆڵینەوە، وەك ئەوەی لەواقیعدا هەیە، نەك سروشتی فریشتانەی بەسەردا بسەپێنن کەئەو لێی بەریە.

سروشتی مرۆڤ ئاوایە کە هەیەو ناگۆڕێت، جائیتر لەکۆشکێکی گەورەوقەشەنگدا بێت یان لەکۆخێکی کەم بایەخدا، هەموو مرۆڤێك بەدوی خۆیدا ڕادەکات و دەخوازێت پلەوپایەی خودی بەرزوبڵند بکات.

ڕەوانیە خودپەرستی ورژدی بەتەنها بدەینە پاڵ بەقاڵ وحەماڵ ودارتاشەکان و، ئەو جۆرە سەیرەی ڕژدی لەیەك کردن وشەرەسەگەکەی لەمەڕ کوڕانی کۆشك و تەلارەکان فەرامۆش بکەین.

مەخابن کەهەژار ناتوانێت بەرگری لەخۆی بکات، ئەویش وەکو هەمووخەڵکی خۆپەسەندە، بەڵام بەتەنها خۆی کۆڵی قورسی ئەوخود پەرستیە هەڵدەگرێت کە تەڕپوش بەسەرەکان تۆمەتباری دەکەن پێی.

بەوڵەمەندە قۆشمەکانیش وەکوهەژاران ڕژدی بەیەك دەبەن.بەڵام ئەوان کارەکانیان بەکۆمەڵێك پروپاگەندەی بریکەدار ڕوپۆش دەکەن وتەڕپوش بەسەرەکانیش بە دوایاندا پشتگیریان دەکەن وقسەکانیان بەڕاست دەگێڕن

لەسەرەتای ژیانمدا هەلێکی بەنرخم دەستکەوت، بۆیوی خۆمم بەنارەقی ناوچاوم پەیدادەکرد، پشکێکی زۆری سەرشۆڕی وسوکایەتی پێکردنم بەرکەوت، ئەوکاتە زانیم ڕۆڵەی بازاڕو کۆیلەوچەوساوەکان چ ناسۆرێك دەچێژن بەدەستی تاغوتان و ستەمکارانەوە..هەروا پەیم بەڕادەی ئەو دووڕوییە برد کەتەڕپوش بەسەران پەیڕەوی دەکەن... لەلایەکەوە بەڵێنی سزای خوامان پێ دەدەن ولەلایەکی ترەوە لەڕووی ستەمکاراندا ڕوخۆش وبەڕێزن.ئەگەرستەمکارێك دەست درێژی بکاتەسەر چەوساوەیەك، تەڕپوش بەسەرەکان تەنها لۆمەوسەرکۆنەی چەوساوەکە دەکەن، بەڵام ئەگەر جارێك چەوساوەیەك دەست درێژی کردە سەرستەمکارێك، قیامەتیان هەڵدەستێت ولەهەموولایەکەوە بەسەر ئەو تاوانبارەدا دادەبارێن.

تاغوتان چەند نەوەیەکی یەك لەدوای یەك حوکمی ئەم وڵاتەیان کردوە،بۆیە دانیشتوانەکەی وڕاهاتون لەبەرپارێزکاریکردن لەژیانیخۆیان ڕێزلەستەمکار

بگرن وستەملێکراو یەکەم سەیرکەن، بیریارەکانیشمان نمونە باڵاکانی خۆیان بە شێوەیەك دارشتوە کەلەگەڵ ئەم نەریتە ناچیزە کۆمەڵایەتیەدا بگونجێت، خراپترین گوناه لەم وڵاتەدا ئەوەیە مرۆڤ لاوازو هەژار بێت.

* * *

بێگومان ستەمکاران لەم پەرتوکە قایل نابن، چونکە ئەم پەرتوکە وێنەیەکی سروشتیی مرۆڤیان دەداتێ کەجیاوازە لەو وێنەیەی ئەوان پێی ئاشنان. ستەمکار هەمیشە خەڵکی لەچواردەوری خۆیدا بینیوە شاباشیان بۆکردوە، بۆیە واگومان دەبات مرۆڤ بەسروشتی خۆی داوای خێرو چاکەدەکات؛ ئەم گومانەشی بۆیە بۆ دروست بوە چونکە هیچ سوکایەتی پێکردن ودەست درێژیەکی لەلایەنی خەڵکەوە بەرنەکەوتوە. بەلام ئەوەی چەوساوەکانی وەك من، لەژیانیاندا بەکۆمەڵێك ئەزمونی سەختدا گوزەردەکەن وئەوئەزمونانە هەقیقەتی خەڵکیان بۆئاشکرا دەکەن بەبێ هیچ جۆرە پۆشێك.

## ژێدەرو پەراوێزەکانی ئەم پێشەکیە:

١) لەوکاتەدا ڕەوابووپەخشکەرەکەی ڕادیۆبڵێت:(ئێرە وڵاتی جەلاویزەیە... ئێرە بەغدایە):

2) To govern nature, you first study it.

٣) بنۆڕە: حجلة الخلال ٦١،الجزء ١١،ل ٦٨.

٤) وادیارە واعیزەکانمان لادانی سێکسی پاساو دەدەن بەڵام سفوری ئافرەتان پاساونادەن وناچێتە ئەقڵیانەوە. لەوانەیە زیادەڕەویش نەکەین گەر بڵێین لادانی سێکسی لەهەمووکەس زیاتر لەناو واعیزەکاندا هەیە. ئەمەش چارەنووسی هەرکەسێکە کەمەسەلەی سروشت فەرامۆش بکات و ئامۆژگاری بەپێچەوانەی ئەو سروشتەوە بکات.

٥) مەبەستم لە(چێژی بەریئانە) ئەوەیە کەلەدیدی خۆرئاواییەکاندا وابووە.. شاردراوەش نیە ڕەوشت شتێکی ڕێژەییە.بۆیە ڕەنگە شتێ کەلای ئەوان بەریئو بێ گوناه بێت، لای ئێمە فیسق وتاوان بێت.ڕەنگە لەداهاتوشدا ئەم شتەلای ئێمە پێچەوانە بێتەوەو پێوەرمان لەمەسەلەی ڕەوشتدا جیاواز بێت لەم پێوەرەی ئێستەمان، نکولیش لەوەناکەم کەسەراسیمە بووم لەکاتێکدا بۆیەکەمجار لەزانکۆکانی ڕۆژئاوادا تێکەڵاوی بەو شێوەیەی(ئێرو مێ)م دیت، لەو کاتە تێکەڵاو بوونەکەم بەبەرەڵایی و فیسق دادەنا، چونکە تائەو دەم لەژێر کاریگەری بیرکردنەوەی ئامۆژگاری ئامێزی ژینگە ڕۆژهەڵاتیە دۆگماکەدا بووم.

٦) دەگێڕنەوە(متوکل)خودای لێ ڕازی بێت لەکۆشکەکانیدا چوار هەزار کەنیزەکی هەبووە. بڕوانە:Hitti, History of the arbs,p.342

٧) سەیرلەوەدایە هەندێ لەشەرعناسەکان جیاوازی دەکەن لەنێوان نێربازی کردن لەگەڵ منداڵێکدا کەموڵکی کەسێك بێت و، منداڵێکیش کەموڵکی کەس نەبێت.لای ئەوان نێربازی لەگەڵ منداڵێکدا موڵکی کەس نەبێت

سزاکەی کوشتن یان بەردەبارانکردنە.بەڵام نێربازی کردنی کابرایەك لەگەڵ منداڵێکدا موڵکی خۆی بێت (واتە کۆیلەی بێت) هیچ سزایەکی نییە جگەلە تعزیز. ئەمەش یانی: ئەوان هەزار دەکوژن گەر نێربازی بکات، بەڵام ئەو دەولەمەندەی کەدەتوانێت زارۆبکڕێت بۆ وەی نێربازی یان لەگەڵ بکات سزاکەی ئەوەیە قازی پێی بڵێت:(تف...خودا دزێوت کات). بنوارە:متز،الحضارة الاسلامیة فی القرن الرابع الهجری،ج٢،ل ١١٨.

٨) بنوارە: زیدان،التمدن الاسلامی،ج٥ل٣٦.

٩) بەم پێیە لەوانەیە حکومەت فەرمان بدات محەمەد عبدالوهاب وفەرید ئەترەش وکەسانی وەك ئەوان بخەسێنرێن و... پەنابەخودا.

١٠)لەدەقە عەرەبییەکەدا دەڵێت: (هوتفکیرالبقال والحمال وتفکیر البائس و الفقیر) بەندە بۆناسانی دەربڕین (کرێکاروسەپان)م نوسی ودەقاودەق وەرم نەگێڕا...وەرگێڕ).

# بەشی یەکەم

## ئامۆژگاریی وململانێی دەرونی

ئامۆژگاری زیانی گەورەی دەبێت لەدروستکردنی کەسایەتی مرۆڤدا ئەگەر ئامانجی پێچەوانەی بەهاکانی نەریتی کۆمەڵایەتی هەبێت.
ئەگەر مرۆڤ ڕۆشت بۆمزگەوت، یان قوتابخانەوگوێ بیستی ئامۆژگارییەکی ئەفلاتونی بووکەبۆنموونە هانی دەدا بۆ وازهێنان لەدنیا، ئەمە دەبێتە هۆی قەیرانێکی‌دەروونی تیایدا.. ئەو لەقوڵاییەکانی دڵیەوە دنیای خۆش دەوێت، دەیەوێت پڕبەهەردوو مشتی لەدنیابخوات، ئەمەش زۆرینەی جارخووی زۆربەی مرۆڤەکانە.

دونیا، بەهەموچێژوخۆشی وشتەنارەزوو بزوێن وتەماوییەکانیەوە، نوێژی مرۆڤ پوچەڵ دەکات ولەمەش کەس نابوێردرێت جگەکەسانێکی دەگمەن وریزپەڕ، دیاردەی ڕیزپەڕیش وەکو زانایانی(ژیربێژی)دەڵێن بینای لەسەرناکرێت. مرۆڤ کە دەبیستێ ئامۆژگاریکەر هانی دەدات بۆ وازهێنان لەم دنیا قەشەنگە، سەرسام دەبێت، لەلایەکەوە ویژدانی فەرمانی گوێڕایەڵی کردنی قسەی ئامۆژگاری کەرەکەی پێ دەکات ولەلایەکی ترەوە دەروونی ڕای دەکێشێت بەرەودنیا. ڕاکێشانێك، کەناتوانێت لێی دەربازببێت، بەم جۆرە دەکەوێتە نێوان دوو بەرداشەوە، ناتوانێت وازلەدنیا بێنێت وناشتوانێت وازلەو بەهەشتە بێنێت کە کراوەتە بەڵێن ودراوەتە پارێزگاران.

(عومەری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص) جارێك کەوتەناو ئەم تەنگەڵانە بێزار کەرەوە، ئەوەبوو(ئیبن زیاد) بەڵێنی ئەمیرایەتی(ڕەی)ی پێدابوو گەردەرچێت بۆ جەنگ لەگەڵ حسێندا، لێرەدا کەوتە دڵەڕاوکێ و وەسواسەوە، ئایا ڕەفزی جەنگ بکات لەگەڵ حسێنداو بەوەش ئەمیرایەتیەکەی لەکیس بچێت؟ یان بچێت بۆ کوشتاری حسێن وشەڕکردن لەگەڵیداو بەمەش دەروونی ئەرزی ئاژن بێت و چارەنووس بەدبێت، دەگێڕنەوە ئەوکاتە لەسەر جێگەکەی جێنگڵی دەدا ئەم دێڕە هۆنراوەی دەگوت کەدەڵێت:

أأترك الری والری منیتی  أم أرجع مأثوما بقتل حسین؟

ئەم بەسەرهاتە دەگێڕدرێتەوە، ئێمە نازانین چەندە ڕاستی تێدایە، بەڵام هەر چۆن بێت چیرۆکەکە مەغزایەکی دەرونی گەورەی هەیە، زۆرجاری وا دەبێت قەیرانێکی دەرونی هاوشێوەی ئەم قەیرانە بەسەرماندا گوزەر دەکات کەبەسەر(کوڕەکەی سەعد) داتێ پەڕیوە، سەرسام بوەو نەی زانیوە چ لایەک هەڵبژێرێت.

ئەم قەیرانە دەرونیانە لەو قۆناغە مێژوویە ناڕەحەتانەدا سەرهەڵدەدەن کە دوو فاکتەری پێچەوانەی یەکتر دەکەونە ململانێ:فاکتەری بنەما باڵاکان لەلایەک و فاکتەری ئارەزووبازی تەماکاری لەلایەکی ترەوە..لەوانەیە ئەو قۆناغەی حسێنی کوڕی عەلی تێدا کوژرا، بەباشترین شێوە نمایشی ئەوململانێ دەرونیە بکات.

مێژوونووسان بۆمان دەگێڕنەوە زۆرێک لەوانەی بۆکوشتاری(حسەین) دەرچوو بوون بەدەست چمکێك لەو ململانێ دەرونیەوە گیرۆدە ببوون، بۆیە لەکاتی جەنگەکەدا هەرخەریک بوون، پیاوێکیان پێش دەخست وئەوی تریان دوادەخست.

ئەم ململانێیە پێشترلە(فتوحات)ە ئیسلامیەکاندا نەدەبینرا کەتیایاندا موسوڵمانان لەدژی دوژمنانەکانیان دەجەنگان..ئەو دەم هەموویان بڕوایان وابووکوشتاری دوژمنانی خوا دەکەن، بۆیە گەر یەکێکیان ئەمارەتێك یان دەستکەوتێکی لەو شەڕەدا چنگ بکەوتایە دەرونی دەگەشایەوە پێی، چونکە شتێکی دەستکەوتووە کەدڵی خواستویەتی ولەهەمان کاتدا ویژدانی پێی حەواوەتەوە.

وەلێ لەتراژیدیاکەی(حسێن)دا مەسەلەکە پێچەوانە بوو، بکوژانی(حسەین) وەك ئەوەبوون کە(فەرزدق) وەسفیان دەکات ودەڵێت:(دڵیان لەگەڵ حسێندایەو شمشێرەکانیان بەسەریەوەیە)، دیارە ئەمەش چ ململانێیەکی تاڵی دەرونی پێوەیە.یەکێك لەوانەی شەڕیان لەگەڵ حسێن کرد، لەمەیدانی جەنگ بینرا دەلەرزی، بەرلەوەش بەجەربەزەو ئازا ناسرابوو، پرسیاری لێکراو بەم واتایە وەڵامی دایەوە:(لەبەردوودڵی وسەرسامی دەلەرزم، نەك لەبەر ترس).

دواتر ئەوپیاوە پەیوەندی کرد بەسەربازگەکەی حسەینەوەو شانبەشانی ئەو جەنگی کرد.(١) هەریەکێك لەئێمە ڕۆژێك لەڕۆژان دووچاری ئەو قەیرانە دەرونیە ختکێنەرە دەبێت، بەڵام کەمێك لەئێمە وەك ئەم پیاوە دەتوانێت بەیەك لێدان ویەك

جارململانێکە یەکلایی بکاتەوەوخۆی بگەیەنێتە ئەوکامپەی کەبڕوای وایە هەق و ڕاستی تێدایە.

توێـژەرە دەروونیـەکان هـەوڵ دەدەن(ململانـێ دەرونـی) شـی بکەنـەوە بەهـەموو جۆرەکانیـەوە وچارەسەریشی بۆ بدۆزنـەوە(٢) بۆیـان دەرکـەوتووە زۆربـەی خـەڵك دووچاری شتێك لـەململانێی دەرونـی بـون، ئیدی زۆریـان کـەم، هـەر وابۆشـیان دەرکـەوتووە لەهەنـدێك کەسـدا درێـژە دەکێشـێت ودەبێتـە هـۆی لادانـی دەرونـی جۆراوجۆر.

(فرۆیـد) تـوانی زۆربـەی دیاردەکـانی گـەمژەیی وهستریاو تێکـچوونی دەمارەکـان بگەڕێنێتـەوە بـۆ ئـەو پێکدادانـەی لـەناو دەرونـدا سـەرهەڵدەدات لـەنێوان بنـەما پەروشتیەکانی مرۆڤ وئەو ئارەزووە بێ پەردە سێکسیانەی کەلەمرۆڤ دایە.

ئـەو نەخۆشـانەی فرۆیـد چارەسـەری کـردن زۆربـەیان(ژن) بـوون... فرۆیـد بـۆی دەرکـەوت هـۆی ئـەوە دەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی لەوکاتـەدا ژن کـەوتبووە نێـوان دوو پاڵنـەری دژ بەیەکـەوە، ژن بـڕوای وابـوو ئـارەزووی سێکسـی گونـاهێکی مەزنـە، کەچی لەلایەکی ترەوە،بەشێوەیەکی(نەستیی) پەلکێش دەبوو بۆتێرکردنی ئـەو ئارەزووانە.

کۆمەڵگە مۆدێرنەکان توانیان بەسەر زۆرێك لەهۆکارەکانی ئەو ململانێ دەرونیەدا زاڵ بن ولەناوی بەرن، لەکاتێکدا سەربەستییان دایە ئافرەت وناستی ڕۆشنبیری و ئابوریشیان بـەرزکردەوەو ڕێگەیانـدا تێکـەڵاوی پیـاوان بکـات وپیاری وسـەمایشی لەگەڵدا بکات.(٣)

* * *

خـاڵێکی تـر کەدیسانەوە ململانێـی دەرونـی دەخولقێنێـت، ئـەو خۆشـەویستی سامان ودەستەڵات وئارەزوبازیەیە کەمرۆڤ هەستی پێدەکات و، لەولاتر کۆمەڵێك بنـەمای ئایدیالیستی دەبینێ کەتوند پـێ دادەگرن لەبەسوك سـەیرکردنی ئـەو شتانەو سەرکۆنەکردنی ئەوانەی هەوڵی بۆ دەدەن.

ململانێی دەرونی دەگاتە چڵەپۆیە لەکاتێکدا نەریتی کۆمەڵایەتی خوازیاری سامان ودەستەڵات بێت، مرۆڤ سەرسام ودوو دڵ دەبێت: بەها کۆمەڵایەتیەکان لە لایەکەوە پاڵی پێوە دەنێن بۆکۆکردنەوەی سامان ودەستکەوتنی دەستەڵات و پلەوپایە، تەرپوش بەسەرەکانیش لەلایەکی ترەوە پێدادەگرن لەسەر ئەوەی کۆکردنەوەی ماڵ وسامان بێ ئەرزشیەوخۆش ویستنی دەستەڵات و پلەوپایەش گوناهێکی ئاشکراو بێ پەردەیە.

یەکێك لەخەسڵەتەکانی سروشتی مرۆڤ ئەوەیە کە زور کاریگەری ئەو شتانەی دەکەوێتە سەر کەنەریتی کۆمەڵایەتی لەبەهاو ئیعتیبارات بۆی دیاری دەکات... مرۆ دەخوازێت بەشێوەیەکی بەرێزو پەسەند بکەوێتە بەرچاوی خەڵك..گەر خەڵکی ڕێزیان لەخەسڵەتێکی دیاری کراو گرت، تاکی کۆمەڵگە هەوڵ دەدات ئەو خەسڵەتە لەخۆیدا بەرجەستە بکات بۆوەی شانازی پێوە بکات.

خراپترین کۆمەڵگەش ئەو کۆمەڵگەیە کە ڕێزلەشێوازێکی دیاری کراوی ژیان دەگرێت، لەکاتێکدا ئامۆژگاریکەران تیایدا داوای گرتنەبەری ڕێگەیەکی پێچەوانە دەکەن.

لەوکۆمەڵگە دوو ڕووەدا ململانێی دەرونی لای هەندێك لەتاکەکان سەرهەڵئەدات، تەنانەت هەندێکیان ڕوودەکەنە ژیانی دابران وگۆشەگیری...ئەوان ناتوانن لەناخی خۆیاندا ئەو دووپاڵنەرە دژە بگونجێنن، بۆیە دەیانبینین دنیایان تەڵاق داوەو ڕوویان کردۆتە گۆشەگیری وشوێنی نمونە باڵاکانیان کەوتون.

پاشماوەی خەڵکی، ئەوانەیان کەتوانای گۆشەگیری یان نیە، دەبینین پەنادەبەنە بەر فێڵێکی تر(بۆوەی بنەماکانی ئامۆژگاری وبەهاکانی کۆمەڵگە پێکەوە بگونجێنن) ئێمە ئەوفێڵە ناودەنێین(ئیزدیواجی کەسێتی).(٤)

ئەوکاتە دەبنە دوکەسێتی جیاواز، یەکێکیان گوێ دەگرێت بۆئامۆژگاری واعیزەکان، کەسایەتیەکەی تریشی هەڵپەدەکات بەدوی ئەوەی لەبەرچاوی خەڵکیدا بەهادارە، وەك ماڵ وسامان وپلەو پایە یان ئیعتبار.

شیاوی ئاماژەپێدانە، ئەوەش بخەینەوە یاد کەمرۆڤ دووناوەزی هەیە: ناوەزی ناوەکی وناوەزی ڕواڵەتی ودەرەکی، ئێمە لەم حاڵەتەدا کەئامۆژگاری مرۆڤ

دەکەین، تەنهاکاریگەری لەسەرئاوەزی دەرەکی دادەنێین، ئاوەزی ئاوەکی مرۆڤەکە هیچ لەئامۆژگاریەکانمان حاڵی نابێت، چونکە ئەو ئاوەزە سەرقاڵە بەو بەهاو ئیعتبارانەوە کەنەریتی کۆمەڵایەتی پێی دەگەیەنێت.

مرۆڤ(وەك پێشتر گوتمان) لەکانگای دڵیەوە دەخوازێت بەرزببێت لەناوخەڵکداو بە ئەنگوست ئاماژەی بۆ بکرێت، لەوانەیە خەڵکی لە زۆرشتدا ناتەبابن، بەڵام لە خۆشویستنی ناوبانگ وپلەوپایەی کۆمەڵایەتیدا تەباوکۆکن...ئەمە پاڵنەرێکی بەنگ خواردووی نێو قوڵاییەکانی دەرونی مرۆڤە، کەمێك نەبێت ئیتر مرۆڤ ناتوانێت لێی دەربازبێت ..هەرکەس پێی گوتی:من نامەوێت پلەوپایەی کۆمەڵایەتیم بەرز بکەمەوە، ئەوە درۆزنە ودەیەوێت چاوبەستت لێ بکات و بتخەڵەتێنێت.

مرۆڤ کاتێك دەبینێت هۆزەکەی ڕێزی پارە دەگرن ونەرزش دادەنێن بۆخاوەنەکەی، دەیبینێت پاڵی پێوەنراوە بۆدەستخستنی سامان وپارە.ئیدیگوێ نادات بەدزی و قۆرخکردن یان بەوەی بەرتیل بخوات وماڵ وسامان داگیر بکات، چونکە ئەو هەوڵ بۆئامانج ومەبەستێك دەدات کەلای خەڵکی ڕێزدارە، بۆیە هەموو هۆکارێك لەو ڕێگەیەدا پاساودەدات وپێی ڕەوایە.

ئەگەرلەوساتەدا ئامۆژگاریکەران بێن وتەقوای خوای بیربخەنەوە، ئەوا ئامۆژگاریەکە ناچێتە نێوقوڵاییەکانی دەرونی، خۆیشی لەوانەیە لەکاتی پێویستدا ئامۆژگاری خەڵکی بکات، چونکە هەرلەمنداڵێتیەوە ئاوەزی دەرەکی مرۆڤەکە پڕبووە لەوجۆرە ئامۆژگاریانە، بۆیە لەبەری کردووەو دەیخوێنێتەوە بۆ خەڵکیدیکەش، بەڵام کاری لێناکات، مادام پێچەوانەیە لەگەڵ بەهاکانی نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵکەیدا.

بەو واتایە کەسێتی وی بووەتە دووجەمسەر، ئەم دووجەمسەری بونەی کەسێتی لەهەندێك ڕووەوە جیاوازە لە(دووڕوویی–النفاق).مرۆڤی دووڕوو، دووڕووە لە کردەوە یان گوفتاریدا، خۆشی دەزانێت کەدوو ڕووە، چونکە بەئەنقەست وادەکات بۆوەی لەکەسێك نزیك بێتەوە یاخود داوای شتێکی لێ بکات.

کەسێك دووجەمسەری لەکەسێتیدا هەبێت، بەو دووجەمسەری بونەی کەسێتی خۆی نازانێت وناشیەوێت بزانێت. ئەو لەواقیعدا دوو ڕووی هەیە: بەیەکێکیان خۆی دەساچێنێت لەگەڵ ئامۆژگاریکەراندا وبەوی تریان خۆی دەسازێنێت لەگەڵ خەڵکانی تردا، ئەگەر ئەم ڕاستیەشی پێ گوترا ملەجەڕەی دەکات.

لەدوای سەرنجدان ولێکۆڵینەوەیەکی درێژ، تێبینیم کرد عەرەب لەنەتەوەکانی تر زیاتر دووچاری ئەم دەردی دووجەمسەری بوونی کەسێتیە بوگن. لەوانەیە هۆی ئەمە بگەڕێتەوە بۆ وەی لەساتەوەختی پێشکەوتنی ژیاریياندا کەوتونەتە ژێر کاریگەری دوو بەهای هاودژوپێچەوانەوە کەبریتین لە: ئیسلام ودەشتەکێتی.

لەسەرەتادا عەرەبان دەشتەکی بوون ولەبیاباندا دەژیان، دواتر ئیسلام کۆمەڵە ئاراستەکاریەکی پێدان کەپێچەوانەی بەهاکانی دەشتەکێتی بوو(٥).

بەهای دەشتەکێتی پێدادەگرێت ومرۆڤ هان دەدات لەسەر کیبریاو خۆشویستنی سەرکردەیی وشانازی بەرەچەڵەکەوە دەکات. بەڵام ئیسلام ئاینی ملکەچی و پارێزگاری ودادپەروەرییە.لەوانەیە زیادەڕەوی نەبێ گەربێژم مرۆڤی عەرەبی دەشتەکیە لەناوەڕۆکی ناوەوەیدا وموسوڵمانانە لەناوەڕۆکی دەرەوەیدا.

بەکردەوە دەست خۆشانە لەهێزوشانازی کردن دەکات وبەگوفتاریش ئامۆژگاری خەڵکی بەپارێزگاری خواو یەکسانی نێوان خەڵك دەکات.

مەبەستم لەوەنیە بڵێم هەموو عەرەب لەم حاڵەتەدا یەکسانن، بەڵکونەم ئیزدواجە بەئاشکرا لەوناوچانەی وڵاتی عەرەبدا دەردەکەوێت کەلەلایەکەوە نزیکن لە دەشتەکێتیەوەو لەلایەکی تریشەوە(پیاوانی ئاینی) تێدا زۆرن.

عێراقیەك لەکەسێکی تری عەرەبی زیاتر ئەم ئیزدواجەی تێدایە، ئەمەش دووهۆی هەیە:

هۆکاری یەکەم: عێراق لەدێرزەمانەوە تائێستا زیاتر لەوڵاتانی دیکەی عەرەبی شەپۆلی دەشتەکیەکانی بەرکەوتووە، عێراق دەشتێکی ڕاخراوی پڕخێروبێرە، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی دەشتەکیەکان لەدێرزەمانەوە ڕووی تێ بکەن، تا ئێستاش ڕووی تێ دەکەن وهێندی هێندی تێیدا نیشتەجێ دەبن.بەم پێیە

کۆمەڵگەی عێراقی پتر لەوڵاتانی دیکەی عەرەبی "جگەلە- نەجد"کەوتۆتە ژێر کاریگەری بەدەویەتەوە.
هۆکاری دووەم:عێراق لەسەرەتای ئیسلامەوە چاوگ وپێگەی پێڕەناینیەکان و شوێنی دابەزینی بشەماو ئاراستەکانی ئیسلام بووە، هەرلەعێراقدا زانایان و فەیلەسوفان پێگەشتوون، کەلەکون وقوژبنەکانیدا دەنگی ئامۆژگاریکەران و ڕێبەران بەرزبوەتەوە.
ئیدی لەدوای ئەم ڕاستیانە سەیرنیە کەدەبینین دووجەمسەر بوونی کەسێتی لە عێراقدا دیارەو بووەتە خەسڵەتی زۆرینەی ڕۆڵەکانی.(٦)
لەوانەیە ڕاست بێت گەر بڵێین: بەدوورکەوتنەوەمان لە بیابان و ڕووکردنمان لە سەنتەری شارەکان ئەم دیاردەیە لاواز دەبێت، دەتوانین لەم ڕووەوە وڵاتە عەرەبیەکان بەگوێرەی دووری ونزیکیان لەبیابانەوە(چاوگی بەهاکانی بەدەویەت) بپۆلێنین.(٧)

* * *

بریارانی عەرەبی گەلێك بەئاسمانی ئامۆژگاریدا فڕین، شێوازی ئامۆژگارییەکەیان نزیك نەکردەوە لەوشێوازی واقیعەی کەخەڵك تیایدا دەژین، بەوەش کەلێنێکی فراوان کەوتە نێوان واقیعیەتی ژیان ومیسالیەتی بیر لەلای وان.
زۆرجار دەبینین ئامۆژگاریکەرێك لەکۆمەڵگەیەکی عەشایەریدا ئامۆژگاری خەڵکی دەکات بەپارێزکاری ودادپەروەری ومرۆڤپەروەری، کەچی لەدوای ساتێك کەسێك هان دەدات بۆکوشتنی خوشکەکەی چونکە خوشکی ئەوکابرایە ناوبانگیخراپە!!.
کابرایەکی ئایندارو بەکڕنوش دەناسم زۆربەی کاتەکانی بەتەسبیحات و خوێندنەوەی پەرتوکەکانی فەرموودە وگوێگرتن لەئامۆژگارییەکان بەسەردەبات، لەهەمان کاتدا لەبەهاکۆمەڵایەتیەکانیدا عەشایەر یە، ڕۆژێك باسی بەرەڤانی خۆیی بۆدەکردم لەعەشیرەتەکەی وشانازی دەکرد. بۆی گێڕامەوە چۆن لەپۆلیس ڕزگاری کردون ودزییەکانیانیلای خۆی شاردۆتەوەودوایی خاوەنەکانیان هاتونەتە لای و تکایان لێکردووە شتە دزراوەکانیان بداتەوە، ئەمیش کەش وفشی کردووە

بەسەریانداو لاف وگەزافی لێداوەو باسی سەربڵندی وشانازییەکانی باوباپیرانی خۆیی بۆکردوون.

لەدانیشتنێکدا یەکێك لەبابا عەشایریەکانم بینی فەرموودەکانی پێغەمبەری (دروودی خوای لێبێت)لەسەر دادپەروەری وبەزەیی هاتنەوە بەخەڵکیدا دەخوێندەوەودەنگی هەڵدەبڕی بۆ خوێندنەوەی فەرموودەکان..دواتر زانیم ئەرخۆی یەکێکە لەخەڵکە هەرەتوڕەکان و لەکاتی توڕەبووندا گوێ نادات بەوەی ئەوکەسانە بکوژێت کەپێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێبێت)کوشتنیانی قەدەغەکردووە!.

لەوپیاوەدا نمونەیەکی ڕوونی(دووجەمسەرێتی کەسایەتی)م بینی، چونکە ئەقڵی دەرەکی و ڕواڵەتی ئەوپیاوە لەکاتی ئامۆژگاری کردندا نوقم بوو لەخۆشەویستی پێغەمبەرو گوتنەوەی فەرمودەکانیدا.عەقڵی ناوەکیشی‌دەشتەکی‌بوو، دەشتەکیەك جگەلە(لااله الالله)وکڕنوش وڕکوع هیچی‌دیکە لەئیسلام حاڵی نەبوو..گومان لەوەدانیە ئەوپیاوە توانیبوی بەرکەرت بوونی کەسێتیەی خۆی ڕزگار بکات لە ململانێی دەرونی.

* * *

دێرۆکی ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەی کەبوبەهۆی دروست بوون وبنج داکوتان و کەڵەکەبوونی ئیزدیواج(دووجەمسەرێتی) لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا، دێرۆکێکی دووروودرێژەو بەچەند قۆناغدا گوزەری کردووە...وەك لەپێشەوە ڕونمان کردەوە، تۆوی ئەم ئاڵوگۆڕە هەڵقوڵاوی نێو بۆتەکەی ململانێی کۆمەڵایەتی نێوان بەهاکانی ئیسلام وبەهاکانی دەشتەکێتی بوو.

بەهاکانی ئیسلام وبەهاکانی دەشتەکێتی بەسروشتی حاڵ- وەك لەپێشەوە گوتمان – پێچەوانەودژی یەکترن... وەلێ ئەم دژایەتیە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا(دروودی خوای لێبێت)و ئەبوبەکرو عومەر(خوایان لێ ڕازی بێت)دا دەرنەکەوت... چونکە خەباتی بەردەوام لەدژی بیانیەکان، ببویە هۆی یەکخستنی ئامانجی هەموان و خەڵکی سەرقاڵی غەزاوفەتح ودامەزراندنی دەوڵەت بوون.

سروشتی دەشتەکیتی بریتیە لەسروشتی جەنگ، بابای دەشتەکی چ لەدنیاناگات جگە لەشانازیکردن بەهێزو ئازایەتی وزاڵ دەستیەوە، ئەمەش دیارە سەر دەکێشێت بۆ خۆشویستنی زاڵدەستی وسەرۆکایەتیکردن.

مرۆی دەشتەکی بەوەناسراوە کە ئاژاوەچی وڕژدە وئارەزووی بەلای ململانێدایە، بەڕادەیەك گەرکەسێکی بیانی دەست نەکەوت ململانێی لەگەڵدا بکات،دەست دەکات بەململانێکردن لەگەڵ ئامۆزا یان تەنانەت براکەی خۆیدا...(قەتامی) هۆزانڤانی سەردەمی نەفامی لەهەڵبەستێکی بەناوبانگیدا دبێژێت:

وأحيانا على بكر أخينا إذا مالم نجد الاخانا (٨)

* * *

لەم نمونەیەوە دەردەکەوێت مرۆڤی دەشتەکی ڕاهاتووە لەسەر شەڕو، شەڕەنگێزی بۆتە خەسڵەتێك تیایداو ناتوانێت لێی دەربازبێت. پرۆفیسۆر(فیلیب حتی) دەڵێت: ئەزعەی کوشتاروجەنگ لای مرۆیدەشتەکی بوەتە حاڵەتێکی ئەقڵی درێژ خایەن، بەڕای ئەو ژیانی دەشت وبیابان هەمیشە لەلێواری برسێتی دایە، بۆیە کوشتاروجەنگ چاکترین بیمەدەری ئەوەیە بەربگرێت لەزیادبوونی خەڵکی.. لەبەرئەوە تۆڵەکردنەوە بەهێزترین سیستەمی ئاینی وکۆمەڵایەتیە لەکۆمەڵگەی دەشتەکیدا.(٩)

ئاشکرایە ئەم سروشتە دەشتەکیە پێچەوانەی کرۆکی ئیسلامە..چونکە ئیسلام بانگەشەدەکات بۆخۆبەکەم زانین ونەرم ونیانی وپارێزکاری ودادپەروەری و یەکسانی لەنێوان خەڵکیدا. بۆیە مرۆڤی دەشتەکی ناتوانێت ببێتە موسوڵمانێکی ڕاستەقینە، مەگەر لەهەندێ کاتدا نەبێت – بەتایبەت لەکاتێکدا کۆمەڵگەی ئیسلامی لەباری جەنگدا بێت لەگەڵ دوژمنەکانیدا–.

ئیسلام لەسەردەمی پێغەمبەری خوا(دروودی خوای لێبێت)و ئەبوبەکرو عومەردا(خوایان لێ ڕازی بێت)سەرقاڵی جەنگ بوو لەگەڵ ڕۆم وفارسدا، دەشتەکیەکانیش سەرقاڵی ئەم جەنگەبوون، سەرقاڵبوونەکەیان وایکرد

ئەودووسروشتە دژبەیەکە رووبکەنە یەك ئامانج کەبریتیبوو لەسەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانی خوادا.
پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)توانی بۆ یەکەمجار لەمێژوودا هۆزە ناکۆکە عەرەبییەکان یەك بخات...بیانخاتە بۆتەی جەنگەوە لەگەڵ فارس و رۆمدا..عەرەبەدەشتەکیەکان بەرلەهاتنی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) کوشتاری یەکتریان کرد..وەلێ دوای‌هاتنی وی(دروودی خوای لێبێت) هەموویان کوشتاری دوژمنێکی هاوبەشیان دەکرد.
ئەزعەی شەڕخوازی وکوشتار کەلەدێرزەمانەوە تیایاندا ڕەگی داکوتابوو تیایاندا مابوبەوە، توانییان بەباشترین شێوە سوودی لێ وەرگرن لەجەنگی دژبەدوژمنی هاوبەشیاندا..بەمەش توانیان یەکێك لەهەرە گەورەترین ئیمپراتۆریەتەکانی دێرۆکی کۆن دابمەزرێنن.
بەوشێوەیە دەشتەکیەکان ناکۆکیەکیان بەدی نەکرد لەنێوان بەهادێرینەکانی خۆیان وبەها نوێکانی ئیسلامدا...سەرقاڵی فەتح بوون ونەریتەکۆنەکانیخۆیان لە بیرکرد، یان لەمیانەی جەنگ لەگەڵ دوژمنی هاوبەشدا توانیبویان دەلاقەیەك بدۆزنەوە تالێیەوە تەعبیربکەن لەوخەسڵەتەی لەدێرزەمانەوە هەڵیان گرتبوو.
لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا(خوای لێ ڕازی بێت)فەتح ڕاوەستا...گەر پرۆسەی فەتح بەردەوام بوایە لەرۆژگارەکانی ئەمیشدا ئەو ڕاپەرینە گەورەیە سەری هەڵنەئەدا کەپایەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی هێنایە لەرزە.(١٠)
لەوجۆقاتەدا کەعوسمان(خوای لێ ڕازی بێت) کۆی کردەوە بۆ ڕاوێژکردن لەسەر چاککردنی مەسەلەکەو کپکردنەوەی ئەو فیتنەو پشێویە بەرلەوەی توندوتیژو گەورەبێت،(عەبدوڵای کوڕی عامر)کە یەکێك بوو لەوالیەکانیگوتی:ئەی ئەمیری برواداران ڕای من ئەوەیە بۆتۆ، سەرقاڵیان بکەیت بەجیهادەوە تاکو ئەیان پەرژێتە سەرت...) (١١)
لەوانەیە ئەم ئامۆژگارییەی (عەبدوڵای کوڕی عامر) پێشکەش عوسمانی کرد تاکە ئامۆژگاری کردەیی بوبێت کەتوانای کوژانەوەوکپکردنەوەی ئاژاوەکەی هەبوبێت.

پاشتر(حەجاج) توانی لەکاتی حوکمکردنی عێراقدا بەوپەڕی توندوتیژییەوە ئەم ئامۆژگاریە جێبەجێ بکات...لەوتارە بەناوبانگەکەیدا کەکردیە سەرەتای حوکم کردنی عێراق گوتی:(..بەخودا یان لەسەر ڕێگەی هەق ڕاست دەوەستن یان هەر پیاوێک لەنێوە سەرقاڵ دەکەم بە لەشی خۆیەوە!لەدوای سێ ڕۆژ لەناردنی مەهلەب هەرکەس ببینم خوێنی دەڕێژم ومالەکەشی بەتاڵان دەبەم).(١٢)

لەدوای ئەم وتارە دۆزەخیە خەڵکی عێراق دەستیان کرد بەخۆناونوسکردن لە سوپاکەی(مەهلەب کوڕی ئەبی سفرە)دا..مەهلەب توانی فەتحێکی گەورەی ناوچەکانی پشتی ڕووبار(میزۆپۆتامیا)یان پێ بکات.

ڕادەربڕەکەوێت عوسمان(خوای لێ ڕازی بێت) نەیتوانی ئەم سیاسەتە پەیڕەو بکات کە(ابن عامر)خستنیە بەردەمی، من وای بۆدەچم سروشتی پاک وئاشتی خوازی خەلیفە وای کرد گوێ ڕانەدێرێ بۆو ئامۆژگاریە.

ئەوەشی زیاتر قەیرانەکەی گەورەکرد،بریتی بوو لەوەی عوسمان(خوای لێ ڕازی بێت)بەڕادەیەکی بەرچاو خزمانی خۆی خۆش دەویست، خزمەکانیشی لەسەروی ئەوەشەوە لەوکەسانە بوون کەلەدوای(فەتح)هاتبونە نێونیسلامەوەو باوەڕی ئیسلامی لەدڵ ودەرونیاندا بنچی دانەکوتابوو، بۆیە دەزگاکانی دەوڵەتیان بۆ خۆیان قۆرخکردودابەشیان کرد بەسەرخزم وکەس وکاروخۆشەویستانیاندا.(١٢)

لەئەنجامدا شۆڕشیان لەدژ کراو، تەڕو وشك پێکەوە سووتا.

(عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) وەسفێکی دانایانەی خزمانی عوسمان وئەوانەشی کردووە کەشۆڕشیان لەدژکردن ودەڵێت:(استاثرهؤلاء فاساؤا الاثرة، وجزع اولئك فاساؤا الجزع).

ئەمەش یانی شۆڕشەکە دووفاکتەرویالنەری هەبوو:توندڕەویەك لە(استئثار) لەلایەن دەستەلأتدارانەوە، توندڕەویەك لە(جزع)دا لەلایەن ڕەعیەتەکانەوە، لە ڕاستیداهەموو شۆڕشێك لەسەر دووبنەمای بەوشێوەیە دادەمەزرێت وسەر هەڵئەدات..بەوەی یەکێك لەلایەنەکان دەستدرێژی دەکات ولایەنی بەرامبەریش تۆڵەیەکی توندوتیژی لێ دەکاتەوە.

شۆڕشگێڕان پێویستیان بەدووپاڵنەروهاندەر هەیە: هاندەرێکی ئەقڵی و هاندەرێکی عاتیفی. لەوشۆڕشەی بەسەر عوسماندا کرا پاڵنەرە ئەقڵیەکە بریتی بوو لەوشتانەی سەحابەو قورئانخوێن وپارێزکاران لەمەڕبنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی ودنیانەویستی بڵاویان دەکردنەوە... پاڵنەرە عاتیفیەکەشی لەسروشتی شەڕخوازی دەشتەکیەکاندا پەنگی خواردبوویەوە(١٤)چونکە ئەوان وەك(قتامی) دەڵێت: لەگەڵ برایخۆیاندا بەشەڕ دێن ئەگەرکەسێك نەبوو شەڕی لەگەڵدا بکەن.

* * *

عوسمان سەرکۆنەی شۆڕشگێڕانی دەکرد بەوەی ڕەخنەی لێدەگرن لەسەر کۆمەڵە کارێك کەعومەری کوڕی خەتابیش کردونی، دەگێڕنەوەجارێك چۆتە سەرمینبەرو گوتویەتی:(...بەخودا سەرکۆنەم دەکەن لەسەر کۆمەڵەکارێك کەبۆ عومەر پێی قایل بوون، بەڵام ئەو ئێوەی خستە ژێرپێوە وبەدەست لێیدەدان وبەزمانیشی دایپڵۆسین، ئێوەش لەخۆشی وناخۆشیدا هەرپێی قایل بوون، بەڵام من نەرم ونیان بووم لەگەڵتاندا و شانم بۆ شۆڕکردن، دەست وزمانی خۆم لەئێوە پاراست، بۆیە ئێوە بوێربوون بەرامبەرم..).(١٥)

ئەم گوتەیەی عوسمان لەڕویەك لەڕوەکانەوەڕاستە.عوسمان لەڕووی هەڵسوکەوتی شەخسی خۆیەوە جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ عومەردا نەبوو، بەڕاستی ئەو باوەڕدارێکی چاك بوو، بەڵام بەڕووالەت لایەنگری خزمەکانی دەکرد...

خەڵکی ئەوەیان پێخۆش نیە دەستەڵاتدارەکەیان لایەنگری هەرمرۆڤێك بکات ئیدی ئەومرۆڤە هەرکەس بێت، دەستەڵاتداری دووربین ئەوکەسەیە هەوڵ دەدات بەپێی توانا گومانی لایەنگریکردنی کەسێك یان کۆمەڵەکەسێك لەخۆی دوور بخاتەوە.

عومەر توندوتیژبوو بەرامبەر خۆی وکوڕەکەی بەرلەوەی توندوتیژبێت بەرامبەر بە خەڵکی، ئەم مەسەلەیەش گرنگییەکی کۆمەڵایەتی زۆری هەیە، چونکە خەڵکی کە دەبینن حاکمەکەیان توندوتیژە بەرامبەر خۆی، ئیدی توندوتیژی ئواندنیشی لێ قبوڵ دەکەن وهەرکارێکیش کەدەیکات ڕاڤەیەکی باشی بۆدەکەن.

هەرحاكم ودەستەڵاتداریكیش بەرامبەر خۆی وخزمەكانی دڵڕاگربێت، ئەوا دەبێتە جێگەی ڕەخنەی ڕەعیەتەكەی وخەڵك بەشوێن هەڵەوكەموكوڕی وناتەواویەكانیدا دەگەڕێن، ئەوجۆرە حاكمانە هەرچەندە هەوڵ بدەن چاكەبكەن لەگەڵ ڕەعیەتە كانیاندا، خەڵكی ڕاڤەی ناڕاست بۆكردەوەكانیان دەكەن ونیازو مەبەستی خراپیان دەخەنەپاڵ.

عوسمان نازی دەدا بەخزمانی ونازونیعمەتی بەسەردا دەڕشتن، لەپێ سپاردنی وەزیفەی دەوڵەتیشدا لەخەڵكیبەلەبەرتری دادەنان. ئەمەش هەرچەندە نیازپاكی و دڵسۆزی لەپشتەوە بێت،خەڵكی دان نانێن بەوڕاستیەدا، خەڵكی لەحوكم دانیاندا تەنها ڕواڵەتی شتەكان دەبینن. هەركردەوەیەك حاكم پێی هەستێت لەبەرژەوەندی خۆی یان خزمانی هەواڵەكەی بەناوخەڵكیدا بڵاودەبێتەوەو دەماودەم دەكەوێت و ڕۆژبەڕۆژیش زیادەڕەوی پتری تێدا دەكرێت.

عوسمان پاساوی شەرعی دەبینی بۆ لایەنگری لەخزمانی، پێی گوترا:ئەبوبەكرو عومەر وەكو تۆلایەنگری خزمانی خۆیان نەدەكرد، لەوەڵامدا گوتی:ئەوان لەبەر ڕەزامەندی خوا وازیان لەخزمایەتی هێناو منیش لەبەر ڕەزامەندی خوا خزمایەتی دەكەم.(١٧)

دەگێڕنەوە عوسمان ڕۆژی شوكردنی یەكێك لەكچەكانی(٢٠٠)هەزار درهەم دەدات بەزاواكەی، خەزنەداری(بیت المال) كەناوی(زەیدی كوڕی ئەرقەم) بوو ناڕازی دەبێت وبەگریانەوە داوا لەخەلیفە دەكات ئەم كارە بەونەسپێرێت، عوسمان بە سەرسوڕمانەوە پێی دەڵێت: كوڕەكەی ئەرقەم ئایا دەگریت ئەگەر سیلەی ڕەحم جێبەجێ بكەم؟ خەزنەدار وەڵامی دایەوەو گوتی: نەخێر ئەی ئەمیری باوەڕداران، بەڵام من بۆیە دەگریم واگومان دەبەم تۆ ئەم پارە وپولە لەبریتی ئەوسامانەدا دەبەیت كەلەسەردەمی ژیانی پێغەمبەری خوادا بەخشیوتە، بەخودا گەر سەد درهەمت پێ بدایە زۆر بوو.

عوسمان لەم پەیڤە دڵگران بوو وگوتی:(كوڕەكەی ئەرقەم،كلیلەكان توڕبدە! ئێمە خەڵكی دی بۆئەوكارەی تۆ دەبینینەوە ).(١٨)

ئەوسیاسەتی(خزم خزمێنە)ەی عوسمان پەیرەوی دەکرد خەڵکی لەدژ ورووژاند، کەلێنێکی گەورە کەوتە نێوان ئەوو ڕەعیەتەکەیەوە، بەم هۆیەوە خەڵکی هەموو کارەکانی دیکەشیان بەخراپ ڕاڤە دەکرد.
عوسمان لەزۆربەی کردەوەکانیداخێروچاکەی‌خەڵکی ویستووە، وەك کۆکردنەوەی قورئان وفراوانکردنی مزگەوتی پیرۆزی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)و زیادکردنی بەخشین و.. هتد. بەڵام خەڵکی تەنانەت ئەم کارەشیان بەخراپ ڕاڤە دەکرد، تەنانەت لەکاتی فراوانکردنی مزگەوتەکەدا خەڵکی دەیانگوت:(مزگەوتی پێغەمبەر فراوان دەکات ولەولاوە سوننەتەکانی وازلێ دێنێت)!.(١٩)
لەم ڕووەوە ئەو ڕیوایەتە سەیرە ئامازە پێ دەکەین کەلە(عەباسی کوڕی عەبدول موتەلیب)ەوە گێڕدراوەتەوە، عەباس بەپیاوێکی دووربین ناسرابوو، دەگێڕنەوە بە عوسمانی‌گوتووە:(..ولو انك نزلت مما رقيت، وارتقو ممانزلوا، فاخذت منهم واخذوا منك، ماكان بذلك بأس )(٢٠).ئەم گوتەی(عەباس) ئامازەیەکی ڕوونە بۆ سروشتی ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتییەی عوسمان بەدەستیەوە دەیناڵاند... ئەوەش کەلێنێکی‌دەروونی‌بوو، ڕۆژ بەڕۆژ فراوان دەبوو وزیادی دەکرد، هەر کردەوەیەك بیانکردایە ئەولێی نیگەران دەبوو.
بەم جۆرە لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا یەکەم دیاردەی کەلێن لەنێوان حاکم وڕەعیەتدا دەرکەوت.
لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا مەسەلەکە تەواو پێچەوانە بوو، عومەر مەعسوم نەبوو، زۆرجار هەڵەو زیادەڕەوی دەکرد لەکردەوەکانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی سوپاسیان دەکردو لەسەر هەرکردەوەیەك دەیکرد ڕێزیان دەگرت.
لەنێوان عومەرو ڕەعیەتەکانیدا بەدەمەوەچوونێکی دەروونی قووڵ هەبوو، نهێنی ئەمەش بریتی بوولەودنیانەویستی وپاکی ودادپەروەرییە توندەی عومەر لەسەری بوو.
ڕۆژێك لەڕۆژان عومەر بیستی کوڕێکی مەیی خواردۆتەوە، ئەمیش فەرمانیدا شەلاقی لێ بدەن تاکو دەمرێت! ئەم هەواڵە بەناو خەڵکیدا بڵاوبویەوەو زیادەڕەویشی تێدا دەکرا...بەوشێوە عومەر لەدیدی خەڵکدا کەوتبووە سەرەودی

گومانەكانـەوە..ئەگـەر یـەكێك ڕەخنـەی لەعومـەر بگرتایـە خـەڵكی پێكـەوە دەیانگوت: وسبە..عومەر گەر وەك ئەوە بوایە كەتۆ دەڵێیت ئەوا چاوپۆشی دەكرد لەكورەكەی خۆی كەپارچەی جگەریەتی!!.
بەمەش حاكم ورەعیەت بونەیەك جەستە، بێ ئەوەی كەلێنیان لەنێواندا بێت و كۆمەڵگەش بەوپەڕی توندی یەكی گرت.
هەرگا كەلێن كەنێوان حاكم ورەعیەتدا دەركەوت، ئیدی ڕۆژلەدوای ڕۆژ فراوان دەبێت، هەردوولا دژایەتی یەكدی ڕادەگەیەنن، هەریەك لەلایخۆیەوە كارێك دەكات گومانی بەرامبەرەكەی بجوڵێنێت وببێتە هۆی كینەو ڕق لەیەكتری.
ئەو كەلێنەی لەنێوان حاكم ورەعیەتدا دروست دەبێت، كەلێنێكی‌ئیعتیباری و سایكۆلۆژیە پترلەوەی كەلێنێكی ڕاستەقینە بێت، لەم حوكمەتەی ئێستای عێراقدا بەئاشكرا ئەم حاڵەتە دەبینین، هەركارێك ئەم حكومەتە دەیكات خەڵكی ڕاڤەیەكی خراپی بۆدەكەن..ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی خەڵكی ڕاهاتوون لەسەر ئەوەی فەرمانڕەوایانی خۆیان ببینیوە لایەنگری خزم وكەس وكاریان دەكەن زیاتر لە خەڵكانی تر.
هەرجۆرە كەلێنێكی نێوان حاكم ورەعیەت سەردەكێشێت بۆشۆڕش، گەرلەكاتێكی نزیكدا لەبنجەوە ڕیشەكێش نەكرێت.
نمونەی ئەم كەلێنە دەرونیە لەسەردەمی عوسماندا ڕوویدا..هەرچەندە عوسمان هەوڵیدەدا لەخەڵكی نزیك بێتەوەو مەسەلەكە چارەسەر بكات، خزمەكانی خۆیان دەكێشایە كایەكەوەو، لەڕێگەیدا دەبونە كۆسپ وگێرەكەیان دەشێواند.(٢١)
شۆڕشیدژبەعوسمان سـەرەتای سـەردەمێكی درێـژ بـوو، سـەردەمێك پڕبـوو لـە شۆڕش وئاژاوەو ڕاپەڕینی جۆراجۆر. كوژرانی بەڵگەیەكی بەهێزبوو كەخزمەكانی عوسمان گرتیان بەدەستەوە بۆقەڵاچۆكردنی شۆڕشەكەو ڕاوەستاندنی بەرلەوەی ئامانجەبڕیار لەسەردراوەكانیبەدەست بێنێت.ئەمەویەكان كراسەكەی عوسمانیان بەرزكردەوەوكردیانـە دروشمێـك بۆخۆیـان لەبزوتنـەوە لەمپەرئامێزەكەیانـدا.
كراسەكەی عوسمان لەمێژوودا ناسراوە،بەنمونە دەهێنرێتەوە سەبارەت بەوەی وشەی هەق لەپێناوی مەبەستی پوچدا بەكاربهێنرێت.لەسەردەمی ئەمەویەكاندا

شۆڕش لەدوای شۆڕش بەرپادەكرا. ئەمەویەكان بەردەوام بوون لەسەر ئەو خەسڵەتانەی لەسەردەمی عوسماندا خۆیان پێوەگرتبوون..

ئەمەویەكان لەحوكمدارێتیداشێوازیدەشتەكییانەیان پەیڕەوكرد. بۆیەشەرعناس و شارەزاكان خەڵكیان لەدژیان دەبزواندو، باسیان لەئاراستەكاریە یەكەمینەكانی ئیسلام دەكرد بەمەبەستی قەڵاچۆكردنی ئەمەویەكان وتۆڵەكردنەوە لێیان.

گەرشۆڕشە یەك لەدوی یەكەكان بتوێژینەوەو لێكۆڵینەوەی دەرونییان لەسەر بكەین، دەبینین سەرجەمیان بریتی بوون لەڕواڵەتی دەرەوەی ململانێی دەرونیە شاردراوەكان.. زۆرجاران كەلێنی نێوان حاكم ورەعیەت هەڵقوڵاوی ئەو ململانێیە كەلەناخی دەروندا پەنگ دەخواتەوە لەنێوان دووجۆرە بەهای پێچەوانەی یەكدیدا.

خەڵكی لەوكاتەدا بەشێوەیەكی توندوتیژ دووچاری پەتای ململانێی دەرونی ببوون.. ئەوان لەقوڵایی دەرونیانەوە دەشتەكی بوون، لەهەمان كاتدا داوایان لە دەستەڵاتدارانیان دەكرد شوێنی ڕێنماییەكانی ئیسلام بكەون.

بەدەربڕینێكیتر: دڵ‌ودەرونیان دەشتەكی وزمانیان ئیسلامی بوو...ئەوان داوایان لەدەستەڵاتدارانیان دەكرد دادپەروەری ویەكسانی پەیڕەوبكەن كەچی خۆیان لە واقیعدا وەك هەموو خەڵكێكی تری عەشایەری!خاوەنی سیفەتە دەشتەكیەكانی وەك: خۆبەزلزانین وشانازی كردن بەباوباپیرانەوە بوون... تاكەكان بەبەڵگە ئاینیەكان ڕووبەڕووی حاكمەكان دەبوونەوە، پاشان بەشمشێرە دەشتەكیەكانیان شۆڕشیان لەدژدەكرد. كەواتەبەكردەوە عەشایەریەكی كەشوفشكەروبە گوفتاریش خواپەرستێكی دنیانەویست بوون.

ئەوناتوانێت بەكردەوە شوێن ئاراستەكاریەكانی ئیسلام بكەوێت، چونكە ئەم شوێن كەوتنە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەونەریتانەی لەسەری پێگەیشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا داوای لەحاكمەكان دەكرد كەبەڕاستی موسوڵمان بن. حاكمەكانیش ڕقیان لەم دووجەمسەریە بوولەبابای دەشتەكیدا.

دەستەڵاتداران"ئاسایی" لەهەڵسوكەوتیاندا لەسەر ئەوشێوازە واقیعیە دەڕۆن كە خەڵكی لەژیانی كردەییاندا لەسەری دەڕۆن، لەوانەیە ئەوفەرمودەی

پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)یان بەسەردا بڕێت کەدەفەرمێت:(کیفما تکونوا یولی علیکم)، ئەوان گوێ نادەن بەناڕەزاییەکانی خەڵك، بەڵکولەسەر ئەوشێوازە ڕێ دەکەن کە نەریتی خەڵك بەشێوە واقعییەکەی داخوازیەتی... بۆیەتورە دەبن کەدەبینن خەڵکی ئەوەی دەیڵێن نایکەنە کردەوە.

لەراستیدا زۆربەی شۆڕشەکان خاوەنی ئەو سروشتە دووجەمسەریەن، بەم هۆیەشەوە سەرکۆنە ناکرێن وجێگەی ڕەخنەنین، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە داوای دادپەروەری لەخەڵکی دەکات وبۆخۆشی لەسەرخۆی ئەم داوایە جێبەجێ و پراکتیزە ناکات..پێویستە فەرمانڕەوا دادپەروەربێت وبەدەم داواکارییەکانی خەڵکەوە بچێت، بێ ئەوەی سەیری کردەوەکانیان بکات یاخود سەرکۆنەیان بکات لەسەری...بەوشێوەیە بەبەردەوامی ژیاری مرۆڤایەتی بەرەوپێشەوە دەچێت.

* * *

عەلی کوڕی ئەبی تاڵب بەم شێوەیە وێنای خەڵکی سەردەمی خۆی دەکات:(بزانن ئێوە لەدوایکۆچ بوونە ئەعراب ولەدوایموالاتیش بوونە ئەحزاب، جگە لەناو بە هیچ شتێکی تربەئیسلامەوە نابەسرێنەوە، هیچیش لەباوەڕ نازانن جگە لە وێنەکەی.(٢٢)

(عەلی کوڕی ئەبی تاڵب)حاکم ودەستەڵاتدار نەبوو بەومانایەی لەناوخەڵکدا باوە، بەڵکو شۆڕش گێڕبوو،هەربەشۆڕشگێڕیش مایەوە تاکومرد(وەك لەبەشی داهاتوودا ڕوونیدەکەینەوە) ئەوبەدڵ وبەقاڵب شۆڕشگێڕبووهیچ جۆرە دوو جەمسەریەکی تێدا نەدەبینرا.. لەبەرئەوەش بوو زۆری نازار دەچەشت کە ئیزدواجی لەنێوکۆمەڵەکەی خۆیدا دەبینی، لەکاتێکدا ئەوان بەگوفتار پشتیان دەگرت وبەکرداریش پشتیان تێ دەکرد.

ئەمەش دیارترین هۆکاری شکستی شۆڕشە یەك لەدوی یەکەکان بورکە کۆمەڵگەی ئیسلامیلەڕۆژگارە یەکەمینەکانیدا پێی هەستاوە..دڵی خەڵکی لەگەڵ شۆڕش گێڕدابووە وشمشێرەکانیشیان لەدژی بووە.

دەڵێن جارێك(معاویە)پرسیاری لەپسپۆڕێك كردووە سەبارەت بەسروشتی هەر شارێك لەشارە گەورەكانی دەوڵەتی ئیسلامی. پسپۆڕەكە بەم شێوەیە وەڵامی معاویەی دایەوە:(خەڵكی مەدینە پێداگرتوترینی خەڵكن لەسەرخراپەو دەستەوساترین خەڵكیشن لەخراپەكردن...خەڵكی میسر بەئەمەكترین خەڵكن بۆ خراپەو خێراترینیشیانن لەپەشیمان بوونەوەدا...خەڵكی شام گوێڕایەڵترین خەڵكن بۆئەمیرەكانیان ویاخی ترینیشیان لەبەرامبەر هەڵخەڵەتێنەرانیاندا).(٢٣)
گومان لەوەدانیە ئەم پۆلێنكردنەی خەڵكی شارەكان پۆلێنكردنی كابرایەكی مورتەزیقەیەو دەیەوێت بەوپێناسەیە لەئەمیر نزیك بێتەوە..ئەو پێشی وابوو خەڵكی هەمووشارەكان شەڕانگێزوخراپەكارن جگەلەخەڵكی شام... لەدیدی ئەم پسپۆڕەدا تەنها خەڵكی شام ئەهلی خێروچاكەن...لەدیدی منیشدا:خەڵكی شام تەنها خەڵكێكن لەنێو شارەئیسلامیەكاندا كەدەرونیان خاڵیە لەململانێی دەرونی.
(عەبدولمەلیكی كوڕی مەروان)جارێك چووە سەرمیمبەری مەدینەو وتاری بۆ خەڵكی مەدینەداو هەڕەشەی لێكردن وگوتی:(من ئەم نەتەوەیە بەڕێوەنابەم بە شمشێرنەبێت تاكوڕاست دەبنەوە، ئێوەكردەوەی كۆچكردووە پێشینەكانتان لەبەركردووەو وەكو ئەوانیش ڕەفتارناكەن، فەرمانی لەخواترسان بەئێمە دەدەن و خۆتان لەخواترسانتان لەبیردەچێت، دەی بەخوا لەدوای هەستانم لێرە هەركەس فەرمانی لەخواترسانم پێ بدات لەملی دەدەم).(٢٤)
حەجاج لەهەمان وتەیدا كاتێك(عەبدولمەلیك)كردیە والی كوفە، ئەوخەڵكی عێراقی بە(ئەهلی بەدبەختی و دووڕوویی وناكارە ناپەسەندەكان) پێناسەكرد(٢٥)... ئەم وەسفەی خەڵكی عێراق كەوتە سەرزاری خەڵك. لەم سەردەمەشدا، هەركات باسی خەڵكی عێراق كرابا، باسی ئەوەش دەكرا كەئەهلی دووڕوویی وڕەوشتەبەدەكانن.
(جاحین) هەوڵیداوە هۆكاری ئەم خەسڵەتە بەدەی ئەهلی عێراق بەبەراورد لەگەڵ خەڵكی شامدا پەی پێ بەرێت، دەڵێت:(هۆی ئەوەی خەڵكی عێراق یاخین لە ئەمیرەكانیان وئەهلی شام گوێڕایەڵن بۆ ئەمیرەكانیان ئەوەیە: خەڵكی عێراق خاوەنی تێڕامان ودیدی تیژن، لەگەڵ زیرەكی وسەرنجدانیشدا هەمیشە بە دوادا گەڕان ولێكۆڵینەوە دێتەئاراوە، لەگەڵ بەدواداگەڕان ولێكۆڵینەوەشدا بریندارکردن

وهەڵبژاردن لەنێو پیاواندا و تەمیز لەنێوسەرۆکاندا و بەدەرخستنی ناتەواوی ئەمیرەکان پەیدا دەبێت... خەڵکی شام بیرکۆڵن وکوێرانە تەقلید دەکەن، تائێستاش خەڵکی عێراق بەوە وەسف دەکرێن کەگوێڕایەڵیان کەمەو یاخین لە دەستەڵاتداران). (٢٦)

(جاحیز)لەم قسەیەدا شتێکی نوێی نەهێناوە، ئەو دەڵێت:خەڵکی عێراق خاوەنی بیری تیژن وخەڵکی شامیش بیرکۆڵ وتەقلیدگەرن، ئەوبەم پەیڤەی کێشەکەی ئاڵۆزترکرد، لەوانەیە کەسێکی ناڕەزا بەوقسەیە پێی بڵێت: بۆچی خەڵکی عێراق بونە خاوەنی سەرنج وبیری‌تیژ و،خەڵکی شامیش بونەتە ئەهلی تەقلید؟

وادەردەکەوێت(جاحیز) هەوڵی داوە ئەم دیاردە کۆمەڵایەتیە لەسەر بنەمای سروشتی نێوان خەڵکی عێراق وخەڵکی شام بتوێژێتەوە. ئەم توێژینەوەو توانجە لەلایەن زانستی سۆسیۆلۆژی نوێوە دانی پێدانانرێت.

سروشتی مرۆڤ لەهەمووکات وشوێنێکدا هەریەک سروشتە... جیاوازی نێوانیان لە زۆربەی کاتدا دەگەڕێتەوە بۆجیاوازی لەپێکهاتەی ئەوکۆمەڵگەیەی کەتیایدا پێ دەگات.بەڕواڵەت ئەوهۆکارەی خەڵکی عێراقی‌کردوە بەئەهلی زیرەکی وبیرتیژی و، لەهەمان کاتدا کردوشیەتی بەئەهلی دوڕوویی، هەریەک هۆکارەوبەش نابێت، هەرکەس لەوکۆمەڵگەئیسلامیە بکۆڵێتەوە کەلەعێراقدا دروست بووە،دەبینێت زۆر جیاوازە لەوکۆمەڵگەیەی کەلەشامدا دروست بووە. هەردوو کۆمەڵگەکە لەخەڵکی دەشتەکی پێکهاتبوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوچینەبالایەی دەستەڵاتداربوون لە کۆمەڵگەی عێراقیدا جیاوازبوولەوچینەی دەستەڵاتداربوون لەکۆمەڵگەی شامدا. ئەوکەسانە پەنایان بردە بەرشام کەپێشتر ئەشرافی قورەیش ودەستەڵاتداری مەککەبوون. ئەمەویەکان وئەوانی تر، ئەوانەی لەسەردەمی نەفامیدا کاربەدەستی مەککەبوون.

بەڵام عێراق، جۆرێکی ترلەئەشرافەکان پەنایان بۆهێنا... زۆربەیان لەکۆچکردوو پشتیوانەکان بوون، ئەوانەی لەڕێگەی ئیسلام وجیهادکردن لەپێناویدا سەرکەوتن بەسەرپلە کۆمەڵایەتیەکاندا. (٢٧)

لەمەوە ڕوون دەبێتەوە، کەئەوبەها کۆمەڵایەتیانەی لەهەریەك لەودوو کۆمەڵگەیەدا باوبوون لێك نەدەچوون، لەعێراق ئاراستەکاری ووەعزی ئاینی بەهێزبوو. بەڵام بەهادەشتەکیەکان لەبری وەعزی ئاینی زاڵ بوو بەسەرخەڵکی شامدا. لەناخی خەڵکی شامدا ململانێی دەروونی سەری هەڵنەدا وەك لەناخی خەڵکی عێراقدا ڕوویدا... هۆزی(ئومەیە)لەشامدا بەگوێرەی بەهادەشتەکیەکان دەڕۆشتن بەڕێدا، هیچیان لەئیسلام نەدەزانی جگەلەسروتە وشتەڕواڵەتیەکان. بۆیە ئەوئەعرابانەی شوێنیان دەکەوتن، دڵنیابوون ولەناخی خۆیاندا هەستیان بەململانێ ودوو دڵی نەدەکرد، چونکە بەهاکۆنەکانیان لەکۆمەڵگەی تازەشیاندا هەر ڕێزلێگیراوبوو.

بەڵام لەعێراقدا مەسەلەکە پێچەوانەبوو. لەوێندەر ناکۆکی وکێشمەکێشمی نێوان بەهاکانی دەشتەکێتی وئیسلام لەوپەڕی توندوتیژیدابوو. بەهاکانی ئیسلام لە عێراقدا ڕوون وئاشکرابوون وئەدگارەکانیان بێ تەمومژبوو کاریگەری بەهێزیشیان هەبوو، چونکە بانگەشەکارانی ئەوبەهایانە لەوانەبوون کەجیهادیان لەخزمەتی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)داکردبوو وچەوساندنەوەیان لەگەڵیداچەشتبوو، لەکاتە سەختەکان وتەنگانەدا هاوڕێیەتیان کردبوو.

ئەوسەحابیانەی لەعێراقدا نیشتەجێ بوون جیاوازبوون لەوانەی لەشامدا نیشتەجێ بوون. ئەگەر هێڵێکی بەیانی دروست بکەین بۆئەندازەگیری ئەو ئاسۆرانەی سەحابیەکانی عێراق لەچاو ئەوانەی شامدا لەسەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لێبێت)چەشتویانە، جیاوازیەکی گەورە دەبینین!.

د. ئەحمەد ئەمین دەڵێت: ( ئیسلام یەك خەسڵەتی بەیەکسانی نەبڕی بەسەر عەرەبەکاندا، باشترین کەسانێك کەوتبنە ژێرکاریگەری ئیسلامەوە پێشینە یەکەمینەکانی کۆچکردوو پشتیوانەکان بوون، ئەوان ئاین گەشتوبوویە قوڵاییەکانی دەروونیان، دڵسۆزبوون بۆی وفەرمانەکانیان جێبەجێ دەکرد، وەڵ ئەوانەی ڕۆژی فەتح یان دوای ئەو ڕۆژە موسوڵمان بوون، بەردەوام بوون لەسەر کوفرو ملەجەڕێی خۆیان تاکودیتیان پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)ویاوەرانی سەرکەوتن، بۆیە هیچیان بۆنەمایەوە ئەوەنەبێت بێنە نێو ئیسلامەوە، هەرلەبەرئەوە ئاینی زۆربەیان لاوازبوو.(٢٨)

لەڕاستیدا ئەوناڕەحەتیەی موسوڵمانە یەکەمینەکان لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەری خوادا(درودی خوای لێبێت)چەشتیان جۆرێك بوولە(لەبێژنگ دان)ی کۆمەڵایەتی. لەسەرەتادا کەس ئاینی ئیسلامی وەرنەدەگرت ئەوانە نەبێت کەڕاستگۆبوون لە باوەڕهێنانیاندا...وەڵ لەدوای سەرکەفتنی ئیسلام رهەڵگیرانی چەوساندنەوەی ئاینی، خەڵك پۆل پۆل دەهاتنە نێوئیسلامەوە...زۆربەشیان بۆ هەل قۆستنەوەو بەدەست خستنی غەنیمەت ودەستکەوت موسوڵمان دەبون.

لەچارەگەشیی عێراق، یان لەبەدبەختی بور کەکۆمەڵێك لەرکەسانەی تێدا نیشتەجێ بوون کەبەرلەفەتح موسوڵمان ببون وجەنگابوون، هەربۆیە ئاراستەکاری ئاینی وهەستی ئیسلامی تێدا بەهێزبوو.

بەوجۆرە خەڵکی عێراق کەوتبوونە نێوان دووپاڵنەری پێچەوانەوە، پاڵنەری دەرونی دەشتەکی لەلایەك وپاڵنەری نوێی نەزعە ئیسلامیەکەش لەلایەکی ترەوە.

ئەودەمەی شەڕلەنێوان خەڵکی عێراق وشامدا لە( ڕوداوەکەی صفین)دا هەڵگیرسا، ئەم مەسەلەیە بەئاشکرا لەخەڵکی عێراقدا بەدەرکەوت...لەکاتێکدا خەڵکی شام گوێڕایەڵ بون وگوێیان بۆئەوە دەگرت کەمیرەکانیان پێیان دەگوتن وبەپیرۆزیان دەزانی، دەبینین خەڵکی عێراق لەپشێوی وپرسیارکردن ومقۆمقۆیەکی گەورەدا بوون.

ڕۆژێك پرسیارێ کرا لە(معاویە)لەمەڕ هۆکاری سەرکەوتنی بەسەر(عەلی)داو ئەویش بەم شێوەیە هۆکارەکەی بەپوختی ڕوونکردەوە:

یەکەم/ عەلی نهێنیەکانی خۆیی ئاشکرادەکرد، بەلام من نهێنیم دەشاردەوە.

دووەم/ئەولەنێو پیس ترین سەربازدابوو کەزۆرترین ئاکۆکییان لەنێواندا بوو.

سێیەم/ قوڕەیش منیان لەوزیاتر خۆش دەویست(٢٩).

لام وایەئەوسێ هۆکارەی کەیارمەتی معاویەیاندا تاکو بەسەرعەلیدا سەربکەوێت سێ ڕووی یەك فاکتەرن، ئەویش بریتیە لەوفاکتەرە کۆمەڵایەتیەی کەمێك لەبەردا لێی دواین.

چینی باڵا لەکۆمەڵگەی شامیدا پێکهاتبوون لەئەشرافەکانی سەردەمی نەفامی و جەهالەت. بەڵام لەکۆمەڵگەی عێراقدا هەمان چینی باڵاەخوێنەرانی قورئان و ئەوانە پێکهاتبوون کەخاوەنی پێشینەی چاك بوون وەکو(عەمماری کوڕی‌یاسر). (عەلی)ئەی دەتوانی وەکو(معاویە)نهێنییەکانی بشارێتەوە. شوێنکەوتوانی لەمەڕ هەموو شتێك پرسیاریان لێ دەکردو، لەسەر هەمووئەوکارانەی دەیکردن مشت و مڕیان لەگەڵدا دەکرد، لەبەرئەوە لەهەموو مەسەلە گەورەوگچکەکاندا لەگەڵیدا ناکۆك دەبون..وەلێ شوێن کەوتوانی(معاویە)بەجۆرێك لەگەڵیدا ڕێیان دەکردو گوێڕایەڵییان دەکرد وەك ئەوەی لەگەڵ شێخەکانیاندابن ولەڕۆژگارەکانی نەفامیدا بۆجەنگ بچن.

لێرەدا شیاوە بەم بۆنەیەوە ئاماژە بدەین بەوەی عەلی لەبەخشیندا یەکسانی لە نێوانی خەڵکدا پەیڕەودەکرد،دەقاودەق وەك پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)ی دەکرد..جیاوازی نەدەخستە نێوان کۆیلەوسەردارەوە..بەڵام معاویە بەگوێرەی پلەی کۆمەڵایەتی ونفوزی سیاسی کۆمەك وهاوکاری هەرکەسێکی دەکرد..ئەمەش هۆکارێکی دیکەی سەرکەوتنی بووبەسەر عەلیدا..(٣٠)

دەگێڕنەوە(خزیمە کوڕی سابتی ئەنصار)ی کەیەکێکە لەموسوڵمانە یەکەمینەکان لە(صفین)شوێنی عەلی کەوتبوو، بەڵام شەڕی نەدەکرد، بەڵکو هەرلەدوی (عەمماری کوڕی یاسر)دەچوو، هەرکەبیستی عەممار کوژراوە گوتی: ئێستاگومڕایەتی ئاشکرابوو، ئیدی دەستی کردبەشەڕ تاکو کوژرا.(٣١)

ئەم کابرا ئەنساریە نەی دەویست شەڕبکات تاکو دڵنیادەبێت لەولایەنەی هەقی لایە، بۆیەشوێنی عەممار دەکەوت، چونکە پێغەمبەری خوا(دروودی خوای لێبێت)بەعەمماری دەفەرموو:(ویحك یابن سمیە، تقتلك الفئە الباغیە)(٣٢) بۆیە کاتێك زانی خەڵکی شام عەمماریان کوشتووە، دڵنیابوولەوەی ئەوانە گروپە باغیەکەن.

هەروەها دەگێڕنەوە لەکاتێکدا خەڵکی شام کوژرانی عەمماریان بیست لەو سروشتە دۆگماوتەقلیدیەیان دەرچون وکەوتنە مقۆمقۆو پرسیارکردن، معاویە تەڕدەستانە پەخشنامەیەکی تێدا بڵاوکردنەوەو تیایدا گوتبووی(ئێمە نەمان

کوشتووە، بەڵکونەوانە کوشتویانە کەهێنایان بۆشەڕ)بەمەش خەڵکی شام بێ دەنگ بونەوەوچونەوە نێو قاڵبە کلاسیکیەکەیان.
هەروەهادەگێڕنەوە جارێکیان کابرایەکی خەڵکی عێراق گومانی بۆدروست دەبێت لە(صفین)داکە دەبینێت خەڵکی شامیش نوێژدەکەن وقورئان دەخوێنن ودان دەنێن بەپێغەمبەرایەتی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)دا، بۆ ئەم مەبەستە چووە لای عەمماری کوڕی یاسروپرسیاری لێکرد..عەممار بەشێوەیەکی ئاوا وەڵامی دایەوە:
سوپاکەی معاویە جیاوازی نیە لەسوپاکەی ئەبوسوفیانی باوکی کەپێشتر پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)لەگەڵیدا جەنگاوە، عەممار یش ئەمڕۆ لەسەر هەمان بنەما لەگەڵیاندا دەجەنگێت کەپێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)لەسەری جەنگاوە لەگەڵ هاوبەش پەرستاندا..بەوەش پیاوەکە دڵنیابوو گەڕایەوە ڕیزەکەی خۆی.(٣٣)
هەموو ئەم ڕووداوانە پێکڤە بەڵگەن لەسەرئەوەی خەڵکی عێراق بەسەر ململانێیەکی دەرونی زۆرەوە دەیان ناڵاند..واش دەردەکەوێت عەرەب هەموویان بەپلەی جیاجیا لەوماوەیەدا بەدەست ململانێی دەرونیەوە ناڵاندویانە، بەڵام خەڵکی عێراق لەسەرجەم عەرەبەکان پتر ململانێی دەرونیان هەبووە.

* * *

ئەوشارانەی عەرەبەکان لەسەرەتای ئیسلامدا دروستیان کردن، وەك(پرۆفیسۆر رجب)ئاماژەی پێ دەکات، ببونە جێگەی نیشتەجێ بوونی دووجۆرە خەڵك: فەتحکاران کەهەڵگری شمشێربوون و، ئامۆژگاری کەرانیش کەهەڵگری قورئان بوون(٣٤).
زۆرجار تاکی عەرەبی لەوکاتەدا هەڵدەستا بەگێڕانی هەردوو ڕۆڵەکە لەیەك کاتدا..لەلایەکەوە جەنگاوەرێکی فەتحکارو لەلایەکی ترەوە قورئان خوێنێکی لە خواترس بوو..ئەم مەسەلەیەش لەماوەیەکدا ئاسانە بگونجێت، بەڵام هێندە ئابات درەنگ بێت یان زوودەتەقێتەوە.

سروشتی جەنگ زۆرجاران ناتاجیدەبێت بەخەسڵەتیدوور لەڕۆحی پارێزکاری و دینداری، جەنگ پێویستی بەتوندوتیژی ودڵڕەقی ونیرهاب هەیە، ئەم خەسڵەتانەش دەبنە هۆی تالان وبڕۆ وکوشت وکوشتارو کۆیلەکردنی خەڵك.
مرۆڤی ئایندارگەرببێتە جەنگاوەر، ئەوا ڕۆژێك هەردێت لەسروشتی دینداریەکەی دەربچێت وخۆی بدات بەدەم تەوژمی تالان وبڕۆو شەڕوشۆڕەوە، ئەمانەش بەرەنجامی سروشتی شەڕوشۆڕن.
ئەمە گرفتێکی دەرونی وکۆمەلایەتی گەورەیە..موسوڵمانان زۆریان بەدەستیەوە ناڵاندووە، خەڵکی عێراق پشکێکی زۆریان لێی بەرکەوت.
دواتر(حەججاج)هاتە ناوخەڵکی عێراق وئەم قیرەوهاوارەمێژوییەیکرد بەسەریاندا کەتیایدا دەڵێت:ئەی خەڵکی عێراق..ئەی ئەهلی بەدبەختی ونیفاق....!!
ئەم هاوارە دەماودەم کەوت لەناوخەڵکداو وەچە لەدوای وەچە دەکەوتنە ژێر کاریگەری ئەووەسفەوە.
لێرەدا شیاوە یادی خوێنەر بخەینەوە کەئەم نیفاقەی(حەجاج)وەسفی خەڵکی عێراقی پێ دەکات لەوجۆرەی(دووڕوویی)نیە کەئاسایی ئێمە لێی حاڵی بوین... بەڵکو مەبەست ململانێیەکی دەرونیە کەئیزدیواج دەخولقێنێت لەپێکهاتنی کەسایەتیدا.
خەڵکی عێراق نەیاندەزانی ناچونیەکی وناکۆکی لەناخی خۆیاندا دروست دەکەن، لەکاتێکدا شتێك دەڵێن ونایکەن بەکردەوە..نەریتە هۆزایەتیەکانیان وای دەخواست خاوەنی کیبریاودەمارگیری بن...ئەوان لەکاتێکدا وڵاتانیان بەناوی ئیسلامەوە فەتح کرد،دەشتەکی بون وزۆرجار لەپێناوی شانازی ودەستکەوتدا دەجەنگان..کەچی بەهۆی ئەم فەتحەوە بەلاوموسیبەتیان توش بوو..لەدیدی تەقوادارانەوە ئەم فەتحە فەتحێکی دینی بوو، بەرپێیە دەبواسەرمەشقی بەزەیی و دادپەروەری ویەکسانی بوبان، وەلێ ئەوان فەتحیان کردوتیوەگلان.
سەرکەوتن بەسەرنەتەوەکاندا، بەم سەرکەوتنەش غەڕابوون و وایان لێهات شانازیان دەکردوبەهەمان شێوازی خەڵکەدەشتەکیەکان ڕکابەرییان دەکرد..

بەڵام پارێزکاران بەئاسانی وازیان لێ نەدەهێنان، بەڵکو بەدوایاندا ڕایان دەکردو قورئانیان بەسەردەستەوە هەڵگرتبوو.

گرفتی گەورە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەم نەریتانە لەقوڵاییەکانی ئاوەزی ناوەوەی مرۆڤداچێنراون..لەبەرئەوە مرۆڤ دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەونەریتانەوە بەشێوەیەکی خۆنەویست دەکەوێتە بەرتەوژمەکانی، بیرکردنەوەو لۆژیك و ویست کۆنترۆڵیان نامێنێت بەسەرمرۆڤدا لەبەرامبەر تەوژمی نەریتەدێرینەکاندا.

مرۆڤ کاتێك گوێی لەئامۆژگاریکەردەبێت داوای پێچەوانە بەنەریتەکانی لێ دەکات، لەسەرەتادا دوچاری ململانێی‌دەرونی دەبێت، ئەم ململانێیە هێندە نابات لادەچێت، لەم حاڵەتەدا مرۆڤ دەبێتە دووبەشەوە:بەشێکی بۆئامۆژگاری ونموونە باڵاکان بەشێکی دیکەشی بۆکاروبارەکانی ژیان.

لەوانەیە بەهەڵەدا نەچووبین ئەگەر بڵێین موسوڵمانان، بەشێوەیەکی گشتی، لەسەردەمی ئەمەویەکاندا بەقۆناغی ململانێی دەرونیدا گوزەریان کردووە. لەبەرئەوەی ئەوسەردەمە پڕ بوولەشۆڕش وئاژاوەوجۆرەها ناکۆکی کۆمەڵایەتی.. ئەمەویەکان پاڵیان بەخەڵکەوەدەنا بۆفەتحکردن،خەڵکیان پێوەسەرقاڵ دەکرد.هیچ کات فەتحێك ساردنەدەبویەوە لەولاتر شۆڕشێك سەری هەڵدەدا، ئەم شۆڕشەش کپ نەدەبویەوە تاکوبەشی خۆی لەگیان وسامان لوش نەدایە.

مێژوونامازە دەدا بەوەی سەردەمی عەبباسیەکان سەردەمی هێمنیەکی ڕێژەیی بوو... ئەم سەردەمە سەردەمی نیزیواجی کەسێتی بوو..هێدی هێدی ململانێی دەرونی تیادا دەکوژایەوەودەرونەکان پەنایان دەبردەبەر دووجەمسەرێتی بۆوەی بحەوێنەوە لەوهەموو ناڕەحەتیە دوورو درێژەی لەڕابردوودا دووچاری ببوو.

لەبەشی‌داهاتوودا دەبینین چۆن دووجەمسەرێتی بەگشتی لەدەرونی تاکی موسوڵمانداوبەتایبەتی لەدەرونی تاکی عێراقیدا سەقامگیربوو.

# ژێدەر وپەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١)بنوارە:عباس العقاد،ابو الشهداء، ل ١٧٦.

٢)بۆنمونە بڕوانە:horney,laner confict

٣)گومان لەوەدانیە،کۆمەڵگە مۆدێرنەکانیش بەهۆی ئەوجۆرە چارەسەرکردنەی مەسەلەی ژنەوە دووچاری دەردی تری کۆمەڵایەتی بوون، وەك ئەوەی ئەخۆشی یەك چارەسەری نەبێت بەنەخۆشیەکی ترنەبێت، بەڵام دواتر بۆچونەکە لەسەرئەوە سەقامگیربوو کەهەرجۆرە نەخۆشینێك باشترە لەململانێی دەرونی.

٤)بنوارە: murphy, personality

٥)بنوارە: احمد امين، فجر الاسلام، الباب الثاني، الفصل الاول.

٦)بنوارە:عەلی الوردی، شخصية الفرد العراقي،ل ٣٩ودواتر.

٧)خوێنەر لەپەرتوکی داهاتومان " العرب وقيم البداوة"دا، درێژەی زیاتر دەبینێت سەبارەت بەسروشتی عەرەب بەگشتی وعێراقیەکان بەتایبەتی.

٨) هۆنراوەکە پێنج بەیتە، بەڵام بەندە پێم وابوو ئەم بەیتە هەموو مانا و مەبەستەکە لەخۆدەگرێت وکومسایی دەدات. وەرگێڕ.

٩) بنوارە: .hitt,history of the arabs,p89

١٠) لەپەرتوکی ئایندەماندا باس لەوڕاپەڕینە کۆمەڵایەتیە دەکەین.

١١) بنوارە: عباس العقاد، عبقريةالأمام، ل ٧٢-٧٣.

١٢) بنوارە: الجاحظ، البيان والتبين، ج٢، ل٢٤٧- ٢٤٨.

١٣) .gilman, the saracens,p366

١٤) ...khaduri, the law of war ...p34

١٥) بنوارە: تەها حسەین، الفتنه الكبرى، ج٢، ل ٢٠٤ – ٢٠٥.

١٦) بنوارە:.wellausen , arab kingdom…p41-42

١٧) بنوارە: سيد قطب، العدالة الأجتماعية في الأسلام، ل١٩١.

١٨) بنواره: هسپ، ل ١٩٠-١٩١.
١٩) بنواره: تەها حسەین، هسپ، ج١، ل١٦٨.
٢٠) بنواره:عمر ابو نصر، عثمان بن عفان، ل ١٨٦.
٢١) بنواره: عباس العقاد، هسپ، ل٧٢-٧٦.
٢٢) بنواره: محەمەد عبده، نهج البلاغه، ج٣، ل ١٨٠.
٢٣) بنواره:ابن الأثير، الكامل، ج٥، ل ٣٤.
٢٤) بنواره: جرجي زيدان، التمدن الأسلامي، ج٤، ل٨٣.
٢٥) بنواره: الجاحظ، هسپ، ج٢، ل٢٤٧.
٢٦) بنواره: هسپ، ل٩٤.
٢٧) دەڵێن ژمارەی ئەوسەحابیانەی چونە كوفە(١٤٨)كەس بوون، ژمارەی تابیعینیش(٨٥٠)كەس بوون. بنواره:طبقات ابن سعد، بەشی شەشەم.
٢٨) بنواره: ئەحمەد ئەمین، فجر الأسلام، ل٨٢.
٢٩) بنواره: الجاحظ، هسپ.
٣٠) بنواره: ئەحمەد ئەمین، ضحى الأسلام، ج١، ل٢٣-٢٤.
٣١) بنواره: تەها حسەین، هسپ، ج١، ل٨٤.
٣٢) دەگێڕنەوە "زوبێر" كە زانیویەتی لەشەڕی"جمل"دا عەممار لەگەڵ عەلیدایە، ترساوەو لەوشەڕكردنە سڵەماوەتەوە. بنواره: هسپ، ل٨٤.
٣٣) بنواره: عبدالحميد السحار، أهل البيت، ل ١٦٧.
٣٤) بنواره:.gibb, mohammedanism,p.5

# بەشی دووەم
## ئامۆژگاری وئیزدیواجی کەسێتی

لەبەشی پێشودا باسمان لەوەکرد کەزۆربەی موسوڵمانان ونەخاسمەخەڵکی عێراق لەسەردەمی ئەمەویەکاندا گیرۆدەی ململانێی دەرونی بوون.. ژیانی کردەییان لە ژێرکاریگەری بەهادەشتەکیەکانداو ژیانیفیکریشیان لەژێر کاریگەری ئاراستە کاریەکانی ئیسلامدابوو،بۆیە لەناخی خۆیاندا هەستیان بەناکۆکیدەکرد لەنێوان ئەوەی دەیانگوت وئەوانەی دەیانکرد.

شۆڕشەیەك لەدوای یەکەکان لەوسەردەمەدا بریتیبوون لەڕواڵەتی دەرەکی ئەو ناکۆکی ودژایەتییەی لەناخی خەڵکدا پەنگی دەخواردەوە.

لەم ڕووەوە ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کەئەمەویەکان خاوەنی ئەزعەیەکی بێ پێچ وپەناو ڕاشکراوانەی دەشتەکێتی بوون، گوێیان نەدەدا بەقسەی شەرعناسەکان وئەهلی ئایینداری.. هەمووگرنگی پێدانێکیان چڕببویەوە لەسەر پشت ئەستورکردنی دەستەڵاتیان لەڕێگەی نوکی شمشێرەوە لەسەرهەمان ڕێگەی دەشتەکییە کۆنەکان.(١)

لەسەردەمی ئەمەویەکاندا کەلێنێکی بەرچاوکەوتە نێوان ئاین ودەوڵەتەوە، دەوڵەت پایەکانی لەشامدا سەقامگیرببوو،شمشێری هۆزەعەرەبییەکان پشتگیری دەکرد، ئەمەلەکاتێکدا هەڵگرانی ئاین وفیقە وفەرمودەکان، بانگەوازوئایدیاکەیان لەڕیزی جوتیاروپیشەوەراندا بڵاودەکردەوەو، ئاین ردەوڵەتیش بەوشێوەیە لەسەر دوورەوتی پێچەوانە ڕێیان دەکرد.(٢)

ئەم دۆخەناکۆکە"وەکو وتمان" لەلایەکەوە بوویە هۆی ململانێیەکی دەروونی، لەلایەکی دیکەشەوە دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە.

دۆخەکە شێرێو وئاڵۆزبوو، نەدەگونجا بەوشێوە درێژە بکێشێت، پێویست بوو زووبێت یان درەنگ بەچارەسەرێك کۆتایی بێت. چارەسەرەکەش لەسەردەمی عەباسیەکاندا هاتە گۆڕێ.

***

کەعەباسییەکان هاتنە سەرحوکم، پروپاگەندەی ئەوەیان دەکردگوایە دەیانەوێت ئەوسوننەتە زیندوبکەنەوەکە(هۆزی ئومەییە)مراندویانەو، ئەولاریانە ڕاست دەکەنەوە کە کەوتۆتە نێودینەوە.(٣)
بەدەربڕینێکی تر:دەیانویست ئەوکەلێنە پڕبکەنەوە کەلەسەردەمی ئەمەویەکاندا کەوتبووە نێوان دین ودەوڵەتەوە...ئەمەش شتێکی ئەستەم بوو.ئاین ودەوڵەت لە دووسروشتی جیاوازن، ناکرێت بەتەواوی پێکەوە بگونجێن.(٤)
دەوڵەت لەسەر بنەمای چەوساندنەوەوخۆسەپاندن و...هتددادەمەزرێت، لەکاتێکدا ئاین لەسەربناغەی بەزەیی ودادپەروەری ویەکسانی دادەمەزرێت.لەوانەیە لە هەندێک کاتی دەگمەندا ئاین ودەوڵەت پێکەوە هەڵبکەن، وەلێ ئەم پێکەوە گونجانە کاتیەوهێندە ئابات نامێنێت.
کۆکردنەوەی ئاین ودەوڵەت لەیەک دەزگادا، وەک کۆکردنەوەی ئاو وئاگروایە پێکەوە...عەباسیەکان هەوڵیاندا ئاین ودەوڵەت پێکەوە بگونجێن. بەلام بەڕواڵەت نەبێت ئیدی سەرنەکەوتن...ئەوان شارەزایانی شەرع وفەرمودەناسانیان لەدەوری خۆیان کۆکردەوەو پاداشت وخێروبێریان بەسەردا ڕژاندن وملکەچییان بۆنیشان دەدان وگوێیان بۆئامۆژگاریەکانیان ڕادەدێرا.
لەڕاستیدا نەیانتوانی پترلەمەبکەن، لەژیانی کردەییاندا وەک هەرپادشایەکی تر لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخە سەپێنراوەکاندا هەنگاویان هەڵدەگرت.
پرۆفیسۆر(فیلیب حتی)سەبارەت بەدروست بوونی دەوڵەتی عەباسی دەڵێت:(لە ڕاستیدا گۆڕانکاری ئاینی ڕواڵەتی بوو پترلەوەی ڕاستەقینە بێت...خەلیفەی بەغدادی بەپێچەوانەی خەلیفەی شامیەوە خۆی بەرپارێزکار نیشان دەداو پروپاگەندەی دینداری دەکرد...بەلام لەگەڵ ئەوەشدا وەکوخەلیفە شامیەکەی پێشوی خاوەنی ڕەوتێکی دنیایی بوو.(٥)
خەلیفەی ئەمەوی دەشتەکیەکی ئاشکرابوو، هەرچی بویستایە دەیکرد مادەم هێز لەدەستیدابوو، لەمەدا بەسەر ئەو ڕێڕەوەی بیاباندا دەڕۆیشت کەدەڵێت:حەلاڵ ئەوەیە بەدەست حەلاڵ بکرێت وهەقیش بەسەر نوکی شمشێرەوەیە...لەبەرئەوە دیتمان وازیان لەئەهلی ئاین وپارێزکاری هێنابوو.

بەڵام خەلیفەی عەباسی پەیڕەوی ئیزدیواجیەتی دەکرد، هەرگاکاتی ئامۆژگاری و مەوعیزە دەهات دەگریا، لەکاتی سیاسەت کردنیشدا لەسنور دەردەچوو وستەمی دەکرد...ئەولەکاتی مەوعیزەدا لەوخەڵکانەبوو کەزۆرملکەچ وبەخشوع وپاك و دنیانەویستن، بەڵام لەکاتێکدا لەدیوان دادەنیشت ولەکاروباری خەراج ودەست نیشانکردنی والی وکرینی کەنیزەکی دەڕوانی، هیچ جیاوازیەکی نەبوو لەجالوت و نرون !!.

بەنموونەو پەند دەگێرنەوە کابرایەك گورگێك دەگرێت وئامۆژگاری دەکات و دەڵێت:(دەخیلت بم پەزی خەڵکی مەبە، باسزانەدرێت)گورگەکە دەڵێت:بەکورتی بیبڕەوە براکەم، ڕانە مەڕێك لەوێدایە دەترسم لەدەستم دەربچێت).

ئەم مەسەلەیە لەسەرکەسێك دەهێنرێتەوە کەئامۆژگاری کەسێك بکات بە پێچەوانەی سروشتی زگماکی ئەوکەسەوە..گورگ لەسەرخواردنی پەز دروست کراوە، بەدەرلەوە ڕێگەیەکی ترشك نابات چونکە گەر(بەڵێ)بکات بۆ ئامۆژگارییە کەو، دەست هەڵبگرێت لەخواردنی مەڕ، لەبرساندا دەمرێت.بۆیە ناچارەگوێ بگرێت بۆئامۆژگاریەکەی و وادەربخات ڕێزی لێ دەگرێت، مادەم ئەو گوێگرتنە نەبێتە بەربەست لەبەردەم پرۆژەکانی لەخواردنی گۆشتی مەڕدا...

هەرکەلەدوورەوە ڕانەپەزێك بەدی دەکات ئاوڕدەداتەوە بەلای کابرای ئامۆژگاری کەرداو داوای لێدەکات ئامۆژگارییەکەی لەکورتی بېڕێنێتەوە، بۆئەوەی نێچیرەکەی لەدەست نەچێت ولەدوایشدا چارەنووسی خۆی دەداتە دەستی خوا!!.

ئیزدیواجیەت ودووسەرگیری زۆر گرنگە لەم جۆرە حاڵەتانەدا. پێویستە کەسێتی مرۆڤ ببێتە دووبەشەوە:بەشێکیان تەرخان بکرێت بۆبیستنی ئامۆژگاری... بەشەکەی تریشی سەربەست بێت بۆڕاکردن بەدوی ئامانجەکانی ژیانیدا.

پرۆفیسۆر(متز) دەڵێت:(ئەریتی زۆربەی پیاوە گەورەکان وابوو کەیەکێکیان واعیزێکی بەناوبانگی بانگ دەکردو پێی دەگوت ئامۆژگاریم بکەو بمترسێنە! زۆر جاریش گوێ بیستی قسەی وادەبوون لەو ئامۆژگاریکەرانەوە کەحەزیان پێی نەبوە وچاوەڕوانی قسەی وارەقیشیان نەکردووە(٦).

پیاوەگەورەکان گوێ نادەن بەوقسەڕەقانەی لەواعیزەکانی دەیبیستن مادەم ئەو قسەڕەقانە قەدەغەی خواردنی مەڕیان لێنەکات.وەلێ هەرئەوەندەی کابرای واعیز بەرگری لەڕانە مەڕێك بکات یان قەدەغەی فڕاندنیان بکات، ئەودەم لەناکاو وازلە خشوعە باوەکەیان دێنن.

دەگێڕنەوە(هارونە ڕەشید)لەم جۆرەپیاوانە بوو.خاوەنی(الاغانی)دەڵێت:(لەکاتی مەوعیزەدا ڕەشید لەوکەسانەبوو کەبەلێزمە ئەسرین دەڕێژن، لەکاتی توڕەیشدا لە خەڵکە زۆردڵڕەقەکان بوو).

هەرسەبارەت بە(هارون)دکتۆر ئەحمەدئەمین دەڵێت:( هارون لەڕۆژێکدا سەدڕکات نوێژی دەکرد، کەچی لەپێناوی شتێکیشدا خوێنی دەڕێژا کەشیاوی خوێن ڕشتن نەبوو(٧).

جارێکیان هارون (ئیبنولسەماکی) واعیزی بەناوبانگی بانگ کرد، هەرکەهاتە ژوورەوە پێی گوت: ئامۆژگاریم بکە..گوتی:ئەی ئەمیری بڕواداران لەخوابترسەو پارێزکاربە، خودا هاوبەشی نیە، بزانە سبەینێ تۆلەبەردەستی پەروەردگارتدا دەوەستیت، ئینجا بەڕێ دەکرێیت بۆدووجێگە کە سێ یەمینیان نیە، یان بەهەشت یان ئاگر) هارون بەمەگریا تاکوڕیشی بەئەسرینی چاوی تەڕبوو..

(فەزڵی کوڕی ڕەبیع)ئاوڕی دایەوە بەلای کابرای ئامۆژگاریکەرداوگوتی:پاك وبێ گەردی بۆخوا..ئایاتۆگومانت لەوەهەیە کەئینشائەڵڵاگەورەی بڕواداران بۆ بەهەشت دەنێردرێت، چونکە هەقی خودای داوەوداپەروەری لەنێوبەندەکانی خوادا بەرپاکردووە؟

ئیبنولسەماك ئاوڕی دایەوە بەلای ڕەشیداوگوتی: ئەم کابرایە لەوڕۆژەدا ئەلەگەڵ تۆدایەو ئەلای تۆیە..بۆیە لەخوابترسەوبۆخۆت بڕوانە.بەمەش ڕەشیدگریانێکی بە کوڵی کرد تائەوڕادەیەی ئامادەبوان بەزەیی یان پێیداهاتەوە(٨)...

ڕۆژێکی تر(هارون)خۆی هات بۆماڵی واعیزێکی تربەناوی (فەزیل کوڕی عیاز)... واعیزەکە دەستی کردبەترساندن وسڵەمانەوەی لەسزای خوا...هارون بەبیستنی ئەوئامۆژگاریانە هێندەگریا تاکولەهۆش خۆی چوو.هەرکەهاتەوە هۆش بە واعیزەکەی گوت:زیاتر ئامۆژگاریم بکە، ئەویش ئامۆژگاری پتری کرد،ڕەشید

دووباره بورایەوە...بۆسێیەمجار هاتەوەهۆش خۆی گوتی:ئامۆژگاریم بکە... دیسانەوە ئامۆژگاری کردەوەو هارون بورایەوە...ڕەشید ئەم جارە بێ ئەوەی ببورێتەوە گریاو بەواعیزەکەی گوت: ئەمە هەزاردینارە ببیە بۆمنداڵەکانت...(٩)

ڕەشید بەم کردەوەیەی نمونەیەکی بەرجەستەی ئیزدیواجی پێشکەش کردین، ئەوەندەی بەسەکەلەترسی خوابگری وببورێتەوە، دواتر گوێ نادات بەوەی هەرچی ویست بیکات.ڕەشید دووهەزار کەنیزەکی هەبوو، سێ سەد لەو کەنیزەکانەی تەرخانکردبوو بۆگۆرانی گوتن ومۆسیقاژەندن...دەگێڕنەوە ڕۆژێک گۆرانی گوتوەو بەدەم گۆرانی گوتنەکەیەوە شەش ملیۆن درهەمی بەخشیوەتەوە بەسەر ئامادەبواندا...ڕۆژێکی تر کابرایەک گۆرانی بۆدەگوت لەدوای گۆرانی گوتنەکە، هارون کابرای گۆرانی بێژی کردەوالی میسر(١٠)...لەوانەیە خەڵکی میسر بەهاتنی ئەم والیە دەستیان بەگۆرانی گوتن کردبێت.

ڕەشید کەنیزەکێکی کڕی بەسەد هەزاردینار، ئینجا یەکێکی تریشی کڕی بەسی و شەش هەزاردینار، وەڵێ ئەم کەنیزەکەیان تەنها شەوێک لەلای مایەوەودواتر بە دیاری دای بەیەکێك لەهاوەڵەکانی، تەنهاخودا خۆی دەزانێت هۆی ئەوە چ بوو. هەموو ئەم برە پارانە، ڕەشید لەماڵ وسامانی موسوڵمانان دەیبرد، مەنسوری باپیری هارون لەکاتێکدا بوە خەلیفە هیچی شك نەدەبرد، ڕەشید ئەم پارانەی لە ئارەقی نێوچاوی جوتیارو زەحمەتکێشان دەبرد...دوای ئەوەش گوێی نەدەدا بەوەی بڕوات بۆلای واعیزەکان وگوێیان بۆبگرێت ولەبەردەستیاندا بگری... مادامێك کابرای واعیزبەوەندە دەست هەڵدەگرێت...بەڵام ئەگەربابای واعیزلەم کەوشەنەی دەرچوو، هارونی لەسزای خەڵکی ترساند، ئیدی بەوەدەبێتە مەترسی...یان زندیق... ڕق وتوڕەیی خوداسوك ترەلای ڕەشید لەڕق وتوڕەیی خەڵك... خودا هەرچۆن بێت بەخشندەو بەبەزەییە.

* * *

معاویەخەریکی دروستکردنی کۆشکە سەوزەکەی بوو، ئەبوزەڕ بەلایدا تێ پەڕی، ئەبوزەڕ سەحابیەکی ناسراوی پێغەمبەری خودایە(دروودی خوای لێبێت)...لە

بریتی ئەوەی پیرۆزبایی ئەم خانوە نوێیە لەمعاویە بکات وئنزای مانەوەی دووڕو درێژی لەوخانوەدا بۆبکات، بەڕوی معاویەدا قیراندی وگوتی:ئەمەت لەکوێ بوو؟ ئینجا ئەبوزەڕ بەم تەرزە پرسیاری کرد لەمعاویە: ئەگەر بەسامانی موسوڵمانان دروستت کردبێت، ناپاکی وخیانەتت کردوە. ئەگەر بەسامانی خۆشت دروستت کردبێت ئەوەلەسنور دەرچون وزیادەڕەویت کردووە(١١).

ئەبوزەڕ نارەزابوو کاتێك بینی معاویە خانویەك بۆخۆی دروست دەکات،ئەمەی بە زیادەڕەوی یان ناپاکی دایەقەلەم...من نازانم(ئەبوزەڕ)هەڵوێستیچیدەبوو ئەگەر هارونە ڕەشیدی بەوشێوە ببینیایە کەلەمێژوودا بوەتە نمونەی پیاوانی دەست بڵاوو لەسنوردەرچووگ؟...لەوانەیە لەهۆشی خۆی بچوایە.

دەگێڕنەوە جارێك عومەری کوڕی خەتاب(خوالێی ڕازی بێت)دەچێتە خزمەتی پێغەمبەری خودا(دروودی خوای لێبێت)دەبینێت تەشریفی پیرۆزی لەسەر حەسیرێکی ڕەق هەڵاژیاگە، حەسیرە ڕەقەکە شوێنەواری بەسەرلەشیەوە دانابوو... عومەردەستی کردبەگریان وفەرموی:ئەی پێغەمبەری خواتایا نوێنێکی نەرم ونۆڵ ناخەیتە ژێرت؟حەزرەتی پێغەمبەری ئەکرەم(دروودی خوای لێبێت)لەوەڵامدا فەرمووی:(چیە ئەی عومەر...ئایاپێت وایە ئەمەکیسراییە؟ئەمە پێغەمبەرایەتیە نەك پادشایەتی).(١٢)

هەرپێغەمبەری خوادەفەرمێت:(اذاذهب كسرا فلاكسروية بعده واذا ذهب قيصر فلا قيصرية بعدة...واقد اظلكم من الله خيرجديد...نبوة ورحمة)(١٣) ئیدی نازانم پێغەمبەری خودا(دروودی خوای لێبێت)پێی وابوو کەکیسرا ڕوخا ئیدی سیستەمێکی دیکەی کیسرایی سەرهەڵناداتەوە...پێغەمبەری خودا(دروودی خوای لێبێت)خەباتی کردوتێکۆشاو ئازاردرا بەجۆرێك هیچکام لەپێغەمبەران و پیاوچاکان وەك ئەو ئازارنەدران...هەموو ئەوسزاو ناڕەحەتیانەی لەپێناوی ئەوەدا چەشت کەسیستەمی کیسرایی ستەمکار بمرێنێت وسیستەمێکی دادپەروەری بە بەزەیی لەجێگەکەیدا دابنێت.

کەچی ڕۆژگاردەڕوات وخەلیفەکانی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)بەتەواوی شانازی وکردارەکانی کیسراو قەیسەر دووبارە دەکەنەوە...بەڵکو لەبەرهەمی زیرەکی وبلیمەتی خۆشیان شتی زیاتریان خستەسەرکردارەکانی کیسرا.(١٤)
(ئیبن عەلەقە) دەڵێت:چومە خزمەتی حەزرەتی عەلی(خوالێی ڕازی بێت) ماستێکی ترش لەبەردەستی دانرابو دەیخوارد، ترشیەکەی ئازاری دام... گوتم: ئەیگەورەی بڕواداران، ئایا خواردنی وەك ئەمە دەخۆیت؟ فەرموی: ئەی (باوکی جنوب)! پێغەمبەری خودا(درودی خوای لێبێت)لەم خواردنە وشك تری دەخواردو لەم پۆشاکەش زبرتری دەپۆشی- ئاماژەی کرد بۆ پۆشاکەکەی- ئەگەر وەکو ئەو نەکەم دەترسم نەگەمەوە پێی(١٥).

* * *

ڕۆژێکیان یەکێك لەتوێژەرە ڕۆژئاواییەکان پێی گوتم: بۆچی ئاینەکەتان یاسای جەنگی داناوەو جیهادی لەسەر فەرزکردون، چ هۆکارێك وای لێکردون فەتحی وڵاتان بەنوکی شمشێرەکەن وخوێن بڕێژن؟ پاشان مەبەستەکەیی بەم شێوەیە ڕون کردوە: ئێوە هیچتان نەکردوە جگە لەوەی ئیمپراتۆریەتێکتان ڕوخاندو یەکێکی ترتان لەجێگەکەیدا دانا، کیسراتان ڕوخاند بۆئەوەی کیسرایەکی ترلەجێگەکەیدا دابنێن. ئەمەی گوت ومنی بەجێ هێلاو بەسەرسامیەوە هەر بیرم دەکردەوە.
ئەمە ڕاستیەکە کەهیچ مشتومڕی تێدانیە...(گەورەی بڕواداران)جیاوازی نەبوو لەگەڵ(گەورەی کافران)دا تەنها لەکۆمەڵێك دیاردەی ڕواڵەتیدا نەبێت، وەکو: سروتەی ئاینی وزۆری گریان وهات وهاوار... دەبینرا ساڵێك حەجی دەکردو ساڵێك غەزای دەکرد.
هەموونەمانە شتی ڕواڵەتین وتوخنی جەوهەری بویەرناکەون، باجگران هەر باجگرن ودەست وپێوەندەکان هەرهەمان دەست وپێوەندن، سروشتی ئەوانە گۆڕانی بەسەردانایەت.
خەلیفە خودای دەپەرست وتالآن وبڕۆی بەندەکانی خوای دەکرد... (ئەبویوسف)ی قازی بەغداد لەسەردەمی (هارونە ڕەشید)دا لەمەڕ باجگران

دەڵێت:(بیستومە ئەهلی خەراج لەبەرخۆردا دادەنیشێنن وبەتوندی لێیان دەدەن و دەیان بەستنەوە بەجۆرێك رێی نوێژیان لێ دەگرێت، ئەمەش لای خوا گەورەیەو قێزەونە لەئیسلامدا).(١٦)

هەر(ئەبویوسف) سەبارەت باجگران دەڵێت:(بیستومە لەدامێنی سەرکار یان والیدا کۆمەڵێك هەیە، هەندێکیان خزم وکەس وکاری ئەون، پاك و چاك نین، پشتیان پێ دەبەستێت بۆراپەراندنی کارەکانی، ئەوەی پێیان دەسپێردرێت بیپارێزن ئەوان نایپارێزن، بەئینساف نین لەگەڵ ئەوانەدا کەهەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن تەنها مەزەبیان بردنی شتە، ئیدی ئەوشتە باج بێت یان ماڵ وسامانی خەڵکی ڕەش و ڕووت ورەعیەت...پاشان بیستومە ئەو باجە بەستەم ودەستدرێژی کردنە سەر خەڵکی دەبەن...والی کە دادەبەزێتە گوندێك، خەڵکی ئەو لادێیە دووچاری بارێك دەبن کەلەتوانایاندا نیەو پێویست نیە لەسەریان...پاشان پیاوێك لەوپیاوانە دەنێرێت کەباسم بۆکردیت بۆلای پیاوێك کەخەراجی لەسەرە...ئەگەر باجەکەی نەداتێ لێی دەدات ودەست درێژی دەکاتە سەری ).(١٧)

گرفت لەوەدایە ئەوسامانەی بەوشێوەیە کۆدەکرایەوە، دەبرا بۆ خەلیفە، تاکو بەو پارەیە کەنیزەك بکڕێت ونازو نیعمەت برژێت بەسەر دەست وپێوەندەکانیدا.

دەگێڕنەوە گۆرانی بێژێك بەچەند کۆپلەیەکی هەڵبەستەکانی(نواسی)گۆرانی بۆ (ئەمین)دەگوت وبەباڵای مێردمنداڵاندا هەڵیدەدا، ئەمین هێندی پێخۆش بوو لە شوێنی دانیشتنەکەی هەڵقونی وبازی دایە سەرگۆرانی بێژەکەودەستی کردبە ماچکردنی سەری...فەرمانیشیدا خەڵاتێکی بدەنێ...گۆرانی بێژەکە بە سەرسوڕمانەوە گوتی: گەورەم تاکونیستە بیست هەزار درهەم خەڵاتت داوەبەمن! ئەمین سوکایەتی بەم بڕەپارەیە کردکەدەکاتە بیست ملیۆن درهەمی ئەو ڕۆژگارە و گوتی: ئەوەچیە، باجی هەندێ گوندی بچکەلەیە؟!(١٨)

(ئەمین) گوێ نادات بەوەی بیست ملیۆن درهەم بدات بەگۆرانی بێژێك، چونکە ئەو بڕەپارەیە بریتیە لەکۆی باجی گوندێکی چکۆلانە... دەکرێت خوێنەر ئەو ئەشکەنجەیە بێنێتە یادی خۆی کەخەڵکی ئەوگوندە بچوکە لەپەیداکردنی ئەو بڕە باجەدا دەیچێژن تاکوبیدەن بەباجگرانی خەلیفە...کەچی لەیەك چرکەدا ئەو بڕە

پارەیە دەدرێت بەگۆرانی بێژێك وەك دەستخۆشانە لەبەرامبەر.ئەوەدا توانیویەتی ئارەزوی خەلیفە بەرانبەر مێرد مندالآن ببزوێنێت. ئەگەرخوێنەر دەخوازێت بزانێت خەلْکی ئەوکاتە لەچ ئەبونی وهەژاریەکدا ژیاون ئەوا بائەم چیرۆکە بخوێنێتەوەکە(ئەبوفەرەجی ئەصفەهانی)گێراویەتیەوە...

ئەوسەبارەت بە(محەمەدکوری ئیبراهیمی حەسەنی) دەڵێت: لەکاتێکدا بەرێگەی کوفەدا دەرۆشت، چاوی بەپیرێژنێك کەوت بەدوای بارە خورمادا دەچوو، لەبەرچاکێکدا ئەو خورمایەی کۆدەکردەوە کەلەوبارانە دەکەوتنە خوارەوە. پرسیاری لێکرد چی لەوخورمایە دەکات؟...پیرێژنەکە گوتی: من ژنێکم پیاوم نیە بمژێنێت، کچم هەیە هیچیان پێ ناکرێت بۆخۆیان، بۆیە من وکورەکەم بەم رێگایەدا دەرۆین وبژێوی وقوتی لێوە پەیدا دەکەین...بەم وەلآمە گریانێکی زۆری کردوگوتی: بەخودا تۆو هاوشێوەکانت سبەینێ من دەردەکەنە دەرێ تاکو خوێنم برژرێت(١٩) داوا لەخوێنەردەکەم بەراورد بکات لەنێوان باروردۆخی ژیانی بروادارن وئەو ژیانەشدا کە "گەورەی بروادارن"ی تێدا بوو.

* * *

گومان لەوەدا نیە کەلەسەردەمی عەباسیەکاندا ژمارەی واعیزەکان بەجۆرێکی ترسناك گەشەی کرد. هەر وەزیر یاخود میرێك بەشێکی زۆر لەومالْ وسامانەی کە بەتالآن بردبووی، ئەرخانی دەکرد بۆ دروستکردنی مزگەوت وتەکیەو خۆش گوزەرانکردنی ئەومورتەزیقانەی پەنایان دەبردە بەر ئەوتەکیەوخانەقایانە. بابای واعیزیش بەگوێرەی زیرەکی ولێزانی وزمان لوسی خۆی پارەی وەردەگرت.!!.

گەر واعیزێك ناوبانگی پەیدا بکردایە بەرەوانبێژی ئامۆژگاریەکانی،خەلیفە ومالْو خێزان ووەزیر ودەست وپێوەندەکانی دەهاتن بۆ لای ولەبەردەستیدا دەوەستان و رێزوحورمەتیان بۆدەنواند، بەمەش خەلْکیان هاندەدا تاکو هەمان رێگەی ئەوان بگرن...

ئیبن جوبەیری گەریدەی ئەندەلوسی کەلەسەدەی شەشەمی کۆچیدا سەردانی بەغدای کردووە، باسی جڤاتەکانی ئەودەمەی وەعزمان بۆدەکات وشتی سەیرو

سەمەرەیان لەبارەوەدەگێڕێتەوە. لەسەرەتادا باسی ئاکارو ڕەوشتی بەغدادیەکان بەخراپ دەکات و، خەڵکی ئەودەمەی بەغداد بەنەفرەتیترین دروستکراوی خودا لە قەڵەم دەدات. دواتر باسی واعیزەکانیان دەکات وسەرسامی خۆی دەردەبڕێت بەرانبەر ئەو شێوازەی کەئەو واعیزانە ئامۆژگاریەکانیان لەمیانەیەوە هەڵدەڕێژن. لەو ڕووەوە دەڵێت:( بەڕاستی لەشێوازی ئامۆژگاری ویادخستنەوە وئاگادار کردنەوەو بەرچاوڕونکردندا پلەومەقامێکیان هەیە کەبەهۆیەوە هێندە بەزەیی خوایان بۆدادەبارێت کەزۆرێك لەگوناهەکانیان دەسڕێتەوەوقەڵەمی لێبوردن دێنێت بەسەر ئاسەوارە بەدەکانیاندا وبەردەگرێت لەوەی"قاریعەی صەممائیش"بەر وڵاتەکەیان بکەوێت)(٢٠).

پاشتر"ئیبن جوبەیر" وەسفی وتارێك لەوتارەکانی واعیزی بەناوبانگ "جەمالەدین کوڕی عەلی جەوزی"دەکات کەخۆیشی تیایدا ئامادەبووە. لەوبارەوە ئاوها دەدوێت:( ئەو کۆمەڵێك ئامۆژگاری ناسك ودڵڕفێنی کرد وئایەتی هێنایەوە، دەرونەکان توانەوە پێی، تاکو قیڕوهوڕ بەرزبویەوە، تەوبەکاران بەهاوارکردن پەشیمانیان ڕاگەیاند. وەك چۆن پەروانە بەسەرلەمپادا دەکەوێت، ئاوا بەسەریدا کەفتن...هەیانبوو لەهۆشی خۆی دەچوو، بەدەست بەرزیان دەکردەوە بۆلای... بینیمان ترس دەرونەکانی پڕکردبوو لەپەشیمانی، ترس وبیمی ڕۆژی قیامەتی یاد دەهێنایەوە...ئەگەر سەفەری دەریانەکەین و...هتد نەکەین، تەنها بۆبینینی دانیشتن وکۆڕێکی ئەوپیاوە نەبێت، هێشتر سەفقەکە قازانجی کردوە.(٢١)

لەقسەکەی(ابن جبیر)ەوە ئەوە دەردەکەوێت کەگریان لەکاتی ئامۆژگاری و مەوعیزەدا لەخودی خۆیدا بوەتە مەبەست لای بەغدادیەکان...ئەوان گوێ نادەن بەوەی لەبازاڕدا چی بکەن، لەترازودا غەش بکەن وکەسانی نامۆ وغەریب فریو بدەن وەك(ابن جبیر) دەڵێت...بەڵام لەکۆڕی مەوعیزەدا بەکوڵ دەگریەن و هاوار دەکەن وئینجا لەهۆشی خۆیان دەچن ولەخۆشەویستی وترسی خوادا دەتوێنەوە. گومانم نیەلەوەی خەلیفە لەگەڵ خەڵکەکەدا داویەتیە قوڵپەی گریان، تەنانەت لەوانەیە لەترسی خودا لەهۆشی خۆی چوبێت...لەوانەیە لەوکاتەدا خەڵکی گوێیان نەدابێت بەوەی خەلیفە هەرچی بڕەوێت لەماڵ وسامانیان بەتاڵان بیبات،

مادەم خەلیفە لەترسی خوا دەبورێتەوەو مزگەوت دروست دەکات وخێروبێر دەرێژێت بەسەر واعیزەکاندا.
بەڕاستی خەڵکی دەحەوانەوە لەکاتێکدا ئەم نەریتەیان پەیڕەودەکرد، ئەوان لەبەردا بەدەست ململانێی دەرونیەوە دەیان ناڵاند، وەکو باسمان کرد، شۆڕش و ڕاپەڕین ئەوە لەدوای ئەوە دووبارە دەبویەوە بەسەریاندا،وەڵ دوای ئەوەی پەیڕەوی دووجەمسەریێتیان کردمەسەلەکە لەسەریان سوك بوو،بونەخاوەنی دوو دڵ:
بەدڵێکیان ئامۆژگاری ومەوعیزە دەبیستن وبەوی دیکەشیان زڕەی پارە...بەو شێوەیە ئەململانێی دەرونی دەبێت ونەدڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی...

* * *

دەگێڕنەوە(نظام الملك)ی وەزیری(سلجوقیەکان)لەعێراقدا پارەوپولێکی زۆری لە دروستکردنی‌مزگەوت وقوتابخانە وتەکیەداسەرف دەکرد.(مەلیك شا)لەسەرئەمە لۆمەی‌کرد..(نظام الملك)ئەم وەڵامەی دایەوە:(.تۆسەرقاڵ بویت بەئارەزوەکانتەوە وغەرق بویت لەشەهوەتبازیدا،زۆرینەی‌جارگوناه وتاوانەکانت بەرزەبنەوە بۆلای خودانەك گوێ ڕایەڵی وچاکەکانت...ئەوسوپایەش کەئامادەت کردوەبۆکاتی بەڵاو تەنگانە...نوقم بون لەسەرپێچی‌ومەی‌ورابواردن...هتددا...
منیش سوپایەکم بۆئامادەکردویت پێی دەڵێن(سوپای شەو).ئەگەر سوپاکەت بە شەودانوستن،سوپاکانی شەولەسەرپێن وبەرێزەوەلەبەردەستی خودا ڕادەوەستن، فرمێسك دەرێژن وزمان ڕەهادەکەن ودەست پان دەکەنەوەو نزابۆ تۆو سوپاکانت دەکەن.
تۆوسوپاکانت لەئێشکی ئەواندادەژین وبەنزای ئەوان دەمێننەوەوبەبەرەکەت و پیرۆزی وان بارانتان لۆدەبارێت ورۆزی دەدرێن)...مەلیکشا ئەم وەڵامەی لە وەزیرەکەی قبوڵکردو بێدەنگ بوو(٢٢).
لەم وەڵامەوە ئەوەڕوون دەبێتەوە کەگرفتی ئاین لای خەڵکی زۆرناسان بووە..هەر کاتێك دروستە بۆی هەرچی دەوێت بیکات وئارەزووی لەهەرچی بوبەتاڵان بیبات،

بۆوەش خودالێی ڕازی بێت پێویستە لەسەری بەشێك لەوسامانەی بردویەتی تەرخان بكات بۆ واعیزوخوداپەرستان تاكو لەبەردەمی خوادا داوای لێبوردنی بۆ بكەن...

دەگونجێت بڵێین:هەركات ستەمی كۆمەڵایەتی زۆربەهێز بوبێت، لەبەرامبەردا دروستكردنی‌مزگەوت وهاندانی‌ئامۆژگاری‌و وەعز زۆرتربوە...ئەگەرهەرستەم كارێكی‌داگیركەر مزگەوتێك دروست بكات،خوای‌گەورەلەبەهەشتداكۆشكێكی قەشەنگی بۆدروست دەكات(بەبڕوای ئەوخەڵكە نەك بەپێی ڕێنماییەكانی ئیسلام– وەرگێڕ)...ئەگەر خێروبێر بڕژێت بەسەر واعیزەكاندا،خودا حۆری شەنگ وشۆخی دەداتێ..قەرەبوی ئەركەنیزەكانەی بۆدەكاتەوە كەلەدنیادالەدەستی دەرچوە (دیسانەوە بەگوێرەی بیروبڕو خەڵكی.وەرگێڕ).

* * *

خەڵكی لەسەر ئەم ڕێگەدوو ڕوییە ڕۆشتن وتائەمڕۆش بەردەوامن لەسەر ڕۆیكردن لەسەری.لەوانەیە دروست بێت بڵێم: ئەم ئیزدیواجە لەناوەندە ئاینیەكاندا توندو تیژتر دەبێت پتر لەشوێنەكانی تر، هەركۆمەڵگەیەك ئامۆژگاریكەرو فوقەهای تێدا زۆربێت خەڵكەكەی دووڕوەبن، لەكرداریاندا لەخەڵكی‌تردەچن، بەڵام بەوەجیا دەكرێنەوە كەئەمان زیاد لەخەڵكی تر ئامۆژگاری یەكتر دەكەن ودەم هەڵدەچڕن و بەڵێنی تیاچون وسەرنگوم بون ودۆزەخ بەیەكتردەدەن.

هەركەس لەوسیستەمی پەروەردەیە بكۆڵێتەوەكە لەوكۆمەڵگایانەدا لەسەری دەڕۆن، دەبینێت ئەم نەزعەی دووجەمسەری ودوڕوییەی پێوەدیارە، مامۆستا بەردەوام ئامۆژگاری قوتابیەكان دەكات وهانیان دەدات تاكولەسەر پەرتوكی خوداوپێغەمبەرەكەی(درودی خوای لێبێت)بڕۆن بەڕێدا...

ئەو وای‌لەخوێندكارەكانی دەوێت كە سەرشۆڕكەنەوە بەسەر وانەكانیانداو بەچەپ وڕاستدا لانەكەنەوەو قسەوگاڵتەوگەپ نەكەن، تەنانەت گەر بیتوانیایە هەناسەی لەبەر بڕینایە ئەوا هەناسەشی دەبڕین.

مامۆستالەم کارەیدا وەك ئەوواعیزەوایە کەئامۆژگاری خەڵکی‌دەکات بەپێچەوانەی سروشتیانەوە...بەم کردەوەیەی پاڵ بەقوتابییەکانیەوە دەنێت تاکو بەرەوپاخی بون وسەرکەشی بچن..قوتابی ئەوکاتژمێرەی وانە خوێندنی بەزیندانێك دێتە بەرچاو...لەبەرئەوە دەبینین هەرکە لەبەردەستی مامۆستاکەی دەچێتەدەر، دەست دەکات بەڕاکە ڕاکە وهات وهاوارو قیژەهوڕ وئازاردان. ئینجا کەمامۆستایەکی لە دوورەوە بەدی دەکات، ئیدی بەرگی شەرم وڕێزداری لە بەردەکات وکەسایەتیەکی تر بۆخۆی دروست دەکات کەجیاوازە لەوکەسایەتیەی پێشتر هەیبوو.

خوێندکارەکە ناچارە کەسێتیەکی دوجەمسەری هەبێت،چونکە ناتوانێت لە دەرەوەی قوتابخانەکەدا هێمن بێت، هەروەك چۆن لەناوقوتابخانەدا ناتوانێت پەیڕەوی ئەوکەسایەتیە هاروهاجەی بکات..کەواتە هەندێ کات زیادڕۆدەچێت لە جموجوڵدا، لەهەندێ کاتی تریشدا زیادڕۆدەچێت لەبێدەنگی وهێمنیدا... ئەمەش شێوەکەی( دکتۆر جیکل ومستەرهاید)ە، وەك لەڕۆمانە بەناوبانگەکەدا وێناکراوە.

قوتابی لەسەرەتادا دووچاری ململانێی دەرونی دەبێت بەهەمان شێوەی پێشینەکانی لەسەرەتای ئیسلامدا...چونکە گوێ بیستی کۆمەڵێك ئامۆژگاری خەیاڵیی دەبێت لەقوتابخانەدا،هەرکەلەقوتابخانە دێتە دەرێ‌ولەکۆڵان یاری دەکات خۆی لەبەردەم کۆمەڵێك ئیعتیباری کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە کەتاڕادەیەکی زۆر لە ئیعتباری بیابان ودەشتەکیێتی دەچێت.

لەکۆمەڵگەی منداڵانی کۆڵاندا خۆیادان بەهێزەو پێشبڕکێ لەسەر هێز ئیعتیباری بۆدادەنرێت. دەبینیت منداڵان شەڕدەکەن وجنێو بەیەکتر دەدەن، دەقاودەق وەك ئەوەی تیرە دەشتەکیەکان لەبیاباندا دەیکەن.

منداڵ لەکۆڵاندا لەسەر ڕێسای دەشتەکیێتی ڕادێت و، لەقوتابخانەشدا گوێ‌بیستی ئامۆژگاری ومەوعیزە دەبێت.بەمەش بەجۆرێك لەجۆرەکان شانازیەکانی باب و باپیران دووبارەدەکاتەوە. هەرکە ئەم منداڵە گەورەدەبێت،واعیزەکان شوێنی دەکەون، بەهەمان ئەوئامۆژگاریەوە کەمامۆستاکەی دەیچپاند بەگوێیدا...

ڕوو لەهەرکوێ بکات، گوێ بیستی وەعزوئامۆژگاری دەبێت...ئەمە لەکاتێکدا ژیانی ڕۆژانەی دەبینێت: کەناگونجێت لەگەڵ ئەوئامۆژگاری‌و وەعزانەداو تەنانەت لەگەڵیشیاندا هەڵناکات.

* * *

وەعز، بویە پیشەیەك وپارەی دەرشت بەسەر خاوەنەکەیداو پلەیەکی کۆمەڵایەتی باشیشی پێ دەبەخشێ...بۆیە هەرکەس لەدەستکەوتنی پیشەیەکی تردا شکستی بهێنایە، ئەم پیشەیەی بۆخۆی هەڵدەبژارد.
بەهەرحاڵ، وەعز پیشەیەکی ئاسانە...پێویستی بەهیچ نیە جگەلە ئەزبەرکردنی هەندێك ئایەت وفەرمودەو پۆشینی جۆرە جلێك.هەروەها باشترە بۆ ئامۆژگاریکار، گەر ڕیشێکی زل وشاشکێکی پانی هەبێت.
دوای ئەم قۆناغە، ئیتر دەست دەکات بەڕاگەیاندنی وەیل ولەناوچون لەسەر خەڵك، خۆی دەگری وداوای گریان لەخەڵکیش دەکات ودەیان گریەنێت، خەڵکیش کەلای وی دەچنە دەرێ، متمانەیان هەیە بەوەی خوای گەورە لێیان قایل بوەو لە بەهەشتی فیردەوسدا تەلاری قەشەنگی بۆدروستکردون.دواتر دەوڵەمەندە قۆشمەکان ودەستەڵاتداران دێن، هێندە بەسەر ئەم واعیزەدا دەبارێن تاکو ئەویش وەك خۆیان خۆشحاڵ وموتریف دەبێت !.

* * *

ئەوبەکرێ نوێژدەکات وبەکرێ ڕۆژو دەگرێت و، بەکرێ حەج دەکات. لەخەڵکیشی دەوێت وەکو خۆی نوێژبکەن و ڕۆژو بگرن وحەج بکەن، ئیدی لەبیری چوە کە هەژاری وهەوڵدان لەپێناوی ڕۆزیدا، خەڵکی کوێرکردووە لەبینینی هەموو شتێك جگەلە پاروە زەقومێك!.
ڕۆژێکی قرچەی هاوین بەکرێکارێکم گوت:ئەرێ ئەی زەندیق بۆچی بەڕۆژو نابیت؟
لەوەلامدا بەکەسکونیەوە گوتی: بەڕێز، ڕۆژو تەنها لەسەرخەڵکی سەردایەکان فەرزکراوە!! لەوساتەدا زانیم ستەمم لەوپیاوەکرد...(٢٣)

* * *

جارێك واعیزێكم بینی، زۆر بەخراپ باسی هارونەڕەشیدی دەكرد. بەگوتەی ئەو، هارون پیاوێكی خراپ بوەوسامانی موسوڵمانانی لەپێناوی ئارەزوی خۆیدا خەرج كردوە... پێم گوت: براكەم دوعا بۆ ڕەشید بكە. چونكە ئەو وهاوشێوە ستەم كارەكانی بناغەی ئەم پیشە قازانجدارەیان بۆئێوە دامەزراند...گەرئەوانە نەبونایە ئێوە ئەمڕۆ باربەر یان میوەفرۆش دەبون...

لەڕاستیدا واعیزو تاغوتەكان لەیەك جۆرن...تاغوتەكان بەكردار ستەم لەخەڵكی دەكەن و واعیزەكانیش بەگوفتار!

ئەگەر بەدرێژایی ڕۆژگار واعیزەكان ئامۆژگاریەكانیان چڕبكردایەتەوە لە قەڵا چۆكردنی تاغوتان ودەرخستنی ناتەواویەكانیاندا، ئێستا مرۆڤایەتی حاڵی بەم جۆرە نەدەبوو.

ڕۆژێك یەكێك لەتاغوتان ڕاپرسیەكی بێزاركەری بەنێو فوقەهاو پیاوانی ئاینیدا بڵاوكردەوە، تەوەری ڕاپرسیەكە ئەم پرسیارەبوو:(كامیان باشترن: موسوڵمانێكی ستەمكار؟یان كافرێكی دادپەروەر؟) هەموویان بێ دەنگ بوون.

لەم كاتەدا یەكێكیان هەستایەوەو گوتی:(كافرێكی دادپەروەر باشترەلە موسوڵمانێكی ستەمكار!) ئەمەی گوت وبێ ئەوەی گوێ بەهیچ بدات چوەدەرێ.

مامۆستا(عەباس عەزاوی) سەبارەت بەم فەتوا سەیروناموٚیە دەنوسێت:(بوارنیە بۆ وەرگرتنی ئەم فەتوایە، دوای زانینی ئەوەی كەسوڵتانی موسوڵمان لەژێر هەڕەشەی نەتەوەو قین وخەشمی لەكارلادانی دایە. پەیگیریشە بەوەی قایل نەبێت بەدەستەڵات وحكومەتی كافر...ئەمڕۆش بەشێوەیەكی گشتی ئومەت قایل نابێت بەخۆی نەبێت حوكمی بكرێت،ئیدارە یان ئیدارەی نەتەوەیی سەرۆك هەڵدەبژێرێت بۆوەی خواستەكانی بەرجەستە بكات وبەگوێرەی ویستی ئەو بەڕێوە بڕوات...هەڕەشە گەلێكی زۆری ئیلاهییش هەیە سەبارەت بە پێویستی دەست گرتن بەموسوڵمانەوەو وازهێنان لەغەیری موسوڵمان...)(٢٤)

کەئەم توانجە دەخوێنمەوە، وادەزانم واعیزێک لەدوانگەیەکی شەرەفمەندەوە ئامۆژگاریمان دەکات. مامۆستا(عەزاوی) دەڵێت: سوڵتانی موسوڵمان لەبەرترە شوێنی بکەوین باستەمکاریش بێت، بەڵگەشی ئەوەیە کەسوڵتان ئەگەر ستەمی کرد، دەکەوێتە بەرهەڕەشەی ڕق وقینی نەتەوە یان مەترسی لەکارلادانیەوە، ئەمە جگەلەوەی لەئیسلامدا کۆمەڵێک هەڕەشەی خوایی هەیە دەبێتە بەربەست لە بەردەمیدا تاکوستەم نەکات..

مامۆستا ئەو زنجیرە درێژەی سوڵتانە موسوڵمانەکانی لەبیرچوە کەبەستەم کردنیان زۆرلەسەر(نیرون)ەوە بون و، نەقینی خەڵك ونەهەڕەشەی خواوەندیش نەبویە بەربەست لەبەردەمیاندا تاکوستەم نەکەن... مادامێك سوڵتانی ستەمكار چواردەوری گیرابێت بەفوقەهاو واعیز، ئەمان پشتی بگرن وداوای مانەوەی درێژی بۆبکەن، ئیدی چۆن دەتوانێت هەست بکات بە "خەڵکێکی توڕە" یان "خودایەکی بەهەڕەشە".

هەڕەشەکانی خودا، ستەمكار ناگێڕنەوە لەستەمکردن،چونکە ئەولەکاتێکدا ستەم دەکات نازانێت کەستەمکارە.چونکەپاساو دێنێتەوە بۆستەمەکەی وتەئویلی دەکات..

شەرعناسەکان زیرەك ولێزانن لە(فێڵی شەرعی)دا (٢٥). دەتوانن پاساوی شەرعی بهێننەوە بۆهەموو کارێك بازۆر ناچیزەو نارەواش بێت، دەسەڵاتداری ستەمکاریش هیچ کارێك ناکات دوای ئەوەنەبێت کەفوقەهاکۆدەکاتەوەو مەسەلەکە دەخاتە بەردەمیان...لەوکاتەدا فوقەها دەڕوانن بۆسوڵتان، ئەگەر زانییان زۆرسورە لەسەرکردنی کارەکەی، دەستبەجێ ئەوەی لەهەگبەکەیاندابێت لەئایەت و فەرمودەی پێچەوانە دەری دێنن ولەبەردەم سوڵتاندا دایدەنێن، تاکو بەویستی خۆی ئەوەی بۆئەو لەبارە هەڵیبژێرێت..خوداش،بەهەرحاڵ لێبوردەو بەبەزەییە!!.

دەگێڕنەوە (یەحیای کوڕی عبدالله علوی)لەناوچەی(تەبەرستان)دا شۆڕشی لەدژی (ڕەشید) بەرپاکردبوو، شوێنکەوتوانی زۆربون ودەرکی پەیدا کرد، لەگوندو شارەکانەوە خەڵکی لەدەوری کۆبونەوە...ڕەشید(فەزڵی کوڕی یەحیای بەرمەکی) ناردبۆلای، فەزڵ پەنای بردەبەر دڵ ڕاکێشان وئاشتەوایی لەگەڵ ئەو شۆڕشگێڕەدا

لەبریتی ڕێگەی کوشت وکوشتار، داوای لە(ڕەشید)کرد بەدەست وخەتی خۆی ئەمانێکی بۆبنوسێت.
ڕەشید بەپەلە بەدەست وخەتی خۆی ئەمانێکی بۆنوسی وقازی وشەرعناس و گەورە پیاوانی هۆزی هاشمی کردە شاهێد بەسەر خۆیەوە، ئەم دەست خەتەی لەگەڵ کۆمەڵێك دیاری وخەلاتی بەنرخدا لەڕێگەی (فەزڵ)ەوە ناردبۆ(یەحیای عەلەوی)... عەلەوی بەهاوڕێیەتی فەزڵ هات بۆلای ڕەشید، ڕەشید ڕێزی زۆری لێگرت وپارەوپولی زۆری بەسەردا ڕشت وفەرمانی بەخەڵکدا سەردانی بکەن.
پاشتر ڕەشید لەگەڵیدا گۆڕاو ویستی لەناوی بەرێت وپەنێکی پێ بدات، بۆئەو مەبەستە فوقەهاکانیکۆکردەوەو پارسیەکی پێکردن سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەمانەکەی عەلەوی.
لەم چیرۆکەدا ڕادەی توانای شەرعناسەکان دەبینین لەسڵەماندنەوەی ستەمکاری بەڕاستی ترساندنیدا لەخودا.زانای بەناوبانگ(محەمەدکوڕی حەسەن) هاوڕێی(ابی حنیفە)هەوڵیدا ڕاستی ئەمانەکە بۆ ڕەشید دەربخات وبۆی بسەلمێنێت کەناکرێت هەڵبوەشێنرێتەوە...ڕەشید لەو ڕووەوە کەوتە مشتومڕلەگەڵیدا، حەسەن سوربوو لەسەر ڕاکەی، بەوەش ڕەشید ڕقی لێی هەڵگرت(٢٦).
ڕەشید ڕوانی بۆشەرعناسێکی تر کەناوی(ئەبو بەختەری قازی)بوو، وەڵام لای ئەم سازوئامادەبوو، ئەم فەتوایدا کەئەمانەکە لەچەند ڕویەکەوە هەڵوەشاوەتەوە ئینجا شێوازو ڕێگەیەکی شەرعی دۆزیەوە بۆلەت وکوتکردن ودڕاندنی ئەمانەکە.
ڕەشید بەخۆشحاڵیەوە هاواری کرد:( تۆقازی قازیانیت، خۆشت زاناتریت بەو مەسەلەیە) ئیدی ڕەشید ئەمانەکەی شڕوهوڕکردو ئەبو بەختەریش تفێکی کردە ئەمانەت نامەکە(٢٧).
ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە، نازانین هەموو وردەکاریەکانی ڕاستن یاخودنا؟، هەر کەس لەسایکۆلۆژیەتی سوڵتانەکان سەرنج بدات ڕاستی ئەم چیرۆکەی دێت بە خەیاڵدا... لەڕاستیدا، ناوەزی مرۆڤ وەك ڕوەکێك وایە کەتەنها ئەومادانە لەخاك وەردەگرێت کەلەگەڵیدا دەگونجێن ونەوانی دیکە ڕەتدەکاتەوە.

ئەگەر یەکێك بێت وبیەوێت ئامۆژگاریەکی توندوتیژی بێ دوڕویی سوڵتان بکات، دەکەوێتە نێوان دووڕێگەوە: یان ئەوەیە سوڵتان چاولەئامۆژگاریەکەی دەپۆشێت، یان ڕقی لێی هەڵدەستێت وئازاری دەدات، کەم کەس لەسوڵتانەکان دەچنە ژێر کاریگەری ئامۆژگارییەکەوە کەپێچەوانەو ناکۆك بێت لەگەڵ ئارەزوەکانیدا.

زۆرجار دەبێت دەسەڵاتدارێك ستەمکاربێت، بەڵام خۆی نازانێت ستەمکارە، ئەو هەموو کارێك کەدەیکات پاساوو بیانویەکی بۆ دێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر واعیزێك پێی بڵێت:ستەم دەبێتە هۆی تورەکردنی خودا، سوڵتان سەری بۆدەلەقێنێت و ئاماژەی قایلبون دەدات وپێی دەڵێت:ئافەرین...بارك الله فيك!).

سوڵتان نازانێت مەبەست لەوەعزەیە خۆیەتی. بەڵکوخۆی بەدادگەرێك دەزانێت کەهیچ گومان لەدادپەروەریدا نەبێت...تەنانەت لەوانەیە خەڵاتێکیش بداتە واعیزەکە لەبەرانبەر ئەوئامۆژگاریە فرمێسك ڕژێنەدا.

لەحەقیقەتدا گەر بەستەمکار بڵێیت دادپەروەریە، وەك ئەوە وایە بەشێت بێژیت ژیربە. شێت وادەزانێت خۆی تاکەژیرە لەنێوهەموخەڵکیدا، ئەگەر پێی بڵێیت: (پێویستە مرۆڤ ژیربێت)دەڵێت (ئافەرین.ئاوەز. جوانیو زینەتە بۆپیاو!)دیارە ئەو مەبەستی لەخۆیەتی!.

* * *

(ابن جبير) دەڵێت: کە(ابن جوزى) بەئامادەبوونی خەلیفەو دایکی خەلیفە وتاریدا (دەستی کردبە سوپاسکردنی خەلیفە ونزاکردن بۆخەلیفەودایکی...ئینجا ڕێگەی خۆی گرت لەوەعزکردنـدا...قسەکانیشی پەیوەست دەکرد بەکۆمەڵێك ئایەتەوە...(٢٨).

سەیرلەوەدایە(ئیبن جەوزی)کاتێك باسی خەلیفە دەکات، نزای خێری بۆدەکات و داوا لەخوا دەکات سێبەری بەسەر زەویەوە بۆماوەیەکی دوورودرێژ بهێڵێتەوە... بەڵام کاتێك ئاوڕدەداتەوە بەلای ڕەعیەتەکانی خەلیفەدا، دەست دەکات بەهەڕەشە کردن وترساندن وئاگادارکردنەوە...وەك ئەوەی ڕەعیەت وخەڵکە ڕەشۆکیەکە ستەمکارین وخەلیفەش ستەملێکراو!.

* * *

بەهۆی تەمەلوقی ماستاوچییەکانی دەوروپشتییەوە، گوایە خەلیفە بەڕاستی سێبەری خودایە لەسەرزەویدا. خەلیفە واهەست دەکات خۆی تەنها فەرمانداری لەسەرەو ڕەعیەتەکەشی گوێڕایەڵی.ئەگەر ملەجەڕێیان کرد ئەوان یاخی وکافرن و خواش وخەڵکیش نەفرەتیان لێ دەکەن. هۆزانڤانێك هات بۆلای(ڕەشید)وستایشی کردو گوتی:( وەك ئەوە وایت کەلەدوای پێغەمبەربیت)! یان هۆنەرێکی دی هاتە بەردەمی(المعز الفاطمی)وگوتی:

ماشئت الا ماشاءت الأقدار      فاحکم فانت الواحد القهار

هەروەها وەسفی(متوکل علی الله)یان دەکرد ودەیان گوت:(سێبەری درێژکراوی خوایە لەنێوان خۆی ودروستکراوەکانیدا)(٢٩).

(زومەیری)دەگێڕێتەوە:جارێکیان "ڕەشید"بانگی"سوفیانی سەوری"دەکات بۆلای خۆی، تاکو پاداشتی بکات و وەك پیاوە ئاینیەکانی ترلەخۆیی نزیك بخاتەوە... سوفیان نامەیەکی توندوتیژی بۆ دەنوسێت وتیایدا دەڵێت: من ئەم نامەیەم بۆ نوسیت، ئاگادارت دەکەم پەتەکەتم بچڕی وخۆشەویستیەکەتم بڕی. ئەوا تۆ منت کرد بەشایەت بەسەر خۆتەوە بەوەی لەو نامەیەدا نوسیوتەو دانت پێداناوە.

تۆ هێرشت کردۆتە سەر "بیت المال"ی موسوڵمانان ولەشوێنی نەگونجاودا خەرجت کردووە... بەوەش قایل نەبویت کەکردوتەو من لێت دووربووم تاکو نامەت نووسی وشایەتیت لەسەر خۆتدا... بەلام من شایەتیم داوە لەسەرت و، من و ئەو برایانەم کەئامادەی خوێندنەوەی نامەکەت بووین لەبەردەستی خوای دادگەردا سبەینێ گەواهیت لەسەر دەدەین. ئەی هارون هێرشت کردۆتە سەر "بیت المال"ی موسوڵمانان بەبێ ڕەزامەندی خۆیان... ئایا دڵڕاگیراوان"مۆلفە قلوبهم" وتێکۆشەر وموجاهیدانی ڕێی خوداو ڕێبواران بەم کردەوەیەت قایل بوون؟!. ئایا هەڵگرانی قورئان وئەهلی زانیاری بەم کردەوەیەت ڕازی بوون؟ ئایا هەتیوان وبێوەژنان بەم کردەوەیەت ڕازی بوون؟ تەنانەت ئایا هیچ کەسێك لە ڕەعیەتەکەتی پێ ڕازی بوو؟).(٣٠)

ڕێ دەکەوێت هەندێك جار واعیزی ئاوا دەگمەن بێتە بەردەستی سوڵتان، بەڵام تەنیا یەکێك سودی نیەو هیچی پێناکرێت لەبەرانبەر ئەو سەدان واعیزە ماستاوچیەدا کەلەدەوروبەری سوڵتان کۆبونەتەوە!! وەك هۆنەرەکە دەبێژێت: چ سودی دەبێت بیناکەرێك کە هەزار ڕوخێنەر لە دوایەوە کار بکەن؟!.
زۆرجاریش دەبێت ئەم واعیزە بەبێ دین وزەندیق ناودەبرێت ودواترسوڵتان فەرمانی کوشتنی دەردەکات ولەم فەرمانەشیدا واعیزەکانی دەوروپشتی پشتگیری دەکەن...بەوەش بابای واعیز دنیارقیامەتی خۆی دەدۆڕێنێت.

* * *

دەگێڕنەوە ساڵێك لەساڵەکانی حوکم دارێتیەکەیدا، ڕەشید لە"مەککە"دەبێت بە مەبەستی حەج کردن...لەوێ بینیبویان دۆعای خێری زۆری بۆنوزدارە مەسیحیەکەی کردبوو کەناوی"جبریل کوڕی بختیشوع"بوو...ئەو خزم و کەس و کارانەی خۆی کەلەوێدا ئامادەبوون، سەرکۆنەیان کردوە لەسەر ئەو نزا و پاڕانەوەیەو پێیانگوتوە:ئەو کابرایە ئەهلی زیمەیە، ڕەشید دەستی کرد بە بەڵگە داتاشین لەسەرنەوەی پاڕانەوەی بۆپزیشکە گاورەکەی دروست ورەوایەو بگرە لە بەرژەوەندی موسوڵمانانە...بەڵگەکەشی لەم ڕوەوە ئەمە بوو: تەندروستی لەشی خەلیفە بەدەستی پزیشکەکەیەتی، لەبەرئەوەش چاکەی موسوڵمانان بەستراوەتەوە بەتەندروستی خەلیفەکەیانەوە، ئەوا چاك بونی وان بەستراوەتەوە بەتەمەن درێژی پزیشکەکەی خەلیفەوە، بەچاوپۆشین لەئاینی پزیشکەکە(٣١).
بەڕاستی، پیاو هەق بڵێت:ئەم قسەیە بەڵگەیەکی لۆژیکی بەهێزە، ئەو بەڵگانەشمان وەبیردێنێتەوە کەپیاوانی ئاینی دەیهێننەوە لەکاتێکدا بیانەوێت رایەکمان پێ بسەلمێنن، لەڕوی زنجیرە لۆژیکیەکەیەوە ئەم پێوانەیەش شتێکی سەیرە، لەیەك کاتدا دەگونجێت بۆ سەلماندن وپوچەڵکردنەوەی ڕایەك بهێنرێتەوە (٣٢).
ئەم پێوانە(ئەرستۆتالیسی)یە بویە میکانیزمێکی گەورە بەدەستی تاغوتانەوە. ئەگەر تاغوتێك کەنیزەکێك بکرێت بە(١٠٠)هەزاردینار، ئەوا دەتوانێت پشت بە لۆژیکی(ئەرستۆتالیسی) ببەستێت وبەخەڵکی بسەلمێنێت کە کرینی ئەو

کەنیزەکە بەرژەوەندی موسوڵمانانی تێدایە...چونکە ئەوکەنیزەکە، گەورەی موسوڵمانان خۆشحاڵ وئاسودە دەکات، لەخۆشحاڵی وئاسودەیی گەورەی بڕوادارانیشدا، خۆشحاڵی وئاسودەیی بڕواداراتی تێدایە؟؟.

دکتۆر(ئەحمەد ئەمین)بەم جۆرە بەرەڤانی لەڕەشید دەکات ودەڵێت: ئەویش بەرەنجامی دۆخەکۆمەڵایەتیەکی بوو، هەرپیاوێکی ئەم چەرخەش (بەڕای ئەحمەد ئەمین)گەر لەسەردەمی ڕەشید بژیابا، هەمان ڕەفتاری ئەوی دەکرد...دواتر دکتۆر (ئەحمەد ئەمین) دەڵێت:(باڕووداوەکان چۆن بوگن، وا وەریان گرین وبەپێوەری سەردەمی خۆیان بیپێوین، نەك بەپێوەری ئەم سەردەمە. ئەخاسمە کەئێمە پاساو ویەڵگەکانی ڕەشیدمان لەدەمی خۆیەوە نەبیستوە، لەسەر ئەوکردەوانەی کە کردونی...).(٣٣)

(ئەحمەد ئەمین) لەم ڕایەیدا تاڕادەیەکی زۆر پێکاویەتی...ئێمەچاوەڕوان ناکەین هارون وەکو عومەری کوڕی خەتتاب دادگەربێت...چونکە هارون لەسەردەمێکدا ژیاوە کەتەرەف تیایدا شانازی وسەربەرزی بوە...بەجۆرێك تاکو دەستەڵاتدار ستەمکار بوباوکۆشك وتەلاری دروستکردبا، پلەوپایەی لەنێوخەڵکیدا بەرزو بڵند دەبویەوە.

ڕەشید لەسەرئەوە لۆمەناکرێت، بەڵکو لەسەرئەو دروجەمسەرێتیەی کە لە کەسایەتیدابوە سەرکۆنە دەکرێت، چ خۆی چ واعیزەکانی دەوروپشتی... ئەو پاساو بۆخۆی دێنێتەوە لەکاتێکدا کەنیزەکێك بکڕێت بە(١٠٠) هەزار دینار یاخود پەیمانێك بشکێنێت کەبەدەستی خۆی نوسیویەتی یان خوێنی خەڵکی بەبێ هۆ بڕژێت. ئەمە لەکاتێکدا پاساو نادات بەڕەعیەتەکانی گەریاخی بوون یان دزییان کردوو...هتد. ئەگەر گوێی لەئەوانیش بگرتایە دەیبینی ئەوانیش وەکو ئەولەژێر کاریگەری بارودۆخە سایکۆلۆژی وکۆمەڵایەتیەکاندا بون. گەر هەژارێك لەڕێگەیەکدا چاولەژنێك دابگرێت دنیای لەسەر پڕدەکەن لەگاڵەوهاوار، بەڵام ئەگەر دەوڵەمەندێك سەدان کەنیزەك بکڕێت وتێریان بکات بە غەمزەو لەمز، ئەوابۆی بە حەڵاڵ و زەلاڵ دەبینن...ئەگەر تاغوتێك لە ڕێنماییەکانی ئاین لابدات، دەڵێن: ئیجتیهادی کردوە، هەرکەسیش لەئیجتهاددا هەڵە بکات چاکەیەکی هەیە!!..وەلێ

ئەگەر هەژارێك ڕایەكی تازە بێنێت، پێی دەڵێن: لەئاین دەرچووەو زەندیقەو فەرمان دەدەن بەپەلكی دارخورماوە لەخاچی بدەن.

دەگێڕنەوە(بەشری مریسی)كەپیاوێكی موعتەزیلەبوو، لە سەردەمی ڕەشید دا باسی لەوەكردبوو گوایە(قورئان مەخلوقە)، ڕەشید ئەم هەواڵەی بیست وگوتی:( بیستومە بەشر گوتویەتی قورئان مەخلوقە، دەی بەخوا ئەگەر بۆم هەڵكەوت دەیكوژم) ئەوەبوو بشر بەدرێژایی سەردەمی ڕەشید بەحەشاردراوی ژیا. (٣٤) گومانم زۆرەهەس، ئەگەر ڕەشید شوێنەكەیی بزانیایە دەیگرت ودەیكوشت. ئەو تاوانەی كە"بەشر"ی كردە شیاوی كوشتن، ئەوەبوو كەگوتبووی قورئانیش خودا دروستیكردوە وەك چۆن هەموو شتێكی تریشی دروستكردوە، لە سەرەتادا پێم وابوو"بەشر" دەیەوێت قورئانێك بۆخۆی دروست بكات...دواتر بۆم ڕونبویەوە كە ئەویش وەكو ڕەشید باوەڕی بەخوداو قورئان هەبوە...هیچ گوناهێكیشی نەبوە ئەوەندەنەبێت گوتویەتی قورئان دروستكراوە...ئیدی بەوهۆیەوە ڕاوەدو نراو لە هەموو چركەیەكدا هەڕەشەی كوشتنی لەسەربوو. ئەوانە نایانەوێت گوێ بگرن بۆ خەڵكە هەژارەكەو پاساویشیان پێ ڕەوا نابینن...تەنانەت زەندیقەكانیش وەك خەڵكی ترئەو ڕێبازەیان لەخۆیانەوە وەرنەگرتوە، بەڵكو یاخودلەباب وباپیرانەوە وەریان گرتوە، یاخود لەژێركاریگەری ژینگە كۆمەڵایەتیەكەیاندا بونەتە زەندیق... چونكە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت ئاینێك قبوڵ بكات یان ڕەتی بكاتەوە تەنها لەبەرەنجامی بیركردنەوەی خۆیدا...سەیرلەوەدایە هەندێك لەشارەزایانی ئاین گەشتونەتە ئەوباوەڕەی كەدەڵێن: زەندیق پێویستە بكوژرێت وئەگەر ویستیشی تەوبە بكات وپەشیمان ببێتەوە، تەوبەی لێ وەرناگیرێت!!.(٣٥).

شەرعناسەكان سزای ئەودەستەڵاتدارانە نادەن كەبەهۆی تەرەف وستەمكاری یانەوە تۆوی زەندەقێتیان لەنێوخەڵكدا چاند...بەڵكو سزای ئەوانە دەدەن كەبونە هەڵگری بیری زەندەقیەت.

باوەڕی هەموو مرۆڤێك دەلەرزێت ولەق دەبێت، لەكاتێكدا ببینێت گەورەی بڕواداران سامانی نەتەوە دەدزێت وتاڵانی دەكات و لەشەهوەتبازی وئارەزووەكانی خۆیدا سەرفی دەكات، سەیریش لەوەدایە پاساو دەدرێتە تاڵانكەرو، تاڵانكراویش سزادەدرێت!.

## ژێدەر وپەراوێزەکانی بەشی دووەم

١) بنوارە: macdonald, the development of muslim theology.p.13

٢) بنوارە: جرجي زيدان، التمدن الأسلامي، ج٤، ل١٩٣ – ١٩٤.

٣) بنوارە: هسپ، ل٩٦.

٤) بنوارە: ven wies , systematic sociology.p617-620.

٥) بنوارە: hitti, history of the arabs. P 289.

٦) بنوارە: ادم متز، الحضارة الأسلامية في القرن الرابع، ج٢، ل٨١.

٧) بنوارە: احمد امين، ضحى الأسلام، ج١، ل ١١٧.

٨) بنوارە: احمد امين، هرون الرشيد، ل ١٧٦ – ١٧٧.

٩) بنوارە: هسپ، ل ١٧٧ – ١٧٩.

١٠)بنوارە: جرجي زيدان، هسپ، ج٥، ل ١٨٨، ١٢٦.

١١) بنوارە: تەها حسەين، الفتنة الكبرى، ج٢، ل ٢٠٤ – ٢٠٥.

١٢) بنوارە: خالد محەمەد خالد، الدين في خدمة الشعب، ل ٢٦.

١٣) بنوارە: هسپ، ل١١.

١٤) بنوارە: hitti, history of the arabs, p. 301.

١٥) بنوارە: عباس العقاد، عبقرية الأمام، ل ٥٢.

١٦) بنوارە: ابو يوسف، كتاب الخراج، ل ١٣١.

١٧) بنوارە: هسپ، ل ١٢٨ – ١٢٩.

١٨) بنوارە: ابن عبد ربە، العقد الفريد، ج٣، ل ١٩٥.

١٩) بنوارە: ابو فرج الأصفهاني، مقاتل الطالبين، ل ٣٤١.

٢٠) بنوارە: ابن جبير، رحلە ابن جبير، ل ١٧٣ – ١٧٤.

٢١) بنوارە: هسپ، ل ١٧٦.

٢٢) بنواڕە: جرجي زيدان، هسپ، ج٣، ل ٢٠٢.

٢٣) بنواڕە: عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، ج١، ل ٢٦٢.

٢٤) بنواڕە: د.احمد امين، هسپ، ج٢، ل ١٩٠.

٢٥) بنواڕە: هسپ، ل ٢٠٤.

٢٦) بۆ درێژەی ئەم چیرۆکە، بنواڕە: محەمەد برانق، البرامكة في ظل الخلافة، ل ١٩١ تا ١٩٨.

٢٧) بنواڕە: ابن جبر، هسپ، ل ١٧٧.

٢٨) بنواڕە: هسپ.

٢٩) بنواڕە: الدميري، حياة الحيوان، ج٢، ل ١٨٨.

٣٠) بنواڕە: هسپ.

٣١) بنواڕە: ابن ابي اصيبعه، طبقات الأطباء، ج١، ل ١٣٠.

٣٢) بنواڕە: على الوردي،خوارق اللاشعور، بەشی یەکەم، دەروازەی دووەم.

٣٣) بنواڕە: احمد امين، هرون الرشيد، ل ١٤٧ و ١٩٧.

٣٤) بنواڕە: احمد امين، ضحى الأسلام، ج٣، ل ١٦٢.

٣٥) بنواڕە: هسپ، ج٣، ل ١٩٤.

# بەشی سێیەم
## ئامۆژگاری وچاکسازی کۆمەڵگە

واعیزەکان پێیان وایە تاچەندە قوڵ بینەوە لەئامۆژگاریکردندا وئامۆژگاریەکانیان بگەیەننە کەشکەڵانی ئاسمان، ئەوە باشترە بۆچاککردنی ڕەوشتی خەڵك... گومانیان وایە بابای واعیز بەم هەڵفڕینەی دەتوانێت ئاکاری خەڵك لەگەڵ خۆیدا بەرز بکاتەوە...مەسەلەکە لای ئەوان وەك ڕاکێشانێکی ئۆتۆماتیکی وایە بەرەو ئاسۆ بڵندەکان...ئەوان ڕادەکێشن وخەڵکیش لەژێریانەوە بەو ڕاکێشانە بەرز دەبنەوە.

واعیزەکان بەم کردەوەو ڕەفتارەیان لەبازرگانێك دەچن کەنرخێکی گران لەسەر کاڵاکەی دادەنێت بۆئەوەی کابرای کڕیار نرخێکی گونجاوی پێبدات...وەك ئەوەی ڕاستکردنەوەی ڕەوشت لەسازشکردنی بازرگانی بچێت...ئەوانە لەبیریان چووە کەڕەوشتی ئادەمیزادەکان کاڵایەك نیە بکڕدرێت وبفرۆشرێت...سروشتی مرۆڤ ڕێسای خۆی هەیەوناکرێت پشت گوێ بخرێت وبازیان بەسەردا هەڵبدرێت، هەرکەس لەئامۆژگاریکردندا پێچەوانەی ئەو یاسایانە دووا، ئەوا خەڵکی هان دەدات بۆیاخی بوون...مرۆڤ هەرکاتێ بینی ئامانجە ڕەوشتیەکان زۆردوورن لێیەوە، دوچاری نائومێدی دەبێت ولەو ساتەشداپشت گوێیان دەخات، یاخود سوکایەتیان پێدەکات.

باشتروگونجاوترە بۆهەرکەسێك خۆی بەواعیز بزانێت کەئامانجە ڕەوشتییەکان هێند نزم بکاتەوە تائەو ڕادەیەی خەڵکی هەوڵی بۆبدەن وپێشبڕکێشی لەسەر بکەن.

لای ئێمە دروشمی واعیزئەم رستەیە کەدەڵێت:(پێشەنگی بەرزباشترە لەپێشەنگی نزم) کەلەڕاستیدا نمونەوپێشەنگی نزم باشترە لەپێشەنگی بەرزو زیاتریش دەمێنێتەوە، چونکە ئەویان مرۆڤ هان دەدات بۆکارکردن وئومێدی تێدا دروست دەکات، وەلێ نموونەو پێشەنگی بەرز، خەڵکێکی کەم نەبێت کەسانی تر ناتوانن بینە هەڵگری...ئەم جۆرە نمونەیە لەدیدی زۆرینەی خەڵکیدا مایەی پێکەنینە و بازی بەسەردا هەڵدەدەن وبەدەگمەن ونامەئلوفی دەدەنە قەڵەم. نموونەو پێشەنگی

ڕەوشتی بڵند، وەك ئەوهێشوە ترێیەی لێ دێ کە مام ڕێوی هاوڕێمان چەندجار هەوڵیدا دەمی بیگاتێ، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. دوای ئەوەی ڕێویەکە چەندجار بەرەو هێشوەترێکە بازی هەڵداوخۆی بەرزکردەوە، ئیدی ئومێدی نەمابەوەی بتوانێ دەمی پێ بگەیەنێت، بەناچاری فەرموی: بەهەرحاڵ ترێیەکی ترشە!!.

فەیلەسوفانی نوێی بواری پەروەردە، قوتابییەکانیان هان دەدەن تاکو سەماو یاری بکەن وپێ بکەنن، هەروەها هانیان دەدەن بەڕۆژی ڕووناك خۆشەویستی بکەن... زمانی حاڵیشیان دەڵێت: بەڕۆژ لەبەر ڕووناکیدا سەمابکەن، نەبادا ناچاربن لەبەر تاریکیدا سەماکەتان ئەنجام بدەن... ئەم ئامۆژگاریە شتێکی ئاسانەوجێبەجێ کردنیشی نارەحەتی تێدانیە.

وەلێ واعیزەکانی لەمەڕ خۆمان، مژدەی سزای خوادەدەن بەهەر کەسێك خۆشەویستی وسەمابکات، ئیدی باسەماکەش وەکوسەمای باڵندەیەك وابێت کە لەکاتی سەربڕینیدا لەناو ئێش هەڵدەبەزێتەوە. دەبینیت فەرمان بەخەڵکی دەدەن تاکو بەویقارو ئارامبن...نازانن ئەو ویقارە دەستکردە سەمایەکی دەروونی لە جۆرێکی پیس لەپشتی خۆیەوە حەشاردەدات.

* * *

لەسەرەتای سەردەمی ئیسلامیدا شۆڕشگەلێکی شکستخواردووی زۆرمان بینی، بەتایبەتی لەشاری(کوفە)دا...خەڵکی(کوفە)هەر بەیعەتیان بەڕابەرێك بدایە بۆ شۆڕشکردن، هێندەی نەدەبرد ناپاکی وخیانەتیان لێدەکرد...تەنانەت لەبەرئەوەی زۆریان پەیمان دابوو وشکاندبوویان، واتای پەیماندان ببویە هاو واتای ووشەی غەدر. تائێستاش خەڵکی عێراق هەرکەسێك ببینن غەدر دەکات پێی دەڵێت:(کابرا پەیمانیداوە!!)...هۆکاری ئەم غەدرە کۆمەڵایەتیش دەگەڕێتەوە بۆ دووری نێوان ئامانجی واعیزەکان وئامانجی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك.

زۆربەی جار بەهۆی زۆری وەعزو باسکردنی نموونە باڵاکانەوە، دەبینیت خەڵك ڕابەرەکانیان هان دەدەن بۆشەڕوشۆکردن وپێیان دەڵێن:ڕاپەڕن...ئێمەلەگەڵتانین.

وەڵ هەرکەدەبینن ڕابەرەکەیان ڕاپەڕینی بەرپاکردو، ڕاپەڕینەکەش زیان دەدات لە ماڵ وگیانیان، ناچارلەژێرکاریگەری دیفاکتۆدا لەو(قوللەعاجی)یانە دادەبەزن کە پێشتر سواری ببون...ئیدی پەیمان دەشکێنن!!ڕابەریش وەکوهەریەکێکی دیکە لە نەوەکانی ئادەم، پاداشتێکی دەوێت لەبەرانبەر ئەو قوربانیانەی کەدەیدات...ئەو ئەگەر خەڵکی بینی کەپەیمان شکێنن ومتمانەیان پێناکرێت، ئەوا لەماڵی خۆی دادەنیشێت ودەست بەکڵاوەشڕەکەی خۆیەوە دەگرێت.

سەرکەوتنی هەرڕابەرێك لەڕابەرەکان، خەڵکی دیکە هان ئەدات تاکو بەڕێگەکەی ئەودا بچن...لەوانەیە ڕابەر پاداشتی مادی گەرەك نەبێت لەبریتی کارەکەیدا...بەڵکوتەنها بەپاداشتی کۆمەڵایەتی کومسایی دێت.

ڕابەرێك کەدەبینێت خەڵکی دەورەیان داوەو ڕێزی لێدەگرن هەست بەشانازی و خۆشحالیەکی زۆر دەکات...مرۆڤ بەوەدا لەئاژەڵ جیادەکرێتەوە کەحەزی لە ناوبانگ وپلەوپایەی کۆمەڵایەتیە، زۆرجاردەبێت مرۆڤ قوربانی بەسامان دەدات لە پێناوی بەدەستهێنانی ناوبانگێکدا.

گەر بابەتیانە لەسروشتی مرۆڤ بکۆڵینەوە، دەبینین مرۆڤ بەدوی ناوبانگدا پەلکێش دەبێت بەشێوەیەك لەسنورێکدا ناوەستێت، تاچەندە ناوبانگی لەنێو خەڵکیدا زیادبکات، ئەو زیاتر دەکۆشێت بۆپشت ئەستورکردنی ئەو ناودارییەی. ئەمە هۆکاری ئەو دیاردەی خۆش ویستنی ڕابەریە کەلەو کۆمەڵگایانەدا دەیبینین.

هەرکابینیت جەماوەرێك چەپڵە لێدەدەن بۆ ڕابەرێك وبەدوایدا ڕادەکەن، ئەوە بزانە ئەو ڕابەرە ئەستەم دەخولقێنێت لەپێناوی قایلکردنی جەماوەرەکەیدا. ڕابەر فریشتە نیە تالەسروشتیدا لەخەڵکی تر جیاوازبێت، ئەویش وەك هەرکەسێکی تر خوازیاری ناوبانگ وپلەوپایەی کۆمەڵایەتیە، ئەگەر بینی ناوبانگ بەدەست نایەت تەنها لەڕێگەی خزمەتکردنی خەڵکەوە نەبێت، ئەوا چارەیەکی ترشك نابات، بۆیە بەو ڕێگەیەدا دەڕوات.

زۆرجار ئەوانەی بێناگان، وائگومان دەبەن گوایە ڕابەر لەسروشتی خۆیدا ڕاهاتووە لەسەر قوربانیدان...کەلەڕاستیدا ئەم ڕایە دروست نیە.ڕابەرایەتی دیاردەیەکی

کۆمەڵایەتیە، لەکۆمەڵگاوە چەکەرە دەکات وەهەربەویش گەشە دەکات، هەرگیز نابینیت رابەرێك لەکۆمەڵگەیەکدا سەرهەڵبدات کەرێزی نەگرن.گرفتی گرفتەکان لەم کۆمەڵگایانەی ئێمەدا ئەوەیە کەکۆمەڵگەیەکی دووجەمسەرە، لەلایەکەوە رابەری دەوێت کەچی لەلاکەی ترەوە هەستی رێزگرتنی پێویست بۆ سەرهەڵدانی رابەرشك نایات! لێرەدا(واعیزەکانی سوڵتان)دێن وپتر فوودەکەن بەو کەرەنایەدا...

گوتمان واعیزەکان پێوەرێکی نارەحەت وقورسیان بۆرەوشت داناوە کەمەگەر کەسێکی دەگمەن، دەناکەسانی ترنایگەنێ.لەبەرئەوە ئێمە گەر تۆوێك لە تۆوەکانی رابەرایەتی لەکەسێکدا ببینین، دەست بەجێ لەنێو بێشکەکەیدا دەیکوژین.تۆو پێویستی بەچاودێری وسۆز هەیە بۆئەوەی گەشەبکات وببێتە درەختێك سێبەرو سایە بداتە خەڵکی.

لەکۆمەڵگەی ئێمەدا رەخنەگرتن زۆر توندورەقە لەسەر هەموو مرۆڤێك. هەر چەندە ئەومرۆڤە لەخودی خۆیشیدا گەورەبێت. خەڵکی بەهۆی ئەو پێوەرە وردەی بۆ رەوشت دایانناوە، هەرچۆن بیگری ناتەواوی لێدەدۆزنەوە، بەوەش هەستی دەرکەوتن ورابەرایەتی تێدا دەمرێنن.

* * *

لەکۆمەڵگەی دووجەمسەردا زۆرینەی جار رێژەی دەرکەوتنی رابەری بەهێزو لێهاتوو کەم دەبێت، هەر رابەرێك لەوکۆمەڵگەیەدا دەربکەوێت خەڵکی بەمشتومڕو ئاشوب ورەخنەلێگرتن ڕووبەڕوی دەبنەوە...بەردەوام وەعزو ئامۆژگاری خوێندنەوە بەسەریاندا، خەڵکەکەی والێکرد تێڕامانێکی وردو بیرکردنەوەیەکی ئەفلاتۆنی زیادەرۆیان هەبێت، بەکورتی ناتەواوی ولەکە لەهەموو پیاوێکدا دەدۆزنەوە بازۆر بێ لەکەش بێت.

رابەر، بەتەنها پشت بەلێهاتوییەکانی خۆی نابەستێت، بەڵکو وەکو گوتمان، پشت دەبەستێت بەرێزگرتنی خەڵك وهاندانیان بۆ رابەرەکەیان. رابەر لەکۆمەڵگەی دوو جەمسەردا بەرادەیەکی زۆرکەم نەبێت ئیدی نابینێت هانی بدەن یان رێزی لێبگرن!.

ڕابەر نەتەوە دروست دەکات، لەهەمان کاتیشدا نەتەوە ڕابەر دروست دەکات، نەتەوە ناتوانێت لەکەسێکی بێ ئەرزش ڕابەرێك دروست بکات.هەروەك چۆن کەسێکی لێهاتوش ناتوانێت ببێتە ڕابەر لەناو نەتەوەیەکدا کەڕێزی نەگرن.

هۆکارو ئەنجام لێرەدا کارلێکی پێکەوە گرێ دراویان هەیە(بەدەربڕینی زانایانی ئەتۆم) ئەگەر ویستت نهێنی ڕابەرایەتی لەکەسێکدا بزانێت...ئەوا پرسیارێکە سەبارەت بەکەسایەتی ئەوکەسە چۆنەو چۆن نیە...دواتر بپرسە ئایا خەڵکی ڕێزی دەگرن یان نا. ئاسایی، کۆمەڵگەی دووجەمسەر، ناتوانێت کۆدەنگ بێت لەسەر ڕێزگرتنی ڕابەرێك لەڕابەرەکان، چونکە کۆمەڵگەکە ڕەخنەگرێکی زۆر سەیرو نامۆیە، بەجۆرێك گەر لەگەڵ پێغەمبەرانیشدا بژیی، بەدڵنیاییەوە دەڵێم هەڵەو ناتەواوی لێ دەدۆزنەوە.

ڕابەرلەوجۆرە کۆمەڵگەیەدا ناچاردەبێت لەپێناوی بیروباوەڕەکەیدا بمرێت بۆ ئەوەی خەڵك نرخی بزانن!!.چونکە تاکو زیندووبێت خەڵکی بەدرایەوەن وبەدوای ناتەواویەکانیدا دەگەڕێن، سیفات وئاکاری ڕابەرەکە دەپێون بەئاکاری پێغەمبەرە بێ هەڵەکان ولەئەنجامدا بۆیان دەردەکەوێت کەڕابەرەکانیان ناتەواو وعەیب دارن...تەنانەت پێغەمبەرانیش لای خەڵك کاتێك بەبێ هەڵەدانران کەمردن و تەپوتۆزی ڕۆژگارو شەوگار وازی لێهێنان(وەکو کورد دەڵێت شەیتان لەمردو دوور دەکەوێتەوە...وەرگێڕ).

وەعزوا لەخەڵك دەکات زۆر توندوتیژ بن لەڕەخنەگرتن لەخەڵکی تر، چونکە ئەو پێوەرە ڕەوشتییانەی لەواعیزەکانەوە دەیبیستن زۆر بەرزن. لەبەرئەوە ناتوانن ئەو پێوەرانە لەسەرخۆیان جێبەجێ بکەن، بەناچاری پەنادەبەنە بەر پراکتیزەکردنی پێوەرەکان بەسەر خەڵکانی تردا، بەوشێوەیە ڕەخنەکانیان زۆر توند دەبێت.

ئەوان ناتەواویەکانی خۆیان نابینن، دەشتوانن لەبەر ڕۆشنایی پێوەرە وەعزیەکاندا پاساو وبیانو بۆکار وڕەفتارەکانی خۆیان بێننەوە. بەڵام خەڵکی غەیری خۆیان بێت، پاساوی بۆ نیە. هەرلەبەر ئەمەش دەبینین هەندێکیان هەندێکی تریان کافردەکەن وهەندێکی تریان یەکتری دەچەوسێننەوە...ئەم مەسەلەیە لەکۆمەڵگە ئاینیەکاندا زۆر توندوتیژ خۆی دەنوێنێت...لەوجۆرە

کۆمەڵگایانەدا وەعزوئامۆژگاری لەوپەڕی توندوتیژیدایە، بەوپێیەش ڕەخنە لە یەکترگرتن وگەڕان بەدووی ناتەواویەکانی خەڵکدا زۆرترە.

تێبینی دەکرێت خودی واعیزەکان، دەست ڕەنگینن لەڕەخنەگرتندا لەغەیری خۆیان. واعیزەکان ژمارەیەکی زۆر پێوەری ووردی ڕەوشتییان لەبەرکردووە و شەوو ڕۆژ دەیدەنەوە بەگوێی خەڵکیدا. بەڕادەیەک ئەو پێوەرانە وەک چەکێک لە دژی ئەوکەسانە بەکاردێنن کەڕقیان لێیان دەبێتەوە... هەرگوتارێک یان کردارێک لەکەسێکەوە ببینن کەپێچەوانەی وەعزو ئامۆژگاریەکانیان بێت، دەست بەجێ بەلۆمەو نەفرەت لێکردن دادەبارن بەسەریدا. ئیدی ئەوە بابوەستێت کەلەوانەیە جیهاد لەدژی ڕابگەیەنن!! لەسەردەمی منداڵیمدا هاوەڵێکم لەقوتابخانە ناسی کە لەژینگەیەکی وەعزیی زۆر وشکدا گەورە ببوو. سەیرم دەکرد زۆر ڕەخنە لەخەڵکی دەگرێت وکەس لەزاری پارێزراونیە... سەرکۆنەی خەڵکی دەکرد لەسەر ئەوەی وازیان لەئاراستەکاریەکانی ئاین هێناوەو لەخوداش ناترسن... جارێکیان کە ئامۆژگاری گریەئەری ئاوای دەکردین، سواڵکەرێکی کوێری بەدی کردکەلەدوورەوە دەهات... دەستبەجێ مەوعیزەکەیی بڕیو ڕۆشت گۆچانەکەی لەکوێرەکە سەندو کابرای کوێر دەستی کرد بەهاوارکردن... کەسیش فریای نەدەکەوت... لەوانەیە پاساوی بۆ ئەم کارەی ئەوەبێت گوایە شۆخی کردوە... بڕوای تەواوم هەیە بەوەی گەر یەکێکی تر وایبکردایە، ئەو ڕەخنەیەکی زۆر تیژوتوندی لێدەگرت لەسەر ئەو کارە بەدە.

* * *

شیاوی ئاماژە پێدانە کەبڵێین: هەموو مرۆڤێک ناتەواویەکی هەرتێ دایە، هیچ کەس خاڵی نیە لەناتەواوی.. لەدێرەوە گوتراوە: (شکۆمەندی بۆ ئەوکەسەی ناتەواوی تێدانیە - کەئەویش خودایە"وەرگێڕ) ئەمە لەکاتێکدا واعیزەکان بڕوایان وایە پێشینەچاکەکان بێ هەڵەوپەڵە بوون وناتەواویان نەبووە... بەو پێیە دەیانەوێت هەموخەڵکی لەومۆدیلە بن.

کەسێك لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانەی(پێشینە چاکەکان) بکات، دەبینێت ئەوانیش وەکو هەموخەڵکێکی تر هەڵەیان دەکردو ڕژدییان بەیەکتر دەبردوو داوای

ناوبانگیشیان دەکرد، هەروەکو چۆن نوسەری ئەم چەند دێڕە خوازیاری ناوبانگە.
ئەوانیش وەکوئێمە مرۆڤ بوون وخواردنیان دەخواردو لەبازاڕدا دەگەڕان، کەچی واعیزەکان بردونیانەتە ڕیزی فریشتەکان، بۆئەوەی خەڵکی هان بدەن تاکو لە ژیاندا ڕێگەی ئەوان بگرن.

وەکو وتمان، واعیزەکان ئامۆژگاریو وەعزەکانیان بەرزکردۆتەوەو گەیاندویانەتە پەڵەی هەور... ئینجا دەگەڕێنەوە لای پیاوانی(پێشینەچاکەکان)ودایان دەڕنن لە هەموو ناتەواویو لەکەو پەڵەیەک، بۆئەوەی بیانکەنە پێشەنگی خەڵک...ئەوان وەکو چۆن هونەرمەندێک پەیکەرێک دروست دەکات، ئەوانیش ئاوا ئەو پیاوانەیان دروستکردوە، دواتر دێن داوامان لێدەکەن ئێمەش وەکو ئەوان وابین... بەوەش ئامانجێکمان دەخەنە بەردەم کەهەرگیز بەدەست ناهێنرێت.

کاتێک ڕابەرێک لەنێوماندا دروست دەبێت، دەبینین شیاوی ڕابەرایەتی نیە، چونکە ئێمە بەراوردی دەکەین بەوپێشەنگە خەیالیەی کەواعیزەکان بۆیان دروستکردوین.

ڕابەر پێویستی بەڕێزێکی کۆمەڵایەتی هەیە تاکوبتوانێت هەستێت بەئەنجامدانی پەیامەکەی. ڕابەر تەنها بەپشت بەستن بەکەسایەتی خۆی ناتوانێت هەستێت بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕابەرایەتی...خەڵکی لەکاتێکدا ڕێزی ڕابەرێک دەگرن، سەرلەنوێ دروستی دەکەنەوە. لەبەرئەوە دەبینین ڕابەرە بەهێزو تواناکان لەو کۆمەڵگەیانەدا بەدەردەکەون کەئەزعەی ڕێزگرتن تیایاندا بەهێزە.

هەرکەس بەراوردی عێراق بکات بەوڵاتە ڕۆژهەڵاتیەکانی تر، دەبینێت لەڕابەری بەناوبانگ بێ بەشە. بەجۆرێک لەوجۆرە ڕابەرانەچۆڵ وهۆڵە، کەچۆڵیەتیەکەی سەرنج ڕادەکێشێت...ڕابەری دڵسۆز تیایدا لەدوای مردنی نەبێت ڕێزی لێ ناگیرێت...ئیدی لەوساتەدا دەچێتە نێو لاپەرەکانی مێژووەوەو ڕۆژگارناتەواوی و عەیبەکانی لەبیردەباتەوە.

وەڵێ لەسەردەمی ژیانیدا خەڵکی لەهەموولایەکەوە نەشتەر وتانەی لێدەدەن، بەلێشاو لۆمەی دەکەن وباسی ناتەواوی وکەم وکورتیەکانی دەکەن.

واعیزەکان جۆرە ڕەفتارێکیان بۆمان داناوە کەلەسەروی بەدەستهێنانی مرۆڤەوەیە. بەوجۆرەش وازیان لێهێناوین تاکوبەدوای ئەوجۆرە ڕەفتارەدا ڕابکەین وەك کەسێك بەدوی تراویلکەدا ڕادەکات.
یەکێك لەودیاردە سایکۆلۆژیانەی کەسەرنج ڕادەکێشن ولەو کەسانەدا بەدی دەکرێت کە کەسایەتیەکی دووجەمسەریان هەیە، بریتیە لەوەی گەر کەسێکیان خۆش ویست ڕێزی ناگرن وڕێزی هەرکەسێکیشیان گرت خۆشیان ناوێت، واتە جیاوازی زۆرهەیە لەنێوان خۆشەویستی خەڵك وڕێزو نواندنیاندا.
(میکاڤیلی) وەسفی کۆمەڵگا دووجەمسەرەکەی خۆی دەکات کەتاڕادەیەکی زۆرلەم کۆمەڵگەیەی ئێمە دەچوو،دەڵێت:(دەگونجێت بەشێوەیەکی گشتی بڵێین مرۆڤ زمان تیژ ودووڕوە، ڕقی لەجوانیە، قازانجی خۆش دەوێت وڕقی لەمەترسییە... تاچەندە قازانج وسودی پێ بگەیەنیت شوێنکەوتەی تۆیە، لەپێناوی تۆدا خوێن و گیان وسامان و زاڕۆڵەکانی دەبەخشێت... ئەو ئەمیرەی کەتەنها پشت بەقسەی خەڵك دەبەستێت...تێك دەشکێت، ئەودۆستایەتیەی کەبەکڕین دەستی دەکەوێت، زۆرنامێنێتەوە...لەوانەیە لەچرکەیەکدا هەڵگەڕێتەوە بەسەریدا)(١).
هەر(میکاڤیلی) دەڵێت:(ناڕەحەتە ئەمیرلەیەك کاتدا سڵ لێکراوو خۆشەویست بێت...گەرسەرپشك کرایت لەنێوان ئەوەی سڵ لێکراو بیت و ڕقیان لێت بێت یان خۆشیان بوێت وبەسوك سەیرت کەن، چاکترە ڕێزداریەکە هەڵبژێریت نەك خۆشویستنەکە...خەڵکی سڵ ناکەنەوە لەوەی ئازاری خۆشەویست بدەن...بەڵام کەسێك سڵی لێبکەنەوە، ناوێرن ئازاری بدەن...سڵ لێکردنەوە ترسی سزای بە دواوەیە...ئەمەش مەسەلەیەکە ڕێگەیەك نیەبۆ دەربازبونی لێی) (٢).
هەرکەس ئەم وەسفەی(میکاڤیلی )بخوێنێتەوە، هەست دەکات وەسفی بۆ خەڵکی عێراق دەخوێنێتەوە...لێرە زۆرجار دەبینین خەڵك یەکێکیان خۆش دەوێت و ڕێزی لێناگرن...بەڵکو گاڵتەی پێدەکەن وپێی پێدەکەنن، یاخود قسەی هەڵیت و پڵیتی ئاراستە دەکەن بۆئەوەی لەپلەوپایەی کەم بکەنەوە...
هەر مرۆڤێك هەست بەڕێزوکەرامەتی خۆی بکات، پێی باشە سڵ لێکراوو بەڕێزبێت لەنێو خەڵکیدا، نەك خۆشیان بوێت وڕێزی لێنەگرن. لەکۆمەڵگە

پێشکەوتووەکاندا پەیوەندیەکم بەدی کرد لەنێوان خۆشویستنی کەسێك و ڕێز گرتنیدا...لەوکۆمەڵگایانەدا گەریەکێکیان خۆشویست ڕێزی دەگرن ویادی بەرز رادەگرن، وەڵێ لەکۆمەڵگەکانی ئێمەدا لەوانەیە پێچەوانەی ئەم قسەیە ڕاست بێت. هۆی ئەمەش بەبڕوای من، لەوئێزدیواجەوە سەری هەڵداوە کەلەنێو کەسایەتیماندا ڕۆچووە...ئێمە لەوڕەفتاروکردارەماندا دەشتەکێن و، لاوازُ بەسوك سەیردەکەین و ڕێزُ لەبەهێزدەگرین...بەلام لەبیروبۆچوونماندا ئەفلاتۆنێن وباس لەنموونە باڵاکان دەکەین....ئێمە ئەگەر یەکێکمان خۆشویست دڵمان لەگەڵیەتی وشمشێرەکانمان لەدژیەتی...ڕێزی هەرکەسێکمان گرت ئەوا ئەوکەسە ستەمکارو داپڵۆسێنەرە... بۆیە بەدڵ ڕقمان لێی دەبێت وبەدەم ڕێزی دەگرین.

شاردراوەنیە کەلەعێراقدا چەندین سەردەمی ستەم وداپڵۆسین وتوندتیژی یەك لە دوای یەك هاتوون...لەبەردا وڵاتەکەمان بە( ڕێگەی فەتحکاران) ناسرابوو، کەمن پێم وایە ئێستەش وەکوجاران ڕێگەی فەتحکەرانە.

بەهۆی ئەوەوە ڕاهاتوین لەسەر ڕێزگرتنی بابای زاڵ دەست، ئیدی هەر ڕەنگ و جۆرێکی هەبێت...شمشێرو قامچی بەهەمیشەیی زاڵ بوون بەسەر باوباپیرانی ڕەحمەتیمانەوە...هەرکەسێکیشیان بوێربوبێت وقسەی بەبێ ترس کردبێت، ئەوا کەوتۆتە ژێر بەزەیی شمشێرو قامچیەوە، دوایش بەرەو دۆزەخی هەمیشەیی بەڕێ کراوە.

بەتێپەڕینی وەچەکان، لەو وڵاتەدا هیچ کەس نەماوەتەوە، جگە لەوانەی دوو جەمسەرو دوو ڕووبوون، ئەوە نەبێت کەڕێزی کەسێکی گرتووە کەخۆشی نەویستوەو کەسێکی خۆش ویستوە کەڕێزی نەگرتووە.

واعیزەکانیشمان خوا لێیان ببورێت، ئێوارەوبەیانی نزای تەمەن درێژی بۆ شمشێر وشەللاق بەدەستەکان دەکەن.بەستەمکار نەڵێن چاکت کرد وبە ستەملێکراو نەڵێن خراپت کرد.ئامۆژگاری خەڵکیان دەکرد هانا لەدەست ستەمکار نەکەن، چونکە بەبڕوای ئەوان ستەم بەهۆی کردەوەی خەڵکەوە هاتۆتە سەریان و، بەدنیازیشیان بەرەکەت و پیرۆزی تێدا نەهێلاون. خەڵکیش لەسەر نیازی خۆیان دەژین.

نکولی ناکرێت لەوەی سەردەمی عوسمانیەکان لەمێژوی ئەم وڵاتەدا توندوتیژ ترین سەردەم بوو لەڕوی ناچیزەیی ودابلۆسینەوە. لەو سەردەمەدا وڵات دوچاری وێران بونێك هات کەتەنانەت دز وپیاوکوژو خوێنڕێژانیش گاڵتەیان پێ دەکرد. کەچی هێشتر دەمانبینی واعیزەکان لەدوای هەروتارێکەوە دەستیان بەرز ئەکردەوە ونزایان دەکرد تاکو خودا ئاین ودەوڵەت پێکەوە سەربخات...

لەپێغەمبەرەوە(دروودی خوای لێبێت)دەگێڕنەوە کەفەرمویەتی: جنێو بەوالیەکان مەدەن، چونکە ئەوان ئەگەر چاکەیان کرد پاداشتیان هەیە و، ئێوەش سوپاس کردنتان لەسەرە. ئەگەرخراپەشیان کرد ئەوا گوناهیان کردوەو، ئێوەش ئارامگرتنتان لەسەرە...بەڵکو ئەوانە تورەیی وسزایەکن خودا سزای ئەوانەی پێدەدات کەخۆی دەیەوێت...)هەتا دەڵێت:(فلا تستقبلو نعمةاللة بالحمية و الغضب، واستقبلوها بالاستكانة والتضرع).(٣)

پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێبێت)کە دەفەرموێت:(جنێو بەوالیەکان مەدەن و بەقین وتورەییەوە ڕوویان تێ مەکەن)مەبەستی ئەو والیانەیە کەبەشەرافەتی خۆی داینـاون ودەست نیشانی کردوون وسەرپەرشتی ڕاهێنانیانی کردوە...بەڵام واعیزەکان ئەیانەوێت ئێمە ملکەچی هەموو والیەك بین، ئیدی چەندە ستەمکاریش بێت...بیریان نیە بەلای ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەرەوە(دروودی خوای لێبێت) کە دەفەرموێت:(گوێڕایەڵی وەدیهێنراو مەکەن لەمەعسیەتی بەدیهێنەردا)...ئەو واعیزانە شتێکیان لەبەرکردوەو پاراستویانەو لەولاتر چەندین شتی تریان لەبیر چووە.

وەك ئەوەی کومساییان بەوفەرموودەیە نەهاتبێت، ئەم ڕیوایەتەشیان بۆپاڵپشتی بۆچونەکانیان هێنایەوە: تەبەرانی لەئەبی دەردانەوەو ئەمیش لە پێغەمبەرەوە (دروودی خـوای لێبێـت)دەگێڕێتەوەکـەخودا فەرمویـەتی(مـن خـودام وهـیچ پەرستراوێك نیە جگەلەمن، خاوەنی ملکم، خاوەنی دڵانم، دڵی پادشایان لەدەستم دایە، بەندەکانم ئەگەرگوێڕایەڵم بن، دڵی پادشاکانیان دەگۆڕم بۆ بەزەیی و ڕەحمەت، وەئەگەر بەندەکان ملکەچم نەبن دڵی پادشاکانیان دەگۆڕم بۆتورەیی و ڕق تاسزای بەدیان بدەم...خۆتان سەرقاڵ مەکەن بەنزاکردن لەپادشاکان، بەڵکو

خۆتان سەرقاڵ بکەن بەیادکردنەوەی خوداو نزیك بونەوەلێی، کەواتان کرد خودا دەستی پادشاکانتان لیٚ بەدوور دەگرێت) اوکما قال(٤).

بەوجۆرە ناچارکراوین ڕێزبگرین لەستەمکار وتاغوتان وتەنانەت هۆنراوەی ناسکیش بەشان وباهویاندا بهۆنینەوە...ڕێزیان دەگرین بەڵام خۆشمان ناوێن... ئەم خوە بنجی داکوتاوە تیاماندا‌و ناتوانین لێی دەربازبین.

ئەگەر ڕابەرێکی دڵسۆزتیاماندا سەری هەڵدا، خۆشمان دەوێت بەڵام لێی ناترسین وڕێزی ناگرین.چاوەڕوانی خراپەی لێناکەین چونکە لەژێر دەستماندایە... ئێمە بەوکردەوەیە حەزی قوربانیدانی تێدا نابزوێنین، ڕابەر پلەی کۆمەڵایەتی دەوێت، چ سودێکی هەیە بۆی گەرخەڵکی پێی بڵێن(ئافەرین، بارك الله فيك)بەڵام لەهیچ شتێکدا پشتگیری نەکەن وهیچ ئەرکێکی بۆ ڕانەپەڕێنن.

* * *

ئێمە ڕاهاتوین لەسەرئەوەی لەخاوەن هێزوستەمکاران نزیك ببینەوە. لەسەردەمی باوباپیرانماندا نزیك بوونەوە لەستەمکاران تاکە ڕێگەی مانەوە بووە لەژیاندا... ئێمە ڕێزی ئەوکەسە دەگرین کەتوانای هەیە خراپە بکات..بەڵام کەسێك چاکەکار بێت، هیچ زیانێکی نابێت ئیدی پێویستیش نیە ڕێزی بۆبنوێنین.

یەکێك لەهۆنەرەکان دەڵێت:

اذا انت تنفع فضرفإنما            يراد الفتى كيما يضرورينفع

هۆزانڤانێکی تردەڵێت:

اذا لم تكن ذنباعلى الارض اجردا            كثيرا الاذى بالت عليك الثعالب

شاعیرێکی تردەڵێت:

ومن لم يذد عن حوضه بسلاحه            يهدم ومن لايظلم الناس يظلم

ئەم چەند کۆپلەیە لەشیعری عەرەبیدا، بونەتە نمونەو دەماودەمیان پێ دەکرێت، زۆربەی نموونەو پەندەکانیش لەو بەهاو پێوەرە ڕەوشتیانەوە سەر هەڵئەدەن کەلە کۆمەڵگادا بونیان هەیە.

هاتنی یەك لەدوای یەکی تاغوتان بۆنێو ژیانمان، وایکردووە مرۆڤە خێرەوەمەندو چاکە ویستەکان لامان بێ ئەرزش بن و ڕێزلەمرۆڤی شەڕەنگێز بگرین... بەوەش گەورەترین خەسڵەتمان لەدەستداوە کەمرۆڤ شانازی پێوە دەکات وبریتیە لە پاڵنەری دەست خۆشانەی کۆمەلایەتی...ڕێزی کەسە دڵسۆزەکانمان پشتگوێ خستوە، بۆیە دەرکەوتنی کەسانی دڵسۆز لەناوماندا کەم بوەتەوە.

کەسێك لەئێمە بوێرێت قسەیەکی هەق بکات، لەئەنجامی ئەو قسەیەدا ئازارێکی بەردەکەوێت، تەنانەت دەبینیت خەڵکی چواردەوری دەگرن ودەست دەکەن بەلۆمە وسەرکۆنەکردنی. پێی دەڵێن: چیت بەسەرهاتوە؟ تۆشێتیت!!...ئەویش هەست دەکات ڕێگەی سەلامەتی وبێنوەیی باشترە بۆی لە قوربانیدانێك کەلۆمەی لۆمەکارانی بێنێتە سەر.

مرۆڤ، مرۆڤە لەهەر کات وشوێنێکدا بێت، هەرکات بینیتان لەولاتێك لەولاتاندا ڕابەرێکی دڵسۆز بەدەرکەوتووە.ئەوا بزانن لەو ولاتەدا جەماوەرێکی زۆر هەیە کە بەپیرۆزی دەزانن وچەپڵەی بۆلێدەدەن ولەسەرشانیان هەڵی دەگرن... دەڵێن: (گاندی) ڕابەرێکی مەزن ودڵسۆزبوەو داوا لەخواش دەکەین کەڕابەرێکی وامان پێ ببەخشێت.

لەڕاستیدا (گاندی) تەنهابەدڵسۆزی خۆی ئەو ڕابەریەی بەدەست نەهێنا، بەڵکو ملیۆنەها(هندی) هەبوون ئەویان پیرۆزکردبوو، تەنانەت خەریك بوو دەیان پەرست، تاچەندە تاغوتان فشاریان لەسەر دابنایەو زۆریان بۆبهێنایە، جەماوەرەکەی پترپێی سەرسام دەبوون وئەویش زیاتر باوەڕو دڵسۆزی بۆ ئارێشەکەی زیادی دەکرد.

"گاندی" ئەوبەختەشی باش بووکە لەونێو عەرەبدا لەدایك نەبوو...ئەگەر ئەو پیاوە ناشیرینەی کەلەمەیمون دەچوو لەنێو ئێمەدا بژیایە، تێرمان دەکرد لەتەشەر لێدانی...لەوانەیە پیسایمان فڕێبدایە بەسەریاو دوایی پێی پێکەنینایە!!.

ئێمەڕاهاتوین لەسەر ڕێزگرتنی ستەمکاران...لەدنیاشدا جگەلەوستەمکارانە کەسی ترمان دەست ناکەوێت تاکو ئەوخوە بۆگەنەمان نەگۆڕین.

* * *

"یەزیدیەکان" دەستیان کرد بەپەرستنی شەیتان و وازیان لەخودا هێنا، لەمەشدا بەڵگەیان ئەوەیە کەدەڵێن: خودا بەسروشت چاکەی لێ خۆش دێت ئیتر پێویست ناکات رازی بکرێت یاخود بپەرسترێت، بەڵام شەیتان ناچارکراوەو لەسەر خراپەکاری دروست کراوە، بەوپێیە ئەو لەبەرترە بۆ پەرستن ورازی کردن، بەڵام بە بۆچوونی ئەوان. ئێمە گاڵتە بەم بیروباوەڕەی یەزیدیەکان دەکەین، بەڵام نازانین کە هەموومان یەزیدین وبەخۆمانمان نەزانیوە.

* * *

رابەری دڵسۆز لەپێکهاتەی کەسایەتیدا جیاوازی نیە لەرابەرێکی تاوانباری ناچیزە، هەردوکیان یەك سروشتیان هەیە کەبریتیە لەسروشتی (مرۆڤ). مرۆڤیش بەسروشت خود پەسەندە، خۆیی خۆش دەوێت ودەکۆشێت بۆ بڵندکردنی پلەو پایەی خۆی، لەم رووەوە جیاوازی نیە لەنێوان کەسێکی چاك وکەسێکی گەندەڵ وخراپدا... بەرژەوەندی تایبەت سەرمەشقی هەموانە، بەرژەوەندی گشتیش بە شێوەیەکی لاوەکی دێتە گۆڕێ.

کەسی باش ئەوکەسەیە بەخت یاوەری بووە کارێکی دۆزیوەتەوە لەیەك کاتدا خۆی چێژی لێ دەبینێت وسودیش بەخەڵك دەگەیەنێت... ئەو بەدوی بەرژەوەندی خۆیدا وێڵە، بەڵام بەختی وای هێناوە بەرژەوەندیەکەی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا یەك دەگرنەوە. رابەر هەوڵ بۆبەرزکردنەوەی خۆی وبەدەست هێنانی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی دەدات. خزمەتی نەتەوەکەی دەکات وتیایدا دەتوێتەوە، بەوەش ناوبانگ وپلەیەکی دەست دەکەوێت. کەواتە شادومان دەبێت کەدەبینێت کەسێکی کارایەو، لەیەك کاتدا سود بەخۆی ونەتەوەکەیشی دەگەیەنێت... چونکە جیاوازی وناتەبایی نابینێت لەنێوان بەرژەوەندیەکانی خۆی وبەرژەوەندیەکانی نەتەوەکەیدا.

ئەم مەسەلەیە تەنها پەیوەندی بەرابەرەوە نیە. بەڵکو پەیوەندی بەهەموو هاولاتیەکی ئاساییەوە هەیە کەکارێك بکات وخزمەتی خۆی وخەڵکیش بکات... هەرکەس دەستی ڕەنگین بێت لەهونەردا یان لەزانست وپیشەسازیدا کەم یان زۆر دەچنە نێو ئەوچوارچێوەیەوە... داهێنەرێك کەشەونخونی دەکێشێت لەپێناوی

دۆزینەوەو داهێنانێکی نوێدا، بەوکارەی سود بەخۆی وخەڵکی دەگەیەنێت... هەروەها(نوسەرێك وهونەرمەندێك وبازرگان وتوێژەرو ئەندازیارو نوژدارو فێرکار...هتد)بەهەمان شێوە، هەر یەکێك لەوانە کاردەکەن وسود بەخۆیان و کۆمەڵگەکەشیان دەگەیەنن. کۆمەڵگەی چاکەکار ئەوەیە کەئەوجۆرە کەسانەی تێدا زۆربێت...وەڵێ کۆمەڵگە گەندەڵیش ئەوەیە کەناتوانێت بەرژەوەندی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بەرژەوەندی زۆرێك لەرۆڵەکانیدا، بەوجۆرەش تاوانبارو بەدکردارو رژدەکان تیایدا زۆردەبن.

*   *   *

گەرلەسایکۆلۆژیەتی ڕابەرێك لەڕابەرەکان بکۆڵینەوە، دەبینین بەجۆرێکی سەیر لە خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا نوقم بووە...هەندێك بێ ئاگا وادەزانن ئەم هەستی خزمەتکردنە بەشێوەیەکی سروشتی لەناخی بابای ڕابەردا چێنراوە... لەڕاستیدا لەسەرەتاوە ڕابەر هیچ جیاوازی نەبوە لەگەڵ کەسێکی ئاساییدا. چونکە وەکو هەر کەسێکی ئاسایی لەسەرەتاوە ژیانی دەست پێدەکات وبەدوای ڕۆزی وپلەی کۆمەڵایەتیدا وێڵە...بەڵام لەوانەیە ڕۆژێك لەڕۆژان جموجوڵێکی کۆمەڵایەتی سودبەخشی لێوە دەردەکەوێت وپێدەچێت بەڕێکەوتیش بێت، یان بەئەنقەست و بەبێ ویست بێت...بەخت وشانسی وادەخوازێت خەڵکی کارەکەی ئەویان پێ باشەو دەبێتە جێگەی ڕێزی خەڵك وبەمەش هەست بەهاندان دەکات وپشت ئەستورتردەبێت(بۆکردنی کاری تری هاوشێوەی ئەوکارەی کە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە –وەرگێڕ).

هەرچەندە خەڵکی پتر ڕێزی بگرن، دڵگەرمی ئەو زیاد دەکات لەدڵسۆزی و خزمەتکردندا، مەسەلەکە لەوە تێناپەڕێت کەکارلێکی نێوان کردەوەی تاك و ڕێز گرتنی کۆمەڵگەبێت... تاك پتر کاردەکات وکۆمەڵگەش پتر ڕێزی دەگرێ...ئەمەیە کەئەمڕۆ بە(هۆکارگەرایی خولی–السببیە الدوریە) ناوزەدکراوە... ئەوهۆکارەی کە (ڕابەر)دروستدەکات تەنها لەکەسێتی خۆیەوە سەری هەڵنەداوە وەك چۆن بەتەنها لەسروشتی کۆمەڵگاوەسەری هەڵنەداوە،بەڵکو لەبەرەنجامی کارلێکی نێوان(کار)ی ڕابەرەکەی و(پەرچەکدار)ی کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات.

ڕابەری دڵسۆز قوربانی دەدا بەوەی بەنرخە لەلای لەپێناوی خزمەتکردنی خەڵکیدا بەگشتی...دەبینیت شەونخونی دەچێژێت وچەوساندنەوەو ئازاردانی دێتە ڕێ و گوێی پێ نادات...وەك ئەوەی لەقوڕێك دروستکرابێت جیاوازلەو قوڕەی مرۆڤی تری پێ دروستکراوە...ئەوانەشی سەرنجی دەدەن وادەزانن کابرای ڕابەر" هەست بەخود"ی خۆی ناکات وبەرژەوەندی خودی خۆیی مەبەست نیە. لەڕاستیدا خودی ڕابەر ئاوێزانی خودی کۆمەڵگە بووە...بەگوزەرکردنی ڕۆژگار هەست بە بەرژەوەندی گشتی دەکات وکاری بۆ دەکات، وەك ئەوەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بێت.

"ڕابەر"خۆیی لەبیرنەچوە وەك هەندێ گومان دەبەن، بەڵکوخۆیی خۆش دەوێت و هەوڵ دەدات بۆگەشەپێدانیشی، لەم ڕووەوە لەخەڵکی تر جیاواز نیە....تەنها ئەوەندە هەیە" خودی ڕابەر" هێندە گەورە بووە تاکو هەمووخەڵکی گرتۆتەوە!.

هەر"ڕابەرێك" ببینێت هوتافی بۆدەکێشن وخۆشیان دەوێت وتیایدا تاوانەتەوە، هەست دەکات بوەتە پێشەنگێکی زیندوی خەڵك، بۆیە هەست بەبوونێ خۆی بە شێوەیەکی تاك وجیا لەرخەڵکە ناکات...خەڵکی دەچنەنێو قوڵاییەکانی بونیەوەو دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لەکەسایەتی وی.

* * *

کابرای تاوانبار کەبەکردەوەکانی زیان لەخەڵکی دەدات، بۆبەدبەختی وبێ شەنسی، بەرژەوەندیەکانی پێچەوانەبوون لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا.

ئەویش وەکو "ڕابەر"ەکە لەسەرەتاوە کەسێکی سادەیەو هەوڵ بۆخۆی دەدات و سەرگەرمی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانێتی...بارودۆخی دەرونیی وکۆمەڵایەتی ئەو،پاڵی پێوەدەنێت بۆهەستان بەکارێکی زیانبەخش، ئیدی خەڵکی بەچاوی سوکایەتیەوە سەیری دەکەن. تاکو خەڵکی بەسوکتر سەیری بکەن ئەو زیاتر ڕۆ دەچێت لەتاوانکاریدا...فاکتەری "هۆکارگەرایی خولی" کاریگەری تەواوی هەیە لە دروستکردنی کەسێتی ئەم تاوانبارەدا وەك چۆن کاریگەری هەیە لەدروستکردنی کەسێتی کابرای ڕابەردا.

ئەویان بەرزدەبێتەوەو ئەمیان دادەبەزێت، لەدیدی خەڵکیشدا جیاوازی زۆرە لە نێوان بەرزبونەوەو دابەزیندا، لەزانستی کۆمەڵناسیدا سەلمێنراوە تاوانکاری لە نێوان هەژاروچەوساوەکاندا پترە... رێژەی تاوان لەنێو ئەواندا زۆر زیاترە لە رێژەی تاوان لەنێو خۆشگوزەرانەکاندا.

هەژار هەرلەمنداڵیەوە ناچارە کارێکی سەخت بکات تاکو یارمەتی باوک دایکی بدات لەپەیداکردنی بژێویدا... بەدرێژایی کاتژمێرەکانی رۆژ، لەبەرقرچەی گەرماو کرێوەی سەرمادا کاردەکات، لەکاتی کارکردندا کەمێک نەبێت ناتوانێت بحەوێتەوە.

لەوساتەدا هەست دەکات بەرژەوەندی تایبەتی پێچەوانەی بەرژەوەندیە گشتییەکانە. نەریتی کۆمەڵایەتی دەیسەپێنێت بەسەریدا کەرەنجەدربێت و تەمبەڵی وتەوەزەل لاوەنێت... وەڵ سروشتی خۆی هەڵی دەنێت بۆخۆدوزینەوە و مراوەغە، بەڵکو لەوەدا کەمێک حەوانەوەی دەست بکەوێت.

دەبینیت ئەم مرۆڤە فێڵبازدەردەچێت، هەرکە چاودێرەکەیی لێ دووردەکەوێتەوە ئەوەندە نابات دەبینی (کات یا پارەوپول) یێکی رفاندوە کەبۆی حەلاڵ نیە... نارەزوی لە(دزی و دەست درێژیو درۆو روپایی و...هتد)ە، بەڵکو بەو شێوەیە بتوانێت بەشێک لەرکارەسەختە لەسەرخۆی لابات کەفەرزکراوە بەسەریدا... بەو جۆرە بەرژەوەندییەکانی بەپێچەوانەوە دەبینێت لەگەڵ ئەوسیفەتە جوانانەی"وەک ئینساف وسەراحەت" کەدەبوا تیایدا رەنگیان بدایەتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، مرۆڤ بەرلەوەی بەرژەوەندی خەڵکی بوێت بەرژەوەندی خۆیی گەرەکە... هەرکەبینی ئەو دوو بەرژەوەندیە پێچەوانەن، بەرژەوەندی خۆی هەڵدەبژێرێت وبەرژەوەندی خەڵک پشتگوێ دەخات، مرۆڤی بەدوگەندەڵ لەم خەسڵەتەدا وەکو مرۆڤی چاکەکار وایە... جیاوازییان تەنهالەوەدایە کە یەکێکیان وارێکەوتوە بەرژەوەندیەکانی بگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا. کە هەوڵی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی داوە خەڵکی گومانیان وابوە کەلەپێناوی ئەواندا دەکۆشێت، بۆیە رێزیان لێناوەو سودیان بەم گەیاندووە ئەمیش سودی بەوان گەیاندوە.

کابرای خراپەکاری داماو، بێکاریی سەختی پێکراوە...بەخۆی دەخوازێت کارەکەی بۆ بگۆڕن یان کەمێکی لێ لابەرن وسوکی بکەن...خەڵکی گوێ بۆئەم داواکاریەی ڕانادێرن. بۆیە ئەویش ناچارە چاو ڕاوبکات.دزی ودەست درێژی بکات، لەپێناوی ئەوەدا کەمێك لەوکۆڵە لەسەرخۆی سوك بکات کەخەڵکی سەپاندوویانە بەسەریدا. واعیزەکان هەوڵ دەدەن تەنها بەقسە ڕەوشتی خەڵکی چاك بکەن، ئیدی نازانن ڕەوشت بەرەنجامی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییە. واعیزەکانمان پێیان وایە ڕەوشت هۆکاری ئەو بارودۆخانەیە...نەك بەرەنەنجامی بێت...بۆیە دەیان بیستین دەڵێن: "ڕەوشتی خۆتان بگۆڕن، بارودۆخەکانیشتان دەگۆڕێت". ئەگەر هەق بێژو دادگەربوبان پێچەوانەی ئەو قسەیەیان دەکرد...چونکە گەر بارودۆخی ژیانی خەڵکی بگۆڕێن، ئاسایی ڕەوشتیان دەگۆڕێت.

گەرکۆڵی ڕەنج وناڕەحەتی لەئەستۆی خەڵکی بەرزبکەینەوەو لایبەرین وایان لێبکەین هەست بکەن بەوەی بەرژەوەندیەکانیان هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگادا، ئەوا دەبنە هاوڵاتی چاك و وازلەخراپەو تاوانکاری دێنن.

"تۆماس بین" دەڵێت:(هەژاری تەحەدای هەموو چاکەکاری ونارامییەك دەکات، چونکە سیفەتی هەژاری پلەیەکی بەرزی وا لەتێکشکان لەناخی خاوەنەکەی" کابرای هەژار"دا دروست دەکات، کەهەموو شتێك لەبەردەمیدا ڕادەماڵێت. جگە ئەم بنەمایە هیچی تری لەلانامێنێت کەدەڵێت: ببە....یان مەبە...).

گرفتی واعیزەکانی لەمەڕخۆمان ئەوەیە دەیانەوێت ڕەفتاری مرۆڤ ڕاست بکەنەوە تەنهابەوەی پێیان دەڵێن:وابەو...وامەبە...وەك بەدەست بیشێلن وبیگونجێنن.. دەبینین داوا لەخەڵکی دەکات لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا قوربانی بدەن بە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان... لەبیریان چووە کەبەرژەوەندی تایبەت بناغەی سروشتی مرۆڤە...جانەگەر بەرژەوەندیە تایبەتەکانی پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی بوون ئەوپێچەوانە بونە سەردەکێشێت بۆکەندەڵیەك کەچارەسەری نیە.

واعیزی چاك ئەوکەسەیە کەبانگەشە دەکات بۆگرنگیدان بە بەرژەوەندییە تایبەتیەکان ونزیك کردنەوەی بەرژەوەندی گشتی لێیانەوە.

کۆمەڵگەی سەرکەوتوو ئەوکۆمەڵگەیە کەناستی بەرژەوەندییەکانی دادەبەزێنێت بۆناستی بەرژەوەندیەکانی تاك. هەرکۆمەڵگەیەك بیەوێت تاکەکانی واز لە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان بێنن.ئەوا بزانە ئەوکۆمەڵگەیە شکست خواردوو فاشیلە.

ڕۆژێکیان گوێم لەواعیزێکەوەبوو لەڕادیۆوە ئامۆژگاری گوێگرە بەڕێزەکانی دەکردو دەیگوت:" باوەڕدار هەست بەهەژاری ناکات، باوەڕەکەی لەوناستە زیاتر بەرزی دەکاتەوە کەهەست بەو شتە پوچانە بکات".

ئەوەم بەخەیاڵدا دێت باوەڕی ئەم واعیزە لەباوەڕەکەی"هارونە ڕەشید" دەچێت، ئەویش پێداویستیەکانی بەدەست هێنارو خۆیی تێرکرد" بەفەرمانی خوا"!!...ئامۆژگاری سوڵتانەکان دەکات ئەوانیش هەرچی بەتام وچێژبێت دەیڕێژن بەسەریدا وەك پلەوپایەو پارەپول...دەبینێت سودێکی زۆری لە باوەڕەکەی وەرگرتوە وچاکەوخێری دنیاوقیامەتی دەست کەوتووە...دوای ئەو هەموو خێروبێرەی بەهۆی باوەڕەکەیەوە دەستی کەوتووە، دێت داوای ئەوە لە ئێمەومانان دەکات، هەژاری ونەداری لەبیرخۆمان بەرینەوە چونکە بڕوادارین. بڕوای تەواوم هەیە بەوەی گەرئەویش هەژاربوایە "پەنابەخوا" دەبوە زەندیق !. ئەبوزەڕی غەفاری دەڵێت:"سەرسامم لەوکەسەی ڕۆژی شك نابات لە ماڵەکەیدا،چۆن نایەتە دەرێ وشمشێر لەوخەڵکە هەڵناکێشێت !!(٥)

لەوانەیە مەبەستی "ئەبوزەڕ" لەوقسەیە ئاماژەدان بێت بەتراژیدیای هەستکردن بە جیاوازی لەنێوان بەرژەوەندی تاکی "هەژار"وبەرژەوەندی گشتیدا، کەلەدەرونی هەژاردا دروست دەبێت...بابای هەژار ناچارە بەوەی بخوات وخۆی تێربکات. ئەم ناچاریە هانی دەدات بۆ بوێری وخراپەکاری...هیچ گوێ نادات بە بەرژەوەندی گشتی مادامێك بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لەبەردەم هەڕەشەدا بێت.

"ئەبوزەڕ" ڕای ئەو هاوڕێیەمانی نیە کەگوتمان لەڕادیۆوە بەوجۆرە ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد، باوەڕدار، لای ئەبوزەڕ، ئەگەر هەژارکەوت کوفردەکات...بەڵام ئەو واعیزەی هاوڕێمان لای وایە ئەگەر هەژار کەوت ڕۆژو دەگرێت ونوێژدەکات، بەمەش ئازارەکانی لەبیردەکات وخەڵکیش ستایشی دەکەن.

# پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

١)بڕوانە:.machiavelli, the prince and the discorses,p61

٢) بڕوانە: هسپ.

٣) بڕوانە: ابو يوسف، كتاب الخراج، ل ١١.

٤) بڕوانە: زين الدين الحدادي، الأتحافات السنية، ل ٩٧.

٥) بڕوانە: خالد محەمەد خالد، من هنا...نبدا، ل ١٠٠.

# بەشی چوارەم
## گرفتی پێشینە چاکەکان (السلف الصالح)

واعیزەکـان دەیانـەوێت بمانگێڕنـەوە بۆسـەردەمی سـەرەتای ئیسلام..هەمیشە ئامـاژە دەکـەن بەموسـوڵمانە یەکەمینـەکان ودەڵێن:"سـەیریان کـەن..بەڕاستی شوێنی حـەق کـەوتن وسـەرکەوتن..ئێمەش هیچمان لەبەردەمانیە ئەوە نەبێت هـەنگاوەکانی وان بەوردەکاریەکانیـەوە هـەڵگرین بـۆ ئـەوەی وەکـو ئـەوان سەربکەوین".

بێگومـان ئەمـە لـۆژیکێکی نادروسـتە، چـونکە موسـوڵمانە یەکەمینـەکان کـە سەرکەوتن،هێندەی نەبرد شکستیان هێنا..ئێمەش تەنها پێویستە لەهۆکارەکانی سەرکەوتن وشکست هێنانیان بکۆڵینەوە تاکو پەندو وانەی لێ وەربگرین.

هـیچ بزاڤێکـی کۆمەڵایـەتی نیەکە سـەردەکەوێت ئیللا شکست دێنێت بـەدوای سـەرکەوتنەکەدا..ئەمە سـوننەتی مرۆڤایەتیە لەهـەموو کاتێکـدا..کەڵـە پیـاوی داناى ئیسلام "عومەری کوڕی خەتاب" ئاماژەی بەوڕاستییە کردوە..لەکاتێکدا ئیسلامی بەوشترێك چواندوە، کەلەسـەرەتادا گەشە دەکات ودواتر بـەرەوپیری و لاوازی دەچێت.

حەزرەتی عومەر دەڵێت:" الا انی سننت الاسلام سن البعیر، یبدا فیکون جذعا ثم ثنیا ثم سدیسا ثم بازلا، الافهل ینتظر بالبازل الاالنقصان..." (١)

لەوانەیـە خوێنـەر سـەری لـەم پەیڤـە سوڕ بمێنێـت کـە"عومـەر" لەسـەرەتای سـەرکەوتنی ئیسلامدا گوتویـەتی..چونکە چاوەڕوانی ئەوە لەعومەر دەکرا کە دڵخـۆش وشـادومان بوایە بەسـەرکەوتنی ئیسلام وئاهـەنگی بگێڕایە..بـەڵام بە پێچەوانەوە، ئەودڵە ڕاوکێی هەبوو ودەترسا..دەبێت هۆی ئەمە چی بوبێت!!.

واعیزەکـان گـوێ بۆئـەم جـۆرە قسانە نـاگرن وباسـی ناکـەن کەعومەر لەسـەرەتای سەرکەوتنی ئیسلامدا گوتویەتی..بەڵکو لای وان هیچ واتایەکی نیە..لەڕاستیدا ئەو قسەیە بەڵگەیە لەسەر دانایییەکی وردو دوور بینیەکی بێ پەی..تەنانـەت هیچ گوتەیـەکم پـێ شـك نایـەت بەئەنـدازەی ئـەم گوتەیە، زانستی کۆمەڵناسـی نـوێ پشتگیری بکات.(٢)

راست ئەوەیە بڵێن شکستی هەر ڕێباز و بیروباوەڕێك لەدوای سەرکەوتنیەوە دەست پێ دەکات...سەرکەوتن وەکو گۆڕێك وایە کە(ڕێباز) ی تیادا ئەسپەردە دەکرێت.نامەوێت بەم قسەیە تەشەر لەموسوڵمانە یەکەمینەکان بدەم...چونکە لە هەموو سەردەمەکاندا مرۆڤ وابوە...موسوڵمانانە یەکەمینەکانیش وەکو خەڵکی تر مرۆڤ بوون...بۆیە ڕێساکۆمەڵایەتیەکان ئەوانیش دەداتە بەرتەوژمەکەی، خۆشیان بێت یان تاڵیان بێت...

قورئان دەفەرمێت: "ان الانسان لیطغی ان راه استغنی"ئەم ئایاتە پیرۆزە ڕێسایەکی کۆمەڵایەتیەو کەسانێکی زۆرەگمەن وریزپەر نەبێت کەسی تری لێ هەڵناوێردرێت. لەسەردەمی پێغەمبەر(درووودی خوای لێبێت)دا، موسوڵمانە یەکەمینەکان خەباتیان لەدژی ستەم وتوغیان ولوتبەرزی و تەرەف دەکرد...بەڵام هەرکەخۆیان "لەدوای خولەفایانی ڕاشیدین– وەرگێڕ" لەسەر زەویدا باڵایان کردو سەرکەوتن وسامانیان چنگ کەوت...ئیدی پێویست بوو کەسانێك خەباتیان لەدژ بکەن!!.

ئەبویوسف دەڵێت: لەکاتێکدا دەستکەوتەکانی وڵاتی فارسیان هێنابۆ"عومەری کوڕی خەتتاب"و چاوی بەهەموو خشڵ وزێڕو زیوە کەوت کەپێشتر چاوی بەو جۆرە شتانە نەکەوتبوو...دەستی کرد بەگریان....عبدالرحمان کوڕی عەوف پێی گوت: ئەمە جێگەی خۆیەتی سوپاسگوزاری لەسەربکەیت، بۆچی دەگریت؟عومەر گوتی: بەڵێ، بەڵام خوا سامانی ئاوای نەداوە بەهیچ گەل وهۆزێك، ئیللا دوژمنایەتی و ڕق وکینەی خستۆتە ناویانەوە...(٢)

پادشایان بەرلەعومەرو لەدوای ئەویش، لەکاتێکدا دەسکەوتی زۆر وبەلێشاویان بۆدەچوو، ئاهەنگیان دەگێڕاو دەیاندا لەتەقەی دەهۆڵ وزوڕنا...بەڵام عومەر بەو دەستکەوتە زۆرە دەگری وئازاردەچێژێت...ئەمەش دیاردەیەکی سەیرە...جێگەی نیگەرانیە کەدەبینین مێژووەوانەکان ئەرهەڵوێستەی عومەر بەچاوی گەورەیی و سەرنجەوە سەیرناکەن.

عومەر بەچاوتیژیی خۆی دەرکی کردبوو بەوەی ئیسلام لەدوای بەرەو سەر هەڵکشانی ڕوەو نزم بونەوەیەو، ئیتر دەبێتە دەوڵەتێك وەکو هەر یەکێکی تر لە

دەوڵەتەکان، ماڵ وسامانی بۆکۆدەکرێتەوەو لەپێناوی ئەوماڵ وسامانەدا سوپا ڕێکدەخرێت وقامچی لەپشتی خەڵکە بەکۆیلەکراوەکان دەدرێت.

"عەلی کوڕی ئەبی تالب" لە گوتەیەکی بەربڵاویدا دەڵێت:"من ملك استاثر" ئەمەش دیسانەوە ئاماژەبوو بۆئەوحاڵەتەی کەتیایدا دەوڵەتی ئیسلام بەرەو توغیان دەچوو...لەدەوڵەتی ئیسلامیدا "ملکیە"ی گەورە دروست بوو، ژمارەی کۆیلە زیادی کردو چینێکی دەوڵەمەندی وادروست بوون کەچەند قات لە دەوڵەمەندەکانی قورەیشی بەرلەئیسلام، دەوڵەمەندتر وبەتەرەف تربوو. واعیزەکان لەچاویلکەی ئەو لۆژیکە کۆنەوە سەیری مەسەلەکان دەکەن کە ناسراوەبە"لۆژیکی سەقامگیری وپۆلێنی دوانەیی"چاك بەهەمیشەیی لایان چاکەو، خراپیش تاکو ڕۆژی قیامەت هەرخراپە...لۆژیکی کۆمەڵایەتی نوێ گاڵتە بەولۆژیکە کۆنە دەکات وبەلۆژیکی سوڵتانەکانی دادەنێت...لەلۆژیکی کۆمەڵایەتی نوێدا چاك هەتاهەتایە بەچاکی نامێنێتەوە...بەڵکو لەجموجوڵی بەردەوام دایە...ئەوشتەی دوێنێ چاك وجوان بووە بۆی هەیە ئەمڕۆ خراپ و قێزەون بێت.

ئەم لۆژیکە نوێیە پێی دەڵێن:"لۆژیکی هاودژ"..هەمووشتێك لەنێوناخ وپێك هاتنیدا هاودژەکەشی لەخۆگرتوە...لەگەڵ گەشەکردنیدا هاودژەکەشی لەگەڵیدا گەشە دەکات(٤)...

واتە(خراپ دەبێتە چاك) تەنهابەگەشەکردنی، هەروەها چاکیش دەبێتە خراپ؟. واعیزەکان دەیانەوێت سەرهەڵدانی ئیسلام دیراسە بکەین ویەکەم بزاڤی وی پیرۆز بکەین بەوپێیەی بزاڤێکی ئەمرەو، پێویستی بەئاڵوگۆڕکردن وپێشخستن نیە...ئەوەش ڕایەکە، خودی دامەزرێنەری ئیسلام پێی قایل نیە... "محەمەد"درودی خوای لەسەربێت" هەنگاوێکی کۆمەڵایەتی مەزنی هێنا بۆ خەڵکی، دەشیزانی مێژوو بەهەنگاوی یەك لەدوای یەکدا دەڕوات...کەواتە پێویستە هەنگاوەکانی بەتێپەڕینی وەچەکان وبەبێ وەستان هەنگاوی تریان بە دوادابێت.

پێغەمبەری خوا(دروودی خوای لێبێت)بەڕاشکاوی ئاماژەی دەدا بەوەی ئیسلام نامۆدەبێتەوە وەکو چۆن بەنامۆیی دەستی پێکرد... هەروەها بەهاوەڵەکانی ڕادەگەیاند کەئەوانیش شوێن پێی نەتەوەکانی تر دەگرن ولەدوای وەفات فەرمونی خۆی هەڵدەگەڕێنەوە(٥).

ئەو(دروودی خوای لێبێت)لەدوا ڕۆژگارەکانی ژیانیدا چاوەڕوانی ئاشوب و خراپەی دەکرد،وەکو خەلیفەکەشی "عومەری کوڕی خەتاب"چاوەڕوانی ئاشوب و فیتنەی دەکرد.

"ئەبومویهبە"ی خزمەتکاری پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)بۆمان دەگێڕێتەوە، لەسەرەتای ئەو نەخۆشینەی پێغەمبەردا(دروودی خوای لێبێت)کە پێی مرد، شەوێك خەوی لێ زڕابوو، لەگەڵ ئەم خزمەتگوزارەیدا چوە گۆڕستانەکەی مەدینە، لەنێو گۆڕەکاندا وەستاوفەرموی:(سڵاوتان لێبێت خەڵکی گۆڕستان... خۆشحاڵی بۆتان بۆ ئەوکاتەی تیایدا دەژیان تائەم ڕۆژگارەی ئێستاخەڵکی تێدا دەژی... خراپە ڕوی وەرچەرخاندوە ودێت وەکو شەوی تاریك چۆن یەك بەدوی یەکدا دێت... کۆتایەمینیان خراپترە لەیەکەمیان).(٦)

ئەم ڕەش بینیەی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)لە کۆتاڕۆژەکانی ژیانیدا جێگەی سەرسوڕمانە... پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)لەو کاتەدا سەرکەوتبوو، هەموو نیوەدورگەی عەرەبی ملکەچی ببون وخەڵکی پۆل پۆل هاتبونە نێو ئاینی ئیسلامەوە... ئیدی چی پاڵی پێوەناوە تاکو بەوشێوەیە ڕەشبین بێت لەکاتێکدا ئەو(دروودی خوای لێبێت)لە هەڵوێستێکدا بوە کەشیاوی گەشبینی بوە؟... بەهەرحاڵ نهێنیەکی سەرسام کەرە...پێم وایە پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) بەچاوتیژی خۆی، وەك عومەرلەپاشی ئەو، هەستی بەسروشتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کردوە...هەربزاڤێك کەگەشە دەکات هەردەبێت پاشەکشە بکات و، هەموو سەرکەوتنێکیش دابەزینێکی بەدواوەیە... هۆنەرەکە ڕاستی گوتووە کەدەڵێت:

لکل شيء اذا ماتم نقصان　　فلا يغر بطيب العيش انسان

***

محەمەد (دروودی خوای لێبێت)دژ بەدەوڵەمەندەکانی قورەیش جەنگاو، لەگەڵ ئەوانیشدا جەنگی لەدژی سووخۆری وبەکۆیلەکردن ڕاگەیاند. تاڕادەیەکی زۆریش لەئەرکی کۆتایی هێنان بەودیاردانەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا... لە کۆتایدا فەرمانیدا هەرچی ماڵ وسامانێ کەبەسوو خۆری دەست کەوتووە و بەرهەم هاتووە، دەستی بەسەردا بگیرێت. بەوجۆرە جگەلە سەرمایەی کارەکانیان هیچ برە پارەیەکی سوو بەدەست سووخۆرەکانەوە نەمایەوە.

ئاشکرایە ئەم کردەوەیەی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)بەتەواوی کۆتایی نەهێنا بەدیاردەی (موڵکداریی گەورە)...بەڵکو بەشێوەیەکی کاتی کۆتایی پێهێنا. دەبوو لەدوای کۆچی دوایی ئەو(دروودی خوای لێبێت)بەردەوامی بدرایە بەو "سیاسەتە محەمەدیە" و وەچە لەدوای وەچە ڕێ وشوێنی ڕێزەتیڤی بۆ بگیرایەتە بەر... محەمەد(دروودی خوای لێبێت)لەسەردەمی خۆیدا کۆتایی هێنا بەبوونی دەوڵەمەندان، بەڵام لەدوای خۆی جۆرێکی تر لەدەوڵەمەندان دروست بوون، ئەمیش دوای ئەوەی فەتحی وڵاتان کراو، بەلێشاو دەستکەوت هاتە نێو دەستی موسوڵمانەکانەوە.

دەوڵەمەندە تازەپیاکەوتەکان، سوویان بەوشێوازە نەدەخوارد کە محەمەد (دروودی خوای لێبێت) یاساغی کردبوو، بەڵکو شێوازێکی تازەیان بۆ خۆیان دۆزیەوە... ئەمان وەکو دەوڵەمەندە کۆنەکانی مەککە قەرزیان بەسوو نەدەدا، بەڵکو سامانەکانیان بەجۆرێکی تر "بەرهەم دەهێنا" کەیاساغی تێدا نەدەبینرا... موسوڵمانە یەکەمینەکان گومانیان وابوو، پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) لە یاساغ کردنی "سوو"دا مەبەستی بوو پەزمەندەبوونی سامان لەدەستی چەند کەسێکی کەمدا قەدەغەبکات. بەوپێیە یاساغکردنی سوو، هۆکاربوو نەک ئامانج بێت... بەڵام موسوڵمانە یەکەمینەکان "خودا چاوپۆشییان لێبکات" کردبویانە خودی ئامانج. کتومت وەکو موسوڵمانەکانی ئەم ڕۆژگارە. هەر پرۆسەیەکی یاساگوزاری بریتیە لەمیکانیزمێك بۆگەشتن بەئامانجێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو... گرفت لەوەدایە خەڵکی گرنگی دەدەن بەیاساکە "وەك حەرف" و گیانی یاساکە وئامانجە بنەڕەتیەکەی پشتگوێ دەخەن.

موسوڵمانە یەکەمینەکان ماڵ وسامانە زیادەکانیان بەسێ ڕێگە بەرهەم دەهێنا:

ڕێگەی یەکەم: کڕینی کۆیلەو بەکارهێنانیان لەبازرگانی وپیشەی جۆراوجۆردا و سەپاندنی جۆرێک لەباج بەسەر ئەو کۆیلانەدا تاکو ڕۆژانە بیدەن بە گەورەکانیان.(٧)

ڕێگەی دووەم: دانی پول وپارە بەبازرگانەکان، بۆ وەی بەرهەمی بێنن، تاکو دواتر قازانجەکەی لەنێوان خاوەن پارەو بازرگانەکەدا دابەش بکرێت.(٨)

ڕێگەی سێیەم: کڕینی دواخراو...بریتی بوو لەوەی یەکێکیان شتێکی دەفرۆشت بەخەڵك بەنرخێکی گرانتر لەبازاڕ..."عائیشەخان"ی خێزانی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)ئەم جۆرە فرۆشتنەی ناونا "الربا العاجل"، ئەوجۆرە فرۆشتنەی بە فێڵکردن لەشەرعدا لەقەڵەمدا(٩).

بەم جۆرە ڕێگایانە، دەوڵەمەندە بروادارەکان توانیان پارەوپولێکی زۆری واکۆ بکەنەوە کەلەبەردا هەرگیز دەوڵەمەندە موشریکەکانی قورەیش بیریان لێنە دەکردەوە. سامانی بڕوادارێك گەشتە(٤٠٠)چوارسەد هەزاردیناری ئەو سەردەمە، هەروەها هەزارئەسپ وهەزارکۆیلەشی هەبوو...هەروەها دەست کەوتی تەنها ڕۆژێکی بڕوادارێکی تر لەعێراقدا گەشتە (١٠٠٠) دینار، بڕوادارێکی تر (١٠٠) ئەسپ و(١٠٠٠)وشترو(١٠٠٠٠) دە هەزارسەرمەڕی هەبوو... بڕوادارێکی تر، ئەوەندەی زێڕ وزیو بۆ وەرەسەکانی بەجێ هێڵابوو لەدوای مردنی بە تەور دەیان شکاند، ئەمە جگە لەو هەموو سامان وماڵەی تر کەبە (١٠٠هەزاردینار) مەزەندە دەکرا (١٠).

هەندێك لەسەحابەکان ژمارەگەلێکی زۆر کۆیلەیان هەبوو، خوێنەر سەری سوڕ دەمێنێت کەئاپۆڕەی ئەوهەموو کۆیلەیە دەبینێت ودەپرسێت ئاخۆ گەورەکانیان ئەو کۆیلانەیان بۆچی بوە کەژمارەیان هێندە زۆرو بێزارکەربوە؟.

کۆیلەکان لەڕێگەی بەدیل گیرانیانەوە لەجەنگدا هاتبون، زۆربەشیان خاوەنی پیشەودەست ڕەنگینی بوون...جەنگاوەرانی ڕێگەی خودا ئەوانیان لەنێو وڵاتی خۆیاندا گرتبوو، هێنابونیان بۆپایتەخت ودابەشیان کردبوون بەسەر بڕوا داراندا... کۆیلەکان بەڕۆژدا ئازادبوون وکاریان دەکرد، ئێوارەش دەهاتنەوە

بۆئەوەی ئەوباجە بدەن بەگەورەکانیان کەبەسەریاندا سەپێنرابوو کەبریتی بوو لە باجی کۆیلایەتی...هەرکەسێکیان ڕۆژانە بڕێک پارەیان دەدا بەگەورەکەی و بەوبڕە پارەیەش کەلەدەستیدا دەمایەوە خۆی وخێزانەکەی دەژیاند، گەرخێزانی هەبوایە.

زۆرجار خاوەن کۆیلە باجێکی گەورەی دەسەپاند بەسەرکۆیلەدا کەبەتەواوی تەنگەتاوی دەکرد، بەتایبەت ئەگەرماڵ وخێزانی هەبوایە...چونکەلە داهاتی ڕۆژانەی دەبوا بەشێکی ملکی گەورەکەی بوایە...پاشماوەکەشی کومسایی پێ نە دەهات ودەستی بەسکاڵادەکرد...کەسیش گوێی بۆسکاڵاکەی نەدەگرت.

کۆیلەکان ڕەنج دەکێشن بۆئەوەی سامانی زیاتر بۆگەورەکانیان کۆبکەنەوە... چونکە گەورەکانیان باوەڕدارو موجاهیدن...بەڵام کۆیلەکان جگەلەنەفرەت شیاوی هیچی ترنین.

لەبنەڕەتدا ئیسلام بۆ ڕزگارکردنی کۆیلە، یان بۆ بەزەیی هاتنەوە بەکۆیلەدا هاتووە...کەچی ئیسلامیان کردە هۆکارێک بۆ زۆرکردنی کۆیلە!!

***

"تەبەری" دەگێڕێتەوە: عومەری کوڕی خەتاب لەکۆتا ڕۆژگارەکانی تەمەنیدا گوتویەتی:"ئەگەر ئەو ڕۆژگارانەی گوزەراندم بۆم بگەڕایەتەوە، پارەوپولی زیادەی دەوڵەمەندەکانم دەبردو دەم بەخشیەوە بەسەر هەژارانی کۆچ کردودا"(١١)

بەڕواڵەت وادەردەکەوێت کەعومەر دوای هەل لەدەست چوون، تێگەشتوە کە چەندە مەترسیدارە، گەرسامان وپارەی زۆرلەسندوقی کۆمەڵێکی کەمدا پەزمەندە بێت. بەهەرحاڵ، عومەرهەوڵیدا دەوڵەمەندەکان لەمەدینەدا ببەستێتەوەو ڕێگە نەدات بەشارەکاندا بگەڕێن...دەوڵەمەندەکان لەم کردەوەیەی"عومەر" نیگەران بیوون.عومەر توندتر دەبوو بەرانبەریان ودەیگوت:"انهم یریدون ان یتخذوا مال الله معونات دون عباده"عومەر بەوکردەوەیەی ویستویەتی بیان بەستێتەوە تاکو نەکەونە نێو ئاگرەوە(١٢).

وادەردەکەوێت عومەر ویستویەتی تەقینەوەی بۆمبەکە دوابخات...هەرچەندە دەبوا ڕۆژێك ئەو بۆمبە بتەقێتەوە...باروتەکەی سازوفتیلەکەی ئامادەکرابوو...بۆ تەقینەوەش پێویستی بەهیچ نەبوو جگە لەچڵەدارێکی بچکۆلە تاکو ئاگرەکەی پێ بگەیەنێت...عومەر بەهەموو توانایەوە هەوڵی دەدا ئەوچڵەدارە نەکەوێتە دەستی یەکێك لەڕەعیەتەکانیەوە.

بۆبەدبەختی، بۆمبەکە لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا تەقییەوە...مێژوونوسان لەمەڕ عوسمان دەڵێن پیاوێکی لاوازبووەو، ئەو لاوازیەشی کارای یاریدەدەربوو بۆ تەقینەوەی بۆمبەکە...ئەمەش ستەمێکە لەعوسمان دەکرێت، چونکە ئەگەر عوسمانیش وەکو عومەر بەهێزبوایە تەنها دەیتوانی تەقینەوەی بۆمبەکە دوا بخات، نەك ئەوەی بتوانێت بەتەواوی مەترسی تەقینەوەکەی نەهێڵێت... چونکە تەقینەوەکەی مسۆگەر بوو. ئیتر لەسەردەمی ئەودا یان لەدوای سەردەمی ئەو، دەبوا ڕۆژێك لەڕۆژان لەزنجیرەی خەلیفەکاندا لاوازیەك دەربکەوتایە... ئا لەو کاتەشدا گڕکانەکە دەتەقیەوە!.

بوونی دەوڵەمەندیەکی زۆرو هەژاریەکی تاسەر ئێسقان لەیەك کاتدا لە کۆمەڵگەیەکدا درەنگ یان زوو تەقینەوەی لێ دەکەوێتەوە...ئەو جیاوازیەش لە ساماندا هەرچەندە ڕوکەشی ئاینی یان ڕەوشتی وشەرەف و...هتد، بە بەردا بکرێت.خەڵکی هەردەی بینن وبێز وتەڕیزی لێ دەکەنەوە.

***

هاوینی ساڵی(١٩٥٠) بە"ئەسکەندەریە"ی گەورەبەندەری میسردا تێپەڕیم... لەوێندەر جیاوازیەکی وام بینی کەلەناخەوە بێزم لێدەکردەوە...لەڕۆخی دەریادا دەوڵەمەندیەکی وام بینی کەئارەزوی دەبزواند ومرۆڤی هان دەدابۆ کوفرکردن... لەدوری چەند فرسەخێکەوە وکتومت لەوشوێنەدا کەپێی دەڵێن"حی البلدی" هەژاری ونەداریم بینی...هەژایم بینی لەدزێوترین وێنەو ڕواڵەتەکانیدا.

لەوساتەدا هەستمکرد، گومانی تێدانیە تەقینەوەی بۆمبەکە لەمیسردا بەڕێوەیە.

لەسەرەتای چاخی ئیسلامدا ئەوجۆرە جیاوازی چینایەتیە ڕویداوە...ئەوەبوو دەوڵەمەندەکان بە"تەور" ئاڵتونەکانیان دەشکاند...لەکاتێکدا هەژارەکان ناویان دەکولاند(بۆ نان پێوەخواردن-وەرگێڕ) و بەردیان کردبوە ڕاخەریان.
دەگێڕنەوە لەشەوێکی ساردی شەوانی زستاندا عومەر بەلای ماڵی ژنێکدا گوزەری کرد کەخۆی ومنداڵەکانی لەبرساندا دەیان ناڵاند. ژنەکە ئاوی کردبوە مەنجەڵێك وئاگری لەژێرداکردبوەوە بۆئەوەی منداڵەکان وابزانن خواردنیان بۆ لێ دەنێت تابێدەنگ ببن...عومەر بەوە ئازارێکی زۆری چەشت گەڕایەوە بۆ (دار الدقیق) وهەندێك ئاردی بۆژنەکە هێنا...(١٣).
مێژوونوسان ئەم چیرۆکە دەگێڕنەوە بۆئەوەی دەریبخەن کەچەندە عومەر بە بەزەیی بووە لەگەڵ هەژاراندا...کەلە ڕاستیدا دەبوا ئەم چیرۆکەیان بۆئەوە بهێنایەتەوە تادەری بخەن کەچەندە ژیانی هەژاران لەوسەردەمەدا سەخت بوە...
ڕێکەوت وابووە عومەر بەحاڵی ئەوژنە هەژارە بزانێت. بەلام خۆ ڕێکەوت هەمیشە یاریدەری مرۆڤ نیە.باری گوزەرانی ئەوئافرەتە دۆخێکی کۆمەلایەتی بوەو هەموو شارو گوندەکانی ئەوکاتەی گرتبوەوە، ئێ خۆعومەر غەیبیشی نەزانیوە تاکو گوزەرانی هەموو هەژارەکان بزانێت !!.
"ئەبو یوسف"دەگێڕێتەوە: عومەری کوڕی خەتاب لەشام دەگەڕایەوە بەلای کۆمەڵێکدا تێپەڕی کە لەبەرخۆردا ڕاوەستێنرابون.پرسی ئەوانە چین؟ گوتیان: ئەوانە سەرانەیان لەسەرەو نەیان داوە، بۆیە ئازار ئەدرێن تاکو سەرانەکەیان ئەدەن!.
عومەر(خوای لێ ڕازی بێت )پرسی: ئەدی خۆیان چ دەڵێن وچ پاساوێکیان بۆ نەدانی سەرانەکە هەیە؟ گوتیان:"دەڵێن نیمانە تاسەرانەبدەین"! لەو کاتەدا عومەر (خوای لێ ڕازی بێت )یەکێك لەهاوارە بەناوبانگەکانی کردوگوتی:"وازیان لێ بێنن، بەدەرلەتواناى خۆیان داوایان لێ مەکەن...من گوێم لەپێغەمبەری خوا (درودی خوای لێبێت)بوو فەرموی: ئازاری خەڵکی مەدەن، ئەوانەی لەدنیادا ئازاری خەڵکی دەدەن خوا لەڕۆژی بەریدا ئازاریان دەدات)(١٤).



دیسانەوە لەم ڕوداوەشدا ڕێکەوت یارمەتی عومەری دا، بەڕێکەوت ئەوکۆمەڵە خەڵکەی بینی کەلەبەر نەدانی سەرانە سزا ئەدران.
تاکەکەسێك ناتوانێت دۆخێکی کۆمەلایەتی [illegible]

دیسانەوە لەم ڕوداوەشدا ڕێکەوت یارمەتی عومەری دا، بەڕێکەوت ئەوکۆمەڵە خەڵکەی بینی کەلەبەر نەدانی سەرانە سزا بەدران.

تاکەکەسێك ناتوانێت دۆخێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر بگۆڕێت. لەبارێکدا گەر بتوانێت لایەنێك بگۆڕێت، هەرگیزناتوانێت هەموو لایەنەکانی تریش بگۆڕێت و لە ناقار لایەنەکانی تردا دەستەوسان دەبێت...ئەوە قۆناغێکە لەقۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی...تاکە کەسێکیش ناتوانێت لەڕێگەی ئەوپێشکەوتنەدا بوەستێت، مەگەر لەسنورێکی دیاری کراودا نەبێت.

ئیسلام بویە دەوڵەتێك، باجگری هەبوو کارمەندو والی و ئومەراو...هتدی، تێدابوو... باجگرو والی وئەوانی تریش بەسروشت وان، کەتوندوتیژن لەگەڵ خوارەوەی خۆیاندا...لەهەموو چاخەدێرینەکاندا دەوڵەت بەوشێوەیە بووە...هەر جیاوازیەك لەپلەو نمرەدایە نەك لەچۆنێتیدا.مادەم باج لەسەر خەڵکی دابنرێت، خەڵکی بەبەردەوامی خۆیانی لێ دەدزنەوە بەهەرجۆرێك بۆیان بلوێت. والیش ناچارە خەڵکی سزابدات ولەگەڵیاندا توندوتیژبێت... ناچارە شەللاق بەکاربێنێت و شمشێر بوەشێنێت بۆئەوەی مەبەستەکەی دەستگیربێت وئەرکەکەی ڕاپەڕێنێت. ئەبو یوسف دەگێڕێتەوە: سەحابەیەك بەلای کۆمەڵێکدا گوزەری کرد کەلەبەر نەدانی سەرانە سزا ئەدران. ئەمەی پێناخۆش بوو، بۆیە چوە لای ئەمیرەکەو ڕێگری ئەوکارەی لێکرد...هەروەها دەگێڕێتەوە: سەحابەیەکی تر هەمان شتی بینی و ڕێگری لێکرد.(١٥)

عومەر هەمیشە ئامۆژگاری والیەکانی دەکرد کەلەبەر نەدانی سەرانە هیچ کەسێك سزا نەدەن...ئەمە لەکاتێکدا پەتاکە زۆر لەوە گەورەتر بوو کەبەئامۆژگاری یان بە نامەو کاغەزنوسین چارەسەربکرێت. بەڵکو سروشتێکی کۆمەڵایەتیەو لیَ دەرباز بوونی نیە. ئەگەر ئامۆژگاری جارێك تیایدا بەسوود بێت، ئەوا چەندین جاری تر تیایدا بێ کەڵك ودەستەوسان دەبێت. ئەگەر کەسێك لەماوەی ژیانیدا والیەکانی لەوکارە بگێڕێتەوە، ئەوا لەدوای مردنی، والیەکانی دەگەڕێنەوە سەرهەمان کاری پێشوویان.

ئاشکرایە ئەو باجەی کەبەوشێوە قێزەون ودڕپڵۆسێنەرانە کۆدەکرایەوە لە کۆتاییدا دەچووە باخەڵی دەوڵەمەندە قۆشمەکانەوە، تاکو سامان و پارە وپولیان پترتر بێت. لەوسەردەمەدا دامەزراوەی کۆمەلایەتی: وەك نەخۆشخانەو فێرگەو پەناگەو...هتد،نەبوو تاکو ئەو داهاتانەی باج وسەرانەیان تێدا خەرج بکرێت.

***

عومەر لەدابەشکردنی ساماندا ڕێگەو شێوازێکی دانا کەلەمیکانیزمەکەی ئەبوبەکر جیاواز بوو... ئەبوبەکر بەیەکسانی ماڵ وسامانی بەسەرخەڵکیدا دابەش دەکرد. سەحابەکان لەوە سکالایان کردوو گوتیان: خەڵکی لەڕادەی جیهادی ڕابردوویان وباوەڕدارییاندا جیاوازن، بەوپێیە ناگونجێت بەیەکسانی سامانیان بەسەردا بەش بکرێت.. ئەبوبەکر بەم شێوەیە وەلامی دانەوە:(امّا ماذکرتم من السوابق والقدم والفضل فما اعرفني بذلك...وانماذلك شيء ثوابه على الله جل ثناؤه، وهذا معاش فالأسوة فيه خيرمن الأثرة).
عومەرلەدابەشکردنی داراییدا بەڕێگەیەکی پێچەوانەی ئەبوبەکردا ڕۆشت... لەم ڕووەوە ئەم دروشمەی هەڵگرتبوو(کەسێك جەنگی لەدژی پێغەمبەرکردبێت، وەك کەسێك سەیر ناکەم کەجەنگی شانبەشانی پێغەمبەر لەدژی کافران کردبێت).
بەوجۆرە دەبینین خەڵکی پۆلێن کرد، بەڕێژەی خزمەتکردنیان بەئیسلام وجیهادی پێشینەیان پلەی بۆ دادەنان ودارایی پێدەدان.(١٦)
لەبنەڕەتەوە ئەم ڕێسایەی عومەر بێ خەوشە. چونکە لەبەشی یەکەمدا ڕوونمان کردەوە سەحابەکان دووجۆربوون... بەشێکیان ئەوانەبوون کەلەسەرەتای بانگەوازی ئیسلامەتیەوە لەگەڵ پێغەمبەردا بوون وئازاریان چەشتووە و قوربانیان داوە... ئەوانە هیچ گومان و دوودڵیەك نیەلە دڵسۆزی و موسوڵمانێتیاندا، چونکە کەس ئامادەنیە ئازار بچێژێ لەپێناوی بیروباوەڕێکدا ئەگەر دڵسۆز نەبێت بۆئەو بیروباوەڕە...وەکو گوتمان، چەوساندنەوەی ئاینی وەکو بێژنگێك وایە کەسی لێ دەرناچێت ئەوانە نەبێت کەبڕوادارى ڕاستەقینەن و دڵسۆزن لەبەرانبەر بیروباوەڕەکەیاندا.

جۆرێکی دیکەش لەسەحابەکان، لەوانەبوون کەلەدوای سەرکەوتنی ئیسلام موسوڵمان بوون... دوای ئەوە موسوڵمان بوون کەدەستکەوتی بەلێشاو دەڕژا بەسەر موسوڵمانەکاندا. بۆیە موسوڵمان بوونی ئەوانە زۆربەی جار رووکەش و دروستکراو بوو. عومەر ویستی جیاوازی بخاتە نێوان ئەودوو چینەوە، بەو شێوەیە دارایی وسامانی بەش دەکرد کەبەشی زۆری دەچووە باخەڵی موسوڵمانە ڕاستەقینەکانەوە. عومەر ئەو ڕاستیەی لەبیر چووبوو کەئەگەر هەر موسوڵمانێکی ڕاستەقینە دەوڵەمەند بوو، ئیتر باوەڕو دڵسۆزیەکەی لاواز دەبێت، ئەمە سروشتی مرۆڤە، مەگەر کەسێکی لێ ببوێردرێت کەخوا بەزەیی پێدا هاتۆتەوە.

بەڕواڵەت وا دەردەکەوێت کەعومەر لەکۆتا ڕۆژگارەکانی ژیانیدا هەستی بەم ڕاستیە کردووە، بۆیە وەك ئاماژەمان پێکرد گووتی: (ئەگەر ئەو تەمەنەی گوزەراندوومە بۆم بگەڕایەتەوە، پارەوپولی زیادەی دەوڵەمەندەکانم دەبردو دەمبەخشیەوە بەسەر هەژارانی کۆچکردوودا)... گەر چەقۆکەی ئەبی لوئلوئی گلاو بەری پێنەگرتایە، لەوانەبوو عومەر ئەوکارەی بکردایە.

***

عوسمان هات و، لەدابەشکردنی ساماندا لەسەر هەمان ڕێساکەی عومەر ڕۆشت. بەڵام هەندێك کاری کرد کەعومەر نەیکردبوون، وەك:

١) دەوڵەمەندەکانی ئازاد کرد تاکو بەئارەزووی خۆیان بگەڕێن، لەدوای ئەوەی عومەر ڕێگەی بەو دەوڵەمەندانە نەدەدا بچنە دەرەوەی شاری مەدینە.

٢) ناوی کۆمەڵێك دەوڵەمەندی تازەی خستە نێو لیستی دەوڵەمەندەکانەوە... دەوڵەمەندە تازەکان لەوسەحابانە بوون کەلەدوای فەتح موسوڵمان ببوون و لە سەردەمی عومەردا کەمیان پێدەدرا، کەچی عوسمان (زۆر زیاتر لەو ڕێژەیەی کە دەیدایە کۆچکردوو پشتیوانەکان) پارەو پوڵ پێ دەدان. لەوانەیە ویستبێتی قەرەبووی لەدەست چوەکانیان بۆبکاتەوە.

٣) دەوڵەمەندەکانی ئازادکرد خۆیان ڕاستەوخۆ زەکات بدەن بەهەژاران، لەبەردا باجگران دەهاتن وزەکاتەکەیان کۆدەکردەوە بەگوێرەی سامانی

دەوڵەمەندەکان، کەچی لەسەردەمی عوسماندا بەئارەزووی خۆیان زەکاتیان دەدا...عوسمان بۆیە وایکرد چونکەدەترسا لەناڕەحەتی وقەڵسیەکانی پشکینی سامانی دەوڵەمەندان لەلایەن کارمەندی خراپەوە(١٧).

ئەم کارەش بویە هۆی ئەوەی زۆرێك لەدەوڵەمەندەکان دانی زەکات پشتگوێ بخەن. بەوجۆرە چینێك دەوڵەمەندی قۆشمە دروست بوو،کەبەبێ هیچ بەربەست و کۆسپێك کڕین وفرۆشتن وهەڵسوکەوتیان دەکرد.

***

لێرەدا "ئەبوزەڕ" بەدەرکەوت، ئەو واعیزە شۆڕشگێڕەی کەبەتوندی شەڕی لە دژی دەوڵەمەندەکان ڕاگەیاند..."ئەبوزەڕ" بەبازارەکاندا دەگەڕاو هاواری لە دەوڵەمەندەکان دەکرد تاکو پارەوپوڵەکانیان بەسەر هەژاراندا ببەخشنەوە...ئەم ئایەتەی بەهەمیشەیی دەگوتەوە کەدەفەرمێت:"والذین یکنزون الذهب والفضة و لاینفقونها في سبیل الله فبشرهم بعذاب الیم..."

عوسمان ڕێگری ئەوکارەی لێکرد، لەوەڵامدا ئەبوزەڕ گوتی:"ئایاعوسمان ڕێی خوێندنەوەی پەرتوکەکەی خوام لێ دەگرێت"(١٨) وەك دکتۆر"تەهاحسێن" دەڵێت: ئەبوزەڕ، پێی ناخۆش بوو، ئیمام سامان ودارایی موسوڵمانان بدات بە دەوڵەمەندەکان بەبێ ئەوەی ماڤ بێت، زەنگینەکان زیاتردەوڵەمەند بکات و هەژارانیش پتر نەدار بکات..(١٩).

"ئەبوزەڕ" بنەمایەکی نوێی لەئیسلامدا دروستکرد، لەوانەیە ئەوبنەمایە تا ئێستەش نوێ بێت، گومانم وایە ئەگەر موسوڵمانێك تائێستەش قسەکەی "ئەبوزەڕ" دووبارە بکاتەوە، واعیزەکان فەتوای زەندەقیتی بۆدەردەکەن.

ئەبوزەڕ بڕوای وابوو بەتەنها زەکات بەس نیە، بەڕای ئەو زەکات ڕێژەیەکی کەمە، پێویستە دەوڵەمەندەکان ماڵ وسامانێك کۆیان کردوەتەوە بیبەخشنەوە بەسەر هەژاراندا، تەنها ئەوەندەی لێ هەڵگرن کەبەشی ژیان وگوزەرانی خۆیان و منداڵیان بکات...بەڵام لەدیدی عوسماندا تەنهابەخشینی زەکات بەسە، ئەگەر

دەوڵەمەندان زەکاتیاندا ئیتر ئازادن پاشماوەی سامانەکانیان هەڵگرن وبیپارێزن و بەئارەزوی خۆیان هەڵسوکەوتی پێوە بکەن (٢٠).

وا دەردەکەوێت "ئەبوزەڕ" سەری خۆی کێشاوە بەدیواردا، چونکە ئەوەی داوای دەکرد زۆر ئارەحەت وئەستەم بوو...چۆن دەوڵەمەندەکان "کەخۆیان ئەهلی حەلو عەقدی دەوڵەت بوون" بەوئاسانیە قایل دەبوون وازلە پارەوساماني خۆیان بێنن.

"ئەبوزەڕ" بەردەوام بانگەشەی بۆئەم بڕوایەی خۆی دەکرد، هێور وسارد نەدەبویەوە، لەوپێناوەشدا دووجار لەزێدی خۆی دورخرایەوە: جارێك دور خرایەوە بۆ"شام"وجارێکی دیکەش بۆ"ربذة" دورخرایەوەو هەرلەوێشدا کۆچی دوایی کرد.

***

واعیزەکانی سوڵتان ئەم ڕێبازەی ئەبوزەڕیان پێ باش ئەبوو، بەڕای ئەوان ئەبو زەڕ لەکۆمەڵی موسوڵمانان دەرچوو!!. لەسەردەمی مەلیك فاروقیشدا، لیژنەی فەتوای ئەزهەر کۆبویەوە، بڕیاریدا(تانە) بدات لە "ئەبوزەڕ" و تۆمەتباری کرد بەوەی لەکۆدەنگی موسوڵمانان دەرچووە(٢١).

***

لای شێخ (موساجارالله) ئەبوزەڕ پیاوێکی بێ ئاگاو ئازیرەك بووە، سەبارەت بە (ئەبوزەڕ) دەڵێت:ئەو بەکورتبینی خۆی، بڵێسەی بەئاگری فیتنەکە دەدا، هەرچەندە بەدونیانەویستی وپارێزکاری وخواناسی ناوبانگی دەرکردووە. بەڵام بانگەشەکانی ئەهلی"مەکر" کاریان لێکردو ببوە ئامێرێکی کوێر بەدەستیانەوە. ئەی دەزانی کەعوسمان لەخۆی"واتەلە ئەبوزەڕ- وەرگێڕ" زاناوخواناس ودونیا نەویست ترە.(٢٢)

مامۆستا"محی الدین خەتیب" سەرنوسەری گۆڤاری" الأزهر الغراء"هەوڵدەدات "ئەبو زەڕ" تاوانبارکات و ڕاوبۆچونەکەی پوچەڵبکاتەوە، ڕێبازەکەیشی وا دەبینێت کەلەبەرژەوەندی موسوڵماناندا نیە. ئەوبەرگری لەو والیانە دەکات کە

ئەبو زەڕیان ئازار داوەو پاساویشیان بۆدێنێتەوەودەڵێت: ئەوان ئەیان توانیوە لەوەی کردوویانە زیاتر بکەن بۆئیسلام!.(٢٣)

مامۆستا "خەتیب" گەرەکیەتی ئەوسامانە زۆرانە لەدەستی خاوەنەکانیاندا بمێننەوە. بەڕای ئەو، ئەوە باشترە بۆموسوڵمانان. لەوانەیە وابزانێت تەنها مەوعیزەی ئاینی گرەنتی دەری ئەوەیە کەئەو ماڵ وسامانە زۆرانە بەئاقارێکدا ببرێت هێزوپێزی موسوڵمانانی پێ زیادببێت و، ببێتە مایەی خۆشگوزەرانییان. لای وایە بۆچوونەکەی "عوسمان" لەوەی"ئەبو زەڕ" باشترو ڕاسترە. بۆیە لەو بارەیەوە دەڵێت: لەدوای بەخشینی زەکات، کابرای خاوەن پارە دەکەوێتە نێو ئازمایشی خواییەوە.کەئایا چۆن ئەوپارەوپولەی لەخزمەتی موسوڵمانان و بە جۆرێک سەرف دەکات کەخوا پێی قایل بێت وسەربەرزی وهێزو پێز بداتە موسوڵمانان.

ئەگەر بازرگان بوو، لەڕێگەی بازرگانیەوە. ئەگەر جوتیار بوو، لەڕێگەی کشتوکاڵەوە.یان خاوەن کارگەبوو لەڕێگەی پیشەسازیەوە...ئیسلام لەسەردەمی سەرهەڵدان ودروست بونیدا سوودی زۆری وەرگرتووە لەپارەوپول سەحابیە دەوڵەمەندەکان... بازرگانیکردنی بازرگانێکی موسوڵمان ئەگەر کومسایی بدات بە موسوڵمانان لەوەی پێویستیان بەبازرگانێکی بێ بارەڕ هەبێت، ئەوە بەهێز وپێز لەقەڵەم دەدرێت بۆموسوڵمانان. بەئەندازەی ئەوەی خاوەنەکەی لەنیازو نیەتیدا ڕاستبکات.هەروەها کارخانەی پیشەوەرێکی موسوڵمان، کشتوکاڵی کیشاوەرز ێکی موسوڵمان...هتد.نیەت لەم شتانەدا زۆرگرنگ وگەورەیە. پێوەری نیەتیش کردەوەیە...بەگشتی موسوڵمان بۆی هەیە بەبێ سنور دەوڵەمەند ببێت، بەو مەرجەی دەوڵەمەندبوونەکەی لەڕێگەی حەلاڵەوە بێت، هەمیشە هەوڵبدات خۆی دووربگرێت لەبەندایەتی وملکەچ بوون بۆ"کمالیات". ئەمەجگە لەشتە بچوکەکانی شارستانیەت.

لەدوای بەخشینی زەکات، پێویستە موسوڵمان ئەوپارە وپولەی لێی زیادە بە ئەمانەتی خودای بزانێت و، بەشێوەیەك بەکاری بێنێت کەهێزوپێزی پتر بداتە موسوڵمانان. بەڵام ئەو ڕێبازەی "ئەبو زەڕ" لەئێستادا لەبەرژەوەندی موسوڵمانان

نیە... بەهەمان شێوە، ڕێبازی دەوڵەمەندە موسوڵمانەکانی ئێستەش "کەبۆ خۆیان بژین وگوێ نەدەن بەسەربەرزی ئیسلام" پێوەندی بەئیسلامەوە نیە، ئیسلام ئەوکەسانە ناناسێت کە نایناسن)!!.(٢٤)

مامۆستا"خەتیب" لەم پەیڤەیدا جیاوازیەکی نیە لەگەڵ واعیزەکانی تری سوڵتاندا.ئەو لەسەرەتاوە ڕێگەدەدات دەوڵەمەندەکان سامان وپارەو پولی زۆر کۆ بکەنەوە، کەچی دوایی دێت بەسزای خودا دەیان ترسێنێت وئامۆژگارییان دەکات!!. ئەگەر وەعزوئامۆژگاری سوودی بۆ یەکێك هەبوایە، دەبوا کەڵکی بۆ ئەم تاغوتانە هەبوایە کەخوا دەپەرستن وبەندەکانی خودا دەڕەتێنن.

ئەوکەسەی ئامۆژگاری دەوڵەمەندەکان دەکات تاپارەوپولیان لەبەرژەوەندی گشتیدا بەرهەمبێنن، وەك ئەوکەسە وایە کەئامۆژگاری شێتێك دەکات بۆئەوەی ژیربێت!!...شێت هەرچی بکات و، هەرچۆن کردەوەی ناپەسەندی لێ بوەشێتەوە، هێشتر وادەزانێت خۆی سەرداری ژیرەکانی دونیایە. تەنانەت ڕەخنە لەخەڵکی دەگرێت وتەشەریان لێدەدات گوایە ئەوان شێتن. واعیزەکان، نەزانن بەرانبەر سروشتی ناوەزی مرۆڤ. ئەوەیان لەبیرکردووە کەمرۆڤ هەرچی بوێت، دەیکات و دواتر دێت ڕوکەشێکی پیاوەتی یاخود ئاینی پێدەدات.

دانانی پارەوپوڵ زەوەند لەدەستی مرۆڤدا، وەك دانانی دەمانچەیەکی پڕ لە فیشەك وایە لەدەستی زاڕۆیەکی شێتۆکەدا. تۆهەرچەندە ئامۆژگاری بکەیت تاکو بەدەمانچەکەی خەڵکی ئازار نەدات. بەڵام ئەو هەرکە یەکەم هەل بۆ هەڵکەوت، دەست بەچێ گولله بەخەڵکەوە دەنێت.

وەکو قورئان ئامـاژەی پێدەدات، یـاخی بوون ولەسنور دەرچوون قۆناغی دووەمی بێ دەربەستی ودەوڵەمەند بوونن. لەمەشدا نهێنیەك هەیە، ئەوانەی پەیڕەوی لەلۆژیکی کۆن دەکەن لێی حاڵی نابن..چونکە ئەوان لەسەر بنەمای (چاك وخراپ) مرۆڤ دەپۆلێنن. هەرکەس چاك بوو لەلایان ئیتر هەتا دەمرێ هەرچاکە. ئەوان پێیان وایە سروشتی مرۆڤ وەکو کانزایەکی سەقامگیر وایە کە بۆ هەتایە خەسڵەتەکانی خۆی دەپارێزێت. دیارە ئەم ڕایەش لەدیدی لۆژیکی نوێدا پەسەند نیە. هەر مرۆڤێك بگریت لەیەك کاتدا ڕەگەزی چاك و خراپیشی تێدایە...

لەبنەڕەتەوە پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ بریتیە لەکارلێکی نێوان هەردوو نەزعەی چاکە وخراپە تیایدا. لەپەرتوکی داهاتوومانـدا (هابیـل و قابیـل) لـەم بابەتـە دەدوێین.

جیاوازی خەڵك لـەم ڕووەوە جیاوازیـەکی ڕێژەییـە. لەوانەیـە نەزعـەی چاکە لـە هەندێکیاندا بەهێزو لەهەندێکی تریاندا لاوازبێت،بەگوێرەی دۆخی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی مرۆڤەکە. لێرەدا (ویست) کارناکات، تەنها لەسنورێکی بەرتەسکدا نەبێت. زۆرینەی خەڵکی باروودۆخی خۆیان چۆن پێویست بکات وادەکەن، دواتر دێن ڕوکەشی(ئاینی و عەقڵانی و...هتد)ی کردەوەکانیان دەکەن.

لەکۆنـدا بڕوا وابـوو کـەمرۆڤ لەسـەرەتادا بیردەکاتـەوە ئـەوجا دەسـت بـەکردنی کارێك دەکات. بەڵام لەڕاستیدا لەسەرەتاوە کاردەکات ئەوجا بیردەکاتـەوە.مرۆڤ لە زۆربەی کارەکانیدا بەپاڵنەری ئەستی دەبزوێت. بەگوێرەی باروودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی خۆی ڕەفتاردەکات. دواتر دێت کارەکانی پاساودەدات و بەڵگەیان بۆ دێنێتـەوە، واتـە هۆیـەکی ماقوڵیـان بۆدروسـت دەکـات و بـەو هۆکـارە(یـان بـەو پاساوە- وەرگێڕ) دروستکراوە بەرەوانی لەخۆی دەکات.

زۆربـەی کـات دەوڵەمەنـدی و بێ دەربەسـتی مـرۆڤ وال دەکـات لـوت بـەرزبێت، چـونکە ڕێگـەخۆش دەکـات بۆمرۆڤ تـاکو کۆمـەڵێك کـاری رابکـات کەپێشتر نـەی دەتوانی بیانکات. نەزعـەی خراپـەو شـەڕانگێزی، وەکـو گوتمـان، لـەناخی هـەموو مرۆڤێکدایە. لەوانەیە دەلاقەیەك نەبێت لێیەوە خۆی نمایش بکات، بەڵام هەر کە دەلاقەیەکی بۆ هەڵکەوت ئیدی خۆی نمایش دەکات، لەوخۆنمایش کردنەشدا نە ئاین ونەویژدان نابنە بەربەستی.

ئاین مرۆڤ ناگێڕێتـەوە لەهـەرکارێك کەبیـەوێت بیکات بەڕادەیـەکی کـەم نەبێت، چونکە مرۆڤ ئاراستەکاریەکانی ئاین بـەگوێرەی ئارەزووەکـانی خـۆی ڕاڤـە دەکـات، ئـەوەتا لەسـەرەتای ئیسـلامدا قورئـان وفـەرمودە کرابونـە سـەرچاوەو پاڵپشـتی کۆمـەڵێك کـاروکردەوەی دژبەیـەك کەلایەنـە ناتەباکان پێـی هەڵدەستان...دەبینین هەندێکیان هەندێکی تریانیان دەکوشت وهەندێکی تریان تـەکفیری ئـەوانی تریـان دەکـردو بۆپاڵپـشتی کـردەوە(ڕا)کانیـشیان بەڵگـەی قورئـان وفـەرمودەیان بـە

دەستەوە بوەو لەدژی لایەنەکانی تربەکاریان هێناوە...تائێستاش گروپە ئیسلامیەکان بەئایەت وفەرمودە لەدژی یەکتردەجەنگێن...هەرگروپێك لە هەگبە کەیدا هەندێك ئایەت وفەرمودەی کۆکردۆتەوەو لەدژی لایەکەی تربەکاری دێنێت.

(عەلی کوڕی ئەبی تاڵب) دەفەرموێت: (القران حمال اوجه) (٢٥).مەبەستی لەوەیە قورئان واتاو ڕاڤەی زۆرهەڵدەگرێت، هەرگروپ وکۆمەڵێك دەتوانێت بۆهەر کارێك کەبیەوێت، بەڵگە لەقورئاندا بۆخۆی بدۆزێتەوە.

هەروەها ویژدانیش دەستەوسانە لەوەی مرۆڤ بگێڕێتەوە لەوکارەی کەدەیەوێت بیکات، چونکە وەك لەزانستی کۆمەڵناسی نوێدا سەلمێنراوە، ویژدان شتێکی ڕێژەییە (٢٦).ویژدانی مرۆڤ، مرۆڤ سوڕێ ئاژێ ناکات ئەگەر دەستدرێژی کردە سەرکەسێك کەسەربە پارت وحیزبەکەی نیە یان گەرلەڕادا لەگەڵیدا پێچەوانە بێت !!... مرۆڤ دەستدرێژی دەکاتە سەردوژمنەکەی وخوێنی دەڕێژێت وسامانی بە تاڵان دەبات، کەچی هێشتر دەرون و ویژدانی ئاسودەیە وەك ئەوەی هیچیشی نە کردبێت.

لەسەرەتای سەردەمی ئیسلامدا دیتمان موسوڵمانەکان خوێنی ئەوانەیان دەڕشت کەلە ڕادا لەگەڵیاندا پێك نەدەهاتنەوەو ژن ومنداڵی ئەوکەسانەشیان دەکردە کۆیلەودواتر بەڵگەیان بۆ خۆیان دادەتاشی گوایە ئەوکارەی کردویانە جیهادبوە لەپێناوی خوادا.

دەگێڕنەوە لەدوای سەربڕینی حسەینی کوڕی عەلی، ژن ومنداڵەکەی کرانە کەنیزەك و بەڕوتی هێنران بۆشام، گوایە ئەوانە کەنیزەکی گەورەی بڕواداران یەزیدی کوڕی معاویەن. کابرایەکی دیندار کەخەڵکی شام دەبێت لەوحاڵەدا دەیان بینێت، لێیان نزیك کەوتەوەو خۆیدا بەسەر گۆچانەکەیداو زۆرشادمان ببوو بەو سەرکەوتنەی کەموسوڵمانەکان بەدەستیان هێناوە... کەلە کەنیزەکەکان (ژن و کچانی حسێنی کوڕی عەلی) نزیك کەوتەوە، ئەوکابرا دیندارە گوتی: سوپاس بۆئەو خوایەی کەئێوەی لەناوبردو گەورەی بڕوادارانی زاڵ کرد بەسەرتاندا.(٢٧) ویژدانی ئەوشێخە بەدینە ئاسودە بوو، کەدەیبینی ئەو ئافرەتانە سواری وشتر کراون وکراونەتە کەنیزەك ولەوڵاتی دورەوە هاتوون، ئەوەی بەسەرکەوتنی خوا بۆ

موسوڵمانان دەزانی. دەڵێن گوایە ئەوپیاوە بەدینە لەدوایدا زانیویەتی ئەو کەنیزەکانە لەکچانی پێغەمبەری خوان(درودی خوای لێبێت)بۆیە نارەحەت بوو گریاو ئازاری چەشت.(٢٨)

لێرەدا مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێت، چونکە ئەو پیاوە کاتێ زانی کەنیزەکان لە کچانی پێغەمبەرن(درودی خوای لێبێت)ئەوجا گریا...واتە لەدیدی ئەم شێخە بەدینەدا تەنهاوتەنها ئەهل وبەیتی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)شیاوی بەزەیین، دەنا خەڵکانی ترقەیدی ناکات ئەگەر بکرێنە کەنیزەك وئەشکەنجە بدرێن ودەستدرێژی بکرێتە سەریان. ئەمەماناى وایە لۆژیکی مرۆڤ لەپێناوی کەسانێکدا نەبێت کەخۆشی دەوێن یان بەپیرۆزیان دەزانێت، ئیترنابزوێت وئازار ناچێژێت.

محەممەد(درودی خوای لێبێت)هاتووە بۆ بەزەیی هاتنەوە بەهەموو مرۆڤایەتیدا، بەڵام شوێنکەوتوانی محەممەد(درودی خوای لێبێت)تەنها کۆمەڵێکی دیاری کراوی خەڵك بەشیاوی بەزەیی دەزانن.

***

لەمەوە ڕوون دەبێتەوە ئاین وویژدان ناتوانن ببنە بەربەست لەبەردەم کەسێکدا لەکردنی کارێك کەخۆی ئارەزووی لێبێت.

زۆربەی کات مرۆڤ مەحکومە بەو بارودۆخەی تیایدا دەژی... بەوپێیە ڕاستکردنەوەی ئاکارو ڕەوشتی مرۆڤ تەنها بەوە نابێت کەبترسێنرێت لەسزای خودا یان هەڕەشەی چوونە دۆزەخ و وەیلی لێ بکرێت (بارودۆخی خەڵکی بگۆڕە، ڕەوشت و ئاکاریان دەگۆڕێت).

وادەردەکەوێت ئەبوزەر هەوڵی بۆئەو مەبەستەداوە ئیتر بەخۆیی زانیبێت یان نا!! ئەودەیویست پارەوپوولی زیادەی دەوڵەمەندەکان بەرێت وبەسەر هەژاراندا بیبەخشێتەوە!!

لەوانەیە پێی وابوبێت کەئەوانەی زێڕوزیو مۆڵ دەدەن، لەژێر کاریگەری زێڕو زیوەکەیاندا بەرەوخراپە مل دەنێن، خۆیان بیانەوێت یان نەیانەوێت.

ئەو تەرەفەی کەزێڕ زیو دروستی دەکەن بۆخاوەنەکەیان، چاوکوێردەکات و ڕێگە نادات مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەمەسەلەکان تێ بگات.

ئەوەی شیاوە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە دەوڵەمەندەکان لەهەموو چاخ و سەردەمەکاندا بانگەشەکەری ستەم ودواکەوتن بوون... قورئان دەفەرمێت:( و کذلك ماارسلنا من قبلك فی قریة من نذیرالاقال مترفوها: انا وجدنا اباءنا علی امة وانا علی اثارهم مقتدون، قل اولو جئتکم بهدی مما وجدتم علیه اباءکم،قالوا: انا بما ارسلتم به کافرون).

قورئان لێرەدا بەشێوەیەك وێنای موتریف ودەوڵەمەندەکان دەکات کەهەمیشە پێغەمبەران بەدرۆدەخەنەوە. یانی بەرەنگاری هەرشتێکی نوێ یاخود پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی دەکەن کەڕوودات... ئەمە سروشتی دەوڵەمەندی و تەرەفە. کابرای دەوڵەمەند حەزی بەنوێگەری‌و تازەبوونەوە نیە. ئەو بەهۆی دەوڵەمەندیەکەیەوە خۆشحاڵ وئاسودەیە. چی بوێت دەستگیری دەبێت... خەڵکی دەوروبەریشی ڕێزی لێدەگرن... بۆیە ئەو پێویستی بەگۆڕانکارییەك نیە کە خۆشگوزەرانی وپلەو پایەکەی لێبسەنێتەوە.

***

دەوڵەمەندەکان لەسەردەمی عوسماندا بەرهەڵستی ئەبو زەڕیان کرد، وەك چۆن بەرهەڵستی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)یان دەکرد. پێم وایە محەمەد(دروودی خوای لێبێت)زانیبێتی لەدوای خۆی چی ڕوودەدات. بوخاری لەسەحیحەکەی خۆیدا لەئەبی هورەیرەوە دەگێڕێتەوە، کەپێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی:(یرد علي یوم القیامة رهط من اصحابي فیحلأون عن الحوض، فاقول: یارب اصحابي! فیقول: انك لا علم لك بما احدثوا بعدك. انهم ارتدوا علی اعقابهم القهقری) (٢٩)

هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان هەوڵدەدەن بەڕێگەی ناڕاستەوخۆ لەئیسلام بخوێنن... هەمیشە ئاماژە بۆئەو گەندەڵیە دەکەن کەبەماوەیەکی کەم لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) ڕوویدا. وەك ئەوەی بەراوردی

پێبکەن لەگەڵ ئەو (تعفف)ەی کەلەدوای مەسیح کەوتە ناو دییانەکانەوە. بۆ نمونە سەبارەت بەیاوەرانی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)دەڵێن: یاوەرانی ئەویش ناکۆکییان تێکەوت وشەڕی یەکتریان کرد وتەکفیری یەکتریان کرد.ئەمە لە کاتێکدا یاوەرانی مەسیح وایان نەکرد.

ئەو ڕۆژهەلاتناسانە لەم خاڵەدا زۆرلە واعیزەکانی ئێمە جیاواز نین.ئەوان لە بیریان چووە ئەگەر یاوەرانی عیساش وەك یاوەرانی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)سەر بکەوتنایەو وڵاتیان بەوخێراییە فەتح بکردایە. ئەوا ئەوانیش دەقاودەق وەك یاوەرانی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)شەڕی یەکتریان دەکرد و یەکدیان دەکوشت.ئەمە سروشتی مرۆڤە لەهەمووکات و شوێنێکدا.

مامۆستا(محب الدین خەتیب) دەڵێت: ( یەکێك لەدرۆ گەورەکانی مێژوو ئەوەیە کەهەندێك پڕوپاگەندە دەکەن گوایە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا(دروودی خوای لێبێت)ڕق وکینەیان لەیەکتری بووە...)(٣٠) هەروەها دەڵێت:(...کۆمەڵێك دانەر پەیدا بوون وبەدەرکەوتون لەپێناوی ئەوەدا نزیك بکەونەوە لەشەیتان یاخود لە دەستەلاتداران، مێژویان شێواندوە. وایان داناوە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێبێت)برایەتییان نەبووەو، لەناوخۆیاندا بەڕەحم ومیهرەبان نەبوون. هەندێکیان هەندێکی تریان بەرنەفرەت داوەو فێڵیان لەیەکتری کردووە... هتد).

لەوانەیە مامۆستا(خەتیب) لای وابێت سەحابەکان لەڕەگەزی مرۆڤ نەبوون. ئەگەر بەگوێرەی ئەولۆژیکە لەپیاوانی مێژووبکۆڵینەوە، ئەوا ئەوپەندو وانەیە بزر دەکەین کەدەبێت لەولێکۆڵینەوەیە چنگمان بکەوێت. ئێمە مێژوو دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی پەندی لێوەربگرین وژیانی ئێستامانی پێ ڕوناك بکەینەوە...هەتاکو ئێمە بڕوامان وابێت سەحابەکان ڕێساکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیان بەسەردا نابڕێت، بە پێچەوانەی خەڵکی ترەوە. ئەوا مێژوو لەلامان دەبێتە تۆپەڵێك لەنوور، تۆپەڵە نورێك کەناوی چاوبەرێت. ئێمە ئەگەر لەم ڕۆژگارەدا ئەوان بکەینە سەرقافڵەی خۆمان، ئەوا ئامانجێك لەبەردەمی خۆماندا دادەنێین کەهەرگیز پێی ناگەین. بەو جۆرەش وامان لێدێت هەردەم بەدوی تراویلکەدا غاردەدەین.

بوخـــاری لەســـەحیحەکەیدا دەگێڕێتـــەوە: پێغەمبـــەری خـــوا(دروودی خـــوای لێبێت)لەو نەخۆشینەیدا کەپێی مرد، داوای کرد پێنوس وتیانوسی بۆبهێنن تاکو شتێك بۆخەڵکی بنوسێت کەهەرگیز لەدوای ئەو نوسینە گومڕا نەبن...هەندێك لە ئامادەبووان گوێڕایەڵی ئەم فەرمانە نەبوون وناکۆکییان تێکەوت...بۆیە حەزرەت (درودی خـــوای لێبێـــت)فـــەرمانی چـــونەدەرەوەی پێکـــردن و...بەداخـــەوە نوسینەکەیشی نەنوسی...)(٣١)

مرۆڤە لەقاڵب دراوەکان سەریان لەم هەواڵە سوڕدەمێنێت ولەوانەشە بەدرۆی بخەنەوە. ئێمەش ئەمڕۆ نازانین ڕاستە یان نا؟. لەوانەشە ئەم هەواڵە لەبناغەوە درۆبێت...لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ڕوداوێکی وەها لەسەحابەکان بەدوورناگرین... چونکە وەکو گوتمان، ئەوانیش وەك هەرخەڵکێکی ترمرۆڤ بوون. ناکۆك دەبوون و ڕژدییـــان بەیـــەکتر دەبـــردو، کێبـــەرکێیان دەکـــرد، ڕق وکینـــەو تورەییـــان لێـــوە دەردەکەوت ولەم ڕووەوە لەهەرمرۆڤێکی ترجودا نەبوون.

***

مامۆستاخەتیب دەڵێت:( ئوممەتی محەمەد مشتومڕ لەسەر ئەو ڕێگەیە ناکات کەئەوانەی سێ سەدە یەکەمینەکە لەسەری ڕۆشتوون، بەڵکو تکای ئوممەت بۆ هەرکەس کەلەم ڕۆژگارەدا بیەوێت هەق بەرپا بکات ئەوەیە لەلای خوا، بکاتە پلەی سەحابەکان ولەڕیزی ئەواندا لەقەڵەم بدرێت).

بەڕاستی ئەم بۆچوونەی مامۆستا سەیرە!.. ئەو پێی وایە ئێمە بۆئەوەی سەرکەوتووبین، پێویستە لەسەرهەمان ڕێگەی سەحابەکان بڕۆین. ئەوەی لەبیر چـــووە کەســـەحابەکان لەســـەردەمی عوسمانـــدا بـــەدوو ڕێگـــەی پێـــچەوانەدا دەڕۆیشتن... ڕێچکەی عوسمان وڕێچکەی ئەبوزەڕ...ئەبوزەڕ دەیویست پارەوپوڵی دەوڵەمەنـــدەکان بلـــوك بکـــات، عوسمـــانیش دەیویـــست گەشـــەبدات بـــەپارەوپوڵی دەوڵەمەندان... دیارە ئەم دوو ڕێچکەیەش ناتەبان وهەرگیز پێکەوە ناگونجێن و هەڵناکەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژەبدەین بەوەی ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کەخەڵکی بایەخێکی زۆردەدەن بەوگرفتە. هزرڤانان لەم سەردەمەدا یەکڕان لەسەر ئەوەی دەوڵەمەندیەکی زۆر و هەژاریەکی زۆری تاسەر ئێسقان، دوو نەخۆشی کوشندەی کۆمەڵایەتین، هیچ نەتەوەیەکی نوێ لەم سەردەمەدا پێش ناکەوێت گەر ئەو دوو نەخۆشیەی تێدابێت. ئەو ڕایەی"خەتیب" لەوانەیە بۆ سەردەمێکی وەک سەردەمەکەی " ڕەشید" دەست بدات. چونکە لەو سەردەمەدا خەڵکی بڕوایان وابوو:دارایی بەدەست خواوەیەو دەیدات بەیەکێك کەخۆی بیەوێت و، لەیەکێکی وەردەگرێتەوە کەخۆی بیەوێت. بەڵام ئەمڕۆ سوپاس بۆ خودا تێگەشتوین لەوەی:"دارایی سامانێکی کۆمەڵایەتیە" و لەکۆمەڵگەدا گەشەدەکات ولەژێر سایەی ویدا پێدەگات.

***

دەوڵەمەندی وتەرەف ولەسنوردەرچوون چەند پرسێکی پێکڤە گرێدراون. هەرکا یەکێکیان لەکۆمەڵگەیەکدا بەدەرکەوت، ئەوا دوانەکەی تریان بەدوایدا دەردەکەون. دەوڵەمەندی قۆشمەش وەکو دەستەڵاتداری ستەمگەر ئارەزوو دەکات... پاشان کۆمەڵێك خەڵك لەدەورپشتی خۆی دەبینێت کەلەو ئارەزوو بازیەیدا پشتگیری دەکەن و، بەبەڵگەی ئەقڵی ونەقڵی داکۆکی لێدەکەن. لە فەرمودەیەکدا دەگێڕدرێتەوە کەپێغەمبەری خوا(دروودی خوای لێبێت) فەرمویەتی:(هەرچەندە پیاو لەدەستەڵات نێزیك بکەوێتەوە، ئەوەندە لەخودا دوور دەکەوێتەوە، چەندە شوێنکەوتەشی زۆربن، ئەوندەش شەیتانی زۆردەبن. هەر چەند سامانیشی زۆربێت، لێپرسینەوەی توندو تیژتر دەبێت)(٣٣)

ئەمەش حیکمەتێکەو بڕێکی زۆرهەقی تێدایە. وەکو گوتمان ئاین و ویژدان ناتوانن مرۆڤ بگێڕنەوە لەستەمکاری وخراپە... چونکە مرۆڤ ئارەزووی هەیە و تەماحکاری و...هتد، لەنێو ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە. لەوەشدا شانەخڕێی هەموو ئاین و ویژدانێك دەکات.

"وێلز" مێژونووسی ناسراوی جیهانی دەربارەی "نێرون" دەڵێت:( ئەولەڕوی سروشتیەوە جیاوازی نەبوو لەتەك مرۆڤەکانی تردا...هەروەها دەڵێت: ئەوکەسانە

حوکم بەسەر نێروندا دەدەن گوایە لەڕووی سروشتەوە جیاواز بووە لەخەڵکی تر، ئەوانە پێویستە سەرنج لەناخی خۆیان بدەن، تابزیان دەربکەوێت چ بیرو بۆچونێکی پیسی تێدایە).(٣٤)

"وێلز" پێی وایە: ئەوبیرۆکە پەنهانیانەی لەنێو ناخماندا دێن ودەچن، خەڵکی هیچ لەبارەیانەوە نازانن. ئێمەش توانامان نیە بیان هێنینە دی، بۆیە خەڵکی ئێمە بەپیاوی چاك دەزانن. ئەگەر ئێمەش باروذۆخێکی وەك ئەوەی نێرونمان بۆ بڕەخسێت، ئەوا وەکو ئەوتاغوت وستەمکارو ناچیزە دەرنەچین.

نێرون کۆمەڵێك خوێنڕێژو پیاوخراپ دەوریان دابوو بەگوێرەی فەرمانەکانی هەڵسوکەوتیان دەکردو پاساویان بۆ ڕەفتارەکانی دەهێنایەوە...هەربیرۆکەیەکی ڕەش بەئەندێشەیدا بهاتایە کۆمەڵێکی بەدەوروپشتیدابوون بۆیان جێبەجێ دەکرد... نێرون لەوەدا لەئێمە جیایە کەئارەزوی هەرچی بکردایە جێبەجێی دەکرد. وەلێ ئێمە ئارەزودەکەین کەچی ناتوانین بیهێنینەدی"(٣٥).

هەریەکێك لەئێمە لەڕویەك لەڕووەکانەوە"نیرون"ێکین...هەرمرۆڤێکیش دەوڵەمەندبوو توغیان دەکات ولەسنوردەردەچێت.

دەستەڵاتی ڕەهاودەوڵەمەندی زۆر، بەجۆرێك دەرگای ئارەزووبازی وچێژ بۆمرۆڤ دەکەنەوە کەبەهیچ شتێکی ترناکرێتەوە...گوناهی ستەم بەتەنها ناکەوێتە سەر ئەستۆی کابرای ستەمکار... بەڵکو لەئەستۆی ئەوانیش دەکەوێت کەیارمەتی دەدەن وکارئاسانی بۆدەکەن.

قورئان دەفەرموێت: (اذا اردنا ان نهلك قرية امرنا مترفيها ففسقوا فيهافحق عليها القول فدمرناها تدميرا)...خوێنەر سەری لەم لۆژیکە سوڕدەمێنێت کەقورئان هێناویەتی...ئەگەر"مترفەکان"خراپە بکەن لەگوندێکدا هەموو خەڵکەکەی لەناو دەبرێت...سەیرە.

ئەم سەرسوڕمانەمان نامێنێت کەدەرکمان کردبەوەی "ستەمکار"ناتوانێت بەتەنها ئارەزوویەك لەستەم، ئیدی ستەم بکات...بەڵکو ئەوکاتێك ستەم دەکات کەهەست دەکات بەربەستێکی کردەیی نیە ڕێگری ستەمەکەی لێ بکات...

"نیرون کاتێك بو بەو نیرون" کەبینی خوێنڕێژو پیاوخراپەکانی دەوروپشتی کارئاسانی بۆدەکەن وئارەزووەکانی بۆیەدی دێنن...ئەگەر منیش لەشوێنی ئەودا بومایە دەبومە"نیرون"!.

ئەبوزەڕ، ڕێگری دەکرد لە"کەنز"، لەزمانەوانیدا"کەنز" بەومالە دەوترێت کەلە پێویستی مرۆڤ زیاترە...ئەبوزەڕ پێی وابوو نابێت مرۆڤی موسوڵمان لەپێویستی خۆی زیاتر ماڵی هەبێت. دەیویست عوسمان بەجددی دەست وەرداتە مەسەلەکەو سامانی زیادەی دەوڵەمەندەکان ببەخشێتەوە بەسەر هەژاراندا... وەك عومەری کوڕی خەتاب بەرلەشەهیدبوونی دەیویست وابکات. عوسمان ئەم ڕایەی "ئەبوزەڕ"ی پێ پەسەند نەبوو.. پێی وابوو موسوڵمان سەربەستە لەوەی چۆن هەڵسوکەوت بەپارەی خۆیەوە دەکات مادامێك زەکاتی دابێت...هەردوولاش پێداگربوون لەسەر ڕاکانیان...ئائەوەبوو ڕووداوی لێوە قەوما.

گومانی تێدانییە هەندێك سەحابە لایەنگری ئەم ڕایەی"ئەبوزەڕ" بوون لەو هەڵوێستەشیاندا سوننەتیان دەکردەپشتگیری خۆیان...لەپێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە کەنەهی کردووە لە"کەنز"(٣٧)، چونکە قورئان دەفەرموێت:(والذين يكنزون الذهب والفضة فبشرهم بعذاب اليم).

ڕۆژێکیان "بیلال" کەخەزنەداری پێغەمبەر بوو، هاتەخزمەتی، پێی گوت: هەموو قەرزەکانتم داوەتەوە ئەی پێغەمبەری خوا، ئێستا تەنها دوو هۆقە ئاڵتونم لاماوە...پێغەمبەر فەرمووی:" انظر أن تريحني منها فلست بداخل على احد من أهلي حتى تريحني منها"...

پێغەمبەری خوا(دروودی خوای لێبێت)لەمزگەوت مایەوەو دورنەکەوتەوە تاکو"بیلال" لەومالە زیادەیە ڕزگاری بکات کەهەیبوو...واڕێکەوت ئەوڕۆژە هەژارێك ئەهات داوای خواردن یان هەرشتێکی تربکات...ئەوە بوو پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)ئەوشەوە لەمزگەوت مایەوەتا بەیانی...لەوکاتەدا خوا ویستی پێغەمبەرەکەی بحەوێنێتەوە، ئەوەبوو دووهەژاری بۆنارد...بیلال ئاڵتونەکەی پێدان و بەپێغەمبەری (دروودی خوای لێبێت)گوت:(ئەوە خوا لەو پارەیە ڕزگاری کردیت)پێغەمبەر فەرمووی:(سوپاس بۆ خوا (٣٨)

شتی وا، لەحەزرەتی عەلییش دەگێڕنەوە، ئەوپیاوە دڵنیانەدەبوو ئۆقرەی نەدەگرت ئەگەر ماڵێکی زیادەی دەست بکەوتایە تاکو دەستبەجێ دەیدا بە هەژاران... دەترسا لەوەی لەوکارەدا خاوەخاو بکات و، درەنگ بکات بەدەستی ئەوانەی پێویستیان پێیەتی...شەو نەدەنوست ئەگەر ماڵی زیاد لەپێوستی لابوایە. چونکە لەوانەیە هەژار هەبوین وبەبێ "شێو"سەریان نابێتەوە.

"ئەبوزەڕ"یش، بەسەرهاتی بەوشێوەیەی هەبووە، زۆربەی دەستکەوتەکانی خۆی بەسەرهەژاراندا دەبەخشیەوە...عومەردەستکەوتێکی ساڵانەی زۆرگەورەی بڕیبویەوە بۆ"ئەبوزەڕ" بەوپێیەی کەیەکێکە لەکەسە یەکەمینەکانی ئیسلام... "ئەبوزەڕ" گەربیویستایە دەیتوانی بەوپارەیە سامانێکی زۆر سەریەك نێت...

بەڵام ئەوبەباشی زانی هەموو پارەکەی ببەخشێتەوە، تەنانەت ئەو کاتەی مرد کفنی نەبوو.(٣٩) معاویە جارێکیان ویستی ئەبو زەڕ بخەڵەتێنێت... ئەوە بوو هەزار دیناری ئاڵتونی بۆنارد. ئەبوزەڕیش دەستبەجێ پارەکەی بەخشیەوە بەسەر هەژاراندا.معاویە بۆ ڕۆژی دووەم داوای پارەکەی لێکردەوە، ئەبوزەڕ لە وەڵامدا گوتی:( بەخوا لەدینارەکانت یەك دینارمان لەلا نەماوە. بەڵام سێ ڕۆژ لەسەرمان بوەستە تاکو بۆت گرد دەکەینەوە).(٤٠)

هەروەها سەلمانی فارسیش هەڵویستی ئاوهای هەبووە. ئەو دیاریەی لە"بیت المال" ەوە، بۆی دانرابوو، دەسبەجێ دەیدا بەهەژاران، خۆیشی بەڕەنجەشانی خۆی دەژیا...(٤١) لێیشی دەگێڕنەوە کەقوتی ساڵی لەماڵەوەدا خەزن دەکرد، پرسیاریان لەوبارەیەوە لێکرد، لەوەڵامدا گوتی: بۆ ئەوەی بتوانم بەچاکی و دڵنیاییەوە پەروەردگارم بپەرستم.

لەمەوە دەردەکەوێت "سەلمان"پێی وابوو کەنز بریتیە لەوماڵ وسامانەی کەلە قووتی یەك ساڵی ماڵ وخێزان زیاتر بێت. لەوانەیە پێی وابوبێت کە هەژارێتیەکی زۆر وەکو دەوڵەمەندێتیەکی زۆر دەبێتە هۆی لاواز بوونی باوەڕ. بۆیە ئازوقەی ساڵێکی خەزن دەکرد تاکو "نەداری زۆر" پەلکێشی نەکات بەرەو بێ باوەڕی. بەوەش دەیویست پلەیەکی مام ناوەند لەنێوان هەژاری ودەوڵەمەندێتیدا هەڵبژێرێت، تاکو باوەڕێکی ڕاست ودروستی دەست بکەوێت.

عەلی کوڕی ئەبی تالب دەڵێت:( کەمتر لە چوار هەزار درهەم بۆ نەفەقەو بژێویەو، لەوە زیاتر کەنزە)(٤٢)... وادەردەکەوێت عەلی بەم گوتەیەی هەمان مەبەستی سەلمانی هەبووە. ئەوەتا بڕێك دراو"٤ هەزاردرهەم"ی داناوە بۆ هەرکەسێك تاکو پێداویستی خۆیی پێ پڕبکاتەوە، جگەلەوە ئیتر "کەنز"ە و قەدەغەکراوە. هەر عەلی کوڕی ئەبی تالب دەڵێت:( خودا بەهیچ قامچیەك لەمرۆڤی نەداوە بە ئەندازەی شەللاقی هەژاری بە ئازاربێت)(٤٣).

هەژاری زۆر بەئازارە و"وەك پەندەکە دەڵێت: یاوەڕ لەمێشك وسەردا دەردەکات" ... ئەمەش لەوقسەیە دەچێت کەئەبو زەڕ کردویەتی ودەڵێت:( گەر هەژاری ڕووی کردە هەرچ شوێنێك، کوفر پێ دەڵێت بمبە لەگەڵ خۆت)... ئێمە چاوەڕوانی باوەڕی تۆکمە وتەواو ناکەین لەهەژارێك. وەك چۆن چاوەڕوانی بڕوایەکی تەواو ناکەین لەکەسێکی زۆر دەوڵەمەند.

ئەبو حەنیفە دەڵێت: گەواهی دانی کەسێك وەرمەگرن کە "ئارد" لەماڵیدا نەبێت. وای بۆدەچم ئەبو حەنیفە ئەم ڕایەی لەئەبوزەڕ وعەلیەوە وەرگرتووە...زانراویشە ئەبوحەنیفە لەڕاکانیدا پشتی بەگوتەکانی عەلی بەستووە (٤٤). ئەو هەژارەی کە هیچ لەماڵەوەیدا شك نابات، ناچارە غەش ودرۆ بکات وخەڵك بخەڵەتێنێت، تاکو مەترسی ئەوبرسێتیە لەخۆی دوور بخاتەوە کەزۆر بێ بەزەییە.

وادیارە "واعیزەکانی سوڵتان" لەم ڕایە تێناگەن وبڕوایان پێی نیە...بڕوادار لای ئەوان فریشتەیەو هیچ ناخوات، تاچەندە برسی بێت زیاتر خواو پێغەمبەری خۆش دەوێت.کەچی ڕاستیەکەی ئەوەیە مرۆڤ هەرکە برسیی بوو ومنداڵەکانی بە برسێتی بینی، ئیتر هەڵدەچێت ودەخرۆشێت ونەفرەت لەهەموو پێشینان و پاشینان دەکات!!.

پێغەمبەری خوا(دروودی خوای لێبێت)زۆرجار دەپاڕایەوەودەیفەرموو:( خوایە من پەنادەگرم بەتۆ لە " جهد البلاء" گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا "جهد البلاء" چیە؟ فەرمووی: زۆری منداڵ وکەمی بژێوی)!!(٤٥)

پێغەمبەری خوا(دروودی خوای لێبێت)لەنهێنی سروشتی مرۆڤ تێدەگەشت، دەیزانی ئادەمیزاد بەسروشت لاوازە. ئەگەرکۆمەڵگە پارێزگاری لەبەرژەوەندیە

کانی ئەکات دەبێتە "زەندیق"... ئێمە ناتوانین بڕوایەکی ڕاست، ئیمانێکی تەواو، دەروونێکی دڵنیا، لەناخی کەسێکدا بدۆزینەوە کە هەژاری بەکەڵبەکانی گەستبێتی، یاخود لەناخی دەوڵەمەندێکی قۆشمەدا. مرۆڤ دەیەوێت بخوات، ئەگەر هیچی دەست نەکەوت بیخوات، ئەوا گۆشتی مرۆڤە "هاوڕەگەزەکانی- وەرگێڕ" دەخوات... بەڵام ئەگەر تێربوو، دیاردەی تەرەفی لێوە دەرکەوت، ئیدی بەرەو فیسق وخراپەکاری مل دەنێت.

دەگوترێت: مرۆڤ ئەگەر هەژار کەوت دزی ئەکات وئەگەر دەوڵەمەندیش بوو فاسق دەبێت !.ئێمە ناتوانین ئەم سروشتەی مرۆڤ بەئامۆژگاری و وەعز بگۆڕین... لەوانەیە کەسێك یان دووان یان سیان گوێ بۆئامۆژگاریەکانمان بگرن... بەڵام زۆرینەی خەڵك بەوڕێگە چارەنووسسازەدا دەچن کەبەسروشت گرتویانەتە بەر. دەبینین واعیزەکان هەموو ئێوارەو بەیانیەك بەڵێنی ئەشکەنجەوسزا بەخەڵکی دەدەن، خەڵکیش کەلەکۆڕو کۆبونەوەکانیان هەڵدەستن وەك ئەوکاتە وان کە چوونەتە نێو جڤاتی واعیزەکانەوە.وەك ئەوەی هیچیان نەبیستبێت.

جارجار پیاوی وا دەبینین ڕدێن دەهێڵێتەوەو ڕووەدەکاتە خوا پەرستی... واعیزەکان هەرکە ئەو پیاوە دەبینن شاگەشکە دەبن... چونکە کەسێکی تریان خستۆتە ڕیزی خۆیانەوە، کەچی لەو لاتر ملیۆنەها خەڵکیان لەبیر چووە کە ئامۆژگاری کاری لێنەکردوون.

***

زۆرینەی حکومەتە هاوچەرخەکان هەوڵ ئەدەن خەڵکەکەیان بارێکی مام ناوەندیان بێت لەنێوان هەژاری زۆرو دەوڵەمەندی زۆردا... ئەتەوەی پێشکەوتوو لەم ڕۆژەدا بەگوێرەی ئەو چینە مام ناوەندە دەپێورێت...واتە تاکو"ئەتەوە" خەڵکەکەی لەڕووی بژێویەوە مام ناوەند بن ئەوەندە ئەتەوەکە پێشکەوتووە. حکومەتە هاوچەرخەکان باجی زۆر گەورە دەسەپێنن بەسەر دەوڵەمەندەکاندا... لەوانەیە خوێنەر سەری سوڕبمێنێت کەدەبینێت هەندێك لەئەتەوەکانی ئەمڕۆ باجی بەوڕادەیەگەورە دەسەپێنن بەسەردەستکەوت وقازانجی دەوڵەمەندەکانیان

دا،میری ئەوباجانە کۆدەکاتەوەو لەپێداویستیەکانی چینەهەژارەکەدا خەرجی دەکات وئاستی بژێوی هەژارانی پێ بەرزدەکاتەوە.

گرنگترین وپربایەخترین ئەرکی حکومەتە نوێکان بریتیە لەبەرزکردنەوەی ئاستی چینی هەژار لەکۆمەڵگەدا... بۆ ئەومەبەستە دەستکەوتی زیادەی دەوڵەمەندەکان دەبات ولەکاروباری هەژارەکاندا خەرجی دەکات.

حکومەتی کۆن لەم ڕێڕەوە تێ نەدەگەشت وپەیڕەوی نەدەکرد...تەنها گرنگی بە پاراستنی ئاسایش دەدا...پاراستنی ئاسایشیش یانی پاراستنی سوڵتان و پشتگیری حوکمەکانی... بەئاشکرا ئەم ڕاستیەمان لەحکومەتی عوسمانیدا بینی. والی بەڕێز هیچ ئەرکێکی نەبوو جگە لەزەبت کردنی هۆزەکان وداپلۆسینی نەیار و یاخی بووەکان وشۆڕشگێڕان...بەوپێیە لەکاروباری ڕامیاری هیچ تێ نەدەگەشت جگەلەبەهێزکردنی سوپاوپۆلیس. بەڵام لەدیدی ئەودا خەستەخانەو قوتابخانەو... هتد، کۆمەڵە شتێکی لاوەکی بون. بۆیە وڵات بەرەو وێرانەبوون ملی ڕێی گرت.

***

ئیمامی "قورتوبی"لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت: "ئەبوزەڕ" تاك بووەتەوەو لەو ڕێبازەیدا کە"کەنز" یاساغ دەکات..."قورتوبی" پێی وایە ڕێبازەکەی"ئەبوزەڕ" یەکێکە لەڕێبازە توندوتیژەکان وموسوڵمانان ناچارناکرێن پەیگیری پێوەبکەن... دواتر قورتوبی باس لەمەسەلەی یاساغکردنی کەنزەکات کەلەقورئاندا هاتووەو بەشێوەیەك لێکی دەداتەوە کە ئەویاساغ کردنە لەسەردەمی عوسماندا دژی بەرژەوەندی موسوڵمانان بووە...

قورتوبی دەڵێت:"لەوانەیە ئەوەی لەئەبوزەڕ گێڕدراوەتەوە لەو ڕووەوە، ئەوە هەڵگرێت کەئەم ئایەتە لەکاتی تەنگانەو لاوازی کۆچکردووەکاندا دابەزیوە، لە کاتێکدا دابەزیوە پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)دەستی کورت بووەو نەیتوانیوە بژێوی یان دابین بکات، لە"بیت المال"یشدا ئەوەندە نەبووە کەتێریان بکات، بۆیە ئەمیشیان کردووە لەپەزمەندەکردنی ماڵ وسامانێك کەپتربێت لە ڕادەی پێویست، لەوجۆرەکاتانەدا دروست نیە ئاڵتون وزیو لابخرێت...کاتێکیش

خودا موسوڵمانانی سەرخست ودەروی لێکردنەوە، ئیتر لەهەر(٢٠٠) درهەمێك، پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)پێنج درهەمی داناوە"بۆ زەکات- وەرگێر". لەبیست دینار تەنها نیودیناری داناوە، نەك هەمووی.

لەمەوە روون دەبێتەوە کە"قورتوبی" پێی وایە لەسەرەتای بانگەوازی ئیسلامیدا "کەنزکردن" یاساغ بووە، چونکە لەو کاتەدا موسوڵمانان زۆر لەتەنگانەدا بوون. وەلێ پێی وایە لەدوای ئەوەی موسوڵمانان دەستەڵاتیان پەیدا کردووە، ئیتر "کەنز" دروستە... ئەم رایە بەڵگەیە لەسەر کورت بینی!... چونکە کەموسوڵمانە یەکەمینەکان لەسەردەمی عوسماندا دەوڵەمەندبوون، لەبەرانبەریاندا موسوڵمانە دوایەمینەکان" واتە ئەوانەی درەنگانێك هاتبوونە ناوئاینی ئیسلامەوە" هەژار کەوتبوون... پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)یش نەهاتووە بۆدەوڵەمەندکردنی کۆمەڵە کەسێکی کەم"سەحابە یەکەمینەکان"... بەڵکو ئەو هاتووە بۆ رێنموونی کردنی هەموو مەردوم. ئەمە رای ئێمەیە بەرانبەر بە "محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا": ئەو بەزەییە بۆهەموو جیهان.

"قورتوبی" بازنەی گرنگی پێدانی تەسك دەکاتەوە لەموسوڵمانە یەکەمینەکاندا، ئیدی زۆرینەی هەرە زۆری موسوڵمانانی لەبیرچووە کە "وەك لەپێشەوە گوتمان" ئاویان دەکوڵاندو خاك وخۆڵیان رادەخست... خەلیفە ئەبوبەکر پێی وابوو، پێشینەیی لەئیسلامداو جیهادکردن و...هتد، پێویستە بگەرێتەوە بۆلای خودا و خۆی پاداشتی بداتەوە... بەلام دارایی پێویستە بەیەکسانی بەسەرموسوڵماناندا دابەش بکرێت.بەموسوڵمانە دێرین ونۆ موسوڵمانەکانیشەوە.

"عەلی کوڕی ئەبو تالب" هەمان بۆچوونی ئەبوبەکری هەبوو. عەلی لەو ووتارەیدا کەکردیە دەستپێکی خەلافەتەکەی گووتی:(ئەی خەڵکینە...! باهیچکام لە پیاوەکانتان، ئەوانەی کەبوونەتە خاوەنی کۆشك وتەلار، گەر سبەینێ ئەوەی هەیانە لێم قەدەغەکردن نەڵێن: کوڕەکەی ئەبوتالب مافی لێ زەوت کردین... هەرپیاوێکی کۆچکردوو یان پشتیوان، وادەبینێت کەلەبەرئەوەی هاوەڵی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)بووە لەکەسانی تر فەزڵی زیاترە، ئەوا فەزڵ و رێز سبەینێ لای خوایە... پاداشتیشی لەسەرخوایە... هەرپیاوێ وەلامی خواو

پێغەمبەری دایەوەو باوەڕی پێکردن وهاتە ڕیزمانەوەو ڕووی کردە قیبلەمان. ئەوا ماف وستور وکەوشەنەکانی ئیسلامی بۆخۆی مسۆگەرکردووە... ئێوە بەندەی خودان وسامانیش سامانی خودایە... بۆیە بەیەکسانیش بەسەرتاندا دابەش دەکرێت. لەوەدا هیچ کەس فەزڵی نیە بەسەر کەسی تردا، پارێزکارانیش لای خودا باشترین پاداشتیان هەیە).(٤٨)

وادەردەکەوێت ئیمامی"قورتوبی" لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەبوبەکر وعەلیدا نیە. لەوانەیە وابزانێت ئیسلام هاتووە بۆدەوڵەمەندکردنی کۆمەڵە کەسێکی کەم و فەرامۆشکردنی زۆرینەی خەڵك... وەك ئەوەی پێویست بێت دارایی وسامان هەر بەسەر بڕواداره دڵسۆزەکاندا دابەش بکرێت.ئەوەی نەزانیوە کەموسوڵمانی دڵسۆزیش هەرگا دەوڵەمەندبوو ئیتر باوەڕی لاواز دەبێت.

***

لەڕاستیدا ئێمەش سەرسامین لەو ڕایەی"قورتوبی" کەئایەتێکی موحکەمی قورئانی وا پیشان داوە کەدەکرێت کاری پێ نەکرێت، بەبیانووی گۆڕانی بارودۆخ.بەڕاستی ئێمە سەرسامین لەم ڕایە.

وادەزانم"قورتوبی" بەو ڕایەی پێچەوانەی خۆی بۆتەوە...چونکە ئەو و شەرعناسەکانی وەك ئەو، بڕوایان وایە حوکمەکانی قورئان وسوننەت نەمرن و، بۆ هەموو کات وشوێنێك لەبارن. حەڵاڵیان حەڵاڵە، حەرامیان حەرامە تاکو ڕۆژی بەرێ... هەر گۆڕانێکیش لەوحوکمانەدا بەداهێنراو"بدعە" دەزانن و داهێنراویش گومڕاییەو، گومڕایش لەئاگردایە.

ئێمە کە پێیان دەڵێین"باج"ی زەکات کەمەو پێویستە زیاتر بکرێت، دەبینین تورە دەبن ودەڵێن: ئەوە گۆڕانکاریە لەیاسا نەمروجێگیرەکانی خوادا.

وادەردەکەوێت ئەوانە ڕێگە دەدەن حوکمەکانی خوا بگۆڕێت، ئەگەر ئەو گۆڕانە لەبەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان بوو...بەڵام ئەگەر لەدژی بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان بوو، ئەوا پێیان وایە گۆڕانکارییەکان بیدعەو زەندەقیەن.

# ژێدەر و پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١)بنوارە: تەها حسەین، الفتنە الکبری، ج١ ل ٧٩.

٢) بنوارە: Dawson & Gettys, Souiogy,ch.25

٣) بنوارە: ابو یوسف، کتاب الخراج، ل ٥٥-٥٦.

٤) بنوارە: Elliot… Social Disorganization, p.6

٥) بنوارە: باب الحوض في الجزء الرابع من صحیح البخاری

٦) بنوارە: محەمەد حسنێن هیکل،حیاه محەمەد، ل ٧٠٤.

٧) بنوارە: صالح العلی، التنظیمات الأجتماعیة والأقتصادیة، ل٢٤٢.

٨) بنوارە:هسپ، ل ١٨٧.

٩) بنوارە:هسپ، ل ٢٦٣.

١٠) بنوارە:المسعودی، مروج الذهب"نقلا عن: صادق عرجون، عثمان بن عفان،ل ٨١-٨٢".

١١) بنوارە:صادق عرجون، هسپ، ل ٣٩.

١٢) بنوارە:تەها حسەین، هسپ،ج١،ل ٧٩.

١٣) بنوارە: بشیر یموت، الفاروق، ل ٦٤-٦٥.

١٤) بنوارە: ابو یوسف، هسپ، ل ١٥٠.

١٥) بنوارە: هسپ، ل ١٤٩.

١٦) بنوارە: هسپ، ل ٥٠ و دواتر.

١٧) بنوارە: صالح العلی، هسپ، ل ١٨٦.

١٨) بنوارە: تەها حسەین، هسپ، ج١، ل ١٦٣.

١٩) بنوارە:هسپ، ج١، ل ١٦٥.

٢٠) بنوارە: هسپ، ج١، ل ١٦٥.

٢١) بنوارە: ڕۆژنامەی "الشعب"ی بەغدادی، ژمارەی ڕۆژی ١٩٥٤/١/١٣.

٢٢) بنوارە:موسی جار الله، الوشیمه..ص ب س.

٢٣) بنواره: ئەو توانج و پەراوێزانەی کەماموٚستا "محب الدين خەتيب"، لەسەر کتێبی "العواصم من القواصم" دانراوی قازی ئیبن عەرەبی، توسیویەتی، ل ٧٤-٧٧.

٢٤) بنواره: ئیبن عەرەبی، هسپ، ل ٧٥ "پەراوێز".

٢٥) بنواره: خالد محەمەد خالد، من هنا...نبدا، ل ١٧٤.

٢٦) بنواره: .Lands,Social Control.p.56-57

٢٧) بنواره: سيد الأهل، زينب، ل ٨٥-٨٦.

٢٨) بنواره:هسپ، ل٨٦.

٢٩) بنواره:باب الحوض لەبەشی چوارەمی سەحیحی بوخاریدا.

٣٠) بنواره: محب الدين خەتيب، حملة رسالة الأسلام الأولون، ل ٤.

٣١) بنواره:هسپ، ل ٨.

٣٢) بنواره: صحيح البخاري،ج٢،ل ١٧٨.

٣٣) بنواره: محب الدين خەتيب، هسپ، ل ٧.

٣٤) بنواره: احمد الهاشمي، مختار الأحاديث النبوية، ل ١٤٨.

٣٥) بنواره: .H.G Wells, outline of History,p.482

٣٦) بنواره: هسپ.

٣٧) بنواره: خالد محەمەد خالد، هسپ، ل ٦٢.

٣٨) بنواره: عبدالحميد السحار، بلال مؤذن الرسول، ل ٦٩- ٧٠.

٣٩) بنواره: عبدالحميد السحار، ابوذر الغفاري، ل١٦٨.

٤٠) بنواره: عباس العقاد، عبقرية الأمام، ل ٥٢.

٤١) بنواره: عبدالله البيتي، سلمان الفارسي، ل٦٤.

٤٢) بنواره: ابن قتيبة، عيون الأخبار، ج١، ل ١٤٥.

٤٢) بنواره: خالد محەمەد خالد، هسپ، ل٤٩.

٤٤) بنواره:ادم متز، الحضارة الأسلامية، ج١،ل ٣٥٣(پەراوێز).

٤٥) بنواره: خالد محەمەد خالد، هسپ، ١٤٩-١٥٠.

٤٦) بنواره: صادق عرجون، هسپ، ل ٣٨-٣٩.

٤٧) بنواره: ابو يوسف، هسپ، ل ٥٠.

٤٨) بنواره: سيد قطب، العدالة الأجتماعية في الأسلام، ل١٩٧.

# بەشی پێنجەم

## عەبدوڵڵای کوڕی سبا

هەندێك لەمێژوونووسان دەڵێن: ئەو پیاوەی کە "ئەبو زەڕ"ی هاندا لە دژی عوسمان، نازناوی "ئیبن سەودائی" هەبوو. هەر ئەو مێژوونووسانە دەڵێن: سەرەڕای هاندان وردنەدانی "ئەبو زەڕ" لەدژی عوسمان، ئەم ئیبن سەبەئە کۆمەڵێ کاری تریشی کردووە... هەرئەوبوو لەڕووداوە بەناوبانگەکەی "الجمل"دا ڕێگەی نەدا ئاشتەوایی بکەوێتە نێوان عەلی وعائیشەوە. یەکەم کەسیش بووە کەبیرۆکەی "الرجعة و المدیة"ی هێناوەتە نێو ئیسلامەوە... لەدیدی ئەو مێژوونووسانەدا "ئیبن سەبەء" یەکەم داهێنەری ئەو بیرۆکەیەو، پێشتر لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئاوا بیرۆکەیەك بوونی نەبووە.

"دکتۆر ئەحمەد ئەمین" لەمەڕ "ئیبن سەبەء" دەڵێت:"ئەوبوو ئەبوزەڕی هاندا بۆ بانگەوازی سۆسیالیستی...یەکێك بوو لەوکەسایەتیە گەورانەی کەوڵاتانی لە عوسمان هەژاند...عەلیشی کردەخوا...ئەوەی لەدیرۆکی ئەو پیاوە دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کۆمەڵێك ئاراستەکاری داوە بۆ ڕوخاندنی ئیسلام، گروپێکی نهێنی دامەزراند بۆپەخشکردنی ئاراستەکاریەکان...ئیسلامیشی کردبویە پەردەیەك ونیازەکانی خۆیی لەژێردا دەشاردەوە) (١).

هەروەها داهێنانی بیرۆکەی "الوصیە"ش دەدەنەوە پاڵ "ئیبن سەبەء" بیرۆکە کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کەهەموو پێغەمبەرێك "وصی"یەکی هەبوەو "وصی" پێغەمبەریش(دروودی خوای لێبێت)عەلی کوڕی ئەبی تاڵب بووە. وەك دەردەکەوێت کەسایەتی "ئیبن سەبەء" زۆرسەیر بووە، ئەبێ خاوەنی توانایەکی سایکۆلۆژی لەڕادە بەدەربوبێت، کەتوانیویەتی کاربکاتە سەرجەماوەری موسوڵمانان لەوکاتەداو بەو ڕێژە گەورەیە...ئەمە ئەگەر توانیبێتی شۆڕش هەڵگیرسێنێت وناشتەوایی یاساغ بکات وبیرۆکەی سەیروناموٚ لەئیسلامدا بڵاوبکاتەوە کەپاش خۆی بۆهەتایە بمێنێتەوە.

ئەو مێژونوسانەی چیرۆکی "ئیبن سەبەء" دەگێڕنەوە، وەسفێکی تەواوی کەسایەتی ئەو پیاوە سەیرەیان بۆنەکردوین...ئێمە هیچ لەبارەیەوە نازانین ئەوەندە نەبێت کەدەزانین جولەکە بوەوخەڵکی یەمەن بووە، دایکی خەڵکی

حەبەشە بوە...لەسەردەمی عوسماندا هاتوە موسوڵمان بونی خۆی ڕاگەیاندووە، پاشان دەستی کردوە بەگەڕان لەشارەکانداو بیرۆکەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوەو خەڵکی هانداوە لەدژی"عوسمان"وبانگەشەی بەخودا دانانی"عەلی" کردوە.
لەڕاستیدا لێکۆڵینەوەی ئەم کەسایەتیە سەیرە گرفتێکی زۆر ناڕەحەتە، چونکە ئێمە ئەوەندە زانیاریمان نیە لەبارەی سیفەتەکان و کەسایەتی ویەوە چۆن بوەو چۆن نەبوە! ڕۆژێکیان گوێم لە قەشەیەک بوو گاڵتەی بەئیسلام دەکردو دەیگوت:"سەیری ئەو ئاینە بکەن، ئەوەتا لەترۆپکی سەرکەوتن وسەربەرزیدا دەبێتە نێچیرێکی سانا بۆپیاوێکی نامۆ کەمێژوو زانیاریەکی زۆری نیە لەسەرئەو کابرایە... لەکاتێکدا هاوەڵانی محەمەد زاڵبون بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامیداو ڕێنمونیەکانی پێغەمبەرەکەیان تێدا پەخش دەکرد، دەبینین کابرایەکی پەراگەندەی جولەکە دەچێتە ناوئەوکۆمەڵگەیەو کۆمەڵگەکە لەت وپەت دەکات، بێ ئەوەی کەسێك دەست بەرز بکاتەوە بۆدەرکردنی یان بۆ ئەوەی ڕێگەی ئەو کارەی لێبگرن وزیانی لێ بدەن.
دکتۆر تەهاحسێن پێی وایە: ئیبن سەبەء، ئەفسانەیەکە لەئەفسانەکان، بەڕای دکتۆر، کەسایەتیەکە داهێنەرەکان دایان هێناوە لەبەرئەوە:لای وایە"عبداللە کوڕی سەبەء " بونی نیەو کەسایەتیەکی خەیاڵیە، بەپێچەوانەی ڕای ئەو مێژوونوسانەوە کەچیرۆك وبەسەرهاتەکەی دەگێڕنەوە(٢). دکتۆر"تەهاحسێن" بۆ ئەم ڕایەی بەڵگەی ئەوەیە کەلەسەردەمی عوسماندا موسوڵمانان ئەوەندە لاوازو کەمتەرخەم نەبون کەکابرایەکی نەناسراوی جولەکە بتوانێت گاڵتە بەناوەڕ و ڕا و دەستەڵاتیان بکات... بەتایبەت کەئەو جولەکەیە لەدرەنگانێکدا موسوڵمان بوە.
تەهاحسێن دەڵێت: "شتێکی ئاسان بوو والی وکارمەندەکانی عوسمان شوێنپێی ئەو پیاوە نامۆیە هەڵگرن، یان ڕاوەدوی بنێن یان بەلایەنی کەمەوە عوسمانی لێ ئاگادار بکەنەوە.. بەتایبەت ئەو کارمەندانە کارامە بوون لەشوێنپێ هەڵگرتنی نەیاران ودورخستنەوەیاندا بەهۆکاری زۆرکەم بایەختر لەوەی مێژونووسان دەربارەی ئیبن سەبەء دەی گێڕنەوە"(٣).

دواتر"دکتۆرتەهاحسێن" دێتەسەر باسکردنی کێشەی "ئەبوزەڕ" ومەسەلەی هاندانی لەلایەن" ئیبن سەبەء" ەوەو، دەڵێت: "هیچ ئیسرافێك شك نابەم لەم ئیسرافە بچێت... ئەبوزەڕ ئاتاجی بەکابرایەکی نامۆو نۆموسوڵمان بووە کەفێری بکات هەژاران مافیان هەیە بەسەر دەوڵەمەندەوە، وخوا مژدەی سزایەکی بەئازار دەدات بەوانەی "کەنز"پەزمەندە دەکەن وناى بەخشن لەڕێگەی خوادا" بەلام دکتۆر"احمدامین" پێچەوانەی ئەم ڕایەی هەیە...ئەوەتا دەڵێت: "هەندێك لە لێکۆڵەران پێیان وایە"عبداللەی کوڕی سەبەء" کەسایەتیەکی ئەفسانەییەو بونی ڕاستەقینەی نەبوە. بەلام ئێمە وادەزانین ئەوکەسانە بەڵگەیان بەدەستەوە نەبێت تا ڕاستی بانگەشەکەیان بسەلمێنێت"(٥).

لێرەدا دەکەوینە نێوەندی دوورای پێچەوانەو ئاتەباوە: ئایا ئیبن سەبەء کەسێکی ڕاستەقینەبوە یان کەسایەتیەکی ئەفسانەیی؟ ئەم پرسیارە زۆر گرنگە بۆ کەسێك بیەوێت لەمێژوی کۆمەڵگەی ئیسلامی بکۆڵێتەوەو وانەو پەندی لێ وەربگرێت. دەکرێت پرسیارەکە بەتەرزێکی دیکە دابڕێژینەوەو بڵێین: ئایا لەوکاتەدا کۆمەڵگەی ئیسلامی پێویستی بەکەسێك بوە کەبیخرۆشێنێت وهانی بدات بۆ ئاژاوە بەرپاکردن؟.

ئەومێژونوسانەی چیرۆکی"ئیبن سەبەء" دەگێڕنەوە، وای نیشان دەدەن کە کۆمەڵگەی ئیسلامی لەوکاتەدا بێ گرفت وهێوربوە، هیچ شتێك لەئارادا نەبوە کە ببێتە هۆی نیگەرانی ئەوکۆمەڵگە ئارامە...پێم وایە ئەو مێژونوسانە لەهەمان پێڕی واعیزەکانن، ئەوانەی کەپەیڕەوی ڕێبازی"ئەرستۆتالیسی کۆن" دەکەن... هەرکە بزانێکی کۆمەلایەتی بەدی دەکەن سەریان سوڕدەمێنێت وپرسیاری لەبارەوە دەکەن...وەك ئەوەی جموجوڵ "لەدیدی واندا" نامۆیی و ڕیزپەڕیی بێت لەسروشتی کۆمەڵگەدا.

لۆژیکی کۆمەلایەتی نوێ بڕوای هەیە بەوەی کۆمەڵگە خاوەنی سروشتێکی بزێوی ڕەسەنە...هەمیشە کۆمەڵگە لەگۆڕانی یەکبینەدایە کەلە زاراوەی زانستیدا ناویان لێناوە" process".

لۆژیکی نوێ سەرسام نابێت کەدەبینێت کۆمەڵگە دەبزوێت...بەڵکو کاتێک سەری سوڕدەمێنێت وپرسیار دەکات کەکۆمەڵگە بەنەبزواوی و بێ جموجوڵ ببینێت... لەلۆژیکی نوێی کۆمەڵناسیدا نەبزواوی"دۆگمابوون - وەرگێڕ" بە دیاردەیەکی نامۆو ڕەفتەنی دەناسرێت...بەڵام بزاوت وجوڵە ئەو بناغەیە کە زۆرجار قەوارەی کۆمەڵایەتی لەسەر دادەمەزرێت.

***

کۆمەڵگەی ئیسلامی لەوکاتەدا کە"ئەبوزەڕ"ی تێدا بەدەرکەوت بەدەست قەیرانێکی کۆمەڵایەتی گەورەوە دەیناڵاند...جیاوازی لەنێوان دەوڵەمەندی و هەژاریی لەوکاتەدا بەڕادەیەکی بەربڵاوبوو، دەرون بێزی لێدەکردوە... "ئەبوزەڕ"یش وەکو "دکتۆر تەها حسێن"دەڵێت: پێویستی بەوە نەبووە کەسێک ئەو بنەما سوسیالیستیانەی فێربکات کەبانگەشەی بۆدەکردن!!.
لەوکاتەدا زۆر پێویست بوو شۆڕش بەرپابکرێت...بۆیە پێویستمان بەوەنیە ئێستە هۆی ڕوودانی شۆڕشەکە باس بکەین...بەڵکو پێویستمان بەوەدەبوو هۆی ڕونەدانی بزانین لەکاتێکدا گەر لەوسەردەمەدا شۆڕش یان ئاژاوە بەرپانەکرابا... (٦).

***

پێم وایە ئەو"ئیبن سەبەء"ەی کەبزواندنی شۆڕشی دەخرێتە پاڵ ئەفسانەیەک بێت لەئەفسانەکان، وەک دکتۆر"تەها حسەین" دەڵێت.
وادەردەکەوێت ئەوکەسایەتیە سەیرە بەداهێنان داهێنرابێت وخوڵقێنرابێت...ئەو دەوڵەمەندانە دروستیان کردوە کەشۆڕشەکە لەدژیان بەرپاکرابوو...ئەمە هەڵوێستی ئەوچینە بۆرژوازییە کەلەدژیان شۆڕش بەرپادەکرێت لەهەموو قۆناغەکانی مێژوودا. هەموو ڕاپەڕینێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن دژەکانیەوە دەیدرێتە پاڵ کاریگەریی دەرەکی وبیانی...پرۆفیسۆر"سمل" توێژەری کۆمەڵناسی بەناوبانگ لەلێکۆڵینەوەکەیدا کەسەبارەت بە" stranger" نوسیویەتی ئاماژەی بەوڕاستیە داوە.

لێرەدا شیاوە ئاماژە بدەین بەوەکە "خودی محەمەد(درودی خوای لێبێت) لە سەرەتای بانگەوازەکەیدا قورەیش تۆمەتباریان کرد بەوەی ڕێنموونی و ئاراستەکاریەکانی لەمێردمنداڵێکی گاور وەردەگرێت کەناوی "جبر" بوە(٨)... لەدوای ئەوەش هەندێك تۆمەتباریان دەکرد گوایە پەیقەکانی لە "بوحەیرای قەشە" و "سەلمانی فارسی" وەردەگرێت...(٩) ئەوەبوو لەوبارەوە ئایەتێك هاتە خوارەوەو ئەو ڕاوبۆچوونانەی پوچەڵ کردەوە، بەوەی دەفەرمێت:( ولقد نعلم انهم يقولون انما يعلمه بشر.لسان الذي يلحدونا اليه اعجمي، وهذا لسان عربي مبين)

لەمەوە دەردەکەوێت قورەیش لەسەرەتاوە بانگەوازەکەی "محەمەد.د.خ" یان بەوە لەقەڵەم دەدا گوایە کاریگەری بێگانەی بەسەرەوەیە...جارێك کاریگەریەکەیان دەگێڕایەوە بۆکابرایەکی گاوری ڕۆمی وجارێك دەیان گێڕایەوە بۆ پیاوێکی فارسی...بەڵام ئەوەی هاتە ناو ئاینی نوێوە ئەو تۆمەتەی لەبیرکرد کەدابویە پاڵ پێغەمبەری مەزن...چونکە ئەگەر قورەیش نەهاتایەتە ناوئیسلامەوە، بۆهەتایە ئەو تۆمەتەی دەلکاند بەمحەمەدەوە(درودی خوای لێبێت)وەك چۆن دواتر لکاندیان بەئەبو زەری بەستەزمانەوە.

هەموو بیروباوەڕێکی نوێ نەیارەکانی دەیدەنە پاڵ کاریگەری بیانی... وەك (پرۆفیسۆر سمڵ) ڕونی دەکاتەوە...ئەمە لەهەموو قۆناغەکانی مێژوودا ڕووی داوە... دەوڵەمەندو موتریفەکان لەقوڵایی دڵیانەوە دەخوازن خەڵکی موحافیزەکاربن وهیچ لەبارەی ڕاوبۆچونەوە نەزانن. ئەوە نەبێت کەلەباب وباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە...هەرکەسێك لەناویاندا دروست ببێت ڕایەکی پێچەوانەی هەبێت دەڵێن نۆکەرو بەکرێ گیراوی بیانیە... ئەم تۆمەتەش دەست بەجێ کاڵ فامەکان بڕوای پێ دەکەن... ئیدی تۆمەتەکە دەلکێت بەنوێخوازەکانەوە... جائەگەر سەرکەوتن ودەستەڵاتیان گرتە دەست، تۆمەتەکەیان لەسەرلادەچێت... وەڵێ گەر شکستیان مێنا، ئیدی ئەوە دوای ئەوە تۆمەتبارن.هەموو ڕایەکی نوێ بریتیە لەو ڕایە نامۆیەی کەخەڵکی تاساتەوەختی سەرهەڵدانی پێی ناشنانین..لەبەرئەوەی ڕایەکە ملکەچی بەها کلاسیکیەکانی کۆمەڵگەنیە، ئیدی ناودەنرێت کوفرو

زەندەقە...بەڵام کەخەڵکی بە بیرەکە ئاشنابون، ئیتر هەرکەس پێچەوانەی بێت ناو دەنرێت کافرو زەندیق.

مێژو لەسەر دووقاچ دەڕوات وەك مرۆڤ. پێویستە قاچێکیانی سەقامگیربێت لەسەر زەوی تابتوانێت قاچەکەی تریانی بگوێزێتەوە بۆپێشەوەو هەنگاوبنێت... بۆیە لە هەموو قۆناغێکی مێژوودا دەبینین کۆمەڵێك موحافیزەکارن و کۆمەڵێك خەڵکی تریش نوێخوازن وداوای گۆڕانکاری دەکەن...کێ بەرکێ وکێشمە کێشمی نێوان ئەو دوو کۆمەڵەش هێور نابێتەوە مادامێك کۆمەڵگە بزێوبێت... هەریەکێك لەو دوو کۆمەڵەش تۆمەتی پیس دەخەنە پاڵ لایەنی بەرامبەر. نوێخوازان لەدیدی موحافیزکاراندا بەکرێ گیراوی بیانی وزەندیقن... لەدیدی نوێخوازانیشدا موحافیزکارەکان ستەمکاروتاغوت وبخۆریماڵی حەرامن.

گرفت لەوەدایە هەر نوێگەرێك سەردەکەوێت ئیدی دەبێتە مەحافیزکارو، دواتر نوێگەرێکی تر لەجۆرێکی تر دێت شۆڕشی بەسەردا دەکات...مێژوو بەو جۆرە ڕێ دەکات. وەکو گوتمان، سەرکەوتن، گۆڕی شۆڕشە... کابرای نوێخوازی شۆڕشگێڕ هەرئەوەندەی سەرکەوتنی بەدەست هێناو باری گرانی تێکۆشانی لەسەرکەوت، ئیدی شادومان دەبێت، دەست دەکات بەئاهەنگ وگوتنی سرودی سەرکەوتن... ئەو شادومانیەش دەیبات بەرەو تەوەزەلی. حەماس ودڵگەرمی تەنهالای کابرای بەش مەینەت وبێ دەرەتان دەبینرێت... هەرکە ئەم کابرایە سەرکەوت بەسەر دوژمنەکانیدا، ئیتر دەخوازێت مێژوو لەو ئاستەدا بوەستێت وچیتر نەبزوێت...ئەو خۆی شادومانەو بەختیارەو دەیەوێت خەڵکیش وەکو ئەو هەست بەو بەختیاریە بکەن...بەڵام هەیهو هەیهو!

مێژوو ڕاهاتوە لەسەر ڕێکردن... خاونابێتەوە... هەردوو قاچەکە لەکارلێکی بەردەوام دان...هەرقاچێکیانی ئەمڕۆ بجوڵێت، سبەینێ هەردەوەستێت... ئەوکاتە نۆرەی قاچەکەی تری دێت کەدوێنێ وەستابوو.دەکرێت کۆمەڵگە بەو بڕە ئاوە بچوێنێن کەئاگری لەژێردا دادەگیرسێنرێت...بەشی خوارەوەی ئاوەکە بەهۆی گەرمیەکەی ژێریەوە بەرلەبەشی سەرەوەی ئاوەکە دەکوڵێت، ئیتر بەرزدەبێتەوە... چینی سەرەوەی ئاوەکە دادەبەزێت وئەمیش دێتە کوڵ وبەرز دەبێتەوە... هتد،

بەو جۆرە دەبینین ئاوەکە لەجموجوڵ وهەڵکشان وداکشانی بەردەوام دایە. چینی نزم بەرز دەبێتەوەو بەرزەکەش نزم دەبێتەوە... ئەمەیە لۆژیکی "تناقض"ی نوێ...دیارە وەك ڕونمان کردەوە ئەم لۆژیکە لای ئەوانەی خاوەنی لۆژیکی کۆن پەسەند نیە، چونکە لای ئەوان ڕاستی جێگیرەو گۆڕانی بۆنیەو ناگۆڕێت (١٠).

***

لۆژیکی کۆن، لۆژیکی دەستەڵاتدارو قۆشمەکانە...سوڵتان واڕاهاتوە فەرمان بکات وخەڵکی گوێ ڕایەڵبن... بۆنموونە فەرمانی کردنەوەی کۆشکێك دەدات... دوای ماوەیەکی کورت یان درێژ، دەبینێت کۆشکەکە ئامادەو سازە... ئەو نازانێت کۆشکەکە چۆن دروستکراوە، نازانێت کرێکارو وەستاو ئەندازیاران چ ئاسۆزێکیان چەشتوە تاکو کۆشکەکەیان بەتەواوی دروستکردوە...ئەو تەنها ئەوەندە دەبینێت کەکۆشکەکە بەتەواوی دروستکراوە... بۆیە بڕوای وایە هەموو جیهان بەو تەرزە دەڕوات بەڕێوە...ببە...دەبێت!

تەنها خوای گەورەیە کەبەهەرشتێك بفەرمێت... ببە... دەست بەجێ دروست دەبێت... بەڵام ئادەمیزاد لەبزاوتن ورەنج کێشاندایە... دیارە لۆژیکی ڕەنج کێشان هەمان لۆژیکی تەرەف نیە.

***

(واعیزەکانی سوڵتان) وادەزانن دادگەری پرسێکی سادەو ساکارە. لایان وایە بیرۆکەیەکە بەخەیاڵی مرۆڤدا دێت ودواتر جێبەجێی دەکات. بۆیە ئامۆژگاری مرۆڤ دەکەن تاکو دادگەربێت و بەردەوام ئاوا ئامۆژگاریەکی بەسەردا دەبارێنن.

بەبێ کۆتایی ئامۆژگاری دەکەن..بەبێ کۆتایی.

کەچی ستەم هەرماوەو دنیاش لەسەر ڕێڕەوە کۆنەکەی دەڕوات.دادگەری تەنها بەرەنجامێکی فیکری نیە. وەك ئەفلاتۆن وای بۆچووە، بەڵکو بەرەنجامی کارلێکی یەکبینەی نێوان ستەمیاروستەمکارە... مرۆڤ سروشتی وایە ئەگەر بەربەستێکی لەبەردەمدا نەبوو کەبە کردەوە ڕێگری لێبکات، ئەوا دەست بە ستەمکردن

دەکات... مرۆڤ بەسروشت ستەمکار نیە وەك هەندێك واگومان دەبەن. لەڕاستیدا حەزی لەدادگەریە، بەڵام نازانێت دادگەری لەکوێوە دێت. بۆیە کەستەمیش دەکات نازانێت ستەمی کردووە... بەڵکو هەموو کارێك کەدەیکات بەدادگەری دەزانێت. شوێنکەوتووەکانیشی چەپڵەی بۆدەکوتن، ئیترخۆی لێدەبێتە سێبەری خودا لە سەر زەویدا... دادگەری کۆمەڵایەتی دروست نابێت مەگەر ڕەعیەتەکانی دەسەڵات وشیارو چاوکراوەبن و، دەستەڵاتدار بگێڕنەوە لەستەم و هەڕەشەی لەکار لادانی لێبکەن.

دەستەڵاتدارانی ئەتەوە تازەکان لەبەرئەوە نەبوونەتە دادگەر کەبە ڕێکەوتێکی بیردەکەنەوەو کەسانێکی باشن. بەڵکو هۆکاری باش بوونیان ئەوەیە کە ناتوانن وەك پێشینیانیان ستەم بکەن. چونکە لەبەردەمیاندا، خەڵکی بەکارتی هەڵبژاردنەکانەوە ڕاوەستاون وهەڕەشەی ڕووخاندنیان لێدەکەن.

بەوجۆرە دەستەڵاتداری نوێ چاك بووەو، خۆی بەکەم دەزانێت وکەنیزەك ناکڕێت و،کۆشك وتەلار دروست ناکات. دەستەڵاتداری نوێ وای لێهاتووە شانازی بە هەژاریەوە دەکات و، ئێمەش بەفریشتەی دەزانین!... کەلەڕاستیدا فریشتە نیەو مرۆڤە... بەڵام ئەوەی وایکردووە خۆی وەك فریشتە نیشان بدات، ئەو وشیاریە کۆمەڵایەتیەیە کەلەهەموو کات وساتێکدا لەبۆسەدایە بۆی. خرۆشانی کۆمەڵگەی نوێ خرۆشانێکی ئاشتیانەی هێمنە. ئەوەتا ئاوەناوە دەستەڵاتدارانی خۆی هەڵدەبژێرێت وگۆڕانیان بەسەردا دێنێت.

کۆمەڵگەی کۆن لەژێر دەستەڵاتی قامچی وشمشێردا بوو... بەدەگمەن نەبێت ئیتر هەڵبژاردنی نەدەناسی. بۆیە بزاقی کۆمەڵایەتی لەدێر زەماندا توندوتیژو لە هەمانکاتدا خاوو خلیچك بوو.

خەڵکی شۆڕشیان بەشمشێر دەکردو، لەبەرانبەردا دەستەڵاتدارانیش بەشمشێر ڕووبەڕوویان دەبوونەوە. بەوجۆرەش تێکهاڕێنی خوێناوی دروست دەبوو. تێکهاڕێنی خوێناوی لەسەردەمە کۆنەکاندا میکانیزمی کۆمەڵگەبوو لەبزاف و جوڵانیدا... واعیزەکان دەگرین بەسەر موسوڵمانە پێشینەکاندا چونکە ناکۆك بوون وپێکداهەڵپژاون... هۆکاری ئەو ناکۆکیانەش دەخەنە ئەستۆی هەندێك لەو

کەسایەتیانەی کەخاوەنی نەزعەی ئاموبوون وەك ئیبن سەبەء وکەسانی تر...
ئازانن ئاکۆکیە خویناویەکان مەسەلەیەك بوون کەهەردەبوا ڕوویان بدایە. چونکە گەر ئەوناکۆکیانە نەبوونایە، دەمان بینی ئیسلام دەبوویە ئێچیرێکی لەباربۆ گورگ ودڕ وخوێن ڕێژان وئەودەم بەئارەزووی خۆیان هەریەکێکیان لەلایەکەوە قەپێکیان پێدا دەکرد.

محەمەد پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)دەفەرمێت:(ئاکۆکی نێوان ئوممەتەکەم ڕەحمەتە)(١١) ئەم فەرموودەیە(واعیزەکانی سوڵتان) لێی حاڵی نابن، لەوە تێ ناگەن کەچۆن ناکۆکی وململانێ ڕەحمەتن بۆخەڵك، ئەوان کۆمەڵی موسوڵمانان بە پیرۆز دەزانن کەنابێت لەهیچ بارێکدا توخنی بکەوێت، هەرکەسیش "وەکو ئەبی زەڕ" لەکۆمەڵی موسوڵمانان دەرچوو، ئەوا لەدیدی واندا زەندیقەو عەسای فەرمانی خواوپێغەمبەری شکاندووە.

ئەوەیان بەس ئەبوو "سەرەڕای ئەوەش" هاتن هەموو جەدەل وبیرکردنەوەیەکی سەربەستیان یاساغ کرد، ئەبادا ئەوجەدەلە سەربشکێت بۆگومان لەنەریتە پیرۆزەکان یاخود سەربشکێت بۆبەرهەڵستی کردنی کۆمەڵی موسوڵمانان.
ئەوان بینای دۆگمان بوون وچەق بەستنی فیکری دەکەن بەهەموو واتاکانی ئەو وشەیەوە، لەڕاستیدا هەر دوو مەسەلەی "چەقبەستنی فیکری"و"ملکەچ بوون بۆ سوڵتان" هاو واتای لێك دانەبڕاون، ئەوەتا دەڵێن:هەرکەس بەمەنتیقەوە سەرقاڵ بێت دەبێتە زەندیق.هەروەها دەڵێن:هەرکەسێك لەفەرمانی سوڵتان ودەستەڵات دەربچێت کوفری کردووە.

***

گومان لەوەدانییە کەناکۆکی وململانێ دەبێتە هۆی بێ شیرازەیی و لەت وپەت بوون وبەبادا چوونی هێزەکۆمەڵایەتیەکان، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی نوێ بوونەوەو گۆڕانکاری... لەڕاستیدا گرفتێکی دووسەرە، یان وەك زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن: "diemma"یە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەنێوان دوومەسەلەی هاودژدا ڕاوەستاوە، یان ئەوەتا بەڕێگەی دۆگمابوون وملکەچیدا دەڕوات یان بەڕێی ناکۆکی ونوێ بونەوەدا، کۆمەڵگەی سەرکەوتویش ئەو کۆمەڵگەیە کە

توانیویەتی ڕێگەیەکی مام ناوەندی هەڵبژێرێت، بەجۆرێك ڕێگە دەدات بە هێزەکانی نوێ بوونەوە، تاکو بەشێوەیەکی هێمنانە گوزارشت لەخۆیان بکەن...

ئەمەیە ئەو ڕێگە نوێیەی کەنەتەوە مۆدێرنەکان دەیانەوێت لەسەری برۆن.

نەتەوە مۆدێرنەکان شێوازی دەنگدان وهەڵبژاردنی ڕاستەوخۆیان دۆزیوەتەوە، بەوجۆرەش ڕێگە والا دەکەن لەبەردەم ڕۆڵەکانی نەتەوەکەدا تاکو لەڕێگەی دەنگدانی هێمنەوە ئارەزووەکانیان بێننە دی...لەهەر ماوەیەکدا دەبینین خەڵکی ڕوو لەسندوقەکانی هەڵبژاردن دەکەن وکارتی دەنگدانیان بەدەستەوەیە بۆئەوەی دەستەڵاتدارانی خۆیانی پێ دیاری بکەن، بەگوێرەی ئەونەزعەی چاکسازی و نوێ بوونەوە کەتێیاندا دەبینن.

سیستەمی هەڵبژاردنی نوێ لەناتەواوی بەدەرنییە، هەرچۆن بیگری ناتەواوە، ئەمەش لەبەرئەوەی دەستکردی مرۆڤەو مرۆڤیش هەرچەندە هەوڵبدات لە ناتەواویی دەرباز نابێت، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین: تاهەرچەندە هەڵبژاردنەکان دروست بن وپترگوزارشت لەڕای نەتەوە بکەن، ئەوەندە تەرێز لێکترکردنی کۆمەلایەتی لەناونەتەوەدا کەم دەبێت"مەترسی شۆڕش دورتر دەبێت".

"لیمان "لەبارەی هەڵبژاردنەوە دەڵێت: هەڵبژاردن ئێستا لەجێی شۆڕشە لە سەردەمی کۆندا... ئەو پێی وایە هەڵبژاردنی ئێستا بریتییە لەشۆڕشێکی دەمامکدار، کەتیایدا کارتەکانی دەنگدان لەبریتی فیشەکی تفەنگەکان بەکار دەهێنرێن.(١٢) ئەوکۆمەڵگەیەی نەتوانێت دەستەڵاتدارەکانی بەڕێگەی هێمن بگۆڕێت، ئەوا ئاساییە کەپەنا دەباتە بەرگۆڕینیان لەڕێگەی توندوتیژیو شۆڕشەوە.

***

ئیسلام میکانیزمی(ڕاوێژ)ی داهێنا، بەلام میکانیزمێکی سادەوساکار بوو، پێش وەختی خۆی هات ولەوسەردەمەدا ئاوەزی خەڵك ئەومەسەلەیەی بۆ هەزم نەدەکرا... ئەوە بوو هێشتر ماوەیەکی کەم تێ نەپەڕی بوو بەسەر جێبەجێکردنی

ڕژێمی (ڕاوێژ)دا وای لێهات خراپ جێبەجێکراو لەئاکامدا فەرمانداریی ئیسلامی گەڕایەوە بۆسیستەمی شمشێرو قامچی...

ئەمە شتێکی یاسایی وحەتمییەوجێگەی سەرسوڕمان نییە، چونکە هەڵبژاردن بە تەنها سیستەمێکی فیکری ڕووت نییە، بەڵکو نەریتێکی کۆمەڵایەتییەو لەمەئلوفی ناو خەڵکەوە هەڵدەقوڵێت وپشت بەبەهاونەریتە مەوروسەکانیان دەبەستێت.

لەبەرئەوە بوو پاش نزیکەی نیو سەدە لەکۆچی دوایی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)حوکمی شمشێرو قامچی گەڕایەوە بۆ ئیسلام، بەوەش سیستەمی ڕاوێژ بزربوو، لەوساتەدا بەها کۆمەڵایەتیەکان لەو سیستەمە نەدەگەیشتن ونەیان دەتوانی لەتەکیدا هەڵبکەن یان خوی پێوە بگرن.

دەگێڕنەوە لەپێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)ەوە کەفەرمویەتی:(خەلافەت سی ساڵ دەبێت وپاشان دەبێت بەپادشایەتی)(١٣) ڕەنگە ئەم فەرموودەیە بەدرۆ بەدەم پێغەمبەرەوە دروستکرابێت، لەوانەشە فەرموودەناسەکان بۆ ئەوە دروستیان کردبێت، تاکو وێنای ئەوگۆڕانەی پێ بکەن کەلەسەردەمی معاویەدا بەسەر سیستەمی خەلافەتدا هات... بەهەرحاڵ ئەو گوتەیە وێنای ئەو ئیعتیبارە کۆمەڵایەتیەمان بۆدەکات کەلەو سەردەمەدا لای فەرموودەناسەکان بڵاوبووە، ئەمەش کاتێک دیتیان معاویە سیستەمی ڕاوێژی گۆڕی بۆپادشاییەکی بۆماوەیی، کە سوپاو ئۆردویش پشتی دەگرت.

لەدوای ئەم وەرچەرخانە خەڵکی بوونە دووگروپی پێچەوانەی یەکتر: گروپێک بانگەشەی ملکەچ بوون بۆسوڵتانیان دەکرد. یاسوڵتان ستەمکاریش بێت!... گروپێکی تر بانگەشەی شۆڕشیان دەکرد. لەبەرئەوەی شمشێر لەدەستی سوڵتاندا بوو، شۆڕشگێڕانیش پەنایان دەبردە بەرشمشێر، بەو جۆرە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی پەیوەست بوو بەرادەی پێکدادانی نێوان شمشێری پارێزگاران و شمشێری نوێخوازەکانەوە... هەریەک لەگروپەکانیش، بۆ پشت ئەستورکردنی هەڵوێستی خۆی لە دژایەتیکردنی گروپەکەی تردا، پەنایان دەبردە بەر پەرتوکی خواو فەرموودەکانی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت). ئەمیان دەیگوت: واجبە

گوێڕایەڵی سوڵتان بکرێت ودەرچوون لەکۆمەڵ کوفرە... ئەویان دەیگوت: ڕێگرتن لەخراپە واجبە ودژایەتی کردن ولەناوبردنی ستەمکاران جیهادە.

بێگومـان کۆمەڵگـەی ئیسلامی بـەم پێکـدادان وکارلێکردنـە پێشکەوت...بـەڵام لەهەمان کاتدا زیانی زۆری گیانی ومادی کرد ولەووزە وتواناشیدا زیانی زۆری بەرکەوت.

پێشکەوتن، لەسەر کۆمەڵگە قورس دەکەوێت، چونکە بیرۆکەیەکی ڕووت نیە کەلە هزری فەیلەسوفەکاندا بێت وبچێت، بەڵکو بەرئەنجامی کارلێک وپێکدادانی تاڵ و تفتی نێوان هێزە پارێزکاروهێزە نوێخوازەکانە... ئەگەرهـەموو خـەڵکی پارێزکار بوونایە، ئـەوا کۆمەڵگە پێیانـەوە پـەنگی دەخواردەوەو، وەك کۆمەڵگـەی هـەنگ و مێروولـەی لێدەهات کەملیۆنـەها ساڵ تێدەپـەڕێت وکۆمەڵگـەی ئـەوان لەشـوێنی خۆیدا ڕاوەستاوەو نابزوێت وپێش ناکەوێت.

فەرموودەیـەکی نـامۆ لەپێغەمبـەر(درودی خـوای لێبێـت)ەوە دەگێڕنـەوە کـە پەیوەندیەکی بەم باسەی ئێمەوە هەیە. دەگێڕنەوە گوایە فەرمویەتی:( داوام لە پـەروەردگارم کـرد کەئوممەتەکـەم بەبرسێتی لەناونەبات، وەڵامـی دامـەوە.داوام لێکرد بە نوقم بوون لەناویان نەبات، وەڵامی دامەوە. هەروەها داوام لێکرد کەوایان لێنەکات لەناوخۆیاندا یەکتری بکوژن،بەڵام وەڵامی ئەم داوایەمی نەدایەوە)(١٤)

پـەروەردگاری محەمـەد حـەقی خۆیـەتی ئومەتەکـەی محەمـەد پەرتـەوازە بکـات و نـاکۆکی بخاتـە ناویانـەوە، چـونکە خـودا نایـەوێت کۆمەڵگـەی ئیسلامی کۆمەڵگەیەکی پەنگ خواردووی بێ گیان بێت... پەروەردگاری موحەمەد(درودی خوای لێبێت)ئەوەیە کەموسا وەسفی دەکات ولەهەڵپەیڤینێکدا لەگەڵیدا دەڵێت: "ان هـی الافتنتـك تظل بهـا مـن تـشاء وتهدی بها من تشاء..." خـوای گـەورە پێغەمبەرەکەی موحەمەد(درودی خوای لێبێت)دەدوێنێت ودەفـەرمێت:"لوشاء ربك لجعل الناس امة واحدة ولایزالون مختلفین الامن رحم ربك، ولذلك خلقهم".

ئاشکرایە خوای گـەورە کـەمرۆی دروستکردووە، ئەزعـەی نـاکۆکی وملمڵانێشی تێـدا دروسـتکردووە، بـەوەش خوسـتویەتیە سـەر ڕێگـەی پێـشکەوتن، کەلـە سنورێکدا ڕانەوەستێت.

ڕۆژێکیان لەیەکێك لەگۆڤارەکانی بەغداد "شتێکم نووسی وگوتبووم پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)نوێخوازبووەو داوای پێشکەوتنی کۆمەلایەتی دەکرد لەو پەڕی واتاکانیدا، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەوەی لەپیاوانی ئاینی دەبینین کە دژایەتی هەموو شتێکی نوێ دەکەن، قێزەون ترین ونەخوازراوترین شت لای پێغەمبەر ئەوەبووە کەخەڵکی بڵێن"اننا وجدنا اباءنا علی امة وانا علی اثارهم مقتدون" (١٥).

یەکێك لە"واعیزەکانی سوڵتان" وەڵامی دابوومەوەو گوتبووی:"موسوڵمانێك نییە لەسەر ڕووی زەویدا بڵێت "انا وجدنا اباءنا" بەڵکو دەڵێت: پەرتوکی خودایە لەبەردەمماندا باتڵ لەبەرو پشتەوە ڕووی تێناکات، موحەممەدیش پشت ئەستوری کردووە بەو گوتەیەی کەدەفەرمێت: دوو شتم لەنێودا بەجێ هێشتوون گەر دەستیان پێوە بگرن گومڕانابن" پەرتووکی خوداو سوونەتەکانم " ئێمەش لەسەر ئەو پەیمانە بەردەوامین و ڕاوەستاوین ودەستمان بەپەرتووکی خوداو سوننەتی پێغەمبەرەکەیەوە گرتووە...جابا دکتۆر ڕای خۆیمان لەبارەی نوێگەرییەوە بۆ بڵێت بۆئەوەی وازلە پەرتووکی خواوسونەتی پێغەمبەرەکەی بێنین، ئەگەر لە توانایدایە شتێکی نوێ بێنێت باشترو لەبارتر بێت لەپەرتوکی خودا"(١٦)

بەڕاستی ئەز سەرم لەم وتەیە سوڕدەمێنێت کەلە هەموو کاتێکدا "واعیزەکانی سوڵتان" دەیڵێنەوە، ئەوان پەرتووکی خوا بەدەستیان بەرز دەکەنەوەو خۆیانی پێ دەپارێزن، دروست وەك ئەوەی هاوەڵەکانی موعاویە لەشەڕی"صەفین"دا کردیان، دەڵێن: ئەوەتا پەرتووکی خوا بابگەڕێینەوە بۆ لای...ئەوان لەبیریان چووە کەقورئان"حمال اوجه" ە، وەك عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەفەرمێت. هەرگروپێك دەتوانێت لەقورئان شتێك بهێنێت بەرامبەرکێ ودژایەتی دوژمنەکانی پێ بکات. بینیمان پەڕاوی خوا بەڕاشکاوانە نەهی کرد لەپەزمەندەکردنی ماڵ وسامان بە جۆرێك کەڕاڤەو تەئویل هەڵناگرێت، دواتر سوڵتانەکان هاتن تەئویلیان کردو لە سوونەتی پێغەمبەریشدا پاڵ پشتیان بۆ خۆیان دیتەوە...ئیدی هەیاران ئێمە دەست بەکام ڕاڤەیانەوە بگرین؟.

شوێن کەوتنی پەڕاوی خوا بەوەنابێت بەیانی و ئێوارە بیخوێنینەوە، ماچی بکەین ولەسەرسەرمان دایبنێین وپیتەکانی بەئاوی ئاڵتون بنوسینەوەو زەخرەفەو نەخش ونیگاری بۆ دروست بکەین.شوێن کەوتنی پەڕاوی خوا بەوە دەبێت شوێن ئەومەشخەڵە بکەوین کەقورئان بەرزی کردبویەوە لەقەڵاچۆکردنی ستەمکارو خراپەکارو تاغوتاندا.

"واعیزەکان" ئەم وتەیەی قورئان دووبارە دەکەنەوە کەدەفەرمێت" واطیعوا الله و رسوله واولوا الامرمنکم" بەوەش فەرمان بەخەڵکی دەدەن تاکو گوێڕایەڵی سوڵتان بن هەرچەندە ستەمکاریش بێت، خودا فەرمان بەگوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەرو وەلی ئەمرەکان دەکات، وەلێ واعیزەکان فەرمان بەگوێڕایەڵی وەلی ئەمرەکان – واتە سوڵتانەکان– دەکەن. بێگومان گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەرەکەی(دروودی خوای لێبێت)لەبەرترە لەگوێڕایەڵی وەلی ئەمر ئەگەر هەردوو گوێڕایەڵیەکە پێچەوانە بونەوە، ئەوا شیاوترینیان گوێڕایەڵی یەکەمە لەگوێڕایەڵی دووەم.لە فەرموودەیەکی پێغەمبەریشدا(دروودی خوای لێبێت)هاتووە:(لاطاعة لمخلوق فی معصیة الخالق).

***

لەبارەی لۆژیکی کۆمەلایەتی نوێوە گوتمان لۆژیکی ململانێو جوڵەیە. ئەمیش پێچەوانەی ڕاستی ئەگۆڕە کە"واعیزەکانی سوڵتان" لەسەری دەڕۆن. لەڕاستیدا ئەم لۆژیکە نوێیە، تازەنییە بەهەموو واتاکانی ئەو وشەیە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)بەجۆرێك لەجۆرەکان مژدەو ئاماژەی پێداوە. دەگێڕنەوە لە پێغەمبەرەوە کەفەرموویەتی:" خودا هەر سەد ساڵ، کەسێك بۆ ئەم ئوممەتە دەنێرێت تاکو ئاینەکەی بۆ نوێ بکاتەوە(١٧).

کەواتە پێغەمبەر دان دەنێت بەوەدا کەئایینەکەی لەگەڵ چەقبەستندا ڕێك ناکەوێت، پەرتووکی خوداش بەتەنها بەس نیە بۆئەوەی قەدەغەو بەربەستی لادان لەخەڵکی بکات... ئەوەتا پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)هەواڵ دەدات بە هاتنی کەسانی نوێکەرەوەی ئاین لەناو نەتەوەکەیدا هەرسەد ساڵ جارێك.

ئەوەی شیاوی ئاماژە پێدانە، باسکردنی ژمارەی ساڵ لەزمانی عەرەبیدا واتای ژمارەی ساڵەکان ناگەیەنێت وەك باوە، وادیارە پێغەمبەر مەبەستی لەسەدساڵ ماوەیەکی زەمەنییە کەبەگوێرەی گۆڕانکاری بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان درێژ یان کورت دەبێت.

دێرۆکی کۆمەڵایەتی بەژمارەی ساڵان ناپێورێت، چونکە مێژوویەکی پێکەوە گرێ دراوەو بەگوێرەی فاکتەرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەجۆرەها قۆناغدا دەڕوات. وام دێت بەخەیاڵدا کەپێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)چاوەڕوانی داڕوخانی ئوممەتەکەی کردووە بەتێپەڕینی وەچەکان، جائەگەر کەسێك نەیەت ئایینەکەی بۆ نوێ بکاتەوە، ئەوا تاهەتایە لەوداڕوخانەدا دەمێنێتەوە... لەنێو هەموو ئایینەکاندا تەنها ئیسلام تایبەتمەندی ئەوەی هەیەکە"فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لەخراپە"ی لەسەر شوێنکەوتووەکانی فەرزکردووە.

پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)دەفەرمێت:"اذارایت امتی تهاب الظالم ان تقول له:انك ظالم. فقد تودع منها"(١٨).

ئەم ئەرکەئیسلامیە، واتە ئەرکی فەرمان کردن بەچاکەو بەرگرتن لەخراپە، ئەرکێکی سەیرو نامۆیەو جێگەی تێڕامانە،چونکە ئەوەبەسەر خەڵکیدا فەرز دەکات کەڕووبەڕووی ستەمکار ببنەوەو ڕەخنەی لێ بگرن ولەڕوویدا پێی بڵێن:تۆستەمکاریت...هەرکەسیش لەسایکۆلۆژییەتی ستەمکاران بکۆڵێتەوە، هەست دەکات ئەوان ئەوجۆرە ڕووبەڕووبونەوە تیژو توندەیان پێ هەزم ناکرێت. زۆرجار فەرمانی کوشتن دەدەن بەسەرکەسێکدا کەڕەخنەیان لێبگرێت یاخود ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

وادەردەکەوێت پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)ئەو جۆرە ڕووبەڕوبونەوەی بە جیهاد لەپێناوی خوادا دادەنا، ئەوەدەیگووت:(ما من مسلم یظلم مظلمة فیقاتل فیقتل الا قتل شهیدا)(١٩).

بەوجۆرە جیهاد لەئیسلامدا دابەش بوو بۆ دووجۆر:جیهادی دژبە دوژمنی کافرو جیهادی دژبەموسوڵمانی ستەمکار. لێرەدا دەبینین موسوڵمانەکان بوونە دوو بەشەوە، بەشێکیان دووپاتی جیهادی دژبە دوژمنی کافریان دەکردەوەو جیهادی

دژبەموسوڵمانی ستەمکاریان لەبیرچوو... بەشێکی تر بەپێچەوانەوە پێیان لەسەر قەڵاچۆکردنی ستەمکارانی ناخۆ دادەگرت ودوژمنە بیانیەکانیان پشتگوێ دەخست... لەوانەیە هۆکارێکی ئەمە ئەوەبێت کەگروپی یەکەم تۆمەتی ئەوەیان دەدایە پاڵ گروپی دووەم گوایە دروستکراوی بیانین.

***

واعیزەکان هاتن مەسەلەی فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لەخراپەیان"کە پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لێبێت)فەرمانی پێداوە "بەجۆرێك لێکدایەوە کەلەگەڵ مەرامی خۆیاندا بگونجێت، گوایە بریتییە لەملکەچ بوون بۆسوڵتانەکان... ئەوەتا ئەو فەرمانە مەزنەیان کردە ئەرکێکی حکومی بێ ئەرزش وناوی "الحسبە" یان لێنا... سوڵتانەکان لەمەدا هاوکارییان کردن وجۆرە یاساوڵێکیان بۆ تەخان کرد کەدروست لەیاساوڵی شارەوانییەکانی ئەمڕۆ دەچوون وفەرمانیان پێدان بە بازاڕەکاندا بگەڕێن وهاتوچۆ بکەن بەمەبەستی فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لە خراپە.

"ئیبن خەلدون" لەوبارەیەوە دەڵێت:"حوسبە ئەرکێکی ئایینیە لەبابی فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن لەخراپە کەفەرزە لەسەر هەڵسوڕێنەری کاروباری موسوڵمانان، ئەویش کەسانێکی بۆدەست نیشان دەکات کەبەشایستەی ئەوکارەیان دەزانێت ...بەشوێن خراپەدا دەگەڕێت وبەگوێرەی خراپەکە تەندیبی بکەرەکەی دەکات، خەڵکی ناچار دەکات بەرژەوەندی گشتی لەشاردا بپارێزن، وەك ڕێگە گرتن لە تەنگەتاوکردن لەسەرە ڕێگەکاندا، یان ڕێگە نەدان بە وشترەوان وکەشتیەوانان کە زیاد لەسنوری توانا باربنێن لەباربەرەکانیان، هەروەها حوکم کردن بەسەر ئەو کەسانەدا کەخانوەکانیان خەریکە دەڕوخێت تاکو بەدەستی خۆیان بیڕوخێنن، چونکە چاوەڕوان دەکرێت خانوەکە لەخۆوە داڕوخێت.(٢٠).

پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)فەرمان بەچاکە وڕێگرتن لەخراپەی خستە ئەستۆی ئەتەوەکەی تاکو هانیان بدات دژایەتی ستەمی پێبکەن، کەچی سوڵتانەکان کردیانە قامچی بەدەستی یاساوڵەکانەوە بۆ سەری بەقاڵ وباربەر و مامۆستاو خەڵکی هەژاری بازاڕ.

بەڕای من باشترین پراکتیزەی سوننەتی فەرمان بەچاکە وڕێگە گرتن لەخراپە لەم سەردەمەدا بەوە دەبێت موسوڵمان مافی خۆی لەهەڵبژاردن ودەنگداندا تائەو پەڕی سنور بەکاربهێنێت... قەیمیەکان وایان دەزانی فەرمان بەچاکە وڕێگە گرتن لە خراپە واجب نیە لەسەر موسوڵمان تاکو تواناى بەسەردا نەبێت... ئەوان گومانیان وابوو کەتاکی موسوڵمان ناتوانێت ئەو ئەرکە لەبەرانبەر سوڵتانی بەدەستەڵات و توانادا ڕابپەڕێنێت... لەبەرئەوە ڕێگەیاندا بەبێ دەنگ بوون وملکەچبوون لەبەرانبەر سوڵتانەکاندا و، شوێنکەوتنی ئەو ئەرکە مەزنە ئیسلامیەیان پشت گوێخست.

گومانی تێدانیە کەئەم سەردەمە ئاڵوگۆڕێکی لەڕژێمی حوکمدا بەخۆوە بینیوە، هەردەوڵەتێکی نوێ هەرچەندە دروستکراویش بێت، بەجۆرێك لەجۆرەکان سیستەمی دەنگدان وهەڵبژاردنی هەیە... کەواتە لەم سەردەمەدا بووەتە واجب بەسەر موسوڵمانەوە کەئەو مافەی بۆی دەستەبەرکراوە، بەکاری بێنێت.

ئەگەر من لەئەهلی شاشك بوایەم، فتوام دەدا بەوەی دەنگدان واجبێکی ئاینیە، هەروەها کەمتەرخەمی کردنم تیایدا بەگوناهێك لەقەڵەم دەدا کەلێخۆشبونی نەبێت.

موسوڵمان ئەمڕۆ وا ڕاهاتوە کەبەچاوی گاڵتە پێکردن وخوێن ساردیەوە سەیری هەڵبژاردن بکات، تەنانەت گرنگی نادات بەوەی بەشداری لەهەڵبژاردندا بکات، ئیدی با لەنێزیك ماڵ یان دوکانەکەیشیەوە هەڵبژاردنەکە بەڕێوەبچێت.

موسوڵمان لەبیری چووە کەواجبە لەسەری فەرمان بەچاکە بکات وڕێ لەخراپە بگرێت، هیچ ڕێگەیەك نابینم بۆبەرجەستەکردنی ئەم واجبە جگەلە بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا بەشێوەیەك لەشێوەکان.

ئەو خوێن ساردییەی موسوڵمان بەرامبەر بەهەڵبژاردن، وایکردووە هەڵبژاردن ببێتە گاڵتەو یاری بەدەستی تاغوت وستەمکارانەوە. ئەگەر هەموو خەڵکی، بە هاندانی ویژدانی ئاینییان بەشدارییان لەهەڵبژاردندا بکردایە ئەوجا ستەمکارانمان دەدی "کاڵەك بەئەژنۆ دەشکێنن-دەربڕینی وەرگێڕ" لەبەر ئەو هێزە وشیارەی لەنێو جەماوەردایە.لەوانەیە زیادەڕەوی نەبێت گەربڵێین، هەرچەندە

خەڵکی بەباشی لەهەڵبژاردن بڕوانن وبەشداری بەکردەوەی تیادابکەن، ئەوەندە دەست تیوەردانی تاغوتانی تیادا کەم دەبێتەوەو، ئەوەندەش بۆ تاغوتان ناڕەحەتە یاری پێبکەن وەك حاڵی حازردەیکەن.

من ئەم ڕایە دەخەمە بەردەم پیاوانی ئایینی، تەحەداشیان دەکەم گەر قبوڵی بکەن وبەدی بهێنن، واش دەزانم لێی تێ ناگەن وبەپێویستی نازانن. چونکە ئاوەزیان بە مۆری "ئامۆژگاری سوڵتانی"مۆرکراوە، ئەوان نایانەوێت هۆشیاری کۆمەلایەتی ببزوێنن یاخود هانی بدەن لەدژی وەلی ئەمرەکانیان "سوڵتانەکانیان".

بەندە دەترسێم لەوەی واعیزەکانی سوڵتان جارێکی تر تۆمەتبارم بکەن بەوەی ئەم ڕایەشم لەسەرچاوەیەکی بیانییەوە وەرگرتووە. یان من خاوەنی ڕای نامۆو بیرۆکەی تێکدەرانەم.

هەموو ڕایەکی نوێ لەدیدی ستەمکاراندا ڕای تێکدەرەو پێچەوانەی کەلەپوری باوباپیرانە...بۆیە بەڕایەکی لەقەڵەم دەدەن کە کەسانی نامۆو غەوارە هێناویانە بۆتێکدانی ئایینی ئیسلام.

***

یەکێك لەفەرمودە "مأثور"و باوەکان کەلە پێغەمبەرەوە گێڕاویانەتەوە ئەم فەرموودەیە کەتیایدا دەفەرمێت"بدا الاسلام غريبا وسيعود غريبا، فطوبى للغرباء". (٢١)

ئەم واژەی "غەریب"ە، لێکۆڵینەوەیەکی پرۆفیسۆر "سمل" م لەبارەی"غەریب" ەوە بیردەخاتەوە. ئیسلام لەسەرەتادا کەدەستی پێکرد بەوە تۆمەتبار کرا کە بانگەشەیەکی بیانی و نامۆ "غريب"ە، پاشان "ئەبوزەڕ" دەستی کردیە بانگەوازە سۆسیالیستیەکەی، دیسان بەوە تۆمەتبار کرا گوایە بانگەشە بۆ بیروباوەڕێك دەکات کەکەسێکی نامۆ فێری کردووەو وانەی دا داوە.

***

لەڕاستیدا "ئەبوزەڕ" کەسایەتیەکی سەیرە، پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) لەبارەیەوە دەفەرمێت: "رحمه اللّه اباذر، يمشي وحده، ويموت وحده، ويبعث

وحده".(٢٢) ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەبوزەڕ دەبینین تاکە دەشتەکییە بەرلــە کــۆچ موســوڵمان دەبێــت، لەکاتێکــدا پێغەمبــەر ئەشــکەنجە دەدرا و دەچەوسێنرایەوە.

ئاسایی دەشتەکییەکان نایەنە ئاوئاینێکەوە کەهێزی نەبێت، چونکە بڕوایان بە هێــز هەیــەو، لاوازی بەهەــموو جۆرەکانیــەوە بەســوکایەتی وکــەمیی دەزانــن، لەبەرئەوەشە دەبینین گاڵتەیان بەپێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)دەکرد لەکاتێکدا کەلاوازو چەوساوە بوو...وەلیّ هەرکە خەریك بووسەربکەوێت وجڵەوی هێز بە دەستەوە بگرێت، بینیمـان هـۆزە دەشتەکییەکان پـۆل پـۆل هاتنـە نـاو ئایینی خوداوە.

سەیرلەوەدایە کەتـەنها یـەك دەشـتەکی ببیـنین لەویاسایە ڕیزپـەڕبێت (ئـەویش ئـەبوزەڕ)بێـت، ئەوتەنانــەت بەرلــەوەی محەمــەد ببینێــت موســوڵمان بــوو، خزمەکانیشی لەسەر ئەوە گاڵتەی زۆریان پێکرد.

"عبدوڵلای کوڕی صامت" بۆمان دەگێڕێتـەوە کـە ئەبوزەڕ پێی گوتووە: "ئەی کوڕم، من سیّ ساڵ بەرلـەوەی چاوم بەمحەمەد بکەوێت نوێژم کردووە" ئیبن صامت" پرسیاری لەبارەی چۆنێتی ڕوکردنی لەنوێژدا لێ کرد، لەوەلامدا گوتی: خودا ئاراستەی ڕوومی لەهەر شوێنێك بکردایە"(٢٣).

ئەبوزەڕ لەپێغەمبـەران دەچوو، لەوانەیە پێغەمبـەر بووبێـت لـەجۆرو مۆدێلێکی تایبەت، چونکە ئەوپیاوە پێش هەمور دەشتەکیەکان دەکەوێت لەڕوکردنە خوادا، دواتریش پێش هەموویان کەوت لەشۆڕشکردن دژی موتریفەکان!!.

ئەبوزەڕ ستەمکارو دەوڵەمەندە موتریفەکانی بەوە تۆمەتبار دەکرد گوایە دەڵێن "ان یدالله مغلولة وان الله فقیر ونحن اغنیاء" کە سەرکۆنەیان کرد لەوبارەوە و ڕەدیان دایەوە. لەوەلامدا گوتی:(ئەگەر ئێوە خۆتـان بـەوەنازانن مـالی خواتـان بەسەر بەندەکانی خوادا دەبەخشیەوە)(٢٥)

عوسمان زۆر لێی توڕەو دڵتەنگ بوو، بەوانەی کەلە دەوروبەریدا بوون دەگوت: (ڕاوێژم بۆ بکەن لەبارەی ئەوپیرە درۆزنەوە، باڵیێ بدەم یان بیکوژم، ئەو کۆمەڵی موسوڵمانانی پەرتـەوازەکردووە، یاخود بالـەخاکی موسوڵمانان دووری بخەمەوە

....) عەلی کوڕی ئەبوتالب لەوێندەر ئامادەبوو گوتی:(ئەوەت پێدەڵێم، کە بڕوا دارەکەی ئالی فیرعەون گوتی:ئەگەر درۆزن بێت درۆکەی بۆ خۆیەتی، ئەگەر ڕاستگۆش بێت ئەوە هەندێك لەوەی دەیڵێت بەئێوە دەبڕێت، خودا کەسێك ڕێنموونی ناکات کە درۆزن وموسریف بێت). عوسمان بەهۆی ئەم وەڵامەوە زۆر لە عەلی تورەبوو، تۆمەتی ئەوەی دایە پاڵی گوایە ئەبوزەڕ هاندەدات لەپێناوی مەرامە تایبەتیەکانیدا)(٢٦)

عوسمان ئارامی لەبەربڕا، فەرمانیدا ئەبوزەڕ دووربخەنەوە بۆ" ڕەبزە"... فەرمانیشیدا هیچ کەسێك خواحافیزی لێنەکات!! وادیارەعەلی بەم قەدەغەکردنەی نەزانیبێت. بۆیە بەهاوڕێیەتی حەسەن وحسێنی کوڕی وعەقیلی برای وعەبدول کوڕی جەعفەری برازای، چووە دەرێ بۆخواحافیزی کردن لەئەبوزەڕ.لەگەڵ ئەوانیشدا پیاوێکی نامۆی تر دەبینرا"ئەویش عەمماری کوڕی یاسر "بوو.(٢٧) دەڵێن عوسمان پەست بوو لە"عەممار" لەبەرئەوەی خواحافیزی لەئەبو زەڕ کردبوو، بۆیە فەرمانیدا ئەویش دووربخەنەوە. عەلی کوڕی ئەبوتالب دێتەلای و لۆمەی دەکات لەسەر ئەوفەرمانە، عوسمان هەڕەشەی نەفی کردن لەویش دەکات!! لەوکاتەدا کۆمەڵێك لەگەورە پیاوانی سەحابە دێنەلای عوسمان وسەرکۆنەو سەر زەنشتی دەکەن وپێی دەڵێن:(هەرکە تورە بوویت لەهەر پیاوێك، نەفیت کردووە. ئەم کارە ناگونجێت وباش نییە)ئیدی عوسمان دەستی هەڵگرت و وازی هێنا لە نەفی کردنی عەلی وعەممار.(٢٨)

***

بەهەرحاڵ، کێشەکەی ئەبوزەڕ ئەو پزیسکەیە بوو کەلەسەردەمی عوسماندا ئاشوبە گەورەکەی لێکەوتەوە... عومەری کوڕی خەتتاب لەوەدەترسا ئەو ئاشوبە لەسەردەمی خۆیدا هەڵبگیرسێت. وەك دیتمان عومەر هەواڵیدا بەنزیك بوونەوەی هەڵایسانی ئاگرەکە. گەر عومەر ماوەیەکی درێژتر لەجیهاندا بمایەتەوە، ئەوا شتی زۆرترمان لێ دەبینی لەپێناوی لەناوبردنی ڕیشاڵەکانی ئەو ئاشوبە.

وادیاره عوسمان ئەوپیاوە دانایە نەبووە کەبتوانێت شتێك بکات لەوبارەیەوە...
عوسمان پیاوێکی پاك وبەرەوشت ودڵ نەرم و زۆر بەبەزەیی بووەو خزمانی خۆیی خۆش ویستوە. ئەم سیفەتانەش بۆ بڕوادارێك لەبارە کەلەماڵی خۆیدا دانیشتبێت، نەك بۆپیاوێك کەلە دەریایەکی پڕ لەشەپۆلدا کەشتی لێبخوڕێت.
لەسەردەمی عوسماندا "وەك دکتۆر تەها حسێن ئامارژەی پێ ئەدات" چینێکی بەهێز لەخاوەن موڵکەقەبەکان دروست بوو(٢٩) لەبەرانبەریشدا، خەڵك ڕەش و ڕووت ومەحروم وبێبەش بوون. ئەمەش زۆر مەترسیدارە، وەك دانانی بەرمیلێك باروود وایە لەنزیك ئاگردا. ئەخاسمە گەر لەنێو ئەوخەڵکەدا واعیزی چەتوون لە جۆری "ئەبو زەڕ" هەبن وبانگەشەی یەکسانی ودادگەری کۆمەڵایەتی بڵاوبکەنەوە.

***

مێژووەوانەکان هۆکاری هەرەگەورەی ئەو ئاشوبەیان دایە پاڵ " ئیبن سەبەء" ئەو کابرا جولەکەیەی لەناکاوداو بەمەبەستی زیان لێدان هاتە نێوئیسلامەوە. لەبارەی " ئیبن سەبەء" ەوە دەڵێن: بڵاوبوونەوە وسەرکەوتنی ئیسلام زیانی زۆری لێدا بوو، بۆیە کەهات دەیویست ئیسلام لەسەری خاوەنەکانیدا بشکێنێت. ئەو ئەفرەتیە توانی بەشێوەیەکی سەرسامکەر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.
ئاشکرایە خاوەنانی موڵکە گەورەکان کەلەسەردەمی عوسماندا دروست بوون، ترسان لەو بێزارییەی کەلەناو جەماوەردا بەرامبەر سامانەکانیان بڵاوببویەوە. بۆیە هۆکاری ئەوەشیان دایە پاڵ کەسێکی جولەکەی نۆ موسوڵمان!! وەك ئەوەی ویستبێتیان هۆکاری بنەڕەتی شۆڕشی غەوغا بشارنەوە.
ئەوکارە گەورانەی کەدەدرێنە پاڵ "ئیبن سەبەء" هیچ کەس ناتوانێت پێیان هەڵسێت مەگەر بلیمەت یان جادووگەر یاخود خەولێخەرێکی موگناتیسی لە جۆرێکی باڵابێت. دەبێت چاوی موگناتیسی هەبێت کەگابەردی پێ لەت بکات یان هێزێکی سایکۆلۆژی تیژی هەبێت بەجۆرێك خەڵکی لەبەردەمیدا ببنە مێگەل و بە شێوەیەك خۆشیان هەست نەکەن بچنە ژێرکاریگەری وتەکانیەوە.

گەرپیاوێکی ئاوها لەسەردەمی عوسماندا سەری هەڵبدایە، دەبوا بەجۆرێك لە جۆرەکان وەسفیمان ببیستایەو بگەیشتایەتە لامان... سەیرلەوەدایە لەو سەرچاوە گرنگانەدا کەباس لەناکۆکی لەگەڵ عوسماندا دەکەن، باس وخواسی "ئیبن سەبەء"مان بەرچاو ناکەوێت، تەنها تەبەری لەیەك ڕیوایەتدا باسی دەکات کە بریتیە لەریوایەتی "سەیف عومەر"، مێژووەوانە پاشینەکان لەچیرۆکی "ئیبن سەبەء"دا تەنها پشتیان بەو ڕیوایەتە بەستووە(٣٩)و بۆمەرامە جۆراوجۆرە مەزهەبییەکانیان سوودیان لێ وەرگرتووە.

جێگەی سەرسوڕمانیشە کەدەبینین ڕێبازە ئیسلامییەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە بڕوایان بەچیرۆکی" ئیبن سەبەء"هەیەو زۆرترینی بیروڕاکانیانی لەسەر بنیات دەنێن... لەمێژوودا هیچ چیرۆکێکم پێ شك نایەت کەبەدرێژایی کات بمێنێتەوە وەك ئەم چیرۆکە هیچ وپوچ بێت.لەوانەیە ئەم چیرۆکە لەگەڵ مەرامی هەموو مەزهەبەکاندا گونجاوبێت، بۆیە دەستیان پێوە گرتووەو لەهەموو ڕوویەکەوە پشتیان پێ بەستووەو شتیان لێ وەرگرتووە.

ڕەحمەت لەو کەسە زیرەکەی کەئەوچیرۆکەی داهێنا، چونکە بەوە ئامێرێکی فیکری وای داهێنا کەهیچی کەمترنییە لەئامێری تەنبورر، دڵشادودڵتەنگ پێیا دەکشێن وهەژارو دەوڵەمەند چێژی لێ وەردەگرن.

شیعە سەرگوزشتەی"ئیبن سەبەء" باس دەکەن وهەرچی ناتەواوییە دەیدەنە پاڵی و ڕەفتارەکانی دەدەنە بەرتانە(٣٠) ئەوان زیادڕۆچوون لەپیرۆزکردنی عەلی و بە خواکردنی دەدەنە پاڵ ئیبن سەبەء، لەوانەیە مەبەستیان لەوە ئەوە بێت تۆمەتی زیادڕۆچوون لەکەسایەتی عەلی لەخۆیان دووربخەنەوە، هەروەها دەڵێن: عەلی هاوەڵەکانی ئیبن سەبەئی بەئاگر سووتاندووەو، خۆشی نەفی کردووە بۆ "مەدائین" لەبەر زیادڕۆچوونیان لەپیرۆزکردنیدا.

بەو شێوەیە شیعە دوو پاسارییان بەیەك بەردپێکا، لەلایەکەوە پێشەواکەی خۆیان "عەلی"یان دورخستەوە لەوەی حەزی لەوەبووبێت خەڵکی زیادڕۆبچن لەخۆش ویستنیدا، لەلایەکی تریشەوە بەڵگەیان هێنایەوە بۆنەوەی کەخۆیان لە"سەبەئی" یەکان نین"نەفرەتی خودا لەسەبەئییەکان"...ئەهلی سوننەتیش بەرۆڵی خۆیان

سوودی زۆریان لەسەر گوزشتەی "ئیبن سەبەء" وەرگرتووە، ئەوان هەموو سەحابەکانیان خۆش دەوێت، جیاوازی ناخەنە نێوان ئەوانەی پێش فەتح موسولمان بوون وئەوانەیشی کەلەدوای فەتح موسولمان بوون... مەروان و موعاویەیان خۆش دەوێت، هەروەها عەلی وئەبوزەڕیشیان خۆش دەوێت... ئەوان هەموو ئەوانەیان خۆش دەوێت کەبۆیەک ڕۆژیش هاوەڵایەتی پێغەمبەریان کردووە، سەرجەمیان لای ئەوان پاک وبێگەردن خوالێیان ڕازی بووەو ئەوانەیش لە خودا ڕازی بوون.

لێرەدا گرفتێکی گەورەیان بۆدروست دەبێت، چونکە ئەو سەحابانە لەگەڵ یەکدا ناکۆک بوون ویەکیان کووشتووە، هەندێکیان هەندێکی تریان بەکافر داناوە، جا هەیاران چۆن کەسانی پاک وبێگەرد لەناوخۆیاندا دەجەنگن؟!

ئەهلی سوننە دەڵێن: هۆکاری ئەویەکتر کوژییەئیبن سەبەئی ئەفرەتییە، ئەوبوو شۆڕشی لەدژی عوسمان هەڵگیرساند، هەرئەو بووسەحابەکانی لەدژی یەکتر هاندا بەجۆرێک کەهەست نەکەن، هەرئەویش بوو نەیهێلا ئاشت ببنەوە لەکاتێکدا ئاشت بوونەوەکە نزیک بوو.

بۆیە دەبینین ئیبن سەبەء گوناهی جیهانیانی هەڵگرتووە، ئەگەر ئیبن سەبەء کەسایەتییەکی ڕاستەقینە بوایە، ئەوا گریان وناڕەزایی زۆری دەبوو بەرامبەر ئەو تۆمەتانەی بۆی دەکرێن وئەویش نووستوە، وەک پەندەکە دەڵێت هەموو شکارێک بەسەر ویدا دەهاوێژن.

لەبەردا گوتمان هەموو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی نوێ لەسەرەتادا تۆمەتبار دەکرێت بەوەی دەستکردی بیانی و زەندیقەکانە، هەر کەسەریش کەوت ودەسەڵاتی گرتە دەست، دەبێتە کرۆکی ئاین ودەچێتە تۆماری پیرۆزیە بۆماوەییەکانەوە، ئەگەر بزاڤە سۆسیالیستیەکەی ئەبوزەڕ سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە، ئەوا ئەبوزەڕ لە مێژووی ئیسلامدا دەبووە یەکێک لەپیاوە هەرە مەزنەکان ومێژووەوانەکانیش بە یەکێک لەپیاوە داناوزاناو دووربینەکانیان دەدایە قەڵەم.

بۆ بەدبەختی، ئەبوزەڕ لەبزاڤەکەیدا شکستی هێنا، بۆیە لەدیدی زۆرینەی خەڵکدا بەخەڵەفاو وبیانی درایە قەڵەم.

"ئەبوزەڕ" بەنەفی کراوی وپەژموودەیی مرد، یادیشی لەهیچ لایەکدا نەمایەوە (لەنێو دڵی عەلی کوڕی ئەبی تالیب وعەممارو ئەوانەی وەک ئەوان وابوون) ئەبێت... ئەگەر بەسەرکەوتوویی بمردایە، لەوانەیە بەغداد ناوبنرایە "شارەکەی ئەبوزەڕ" لە بری ئەوەی ناوبنرێت "شارەکەی ڕەشید".

ئەوە سروشتی دونیایە، عەلی کوڕی ئەبی تالیب بەم گوتەیە وەسفی دەکات و دەڵێت: "ئەگەر دونیا ڕوی کردە هەرکەسێك چاکەی خەڵکانی تریشی بەسەردا دەبڕێت، ئەگەر ڕوشی لەکەسێك وەرچەرخاند چاکەکانی خۆیشی لێ دادەڕنێت(٣١).

جێکەی نیگەرانیە دەبینین خەڵکی "کەفەیلەسووف و بیریارودانانشیان لەناودایە" لەگەڵ دنیادا دەڕۆن ودنیا چۆن حوکم بدات بەسەر کەسێکدا ئەوانیش وا حوکمی بەسەردا دەدەن... لەوانەیە ڕێکەوت مرۆڤێك بگەیەنێتە چڵەپۆپە. ئیتر خەڵکی دێن وهەرچی چاکەیە دەیدەنە پاڵ ئەوکەسە، سەرکەوتنەکەشی بەوە دەزانن کەئەو مرۆڤە زۆر ژیرو دوربین بووە...وەلێ ئەگەر ووردبینەوە لەمەسەلەکە دەبینین ئەو کابرایە بەخت یارمەتیداوە سەرکەوتنی لەجەنگەکەدا بەدەست هێناوە یاخود دوژمنەکەی مردووەو بەسەریدا سەرکەوتووە...بەڵام سەرەڕ ئەوەش لای خەڵکی و لەبەرچاوی مرۆڤەکاندا بەرزوبڵندبووەتەوەو هەموو خراپەکانی بوونەتە چاکە.

لەوانەیە مرۆڤێکی مەزنیش شکست بێنێت لەئەنجامی ڕێکەوتێکی خراپ کە لە ناکاودا دێت بەسەریدا، ئیتر خەڵکی دەست دەکەن بەگەڕان بەدوای ناتەواویە کانیدا، شکستەکەیشی دەگێڕنەوە بۆنیازخراپی کابرا یان بۆ لاوازی بیرو هۆشی...لەوانەشە پێی بڵێن بەکرێ گیراوێك بوو لەبەکرێ گیراوەکانی بیانی. بۆنموونە باخوێنەر سەرنجی بزاڤی عەباسیەکان بدات، فارسەکان پێی هەستان و دژایەتی دەوڵەتی عەرەبیان کرد، بەو بزاڤەشیان سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە یان بەدەست هێنا... کەچی دوای ئەوان مێژوونوسەکان لەبارەیانەوە دەڵێن: بزافی عەباسیەکان شۆڕشێکی مەزن بوو لەپێناوی گەڕانەوەی دین بۆسەر ڕێڕەوی ڕاستی خۆی و زیندووکردنەوەی سوننەتی پێغەمبەر. باوای دانێین ئەو بزافەی فارسەکان پێی هەستان سەرنەکەوت...چونکە دوور نەبوو "مەروانی کەر"

سەربکەوێت بەسەر سوپاکەی "هۆزی عەباس" لەڕووداوەکەی "زاب"دا بزافەکە لەناو لانکدا بکوژێت.

گەرنەوە ڕوێدابا مێژوونووسەکانمان دەبینی لەبارەی عەباسییەکانەوەدەیانگووت: بزافێکی مەجووسی بوو هاتبوو بۆلەناوبردنی ئیسلام.

چەند بزافێکی فارسی ترلە دوای بزافی عەباسیەکان سەریان هەڵداو عەباسییەکان لەناویان بردن ولەناوبێشکەدا کوشتنیان... بۆیە مێژوونووسەکان لەبارەیانەوە دەڵێن: بزافی ئیلحادی بوون ومەبەستیان ڕووخاندنی ئیسلام و زیندوو کردنەوەی ئاگر پەرستی بووە(٣٢).

***

دێرۆکی نوێ پشکێکی زۆری لەم تۆمەتانەی بەخۆوە دیوە کەدەدرێتەپاڵ هەر نوێخواز یان شۆڕشگێڕێك.

ئەو ڕۆژەش لێمانەوە دوورنییە کەعەرەب هەستان وداوای مافی خۆیان لە"خاقانی کوڕی خاقان" سوڵتانی موسوڵمانان کرد... ئەوەبوو ئەو کاتەعەرەب تۆمەت بارکران بەوەی بانگەشەی زەندەقیەت دەکەن ودەیانەوێت لەگوێ ڕایەڵی خەلیفەی خودا دەرچن لەناو زەویەکانیدا.

کاتێك کۆنگرەی عەرەبی لەپاریس ساڵی(١٩١٣)گرێ درا عوسمانیەکان لە بارەیەوە گووتیان: کۆنگرەی سیخوڕو بەکرێگیراوانی فەرەنگە، ڕەسافی ڕەحمەتیش لەبارەیەوە کۆپلە هۆنراوەیەکی نووسیوەو تاهەنوکەش لەدوو توێی پەڕەی پەڕاوەکاندا پارێزراوە...(٣٣)

ڕەسافی لەوەسفی کۆنگرەی عەرەبی ١٩١٣ی پاریس دەڵێت:

اذا راح يستنجد الافرنج منتصفا        كانه حمل يستنجد الذيبا

لـوكان في غير باريس تالبهم        ماكنت احسبهم قوما مناكيبا(٣٤)

ڕەسافی تۆمەتباری نەتەوەییەکانی عەرەب دەکات بەوەی بانگەشەکەیان لە فەرەنگەکانەوە وەردەگرن، ڕەسافی لەسەر ئەوە سەرزەنشت ناکرێت... چونکە ئەو تۆمەتە لەوکاتەدا باوبوو.جاران لەسەرانسەری دەوڵەتی عوسمانیدا دەیان گوتەوە.

لەکۆتاییدا دەوڵەتە بڵندەکە ڕوخاوسوڵتانی موسوڵمانان چوو بۆبەردەم ڕەحمەتی خوا... سیخوڕەکانیش بوونە قارەمان وبەرزبوونەوە بۆترۆپك.

گەر دەوڵەتەکە سەربکەوتایە دەمانبینی ڕەسافی دەبووە هۆزانڤانی ئیسلام و سەرسنگی بەمەدالیای بەرزێتی دەڕازایەوە،سیخوڕەکانیش دەچوونە گۆڕەوە.

ئێستاش دوای ئەوەی ئەوانەی داوای مافیان دەکرد سەرکەوتن، خۆیان ماف زەوت وپێشێل دەکەن، ئەمە خولی فەلەکە، نزم تیایدا بەرزدەبێتەوەو بەرزیش نزم دەبێتەوە.لەبەردا شۆڕش گێڕبوون ودواتر بوون بەیاساوڵ...چەوساوەکانیش دێن وداوای مافیان لێ دەکەن.

***

عەبدوڵای کوڕی سەبەء لەهەموو شوێن وکاتێکدا هەیەو ئامادەیە، هەر بزاڤێکی نوێ ئیبن سەبەئێك لەپشتیەوە وەستاوە، ئەگەر بزافەکە سەرکەوت"ئیبن سەبەء" ون دەبێت، ئەگەر شکستیش بێنێت بەڵا دادەبارێتە سەرسەر ئیبن سەبەء... لەهیچ حاڵەتێکدا"ئیبن سەبەء" هێور نابێتەوە...خۆی مەڵاسداوەو بەهەموو بارێکدا دەقۆزێتەوە...لەبەرئەوەی ستەم هەیەو بەردەوامە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە هەر مرۆڤێك "لەلا خۆیەوە-وەرگێڕ" ببێتە سەبەئی -پەنابەخوا-.

## ژێدەر و پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم:

١- بنوارە: ئەحمەد ئەمین، فجر الأسلام، ل٢٦٩.

٢- بنوارە: دکتۆر تەها حسەین، الفتنه الکبری،ج٢ ل٩٩.

٣- بنوارە: هسپ، ج١،ل١٣٢.

٤- بنوارە:هسپ، ج١،ل ١٣٣.

٥- بنوارە: دکتۆر ئەحمەد ئەمین، هسپ،ل٢٦٩"پەراویز".

٦-یادی خوێنەری دەخەمەوە کە جیاوازی نێوان شۆڕش وئاژاوە جیاوازیەکی ڕێژەییە، هەموو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی نوێ لەسەرەتادا ناوی دەنێن ئاژاوە، بەڵام هەرکە سەرکەوت ومەرامەکانی خۆی بەدی هێنا پێی دەڵێن شۆڕشی پیرۆز، یان پێی دەڵێن ڕاپەڕین لەپێناوی هەقدا !!.

٧-بنوارە:.Park & Burgess, Scienceof Sociology,p.

٨-بنوارە: محەمەد حسێن هیکل، حیاة محمد، ل ١٣٦.

٩-بنوارە:عبدالرحمن بدوی، شخصیات قلقة في الأسلام،ل ٣٣.

١٠-بنوارە:Lewey, Logic,p.84.

١١-بنوارە: ابن خلدون، المقدمة، ل ١١٨.

١٢-ئەوەدەڵێت:"Ballots instead of Bullets".

١٣-بنوارە:ابن العربی، العواصم من القواصم، ل ٢٠٠.

١٤-بنوارە: احمد الهاشمی، ه س، ل٩٦.

١٥-بنوارە: ژمارەی یەکەمی گۆڤاری "البیان الجدید" بەرواری ١٩٥٤/٢/١٧.

١٦-شیاوی باسە ئەوکەسە نوسەری ئەم چەند دێڕەی تۆمەتبار کردووە بەوەی لە ژێر کاریگەری مژدەدەرانی گاوردایەو هاوپیلانە لەگەڵیاندا، سەیر لەوەدایە پێشتر تۆمەتێکی پێچەوانەی دابوە پاڵی کەبریتی بوو لەشیوعی بوون وهەڵگرتنی بیروباوەڕی ڕوخێنەر. کەوابوو "وەک دەڵێن" زستان وهاوینی لەیەک ڕوپەڕدا

کۆکردۆتەوە (یان وەک کورد دەڵێت:بانیکە ودوو هەوا- وەرگێڕ)...ئەمەش سەیر نیە، چونکە هەردوو تۆمەتەکە هەڵگرتنی بیروڕای بیانی ونامۆ دەداتە پاڵ وسەری ئەم چەند دێڕە!.

١٧-بۆ کرۆکی ئەم فەرمودەیە، بنواڕە: ابی داوود لە"صحیح"ەکەیدا، ئیبن ئەسیر لە"جامع الأصول"دا، غەزالی لە المنقذ من الضلال دا.

١٨-بنواڕە: عبدالقادر المغربی، الأخلاق والواجبات، ل ١٦٠.

١٩- بنواڕە: هسپ، ل ١٦٤.

٢٠-بنواڕە: ابن خلدون، المقدمە، ل ٢٢٥.

٢١-بنواڕە: عبدالرحمن بدوی، المقدمە، هسپ، ل ٤٦.

٢٢-بنواڕە: عبدالحمید السحار، ابوذر الغفاري، ل ١٠٦- ١٠٨.

٢٣-بنواڕە: هسپ، ل ٤٦.

٢٤-بنواڕە: هسپ، ل ١٥٧.

٢٥-بنواڕە: هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

٢٦-بنواڕە: عبدالحمید السحار، اهل البیت، ل٦٨.

٢٧-بنواڕە: تەها حسەین، هسپ، ج١ ل١٦٥.

٢٨-بنواڕە: تەها حسەین، ج١، ل١٣٢.

٢٩-بنواڕە: هسپ، ج١، ل ١٣٢.

٣٠-بنواڕە: محەمەد کرد علی، خطط الشام، ج٦،ل ٢٥١.

٣١-بنواڕە: محەمەد عبدە، نهج البلاغە، ج٣، ل١٥٣.

٣٢-لەپەرتوکی داهاتوماندا (نشأة الأجتماعیة في الأسلام) بەوردی باس لەم مەسەلەیە دەکەین.

٣٣- بنواڕە: دیوان الرصافی، قصیدة ماهکذا.

٣٤- بنواڕە: هسپ، ج١،ل ٣٩٦.

# بەشی شەشەم

## قــورەیــش

لەبەشێکی پێشوودا گوتمان واعیزەکان ڕاهاتوون لەسەر پۆلاندنی پیاوانی مێژوو بۆ دوو جۆری هاودژ: چاك وخراپ. هەروەها خوویان گرتووە بەوەوە کەهەرچی وەیشومەو خراپی دنیایە بیخەنە ئەستۆی خراپەکان، چاکەکانیشی بخەنە ئەستۆی چاکەکان.

دەیان بینێ پەست وناڕەحەت دەبن گەر هەواڵێکی پێچەوانەی ئەم پۆلێن کردنە دوو جەمسەرەیان پێ بگات.

پیاوەچاکەکارەکانی مێژوو بەدرێژایی ژیانیان "لەدیدی ئەواندا" جگەلەخێر چیتر ناکەن، هەروەها خراپەکاریش لای ئەوان لەسەرەتاوە تاکۆتایی هەرخراپە لە هەموو کارەکانیدا.

ئەم پۆلێن کردنە دووجەمسەریە"وەك گوتمان" پۆلاندنێکی ناواقیعیە، چونکە لە ڕاستیدا مرۆڤ تێکەڵە لەچاکەوخراپە، هیچ مرۆڤێك لەکرداری چاك وخراپ بە دەرنییە، جیاوازی نێوان خەڵکیش لەو ڕووەوە جیاوازییەکی ڕێژەییە، یان وەك هەڵگرانی لۆژیکی نوێ دەڵێن: جیاوازیە لەپلەدا نەك لەجۆردا.

ئەو مرۆڤەی لەهەموو ناتەواوییەك بەدەر بێت ئەوە فریشتەیە...نەك مرۆڤ... هەر کەسێك هەندێك لەئادەمیزادەکان بخاتە ڕیزی فریشتەوە...ئەوەیان فێڵبازو چاوبەست کەرە یان فێڵ لێکراوەو چاوبەستراوە.

چاکەو خراپە دوو مەسەلەی ئیعتیبارین... هەرمرۆڤێك بەچاویلکەی تایبەتی خۆی لێیان دەڕوانێت وبەگوێرەی ئەو پێوەرانەش دەیانپێوێت کەخۆی پێیان ئاشنایە...تێبینیش دەکرێت هەرمرۆڤێك پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کەخۆی لە هەمووان زیاتر لەهەقەوە نزیکە...ناکۆکی نێوان مرۆڤەکان ناکۆکی نێوان چاکەو خراپە نییە وەك واعیزەکان لێی حاڵی بوون...بەڵکو دروست ترئەوەیە کەبە جیاوازی نێوان دوو جۆر ئیعتیباری جیاواز بۆهەق لەقەڵەمی بدەین...(١).

هەرگروپێك خێروچاكەو هەق لەلای خۆی دەبینێت ودەمارگیریشە بۆی وداوا دەكات خودا شەهیدی لەپێناو ئەو هەقەدا"كەخۆی بڕوای پێیەتی...وەرگێڕ" پێ ببەخشێت.

جێگەی نیگەرانیە كە دەبینین مێژونوسەكانمان ڕێبازی واعیزەكانیان گرتووە لە پۆلاندنە دووجەمسەرەكەیاندا بۆ پیاوانی مێژوو...ئەوەتا لەكاتێكدا لەپیاوانی مێژوو دەكۆڵنەوە، ئیعتیباری ئەوە دادەنێن كەبەشێكیان لەسەر هەق بوون و بەشێكی تریان لەسەر باتڵ بوون، لەبەرئەوەیە دەبینین هەموو خەسڵەتە چاكەكان بۆ بەشی یەكەمی خاوەن هەق قۆرخ دەكەن وخەسڵەتە بەدەكانیش بۆ بەشی دووەمی خاوەنی باتڵ دادەنێن.

ئەگەر یەكێكیان هەواڵێك ببیستێ كەئاماژە بێت بۆ بوونی جۆرێك لەخراپە لە یەكێك لەوانەی بەخاوەن هەقیان دەزانێت، دەست دەكات بەملەجەڕێ و پێ دادەگرێت كەهەر لەبنەڕەتەوە هەواڵەكە درۆیە.

بەوجۆرە ئاوەزی مێژوونووسەكان وەك بێژەنگی لێ دێت وهیچ هەواڵێك وەرناگرێت مەگەر هەواڵەكە لەگەڵ پێوەرە تایبەتیەكانی خۆیدا بگونجێت لەبارەی چاكەو خراپەوە.

هەركەس سەیری دێرۆكی ئیسلامی بكات، دەبینێت هەر كۆمەڵ ودەستەیەكی موسوڵمانان وێنەیەكی تایبەت بەخۆی بۆمێژوو هەیە جیالەوێنەی مێژووی كۆمەڵەكانی تر...هەر كۆمەڵێك پێوەری ئیعتیباری خۆی هەیە كەلەبیروباوەڕە ئاینیەكانیەوە وەریگرتووە... ئەو پێوەرانەش دەچەسپێنێت بەسەر ڕووداوەكانی مێژوو پیاوەكانی مێژووشدا... جامەرچی شتێك لەگەڵ ئەو پێوەرانەدا بگونجێت وەری دەگرێت وهەرژیش نەگونجێت ڕەدی دەكاتەوە.

***

لەبەشێكی پێشوودا ئاماژەماندا بەوەی هاوەڵانی پێغەمبەریش(دروودی خوای لێبێت)وەكو خەڵكی تر مرۆ بوون، گریێ دەروونی وبەها كۆمەڵایەتییەكان كارلە ڕەفتاریان دەكات، ئەوان فریشتەی بێ گوناه نەبوون... كەچی مێژوو نووسەكان

"خوا چاوپۆشییان لێ بکات" بەهالەیەك لەپیرۆزێتی دەوری ئەوانیان تەنیوەو قودسیەتیان داوە بەهەواڵەکانیان، بەجۆرێك کەناتەواوی ڕووی تێ ناکات...هەر هەواڵێکیشیان هەبێت ولەپلەیان دابەزێنێت، مێژوونووسەکان هێندەی ڕاڤەو تەئویل دەکەن دەیکەنە فەزیلەت بۆیان! بەلام دوژمنەکانیان پشکێکی گەورەی بێدادی ئەم بەبێزەنگ بوونە مێژووییەیان بەردەکەوێت، چونکە لەدیدی مێژوو نووسەکاندا بونەتە تۆپەلێك لەخراپە کەهەرگیز چاکە توخنیان نەکەوێت.

بۆنموونە، مێژوونووسەکان هەرچی ناتەواوی وخراپەیە دەیدەنە پاڵ "ئەبو جەهل" ودای دەڕنن لەهەر جۆرە فەزیلەیەك، ئەمە لەکاتێکدا دێن هاوڕێکانی "ئەبوجەهل" ئەوانەی کە بەخت یارەریان بوو لەدواچرکەدا موسوڵمان بوون، لە هەموو ناتەواوی ولەکەوپەڵەیك دووردەخەنەوە.

لەڕوی ڕەفتارو پێکهاتەی کەسایەتیەوە، ئەبوجەهل وگەورەکانی تری قورەیش جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، زۆربەیان لەوچینە بوون کەلاوازەکان "ئیستیغلال" دەکەن وخۆبەرز دەکەنەوە بەسەر خەڵکیدا...هەردوو لایان لەیەك قوڕ شێلرا بوون، لەوانەشە هەندێکیان لەهەندێکی تریان جیاوازبن لەهەندێك سیفەت وخەسڵەتدا، بەلام هەرچۆن بێت جیاوازیەکە لەپلەدایە نەك لەجۆردا.

بۆ بەدبەختی ئەبوجەهل لەشەڕی بەدردا کوژرا، لەکاتێکدا لەڕیزی هاوبەش پەرست وکافراندا بوو، بەوەش نەفرەتی هەتاهەتایی بۆخۆی مسۆگەر کرد... گەر ڕێکەوت یارمەتی بدایە وەك ئەوانی تر لەو شەڕەدا دەرباز بوایەو بمایەتەوە تا لە ڕۆژی فەتحدا موسوڵمان بوایە... ئەوا ئیمان دەکرایە یەکێك لەگەورە پیاوانی سەحابە یان یەکێك لەو پێشڕەوانەی کەپەرچەمی ئیسلامیان بەرزکردەوەو ئاینی خوایان سەرخست.

ئەمەتەنها مەسەلەی ڕێکەوتە... ڕێکەوتیش گەمەی گەورە بەچارەنووس و موقەدەراتی پیاو دەکات... ئێمە هەموو ڕۆژێك بەچاوی خۆمان ڕاستی ئەو قسەیە دەبینین.

وەلێ مێژوو نووسەکان بەدیدێکی میسالیانەی ڕووتەوە سەرنج لەمەسەلەکە دەدەن کەتیایدا پشت بەهیچ بناغەیەکی واقیعی نابەستێت...هەرپیاوێك گەشتبێت بە

محەمەد(دروودی خوای لێبێت)وشایەتوومانی پێ هێنابێت ئیتر سروشتی بە تەواوی گۆڕاوەو لەخراپەوە بووەتە باش؟!.
ئەم قسەیە پێچەوانەی ئەو ڕێسایانەی سروشتی مرۆڤایەتیە کەدەیانزانین..چونکە ڕەوشتی مرۆڤ ناگۆڕێت تەنها بەوەی پەیوەندی بەئاینێکەوە بکات یان بچێتە ناو حیزبێکەوە...
ئێمە لەم سەردەمەی خۆماندا خەڵکی دەبینین جۆرەها بیروباوەڕو ڕا وەردەگرن و ڕەوشت وئاکاریشیان هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە وگۆڕانکاری بەسەردا نایەت.
مێژوونووسەکان بڕوایان وایە مرۆڤ لەکۆندا لەسەر ئەم سروشتەی ئەمڕۆی ئێمە نەبوون، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەو پیسە... لەکۆن ونوێدا خەڵك هەرخەڵکە...هەر جۆرە ڕەوشتێك لەخەڵکی ئەم سەردەمەدا هەبێت، دەگونجێت لەناو خەڵکی سەردەمەکانی ڕابردوشدا ببینرێت.
زۆربەی ئەو پیاوانەی شان بەشانی ئەبوجەهل دژایەتی ئیسلامیان دەکردو شوێنکەوتوانی ئیسلامیان دەچەوساندەوە، لەکۆتایدا هاتنە ناو ئیسلامەوەو بەوەش بوونە چاکەکار... خودا لەسەر دەستیاندا لەیەکێك لەجەنگەکانی ئیسلامدا فەتحیدا بەموسوڵمانان، ئیتر لەدیدی مێژوونوساندا بوونە قارەمانێك لە قارەمانەکانی ئاین ویەکێك لەسەر قافڵەکانی ڕێنمونی وڕەشاد.
گەر بهاتباو تیرێ بەر یەکێکیان بکەوتایە لەیەکێك لەو شەڕانەدا کەلە سەرەتادا لە دژی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)کردیان، ئەمڕۆ بەنەفرەت لێکراوو دۆزەخی دەمان بینی!!
نابڕوبەرترین هەڵە کەمێژوونوسەکان دەیکەن ئەوەیە کەپێیان وایە موسوڵمانە یەکەمینەکان لەناکاودا لەخراپە کارەوە بونەتە چاکەکار... ئەوان بەوە چەمکی کەسایەتی مرۆڤ پشتگوێ دەخەن.
مـاقوڵ نیـە مـرۆڤ لـەناکاو دڵـی خـۆی پـاك بکاتـەوە لـەگرێ دەرونـی وبـەها کۆمەڵایەتییەکان وببێتە فریشتەیەکی پاکو بێگەرد تەنها بەوەی کەبڵێت "لا الە الا اللە"...

پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)دەفەرمێت:"خەڵکی کانزان، باشترینیان لە نەفامیدا باشترینیانە لەئیسلامدا"(٢)...لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێت کەستەم کارێکی شەڕەنگێز نابێتە پیاوچاك وپارێزکار تەنها بەوەی بێتە ناو ئیسلامەوە.. بەڵکولەوانەیە هەر بەستەم کاری بمێنێتەوە بەڵام بەنوێژو ڕۆژو یان بە"تسبیح و تکبیر" ڕوپۆشی ستەمەکەی بکات.

***

پرۆفیسۆر"گوین" لەتوێژینەوەکەیدا لەمەڕ ئاینی مەسیحیەت دەڵێت: ئەم ئاینە کاتێك گەنیی کە"قوستەنتین"ی ئیمپراتۆرو سەرکردەو دەست و پێوەندەکانی هاتنە ناویەوە..ئاینی مەسیحی بەر لەوان ئاینێکی چەوسێنراوە بوو، بەو هۆیەشەوە ببوە ئاینێك داوای بەزەیی وپارێزکاری وچاکەی دەکرد... بەڵام دوای ئەوەی بوە دەوڵەت، میرو سەرکردەکان دەیان پاراست. ئیتر گۆڕا بۆسیستەمی ستەم وخوێن ڕشتن، بەوەش پۆشاکی پاکژی وپارێزکاری و چاکەی لێکرایەوە".(٣)

"دانتی" هۆزانڤانی بەناوبانگی ئیتالی، لەو ڕووەوە هۆنراوەیەکی داڕشتووەو تیایدا دەڵێت:قوستەنتین! گەردن گیریت بەمەسیحیەتەوە خراپەیەکی زۆری لێکەوتەوە... تۆ مەسیحیە یەکەمەکانت کردە موتریف وستەمکار،بەوەی پشتت گرتن(٤).

دروستە لەبارەی ئاینەکەی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)ەوەهەمان شت بڵێین کە پرۆفیسۆر "گوین" لەبارەی ئاینی مەسیحیەوە گوتوویەتی... موسوڵمان بونی قورەیش "ئەو هۆزە ستەمکارە"، بویە هۆی گەناندنی ئیسلام و وایکرد ئیسلام ملی ڕێی تەرەف وستەم بگرێت.

ئیسلام لەسەرەتادا شۆرشێکی مەزن بوودژی ستەم ولەسنور دەرچوونی قورەیش، وەك چۆن مەسیحییەت شۆڕش بوو لەدژی ستەمی قەیسەرەکان.

هاتنی قورەیش بۆناوئیسلام لەلایەکەوە زیانی لەئیسلامدا و، لەلایەکی ترەوە سودی پێگەیاند...قورەیش ئیسلامی کردە دەوڵەتێکی فەتح کەر...بەڵام لەهەمان کاتدا کردیە سیستەمێك بۆ ستەم وفەتح کەمیچی کەمتر نەبوو لە سیستەمی قەیسەرو کیسراکان.

***

قورەیش دژایەتیەکی سەختی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)کرد، بەو پەڕی ڕەقییەوە شوێنکەوتووەکانی دەچەوساندەوە... مێژوونوسەکان دەڵێن: قورەیش لەبەر خواکانیان دژایەتی موحەمەدیان کرد.وەلێ لەڕاستیدا لەپێناوی بەرژەوەندی و پلەوپایەی چینایەتی وکەرامەتی هۆزایەتییان لەگەڵ پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)دا دەجەنگان... قورەیش وای گومان دەبرد کەئاینی نوێ حەج وکەعبەو بازاڕەکان وبازرگانی لەناودەبات.

قورەیش تاکە هۆزی بازرگانی بوو لەنێو سەرجەم هۆزە عەرەبیەکاندا؛هاتی حەجی دەداو سەرپەرشتی بازاڕە ویژەی وبازرگانیەکانی دەکرد کەلەوەرزی حەجدا بەرپا دەکران، بەوەش سامانێکی لێشاو وپلەوپایەیەکی بڵندی کۆمەلایەتی دەست کەوتبوو.

زەمەخشەری دەڵێت: "قورەیش دوو گەشتیان هەبوو، بەزستاندا گەشتیان دەکرد بۆ یەمەن ولەهاوینیشدا بۆ شام، لەگەشتەکەیاندا بێ وەیی وئارام دەبوون، چونکە ئەوان خەڵکی حەرەمی خواو سەرپەرشتیاری ماڵی خودا بوون، بۆیە هیچ کەس توخنیان نەدەکەوت، خەڵکی غەیری ئەوان هێرشیان دەکرایە سەر"(٥).ئەمەش یانی حەج دەستکەوتێکی کۆمەلایەتی وئابوری بووە بۆ قورەیش، سودی لێ دەبینی لەپشت ئەستورکردنی بازرگانیەکەی وبڵند کردنی پلەوپایەی خۆی لەنێو هۆزەکاندا.

پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)دواتر هات وجنێوی بەبتەکانی کەعبە دەداو نوێژی ڕووەو "بیت المقدس" دەکرد(٦) قورەیش لەمەدا مەترسیەکی گەورەی بینی لەسەر بەرژەوەندی وپلەوپایەی خۆی. لەپێناوی ئەوەشدا دژایەتیەکی سەختی لەگەڵ ئاینە تازەکەدا کرد.

***

لەکۆتاییدا پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)توانی قورەیش بێنێتە نێوئاینە نوێکەیەوە، لەمەشدا سێ خاڵ یاریدەدەری بوون:

١-محەمەد ڕوی قیبلەی لە"بیت القدس"ەوە کردەوە "کەعبە"، پاشان داینا لەسەر شوێن کەوتوانی حەج بکەن بۆکەعبە بەو ڕێیەی کەماڵی خودایە... بەو جۆرە ئامانجی محەمەد تەنها بویە لەناوبردنی بتەکانی کەعبە،خودی کەعبە لای ئەو پیرۆز بوو.

٢-محەمەد یاسای ڕاکێشانی شمشێر بۆبەرگری کردن لەئاینی لەسەر شوێن کەوتوانی دانا، ئەم یاسایەش وایکرد بەجۆرێکی یەکلاکەرەوە بەسەر قورەیشدا سەرکەوێت، ئەمەش وایکرد هۆزە دەشتەکییەکان سەرنجی لێ بدەن وپۆل پۆل بێنە لای و"بێنە ناو ئاینەکەوە-وەرگێڕ".

٣- محەمەد بەهەر شێوازێك بوە سەرانی قورەیشی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا،ناوی لێنابوون"مؤلفة قلوبهم". بەشی زۆری دەستکەوتەکانی بەسەردا دەبەخشینەوەو، لەپۆستی نوێ وسەرکردایەتیدا دایدەنان.

هەرکە محەمەد(درودی خوای لێبێت)فەتحی مەککەی کرد، هات بۆ کەعبەو لە هەمان شەوی دوای ئەو ڕۆژەی مەککەی تیادا ڕزگار کرد،بتەکانی شکاند... سەر لەبەیانی ڕۆژی داهاتوو، قورەیش لەخەوهەستاو بینی خواوەندو بتە پیرۆزەکانیان بەشێوەیەکی ناشیرین لەناوخۆڵدا توڕدراون، کەچی گوێی بەم دیمەن گەورەیە نەدا و بەخێرایی هاتە نێو ئاینە تازەکەوە!!.

بەڕاستی جێگەی سەرسامیە هۆزێك ببیتێن لەپێناوی بتەکانیدا بیست ساڵێك دژایەتی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)بکات و، دواتر لەناکاوبتەکانی لەناو خۆڵدا ببینێت و هیچ گوێیشی پێنەدات ونیگەران نەبێت. ئەمە دیاردەیەکی سەیرە...ئاماژەشە بەوەی قورەیش دڵسۆزنەبوون بەرانبەر بەخواکانیان لەکاتێکدا دژایەتی محەمەدیان کردووە...بەڵکو دڵسۆزبوون بۆ بەرژەوەندی وکەرامەتی خۆیان. بۆیە هەرکەبینی لەناوئاینی نوێشدا بەرژەوەندیەکانی پارێزراوە، دەست بەجێ هاتەنێو ئاینەکەوەو وازی لەبتەکانی هێنا.

***

یەک لە بەدبەختیەکانی ئایینی نوێ ئەوەبوو لەسەرەتای گەشەو سەرکەوتنیەوە، دامەزرێنەرەکەی مرد... لەوانەیە ڕاست بێت گەر بڵێین: ئەگەر محەمەد(دروودی خوای لێبێت)ماوەیەکی درێژتر لەژیاندا بمایەتەوە، ئەوا قورەیش ڕێیەکی جیاواز لەو ڕێگەیەیان دەگرتەبەر کەلەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە پێڕەویان کرد.

نکوڵی ناکرێت لەوەی کەمحەمەد(دروودی خوای لێبێت)بەپارەوپوڵ دڵی قورەیشیەکانی ڕاگرتبوو. بەڵام نازانین دوای ئەوە چی لێدەکردن... کەسایەتی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)قوڵ ودووربین وبیرتیژبوو، لەجۆرێکی زۆر دەگمەن وسەیر بوو.لەوانەیە ویستبێتی لەسەرەتاوە ڕایان بکێشێت بۆنێو ئاینەکەو، دواتر ئاراستەکاریەکانیان بەسەردا بدات.

مردنی موحەمەد(دروودی خوای لێبێت)لەوتەمەنەدا زیانێکی وا گەورە بوو بۆ ئیسلام، کە قەرەبوو ناکرێتەوە... واگومان دەبەم کەسێك دەرکی بەو زیانە گەورەیە وەك هەقیقەتی خۆی نەکردووە... بێگومان موسوڵمانەکان بۆ محەمەد (دروودی خوای لێبێت)گریان... بەڵام مەسەلەی خەلافەت سەرقاڵی کردن و، بە جۆرێك لەجۆرەکان گرنگی مردنەکەی ئەویان لەبیر چوو.

***

ئەبوبەکری هاوڕێی خاوەن ڕێزی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)خەلافەتی کەوتە دەست... دیارە ئەم پیاوەش لەقورەیش بوو.ئەمەگومانی تێدا نیە... بەڵام ئەو خاوەنی کەسایەتیەك بوو جیاواز لەوکەسایەتیەی کەقورەیشی پێ ناسرابوو، لە خۆبە زلزانین وستەمکاری ودڵڕەقی.

ئەبوبەکر خۆبەکەم زان ونەرم ونیان بووە. هەرگیز خۆی بەسەر کەسدا بەرز نەکردۆتەوە، نەلە نەفامێتی ونەلەموسوڵمانێتیشدا(٧)ئەم خەسڵەتەش بەدەگمەن نەبێت لەناو هاوشانە قورەیشیەکانیدا نەدەبینرا... ئەبوبەکر یەکەم پیاوبوو لە پیاوەگەورەکانی قورەیش کەموسوڵمان بوو(٨).

گومانم وایە ئەبوبەکر لەناودڵی خۆیدا ڕقی لەقورەیش شاردبویەوە. لەبەرئەو جیاوازیەی کەلەنێوان میزاجی ئەوو میزاجی قورەیشدا هەبوو. ئەوان خۆبەزلزان بوون وگوێیان بەحورمەتی کەس نەدەداو، بەزەییان نەبوو... وەلیْ ئەبوبەکر وەك ئەو وەسفە وابوو کەعائیشەی کچی دەیکات ودەڵێت:(فرمێسك بەخوڕو، دڵتەنگ و، بەئەسەف بوو)(٩).

لەجەنگی (طریق الشام)دا عەمری کوڕی عاس، سەری یەکێك لەسەرکردە کوژراوەکانی دوژمن بۆ ئەبوبەکر دەنێرێت، ئەبوبەکر زۆری پێناخۆش دەبێت، یەکێك لەهاوەڵەکانی ویستی مەسەلەکەی لەلا ئاسایی بکاتەوە، گوتی:(ئەوان وا لە ئێمە دەکەن) ئەبوبەکر گوتی:ئایا چاو لەسوارچاکی ڕۆم دەکەن، سەرم بۆمەنێرن و هەڵی نەگرن بۆم..."(١٠).

گەرئێمە بەراوردبکەین بەوکردەوانەی کەقورەیشیەکان پاشترکردیان هەر لە هەڵگرتنی سەرو بەکەنیزەککردنی ژن و...هتد جیاوازییەکی گەورە لەنێوان مەزاجەکاندا دەبینین.

وادیارە قورەیش ڕقیان لەئەبوبەکر بوبێت...چونکە کاتێك ئەبوبەکر خەلافەتی گرتە دەست خالیدی کوڕی وەلیدو ئەبوسوفیان توڕەبوون، "خالیدی کوڕی وەلید" هات بۆلای عەلی کوڕی ئەبی تالب، تاکو هانی بدات لەدژی ئەبوبەکرو پێی گوت:"ئەی بارکی حەسەن... ئەی نەوەی عەبدلمەناف...ئایا بەرانبەرکێ تان کرد لەسەری؟ عەلی لەوەڵامدا گوتی: بۆئەوە بەبەرانبەرکێ دەزانیت یان بە خەلافەت؟"(١١) ئەبوسوفیانیش لەخەلافەتەکەی ئەبوبەکر نیگەران بوو، بە شکستێکی قورەیشی دەزانی...وادەردەکەوێت قورەیش بنەماڵەو خێزانی ئەبوبەکریان بەخێزان وبنەماڵەیەکی لاواز لەناو قورەیشدا زانیبێت. ئەبوسوفیان هاتە لای عەلی وعەباس وهانی دەدان وگوتی"یاعلي...وانت یاعباس...مابال هذا الامر في اذل قبیلة من قریش واقلها؟والله لوشئت لاملانهاعلیه – علی ابی بکر- خیلا ورجلا واخذنها علیه من اقطارها"!! عەلیش وەڵامێکی دایەوە کەلەمەندێك ڕوەوە لەوەڵامەکەی خالید دەچێت.(١٢)

ئەگەری ئەوە زۆرە کەئەبوسوفیان لەناخی خۆیدا زۆری رق لەئیسلام بوبێت، سانا ئەبوە بۆئەبوسوفیان ئەو خەباتە دووردرێژەی خۆی لەدژی موحەمەد لەبیر بچێتەوە...هەروا دوریش نییە لەناوەزی ناوەوەیدا گرێیەکی دەرونی دژی ئیسلام ونەهلی ئیسلام دروست نەبوبێت..گرێی دەرونیش هەرکەدروست بوو ئیدی ئاسان نییە لەماوەیەکی کەمدا نەمێنێت.

مامۆستا "عباس مەحمود العقاد" دەڵێت: "ئەبو سوفیان ماوەیەك لەدوای موسوڵمان بوونیشی سەرکەوتنی ئیسلامی بەسەرکەوتن بەسەرخۆیدا دەزانی" (١٣) ئەم پەیڤەش خاڵی نییە لەڕاستی... پیاوێك کەبیست ساڵێك دژایەتیەکی سەختی کۆمەڵێك بکات، ئاسان نییە هەرکە ناچارکرا بچێتەوە ناوکۆمەڵەکەوە، ئەو دژایەتییەی بەخێرایی لەبیربچێتەوە.

"ئەبوسوفیان" لەکاتێکدا سوپای موسوڵمانانی بینی هاتنە ناو مەککەوە بە" عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب"ی هاوڕێی گوت: "بەخوا ئەی ئەبوفەزل....ئەمڕۆ موڵك وسامانی برازاکەت زۆر گەورەیە"(١٤) ئەو وای گومان دەبرد کەموحەممەد داوای موڵك وسامانی کردوە، ئەوەتا سەرکەوتوە لە دەستخستنیدا.

بەها شاردراوەکانی نێو"ئەست" بەخێرایی لەناوناچن، لەوانەشە تاکوساتی مردن لەناخی مرۆدا بمێننەوە...ئەبوسوفیان وای دەزانی موحەممەد(دروودی خوای لێبێت)ڕکابەری ئەوە، لەداواکردنی سەرکردایەتی بەسەرعەرەبدا...گومانی تێدا نییە ئازاری چەشتووە لەکاتێکدا ڕکابەرەکەی لەوکن بەرکێدا بەسەریدا سەرکەوتووە.

ڕۆژێکیان ئەبوسوفیان بەسەرسامییەکی زۆرەوە سەرنجی پێغەمبەری دەداو لە خۆیی پرسی: ئەوپیاوە بەچیدا بەسەرمدا زاڵ بوو؟ ئەو سەرنجدانەی لای پێغەمبەر ون نەبوو؟ بۆیە ڕوی تێکرد، تاکو دەستی کێشابەناو شانیدا وپێی گووت: "بەهۆی خواوە بەسەرتدا زاڵ بووم ئەی ئەبوسوفیان".(١٥)

دەڵێن "ئەبوسوفیان" لەناخی دڵەوە حەزی لەوەبوو موسوڵمانەکان لەجەنگی "حونەین"دا بدۆڕێن کەلەدوای ڕزگارکردنی مەککە رویدا.. دەگێڕنەوە ئەبوسوفیان کەلەسەرەتای شەڕەکەوە بینی موسوڵمانان دەشکێن هاواری کردو

گوتی: وانابینم تالای دەریا بوەستێتەوە.(١٦) لەوانەیە حەزی کردبێت موسوڵمانەکان لەدوای تێک شکانیان توڕبداتە ناودەریاوە.
کەشەڕی "یەرموك" یش ڕوویدا، ئەبوسوفیان هاواری بۆ سوپاکانی ڕۆم دەکردو خوازیاربوو سەرکەون بەسەر سوپاکەی "محەمەد"ی ڕکابەریدا.(١٧) ئێمە ئەوە بەدوور نازانین نەخاسمە کە"ئەبوسوفیان" دەناسین خاوەنی کۆمەڵە بەهایەکی دەشتەکی بووەو شانازی بەسەربەرزی بنەماڵەوتاکە کەسەوە دەکرد زیاد لەوەی شانازی بکات بەسەربەرزی ئاین یان سەرکەوتنی بیروباوەڕەوە.
هەرکەس سەرنجی نەریتی هۆزە عەرەبیەکانی ئێستە بدات نموونە گەلێکی زۆری لەو ڕەوە دەست دەکەوێت...تاکی عەشایەری پێغەمبەران وئەولیاکان سەردەبڕێت لەپێناوی ئەوەدا کەرامەتی خۆی یان بنەماڵەکەی کەم نەبێتەوەو سوکایەتی پێ نەکرێت... لەناوەزی دەرەوەیدا موسوڵمان ولەناوەزی ناوەوەیدا دەشتەکییە... وەك لەبەردا ئاماژەمان پێدا.

***

ئەبوبەکر وەسێتی کرد خەلافەت لەدوای خۆی بدرێتە عومەر...عومەریش لە ئەبوبەکر زیاتر ڕقی لەقورەیش بوو...قورەیشیش ڕقیان لەخۆیشی ولەخەلافەتە کەیشی بوو، ئەمەش لەوقسەیەدا ڕوون دەبێتەوە کەئەبوبەکر لەونەخۆشییەیدا کەتیایدا مرد بۆ"ابن عوف" ی کرد...ئەبوبەکر گوتی:" مالقیت منکم ایها المهاجرون اشد علی من وجعی، إنی ولیت امرکم خیرکم فی نفسی نفلکم ورم انفة ان یکون الامر دونه...هەتا دەفەرمێت:ثم انتم غدا ضال بالناس یمینا وشمالا، لا تضیعهوم عن الطریق: یاهدی الطریق جرت" (١٨).قورەیش پێی ناخۆش بوو کە کابرایەکی بنەماڵەی"تەیم" کاروباریان بگرێتە دەست، هەروەها پێشی ناخۆش بووە دوای ئەو کابرایەکی هۆزی"عدی" ببێتە سەرداریان، چونکە هەر دووهۆزەکە لەسەردەمی نەفامیدا پلەو پایەیان نەبووە.

***

یەکێک لەوکارانەی لەسەرەتاوە عومەر پێی هەستا لەدوای ئەوەی خەلافەتی گرتەدەست، ئەوەبوو نامەیەکی بەپەلەی نوسی وتێیدا خالیدی کوڕی وەلیدی لە پۆستی سەرکردایەتی سوپا ئیسلامیەکان لابرد.

مێژوونووسەکان خۆیان نەداوە لەقەرەی لەشیکارکردنی ئەم لەکارلادانە لەناکاوە کەهۆیەکی ئاشکرای نیە. نەخاسمە کەسەرنجیان لەوەداوە سوپا ئیسلامیەکان لەو کاتەدا ئاتاجیان هەبووە بەسەرکردەیەکی لێهاتوی وەکو "خالید" تاکو سەرکردایەتی بکات لەدژی سوپای زەبەلاحی ڕۆم.

لای من بەهێزترین گومان ئەوەیە کەعومەر حەزی نەئەکرد یەکێک لەسەردارانی قورەیش پرسێکی گرنگی موسوڵمانانی بەدەستەوەبێت، لەوانەیە عومەر ترسابێت لەوەی خەڵکی توشی ئاشوب وئاژاوە بکەن.

عومەر تۆمەتی ئەوەی دەدایە پاڵ سەردارانی قورەیش، گوایە دڵسوزنین لە جیهادکردن لەپێناوی ئیسلامداو خۆیان دوچاری مردن ناکەن لەپێناویدا.... دەڵێن: خالیدی کوڕی وەلید لەیەکێک لەشەڕەکانی شامدا "عکرمەی کوڕی ئەبی جەهل"ی بینی کوژراوە، سەری خستەسەر ڕانی وسەیری کردو گوتی: "ئیبن ختمە وای دەزانی ئێمە شەهید نابین"!(١٩) مەبەست لە"ئیبن ختمە" عومەری کوڕی خەتتابە کەبۆسوکایەتی بەکارهێنراوە.

عومەر بەوەناسرابوو کەئەعرابەکانی خۆشدەوێت، لەسەرەمەرگیشدا وەسێتی کرد چاکەیان لەگەڵدا بکرێت و لەوبارەیەوە گوتی: ئەوان کرۆکی ئیسلامن!(٢٠) ئەمەش یانی عومەر بەچاوێکی جیاواز لەچاوی قورەیش، سەیری ئەعرابەکانی دەکرد. قورەیش لەوسەردەمەدا خۆی بەسەر ئەعرابەکاندا بەرزەکردەوە، وەک لەمەودوا ڕوونی دەکەینەوە.

قورەیش خۆیان بەکۆڵەکەی ئیسلام وئەوبناغەیە دەزانی کەئیسلامی لەسەر دامەزراوە.(٢١)...موسوڵمانان لەسەردەمی عومەردا دوو چین بوون، چینێکی باڵا کەپێکهاتبوون لەسەرانی قورەیش، چینێکی نزمیش کەپێکهاتبوون لە

ئەعرابەکان... عەجەم لەوکاتەدا هیچ پلەوپایەیەکیان نەبوو، چونکە ژمارەیەکی زۆریان نەهاتبوونە نێو ئیسلامەوە.
یەك لەوکارە سەیرانەی کەعومەر پێی هەستا ئەوە بوو کەعەممار کوڕی یاسری کردەوالی "کوفە"(٢٢)، و سەلمانی فارسیشی کردە والی "مەدائن" (٢٣). ئەم دوو پیاوەش موالی بوون وپێش دەرکەوتنی ئیسلام کۆیلەبوون. ئێمە ئەمڕۆ ئەم هەواڵە دەبیستین وهیچ گرنگیەکی پێ نادەین. بەڵام لەوکاتەدا بەلای قورەیشیەکانەوە زۆرگرنگ بووە. ئاسان نیە بۆ قورەیش کەببینێت یەکێك لەکۆیلەکانی خۆی ببێتە فەرمانڕەواو حوکمی یەکێك لەگەورە وڵاتانی ئیسلامی بکات.
دەڵێن: ئەبوسوفیان وسوهەیلی کوڕی عەمرلەگەڵ کۆمەڵێك لەپیاوە گەورەکانی قورەیش لەبەردەرگاکەی عومەردا ڕاوەستابوون وداوای مۆڵەتی چوونە ژوورەوەیان دەکرد، ئەوەبوو مۆڵەتی نەدان. بەڵام مۆڵەتیدا بە"بیلال وسوهەیب" کە دوو کۆیلەی هەژار بوون... لوتی ئەبوسوفیان لەم سوکایەتیە هەڵئاوساو بەڕقەوە گوتی:"هەرگیز ڕۆژی وەك ئەمڕۆم نەدیوە، مۆڵەتی ئەو کۆیلانە دەدات وئێمە لەبەر دەرگاکەیدا واز لێ دێنێت"(٢٤).
ئەوی جێگەی پێکەنینە ئەوەیە: عومەر فەرمانیدا خالیدی کوڕی وەلید دادگایی بکرێت، لەسەر ئەو بەخششانەی کەبەهەمان شێوازی کۆنی قورەیش بە هۆزانڤانەکانی دەدا. لەدادگایی کردنەکەدا لەبارەی ئەو بەخشیشانەوە پرسیار کرا لەخالید: ئایا لەماڵ وسامانی خۆیەتی یاخود لەماڵ وسامانی موسوڵمانانە؟.. خالید بێدەنگ بوو، بەڵام بیلالی حەبەشی بۆی هەستاو شاشکەکەیی داگرت و دڕاندی ودواتر خالیدی پێ بەستەوە، خالید هیچ بەرگریەکی نەکرد.(٢٥)
ئێستا بۆئێمە ئاسانە بیرلەو مەسەلەیە بکەینەوە، دوای ئەوە کەبیلال لای ئێمە بوەتە پیاوێکی پیرۆز وەزن. بەڵام لەوسەردەمەدا مەسەلەیەکی زۆر قورس وگران بووە، کەکۆیلەیەکی ڕەش هەستاوە بۆیەکێك لەقارەمانەکانی قورەیش و شاشکەکەیی لەسەر داگرتووەو پێی بەستۆتەوەو ئەویش دەنگی نەکردووە.
عومەر بەم سوکایەتیە دەستی هەڵنەگرت کەبەرانبەر قورەیش کردی وکۆیلە پێشیەکانی بەسەردا زاڵکردبوون. بەڵکو کارێکی تری کرد کەزۆرسەیر تربوو.

ئەوەبوو بەشی دڵڕاگیرکراوەکانی بڕی لەو دەستکەوتانەی کەدەست دەکەوتن. بەمەش قورەیشی بێبەش کرد لەوپشکەی لەسەردەمی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)و ئەبوبەکری جێنشینیدا وەریان دەگرت.
پشکی دڵڕاگیرکراوەکان لەقورئانی پیرۆزدا باسکراوەو قەرزکراوە بەجۆرێك کە نابێ کەس دەستی بۆببات. وەلێ عومەر گوێی بەوەنەدا، ئەوەبوو لەپێناوی زیانـدان لـەقورەیش، فـەرمانێکی ئاشـکرای قورئـانی هەڵوەشـاندەوە... عومـەر پاساوی بۆکردەوەکـەی ئـەوەبوو کـەدەیگوت: پێغەمبـەر(دروودی خـوای لێبێـت) لەڕۆژێکدا ئەوپـشکەی پـێ دەدان کـەئایین لاوازبـوو ئاتـاجی بەپـشتگیری ئـەوان هەبوو. بەڵام ئێستا ئایین بەهێزە وپێویستی بە دڵڕاگرتن وقایلکردنی ئەوان نیە.
شتێکی سەیرە کەدەبینین عومەر ئایەتێکی قورئان هەڵدەوەشێنێتەوەو گوێیشی پێنادات. گەر لەم سەردەمەی ئێمەدا کەسێکی تر ئاواکارێکی بکردایە، پیاوانی ئاینی لەهەموو لایەکەوە لێی قوت دەبوونەوە. عومەر لەوەدا سەیری بەرژەوەندی ئیسلامی کردووە. دەستی نەگرتووە بەڕواڵەت یاخود حەرفیەتی ئاییەنەوە. وەك لەم ڕۆژگارەدا پیاوانی ئاینی دەیکەن.

***

وادیـارە هەرلەسـەرەتای بانگـەوازەوە "عومـەری کـوڕی خـەتتاب" ڕقـی لـەقورەیش بووە. ئەوانیش ڕقیان لەم بووە، عومەر خۆیشی لەڕۆژی "حودەیبیە"دا لەکاتێکدا پێغەمبـەر(دروودی خـوای لێبێـت)ویـستی وەك وەفـد بینێرێتـە لای قـورەیش. ئامـاژەی بەم دژایەتییەی نێوان خۆی وقورەیش داوە.
عومـەر گـوتی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا، من لـەقورەیش دەترسـم لەسـەرخۆم" واتـە دەترسم شتێکم لێبکەن" لەمەککەشدا کەسێك لـەهۆزی "عدی کـوڕی کـەعب" نیـە بەرگریم لێبکات!! قورەیش دژایەتی ورەقیتی من لەسـەرخۆی دەزانێت، بەڵام من پیـاوێکی تـر لـەخۆم باشـترت لای قـورەیش نیـشان دەدەم: عوسمـانی کـوڕی عەففان..."(٢٦)

ئەگەر عومەر لەسەردەمی موحەممەددا دژایەتی قورەیشی کردبێت و ڕەق بوبێت لەگەڵیاندا، ئەوا ئاسان نیە بۆی ئەودژایەتیە لەسەردەمی خەلافەتی خۆیدا لەبیر و فەرامۆش بکات.یان قورەیش ئەودژایەتیە لەبیربکات.

***

لێرەدا ئەوەی شیاوی باسە ئەوەیە کەعومەر زۆر ئارەزووی بەلای عەلیدا بووە... عەلیش زۆر ڕقی لەقورەیش بوو...عەلی بەجۆرێکی بێ سنور ڕقی لەقورەیش بوو، قورەیشیش ڕقیان لەویبوو"وەك لەمەودوا ڕوونی دەکەینەوە".

عومەر، عەلی کردە ڕاوێژکاری خۆی... سەعیدی کوڕی مسیب دەڵێت: عومەر پەنای بەخوا دەگرت لەگرفتێك کەبابی حەسەن"واتە عەلی" لەچارەسەرکردنیدا نەبێت.(٢٧)

عومەر "ئوم کەلسوم"ی کچی عەلیی مارەکرد. قورەیش بەمە ناڕەحەت ودڕدۆنگ بوون و وایان دەزانی ئیتر عەلی لەدوای خۆی دەکاتە خەلیفە.(٢٨)... دەگونجێت عومەر حەزی کردبێت لەپاش خۆی عەلی بکاتە خەلیفە، بەلام پێدەچێت لەترسی فڕوفێڵی قورەیش ئەو ئارەزووەی شاردبێتەوە.

قورەیش حەزیان نەدەکرد خەلافەت بکەوێتە دەستی عەلی، یان بکەوێتە دەستی کەسێك لەهۆزی هاشم. عومەر لەکاتێکدا قسەی بۆ "عەبدوڵای کوڕی عەباس" دەکرد، قسەیەکی ئاوای بۆکرد: قورەیش حەزناکات پێغەمبەرایەتی وجێنشینێتی لەنێوەدا کۆببێتەوەو بەهۆیەوە شانازی بکەن بەسەریدا(٢٩).

وادیارە قورەیش هەرلەوکاتەوە ڕقیان لەهۆزی هاشم هەڵگرتبێت کەلەسەرەتای بانگەوازەوە پشتگیری موحەممەدیان کردو دەستیان لێ بەرنەدا.

قورەیش دەیویست خەلافەت بکەوێتە دەستی عوسمانەوە، چونکە ئەو سەربە یەکێك لەگەورەترین بنەماڵەکانی قورەیشە کەبریتیە لە بنەماڵەی "ئومەییە"... لەگەڵ ئەوەشدا عوسمان ناسرابوو بەنەرم ونیانی وخۆش وویستنی خزمانی... بۆیە قورەیش ئەویان بەباشترین کاندیدو پاڵێوراوی خۆیان دەبینی تابیگەیەننە ئەو مەبەستەیان"واتە خەلافەت- وەرگێڕ".

عومەر بەراوردی کرد لەنێوان عەلی وعوسماندا، سەبارەت بەعەلی ئاوا دەڵێت:"لو ولوها الاجلح لحملهم علی الجادة"(٣٠)هەروەها دەربارەی عوسمان ئاوا دەڵێت: "...لو وليها لحمل بني ابي معيط علی رقاب الناس، ولوفعلها لقتلوه"(٣١)

لەمەوە دەردەکەوێت کەعومەر سەرسام بووە، دەیویست وەسێت بکات خەلافەت بدرێت بە"عەلی"بەڵام وای دەبینی کەقورەیش بەرهەڵستی دەکەن ولەدژی دەبنە گروپ، لەوەشدا دیارە ئاشوب وپارچەپارچە بوون دەبێت بۆئیسلام...دەڵێن: دوای ئەوەی "ئەبولوئلوئە" شمشێرەکەی دا لەعومەر، کۆمەڵێك سەحابە هاتنە لای عومەر وداوایان لێکرد خەلیفەی دوای خۆی دیاری بکات، ئەویش گوتی: کێ بکەمە خەلیفە، ئەگەر ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح زیندوو بوایە دەمکردە خەلیفە؟ ئەگەر پەروەردگاریشم پرسیاری لێبکردمایە دەمگووت: گوێم لێبوە پێغەمبەرەکەت فەرمویەتی: ئەو"واتە ئەبو عوبەیدە" ئەمینی ئەم ئوممەتەیە... ئەگەر سالمی مەولای ئەبی حوزەیفە زیندوو بوایە دەمکردە خەلیفە. ئەگەر پەروەردگاریشم لێی بپرسیمایە دەمگووت: گوێم لێبوە پێغەمبەرەکەت فەرمویەتی:"سالم زۆری خودا خۆش دەوێت"(٣٢) وام بەخەیاڵدا دێت ئەو قسەیەی عومەر پاڵاوتنێکی ناڕاستەوخۆی "عەلی" بووە، عومەر ترساوە لەوەی ناوی عەلی بهێنێت بۆیە بەئامازەیەکی واتادار باسی کردووە.

عومەرلەفەزڵی ئەبوعوبەیدەدا دەڵێت: پێغەمبەر وەسفی کردووە بەوەی ئەمینی ئەم نەتەوەیە...ئەمە لەکاتێکدا سەحابە دەزانن کەپێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)زۆر گەورەتر لەوە باسی عەلی کردووە، ئەوەتا لەبارەی عەلییەوە دەفەرمێت:(عەلی بۆمن وەك هارون وایە بۆ موسا)...هەروەها لەفەزڵی سالمدا دەڵێت: پێغەمبەر وەسفی کردوە بەوەی زۆری خودا خۆش دەوێت... سەحابەش دەزانن کەپێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)لەبارەی عەلیەوە دەفەرمێت:( عەلی خواو پێغەمبەرەکەیی خۆشدەوێت، خوداو پێغەمبەرەکەشی ئەویان خۆش دەوێت).

لەوکاتەشدا ئەو دوو فەرموودەیەی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)کەلەبارەی عەلییەوە هاتوە بەسەر زاری تەڵکیەوەبوون. لام وایە عومەر لەڕوونکردنەوەی

ڕێزی عوبێدەو سالمدا ویستوویەتی فەزڵی "عەلی" ش لای ئامادە بووان بخاتە ڕیزەوە، واش دەزانم ئامادە بووان ئەم ڕیزبەندەیان بەدڵ نەبووە، چونکە عەلی لای زۆرێکیان تەریزلێکراو بوەو ڕقیان لێی بووە.

سالم و ئەبوعوبێدە، لەدیدی عومەردا بەفەزڵێك بونەتە شیاوی خەلافەت، کە کەمترە لەفەزڵی عەلی، کەواتە بۆچی عەلی شیاونەبووە؟دەچێتە عەقڵەوە عومەر بەو پەیڤەی ویستبێتی ئامارە بۆشیاویتی عەلی بکات بەشێوەی شاردراوەو ئامارە، عەرەبیش دەڵێت: پیاوی ئازاد ئامارەیەکی بەسە." کوردیش دەلێت: ئەوکەسە کەسە، ئەلفێکی بەسە – وەرگێر".

لەم سەردەمەدا هەندێك واگومان دەبەن عومەر توانیویەتی خەلیفەی دوای خۆی دەست نیشان بکات وخەڵکیش ملکەچ دەبوون بۆی...ئێمە ئێستا ڕوکەش بینانە سەرنج لەمەسەلەکە دەدەین، نازانین لەوکاتەدا چ پلان وفرو‌فێڵێك لەپشتی پەردەوە سازدراون.

پێشتر بینیمان چۆن قورەیش نیگەران بوون لەوەی عومەر لەدوای ئەبوبەکر بوویە خەلیفە... ئەمە لەکاتێکدا قورەیش هێشتا لاوازو کەم دەسەڵات وکەم سامان بوو، هێزو توانای خۆی وەرنەگرتبوەوە دوای ئەو گورزە کەمەر شکێنانەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)لێی وەشاندبوو.

بەڵام لەدوا ڕۆژەکانی خەلافەتی عومەردا، قورەیش بەهێزو دەوڵەمەند بوو، لە سەردەمی عومەردا زۆری لەدەستەڵاتی لەدەست چووی وەرگرتەوە، عومەر خۆشی لێی دەترسا"وەك بینیمان" خەڵکی ئاگاداردەکردەوە لەفرو‌فێڵ وخراپەی قورەیش. ئەگەر عومەر لەدوای خۆی عەلی بکردایەتە خەلیفە، دەمانبینی قورەیش دنیای دەڕوخاند وهەڵی دەگێڕایەوە بەسەر عەلیی دوژمنی سەرسەختیدا.

***

لەدوای مردنی عومەر، کێشەی بەناوبانگی "ڕاوێژ" سەری هەڵدا... ڕکابەری زۆر توندبوو لەنێوان دوو پاڵێوراوی بەهێزدا:عوسمان وعەلی..عوسمان کاندیدی قورەیش بوو...عەلیش پاڵێوراوی غەوغاو ڕەش وڕوت و ئەعراب وکۆیلەکانی وەك

ئەبی زەڕ وعەممارو سەلمانی فارسی بوو. لەوانەیە شەوی هەڵبژاردن قورەیش نە خەوتبێت وپیلۆوەکانی لێک نەنابێت، پێدەچێت ئەوێ شەوێ شەوێ قورەیش هەڵپەی کردبێت بۆپیارمەتیدانی کاندیدەکەی بەهەموو شێوازێک.

لەکاتێکدا "ئیبن عەوف" هەستاو ویستی پەیماندان بەیەکێکیان ڕابگەیەنێت عەمماری کوڕی یاسر هاواری کرد:" ئەگەر ئەتەوێت موسوڵمانان دوو بەرەکی یان تێ نەکەوێت پەیمان بەعەلی بدە"...عەبدوڵای کوڕی ئەبی سەرحیش لەوەڵامی "عەممار"دا هاواری کرد:"ئەگەر ئەتەوێت قورەیش دووبەرەکی تێنەکەوێت پەیمان بەعوسمان بدە" (٣٤).

ئەم وتووێژە زارەکییە بەڵگەیە لەسەرئەو ئارەزوانەی لەناو دەرونەکاندا شاردرابوونەوە... عەممار بەناوی موسوڵمانەوە دەدوێت وئیبن سەرحیش بەناوی قورەیشەوە قسەدەکات.

لەوانەیە عەممارو ئیبن ئەبی سەرح شەرە جنێویان لەدوایدا کردبێت، عەممار بە ئیبن ئەبی سەرح دەڵێت:کەنگێ بویتە ئامۆژگاری کەری موسوڵمانان؟، یەکێک لە لایەنگرانی هۆزی ئومەییەش وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت:ئەی کوڕی سومەیە تۆ سنوری خۆت بەزاندووە، تۆچیتە بەسەر ئەوەوە قورەیش ئەمیر بۆخۆی دادەنێت؟(٣٥).

لەمەوە ڕون دەبێتەوە کەئەو چوارچێوە فیکرییەی عەممار بڕوای پێ دەکردەوە بریتی بوو لەبەرژەوەندی موسوڵمانان، بەچاوپۆشین لەوەی سەر بەچ چینێکن... بەڵام هۆزی ئومەییە مەسەلەکەیان تەنها لەوەدا دەبینی کەناکۆکی خێزانی نێوان قورەیشە لەپێناوی بوونە دەستەڵاتدار بەسەر موسوڵمانانەوە.

دوای ئەوەی پەیماندان بەعوسمان تەواوبوو... عەلی کوڕی ئەبی تالب نیگەران بوو، هەستایەوەو ڕوی کردە"ئیبن عەوف" وگوتی:ئەمە یەکەم ڕۆژ نییە کەتێیدا دژایەتییمان بکەن، فصبرجمیل والله المستعان علی ماتصفون".(٣٦)

***

ئەو ڕۆژەی پەیمان بەعوسمان درا، قورەیش هەستیان بەشانازی سەرکەوتن کرد، دیارە ئەبوسوفیانی ڕیش سپی قورەیش زیاد لەهەموویان هەستی بەخۆشی سەرکەوتنەکە کرد.

دەڵێن:ئەو ڕۆژە ئەبوسوفیان بەچپە لەخزمەکانی پرسی:کەسی غەیری خۆتانتان لەناودایە؟)هەرکەدڵنیابوو لەوەی کەسێك جگەلەخۆیانیان لەناودانیە، هەستایەوەو هاواری کرد:ئەی هۆزی ئومەییە...هەروەکو تۆپ بیگرن، ئەی بەو کەسەی ئەبوسوفیان سوێندی پێ دەخوات، من تائێستەش حەزم بەوەیە بۆتان، بە ویراسەت بیدەنە دەست منداڵەکانتان.(٣٧) واتە "خەلافەت بگرن وبیدەن بە منداڵەکانتان – وەرگێڕ".

هەروەها دەبێژن: ڕۆژێك ئەبوسوفیان بەلای گۆڕی حەمزەی مامی پێغەمبەردا گوزەردەکات کەلەشەڕی ئوحوددا کوژرا، لەقەیەکی دالە گڵکۆکەیی و گوتی:هەستە ئەی باوکی عەلی...ئەوەی تۆ شەڕت کرد لەگەڵمان لەسەری، ئێستا بەویراسەت کەوتۆتە دەستی ئێمە"(٣٨)ئایا هەر بەڕاستی ئەبوسوفیان وای گوتوە؟ ئێمە نازانین... بەڵام بەدووری نازانین ئەبوسوفیان وابڵێت. ئەگەر بە کردەوە واشی نەوتبێت، ئەوا لەناخی خۆیدا هەستی بەواتاکانی کردووە.

ئەبوسوفیان ناتوانێت دژایەتییە پێشینەکانی وئەوجەنگانە لەیادبکات کەلە بەرهەڵستی ئیسلامدا کردبوونی... لەوانەیە سەرکەوتنی ئیسلامیشی بەدۆڕانی خۆی زانیبێت– وەك بینیمان–.

شتێکی سەخت نیە بۆمان گەر تەسەوری ئەوە بکەین ئەبوسوفیان لەئاوەزی ناوەوەی معاویەی کوڕیدا بیرۆکەی ئەوە بچێنێت تاکو کاربکات بۆ گەڕاندنەوەی ئەو سەربەرزیەی قورەیش کەمحەمەد لەناوی بردبوو!. لەسەرەتای ئەم بەشەدا گوتمان، سروشت وخووی مرۆ لەناکاودا ناگۆڕێت، تەنها لەبەرئەوەی هاتۆتە ناو ئاینێکی تازەوە... تەنانەت ئەگەر بتوانێت هەندێك لەڕەفتارە دیارەکانی خۆی بگۆڕێت، ئەوا کەمێك نەبێت نیتر ناتوانێت لەنێو ناوەزی ناوەوەیدا گۆڕانکاری دروست بکات.

پێدەچێت مرۆڤ بەخۆیشی نەزانێت کە چ گرێیەکی دەروونی و چ بەهاگەلێکی کۆمەڵایەتی لەقوڵییەکانی ئەستیدا حەشاردراوە.ئەو هەست بکات یان هەست نەکات، ناچارە بەوبەهاو گرێیانەوە... ستەمیشە گەر داوا لەمرۆڤێك بکەین "کە لە ژینگەیەکی دیاری کراودا ژیاوە" تاکو ببێتە مرۆڤێکی تر، وەك ئەوانەی لە ژینگەیەکی جیاوازدا پێگەیشتوون.

لام وایە ئەبوسوفیان ومعاویەو مەروان وئەوانی تریش، لەوسەرداڕانەی قورەیش کەئیسلام سوکایەتی پێکردن، تاکو کۆتا ڕۆژی تەمەنیان هەستیان بەتاڵی وتفتی ئەو سەرشۆڕیە دەکردو، دەیان ویست ئەو پلەوپایەیە بەدەست بێننەوە کەلە دەستیان چووبوو.

ئەوەی شیاوی ئاماژەپێدانە، پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)ڕقی لەمەروان و باوکی مەروان بووەو ناوی نابوو" ترسنۆکی کوڕی ترسنۆك" و دەریشی کردن بۆ تائیف(٣٩)...لەسەردەمی ئەبوبەکرو عومەریشدا هەر بەدوورخراوەیی مانەوە... ئینجاکاتێك عوسمان بویە خەلیفە، مەروانی گەڕاندەوە بۆمەدینەو کچی خۆیی پێداو کردیە وەزیرو باڵی ڕاستی خۆی لەئاراستەکردن وبەڕێوەبردنی حوکمدا... لەوپۆستەدا داینا کەئێمە ئەمڕۆ ناومان ناوە هەڵگری مۆری پادشا یاخود بەڕێوەبەری دیوان.(٤٠)

ئەوکەسانەی کەلەسەر سوکایەتی کردن بەپێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)و دژایەتی وبەرهەڵستی کردنی ئیسلام پێگەیشتبون، ناگونجێت لەوماوە کورتەدا دڵیان پاکژوخاوێن بوبێتەوە...بەدبەختی ئیسلام ئەوەبوورکە کەسانێکی لەو جۆرەی تێهات. لەبەرئەوەی ئەوانە هەرچەندە دواتر دڵسۆز بووبن، بەڵام ئەو گرێ دەرونیانەی کەلەناوەزی ناوەوەیاندا چێنرابوون، ڕێگەی نەدەدان ڕێبازی بڕوادارە دڵسۆزەکان بگرن... نەشیان دەتوانی جگەلەوە شتێکی تر بکەن، چونکە ناچار بوون بەرکینانەوە کەلەدەرونیاندا بوو، بیانەوێ یان نەیانەوێ.

***

قورەیش شادومان بوو بەوەی عوسمان بویە خەلیفەو ئەوەی بەسەرکەوتن بۆ خۆی قەڵەمداد کرد... بەناشیرینترین شێوە سەرکەوتنەکەی قۆستەوە. خەڵکی زۆر نیگەران بوون بەوەی قورەیش بگەڕێنەوە بۆپلەوپایە ودەستەڵاتی کۆنیان. کەسانێک کەزۆر پەست بوون لەوگەڕانەوەیە بریتی بوون لەموالیە بێ دەستەڵاتەکان لەلایەک ونەعرابەکانیش لەلایەکی ترەوە. موالیەکان لەیادیان نە دەچوو کەقورەیش بەچ شێوەیەک لەسەرەتای بانگەوازەوە چەوساندنیەوە، یادەوەری چەوساندنەوەکەیش گرێیەکی شاردراوەبوو لەدەرونیانداو لە ناوچوونی نەبوو... وەلێ نەعرابەکان، بۆیە ڕقیان لێیان بوو، چونکە قورەیش خۆی بەرز دەکردەوە بەسەریاندا، بۆیە پێیان ناخۆش بوو یەک هۆز تایبەتمەندی هەبێت بەسەریانداو، دەستکەوت و ویلایەتیش پێکەوە بۆخۆی قۆرخ بکات... ئەبو زەڕ بە زمانی ئەونەعرابانەوە دەدوا، موالیەکانیش پیاوێک لەخۆیان(عەمماری کوڕی یاسر) زمانحاڵیان بوو.وەک دواتر باسی دەکەین. ئەودەم موالیەکان کەم بوون، بۆیە گوناهی شۆڕش هەمووی کەوتە ئەستۆی نەعرابەکان.

***

گەر بابەتیانە سەرنجی ئەو شۆڕشەبدەین، دەبینین بەزۆری ململانێی نێوان قورەیش ونەعرابەکان بووە. چونکە بەشی هەرە زۆری ئەومال وسامانەی بەهۆی فەتحەکانەوە ڕژانە سەر مەدینە، چوونە گیرفانی قورەیشیەکانەوە. هۆزەکانی تری عەرەب پشکێکی کەم نەبێت چیتریان بەرنەدەکەوت. نەعرابەکان هەستیان دەکرد خۆیان شارو وڵاتانیان فەتح کردووە، بۆیە قایل نەبوون دەستکەوتەکانی فەتح بچێتە باخەڵی گروپێکی بچکۆلانەوە، لەکاتێکدا ئەوگروپە بچکەلەیە خۆیشی بادەدات بەسەریاندا. مێژوونووسەکان دەڵێن: یەکەم پزیسکەی شۆڕش لەدژی عوسمان لەکوفەوە سەری هەڵدا، هۆی ڕاستەوخۆیشی ئەوەبوو کە"سەعید کوڕی عاس"ی ئەمەوی والی کوفە ڕای گەیاند:(سەواد، بێستانی قوڕەیشە)...ئەوە بوو

کۆمەڵێک خەڵکی هۆزە عەرەبییەکان هەستانەوەو گوتیان: سەواد دەستکەوتێکە
خودا پێی داوین، پشکی قورەیشیش تیایدا وەک پشکی موسوڵمانی ترواییە(٤١).
ئەم قسەیەی والی قورەیش، ئەعرابەکانی کوفەی بزواندودەستیان کردە ڕقە
بەرایەتی وپشێوی دروستکردن... بەفەرمانی عوسمان، والی بردنی بۆلای معاویە
لەشام... ئەگەر سەرنجی ئەومشتومڕە بدەین کەلەنێوانیاندا ڕویداوە دەبینین
مشتومڕەکە لەسەر خودی قورەیش بووە،
معاویە لەیەکێك لەقسەکانیدا گوتی:انکم قوم من العرب وقد بلغني انکم نقمتم
قریشا، وان قریشا لولم تکن عدتم اذلة کماکنتم...وان ائمتکم لکم الی الیوم جنة،
فلاتسدوا من جنتکم. ئەوەبوو یەکێك هەستایەوەو لەوەڵامیدا گوتی: کم تکثر
علینا بالامرة وبقریش، فما زالت العرب تاکل من قوائم سیوفها وقریش
تجار"(٤٢).
لەپاش کوژرانی عوسمان، خاتووعایشە وەسفێکی ڕونی شۆڕشگێڕان دەکات و
وەسفەکەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی شۆڕشگێڕان لەئەعراب وکۆیلەکان بوون...
گوتی: ئەی خەڵکینە! ئاشوب گێڕانی خەڵکی ولاتان وخەڵکی ئاوەکان و
کۆیلەکانی خەڵکی مەدینە،دوێنێ گەلەکۆمەکیان کردەسەر ئەوپیاوە بەستەم
کوژراوە، دەی بەخوا پەنجەیەکی عوسمان باشترە لەپڕ بەزەوی لەخەڵکی وەک
ئەوانە"(٤٣).
عەلیش وەک خاتووعایشە وەسفی شۆڕشگێڕان دەکات... ئەو لەکاتێکدا داوای لێ
دەکەن تۆڵە لەبکوژانی عوسمان بکاتەوە دەڵێت:چۆن دەتوانم وابکەم لەکۆمەڵێك
ئەوان خاوەنمانن ونێمە خاوەنی ئەوان نین؟ ئائەوەتا کۆیلەکانتان لەگەڵیاندا
ڕاپەڕیون... ئەوان لەمیانەی ئێوەو چییان بوێت لێتان دەکەن...جائایا توانا هەیە
بۆشتێك کەئێوە دەتانەوێت"(٤٤).

***

وادیاره دژایەتی ئەعرابەکان وقورەیش مەسەلەیەکی حەتمی بوبێت، قورەیش- وەك باسمان کرد- دەوڵەمەندترین هۆزی عەرەب بوو...سیدانەی کەعبەی دەکردو پارێزەری بتەکان وسەرپەرشتیاری بازارە بازرگانی ونەدەبیەکان بوو کەلەوەرزی حەجدا لەنزیك مەککەدا سازدەکرا.

قورەیش هەوڵیدا ئەوپلە پابردوەی لەناوعەرەبدا دەست بخاتەوە...بیری چوبوو کە بارودۆخ گۆڕاوە.

بەرلەئیسلام عەرەبەکان دەهاتن بۆ مەککەوقورەیش دیاری وبەخششی دەرشت بەسەریاندا...بۆیە ئەوانیش ڕێزیان لێ دەگرت وکاروانەکانیان دەپاراست، وەك دان نانێك بەفەزڵی قورەیش بەسەرخۆیانەوە. مەسەلەکە بریتی بوو لەوەرگرتن وپێدان "سود گۆڕکێ".

بەڵام لەسەردەمی ئیسلامدا بارودۆخەکە گۆڕا...عەرەبەکان هەستیان دەکرد خۆیان خاوەنی یەکەمین فەزڵن...بەزۆری شمشێرەکانی ئەوان وڵاتان ڕزگارکران و دەستکەوت ڕژا بەسەریاندا...ئیدی بەچ هەقێك قورەیش ببێتە دەمراستیان و پشکی شێریش لەدەستکەوتەکان بەرێت.

ئەودەمبەدمەی کەوتە نێوان معاویەو ئەعرابەکانی کوفە، بەئاشکرا ئاماژە بەوە دەدات...معاویە فەزڵی قورەیشیان بەسەرەوە یاد دەخاتەوە، گوایە گەرئەوان نەبان عەرەب دەبونەوە هۆزوتیرەی شپرز وەك سەردەمی نەفامی...وەڵامیشیان بۆئەم قسەیە ئەوەبوو کەقورەیش هیچ فەزڵێکی نیە لەفەتحکردنی وڵاتاندا چونکە قورەیش هۆزێك بوە لەبازرگان ودەوڵەمەندان.

هەرلایەك لەدیدی خۆیەوە سەرنجی مەسەلەکە دەدات...دانیش نانێت بەمافی لایەنەکەی تردا... ئەمەش خووی ئادەمیزادە لەهەموو کات وشوێنێکدا.

***

گوتمان قورەیش بەجۆرێك دڵخۆش بوو بەپەیماندان بەعوسمان کەنەی توانی بیشارێتەوە...بەلام وادیارە ئەم دڵخۆشیەی درێژەی نەکێشابێت، ئیتر ئەوەبوو وەك پەندە عەرەبیەکە دەڵێت"مەستیی بەسەرچوو، بیرگەڕایەوە".
عوسمان ئەوێ دەمێ بابایەکی ئەختیاربوو، تەمەنی لەنێوان هەشتاونەوەد ساڵیدا بوو(٤٥)بۆیە قورەیش نەی دەتوانی دڵنیابێت لەوەی دەستەلاتی بۆماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت... چونکە عوسمان دێربێت یان زوو کۆچی دوایی دەکات. قورەیش دەیزانی خەڵکی لەدوای عوسمان "عەلی" هەڵدەبژێرن وئەویش دەستەلاتیان ناهێڵێت ولەوپلەوپایەیە دایان دەبەزێنێت کەماوەیەکی دوورودرێژ خەباتیان لەپێناودا کردووە.
ئاسان نییە تەسەوری ئەوە بکەین کەقورەیش لەسەردەمی عوسماندا دەرونی هێمن بووبێت بەتایبەتی لەرۆژەکانی کۆتایدا...بۆیە"داری بەبەردا دەکێشا" — دەربڕینی وەرگێر" بۆ وەی هەڵوێستی خۆی ڕزگار بکات لەو وەرتەیەی لەدوای عوسمان دوچاری دەبێ. ئەبوسوفیان لەسەردەمی عوسماندا مرد...دوای خۆی معاویەی کوڕی سەرداریتی قورەیشی گرتەدەست، معاویەش لەمێژوودا بەوە ناوبانگی دەرکردوە کەیەکێك بووە لەزیرەکترین ودووربین ترین وفێڵبازترین کەسی عەرەب... ناچێتە عەقڵەوە معاویە لەسەردەمی عوسماندا دڵنیاوئارام بووبێت... بۆیە شتێکی هەرکردووە بۆدورخستنەوەی مەترسی ئایندە.
گرفت ئەوەیە سەردارانی قورەیش خاوەنی پێشینەیی وجیهادنەبوون لە ئیسلامدا...زۆربەیان لەڕیزی بێ باوەڕاندابوون ودژایەتی بانگەوازەکەیان دەکرد...بۆیە لەدیدی خەڵکدا هیچ کامیان شایستەنەبوون لەدوای عوسمان خەلافەت بگرنە دەست.
لەنێوهەموو سەردارانی قورەیشدا،عوسمان تاکەکەس بوو بڕوای هێنارکۆچی کردوجیهادی کردو ماڵ وسامانی خۆی بەخشی لەپێناوی ئاینی تازەدا... زۆربەی ئەو قورەیشیانەی لەسەرەتای بانگەوازەوە هاتنە ناوئیسلام سەر بە

بنەماڵە لاوازو بێ دەسەڵاتەکان بوون... بنەماڵە بەهێزەکانی وەک "هۆزی ئومەییە و هۆزی مەخزوم" دوژمنی سەرسەختی ئایینە تازەکە بوون...
هەرکە لەدواساتیشدا هاتنە ناویەوە"واتە ناوئیسلامەوە" باوەڕیان تەنک و لاواز بوو.(٤٦) وادەزانم معاویە هەمیشە لەبیری چارەنوسی قورەیشدا بووبێت... لەوانەیە ترسابێتیش لەوەی لەدوای عوسمان قورەیش لەسەردەستی عەلیدا ببەزێت، وەک پێشتر لەسەردەستی موحەمەدی کوڕی عەبدوڵادا بەزی.

***

گەورەترین کاندیدی خەلافەت لەدوای عوسمان "وەک بینیمان" عەلی بوو، دوای ئەم تەڵحەو زوبێروسەعیدی کوڕی ئەبی وەقاس وعەبدوڵای کوڕی عومەربوون.... ئاشکرایە معاویە لەهیچ کام لەوانە دڵنیانەبووە. چونکە هەر یەکێک لەوانە، لە سەرجەم قورەیشەکان نزیک تربوون لەتێگەیشتن لەڕۆحی ئیسلام... ئەوان هەر چۆن بارودۆخیان بگۆڕیایە نەیانـدەتوانی وەک ئەبوسوفیان وابن لەئەزعەی هۆزایەتی وداواکردنی سەردارێتیدا.لەجەنگی بەسرەدا بینیمان "زوبێر" پەشیمان بوویەوە وهاتەدەرێ لەکاتێکدا عەمماری لەڕیزی سوپاکەی عەلیدا بینی وئەو فەرموودەی پێغەمبەری بیرکەوتەوە کەلەمەڕ "عەممار" دەفەرمێت:"کۆمەڵێکی یاخی وباغی دەیکوژن".(٤٧) هەروەها بینیمان "تەڵحە"لەساتەکانی سەرەمەرگیدا داوای لێخۆش بوونی لەخوا دەکرد لەسەرئەو کارانەی کەلێی وەشابوویەوە(٤٨). "سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس"یشمان بینی چۆن لەدوای کوژرانی عوسمان وازلە کاروباری دونیا دەهێنێت وبەجۆرێک ڕوبەڕوی معاویە دەبێتەوە کەپێی قایل نییە.عەبدوڵای کوڕی عومەریش پتر لەهەموو خەڵکێک لەبابی خۆی دەچوو لەڕوی دنیانەویستی وپارێزکاری ودادپەروەرییەوە...بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە، معاویە ببینین دوو دڵە لەچارەنووسی قورەیش کەرهەریەکێک لەرکەسانە لەدوای عوسمان جڵەوی خەلافەت بگرنەدەست

***

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کەهەر لەسەردەمی عومەرەوە معاویە هەوڵی قایم کردنی جێپێی خۆی لەشامدا دابوو، لەوەدا ڕێڕەوی ئەوانەی گرتبوو کەدەیانویست شام بکاتە پایتەختی داهاتووی مەملەکەتەکەی.

معاویە لەشامدا ڕێڕەوی کیسراو قەیسەرەکانی گرتبوو...وەك ئەوەی بیەوێت کۆمەڵگەی شام بەتایبەتی ئامادەبکات بۆئەوەی بڕوایان بەسیستمی چینایەتی هەبێت و، ئەو سیستەمی یەکسانییە لەبیری بکەن کەئیسلام هێناویەتی.

لەوسەردەمەدا لەشارە ئیسلامیەکاندا بانگەشەی دادپەروەری کۆمەلایەتی و یەکسانی دەکراو، بڕوایان وابوو خەڵکی هەموویان وەك دانەکانی شانە یەکسانن، هەرکەسێك خراپ بێت دەچێتە ئاگرەوە باسەردارێکی قورەیشیش بێت، پارێزکاریش دەچێتە بەهەشتەوە باکۆیلەیەکی حەبەشی بێت.

لەشامدا مەسەلەکە پێچەوانەی شارەکانی تربوو، لەوانەیە معاویە قەدەغەی کرد بێت هەرکەسێك لەدڵی خۆشیدا باسی یەکسانی بکات، ڕوبکاتە شام...هەر کە ئەبوزەڕ دەستیکرد بەپەخشکردنی ئەوبیرۆکە مەترسیدارە، معاویە کاغەزی نووسی بۆعوسمان وتیایدا هەواڵی ئەوەی پێدابوو کەئەبوزەڕ شامی لێ تێك دەدات، ئەوەبوو عوسمان فەرمانیدا "ئەبوزەڕ" بگێڕنەوە بۆمەدینە(٤٩).

ئەم بەسەرهاتەش یانی: معاویە ویستوویەتی "شام" پارێزراوبێت لەبیروباوەڕە ڕوخێنەرەکان، لەوەبەولاوە گرنگ نەبووە بەلایەوە شارەکانی تر بەوبیروباوەڕانە بسوتێن.

"معاویە" لەمەدا سەرکەوتنێکی گاڵتە پێنەکراوی بەدەست هێنا، بەجۆرێك گوێ ڕایەڵیی خەڵکی شام بویە جێگەی سەرنج، لەوکاتەدا خەڵکی نمونەیان پێ دەهێنایەوە. "مەسعودی" باس لەخەڵکی "شام" دەکات ودەڵێت: گوێ ڕایەڵی ئەوان بۆمعاویە گەشتە ڕادەیەك لەکاتێکدا بەرەو شەڕی صفین دەچوون، معاویە لەڕۆژی چوارشەمەدا نوێژی هەینی پێکردن"(٥٠)

***

عومەری کوڕی خەتاب لەکاتێکدا چوو بۆشام چاوی کەوت بەمعاویە کەلەنێو کەژاوەیەک لەپاسەوان وپاساوڵدا دەڕۆشت، وەک هەریەکێک لەفەرمانڕەوایانی ئەو سەردەمە...عومەر لەوە تورەبوو، قیراندی بەسەریدا وگوتی:بۆچی ئەمە کیسرەویەتە ئەی معاویە؟.معاویە بەدەم پۆزش هێنانەوەو وەڵامی دایەوە: گوایە لەبەرانبەر دوژمن دایەو پێویستی بەوەهەیە بەدیمەنی شەڕوجەنگەوە بەسەر دوژمندا خۆی بابدات(٥١).

ئیبن خەلدون بڕوای وایە عومەر قەناعەتی بەم وەڵامەی معاویە کردبێت...نەک هەر ئەوەندەش بەڵکو بەرەڤانی لەمعاویە دەکات ودەڵێت:معاویە کەرواڵەتەکانی کیسرای وەرگرتبوو مەبەستی لەوە ستەمکردن ویاخی بوون نەبووە، بەڵکو بەڕای ئیبن خەلدون معاویە لەوەدا مەبەستی قایلکردنی خوابووە(٥٢).

من بۆخۆم سەرم لەوڕایەی"ئیبن خەلدون" سوڕدەمێنێت. چونکە هەرمرۆڤێک بگریت لەسەرتاپای ڕەفتارەکانیدا پڕوپاگەندەی ڕەزامەندی خوادەکات..گرفتیش لەوەدانیە کەمرۆڤ پڕوپاگەندەی بۆدەکات یاخود بڕوای پێیەتی...بەڵکو گرفت لەو ئاراستە ئەستیەدایە کەمرۆکەی لەسەرە...ئێمە گوێ بەوە نادەین کەمرۆڤ لەناخ و دەرونی خۆیدا بڕوای پێیەتی...ئەوەی گرنگە بۆئێمە ئەوگرێ دەرونی وبەها کۆمەڵایەتیانەیە کەلەناوەڕۆی ناوەوەیدا پەنگیان خواردۆتەوە.

معاویە ئەیەوێت سەرکەوێت بەسەردوژمنانی ئیسلامدا. کەچی هەمان ڕێبازی کەشخەوسازوفیکی ئەوان دەگرێتەبەر... ئەم مەسەلەیە لەدیدی سیاسیەکاندا دروستە... وەلێ لەدیدی ئەهلی دینداریدا دروست نیە...چونکە ئاین نەهاتووە هەوڵی سەرکەوتن وزاڵ بوون بدات تەنها لەپێناوی بیروباوەڕێکی دادگەرانە کە خۆی بڕوای پێیەتی...هەرکەئاین هەوڵی سەرکەوتنی بەسەر دوژمنداندا، بێ ئەوەی گرنگی بدات بەو بیروباوەڕەی کەخۆی هێناویەتی، ئەوا دەبێتە دەوڵەت و "سیفەتی ئاین"ی لێ دادەڕنرێت، ئەودەم ئاین دەبێتە یاریەک بەدەستی سیاسیەکانەوەو ڕوپۆشی هەمووکردارەکانی خۆیانی پێ دەکەن لەپێناوی فەتح و ژێربارخستندا. واگومان نابەم عومەری کوڕی خەتاب قەناعەتی بەوەڵامەکەی

معاویەکردبێت، وەك ئیبن خەلدون بڕوای وایە... خەریکم دڵنیابم لەوەی عومەر لە نێو دڵیدا شتێکی تری پەنهان کردبوو.

***

بەهەرحاڵ، عومەری کوڕی خەتاب کوژرا، بەرلەوەی هیچ کارێك بکات بۆلەناو بردنی میکرۆبی ئەو نەعرە نوێیە کەلەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا هێدی هێدی گەشەی دەکرد.

دواتر عوسمان هات و قورەیش لەوپێناوەدا سەردەمی ئەویان قۆستەوە... ئەوێ دەمێ سەراپای ئەو قورەیشیانەی وەکو معاویە وابوون ڕویانکردە شام ولەوێندەر دەستیان کرد بەدامەزراندنی سەردەمی خۆیان... هەندێك لەمێژوونووسان دەبێژن: قورەیش میوەکەی شامیان پێخۆش بوو، بۆیە چوونە ئەوێندەرێ وتیایدا سەقامگیر بوون(٥٢) ئەم پەیڤەش هەندێك دەبەنگی تێدایە... چونکە قورەیش میوەی شامیان پێخۆش نەبوو، بەڵکو میوەی ئەوکۆمەڵگە شامیەیان پێخۆش بوو کەمعاویە دایمەزراندبوو، سازاندبوشی بۆدەستەڵاتداری وبەرهەمهێنانی چینایەتی.

***

لەوانەیە زیادەڕەویمان نەکردبێت گەر بڵێین: لەسەردەمی عوسماندا "شام" ببوە پایتەختی ڕاستەقینەی دەوڵەتی ئیسلام...هەروا ڕاستیشە بڵێین لەوکاتەدا معاویە خەلیفەی بەکردەوەبوو. بەبەڵگەی ئەوەی هەموو ئەوکەسانەی کەعوسمان یان والیەکان دوریان دەخستنەوە، دەنێردران بۆکن معاویە...ئەبوزەر وشۆڕشگێڕانی بەسرەو کوفە نێردران بۆلای معاویە تابزانێت ڕای چیە لەبارەیانەوە.

دەگێڕنەوە کابرایەکی خەڵکی بەسرە، دونیانەویست دەبێت و، ئەوشتانەی لە خۆی قەدەغەکردبوو کەخودا بۆ بەندەکانی حەڵاڵ و زەڵاڵ کردووە...ناوبانگی دەرکردبوو گوایە گۆشت ناخوات وژن ناهێنێت وناچێتە ناو کۆڕوکۆمەڵەوە...والی بەسرە هەواڵی ئەم کابرایەی بۆعوسمان نووسی. عوسمان فەرمانی پێکرد

بینێرێتە لای معاویە...پاش ئەوەی معاویە کابراکەی تاقیکردەوەو زانی هیچ زیانی نیە لێی قایل بوو.لەکن خۆیشی هێڵایەوە.(٥٤)

لەم نمونەیەوە دەردەکەوێت کەلەسەردەمی عوسماندا،معاویە بەگردەوە کارو بارەکانی سیاسەتی ئیسلامی بەڕێوەبردووە... هەرکەس بانگەشەی ڕایەکی نوێی بکردایە، مەترسی هەبوایە یان نا، ڕەوانەی لای معاویە دەکرا.تاکو تاقی بکاتەوە و ڕای خۆیی لەسەربێژێت وچارەنووسی دیاری بکات... ئەگەر ئەویش بیزانیبایە جێگەی مەترسیە، دووری دەخستەوەو کۆمەڵگەی ئیسلامی ڕزگاردەکرد لەو بیرو باوەڕە تێکدەرانە.

وادەردەکەوێت معاویە گرنگی ئەداوە بەوەی چ پشێوی وئاشوبەیەك لەشارەکانی تردا دروست دەبێت، هەموو گرنگیەکی لەسەر شام چڕبیویەوە، هەوڵی ئەدا شام بپارێزێت لەهەموو جۆرە دیاردەیەکی بیرکردنەوەی ئازادو وشیاری ڕامیاری.

هەمووخەلیفەکانی هۆزی ئومەییە کەلەدوای معاویەهاتن لەسەرئەو ڕێبازەی معاویە ڕۆشتن(٥٥). بەجۆرێك هەرپیاوێکی ژیروزیرەکیان بینیایە هەوڵی وەئاگا هێنانەوەی خەڵکی بدایە، دەستبەجێ دووریان دەخستەوە لەشام.

معاویە یاسای ئەوەی بۆدارشتبوون کەهەوڵبدەن شام ئارام بێت وجەدەل و ئازادی بیروباوەڕی تیادانەبێت،تاکو بۆیان ببێتە سەنتەرومەڵبەندێکی دەستەمۆ و لەبار.بۆئەوەی لەوێندەرەوە بەسەرهەموو وڵاتانی تردا زاڵ بن...لەم سیاسەتە شیاندا سەرکەوتن، ئەوەبوو بەسوپای شامی گوێ ڕایەڵیان، شەڕی سوپاوئۆردوی سەرجەم شارو وڵاتەکانی تریان دەکرد...وڵاتەکانی ترشپرزو بێ سیستەم بوون... ئەمەویەکانیش توانییان، بەخەڵکی شام شار لەدوای شارلێیان بدەن ولەکۆتایشدا بەسەر هەموویاندا سەرکەوتن.

ئەو سیاسەت و ڕێبازەی معاویە دایڕشت لەم سەردەمەدا"مۆسۆلۆنی" پەیرەوی کرد...مۆسۆلۆنی دەیگوت: گروپێکی کەمی نیزامی دەتوانێت سەرکەوێت بەسەر کۆمەڵێکی گەورەو زۆ شپرزەدا... پارتە فاشیستیەکەشی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراند... وەك زانراویشە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا.

***

معاویە هەوڵی دەدا لەشامدا خۆی بساچێنێ، ئیدی گوێی نەدەدا بەوڵات و شارەکانی تر.. لەوانەیە حەزیشی کردبێت لەشارەکانی تردا ئاشوب وفەوزا بێت، تاکو لەدوای عوسمان لەسەر هیچ کەسێکی تر کۆدەنگ نەبن، بەوەش دەتوانێت یەك لەدوای یەك لێیان بدات.

دورنیە معاویە هانی شۆڕشی دابێت لەدژی عوسمان. دوای ئەوەی بینی شۆڕش بەرپادەبێت... سیاسەتوانی کارامەش ئەوەیە کەئاو لێڵ بکات بۆ وەی بتوانێت ڕاوی تیادا بکات.

لەوانەیە معاویە جوابی ناردبێت بۆمەروانی هاوتەنیشتی عوسمان، تاکو قورەکە خەستر بکات و ،خەڵکی بەیەکتردا بکێشێت، تاکو پاڵیان پێوە بنێت بۆ سەر ڕێگەی شێتێتی.

شۆڕش لەدژی عوسمان ڕێکوپێك وڕێکخراو نەبوو، هاواری دادپەروەری و یەکسانی دەکرد، بەڵام پیلانێکی کردەیی دانەنابوو بۆهێنانە دی ئەو بانگەشەی دادگەری ویەکسانیە...کێ دەزانێت لەوانەیە معاویە سودی لەو بارودۆخە وەرگرتبێت وهەندێك بەکرێ گیراوی تێ فڕێ دابێت. لەوانەی کەوای دەردەخەن دڵسۆزن بۆشۆڕش، بەڵام لەژێرەوە کاردەکەن بۆ تێوەگلاندنی شۆڕش.

مێژوونوسان دەڵێن: ئەوکەسەی شۆڕشی هەڵگیرساند"ئیبن سەبەء"ی نەفرەتی بوو..من وای دەبینم معاویە ئەفسانەی ئیبن سەبەئی ئەفراندووەو هەر خۆیشی بەجۆرێك لە جۆرەکان پیلانێکی کردەیی دانا بۆبەرجەستەکردنی ئەوئەفسانەیە...

لەم سەردەمەشدا دەبینین سیاسەتمەداران سیخوڕی خۆیان دەخەنە هەموو ڕاپەڕینە جەماوەریەکانەوە، تاکو کاربکەن بۆ وەی ڕاپەڕینەکان بخەنە نێو تەنگەڵانەوە.

***

هەرکەس سەرنجی سیاسەتەکانی مەروان بدات لەسەردەمی شۆڕشدا، سەری سوڕدەمێنێت لەڕەفتارەکانی ئەوکابرایە کەلێوان لێوبوون لەکەم فامی وشێتێتی و بەرانبەرکێی ڕوت.

دەبینین لەدوای کوژرانی عوسمان، مەروان بووە کابرایەك کەهاوسەنگی و دوربینی تیادابوو... بەلام لەسەردەمی عوسماندا تانەوپەڕی سنور هەلەشەبوو...
ئەبێ هۆی ئەوە چ بێت؟.
بەندە"مەروان" تۆمەتبار دەکەم بەوەی گەورەترین هۆکاری کوژرانی عوسمان بووەو معاویەش تاوانبارەدەکەم بەوەی هانی مەروانی داوە.
"ئیبن عەرەبی" پێی وایە مەروان پیاوێکی دادگەربووەو یەکێك بوە لەگەورە شەرعناسەکان، فوقەهای شارەکانیش یەکدەنگ بوون لەسەر"بەگەورە گرتنی و ئاوڕدانەوە بەلای فتواکانیداو... هتد)(٥٦)دواتر ئیبن عەرەبی دەلێت:(وەلێ مێژوونووس وئەدیبە کالفامەکان بەئارەزووی خۆیان دەدوێن)(٥٧)
دواتر مامۆستامحب الدین خەتیب دێت وپالپشتیەکی گەورەی ئەو رایەی ئیبن عەرەبی دەکات ودەلێت:(ماقول نیە مەروان بەهەلگیرسێنەری ئەوئاشوبە لەقەلەم بدرێت، چونکە بەرژەوەندی ئەوی تێدانەبووە)(٥٨)
مامۆستا خەتیب هەموو هۆکارەکانی ئاشوبەکە دەداتەپال سەبەئیەکان و لە سەروی هەمووشیانەوە"مالیکی ئەشتەر"... ئەو پێی وایە سەبەئیەکان بەرژەوەندییان هەبووە لەکوژرانی عوسماندا... بەلام بەرژەوەندی مەروانی تێدا نەبووە...ئەمەش رایەکی سەیروناموٚیە.من کەسێکی ترنابینم ئەوەندەی مەروان و ئەوانەی لەدەوروبەری بوون "لەسەردارانی قورەیش" سودی لەکوژرانی عوسمان بینیبێت.
هەرکەس گەرەکی بێت بکەری راستەقینەی تاوانێك بدۆزێتەوە، ئەوا بەرلەهەر شتێك پێویستە بگەڕێت بەدووی ئەو کەسەدا کە بەرژەوەندی هەیە لە تاوانەکەدا..
زۆربەی مرۆڤەکان نایانەوێت تاوان بکەن بەبێ ئەوەی هۆیەك هەبێت وپالیان پێوە بنێت بۆتاوانکردن.
نزیکترین کەس بۆکردنی تاوانێك ئەوکەسەیە کەبەرژەوەندی لەتاوانەکەدا هەیە...
ئەمە ئەو رێبازەیە کەدۆزەرەوانی تاوانەکان لەم سەردەمەدا لەسەری دەڕۆن.
چەندە جوانە گەرنێمەش بەم دیدە تازەیەوە سەرنجی کوژرانی عوسمان بدەین.
وەلێ گەرسەرنجی کوژرانی عوسمان بدەین بەوپێیەی کرداری خەلکانێکە

کەلەسەر خراپەکاری دروستکراون، ئەوا دیدەکەمان ناگونجێت لەگەڵ ئەوڕێساو ئارەزوانەدا کە لەسروشتی مرۆڤدان ونێمە پێیان ئاشناین.
مامۆستاخەتیب پێی وایە:مەروان پیاوێکی چاکەکارەو نیشی وا پیس وچەپەڵ و ئابڕوبەر ناکات!!...ئەوەی لەبیرچووە کەمەروان لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەردا کاری لەوە دزێوترو ناشرینتری کردووەو، پێغەمبەریش(درودی خوای لێبێت) دووری خستەوە بۆ تائیف وبەدرێژایی سەردەمی ئەبوبەکرو عومەریش هەر لە مەنفادا ژیا...
مەروان لەلای خەتیب بووەتە پیاوچاك، لەبەرئەوەی مەروان دواتر بووەتە خەلیفەو ناوی چووەتە ریزی "میرانی بڕواداران"ەوە... ئەمەش نەریت وخوی "واعیزەکانی سوڵتان"ە لەهەمووشوێن وکاتێکدا. هەرکەس دەسەڵات بگرێتە دەست، واعیزەکان بەچاکەکارو پیاوچاکی دەزانن...شۆڕشگێرانی دژی سوڵتانیش بە شەڕەنگێز وموغریز قەڵەمداد دەکەن.

***

گەر لەقۆناغەکانی ئەو شۆڕشە بکۆڵینەوە کەبەر لەکوژرانی عوسمان هەڵایسا، دەبینین مەروان جۆرەها میکانیزمی گرتۆتەبەر بۆهاندانی شۆڕشگێران وڕێگە گرتن لەئاشت بونەوەی نێوان ئەوان وعوسمان... هەرکەسیش بابەتیانە لەو قۆناغە بکۆڵێتەوە، ناتونێت مەروان بەبێ تاوان دەربکات لەوتۆمەتانەی کە دەدرێنە پاڵی.دەتوانین ڕوداوەکانی پێش کوژرانی عوسمان بپۆلێنین بۆسێ قۆناغ:
قۆناغی یەکەم: هاتنی شۆڕشگێران بۆمەدینە، ئەوەبوو داوایان لەعوسمان کرد دادپەروەر بێت و، ڕێڕەوی خەلیفەکانی پێش خۆی بەرنەدات...ئیتجادوای ئەوەی عوسمان قایل بوو بەدەم داخوازیەکەیانەوە بێت ودادپەروەری بەرپابکات و شوێنی سوننەت بکەوێت، شۆڕشگێران لەمەدینە هاتنە دەرەوەو هەریەکەیان بەرەو شاری خۆی گەڕایەوە.

قۆناغی دووەم: گەڕانەوەی شۆڕشگێڕان بۆمەدینە دوای ماوەیەکی کەم لە دەرچونیان لەوشارە... پاش ئەوەی نامەیەکیان دۆزیەوە کەمۆری عوسمانی پێوە بوو، تیایدا فەرماندرابوو بەوالی میسر تالەکاتی گەڕانەوەیاندا، شۆڕشگێڕان بکوژێت.

قۆناغی سێیەم: ئابلۆقەدانی عوسمان لەماڵەکەی خۆیدا و، یەکبینە بوون لەسەر ئەوگەمارۆیە تاکو کوژرانی عوسمان.

گەردرێژەی ئەو سێ قۆناغە سەیر بکەین، دەبینین مەروان بێ وچان بوو لە هەوڵەکانیدا بۆئەوەی پتر ئاروودۆخی نێوان عوسمان وشۆڕشگێڕان لێڵ بکات و سنگیان پڕبکات لەدژایەتی.

***

دەبینین عوسمان لەقۆناغی یەکەمدا، وەك ئەریتی خۆی نەرم ونیان وخۆ بەکەمزان بوو، داوای لێبوردنی لەخودا دەکردو دەگریاو خەڵکیش لەتەکیدا دەگریان و، ڕدێنیان بەئەسرین تەڕدەبوو... جارێکیان وتارێکیداوگوتی:(هەرکەدابەزیم... باچاکترینتان بێت بۆلام...هەرچ ستەمکاریەك بەرزبکاتەوە بۆلام لای دەبەم و، هەر پێداویستیەکیش هەبێت جێبەجێی دەکەم)(٥٩)

کەچی هێشتر عوسمان لەم وتارە گریاناویە نەگەڕابویەوە ماڵێ، مەروان هاتەلای و سەرزەنشت وسەرکۆنەی کردو، تۆمەتباری کرد بەترسنۆکی!! پێی گوت:(دەی بە خوا بەردەوام بوون لەسەر هەڵەیەك کەتێیدا داوای لێبوردن لەخودا بکەیت، جوانترە لە تۆبەیەك کە بترسێندرێیت لەسەری)(٦٠)

دواتر مەروان دەرپەڕی بۆلای شۆڕشگێڕان وقێراندی بەڕویاندا:(ئەوە چیتانە کۆبونەتەوە ئەڵێی بۆتالان هاتوون؟...بگەڕێنەوە بۆماڵی خۆتان، دەی بەخوا ئێمە ئابەزین لەسەرئەوەی لەدەستماندایە)(٦١)

ئەم ڕووبەڕوو بونەوەیەش کەس ناتوانێت لێی بێدەنگ بێت... ئەوەتا مەروان خەلافەتەکەی عوسمان بەموڵکی قورەیش دەزانێت و، شۆڕشگێڕەکانیش بە ململانێکەری قورەیش دادەنێت لەسەر ملك وپاشایەتیەکەیان.

جارێکی تر مەروان لەمزگەوتدا قیڕاندی:( بەخوا ئەگەر بتانەوێت لەنێوان خۆمان و ئێوەدا شمشێر دەکەینە دادوەر) عوسمان لەسەر ئەوقسەیە لەبەردەمی خەڵکیدا سەرزەنشتێکی بریندارکەری مەروانی کرد.(٦٢)

دواتر عوسمان بڕوانامەیەکی بۆ شۆڕشگێڕەکان نوسی وتیایدا هاتبوو:(ئەوانەی دوور خراونەتەوە، دەگەڕێندرێنەوە. ئەوەی بێبەشکراوە بەشی دەدرێت، دەسکەوت فراوان دەکرێت، دادپەروەری لەدابەشکردندا پەیڕەودەکرێت، ئەو کەسانەش بەکاردەهێنرێن"واتەئەوکەسانە لە پۆستە دەوڵەتیەکاندا دادەنرێن — وەرگێڕ" کەخاوەن هێز وئەمانەتدارن)(٦٣)

دوای نوسینی ئەم بڕوانامەیە شۆڕشگێڕان گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان... لەڕێگەدا کەسێکیان بینی کەنوسراوێکی پێیەو تیایدا فەرماندراوە بەوالی میسر کەهەر شۆڕشگێڕان گەڕانەوە بیان کوژێت!! نوسراوەکەش مۆری عوسمانی پێوە بوو... ئەوەبوو شۆڕشگێڕان بەتوڕەییەوە گەڕانەوە بۆمەدینە، عوسمان بەم تەرزە بەرگری لەخۆی کردوگوتی:(من ئەم نوسیوەو فەرمانیشم دەرنەکردووە، لەوانەیە بەزمانی کەسێکەوە شتێك بنوسرێت ولەخەتەکەیشی بگیرێتەوەو مۆرەکەیشی هەڵبکۆڵدرێت)(٦٤)

عوسمان نکوڵی لەوەنەکرد کەواژۆکە واژۆی خۆی بێت، بەڵام گوتی ساختە کراوە...مێژوونوسەکان یەکڕان لەسەرئەوەی ئەونوسراوە عوسمان نەی نوسیوە...ماقوڵ نیە عوسمان نوسراو بۆ والیەکی بنوسێت و، تیایدا فەرمانی کوشتنی کەسێك دەربکات، ئەوفەرمانە زۆردوور بووە لەو نەرمی وبەزەیی و دڵنەرمیەی عوسمانی پێوەناسرا بوو، ئەی کەواتە کێ نوسیویەتی؟.

مامۆستاخەتیب وای دەبینێت ساختەکەری نوسراوەکە مالیکی ئەشتەر وهاوڕێ سەبەئیەکانی بوون ولەوبارەیەوە دەڵێت:(هیچ کەس جگە لەئەشتەرو هاوڕێکانی بەرژەوەندییان نەبووە لەتازەکردنەوەی ئاشوبەکەدا)(٦٥)

عەققاد دەڵێت:(...ئاسانترین شت بۆمەروان، ئەگەر بێ تاوان بوایە لەوفرت و فێڵەدا، ئەوەبوو هەقیقەتی ئەوفرتوفێڵە ئاشکرا بکات بەپرسیارکردن لەومنداڵەی کەنوسراوەکەی هەڵگرتبوو، چون دۆزینەوەی ئەوڕاستیە مانای بێ تاوانی ئەو

دەبوو، هەروەها دەبوە مایەی پشت ئەستوربوونی دەستەڵاتی خەلیفەو ڕیسوا بوونی دوژمنەکانی وپوچەڵکردنەوەی پاساوەکانی ئاشوبەکەو بانگەشەکانی هاندان. بەڵام پرسیارکردنی پشتگوێ خست وقەناعەتی کردبە تەبرئەکردنی خۆی وتۆمەتبارکردنی ئەوانەی کەتۆمەتباریان دەکرد)(٦٦)

شۆڕشگێڕەکان مەروانیان تۆمەتبارئەکرد بەساختەکردنی نوسراوەکە، مەروانیش بەڕۆڵی خۆی ئەوانی تۆمەتبار ئەکرد، جائایا کامیان ڕاست ئەکەن؟.

هەندێك لەمێژوونووسان پێیان وایە:نوسراوەکە مەروان خۆی نوسیویەتی، چونکە جگە لەمەروان هیچ کەس ئەی توانیوە مۆری عوسمان بەکاربێنێ.چونکە مەروان شالیاری دەستەڕاست وهەڵگری مۆرەکانی بووە... وادەزانم مەروان پێی ناخۆش بووە شۆڕشگێڕەکان بەبێوەی گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان، بێ ئەوەی بگلێن لە تەنگەڵانێکەوە کەلەبەردەم خەڵکیدا ڕیسوایان بکات، بۆیە نوسراوەکەی ساختەکردو بەپەلە ڕەوانەی کرد.

سەیر لەوەدایە کەهەڵگری نوسراوەکە لەکاتی سەفەرەکەیدا خۆی نەشاردەوەو بە ڕێگەدا لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا دەڕۆیشت وخۆی دەخستەبەرچاویان، وەك ئەوەی بەئەنقەست بیەوێت پەی بەوە بەرن کەنوسراوی هەڵگرتووەو، شتێکی لەژێر سەردایە...

لێرەدا مێرمنداڵێکی دەوڵەت دەبینن، سواری وشترێك بووەو،دەگەڕێتەوە بۆوڵات و نامەیەکی مۆرکراو بەمۆری خەلیفەی پێیەو فەرمانی گرتن وکوشتنی شۆڕشگێڕانی تێدایە.

دەبینن ئەومنداڵە بەڕێی شۆڕشگێڕەکاندا دەچوو، هەندێك جاریش دەهاتە نێو ڕیزەکانیانەوەو دواتر لێیان جیادەبوەوە... پێیان گوت:ئەوە چیتە؟ گوتی:من نێردراوی میری بڕواداڕانم بۆ لای والیەکەی لەمیسردا، ئەوەبوو پشکنییان و نوسراوەکەیان دۆزیەوە.(٦٧)

بەڕاستی ئەم مەسەلەیە زۆرسەیرە...توێژەر لەئاقاریدا تەنهاسەرسامی بۆ دەمێنێتەوە... مەسەلەکە بەدەرنیە لەپلان وموئامەرە...وەلێ ئایا پلانی

سەبەئیەکان بووە یاخود پلانی قورەیش؟.ئەم پرسیارە جێدێڵین بۆخوێنەران تاکو ئەوان وەڵامی بدەنەوە...

• لەکۆندا وتراوە:(الملك عقيم) ئەمڕۆش دەڵێن:(السياسه لا قلب لها). ئێمە تێبینی ئەوەدەکەین لەهەرشتێکدا کەسیاسەتی تێبخرێت. سیاسییەکان گوێ نادەن بەوەی پێغەمبەرانیش بکوژن ئەگەر هەستیان کرد پێغەمبەران دەبنە کۆسپ لە رێگەی گەشتنە سەرکورسییاندا.

لەدێرۆکی ئیسلامدا تراژیدیایەك نەبووە هێندەی کوژرانی عوسمانی شەهید زیانی لەئیسلام دابێت. وەیل بۆ ئەوکەسانەی پلانەکەیان دارێژاو داوەکەیان بۆ تەنی... شۆرشگێرەکان گەمارۆی عوسمانیاندا، دەیان ویست یان لەسەر کار لابچێت یان بیکوژن. ئەدی بۆچی عوسمان لەسەرکار لانەچوو؟.

ئەمەش پرسیارێکی تره کەمرۆڤ سەرسام دەکات. عوسمان لەوکاتەدا پیربوو، تەمەنی نزیکی نەوەد ساڵ بوو، دەی بۆچی لەسەرکار لانەچوو ومەسەلەکەی بەجێ نەهێشت بۆ ڕاوێژ؟

"بەلازەری" دەگێرێتەوە:(ئیبن عومەر لەکاتی ئابلۆقە دانەکەدا دەچێتە لای عوسمان و، ئەم وتووێژە لەنێوانیاندا ڕوودەدات:

عوسمان: بڕوانە ئەوانە دەڵێن چی؟دەڵێن یان لەسەرکار لابچۆ یان دەتکوژین!!.

ئیبن عومەر: ئایا تۆ لەدونیادا هەر دەمێنیتەوەو ئەمردەبیت؟

عوسمان: نەخێر.

ئیبن عومەر: ئایا لەکوشتن بەولاوە هیچی ترت لێدەکەن؟

عوسمان: نەخێر.

ئیبن عومەر: ئایا بەهەشت ودۆزەخی تۆ بەدەست ئەوانە؟

عوسمان: نەخێر.

ئیبن عومەر: دەی کراسی خودا لەخۆت مەکەرەوە،چونکە ئەبێتە سوننەت و هەر قەومێك ڕقیان لەخەلیفەکەیان هەستا .یان لەسەرکارلای دەبەن یاخود ئەیکوژن)(٦٨)

من بروام وایە ئیبن عومەر قسەی وای نەکردووە، بەڵکو بەهێزترین گومان ئەوەیە قسەی مەروان بێت.. خەلافەت کراسی خودا نیە...بەڵکو سپاردەی ئوممەتە هەر کەویستی دەیدات وکەناره‌زوویشی بوو وەری دەگرێتەوە...ئەمەیە چەمکی راوێژ کەئیسلام هێناویەتی.

هۆزی ئومەییە شورایان پوچەڵکردەوەو، سیستەمی بۆماوە"ویراسەت"یان لە جێگەی دانا...بەوپێیە کوڕی خەلیفە لەباببیەوە خەلافەتەکەی پێدەگات. هەر وەك چۆن کەلوپەل پارەوپولەکەی بۆدەمێنێتەوە.

لەوانەیە هەرئەوەش لەوکاتەدا بەئەندێشەی مەرواندا هاتبێت...لەوانەشە مەروان چپاندبێتی بەگوێی عوسماندا وئەوەی لا خۆشەویست کردبێت، بەوەش عوسمان یاخی بوو لەوەی لەسەرکار لابچێت و، خەلافەت لەلای بویە کراسێك کەخودا ئەوی پێداپۆشیوەو جگە لەخوداش هیچ کەسێك ناتوانێت ئەوکراسەی لێبکاتەوە.

سەحابیەکی بەساڵاچوو، لەکۆتا چرکەکانی گەمارۆکەدا لەماڵی عوسمان نزیك کەوتەوەو هاواری لەعوسمان کرد تاکو لەپێناوی نەرژاندنی خوێندا لەسەرکار لابچێت... ئەوەبوو لەماڵی عوسمانەوە تیرێکی بۆ هاویژراو بەردی پێدا کێشراو، کابرا لەوێدا مرد... بەوە، ئیدی رەوشەکە زۆربەسەختی وتوندی ئالۆزا.(٦٩)... چاکێ بوو ئەوبەردو تیرەی هاوێشت بۆ کابرای ئەختیارو بۆچی؟؟گومان لەوەدا نیە کەگەمارۆدانی عوسمان یەکێکە لەجەنگە یەکلایی کەرەوەکان لەمێژوودا... شۆرشگێرەکان دەیانویست عوسمان لەسەرکار لابەرن وعەلی لەشوێنەکەیدا دابنێن... قورەیشیش دەیویست عوسمان بەرلەوەی خۆی لەسەرکار لابدات بکوژرێت بۆئەوەی پەنا بەرنەبەر کوژرانەکەی و شۆرشەکە هەر لەناولانکدا لەناو بەرن.

قەدەریش وابوو ئەوەی ویستیان دەستگیریان بوو...ئەگەر لەدواچرکەدا عوسمان بیتوانیایە لەسەرکار لابچێت، ئەوا ئەگەری ئەوە زۆر بەهێزبوو کەعەلی کوڕی ئەبی تالب خەلافەت بگرێتە دەست، گەر لەوساتەشدا عەلی خەلافەتی بگرتایەتەدەست ئەوا مێژووی ئیسلامی بەرێرەوێکی تردا دەڕۆشت، جیا لەو رێرەوەی کەپیایدا رۆشت.

ئیبن عەرەبی دەڵێت:(عوسمان خۆی درگای بۆ شۆڕشگێڕەکان کردەوە تاکو چونە ژوورەوە بۆی وکوشتیان...)(٧٠)

ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت، ئەوا بەڵگەیە لەسەرئەوەی یەکێك لەخزمەکانی عوسمان درگای بۆ شۆڕشگێڕەکان کردۆتەوەو، هانی چونە ژوورەوەی داون... چونکە ناچێتە عەقڵەوە عوسمان خۆی بچێت درگا بۆشۆڕشگێڕەکان بکاتەوە و خۆی تیاببات.

دکتۆر تەها حسەین گومانی وایە:(عوسمان لەدوا چرکەدا ویستویەتی لەسەرکار لابچێت، بۆوەی خوێن نەڕژێت مەسەلەکە بداتەدەست ئەهلی ڕاوێژ(٧١). ئەم ڕایەش زۆرماقوڵە، ئەخاسمە گەربزانین عوسمان چەندە حەزی بەئاشتی وخوێن نەڕژان کردووە...)

ڕەنگە مەروان هەستی بەونیازەی عوسمان کردبێت بۆیە هەوڵیداوە بەپەلە تاکو کارلەکار نەترازاوە کارێك بکات... لەوچرکە ناسکەدا مەروان وکۆمەڵێك لەهۆزی ئومەییە هاتنە دەرەوە بۆشۆڕشگێڕەکان و، تەحەدای جەنگیان لەگەڵ دەکردن. عوسمان فەرمانی ئارامگرتنی پێدەکردن ونەی دەهێلا شەڕبکەن. کەچی گوێیان پێنەداو، وەڵامی داواو تزاکانیان نەدەدایەوە. ئائەوە بوو عوسمان ناچاربوو سوێندیان بدات شمشێرەکانیان توڕبدەن... لەئەنجامدا کۆمەڵێك لەهاوەڵەکانی شمشێریان داناو، هۆزی ئومەییە ملیان نەدا شمشێرەکانیان دابنێن...لەکاتێکدا خەڵکەکە شەڕیان دەکرد، کەسێك لەماڵی عوسمان هاتەدەرێ وقیراندی:( عوسمانی کوڕی عەففانمان کوشت!!).(٧٢)

دەڵێن چەند چرکەیەك بەرلەوساتە ڕەشە "سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس" دەچێتە لای عوسمان ولێی دەبیستێت، دوایی بەپەلە هاتەدەرەوە و بەدوای عەلیدا دەگەڕا، ئائەوەبوو لەمزگەوت دیتیەوەوپێی گوت:(خێرکە باوکی حەسەن! هەواڵێکم بۆ هێناویت کەکەس بۆکەسی نەبردووە...خەلیفەکەت ڕەزامەندی پیشانداوە، دەی قایل ببە وپشتی بگرە، پێش دەستی بکەلە پشتگرتنیدا)...لەم کاتەدا کوژرانی عوسمان ڕاگەیەنرا...(٧٣)

عەلی کەبیستی "عوسمان" کوژراوە زۆر تورە بوو، ڕوی کردە حەسەن وحسێنی کوڕی خۆی کەلەدەم دەرگای ماڵی عوسماندا پاسەوانی عوسمان بوون، پاڵی پێوەنان وگوتی: چۆن گەورەی بڕواداران کوژراو ئێوەش لەبەردەم دەرگاکەیدا بوون؟ تەلحە لەوێدابوو گوتی: (لاتضرب یا ابا الحسن ولا تشتم ولاتلعن، لودفع مروان ما قتل)(٧٤)

لەبەدووکەوتنی ئەو ڕووداوانەوە دەردەکەوێت کەنهێنیەکی شاردراوە لەمەسەلەکەدا هەیەو، تەمومژێکی زۆر دەوری کوژرانەکەی عوسمانی داوە.

***

"دکتۆرتەهاحسەین" لەمەڕ کوژرانەکەی عوسمان پرسیارێکی گرنگ دەکات کە پێویستی بەوەلام دانەوەیە. ئەم پرسیارەش لەبەردا وەلامێکی قایل کەری نەدراوەتەوە... ڕەنگە بایەخیان پێنەدابێت و ئاوڕیان بەلادا نەدابێتەوە. پرسیارەکەش ئەوەیە: بۆچی کاربەدەستەکانی عوسمان خاوەخاویان کرد لە پشتگیری کردنیدا، تاکو بوار ڕەخسا بۆشۆڕشگێڕەکان گەمارۆی بدەن و، درێژەش بدەن بەئابلۆقەکەو لەئەنجامدا بیشی کوژن؟.

پتر لەوەش: عوسمان کاربەدەستەکانی خۆی ڕاهێنابوو لەسەرئەوەی هەموو ساڵێك لەوەرزی حەجدا سەردانی بکەن، ئەی چۆن بوو ئەوساڵە لەولاتەکانی خۆیاندا مانەوە ونەهاتن بۆحەج؟... تاوای لێهات عوسمانی ئابلۆقەدراو، فەرمانیدا "ئیبن عەباس"حەج بەخەلك بکات؟.

سەیرتر لەهەموو ئەمانە"بەگوێرەی ئەوەی مێژونووسەکان دەیلێن عوسمان نامەیەکی داوە بەئیبن عەباس بۆسەرجەم موسوڵمانەکان لەوەرزی حەجداو، کێشەکەی خۆیی خستبویە بەردەمیان وبەرەوانی لەخۆی کردبوو.ئیبن عەباس نوسراوەکەی لەوەرزی حەجدا خوێندەوەو خەلکی گوێیان بۆگرت ودواتر بلاوەیان کرد هەروەکو هیچیش نەبوبێت!! لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کاربەدەستەکەی عوسمان لەمەککەدا ئارام بوو هیچی لەخۆی تێك نەدەدا، ئەبێ نهێنی لەو مەسەلەیەدا چی بێت؟(٧٦).

دکتۆرتەها حسێن هەوڵ دەدات وەڵامی ئەوپرسیارە بداتەوەو دەڵێت:(خەڵکی بێزاربوون لەعوسمان، بێزاربوون لەتەمەن درێژی وسیاسەتەکانی)(٧٧).

بەڕای من:ئەم شیکاریە چارەسەری گرفتەکە ناکات... چونکە ئەگەر خەڵکی لەبەرئەوەی بێزاربوون لەعوسمان بەهانایەوە نەچوون، ئەی بۆچی والیەکان نەهاتن بەهانایەوە لەکاتێکدا ئەوان گەورەترین چینی سودمەندبوون لەسەردەمی عوسماندا؟.

شەهرستانی دەڵێت:(والیەکانی عوسمان یارمەتی عوسمانیان نەداو پشتیان تێکرد تاکو قەدەری خۆیی بەسەردا هات) (٧٨).

ئەم ڕاستیەش لەچەردەیەك ڕاستی خاڵی نیە...وادەردەکەوێت والیەکانی عوسمان شتێکی نهێنییان سازدابوو... تەنها خودا خۆی دەزانێت چییان بۆسازدابێت.

وا زانراوە معاویە سوپایەکی نارد بۆفریاکەوتنی عوسمان، بەڵام فەرمانی بە سوپاکەدا کەلە"وادی القری" ڕابوەستن نەك لە"مەدینە"دا!!!...سوپاکە لە (وادی القری) بارگەی خست تاکو هەواڵی کوژرانی عوسمانیان بیست ودوایی گەڕانەوە بۆشام (٧٩) وەك ئەوەی کوژرانی ئەو شتێکی چاوەڕوان کراو بووبێت لای ئەوان.

***

مێژوونوسەکان یەك دەنگن لەسەرئەوەی عوسمان لەبەشی یەکەمی خەلافەتەکەدا لەسەر ڕێڕەوی خەلیفەی پێش خۆی دەڕۆیشت، بەڵام دوایی لەو ڕێبازە لای دا، بەشی دووەمی خەلافەتەکەی بەشێوەیەکی تر بەڕێوەبرد. "خەواریجەکان" یش پێیان وایە عوسمان لەساڵانی یەکەمی خەلافەتەکەیدا ڕاست و دروست بوە، بەڵام دواتر ئەو ڕێرەوەی گۆڕیوە (٨٠).ئێمە نامانەوێت لەوڕایەی خەواریجەکان بکۆڵینەوەودوری ونزیکی لەڕاستیەوە دیاری بکەین، بەڵکو ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە ئەوەیە کەدەبینین ڕاکەیان لەگەڵ گوتەی مێژونوسەکاندا یەك دەگرێتەوە.

وادیارە موسوڵمانەکان "وەك خەواریجەکان" لەو سەردەمەدا تێبینی ئەوەیان کردووە کەجیاوازیەك لەکردارەکانی عوسماندا هەیە لەنێوان بەشی یەکەم و دووەمی خەلافەتەکەیدا...کەوابێ نهێنی لەوەداچییە؟... قسەکەی خەواریج لەسەر

عوسمان ئەوە دەگەیەنێت کەئەو لەساڵانی یەکەمیدا چاکەکارو لەساڵانی دواییدا خراپەکاربووە... زۆر ئارەحەتە ئێمە خۆمان بدەین بەدەستی ئەورایەوە. چونکە ئاسان نیە مرۆڤێك لەناکاو ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت، ئەخاسمە گەر ئەو مرۆڤەش عوسمان بێت (ئەو پیاوەی کەتەمەنی درێژی خۆی لەجیهادکردن لەبەردەستی پێغەمبەرداو، ماڵ بەخشین لەپێناوی ئەو ڕێگەیەدا سەرف کرد).

ئەو گۆڕانکاریە لەناکاوەی کەموسوڵمانان لەهەڵسوکەوتی عوسماندا تێبینیان کرد، لەژێریەوە نهێنیەك حەشاردەدات... ئەبێ چی لەدەرونی عوسماندا ڕووی دابێت کەوای لێکردووە لەساڵانی کۆتایی تەمەنیدا بەوشێوە گەورەیە بگۆڕێت؟!.

من گومانم وایە، ڕەفتاری عوسمان لەساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا نەگۆڕاوە... بەڵکو ئەوەی کەگۆڕا، ڕەفتاری ئەوانەبوو کەلەدەوریدا بوون. دوریش نیە قورەیش عەزمی جەزم کردبێت بۆشتێك، چونکە ترساوە لەوەی جڵەوەکەی لەدەست دەرچێت ودوایی بۆی نەگێرێتەوە.

لەوکاتەدا عوسمان پیاوێکی پیربوەو، تەمەنی خۆی دەدا لەنەوەد ساڵ – وەك لەبەردا گوتمان – جاگەر بێت وشۆڕشگێران نەیکوژن، خۆی دوای ماوەیەکی کورت لەسەر جێگەدا دەمرێت...کوژرانی عوسمان بەدەستی شۆڕشگێران زۆر باشتربوە بۆ قورەیش لەوەی لەسەر جێگەکەیدا بمرێت، چونکە دەتوانن کوژرانەکەی بکەنە دەست پێچکەیەکی لەبار بۆگەیشتن بەئاواتی خۆیان.سەیر لەوەدایە کراسە خوێناویەکەی عوسمان وپەنجە قرتاوەکانی خێزانی لەهەمان کاتی کوژرانیدا دەست بەجێ ڕەوانەی لای معاویە کران– وەك ئەوەی مەسەلەکە لەشەردا نەخشەی بۆ کێشرابێت وهەموو شتێك بەڕێکوپێکی بەڕێوە چووبێت.

***

هەرچۆن بێت، معاویە توانی بەجۆرێکی بێ هاوتا کوژرانەکەی عوسمان بقۆزێتەوە...مێژووش هێشتر کراسێکی تری نەدیوە وەکو کراسەکەی عوسمان دەوڵەتی پێ دروست بکرێت.

معاویە کراسەکەی عوسمانی لەسەر میمبەری شام واڵا کردوو خەڵکی ئاپۆرەیان لەدەوریداو دەستیان کرد بەگریان وهاواریان کرد:هۆ عوسمان... پێشەواکەمان بەستەم کوژرا!!.

قورئان دەفەرمێت: (ومن قتل مظلوما فقد جعلنا لوليه سلطانا فلا يسرف في القتل انه كان منصورا) معاویە ئەم ئایەتە قورئانیەی قۆستەوەو لەناوخەڵکی شامدا بڵاوی کردەوەو دەیگوت: من وەلی عوسمانم و داواکاری خوێنەکەی ئەوم و بە یارمەتی خوا سەریش دەکەوم.

ئەوەبوو هەر بەڕاستی بەیارمەتی وکۆمەکی خوا، معاویە سەرکەوت.

لەودەمەدا کەشۆڕش لەسەر عوسمان توند ببویەوە معاویە سەردانی عوسمانی کرد...دەڵێن گوایە ئامۆژگاری ئەوی کردوە تاکو عەلی وتەڵحەو زوبێر بکوژرێت و وەگەرنا ئەوان دەیکوژن...عوسمان ئەو ئامۆژگاریەی ڕەتکردەوە...وپێداگریش بوو لەسەر ڕەتکردنەوەکەی.

ئیدی معاویە پێی دەڵێت:(ئەگەر کوژرایت مافی داواکردنەوەی خوێنەکەت بدە بە من)... ئەوەبوو وەڵامی پێشنیارەکەی دایەوە.(٨١)

ئەم گێڕانەوەیە گەر ڕاست بێت، ئاماژەیە بەوەی معاویە بەزیرەکی وبیر تیژی خۆی هەستی بەوسودە زۆرە کردووە کەلەکوژرانی عوسماندا بەدەستی شۆڕشگێڕەکان، دەستی خۆی دەکەوێت...لەوانەشە خۆی بۆسازوئامادەکردبێت.

زۆرترینی ئەگەرەکان لەوەدان کەئەگەر بێت و کراسەکەی عوسمان نەبوایە معاویە نەیدەتوانی ببێتە خەلیفە...چونکە زۆر سەختە بۆ بابایەك کەخۆیشی وبابیشی دژایەتی پێغەمبەریان کردبێت، کەچی پاش ماوەیەکی کورت ببێتە خەلیفەی پێغەمبەری خوا(د.خ).

***

سەیر لەوەدایە لەکاتێکدا داوای خوێنەکەی عوسمانی لەعەلی دەکرد...کەچی کە سەرکەوت ئیدی داوای خوێنەکەی لەهیچ کام لەبکوژانی عوسمان نەکرد... هەندێك لەهاوەڵەکانی، خوێنەکەی عوسمانیان یادخستەوە; پاش ئەوەی

بارودۆخەکەی بۆ یەك لایی بوویەوە، داوایان لێکرد تۆڵە بکاتەوە، بەڵام ئەو ملی بەو داواکاریەنەدا، کیژەکەی عوسمانیش هەمان داوای لێکرد، معاویە ئاوا وەڵامی دایەوە:(ئەی کیژی برام... خەڵکی گوێڕایەڵییان پێداوین و، ئێمەش ئەمان و بێوەییمان پێداون... ئێمەحیلم وئارامیەکمان بۆدەربڕیون کەلەژێریەوە تورەیی هەیە، ئەوانیش گوێڕایەڵی یەکیان پێداوین کەلەژێریەوە ڕق وکین هەیە. هەر مرۆڤێکیش شمشێری خۆی لەگەڵدایەو، شوێنی پشتیوانەکانی خۆی دەزانێت... ئەگەر ئێمە پەیمانەکەمان لێ شکاندن، ئەوا ئەوانیش پەیمانمان لێ دەشکێنن، ناشزانین سەرەنجام بۆئێمە دەبێت یاخود بۆ ئەوان؟... ئینجا تۆش ئەگەر کچی مامی گەورەی بڕواداران بیت باشترە بۆت وەك لەوەی ژنێك بیت لەعاممەی موسوڵمانان)(٨٢)

ئەم لێدوانەی معاویە، سەیرە... ئەو دەترسێت لەوەی تۆڵە لەبکوژانی عوسمان بکاتەوەو، بەوەش خەڵکی لێی ڕاپەڕن وجڵەوی بارودۆخی لەدەست دەربچێت... ئەمەش یانی معاویە -بەهۆی خوێنەکەی عوسمانەوە- داوای خەلافەتی کردووە. معاویە داوای ئەکرد عەلی بکوژانی عوسمان بدات بەدەستەوەو، لەو ڕووەوە هیچ پاساوێکی لێ وەرنەدەگرت... وەلێ دوای ئەوەی خەلافەت کەوتە دەستی خۆی پاساوێکی بۆخۆی دۆزیەوەو، خەڵکیش پاساوەکەیان لێوەرگرت.

***

سەمەرە لەوەدایە کەعەلی هیچ گوێی نەدایە تۆڵەکردنەوە لەبکوژانی عوسمان لەو کاتەدا کەخەلافەتی بەدەستەوەبوو... سەرەڕای ئەوەش خۆشی دەویستن و چاودێری دەکردن ولەپۆستە باڵاکاندا دایدەنان.

مامۆستاخەتیب لەم ڕووەوە پاساوێ عەلی دێنێتەوەو دەڵێت:(گوایە عەلی نەیتوانیوە تۆڵەیان لێبکاتەوە چونکە هێزیان هەبوو و، دەمارگیری هۆزایەتیش لە پشتیانەوە بوو... گەربهاتباو شەڕی ئەوانی بکردایە، ئەوا دەرگایەکی لەسەر خۆی والا دەکرد کەنەی دەتوانی دایبخاتەوە(٨٣). ئەم پاساوە لەبەر دووهۆکار جێگەی قبوڵ نیە:

یەکەم– لەسەردەمی خەلافەتی خۆیدا، عەلی گوێی بەهێزودەمارگیریە هۆزایەتییەکانی هیچ کەس نەدەدا، یەکێك لەو هۆکارانەش کە وایانکرد لەبەرانبەر معاویەدا لاوازبێت ئەوە بوو زۆر توندبوو لەدادپەروەریدا... جا کەسێك خەلافەت لە پێناوی"داد" دا لەدەست بدات بێدەنگ نابێت لەناقار تۆڵەیەکدا گەر بەواجبی بینی.(٨٤)

دووەم – عەلی هەر ئەوەندەنەبوو کەتەنها بێ دەنگ بێت لەبکوژانی عوسمان، بەڵکو چاودێری کردن و، کاری مەزنی پێ سپاردن و لەزۆر مەسەلەدا پشتی بەوان دەبەست... ئەوەتامالیکی ئەشتەر کەبە پێوەندگی خەتیب یەکێ بووە لەسەرانی "سەبەئیەکان".سەرکردەیەکی گەورە بووە لەسەرکردەکانی عەلی لەهەر دوو شەڕی بەسرەو سەفینذا، دواتریش عەلی کردیە والی میسر، دەشگێڕنەوە عەلی لەشتایشی مالیکدا گوتویەتی:(ئەشتەر بۆمن، وەك من وابووبۆ پێغەمبەری خوا).(٨٥)
چۆن دەگونجێت عەلی پشت بەئەشتەر ببەستێت وستایشی بکات لەکاتێکدا دەزانێت "مالیك" گەورەترین هاندەربوو لەدژی عوسمان وهەوڵدەربوو بۆ کوشتنی. گرفتەکە لەوە ووردترو قوڵترە.
سەیرتریش ئەوەیە کەکاتێك "هورمزان" کوژرا عەلی هەڵوێستێکی ڕەقی هەبوو، داوای لەعوسمان کرد تۆڵەی لەبکوژەکەی کە"عەبدوڵای کوڕی عومەر"بوو بکاتەوە، عەلی تاکۆتایی دەیویست تۆڵە لە"عەبدوڵا" بکاتەوە، ئەگەر دەستگیریشی بوایە تۆڵەی لێ دەکردەوە.

دەبینین عەلی هەڵوێستی توند دەگرێتەبەر لەبەرانبەر کەسێکدا کەپیاوێکی لە موالیەکان کوشتووە، کەچی گوێ نادات بەوانەی خەلیفەیان کوشتوە. بە ڕاستی ماستەکە بێ موو نیە"دەربڕینی وەرگێڕ" ونهێنی یەك لەگۆڕێدایە!
وادەردەکەوێت عەلی لەقوڵاییەکانی دەرونیدا بڕوای هەبوە بەوەی کە"هەق" لای شۆڕشگێڕەکانە، وای دەبینی کەئەوانەی داوای خوێنی عوسمان دەکەن، داوای شتێکی تردەکەن نەك تۆڵەکردنەوە لەبکوژانی عوسمان...عەلی لەوەڵامی نامەیەکی معاویەدا کەداوای ئەوەی تێداکردبوو بکوژانی عوسمانی بدات بەدەستەوە دەڵێت:(واما ماسألت من دفع قتلة عثمان اليك فاني نظرت في هذا الامر فلم اره

يسعنى دفعهم اليك ولا الى غيرك، ولعمرى لئن لم تنزع عن غيك وشقاقك لتعرفنهم عن قليل يطلبونك لايكفونك طلبهم في بر ولابحر، ولا جبل ولا سهل، الا انه طلب يسؤك وجدانه، و زور لايسرك لقيانه، والسلام على اهله)(٨٦).

هەروەها لەوەڵامێکی تردا کە عەلی بۆمعاویەی دەنێرێت تیایدا کەمێك بەراشکاوانە تۆمەتباری دەکات بەوەی ئەوبوە عوسمانی کوشتوە.

عەلی دەڵێت:(...ثم ذكرت ماكان من امرى وامر عثمان، فلك ان تجاب عن هذه لرحمك منه، فاينا اعدى له واهدى الى مقاتله: امن بذل له نصرته فاستقعده و استكفه؟ ام من استنصره فترخى عنه وبث المنون اليه حتى اتى قدره عليه؟ كلا و الله: لقد علم الله المعوقين منكم والقائلين لاخوانهم هلم الينا ولا ياتون الباس الاقليلا...) (٨٧)

لەم دوو نوسراوەوە دەردەکەوێت کەعەلی، معاویەی بەبکوژی عوسمان داناوە... نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو هەڕەشەی ئەوەش دەکات کەگەر بێتو وازلەوسەر کەشیە نەهێنێت ئەوا بکوژانی عوسمانی بۆدەنێرێت تاکو چییان کرد لەعوسمانی ئامۆزای واش لەویکەن.

هەرچۆن بێت ئێمە ناتوانین حەقیقەتی ئەودوو نوسراوە بسەلمێنین،ئایا ڕاستن یان بەدرۆ دراونەتە پاڵ عەلی. هەردوو نوسراوەکە لە"نهج البلاغه"دا هاتوون... ناکرێت هەرچی لەوپەرتووکەدا هاتوە پشتی پێ ببەسترێت، چونکە دوای ماوەیەکی درێژ لەکوژرانی عەلی کۆکراوەتەوە... بۆیە لەوانەیە زۆر قسەی تێ ئاخنرابێت کەنەهاتوون بەدەمی عەلیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا بەدوری نازانین ئەودوو نوسراوەی نوسیبێت...چونکە ماجەرای مەسەلەکان ولۆژیکی ئەو ڕوداوانەی کەلەسەردەمی عەلیدا ڕویانداوە پشتگیری ڕاستی ودروستی ئەونوسراوە دەکەن کەدراونەتە پاڵ عەلی.

"تەبەری" دەگێڕێتەوە: عەلی دوایی بەگوێی بکوژانی عوسمانیدادا گوتی:(...ئیتر ئەو ڕوداوە ڕویداو کۆمەڵێك هێنایان بەسەر ئەم ئومەتەدا کەداخوازی ئەم دنیایەن، ڕژدیان برد بەوەی خودا فەزیلەتی پێداوە،ویستیان شتەکان بگێڕنەوە بەرەودوا) (٨٨) مامۆستا"خەتیب" ڕاڤەی ئەو قسەیە بەوە دەکات گوایە عەلی مەبەستی

سەرکۆنەی شۆڕشگێڕەکان بوو(٨٩) ئەم ڕاڤەیەش لەو پەڕی سەیرو سەمەرەیی دایە.چونکە ئەگەر عەلی بیەوێت سەرکۆنەی شۆڕشگێڕەکان بکات، ئیتر چۆن ڕەوایە بۆی پشتیان پێ ببەستێت لەدژی معاویەوپۆستی سەرکردایەتی و بەرپرسیارێتی گەورەیان پێ بسپێرێت؟!

بەهێزترین گومان لەلای من ئەوەیە کەعەلی بەو قسەیەی سەرکۆنەی قورەیشی کردووە... وایان دەبینێ کەڕژدن بەرانبەر ئەوفەزڵەی خودا پێی بەخشیوەو دەیانەوێت مەسەلەکان بگەڕێننەوە بۆ ڕۆژانی نەفامیێتی پێشوو... ئەم گومانەشم زۆرێک لەبەڵگە مێژوویەکان پشتگیری دەکەن.

عەلی نامەیەک بۆعەقیلی برای دەنێرێت ودەنوسێت تێیدا:(...قورەیش کۆبونەتەوە بۆ شەڕی براکەت وەک چۆن دوێنێ کۆبونەوە بۆشەڕی پێغەمبەری خوا)(٩٠)

عەلی جارێک هاواری کردو وتی:( ئەوە چیە، قورەیش چییانە؟ دەی بەخوا بەکافری شەڕم کردون وبەمەفتونیش شەڕیان دەکەم..بەخوا باتڵ هەڵدەدڕم تاکو حەق لە ورگیەوە دەردەکەوێت... بڵێن بەقورەیش بابخرۆشێت)(٩١).

"مازنی" دەڵێت: بەڕاستی نەبیستراوە عەلی هۆنراوەی وتبێت جگە لەم دوو بەیتەی کەدەڵێت:

تلكم قريش تمناني لتقتلني فلا وربك مابرؤا ولا ظفروا

فان هلكت فرهن ذمتي لهم بذات ودقين لا يعفولها اثر(٩٢)

"شريف الرضي"دەگێڕێتەوە جارێکیان عەلی وتاریداو گوتی:(اللهم اني استعيدك على قريش ومن اعانهم فانهم قطعوا رحمي واكفأو إنائي واجمعوا على منازعتي حقا كنت اولى بهامن غيري...)(٩٣)

کەوابوو هەموو ئەو بەڵگانە ئاماژە دەکەن بەوەی عەلی وقورەیش ڕقیان لەیەکتر بووە، ڕقێک کەکڵپەی خامۆش نەبێتەوە...عەلی وای دەبینی قورەیش لەبەر هەمان ئەو هۆیە شەڕی لەگەڵ دەکەن کەپێشتر شەڕی پێغەمبەریان بەهۆیەوە کردبوو.

***

ماموستاخەتیب لای وایە دوژمنایەتی نێوان عەلی ومعاویە شتێکی لەناکاربوو و، سەبەئیەکان دروستیان کرد...لەدیدی ویدا، بەتەنها سەبەئیەکان بەرپرسیاریتی ئەودوژمنایەتیە سەختەیان دەکەوێتە ئەستۆ...ئەو، عەلی ومعاویە بەوابەستەی یەک بیروباوەڕ دەژمێرێت!!...هەریەک لەو دووپیاوەش چاکەخواز بووەو لەهەموو کارەکانیدا مەبەستی خوا بووە.

ماموستادەڵێت:(هەموو ئەهلی سوننەتی محەمەدی رایان وایە عەلی ومعاویەش و ئەوهاوەڵانەی پێغەمبەری خواش"درودی خوای لێبێت" کەلەگەڵیاندا بوون، سەرجەمیان ئەهلی هەق بوون ولەوەدا دڵسۆزبوون. ئەوەشی کەناکۆک بوون تێیدا بریتی بوولەئیجتیهاد، وەک چۆن موجتەهیدەکان لەهەموو ئەوشتانەدا ناکۆکییان تێدەکەوێت کەتیایدا ناتەبان... ئەوان لەبەر دڵسۆزییان لەئیجتیهادەکەیاندا لە هەردوو باری راست وهەڵەیەوەو، لەپێکان ونەپێکانیاندا پاداشت دەدرێنەوە!!... هەرچەندە پاداشتی ئەوکەسەی راستی پێکاوە چەند قاتی پاداشتی هەڵەکارە، لە پاش پێغەمبەری خواش(درودی خوای لێبێت)مرۆڤێکی تر نیە پارێزراو بێت لەهەڵە....)(۹۲)

ئێمە ناماناەوێت تاوتوێی ئەم رایەی ماموستا بکەین.چونکە دوورنیە مەرامی هەریەکە لەعەلی ومعاویە گوێڕایەڵی خودا بوبێت. ئەمە لەکاتێکدا گرفتەکە لە لایەنێکی ترەوە سەرهەڵدەدات وبریتیە لەوەی:کامە فەرمانی خوایە؟ کونە و هەقیقەتی فەرمانی خواچیە؟...هتد.

هەرمرۆڤێك لەسەردەمی کۆندا پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد کەلەکارەکانیدا مەبەستی ڕازیکردنی خودایە...هەرمرۆڤێکیش لەم سەردەمەدا پروپاگەندەی ئەوە دەکات کەئەیەوێت لەپێناوی نیشتیماندا بمرێت!.

جا گرفتەکە لەگوێڕایەڵی فەرمانی خوادا نیە... بەڵکو لەماهیەتی فەرمانەکە و شێوازی بەرجەستە کردنیدایە"یاخود لەناسینی فەرمانەکەدایە – وەرگێڕ"... عەلی ولەپشتیەوە ئەعراب وکۆیلەکان، فەرمانی خودایان لەشوێن کەوتنی ڕێبازی دادگەری کۆمەڵایەتی ویەکسانی نێوخەڵکدا دەبینی...بەڵام معاویەو لەپشتیەوە

قورەیش، فەرمانی خوایان لەگوێڕایەڵی ئیمامەکاندا دەبینی...ئیمامەکانیش لەدیدی واندا گروپێکی تایبەتن لەخەڵك.

دانایان گوتویانە: گرفت ئەوەنیە کەئێمە خۆمان بدەینە پاڵ خودا... بەڵکو گرفت ئەوەیە کەخودا بەتەنیشتمانەوەبێت !!...هەموو یەکێك لەئێمە بانگەشەی ئەوە دەکات کەلەگەڵ خوادایە، وەلێ گرنگ ئەوەیە بزانین ئایا خودا قایل دەبێت ئێمەو مانان لەگەڵی بین یان نا؟؟.

عەلی دوای ئەوەی خەلافەتی گرتەدەست ووتارێکیداوتیایدا گوتی:(ئەی خەڵکینە! ...من پیاوێکم لەئێوە، چی بۆئێوەیە بۆمنیشە، چیتان لەسەرە لەسەرمنیشە، ئێوە بەرێوەدەبەم لەسەر ڕێڕەوی پێغەمبەرەکەتان، ئەوەتان لەناودا جێبەجێ دەکەم کە فەرمانم پێکراوە...هەرچییەك عوسمان بڕیویەتیەوەو، هەرسامان وماڵێك کەلە سامانی خودا بەخشیویەتی، دەگەڕێنرێتەوە بۆ بیت المال...هەتا دەڵێت: لە دادگەریدا فراوانی هەیە، هەرکەسیش هەق لەسەری تەنگ وناڕەحەت بێت، ئەوە ستەم لەسەری تەنگ وناڕەحەت ترە...)(٩٤)

"مەدائینی" دەڵێت:(عەلی کوڕی ئەبی تالب فەزڵی گەورەیەکی ئەدەدا بەسەر پیاوی سادەدا و، ڕێزی عەرەبی ئەدەدا بەسەر عەجەمدا، ئەمەش کاریگەرترین هۆکاری پشت سارد بوونەوەی عەرەب بوو لەعەلی)(٩٥)

دەگێڕنەوە:کۆمەڵێك لەهاوەڵانی عەلی هاتن بۆلای گوتیان:ئەی گەورەی بڕواداران...! ئەو سامانە ببەخشەو، فەزڵی شەریفەکانی عەرەب بدە بەسەر کۆیلەکان وعەجەمدا، دڵی ئەوانە ڕابکێشە کەدەترسیت لەناکۆکیەکەیان...عەلی لە وەڵامیاندا گوتی:ئایا فەرمانم پێدەکەن بەستەمکردن هەوڵی سەرکەوتن بدەم؟!)

(٩٦)

کەواتە گرفتەکە زۆر لەوە قورسترە کەمامۆستاخەتیب و واعیزەکانی دەوروبەری بۆی دەچن... گرفت ئەوە نیە کێ لەگەڵ خوادایە... بەڵکو گرفت ئەوەیە خودا لەگەڵ کێدایە؟...دەگێڕنەوە پیاوێك کەبینی عەلی ومعاویە پێکەوە دەجەنگن گوتی: نوێژ لەدوای عەلیەوە تەواوترە، خواردنیش لای معاویە چەورترە، کرکەوتنیش لەسەر شاخ بێ وەی ترە.

هەر لەڕاستیدا کڕکەوتن لەسەر گردۆڵکەیەک لەهەڵوێستێکی ئاوا بێزارکەر سەلامەت ترە... سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس وژمارەیەک سەحابەی تر بانگکران بۆ ئەوشەڕە. بەڵام ئەوان گوتیان: ئەو شەڕە ئاشوب وفیتنەیە وخودا فەرمان بەلێ دوورکەوتنەوەی دەکات.

سەعد بردیەوە بەوەی لەوشەڕە دوورکەوتەوە... ئەوەبوو وازی هێنا شەڕەکە خەڵکی لوشدەدا و، ئەویش لەنێو قوللە عاجیەکەیدا کڕکەوتبوو بیری دەکردەوە.

خەڵکێکی کەم نەبێت، کەسانی دیکە ناتوانن ئەم سیاسەتی دابڕانە بگرنە بەر. خەڵکی لەم ڕووەوە دووگروپن:گروپێکی موتریف و زیادەڕەۆ، ئەمانە هەوڵ ئەدەن تایبەتمەندیە چینایەتیەکانیان بپارێزن. گروپێکی تر مەحروم وبێبەشن وخەریکە کلپەدەسێنن...هیچکام لەم دووگروپە ناتوانن ئارام بن یاخود لەسەر گردۆڵکەیەک دانیشن.

کەس ناتوانێت لەسەر گردۆڵکە دابنیشێت، ئەوانە نەبێت کەدەرونیان لەئازارو، بەرژەوەندیەکانیان لەمەترسی پارێزراوە...حکومەتی چاک ئەوەیە وابکات هاوڵاتییەکانی دڵنیاوبێخەم بن...بەوشێوەیە هەموو هاوڵاتیەکانی دەکاتە "دانیشتوانی سەرگردۆڵکە".

# ژێدەر وپەراوێزەکانی بەشی شەشەم:

١) بنواڕە: .Leyak.Ethicsanol(Social policy.p257

٢) بنواڕە: ابن خلدون، المقدمه، ل ٢٤١.

٣) بنواڕە:.Gowen, A history of Religion, p.490.

٤) بنواڕە:هسپ.

٥) بنواڕە: احمد امین، فجر الأسلام، ل ١٤.

٦) لێرەدا ڕەنگە نوسەر کەوتبێتە هەڵەیەکی دەربڕینەوە، چونکە هەرچەندە پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)بتەکانی بەپوچەڵ دایە قەڵەم، بەڵام لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەدیتراوە جنێوی بەبتەکان دابێت! وەرگێڕ.

٧) بنواڕە: عباس العقاد، عبقرية الصديق،ل ٤٣.

٨) بنواڕە: هسپ، ١١٣.

٩) بنواڕە: هسپ، ل ٤٥.

١٠) بنواڕە: هسپ، ل ١٠٧.

١١) بنواڕە: بشیر یموت، الفاروق، ل ٣٦.

١٢) بنواڕە: عباس العقاد، ابو الشهداء، ل ٢٥ –٢٦.

١٣) بنواڕە: هسپ، ل ٢٤.

١٤) بنواڕە: هسپ، ل ٢٣.

١٥) بنواڕە: هسپ، ل ٢٤.

١٦) بنواڕە: هسپ.

١٧) بنواڕە: هسپ.

١٨) بنواڕە: عباس العقاد، عبقريةالصديق، ل ١٩١– ١٩٢.

١٩) بنواڕە: تەها حسەین، الفتنة الكبرى، ج١، ل ٨٣.

٢٠) بنواڕە: بشیر یموت، هسپ، ل ١٨٤.

٢١) بنواڕە: تەبەری، تاريخ الرسل والملوك، ج٥، ل ٨٦.

(٢٢ بنواره: سيد قطب، هسپ، ل ١٦٢.

(٢٣ بنواره: عبدالرحمن البدوي، هسپ، ل ٢٥.

(٢٤ بنواره: سيد قطب، ل ١٦٢.

(٢٥ بنواره: عباس العقاد، داعي السماء، ل ١٣٣.

(٢٦ بنواره: محەمەد حسنێن هيكل، هسپ، ٣٤٠.

(٢٧ بنواره: ابن حجر، الصواعق المحرقه، ل٧٦.

(٢٨ بنواره: عبدالفتاح عبد المقصود، علي بن ابي طالب، ل ٢٧٧.

(٢٩ بنواره: عبدالحميد السحار، اهل البيت، ل ٥٠.

(٣٠ بنواره: تەها حسەين، هسپ، ج١، ل ١٥٤.

(٣١ بنواره: البلاذري، انساب الأشراف، ل ١٧.

(٣٢ بنواره: ئيبراهيم حسن، النظم الأسلامية، ل ٣٩.

(٣٣ ئەم دووفەرمودەيە هەريەك لەبوخاري وموسليم و ئەحمەدى كورى حەنبەل وتەبەراني وبەزار...هتد. لەهەنديك لەگەورەپياواني سەحابەوە گێراويانەتەوە... بنواره: ابن حجر، هسپ، ل ٧٢٩.

(٣٤ بنواره: عبدالحميد السحار، هسپ، ل ٦٣.

(٣٥ بنواره: هسپ، ل ٦٣.

(٣٦ بنواره: هسپ، ل ٦٤.

(٣٧ بنواره: سيد قطب، ل ١٨٣.

(٣٨ بنواره: عبدالله السبيتي، عمار بن ياسر، ل ٩٤.

(٣٩ دەڵێن مەروان وباوكي بۆسوكايەتي پێكردن لاسايي بەرێدا رۆیشتنی پێغەمبەریان دەكردەوە، خەڵكیان پێ دەهێنایە پێكەنین، پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت)دوای ئەوەی هەستی پێكردن زۆر لێیان توره بوو دوريشي خستنەوه بۆ تائيف.

(٤٠ بنواره: صادق عرجون، عثمان بن عفان، ل ١٢١.

(٤١ بنواره: تەها حسەين، هسپ، ج١، ل ١١٠.

(٤٢ بنواره: ابن العربي، العواصم من القواصم، ل ١٢٠.
(٤٣ بنواره: عباس العقاد، عبقرية الأمام، ل ٥٥.
(٤٤ بنواره: هسپ.ل ٥٥.
(٤٥ بنواره: تەها حسەین، هسپ، ج١، ل ٥٠.
(٤٦ بنواره: احمد امين، فجر الأسلام، ل ٧٢.
(٤٧ بنواره: تەها حسەین، هسپ، ج٢، ل ٤٩.
(٤٨ بنواره: هسپ، ج ٢، ل ٥٠.
(٤٩ بنواره: عباس العقاد، عبقرية الأمام، ل ٥٢.
(٥٠ بنواره: المسعودي، مروج الذهب، بەشی دووەم.
(٥١ بنواره: ابن خلدون، المقدمه، ل ٢٣٠.
(٥٢ بنواره: هسپ، ل ٢٣٠.
(٥٣ بنواره: جرجي زيدان، التمدن الأسلامي، ج٤، ل ٥٣.
(٥٤ بنواره: تەها حسەین، هسپ، ج ١، ل ١١٦.
(٥٥ بنواره: سيد الأهل، الخليفة الزاهد، ل ٢٠٦.
(٥٦ بنواره: ابن العربي، العواصم من القواصم، ل ٨٩-٩٠.
(٥٧ بنواره: هسپ، ل ٩٠.
(٥٨ بنواره: هسپ، ل ١٢٦.
(٥٩ بنواره: تەها حسەین، هسپ، ج١، ل ٢٠٨.
(٦٠ بنواره: عباس العقاد، عبقرية الأمام، ل ٧٦.
(٦١ بنواره: هسپ، ل ٧٦.
(٦٢ بنواره: عبد الحميد السحار، هسپ، ل ٧٦.
(٦٣ بنواره: ابن العربي، هسپ، ل ١٢٥.
(٦٤ بنواره: هسپ، ل١١٠.
(٦٥ بنواره: هسپ، ل ١٠٩.
(٦٦ بنواره: عباس العقاد، هسپ، ل٦٧-٦٨.
(٦٧ بنواره: ابوبكر ابن العربي، هسپ، ٢٢٦.

٦٨) بنواڕە: البلاذري، انساب الأشراف، ج٥،ل ٧٦.

٦٩) بنواڕە: تەها حسەین، ج١، ل ٢١٣.

٧٠) بنواڕە: ابن العربی، ل ١٣٤ — ١٣٥.

٧١و٧٢و٧٣) بنواڕە: تەهاحسەین، هسپ، ج١، ل ٢١٤.

٧٤) بنواڕە: عباس العقاد، هسپ، ل ٧٧.

٧٥) بنواڕە: تەها حسەین، هسپ، ج١،ل ٢١٩ — ٢٢٠.

٧٦) بنواڕە: هسپ، ج ١، ل ٢٢٠.

٧٧) بنواڕە: الشهرستاني، الملل والنحل، ج١، ل ١١.

٧٨) بنواڕە: محسن الأمين، نقض الوشيعة، ل ١٣١.

٧٩) بنواڕە: احمد أمين، فجر الأسلام، ل ٢٥٨.

٨٠) بنواڕە: عبد الحميد السحار، هسپ، ل ٧٤.

٨١) بنواڕە: عباس العقاد، هسپ، ل ٨٣.

٨٢) بنواڕە: ابن العربی، هسپ، ل ١٦٤و١٤٦.

٨٣) بنواڕە: احمد امين، ضحى الأسلام، ج١، ل ٣٤و٧٣.

٨٤) بنواڕە: ابن ابی الحديد، شرح النهج، ج١، ل ١٨٥.

٨٥) بنواڕە: محەمەد عبده، نهج البلاغه، ج٣، ل ١١.

٨٦) بنواڕە: هسپ، ج٣، ل ٣٨ — ٣٩.

٨٧) بنواڕە: الطبري، تاريخ الأمم و الملوك، ج٥، ل ١٩٤.

٨٨) بنواڕە: ابن العربی، هسپ، ل ١١١.

٨٩) بنواڕە: عباس العقاد، هسپ، ل ٦١.

٩٠) بنواڕە:هسپ، ل ١٤٠.

٩١) بنواڕە:ابن حزم، الفصل في الملل والنحل، ج٤، ل ١٣٧.

٩٢) بنواڕە: محەمەد عبده، هسپ، ل ٢٢٧ — ٢٢٨.

٩٣) بنواڕە: ابن العربی، هسپ، ل ١٦٨.

٩٤) بنواڕە: سيد قطب، هسپ، ل ١٩٦.

٩٥) بنواڕە: احمد امين، ضحى الأسلام، ج١، ل ٢٢.

٩٦) بنواڕە: هسپ، ج١، ل ٢٣ — ٢٤.

# بەشی حەوتەم

## (قــورەیــش وهــۆنــراوە

لەرۆژگارەکانی نەفامیدا قورەیش هەوڵی دەدا ببێتە سەرۆکی هۆزە عەرەبییەکان لەوەشدا دوومەسەلە یارمەتیاندا: سیدانەی کەعبەو سەرپەرشتی بازارە ویژەییەکان.. قورەیش کاروباری ئەوانەی دەهاتن بۆحەج ڕێکوپێک دەکرد، لە لایەکی تریشەوە خەڵاتی دەدایە هۆزانڤانەکانیان لەبازارە ویژەییەکاندا... بەمەش عەرەبەکان بەچاوی ڕێزوستایشەوە سەیری قورەیشیان دەکرد.

"بەغدادی" دەربارەی عەرەبەکان لەوکاتەدا دەڵێ: پیاوێکیان لەوپەڕی زەوییەوە هۆنراوەیەکی دەگوت، کەچی کەس گوێی پێ نەدەدا تاکو دەهات بۆ مەککە لە وەرزی حەجدا، ئەوەبوو دەیخستە بەردەم یانەکانی قورەیش، جائەگەر ئەوان بە چاکیان بزانیایە"دەگێڕدرایەوە"و دەبوە شانازی بۆ بوێژەکەی و هەڵدەواسرا بە لایەکی کەعبەدا تاکو سەیری بکرێت، ئەگەریش بەباشیان نەزانیایە لاوە دەنراو گوێی پێ نەدەدرا".

ئیسلام هات وقورەیشی لەبەرزاییەکانی دابەزاند، ئەوپلەو پایە ئاینی و کۆمەڵایەتیەی لەکیسدا کەشانازی پێوەدەکرد بەسەرعەرەبەکاندا..لەسەردەمی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)و هەردوو خەلیفەکەی (ئەبوبەکروعومەر)دا، پلەو پایەی هۆنراوە لەکەمیدا... پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)تەرێزی لەهۆنراوە کرد وبە کەلەپوری نەفامی لەقەڵەمداو، تەنها لەپێناوی بەرگری کردن لەئایندا ڕێگەی پێدەدا.

پرۆفیسۆر"نیکڵسۆن" مامۆستای وێژەی عەرەبی لەزانکۆی"کامبردج"دەڵێت:( لەسەرەتای بانگەوازی پێغەمبەردا، هۆزانڤانەکان لەسەرسەختترین دوژمنەکانی بوون... گاڵتەو لاقرتێیان بەئاینەکەدەکرد.پلەوپایەی هۆنراوە لەکاتی دەرکەوتنی ئیسلامدا پشتگوێ خرا...لەبەرئەوەی ئیسلام سیستەمێکی ئاینی وڕامیاری دامەزراند، هەموو ئەو کەلەپورەی پێ لەناوبرد کەلەکۆمەڵگەی کۆنی نەفامیدا هەبوو)(١)

هۆزانڤانەکان لەڕۆژگارەکانی نەفامیدا"دیوانی عەرەب" ویەکێك بوون لەگەورە هۆکارەکانی شانازی کردنی هۆزایەتی عارەبان... هیچ نەتەوەیەك گرنگی نەداوە بەشتێك ئەوەندەی عەرەب بایەخیداوە بەهۆنراوە...ئەوێ دەمێ، هۆنراوە چەکی دووەم بوو، هاوکاری شمشێری دەکرد لەوململانێی مانەوەیەدا، کەئەودەم لەژیانی بیاباندا لەسەختترین باریدا بوو.(٢)

لەوانەیە عەرەب فەزڵی هۆزانڤانانیان دابێت بەسەر سوارچاکاندا(٣)چونکە هەندێك جار وادەبوو هۆنەر لەیارمەتیدانی هێزە دەشتەکیەکاندا لەسوارچاك بەهێزتر بوو... وەلێ لەئیسلامدا دەوڵەتی هۆنراوە ڕۆشت وڕابورد، دەوڵەتی وتاربێژی جێگەی گرتەوە(٤) ئەمەش لەبەرئەوەبوو کەکۆمەڵگە لەسیستەمی هۆزایەتی کۆنەوە پێی نایەنێوسیستەمی ئاینی نوێوە.ئیدی پێویستی بەواعیز و مژدەدەر زیاتربوو وەك لە هۆنەر "کە ڕق وکینێ لەنێو هۆزەکاندا دەوروژێنێت".

وادەردەکەوێت معاویە دەرکی بەم ڕاستیە کردووە...لەوانەیە ویستبێتی دڵی ئەعرابەکان ڕابکێشێت، بۆیە دەستی کرد بەگرنگیدان بەهۆنراوەو، هاندانی خەڵك لەسەری... لەپاش ئەوەی ئیسلام خەریك بوو هۆنراوە بمرێنێت، معاویە ژیانی بەبەردا کردەوە!!.

معاویە دەڵێت:(اجعلوا الشعر اکبرهمکم، واکثر ادابکم، فإنه مأثر اسلافکم وموضع ارشادکم) ئینجادەستی کرد بەزیادەڕۆیی کردن لەڕێزگرتنی شاعیرانداو، خەلیفە و میرەکانیشی چاویان لەوکرد.(٥)

پێشتر بینیمان چۆن عومەری کوڕی خەتاب، خالیدی کوڕی وەلیدی لە سەرکردایەتی سوپا لاداو، دادگایشی کرد لەسەر ئەوخەڵاتە بەلێشاوەی کە دەیڕشت بەسەر شاعیرەکاندا، بەپێچەوانەی سروشتی ئیسلامەوە. بەڵام معاویە گوێی بەو پێچەوانەبوونە نەداوە، خەڵاتی بەلێشاوی دەڕشت بەسەر شاعیرەکاندا، ئەمەش ئەو بازاڕە وێژەییانەی بەیاد دەهێنایەوە کەلەکۆندا قورەیش سەرپەرشتی دەکرد... لەوانەشە بەوە توانیبێتی پلەوپایەی کۆنی قورەیش بەبیری خەڵکدا بێنێتەوە.

لەدوای معاویە، یەزیدی کوڕی، هات و ئەمیش لەسەر ڕێڕەوەکەی بابی ڕۆیشت لە هاندانی شیعرداو، زیادەڕەویشی تێدا کرد...دکتۆر تەهاحسەین دەڵێت:( یەزید وێنەیەکی ئەبوسوفیانی باپیری بوو، پیاوی دەمارگیرو هێزو ڕق لەئیسلام و ئەو یاسایانە بوو کەئیسلام بۆخەڵکی داناوە...ئەوەبوو کەعبی کوڕی جەعیلی هەڵنا تاکو بەشیعر پشتیوانەکان داشۆرێت، بەڵام کەعب داوای لێبوردنی لێکرد وگوتی: ئایا دەتەوێت لەدوای ئیسلام بمگێڕیتەوە سەرکوفر؟ دواتر ئەختەلی هەڵنا کە کابرایەکی مەسیحی بوو، ئەم وەلامی دایەوەو، بەجۆرێکی زۆر قێزەون پشتیوانەکانی داشۆری)(٦)

یەزید پترلەبابی ئارەزووی بەلای بەها کۆنە دەشتەکیەکانەوەبوو، لەبابیشی دورتر بوو لەڕۆحی ئیسلامەوە...ئەو لەلادێدا پێگەیشتبوو، دایکیشی لەنێو دەشتەکێتیدا نغرۆببوو.تەنانەت"دایکی یەزید" وابەناوبانگە کەژیانی ئاوچادری پێخۆشتر بووە لەژیانی نێوتەلاری قەشەنگ.

یەزید، خۆیشی شاعیرێك بوو لەنێرە شاعیرەکان، حەزی لەشکارومەیی وغەزەل دەکرد، بەهەمان شێوەی خەڵکی لادێ ودەشتەکیەکان... سەردەمی یەزید تێك شکانێکی بێ پەردەبوو لەدیرۆکی ئیسلامدا.

یەزید زۆر ڕقی لە هۆزی هاشم وپشتیوانەکان بوو، وادیارە معاویە هەستی بەو ڕقە کردبێت، بەڵام هەوڵی ئەدا پەردەپۆشی بکات(٧)... یەزید هەرزەکار بوو، ئەی دەزانی خۆگونجاندن چییە، لەبەرئەوە ڕقی وی بەرانبەرهۆزی هاشم وئەنسارەکان پێیەوە دەردەکەوت... ئەمەش مەسەلەیەکی ئاساییەو جێگەی سەرسوڕمان نیە. ئەوەتا لەشەڕی بەدردا لەبنەماڵەی ئەمدا، گەورە پیاوانێك کوژران کەکێش و سەنگی خۆیان هەبوو...هندێ دایە گەورەیشی ماوەیەکی دووروودرێژ ڕەش پۆش وتازێ باربوو بۆیان... دەڵێن گوایە لەبازاڕی"عوکاز" دا شانازی کردووە بەسەر "خەنسا"دا، لەبەرئەوەی ڕقی قەوی ترو دڵتەنگ تربووە لە"خەنسا" بۆ ئەو کەسانەی لەڕووداوە شومەکەی بەدردا تیاچوون.

هەر هندیش بوو کە "وەحشی" هاندا بۆ کوشتنی "حەمزە"ی مامی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)و دواتریش(وەك دەڵێن – وەرگێڕ) جگەریشی لەتۆڵەدا

خـوارد... ئینجـا یەزیـد ناتوانێـت تۆڵـەکانی بنەماڵەکـەی لـەبیربکات. تۆڵـەکانی بنەماڵە لەدیدی خەڵکی دەشتەکیدا گرنگترن لەبیروباوەڕە ئاینیەکان... هەرکەس بەهاکانی هۆزە دەشتەکیەکان لـەم سـەردەمەدا بتوێژێتـەوە، بەڕوونی ڕاستی ئەم پەیڤە دەبینێت.

بەڕاستی یەزید ناتوانێت ئەوگرێ داپۆشراوانە لەدڵی خۆی لابەرێت کەجەنگەکانی موحەممەد(دروودی خوای لێبێت)دروستیان کردوون و، خاڵـەکانی ومامـەکانی تیایدا کوژران... لەوانەیە ئەودڵەڕەقیەی کەلە ڕووداوەکەی کەربەلادا هۆزی هاشمی پێ قەتل وعام کراوەو، لەڕووداوی "حەڕڕە"شدا پشتیوانەکانی پێ ڕەشەکوژکرا، ئامازەبێت بۆ ئەو ڕقە شاردراوەی لەدڵی یەزیددا پەنگی خواردبویەوە، لەدژی ئەو دوو کۆمەڵە.

دکتـۆر تـەها حـسەین دەڵێـت:(گـوتم یەزیـد وێنەیـەکی دەقـاودەقی ئەبوسـوفیانی باپیری بوو، دەمارگیری هەڵدەبژارد بەسەر هـەموو شتێکی تـردا... ئەتۆش نکوڵی ناکەیت لەوەی یەزید خاوەنی ڕوداوەکەی‌حەڕڕەیە کەتیایدا "قەدەغەکراوەکان"ی پشتیوانەکان پێشێل کراو قورەیش تیایدا تۆڵەی کردەوە لەوکەسانەی لە"بەدر"دا بەسـەریدا سـەرکەوتبوون. دوای ئـەو ڕووداوە ئـیتر پـشتیوانەکان ئـەیان تـوانی هەستنەوە... تاڵترین گوتەی ئەوانەی ڕووداوەکە دەگێڕنەوە ئەوەیە کەدەڵێن:(لەو ڕووداوەدا هەشتا کەس لەوکەسانە کوژران کەبەدریان بینیبوو، واتە لەوکەسانەی کە قورەیشیان سەرشۆڕکرد...)(٨)

***

قورەیشیەکان هـەر ئەوەنـدەی بـارودۆخ کەوتـە ژێـر ڕکێفیانـەوە، دەسـتیان کـردە کـارکردن بۆگەڕاندنەوەی ئـەو پلەوپایـەی کەلەسـەردەمی نەفامێتیدا هـەیانبوو... ئـەوەبوو تۆڵـەیان کـردەوە لەهـەموو ئەوکەسانەی لەسەرەتای بانگەوازدا هاوکاری موحەممـەد(دروودی خـوای لێبێـت)یـان کردبـوو... لەهـەردوو ڕێگـەی شمـشێر و شیعرەوە تۆڵـەیان لێکردنـەوە. وەکـو گوتیـشمان شمـشێر وهـۆنراوە ئـەو جووتـە چەکەی خەڵکی بیابانن کەسێیەمینیان نیە.

ئینجا "عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان" هات وهانی شیعر گوتنیدا، لەو ڕووەوە گەشتە ئەوپەڕی سنور... سەعالیبی دەڵێت:( زیاد لەهەموو خەلیفەکان ئارەزووی لەهۆنراوەبوو، خەڵکی لەسەردەمی ئەودا هەرکات گرد دەبونەوە، شیعریان دەگوت وهەواڵی شاعیرانیان ئاوتوێ دەکرد(٩).

عەرەب لەسەردەمی هۆزی ئومەییەدا، وەك دکتۆر تەهاحسێن دەڵێت:( گەڕانەوە بۆکێ بەرکێ وشانازی هۆزایەتی خراپتر لەجارانی ئەفامێتییان )(١٠).

هـۆنراوەش گەڕایـەوە بۆهـەمان ئەودەسـتەلات وهەژمونـە کۆمەڵایەتیـەی لـە ڕۆژگارەکـانی عوکـازدا هـەیبوو...لەوکاتـەدا خـەڵکی زۆربـەی وەختـی خۆیـان لـە گفتوگـۆکردن لەسـەر هـۆنراوەو شـاعیرەکان وفەزڵـدانی ئـەمیان بەسـەر ئەویانـدا دەبردەسـەر. زۆرجـاری وادەبـوو، دەبـوە هـەرایان ودەنگیـان بـەرزدەکردەوە(١١) لەوانەشە خەلیفە یان ئەمیر گرنگی بەوناکۆکیە دابێت وناردبێتی بەدوای هەندێك لەپسپۆڕەکانی شیعردا و ڕای ئەوانی لەو بارەوە پرسی بێت(١٢).

***

پرۆفیسۆر "نیکلسۆن" گرنگیەکی گەورە بەتوێژینەوەی ئەم مەسەلەیە دەدا، ئەو کەتوێژینەوەی دێرۆکی شیعری عەرەبی دەکات، دەیبەستێتەوە بەو پێشکەوتنە سیاسی وکۆمەڵایەتیەی کەلەئیسلامدا ڕوی داو، باس لەئەمەویەکان وکاریگەری نەزعە ئەفامیەکەی وان دەکات لەگەڕاندنەوەی شیعر بۆئەو پلەیەی کەلەبەردا هەی بوو.نیکلسون دەڵێت:(ڕەفتاری غەیرە ئاینی ئەمەویەکان پرسیارێکی ورووژاند بەم ئـەرزە: ئـۆبڵێی ئەمەویـەکان کەلەکاتـژمێر یـازدەدا هاتنـە ناوئیـسلامەوە لـە قوڵاییەکانی دڵیاندا بت پەرست نەبوبن؟(١٣)

"نیکلـسۆن" بـەپۆزەتیف وەڵامـی ئـەو پرۆسـیارە دەداتـەوە، وادەبینـێ ئـەو هۆزەنقانانەی کەلەسەردەمی "هۆزی ئومەییە"دا بەدەرکەوتن بەجۆرێك پەیڕەوی شاعیرەکۆنەکانیان دەکرد، وەك ئەوەی ئاینێکی نوێ نەهاتبێت...(١٤)

هەروەها "نیکلسۆن" دەڵێت: (لەبری ئەوەی ئەو هەموو سەرکەوتنە جوانە پیرۆز دەکەن کەلەسەردەستی موسوڵمانە موجاهیدەکاندا هاتنەدی...کەچی شاعیرەکان

دەگریان بەسەر"جێگە دانیشتنی" خێوەتەکانی بیاباندا و گۆرانیان دەگووت بەسەر سوار بوونی گوێ درێژدا کەهیچ پێشبڕکێ کەرێك ناتوانێت لەسەر لمدا پێشی بداتەوە، هەروا بەجۆرێك خەلیفەیان دەدواند وەك ئەوەی ڕیش سپییەکی دەشتەکی بێت لەڕیش سپییەکانی ئەو دەمە)(١٥) ئەم وەسفەی نیکلسۆنم پێ سەیرە...ئەو سەرقاڵییەی شاعیرانی ئێستەی عەرەبم بیردێنێتەوە کەئێستا بە شیعردانان لەسەر شێوازی شاعیرەکانی نەفامی"بۆخۆیانیان خولقاندوە-دەربڕینی وەرگێڕ"...پەنا بەخوا ئێستە شانازی وسەربەرزی باب وباپیران دەگەڕێننەوە.

***

من گومانم نیە لەوەی، ئەمەویەکان شیعریان بۆبێ هۆشکردنی عەرەب ولەپێناوی گەڕاندنەوەی بیرەوەریەکانی سەربەرزی کۆن بۆ نێو هزری عەرەبان بەکارهێناوە، تاوەکو بەوە شوێنەوارەکانی ئیسلام لەیادبکەن.

لەسەرو ئەوەشەوە، ئەمەویەکان دەیاندا لەژێیەکی تر لەژێیەکانی دڵی عەرەب، کە بریتی بوو لەژێی شانازی هۆزایەتی ودەمارگیری دەشتەکی.

ئەمەویەکان ناکۆکی دێرینەی نێوان "عەدنان وقەحتان" یان هەڵگیرساندەوە، ئاگرێکیان تێ بەردا کەکوژاندنەوەی نەبوو، لەمەش دا"هۆنراوە" یارمەتیدان کە دڵان تێن دەدا.

لەهەرنەوەیەکدا ململانێ وناکۆکی "قەحتان وعەدنان"یەکان یاخود "یەمان و مەزر"وەك هەندێ کات وایان ناوزەرد دەکەن، شکڵێکی نوێی بەخۆوە دەبینی و بە گوزەرکردنی ڕۆژگاریش گەشەی دەکرد(١٦).

بەوەش ئەمەویەکان هاوسەنگی نێوان عەرەبیان پاراست و وایان لێکردن لەسەر هیچ شتێك یەك دەنگ نەدەبوون، مەگەر ئەمەویەکان بیان ویستایە.

هەروەها ئەمەویەکان کاریان کردبۆ وروژاندنی دڵی عەرەب لەدژی نەتەوەکانی تر، بەوجۆرە دەوڵەتی"هۆزی ئومەییە"بوو بەدەوڵەتێکی عەرەبی شیعری(١٧)، دەوڵەتێك چ لەئیسلام نەکات لەسەر بناغەیەکی ناسیۆنالیستی دەشتەکی نەبێت. لەڕۆژگارەکانی هۆزی ئومەییەدا عەرەب وایان لێهاتبوو وایان دەزانی ئیسلام بۆ

عەرەب هاتووە تا پلەوپایەیان لەڕیزی نەتەوەکانی دیکەی سەرزەویدا بەرز بکاتەوە..محمەدیش(درودی خوای لێبێت)لەدیدی وان دابوو بەقارەمانێکی ناسیۆنالیست لەجۆری "جەنگیزخان".

***

ئەوعەجەمانەی بەو دواییە هاتبوونە نێوئیسلامەوە، لەسەردەمی هۆزی ئومەییەدا عەرەبەکان بەچاوی سوکایەتییەوە سەیریان دەکردن...عەرەبەکان ناوی ناشیرینیان دەنا لەوعەجەمانە وەکو "نبیط یان حمراء یان موالی"...هەر لەنێو عەرەباندا گوتەیەک بلاوببویەوە کەدەبێژێت:(نوێژ بەسێ شت نەبێت بەتاڵ نابێتەوە: کەرو سەگ ومەولا" (١٨)...هەرکەسێکیش کەسێکی عەرەبی بانگ بکردایە بەوازەی "یانبطی یان ابن الحجام یان ابن الخیاط" ئەوالە دیدی شەرعناسەکانی ئەوسەردەمەدا دەبووە شیاوی سزادان(١٩).

ڕۆژێکیان معاویە بەهاوەڵەکانی دەڵێت:(انی رایت هذه الحمراء وراها قد قطعت عةلی السلف وکانی انظرالی وثبة منهم عةلی العرب والسلطان فرایت ان اقتل شطرا وادع شطرا لاقامة السوق وعمارة الطریق فما ترون")ئەوەبوو هاوڕێکانی ڕێگەیان لێگرت ئەوپرۆژە مەزنە جێبەجێ بکات(٢٠)

سوکایەتی کردنی عەرەب بەمەولاکان گەشتە ڕادەیەک بەڕەوایان نەدەبینی مەولاکان سواری ولاخ بن لەبەردەم ئەواندا.ئەصفەهانی دەڵێت:(ئەگەر کەسێکی عەرەب ڕووی لەبازاڕ بکردایە وشتێکی پێ بوایە، مەولایەکی ببینیایە بۆی دەنارد تاکو بۆی هەڵگرێت ومەولاکە ڕێگر نەدەبوو، ئەگەر مەولاکەی بەسواری ببینیایە و کابرای عەرەب بیویستایە مەولاکە دابەزێت،دەبوا مەولاکەی دابەزیایە).(٢١)

***

دەوڵەتی ئەمەوی ببوە دەوڵەتێکی پاڵفتەی عەرەبی... عەرەبەکان لەدەوری هۆزی ئومەییە کۆبونەوەو بەشمشێرەکانیان پشتگیریان دەکردن... بەوەش ئاینی ئیسلام چوە نێوبارێکی نوێوە کەبریتیی بوو لەباری لوتبەرزی نەتەوەیی وفەتح و ئیمپریالیزم.

ئیسلام هات بۆئەوەی کیسرەویەت لەناوبەرێت کەچی لەجێگەکەیدا کیسرەویە تێکی تری دامەزراند...هەردوک کیسرەویەتەکەش جیاوازییان ئەبوو لە ڕوکەشێکی کەمی سروتە ئاینییەکاندا نەبێت...ئەویان خەڵکی ژێربارەدەخست بە ناوی هورمزەوە، ئەمیشیان خەڵکی بەناوی خوای"واحد القهار"ەوە ژێر باری دەخست.

***

خەلیفەی زاهید"عومەری کوڕی عەبدولعەزیز" هەوڵیدا بارودۆخەکە بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی"عومەری کوڕی خەتاب"ی باپیری، لەمەشدا ڕێڕەوێکی گەورەی بڕی، بەڵام مەرگ بەری پێگرت.هەرخودا خۆیشی دەزانێت چۆن وبۆچی مەرگ بەری پێگرت بەرلەوەی ئەوپرۆسە تەواو بکات کەدەستی پێکردبوو.

گەرلەسیاسەتەکانی"عومەری کوڕی عەبدولعەزیز" بکۆڵینەوە، دەبینین لەزۆربەی بنەڕەتەکانیدا پێچەوانەی سیاسەتی ئەمەوییەکان بووە:

١) عومەر یاساغی کرد شاعیرەکان لەدەرگاکەیدا بوەستن و، ڕاگەیاند کەوا شیعری ناوێت ودیدەنی هۆزانڤانانیش ناکات(٢٢) هەروەها خەڵاتی شاعیرەکانی بەدزی کردن لە"بیت المال" لەقەڵەمدا.

٢) شەرعناس وزاهیدەکانی لەخۆی نزیک کردەوەو، یاساوڵەکانی لەخۆی دوور خستەوە.ئەوانەی خوایان دەپەرست وبەندەکانی خوایان دەڕەتاند، هەمووئەو کەسانەی لەکارلادا کەدەستیان چووبووبەخوێنی موسوڵماناناو.فەرمانیدا هەموو ستەمکاران لەسەرکار لابرێن باخزم وکەسوکاری گەورەی بڕوادارانیش بن.(٢٣)

ئەمەوییەکان شانازییان بە"حەججاج"ەوە، دەکردو ئەویان بەیەکێک لە پاڵەوانەکانیان لەقەڵەم دەدا...عومەر هات ودەربارەی"حەججاج" گوتی:( ئەگەر لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو نەتەوەکان بۆگەن بکەن و، یەک لەهەرە بۆگەنەکانیان دەربێنن وئێمەش حەججاج دەربێنین، بەسەریاندا زاڵ دەبین!)(٢٤)

٣) عومەر سوپاکانی خۆی گێڕایەوەو پەکی پرۆسەی فەتحی خست، کەخەریک بوو لەڕۆژهەڵات وڕۆژئاواوە دژەبکاتە ناوئەوروپا...بەوەش لەسیاسەتی فەتحدا پێچەوانەی پێشینەکانی خۆی بوو لەهۆزی ئومەیەدا... ئەوگەواهی ئەوەیدا کە

فەتحەكان لەپێناوی ئایندا نین. چونكە هەموو فەتحەكان لەپێناوی سەروەت و كەنیزەك وكۆیلەدا بوون...فەتحەكان بوونە سودوقازانج بۆ والیەكان.(٢٥)

عومەر لای وابوو بەرپاكردنی دادگەری لەناوخۆدا، باشترە لەفراوانخوازی دەرەكی.

٤) ئەوەی قەدەغە كرد كەلە مینبەرەكان ولەكاتی نوێژدا جنێو بدرێت بەعەلی كوڕی ئەبی تالب، ئەمە لەكاتێكدا پێشینەكانی وی، ئەوجنێودانەیان كردبویە سوننەتێكی فەرزكراو...دەڵێن خەڵكی"حەڕان" ئەو یاساغ كردنەیان پێ خراپ بوو، بۆیە گوتیان:( نوێژ دروست نابێت، بەجنێودان بەئەبوتوراب نەبێت!!).

یەكێك لەدۆستەكانی عەلی كوڕی ئەبی تالب دێتە لای ودەترسێت وناوێرێت ناسنامەی خۆی ئاشكرا بكات. عومەر دەنگی بەرزكردەوەوگوتی:(منیش دۆست و مەولای عەلیم...ئایا دۆستایەتی عەلیم لێ دەشاریتەوە!سەعیدی كوڕی مسیب لە سەعدی كوڕی ئەبی وەققاصەوە بۆی گێڕامەوە كەپێغەمبەر فەرموویەتی:من كنت مولاه فعلي مولاه).(٢٦)

٥)سەیری كەعبەومزگەوتی مەدینە ومزگەوتی دیمەشقی كرد. سەرنجی دا بە پەڕەی ئاڵتون وزنجیری"ڕوخام"(٢٧) ڕازاونەتەوە گوتی:( ماڵێكم دیوە لەشوێنی خۆیدا سەرف نەكراوە، بەوەم زانیوەودەیگێڕمەوە بۆ"بیت المال"... ئەو زنجیرانەش دادەگرم و، گوریس دەخەمە جێی.... هەموو ئەوخشڵانەی مزگەوتی مەدینەو مزگەوتی دیمەشق دەفرۆشم)(٢٨) دادپەروەری و، خۆشگوزەران كردنی مەردوم، لەلای عومەر گرنگتربوو لەبەئاڵتون كردن وڕازاندنەوەی مزگەوت.

سیدانەچییەكانی كەعبە نامەیەكیان نوسی بۆ"عومەر" وداوایان لێكرد بەمەرەدی خەلیفەكانی تر، پەردەیەكی نوێ بكات لۆكەعبە.عومەر بەم جۆرە وەڵامی دانەوە:( من وادەبینم ئەوە بكەمە نێوگەدە برسیەكانەوە، چونكە ئەمەلەبەرترە تاكو پەردە بۆ بەیت"واتەكەعبە- وەرگێڕ-)(٢٩)...لەدەقە عارەبیەكەدا "اكباد جائعه"نوسراوە بەڵام بەندەی بۆئەوەی لەگەڵ ڕۆحی نوسین وئاخاوتنی كوردیدا بگونجێت "گەدە برسیەكان"م لەبەرانبەریدا بەباش زانی- وەرگێڕ-

٦) ئەمەویەكان بەر لە"عومەری كوڕی عەبدولعەزیز"پێیان ناخۆش بوو یەكێك لە " ئەهلی زیممە" موسوڵمان ببێت...بۆئەوەی سەرانە كەم نەكات..دواتر پەنایان

بردەبەر ئەوەی سەرانەیان لەوانە وەردەگرت کەدەهاتنە ناوئیسلامەوە... هەر کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هات ئەوەی قەدەغەکردوگوتی:( خودا محەمەدی نارد داعی وبانگخوازبێت نەك جابی وباجگر)(٣٠)

٧)لەبەخشیندا یەکسانی خستە نێوان عەرەب ومواليەکانەوە. ڕۆژێك دزێکیان هێنایە لای وکابرای دزە سکالای حالی خۆی کرد...عومەر پاساوی پێدا و لە سزادان عەفوی کردو فەرمانیدا نزیکەی (دە)درهەمی بدەنێ(٣١).

"عومەری کوڕی عەبدولعەزیز" ئەم کارانەو، کارگەلێکی زۆری تری لەماوەی نزیکەی دووساڵدا بەجێ گەیاندو ئیتر مرد...دەڵێن گوایە دەرمانخوارد کرا(٣٢) ئەبێ کێ ژەهر خواردی کردبێت؟ دەگونجێت بڵێن: سەبەئیەکان ئەمیشیان ژەهر خوارد کرد...خوداش زاناترە.

***

"شەوقی"وەسفی پێغەمبەری ئیسلام دەکات ودەڵێت:

| | |
|---|---|
| فرسمت بعدك للعباد حكومة | لا سوقة فيها و لا امــــراء |
| الله فوق الخلق فيها وحـــده | والناس تحت لوائها اكـــفاء |
| والدين يسر والخلافة بـيعة | والأمر شورى والحقوق قضاء |
| الاشتراكيون انـت إمامهـم | لـولا دعاوى القوم والغلواء |

***

بەڕاستی محەمەد وابوە کەشەوقی دەڵێت...محەمەد(درودی خوای لێبێت)ئاینی یەکسانی ودادپەروەری وبەزەیی بۆهەموو خەڵکی داهێنا... جێگەی نیگەرانیشە کەدەبینین ئەوئاینە سۆسیالیستیە لەسەردەستی قورەیشدا دەگۆڕێت بۆئاینی سەرکوتکردن وبەکۆیلەکردن و..هتد.(٣٣)

***

ئەو ئاینی یەکسانیەی کەموحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا(درودی خوای لێبێت)هێنای، لەگەڵ ئەسپەردەکردنی عەلی کوڕی ئەبی تالبدا، لەگۆڕەکەی عەلیدا بەخاك سپێردرا.

# ژێدەر و پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم:

١) بڕوانە:.Nicholson , Aliterary History of the arabs , p235

٢) بڕوانە: .Hitti, History of the arabs, p.8

٣) بڕوانە: جرجي زيدان، التمدن الأسلامي، ج٣، ل٢٧.

٤) بڕوانە: هسپ،ج٣،ل ١٠٢.

٥) بڕوانە: هسپ، ج٣، ١٠٢و١١٥.

٦) بڕوانە: تەها حسەین،في الأدب الجاهلي، ل ١٣٥.

٧) بڕوانە: هسپ، ل ١٣٦.

٨) بڕوانە: هسپ، ل ١٣٦.

٩) بڕوانە: جرجي زيدان، هسپ، ج٣، ١٠٢.

١٠) بڕوانە: تەها حسەین، هسپ، ل ١٣٥.

١١) ئەوەی ئەمەویەکان کردیان لەسەرقاڵکردنی خەڵك بەشیعرەوە تاهەنوکە لەناوعەرەبدا ماوە، لەناویاندا بووەتە نەخۆشین...ڕۆشنبیرەکان تیایاندایە ئەوەندە گرنگی دەدەن بەوەی" فەرەزدەق وجەریر"چییان گوتوە، نیو ئەوەندە گرنگی نادەن بەونەهامەتیانەی دەڕژێت بەسەریاندا...هتد. لە پەرتوکی داهاتوماندا (العراق وقيم البداوة) بەتێرو تەسەلی باس لەو نەخۆشیە کۆمەڵایەتیە دەکەین.

١٢) بڕوانە: جرجي زيدان، تاريخ اداب اللغة العربية، ج١، ل٢٢٣.

١٣) بڕوانە:Nicholsoun.op.cit. p.190

١٤) بڕوانە:.o.p. cit p.235

١٥) بڕوانە:.o.p. cit. p.235-236

١٦) بڕوانە:.Hitti, p. cit. 280-281

١٧) بڕوانە: الجاحظ، البيان والتبين، ج٣، ل٢١٧.

١٨) بڕوانە:جرجي زيدان، التمدن الأسلامي، ج٤، ل ٦١.

١٩)بروانە: مالك بن انس، المدونه، ج٤، ل ٣٩٢.

٢٠)بروانە:جرجي زيدان، هسپ، ج٤، ل ٦٢و٩٣.

٢١) بروانە: احمد امين، ضحى الأسلام، ج١، ل ٢٦.

٢٢)بروانە: ابن عبد ربە، العقد الفريد، ج١، ل ١١٥.

٢٣)بروانە: سيد الأهل، الخليفة الزاهد، ل ١١٣.

٢٤)بروانە: ابن الجوزي، صفه الصفوه، ل ٨٩.

٢٥)بروانە: سيد الأهل، هسپ، ل ١٩٨– ١٩٩.

٢٦)بروانە: هسپ، ل ٢٠٨.

٢٧)دەڵێن وەليد لەدروستكردنی مزگەوتی ئەمەوی شامدا(٥٦٠٠٠٠٠دینار) ی ئاڵتونی سەرف كردووە و، كاركردنی لە دروستكردن و ڕازاندنەوەی مزگەوتەكەدا پتر لەبیست ساڵی خایاندووە، نزیكەی(١٢٠٠٠)پیشەوەر كاریان تێدا كردووە تاكو بوەتە یەكێك لە شتە سەیرەكانی دونیا.

٢٨)بروانە: الدميري، حياةالحيوان، ج١، ل ٦٦.

٢٩)بروانە: سيد الأهل، هسپ، ل ١٦١.

٣٠)بروانە: ابو يوسف، كتاب الخراج، ل ١٥٧.

٣١)بروانە: سيد الأهل، هسپ، ل ١٩٣ و ١٧٥.

٣٢)بروانە: ابن عبد ربە، هسپ، ج٤، ل ٤٤٠.

٣٣)بەندە پێم خۆشە ئاماژە بدەم بەوەی بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ڕای نوسەردا نیم كەئیسلام بەئاینێكی سۆسیالیستی دەزانێت...چونكە ئاشكرایە ئیسلام هەرچەندە لەپێناوی دادگەری وداكۆكی كردن لەمرۆڤ هاتوەو بە توندی لەدژی ستەم وستەمكاران دەوەستێت، بەڵام ئەم ڕاستیە نابێت پەلی بیروهزرمان ڕابكێشێت وبمانبات بەسەر هەڵەیەكی بەوشێوەیەدا كە ئیسلام وسۆسیالیستیەت تێكەڵاو بەیەكتربكەین كەدوو ڕوئیای جیاواز و دوو جیهانبینی جیاوازن.

دیاریترین جیاوازییان ئەوەیە ئیسلام ویاسا قورئانیەكان یاساوڕاستەكاری خوایین بۆچارەسەركردنی گرفتەمرۆییەكان لەسەرزەویدا. بەڵام

سۆسیالیستیەت کۆمەڵێك ئەزەری فەیلەسوف وموفەکیرەکانی دژبە پرۆسەی سەرمایەداریە. بەواتایەکی تر:دەگونجێت لەنێودەریای ئیسلامدا هەموو چارەسەرە گونجاوەکان ببینرێت، بەلام ناگونجێت ئیسلام بچوك بکەینەوە لە نێو چوارچێوەی جیهانبینیەکی مرۆیدا. لەگەڵ ئەوەشدا هۆی ئەم هەڵەیەی نوسەر دەگێرمەوە بۆئەوەی ئەم پەرتوکەی لەسالانی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا نوسیوە و، لەوکاتەشدا باوبووە "نوسەران" بەزۆری کەوتونەتە بەر شەپۆلی سۆسیالیستیەت ونیدی هەربەهایەکی بالایان لەئیسلامدا دۆزیبێتەوە شاگەشکە بوون و رایان گەیاندووە: ئیسلام سۆسیالیستیەتە... رەنگە مەبەستیشیان بەرگری کردن بێت لەئیسلام....وەرگێر.

# بەشی هەشتەم

## عەمماری کوڕی یاسر

گەر لەو ململانێ کۆمەڵایەتیە بکۆڵینەوە کەلەنێوان غەوغاو قورەیشدا ڕویدا لە سەردەمی عوسمان ودوای ئەویشدا، دەبینین"عەمماری کوڕی یاسر" ڕۆڵێکی گرنگی تیادا بینیوە. .لەوانەیە ئەو ڕۆڵەی عەممار بینیویەتی لەوململانێ یەدا لەزۆر ڕووەوە لەڕۆڵی هەرپیاوێکی تر زیاتربوبێت...دروستە بڵێین: لەئەبوزەڕ توندتر وبێ پێچ وپەناتربوو لەشۆڕش لەدژی عوسمان وبەرەو ڕوبونەوەیدا... بەهۆی ئەوەشەوە لە"ئەبوزەڕ" پتر چەرمسەری بەرکەوت.

کەسایەتی عەممار لەچەند ڕویەکەوە لەکەسایەتی"ئەبوزەڕ"،جیاوازە... ئەبوزەڕ دەشتەکی بوو، لەهۆزێك بوو کەزۆر ڕۆچوبون بەژیانی بیاباندا، کە بریتین لەهۆزی غەفار. بەڵام عەممار کۆیلەیەکی شارستانی بوو، لەمەککەدا لە دایك ببوو،ماوەیەکی درێژیش لەنێو کۆتی کۆیلەیەتیدا ژیابوو.

عەممار ڕەنگی ئەسمەر "گەنم ڕەنگ" بووە، لەوانەیە ڕەشیەکەی زیاتر بووبێت لەئەسمەریەکەی.ئەم ڕەنگەشی لەدایکە حەبەشیەکەیەوە بەویراسی بەر کەوتبوو... ئەوەی شیاوی باسە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە لەوکاتەدا هەرکەس زۆر ئەسمەریان ڕەش بووایە بەکەمیان دەزانی. نیشانەی هەرکەسێکی شەریف لەلایان ئەوەبوو کەبابایەکی سپی بێت...گەر ستایش و مەدحی هەرکەسێکیان بکردایە دەیانگوت:( ابیض یستسقي الغمام بوجهە) گەر ئاماژەشیان بکردایە بۆ کۆمەڵێك ومەدحیان بکردنایە، دەیانگوت:(الی النفر البیض).

ڕەنگە ئەم هەستە بۆعەرەب لەوەوە دروست بوبێت کەرقیان لەکۆیلەیەتیە بە هەموو جۆرەکانیەوە. .ڕەنگی ڕەشیش بەزۆری ڕەنگی کۆیلەکان بوو... تا هەنوکەیش خەڵکە عەشایرەکان لەعێراقدا کەسێك بەکەم دەزانن کەلە ڕەچەڵەکیدا ڕەگێکی کۆیلەیەتی هەبێت...هەرکەس جنێوی کۆیلەیەتی بە کەسێك بدات، لای ئەوان شیاوی سزادانە، وادیارە عەمماری کوڕی یاسر بە دەست ئەم جنێوەوە ئازارێکی گەورەی چەشتووە.

قورەیشیەکان ئازناوی هەمیشەیی "کۆیلە ڕەشەکە"یان بڕیبو بەسەر عەممار‌دا...
مەروان ئەم ئازناوەی بەسەردا بڕی، لەکاتێکدا عوسمانی هاندەدا بۆکوشتنی.مەروان بەعوسمان دەڵێت:(ئەم کۆیلەڕەشە چاوی خەڵکی لە ئاستت کردۆتەوە، ئەگەربێت وبیکوژێت، چاوترسێنی ئەوانە دەکەیت کە لە پشتیەوەن) ئەوەبوو ئەوەندەیان لێدا تاکو لەهۆش خۆی چوو.(١)
خالیدی کوڕی وەلیدیش، شکایەتی عەمماری لەلای پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)کردو، بە دەستەواژەی"ئەو کۆیلەیە" ئاماژەیدا بەعەممار.(٢)... لەشەڕی "صەفین"یشدا، معاویە باسی عەمماری کردو، گوتی:( هلکت العرب أن اخذتهم خفة العبد الأسود)(٣)...عەممار شانەخڕێنی قورەیش دەکردو، بەرگری لەخۆی دەکردودەیگوت:(من نزم بووم خودا بەرزی کردمەوە، کۆیلە بووم خودا ئازادی کردم، لاواز بووم خودا بەهێزی کردم، هەژاربووم خودا دەوڵەمەندی کردم)...عەممار کاتێک ئەمەی گوت کە"عمرووی کوڕی عاص" باسی لەنزمی نەژادی وی کردو بە"دایکە ڕەشەکەی" لەکەداری کرد.(٤)
ئەم لۆژیکەی عەممار، لۆژیکی ڕۆڵەی چەوساوەکانە. ئەوانەی کەبەخۆیان بەسەر پلەکانی بالاکردندا سەردەکەون. بێگومان دەوڵەمەندەکان لەم لۆژیکە تێناگەن.ئەوانەی خاوەنی "شەرەفی بەرز"ن، وادەزانن شەرەف هەموو شتێکە لەبووندا. لێوەشاوەیی کەسێتیەکان، بەوەنازانن کەجێگەی نەژادو ڕەچەڵەک بگرێتەوە... ئەم ڕاستیەمان لەم چەرخەدا بەڕوونی بینیوەو، لەهەموو کات و شوێنێکیشدا دەی بینێن.
ڕۆڵەی چەوساوەکان دروشمەکەیان ئەمەیە:(من ئەمەم وخاوەنی.....)م، شەرەڤی وی لەلێهاتنی خۆیدایە، وەلێ ئەم بانگەشەیە لەدیدی ئەوانەدا کە خاوەنی"حەسەب ونەسەب"ن، پڕوپاگەندەیەکی پوچەڵە وبەبانگەشە یەکی دەستەوسانی لەقەڵەم دەدەن.
عەممار هەستی بەڕقێکی شاردراوە دەکرد، دژی ئەو قورەیشیانەی کە ئازاریان دابوو، دواتر لوت بەرزیشیان بەسەردا دەکردو لەهەموو کاتێکدا بەدایکی لەکەداریان دەکرد...ئەودایکی بەیەکەم شەهیدی ئیسلام دەزانی، بەو هۆیەشەوە

بەسەرچاوەی شانازی کردن بۆخۆی دەزانی...ئەمە لەکاتێکدا قوڕیشیەکان بەسەرچاوەی سەرشۆڕی وئەنگیبیان دەزانی بۆ عەممار چونکە دایکی عەممار کۆیلەیەکی ڕەش بوو...ئەو خۆی ناونابوو"کوڕی ئافرەتە شەهیدەکە"بەڵام قوڕیشیەکان ناویان نابوو"کوڕی ژنە ڕەشەکە".

گرفتی مرۆڤ لەوەدایە کەمەسەلەکان بەپێوەری جیاوازەپێون...هەریەکێکیان لەگۆشەی گونجاو بەخۆیەوە سەیری مەسەلەکان دەکات وگۆشەنیگای کەسانی دیکە"بەعەیبدار وتەریزلیکراو" دەبینێت.

جنێو بەیەک دانێک لەنێوان عەممار وعەبدوڵای کوڕی ئەبی سەرح"دا ڕویدا لە کاتێکدا پەیمان دەدرایە عوسمان... "کوڕی ئەبی سەرح "لە بەرژەوەندی عوسمان خۆی هەڵقورتان لەمەسەلەکە.عەممار بۆی ڕاپەڕی وجنێوی پێداو گوتی:(لەکەنگێوە تۆئامۆژگاری موسوڵمانان دەکەیت؟) یەکێك لە پشتیوانەکانی"هۆزی ئومەییە" وەڵامی دایەوەوگوتی:(بەڕاستی سنوری خۆتت بەزاند کوڕەکەی سومەییە، تۆ چ کارەی لەوەدا قورەیش ئەمیر بۆخۆی دادەنێت(٥) ئەوان "عەممار" بەدایکی لەکەداردەکەن... قێزەونترین جنێو لای عەرەب ئەوەیە پیاوێك بەناوی دایکیەوە بانگ بکرێت...ئەوان پێی دەڵێن"کوڕەکەی سومیە" ودەڵێن گوایە سنوری خۆیی بەزاندوەو خۆی هەڵقورتاندوە لەکاروباری گەورە قورەیشیەکانی...وەڵ ئەو خۆی لەوان بە بەڕێزتر دەزانێت،خۆی بەشەرافەتدارتر دەزانێت، چونکە ئیسلام ڕێزو شەرەفی پێداوە...کەواتە ئەو ڕەواو لەبەرترە سەرنج لەمەسەلەی خەلافەتی موسوڵمانان بدات.

ئەو لەوان تێناگات وئەوانیش لەو تێناگەن...هەرلایەك لەگۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە سەرنجی مەسەلەکان دەدات...هەر یەکێشیان پێوەری تایبەت بە خۆیان هەیە...ئەوان دوو هێڵی تەریبی دژبەیەکن- وپێك ناگەن!

***

ژیاننامەی عەممار ژیاننامەیەکی پڕبایەخەو زۆری پەندو وانە تێدایە بۆ هەر کەسێك گەرەکی بێت پەند وەربگرێت. دەگونجێت بیکەینە نمونە بۆ پیاوێك کەبە ژێر دەستەیی ولاوازی پێگەیی بێت، کەچی دواتر زۆر تێکۆشا تاکو بەسەر

پلەکانی بەرزی وبڵندێتیدا سەرکەوت، تاوایلێهات چەند پلەیەکی زۆر لەوانەبەرز تربوو کەبەسوك سەیریان دەکرد.

ئەوی لێرەدا شیاوی باسە، ئەوەیە کەعەممار لەوەختی موسوڵمان بوونیدا ئازار وئەشکەنجەی زۆری لەسەردەستی قورەیشدا بینی.بەجۆرێکی وا کەهیچ کەسێك ئازاری وای نەچەشتووە. عەممار، بەهۆی ئەوەی قورەیش ئازاریان دەدا، ئاوبانگ وشۆرەتی پەیداکردبوو...چیرۆك وبەسەرهاتی ئەشکەنجەدانی عەممار نمونەیەکی بەرچاوبوو بۆئەو ئەشکەنجەیەی کەقورەیش ڕووبەڕووی پشتیوانانی ئاینی نوێی دەکردەوە...عەممار تایبەتمەندی لەوەدا هەبوو کە خۆی وئەندامانی خێزانەکەی لەیــەك کاتــدا ســزانەدران، ئەشکەنجەدانیــشیان بــووە هــۆی مردنــی دایــك وباوکی...برایەکیشی لەسەر دیوارەوە فڕێ درایە خوارێ ولەپێناوی ئیسلامدا مرد...شوینەواری ئازاردانیش تاکۆتاییەکانی ژیانی بەسەر جەستەی عەممارەوە دیاربوو.

"موحەممەدی کوڕی کەعبی قەرەزی" بۆمان دەگێڕێتەوەودەڵێت:(ڕۆژێك پشتی عــەمماری بــەڕوتی دیــوە، لەپــشتیدا تلــۆق وشــوێنەواری برینــی بەرچــاو کــەوتووە...پرســیاری ئــەو شــوێن بــرین وتلۆقــەی لێکــرد. عــەممار لەوەڵامــدا دەڵێت:هذا مما كانت تعذبني به قريش في رمضاء مكة)(٦)

وادەردەکەوێت ئەم ئەشکەنجەدانە لەناوەزی ناوەکی عەمماردا گرێیەکی دەرونی لەدژی قورەیش دروستکردووە... ئەمەش نامۆنیە... چونکە لەم دنیایەدا نیە وەکو عەممار ئەشکەنجە بدرێت و، دایك وباوکی وبرای لەکاتی ئەشکەنجەداندا بمرن، کەچی ئەوەی لەیادبچێت، مەگەر ئەوکەسە نادان بێت.

یــەك لەڕەگــەزەکانی گرێــی دەرونــی ئەوەیــە کەلــەلۆژیك حــاڵی نابێــت...چــونکە پاڵپێوەنانێکی ئەستیەو، پاڵ بەخاوەنەکەیەوە دەنێت بەرەوئامانج.بەبێ ڕامان وبیرکردنەوە...بەهێزترین گومان ئەوەیەکە عەممار تەنانەت لەدوای موسوڵمان بوونی قورەیش، ڕقێکی ئەستیی قوڵی لەدژی قورەیش هەڵگرتبوو... دەگونجێت بڵێین:عــەممار لــەدوای دروســتبوونی ئــەم گرێیــە تیایــدا، تــوڕەو تونــد مــەزاج بووە...ئەم توڕەییەشی کاتێك زیادی کردوە کە بینویەتی لەسەردەمی عوسمانــدا

ئەوکەسانەی ئەمیان ئەشکەنجەداوە دەگەڕێنەوە بۆ سەرداریتی... لەوانەیە ئەوکاتە ناڕەحەتانەی بیر کەوتبێتەوە کەلەژێر ئەشکەنجەدا "باوکی و دایکی وبراکەی" لەڕەمزانی مەککەدا گیانیان لەدەستدا... ئیدی خرۆشا.

عەممار پەلەی دەکرد لەجنێودانەدا کەدەی بیتی مێژەر زلێکی قوڕەیش "دەربڕینی وەرگێڕ" لەبەردەمیدا وەستاوە... مێژەر زلەکانی قوڕەیش پەنایان بۆ دەبرد لەبەرئەو پلەیەی لای پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) وئەبوبەکر و عومەر هەیبوو... عەممار لەبەر هەر هۆیەکی سادەو بێ ئەرزش جنێوی پێ دەدان وئەوان وەلامیان نەدەدایەوە.

دەڵێن جارێك عەممارجنێو دەدات بە "خالیدی کوڕی وەلید"، ئەوەبوو خالید هات بۆلای پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) وگوتی: (ئەی پێغەمبەری خوا ئایا تۆ دەگەڕێیت ئەوکۆیلەیە جنێوم پێبدات؟ دەی بەخوا ئەگەر تۆ نەبویتایە ئەوجنێوەی پێ نەدەدام). (٧)

ڕۆژێکی دی جنێویدا بە "عەمری کوڕی عاص"، عەمر بەزیرەکی لەبەردەم خەڵکدا گوتی: ( ئایاجنێوم پێ دەدەیت کەمن جنێوم پێ نەداویت). (٨)

لەجێگەیەکی تردا جنێوی بە "عەباسی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبی لەهەب" دا (٩)، لەکاتی ئەو ڕاوێژەدا کە بەپەیماندان بەعوسمان کۆتایی هات. عەممار هەڵوێستێکی توندی هەبوو... عەممار ڕقی لەعوسمان بوو دەیویست پەیمان بدرێت بەعەلی کوڕی ئەبی تالب... وەك ئەوەی عوسمانی بەڕەمزی قوڕەیش زانیبێت.

کەبارودۆخەکە بۆ عوسمان یەکلایی بویەوە؛ عەممارئازارێکی زۆری چەشت و لەمزگەوت ڕاوەستاو هەڕەشەی دەکرد... تاکو دوا هەناسەش پەرچەمی دژایەتی عوسمانی بەبێ دابڕان هەڵگرتبوو (١٠).

***

گوتمان کەسایەتی عەممار لەهەندێك ڕەوە جیاواز بووە لەکەسایەتی "ئەبوزەڕ". ئەبوزەڕ کابرایەکی لادێی ودەشتەکی بوو... بەلام عەممار کۆیلەیەکی

شارستانی خەڵکی مەککەبوو، یەکێك بوولەلاوازەکانی مەککە... کەسایەتی بابایەکی دەشتەکیش لەڕوی پێکهاتەوە جیاوازە لەکەسایەتیەکی لاوازی شارستانی. کەسایەتی مرۆڤ لەڕوی پێکهاتنەوە پشت دەبەستێت بەو بەهاو پێوەرە ئەستیانەی کەلەژینگە سۆسۆلۆژیەکەیدا هەن... ئەو کەسایەتیە تاڕادەیەك، وێنەیەکە لەوێنەکانی پێکهاتەی باو لەوژینگەیەدا(١١).

گەرسەرنج لەکەسایەتی ئەبوزەڕ بدەین، دەبینین بەها دەشتەکییەکانی پێوەر دیارە... ئەو لەژیانی قەبەڵ خۆیدا ڕاهاتووە لەسەر یەکسانی لەنێوان ڕۆڵەکانی قەبیلەو هاوبەشایەتیان لەدەستکەوتەکاندا، لەسەر بناغەیەك کەلەوێندەر لەسەری ڕێککەوتون... لەوانەشە ئەمە هۆکارێك بێت لەوهۆکارانەی وایان لە ئەبوزەڕ کرد پڕوپاگەندەی هاوبەشایەتی ودادگەری لەدابەشکردنی ساماندا بکات.

بەڵام عەممار بانگەشەی شتێکی تری دەکرد... ئەوهەروەکو ئەبوزەڕ شۆڕشگێڕ بوو... بەڵکو لەوانەیە لەئەبوزەڕیش توندوتیژتر بوبێت لەشۆڕشکردندا لەدژی موتریفەکانی قورەیش... وەڵێ ئەو داوای هاوبەشایەتی لەساماندا نەدەکرد بەو ئەندازەیەی کەداوای باوەڕی ڕاستی دەکرد.

ئەو پێی وابوو قورەیشیەکان کافرن وموسوڵمان بونیان بەڕواڵەت نیشان دەدەن... تەنانەت بەڕاشکاوی وتوندیشەوە کوفری دەدایە پاڵیان.

جارێکیان گوتی:(لقد كفر عثمان كفرة صلعاء)(١٢)... لەکاتی شەڕی صەفینیشدا کابرایەك لێی پرسی:(ئەی باوکی یەقزان... ئایاپێغەمبەری خوا ئەی فەرموە: جەنگی خەڵکی بکەن تاکوموسوڵمان دەبن، جائەگەر موسوڵمان بوون خوێن وسامانیان پارێزراو دەبێت؟)... بەڵام کابرای پرسیارکار مەبەستی لەوە یاوەرانی معاویەبوو... عەممار لەوەڵامدا گوتی:(بەڵێ... بەڵام ئەوانە موسوڵمان نەبوون... بەڵکو تەسلیم بوون، کوفریان شاردبوویەوە تاکو پشتگیریان دۆزییەوە لەسەری)(١٣).

عەممار بڕوای وایە قورەیشییەکان بەڕاستی موسوڵمان نەبوون، بەڵکو خۆیان تەسلیمی "ئەمری واقیع" کردووە، ئیسلامەتیەکەیان کردۆتە ڕواڵەت تاکو هەلێك بقۆزنەوە.

لەشەڕی صەفیندا عەممار ڕوبەڕوی "عمری کوڕی عاص" بویەوەو تۆمەتی کوفری دایە پالی...ئەمە لەکاتێکدا "عەمر"لەبەردەم "عەممار"دا شایەتومانی هێنا...عەممار گوتی:(وسبە، تۆوازت لێهێنابوو لەکاتی ژیانی موحەمەددا و لەدوای مردنیشی...)(١٤)

دەڵێن لەصەفیندا عەممار وتارێکیدا، کەبوێری و ڕوبەڕو بونەوەیەکی زۆری تێدابوو..ئەو بەهاوەڵەکانی خۆیی گوت:(لەگەڵمدا ڕاپەڕن ئەی بەندەکانی خوا، دژی کۆمەڵێک کەوا دەزانن داوای خوێنی کەسێك دەکەن کەستەمکاربووە لەنەفسی خۆی ودەستەلاتداربوە بەسەر بەندەکانی خوادا بەغەیری ئەوەی لە پەرتوکی خوادایە...بەڵکو ئەوپیاوە چاکانە کوشتیان کەڕێگرن لەخراپەو دوژمنایەتی و، فەرمانکەرن بەچاکە... "دەربڕینی وەرگێر". گوتیان: بۆچی کوشتتان؟ گوتمان: لەبەرئەوەی"بیدعەی"داهێنابوو..گوتیان: ئەو هیچی دانەهێنابوو.ئەمەش لەبەرئەوەی دنیای پێدابوون وئەوان دەیانخوارد و گوێیان نەدەدا بەوەی شاخەکان بەسەریاندا بڕوخێت...دەی بەخوا وا گومانیان پێ نابەم کەداوای خوێنەکەی بکەن...ئەوان دەزانن کەئەو ستەمکاربوو...بەلام ئەو کۆمەڵە تامی دنیایان چەشتوو خۆشیان ویستوە بە بێ مەینەت لێیان خوارد)...تاکو دەڵێت:(ئەو کۆمەڵە پێشینەیەکی وایان لە ئیسلامدا نەبووە کەشیاوی گوێ ڕایەڵی کردن بن، بۆیە شوێنکەوتوەکانی خۆیانیان بەفێڕۆدا بەوەی گوتیان: پێشەواکەمان بەستەم لێکراوی کوژرا، بۆ ئەوەی بەو هۆیەوە ببنە ستەمکارو پادشا...ئەوەش فێڵێك بوو پێی گەیشتنە ئەو ئاستەی کەدەی بینین..گەر ئەوە نەبوایە لەناوخەڵکیدا تەنها دوو پیاو پەیمانی پێ نەدەدان....خواگیان ئەگەر سەرەنجام دەدەیت بەوان ئەوا سزایەکی بەئازاریان بۆدابنێ لەبەر ئەو"بیدعانە"ی کەدایان هێناوە بۆ بەندەکانت...)(١٥).

ئەم وتارە دەدرێت بەلای عەمماردا لەوانەیە ڕاست بێت یان ڕاست نەبێت... ئێمە بەدوری ناگرین وتارێکی ئاوا لەعەممارەوە دەربچێت...چونکە کەسێك بە شمشێر لەگەڵ کۆمەڵێکدا بجەنگێت:ئیدی ناوەستێت لەوەی بەزاری دژایەتی یان بکات بەوشێوەیە. ئەوکەسەی بەدوری دەگرێت"عەممار" شتێکی وای گوتبێت، لەبیری

چونکە "عەممار" بەشمشێر لەگەڵیاندا جەنگاوەو ڕشتنی خوێنیانی حەڵاڵ کردوە... واش زانراوە لەعەممارەوە کەدژایەتی قورەیشی بۆعەلی بەهەمان دژایەتی قورەیش بۆپێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)زانیوە. ئەوەی جێگەی نیگەرانیە، ئەوەیە کەعەممار جیاوازی ناکات لەنێوان "عوسمان"وئەشرافەکانی تری قورەیشدا... وادیارە عەلی لەم ڕایەدا لەگەڵ عەمماردا نەبوە... هەرکەعەلی بیستی عەممار "تەکفیر"ی عوسمان دەکات سەرزەنشتی کرد(١٦)... عەلی دەیزانی عوسمان پیاوێکی بەڕێزو بڕوادارە، خزمە قورەیشیەکانیەتی دەیخەنە ئەوتەنگەڵانەوە... بۆیە لەدیدی عەلیدا، عوسمان زۆرلێکراوبوە نەك ئازاد.

وەلێ"عەممار" جیاوازی نەدەکرد لەنێوان "عوسمان"و قورەیشیەکانی تردا. ئەمەش هەڵەیەکی عەممارە کەچاوپۆشی لێناکرێت.وادیارە عەممار نەیتوانیوە لەم مەسەلەیەدا کۆنترۆڵی ئەعسابی خۆی بکات...چونکە دژی ئەوان گرێ یەکی سایکۆلۆژی تێك شکێنەری هەڵگرتبوو کەحەشاردانی نەدەزانی... جگەلە ئەبوبەکرو عومەرو کۆمەڵێك لەهۆزی هاشم کەسی تری قورەیشی "لەو حوکمە" هەڵنەدەبوارد... ئەویش "وەك ئەبوزەڕ" پێی وابوو عوسمان لەڕێبازی هەردوو گەورە پیاوەکەی پێش خۆی "ئەبوبەکروعومەر" دەرچوەو لایداوە (١٧).

***

شۆڕشەکەی"عەممار" لەدژی قورەیش زۆرێك شتی سەیرو سەمەرەی تێدایە...ئەو گوێ ناداتە ئەرموسوڵمان بونەی ئاشکرایان کردوە، یاخود ئەو سروتە ئاینیانەی جێبەجێی دەکەن...ئەو ئاین بەمامەڵەی چاك دەزانێت... وەلێ شایەتومان وسروتە ڕواڵەتیەکان لەدیدی ویدا دیاردەی ڕوکەشن وهیچ لە هەق ناگۆڕن. ئەبوزەڕ پێی وابوو ئاین بریتیەلە یەکسانی لەنێوان نەدارو داراکاندا لەماڵ وسامانْدا...وەلێ عەممار پێی وابوو ئاین بریتیەلە یەکسانی لە نێوان کۆیلەو سەردارەکانیدا لەپلەو پایەدا. لەڕاستیدا"عەممارو ئەبوزەڕ" هەرتکیان لەیەك حیزب وگروپ بوون، ئەویش گروپی دادگەری کۆمەڵایەتیە.

بەڵام لەوگۆشە نیگایەدا جیاوازیان هەبوو کەلیێیەوە سەیری مەسەلەکەیان دەکرد...ئەویان دەشتەکی بوو، لەژیانی قەبەڵ خۆیدا ڕاهاتبوو بە هاوبەشایەتی، ئەمیشیان شارستانی بوو ڕقی لەسەرداره خۆبەزلزانەکان بوو، سەرەڕای بەڕواڵەت خۆکردنە دینداریش هەربەکافری دەزانین.

***

دەگێڕنەوە پیاوێک لەهاوەڵەکانی عەلی لەشەڕی صەفیندا هات بۆلای عەلی و شکایەتی خەونێکی دەکرد کەبینیبوی و وەڕسی کردبوو،کابراکە بەم شێوەیە باسی حاڵەتەکەی کرد:من کەلەناومالْ وخێزانم هاتومەتە دەرێ، بەرچاو ڕون بووم بەرانبەر ئەوهەقەی کەئێمەی لەسەرین وگومانم نیەلە گومڕایی ئەوانە و لەوەی ئەوکۆمەڵە لەسەرباتڵن، هەر بەوشێوەیە بەرچاو ڕوون بووم تا ئەمشەو... بانگ وێژێک هات وگەواهی لاالە الا اللّە محەمەد رسول اللّەی داو، بانگی نوێژی کرد...بانگ وێژی ئەوانیش هەمان شتی گوت. ئینجا نوێژکرا، یەک نوێژمان کرد،یەک پەرتوکمان خوێند، پێغەمبەریشمان یەکێکە،لەم شەوەوە گومانم بۆدروست بوە(١٨).
ئەم پیاوە لەتەنگەڵانێکی بێزارکەری دەرونیدایە، ئەو هەردوولا لەسەر یەک ئاین ویەک شەهادەو یەک نوێژ دەبینێت...ئیدی لەخۆیی پرسیوە: کەواتە بۆچی پێکەوە دەجەنگین؟
بەم پرسیارە بێزارکەرەوە هات بۆلای عەلی وئەویش لەوەڵامیدا گوتی: بچۆ بۆلای عەممار ئەو بۆت ڕون دەکاتەوە.
کابراکە ڕۆیشت وبەدوای عەمماردا دەگەڕا، لەناو ڕیزەکاندا بانگی لێدەکرد، تاکو دۆزیەوەو هەواڵی ئەو سەرسامیەی خۆیی پێدا کەخەریکە لەناوی بەرێت.لەوکاتەدا"عەممار" وەڵامێکی توندویەکلاکەرەوەی دایەوە کەبوار نەمایەوە بۆگومان.
عەممار گوتی:ئەو بەیداخانەی کەبەرەوڕوی دەبێتەوە، هەمان ئەو بەیداخانەیە کەلەشەڕی"بەدر یان ئوحود"...هتد ڕووبەڕوی بوەتەوە... پاشان عەممار هاواری

کردو گوتی:(دەی بەخوا ئەگەر بەشمشێرەکانیان لێمان بدەن تاکو دەمانگەیەننە "سعفات الهجر" ئەوجا دەزانم کەمن لەسەر هەقم وئەوان لەسەر باتڵن، سوێند دەخۆم بەخوا هەرگیز ئاشتی نابێت تاکو یەکێك لەلایەنەکان دان ئەنێن بەوەدا کەکافربوون و، گەواهی دەدەن لەسەر لایەنەکەی تر کەلەسەر هەق بوون...)(١٩)
لەم قسەوە وادەردەکەوێت عەممار ویستویەتی بەردەوامی بدات بەجەنگ تاکو قورەیش دان دەنێن بەوەدا کەلەسەر باتڵ بوون... پێم وایە ئەوەش شتێکی ئەستەم بووە... چونکە خاوەنی بەرژەوەندی هەرگیز دانانێت بەوەدا کەداوای باتڵی کردوە.
عەممار لەگەڵ پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)دا خەباتێکی دوورو درێژی کرد تاکو قورەیش ملکەچ بوو، جارێکی تر ملکەچ نابێت... پیاوی ژیریش لە کونێکەوە دوجار ناگەزرێت... ئیدی باوەڕداربێت یان زەندیق" مەسەلەکە سەروەت وتەرەف ونازو نیعمەتە... خاوەنی تەرەف بەئاسانی دەست بەرداری تەرەفەکەی نابێت، بۆ ئەوکەسەی کەدەیەوێت لێی دابڕنێت.

***

هەر چۆن بێت، عەممار سەبەئیەك بوە لەجۆری یەکەم، مێژوونوسەکانیش دانیان ناوە بەوەدا کە"سەبەئیەکان"پەیوەندیان کردوە بەعەممارەوە و هەوڵیان داوە دڵی ڕاکێشن (٢٠)... بەڵام ئەو مێژوونوسانە ئەیان گوتووە عەممار سەبەئی بوو. وەك ئەوەی ئەیان وێرابێت ئەم وەسفە ناشیرینە بدەنە پاڵی، ئەو سەحابەیەکی بەڕێزبووەو لەڕێگەی خواشدا زۆر ئەشکەنجە دراوە، چەندین جاریش پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)باسی لەڕێز وفەزڵی وی کردووە.
لەڕاستیدا سەبەئی بوو بەهەموو واتایەکی ئەو وشەیە. تاکو مردیش هەر سەبەئی بوو، وای بۆ دەچم کەڕابەری مەزنی سەبەئیەکان بوە، واتە ئەم خودی"ئیبن سەبەء" بوە- وەك بەم نزیکانە ڕونی دەکەینەوە.
سەیر لەوەدایە لەنێو سەبەئیەکاندا، عەممار تاکە کەسێك بووە کەبێ پەردە دانی بەوەدا ناوەکە: ئەوبوو عوسمانی کوشت... ڕۆژێك پیاوێك لێی پرسی:( ئەی

باوكي يەقزان لەسەر چی عوسمانتان كوشت؟) لەوەڵامدا عەممار گوتی:( علی شتم اعراضنا وضرب ابشارنا)(٢١)

جگە لەعەممار، ڕاشكاوی ئاوها لەكەسی تر نەدیتراوە...ئەو دان دەنێت بە كوشتنی عوسمانداو گوێیشی پێنادات!!.ئەمە لەكاتێكدا هەموو ئەوانەی بەشداری كوشتنی عوسمانیان كردبوو یاخود هانی كوشتنەكەیان دابوو، نكوڵی لێدەكەن. خەڵكی وا هەبووە هانی كوشتنی عوسمانی داوە، كەچی وەك زانراوە، دواتر هات داوای خوێنەكەی كرد!!.

وادیارە توندێتی عەممارو دڵپاكی وسادەیی وی، وایان كردووە بێ دەربەستانە دان بنێت بەكوشتنی عوسماندا. عەلیش تێبینی ئەوەی لە عەمماردا دەكردوگوێیشی پێنەدەدا، چونكەئەم دووپیاوە دڵنیابووگن لە ڕاستی ودروستی ئەو ڕێیەی كەلەسەری دەڕۆن. بۆیە بایەخ نادەن بەوەی خەڵكی چییان پێدەڵێن، مادەم بڕوایان بەڕاستی ودروستی كارەكەیان هەیە.

ئەمە حاڵ وباڵی هەموو ئەو بڕوادارانەیە كەنغرۆن لەنێو بیروباوەڕە بێ مشتو مڕەكانیاندا..ئەوجۆرە بڕوادارانە وادەزانن هەمووخەڵكی وەكو خۆیان وان، ئیدی بێناگان لەوەی چەندە زیانیان پێدەگات بەهۆی دانپێدانانە بێ پەردە كانیانەوە...ئەوان كۆمەڵە خەڵكێكن بۆئەوە دروست نەكراون لەم ژیانەدا سەركەوتووبن...بەڵكو بەسروشت ڕاهێنراون لەسەر ئەوحەماس و دڵگەرمیەی كەڕۆژێك لەڕۆژان دەبێتە هۆی لەناوچوونیان.

لەوسەردەمەدا، فەرموودەیەكی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)لەناوخەڵكیدا بڵاوبوو كەبەعەمماری فەرمو بوو:(كۆمەڵێكی یاخی دەیكوژن)وادەزانم عەممار زۆرپشتی بەم فەرموودەیە بەستبوو...لەوانەیە ئەوپشت بەستنەی وای لێكردبێت كەبێدەربەستانە دان بەكوشتنی عوسماندا بنێت...ئەو وا گومانی دەبرد كەهیچ كەس ناوێرێت تۆمەتباری بكات، یاخود بیكوژێت، ئەگا بە گوێرەی فەرموودەكەی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) ببێتە "كۆمەڵی یاخی"...عەممار ئەوەی لەیادكردبوو كەمرۆڤ خاوەنی ئەزعەی ڕاڤە و تەئویلە..مرۆڤ دەتوانێت پێغەمبەران

بکوژێـت و، دواتـر پاسـاوێکی گونجـاوو بەڵگەیـەکی شـەرعی بدۆزێتـەوە کەلـە کارەکەیدا پشتگیری بکات.

ئەمەش بەکردەوە لەشەڕی صـەفیندا ڕوویـدا، ئەوەبوو خەڵکی شام زۆر شڵەژان کەبینیان عـەممار لەسەردەستی ئەواندا کوژراوە.معاویـە پێـی گـوتن:( ئایا ئێمـە کوشتومانە؟ بەڵکو ئەوانە کوشتویانە کەهێنایان بۆشەڕ)(٢٢) بەمەش خەڵکی شام دڵنیابوون و، کوژرانی عەممارین لەیادکرد. بەڵگەکەلێ زۆر لـەئارادان سـەبارەت بەوەی لەوشەڕەدا عەممار بەئانقەست خۆی فڕێداوەتە نێو شەڕەکەوە تاکو خەڵکی شام بیکـوژن. تـاکو کوژرانەکـەی ببێتـە بەڵگەیـەك و هەڵوێستی عـەلی بـەهێزبکات ویارمەتی بدات لەسەرکەوتندا.

پێدەچێت عـەممار تێبینـی ئـەو سـوودە گـەورەیـەی کردبێـت کەلـە کوژرانەکـەی عوسماندا دەستی معاویـە کـەوت. بۆیـە ئـەویش بـەڕۆڵی خـۆی هەوڵیدا بکوژرێـت، بەڵکو عەلی لەکوژرانەکەی سوودمەند بێت !!... عـەممار لـەبیری چووبوو کەعـەلی وەکـو معاویـەنیـە. پیـاوی دڵـسۆز وەکـو پیـاوی فێڵبـاز نیـە، لـەوەدا کەهـەڵ بقۆزێتەوەوسوود وەربگرێت لەڕووداوەکان.

سەیر لەوەدایە کەدەبینین ڕێکەوت وابوو هەریـەك لـە(عوسمان وعـەممار) پیر ببون وتەمەنیان لەنەوەد ساڵی نزیك ببویەوە. ئیدی سودێك نیە لەمانـەوەیان لەژیانـدا. هەریـەکێکیش لـەو دووکەسـە لەدیـدی کۆمـەڵێکی زۆری خەڵکـدا پـیرۆز بـوون. عوسمان کوژراو قورەیش سوودێکی زۆریان لەکوژرانەکەی بینی... کەچی عـەممار کوژرا وگروپی هەژارەکان سوودیان لێ نەبینی!!.

عـەممار گەڕایـەوە لای پـەروەردگاری وجگـە لەعـەلی کـوڕی ئـەبی تاڵـب وچـەند کەسێکی کەم، کەس نەبوو بۆی بگری وپیاوەتیەکانی بژمێرێت.

دەگێڕنەوە بەرلە شەڕی صەفین، عەمری کوڕی عاص ناردیە لای عەممار و داوای لێکرد چاوی پێی بکەوێت، لەدوای دانوستانێکی زۆر عـەممار هات و چاوی کـەوت بەعەمرو...کۆبونەوەکەیان بەئامادەبوونی کۆمەڵێك سواری هـەردوو لابوو...دوای ئـەملاولا کردنێکـی نێـوان هـەردوو ڕێبەرەکـە. عـەمرو، عـەمماری حەپەسـاند بەپرسـیارێکی بێزارکـەر کـەگوتی:( بۆچـی عوسمانتـان کوشـت؟) پێدەچێت

ویستبێتی دڵسافی وتوندوتیژی عەممارییەناوا پرسیارێکی بێزارکەر بقۆزێتەوە...عەممار لەوەڵامیدا گوتی:(من لەتەك ئەوەدا بووم کەکوشتی، ئەمڕۆش لەگەڵیدام...ئەو دەیویست ئاینەکەمان بگۆڕێت بۆیە کوشتمان!) عەمرو بەلێزانییەوە ئاوڕی دایەوە بەلای ئەواندا کە لەگەڵیدابوون خەڵکی شام بوون.گوتی:(ئایا گوێتان لێی نییە؟ئەوەتا دانی نا بەکوشتنی پێشەواکەتاندا!!)(٢٢)

هەرکەسێك زیرەکی و زۆر فێڵبازی(عەمرو) بزانێت بەدوری ناگرێت کەئەو جوڵەیەی ئەو میکانیزمێك بووبێت لەمیکانیزمەکانی پڕوپاگەندە لەدژی (عەممار)... پێدەچێت عەمرو هەستی کردبێ کە(عەممار) لەسەردەستی خەڵکی شامدا دەکوژرێت؛ بۆیە ویستویەتی بەرلەوەی کارلەکار بترازێت مەسەلەکە تێ بپەڕێنێت. چونکە ڕاست نیە لەوساتە سەختەدا، کەجەنگ بە توندی هەڵایسابوو، عەمرو داوای چاوپێکەوتنی عەممار بکات لەپێناوی پرسیارێکی ئاوا هیچ وبێ ئەرزشدا...

بەهێزترین گومان ئەوەیە کەعمرو ویستویەتی دڵساقی عەممار بقۆزێتەوە؛ تاکو لێدوانێکی لێبدزێت وبەوەش زیانی لێبدات ولەدیدی خەڵکی شامدا بیکاتە باغی... بەوەش ئەو هالەپیرۆزەی کەپێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)لەدەوری عەممار دروستی کردووە نامێنێت.

دواتر عەممار لەشەڕی صەفیندا کوژراو، کەسیش دەنگی بۆ بەرزنەکردەوە وەك ئەوەی ناڕەزابێت یاخود ئازاری پێ چەشتبێت...عەممار وەك هەر یەکێکی تر لەکوژراوەکانی ئەوشەڕە ڕۆشت و،حەسرەتیشیان بۆنەخوارد... لێرەدا لەوانەیە یەکێك بپرسێت: لەم هەراو فەرتەنە گەورەیەدا"ئیبن سەبەء"بۆ کوێ چوو؟. ئەوەی کەزۆر سەیرە ئەوەیە دەبینین"ئیبن سەبەء" لەهەموو شۆڕشەکانی دژبەعوسمان و ڕووداوەکانی دوای شۆڕشەکەشدا ئامادەیە، بەڵام لەشەڕی صەفیندا دیارنیە!!(٢٤) واتە لەو ڕۆژەدا کەعەمماری کوڕی یاسر کوژرا...ئەبێ چۆن ئەوپیاوە فێڵبازو لێزانە لەوشەڕە سەختەدا ون بوبێت؟ لەکوێندەرێ خۆی شاردەوە؟...

گومان لەوەدانیە کەلە شەڕی صەفیندا زیندووبووە...ئەمەش چونکە لەپاش ئەوشەڕە مێژوونووسەکان دەگەڕێنەوە لای وکردەوەی دیکەی دەخەنە پاڵ، جگەلەوکارانەی کەلەڕۆژگارەکانی عوسمان و ڕوداوەکانی بەصرەدا پێی هەستابوو، کەوابوو بۆچی لەشەڕی صەفیندا شوێنەواری دیارنیە؟ تۆبڵێی نەخۆش بوبێت؟ یان لەسەفەرێکی پێویستدا بوبێت؟ یان پەریەکان بردبێتیان بۆدوورگەکانی واق واق؟.

مێژوونووسەکان کەم تازۆر وەڵامی ئەوپرسیارە سەیرەیان نەداوەتەوە... لە ڕاستیدا ئیبن سەبەء لەساتەکانی شەڕی صەفیندا خۆی حەشارنەدابوو، ڕاستتر بونێکی ڕاستەقینەی نەبوو تاکو خۆی حەشاربدات..بەڵکو وەك لە بەشێکی پێشوتردا ئامارەمان پێدا تەنها وەهمێك بوو!. وەهمیش بەگوێرەی مەبەستی داهێنەرەکەی دێت ودەچێت.

بەهێزترین گومانم ئەوەیە کەقورەیش مەبەستی لەئیبن سەبەء ئەوەبوو کە بیکاتە ئامارەیەك بۆعەمماری کوڕی یاسر..بۆیە کاتێك عەممار لەشەڕی صەفیندا کوژراو، کوژرانەکەیشی بەفیڕۆچوو، ئیدی قورەیش سودێکی نەبینیوە لەدووبارەکردنەوەی چیرۆکەکانی ئیبن سەبەء لەم جێگەیەدا، هەر بۆیە پشتگوێی خست. دواتریش بەهەمان پێودانگ مێژوونووسەکانیش پشتگوێیان خست.

قورەیش دەیزانی بۆچی عەممار ڕقی لێیەتی...ڕەنگە لەسەرەتاوە بۆیە لێی بێدەنگ بوبێت،چونکە عەممار لەوکاتەدا ولەدیدی خەڵکدا پلەیەکی ئاینی بەرزی هەبووە، ترساوە لەوەی گەریەئاشکرا تۆمەتباری بکات.شۆڕشەکە بەوە مەعنەویەتێکی گاڵتەپێنەکراوی دەست بکەوێت.

قورەیش لەشەڕی صەفیندا دەمامکی لەڕوی خۆی لادا، دوای ئەوەی بە تەواوی هەڵوێستی عەممار ڕون بویەوە بەڕاشکاوی تۆمەتباری کردو، جۆرەها جنێویشیان دابارانە بەسەر سەرە سپیەکەیدا.(مەبەست لەسپی بوونی قژی و پیربوونی عەمماره—وەرگێڕ).

***

لام وایە چیرۆکی ئیبن سەبەء لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی، چیرۆکێکی باش هەڵبەستراوو جوان وێنەگیراوبێت، قورەیشیەکان بەتەنها لەبواری رامیاریدا کارزان ودانانەبوون، بەڵکو لەبواری هونەری چیرۆکیشدا زۆرلێزان ودەست رەنگین بوون، وادەردەکەوێت لەسەردەمی عوسماندا قورەیش لەدانیشتن ویانە تایبەتیە کانی خۆیدا باسی لەعەمماردەکردو بەنهێنی جنێوی پێدەدا، لەوکاتەدا ئەوەی لەبەرژەوەندی خۆی نەدەبینی کەجنێودانەکەی لەبەردەم خەڵکیدا رابگەیەنێت وئاشکرای بکات.

رەنگە یەکێك لەچیرۆك بێژانیش گوێی لێوە بووبێت کەقورەیش باسی "ابن السوداء" دەکات وجنێوی پێ دەدات، ئیدی گومانی وابوە کەمەبەستیان کەسێکی ترە نەك "عەمماری کوڕی یاسر".

کێش دەزانێت؟ لەوانەیە چیرۆکی ئیبن سەبەء لەسەرەتادا لەم گومانە هەڵەیەوە دروست بووبێت ودواتر هێندی هێندی ئەفسانەی لەدەور کەڵەکە بوو بێت.

یەك لەسەیروسەمەرەکانی مێژوو ئەوەیە کەدەبینین زۆرینەی ئەوشتانەی دەدرێنە پاڵ ئیبن سەبەء بەجۆرێك لەجۆرەکان لەژیاننامەی عەمماردا هەیە، ئەم مەسەلەیەش جێگەی بیرکردنەوەو تێرامانە.

هەرکەس لەکردارو گوفتارەکانی عەممار بکۆڵێتەوە دەبینێت لێکچوونێکی زۆریان تێدایە لەتەك ئەوکردارو گوفتارانەی کەدەدرێنەپاڵ ئیبن سەبەء... جائایا ئەمەهەر رێکەوتە؟ یاخود نهێنیەکی شاردراوەی تێدایە؟.

لەماوەی دادێ هەندێ لەوشتانە دەخەمە بەردەم خوێنەرکە عەممار وئیبن سەبەء تیایدا هاوبەش بوون، تاکو رای خۆی لەبارەوە بڵێت...واش دەزانم خوێنەر لەتەکمدا سەری سوڕدەمێنێت لەو وێکچونە سەیرەی لەنێوان ئەو شتانەدا هەیە کەدراونەتە پاڵ هەریەك لە عەممار وئیبن سەبەء:

١) ئیبن سەبەء بەئیبنولسەودا ناسرابوو، بینیشمان نازناوی عەمماریش ئیبنولسەودا بوو. عەرەب وراهاتوون نەژادی دوژمنەکانیان بدەنە پاڵ دایك یان

باركێكی لاكەوتەو بێ ئەرزش. عەرەب گرنگی زۆر بە ئەژاد ئەدەن، بۆیە هەركە ڕقیان لەكەسێك بوو دەیدەنە پاڵ نەژادێكی بێ ئەرزش وكەم بایەخ.

شیاوی باسە، قورەیش لەسەرەتای بانگەوازدا بۆ سوكایەتیكردن بە محەمەد (درودی خوای لێبێت)یان دەگوت "ئیبن ئەبی كەبشە"...نازناوێكی سوكیشیان بڕی بەسەر"عومەر" داو پێیان دەگوت:ابن الحنتمە"... عەممار لەم ڕووەوە پشكێكی زۆری بەركەوت، پێیان دەگوت:( ابن سمیە، ابن المتكاء".

٢) عەممار لەباوكێكی یەمەنیە، ئەمەش یانی:عەممار خەڵكی سەبەئە، چونكە دەگونجێت بەهەركەسێكی یەمەنی بگوترێت(ابن سبا).چونكە هەموو خەڵكی یەمەن دەچنەوە سەر(سەبەئی كوڕی شیجب كوڕی یعرب كوڕی قەحتان) لەقورئانیشدا هاتووەكە: پەپوسلێمانەكە بەسولەیمانی گوت لە سەبەئەوە هاتوە بۆلای، كەمەبەستی لەوە یەمەن بووە.

٣) سەرەڕای ئەوەش عەممار زۆر عەلی خۆش ئەویست وبەهەموو شێوەیەك خەڵكی هاندەدا پەیمانی پێ بدەن.

(ئالوسی) دەگێڕێتەوە: پیاوێك هات بۆلای عەممارو پرسیاری ڕاڤەی ئەو ئایەتە قورئانیەی لێكرد كەدەفەرمێت:(واذاوقع القول اخرجنا لهم دابةمن الارظ تكلمهم) عەمماردەربارەی ئەو"دابة"یەگوتی:ئەو دابەیە عەلی كوڕی ئەبو تالیبە(٢٥).

هاوشێوەی ئەم گوتەیەی كەدەدرێتە پاڵ عەممار، دەدرێتە پاڵ ئیبن سەبەئیش، چونكە وەك دەڵێن(ئیبن سەبەء بڕوای هەبوەبەوەی عەلی لەدوای مردنی دووبارە دەگەڕێتەوە بۆنێو ژیان وزیندوودەبێتەوە(٢٦).

٤) لەڕۆژگارەكانی عوسماندا، عەممار چووە وڵاتی میسرو خەڵكی هاندەدا لە دژی عوسمان... والـی لێی قەڵس بوو ویستی زەفەری پێ ببات(٢٧).

ئەم هەواڵە زۆر لەوهەواڵە دەچێت كەدەدرێتە پاڵ ئیبن سەبەء گوایە ئەمیش چووە لەمیسر سەقامگیر بووەوفوستاتی كردووەتە سەنتەری بۆبانگەوازەكەی ولەوێندەرێوە دەستی كردوە بەپەیوەندی كردن بەلایەنگرەكانیەوە(٢٨).

٥) ئەوقسەیە دەدرێتە پاڵ ئیبن سەبەء کەگوتویەتی: عوسمان خەلافەتی بە ناهەق بردوەو، خاوەنی شەرعی خەلافەت عەلی کوڕی ئەتالبە.

لەڕاستیدا ئەوە قسەی عەمماری کوڕی یاسرە... لەدوای پەیمان دان بە عوسمان ڕۆژێك لەمزگەوت هاواری دەکرد دەیگوت: (یامعشر قوریش... اما اذا صرفتم هذا الامرعن نبیکم. هاهنا مرة وهاهنا مرة، فمانا یأمن من ان ینزعه الله فیضعه في غیرکم کما نزعتموه من اهله ووضعتموه فی غیر اهله) واتە: ( ئەی قورەیشییەکان ئێوە کەئەم خەلافەتەتان لەماڵی پێغەمبەرەکەتان لادا جارێك لێرەوەو جارێك لەوێوە، ئەوا من دڵنیانیم لەوەی خودا لێتانی دابماڵێت وبیدا بەغەیری ئێوە، وەك چۆن ئێوە خەلافەتەکەتان لەئەهلەکەی دامالی وداتان بەغەیری ئەهلی خۆی)(٢٩).

٦) هەروەها دەڵێن: بەرلەشەڕەکەی بەصرە ئیبن سەبەء ڕێگربووە لەوەی ئاشتەوایی بکەوێتە نێوان "عەلی وعایشە"وە، بەگوێرەی ئەوەی ڕاویەکان دەڵێن گەرئەو نەبوایە ئاشتەوایی دەکەوتە نێوانیان... هەرکەسیش درێژەی ڕوداوەکەی بەسرە بخوێنێتەوە دەبینێت عەممار ڕۆڵێکی زۆر کاراوکاریگەری تێدا هەبوە... ئەوبوو لەگەڵ حەسەن ومالیکی ئەشتەردا چوو بۆکوفەو خەڵکی هاندەدا پەیوەندی بەسوپاکەی عەلیەوەبکەن.

٧) لەمەڕئیبن سەبەء دەڵێن: ئەوبوە"ئەبوزەڕ"ی هانداوە لەبانگەوازە سۆسیالیستیەکەیدا... جانەگەر بێتوو سەرنج لەپەیوەندی عەممار و ئەبوزەڕ بدەین، دەبینین پەیوەندیەکەیان زۆرتوندوتۆڵ بووە، هەردووکیان سەربە یەك قوتابخانە بوون-ئەویش قوتابخانەی عەلی کوڕی ئەبوتالیب بوو... ئەو سێ کەسە پێکەوە کۆدەبوونەوە، ڕاوێژیان دەکردو هاوکاری یەکتریان دەکرد. تەبەری دەگێڕێتەوە کە ئیبن سەبەء هات بۆلای ئەبوزەڕ وپێی گوت: ئەی ئەبوزەڕ... ئایا سەرت لەمعاویە سوڕنامێنێت کە دەڵێت: ماڵ ماڵی خودایەو هەموو شتێك هەرهینی خودایە... وەك ئەوەی بیەوێت "ڕای بکێشێت بۆ خۆی بەدورلەموسوڵمانان وناوی موسوڵمانان بسڕێتەوە؟ ئەوەبوو ئەبوزەڕ چوو بۆلای "معاویە"و نارەزایی لێ دەربڕی و هەڕەشەی لێ کرد.(٣٠)

وام دێ بەخەیاڵدا کەئەو قسەیە گوتراوە بەئەبوزەڕ قسەی عەمماری کوڕی یاسرە نەك پەیڤی ئیبن سەبەء..کابرایەکی جولەکە لەوسەردەمەدا چۆن دەتوانێت ڕایەکی سۆسیالیستی وابهێنێت کەبەرلەئیسلام بەدەگمەن نەبێت کەسی دی ڕای ئاوهای نەبوە.

بەهەرحاڵ ئەوقسەیە لەقسەی عەمماری کوڕی یاسر یاخود لەقسەی مامۆستاکەی "عەلی کوڕی ئەبی تالیب"ئەچێت.

عوسمان ڕۆژێك وتاریداو گوتی:(لناخذن حاجاتنامن هذا الفيء وان رغمت انوف اقوام) عەممارێش ناڕەزایی بەرانبەر ئەوقسەیە دەربڕی وگوتی: (اشهدالله ان انفي اول راغم من ذلك)،عەلی کوڕی ئەبی تالیبیش وەڵامی دایەوە گوتی: "إذن تمنع ويحال بينك وبينه"(٣١) بەڕاستی ئەبوزەڕ پێویستی بە ئیبن سەبەء نیە تافێری بکات "فێء- واتە ئەو دەستکەوتانەی بەبێ شەڕ دەکەونە دەستی موسوڵمانان- وەرگێڕ- سامانی موسوڵمانانەو ناگونجێت ناو ببرێت بەسامانی خودا!..عەممارو عەلی هاوڕێی، شیاوترن ئەوەی فێربکەن گەر لەوەویەر خۆی نەیزانیبێت.

***

لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کەئیبن سەبەء چ نیە جگەلە عەمماری کوڕی یاسر.. قوڕەیش عەممارییان بەسەری شۆڕش لەدژی عوسمان دەزانی....وەڵێ لەسەرەتادا نەی دەویست بەئاشکرا ناوی بەرێت بۆیە بەئیبن سەبەء یان ئیبن سەوردا ناوی دەبردو ئاماژەی پێ دەدا...ڕاویەکانیش ئەم ڕەمزەیان گواستەوە بەبێ ئاگایی ونەشیان دەزانی چی لەپشتی پەردەوە ڕوودەدات.

ئەمە گومانێکە من بۆی دەچم...هەندێك گومانیش گوناهو تاوانە"وەك قورئان دەفەرموێت"..وەڵێ من ناچارم بیڵێم لەبەردۆزینەوەی ئەوچەند بەڵگەیەی کە پشتگیری لێ دەکەن.

لێرەدا ئەوەی شیاوی باسە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کەعوسمان هیچی لە بارەی ئیبن سەبەئەوە نەدەزانی...جانەگەر ڕاست بێت ئیبن سەبەء هەموو دنیای

لەعوسمان وروژاندبێت، کەواتە بۆچی عوسمان نەی ناسیوە؟ یان یەکێك لەوالیەکانی هەواڵی ئەویان نەداوە بەعوسمان؟.

عوسمان تۆمەتی هاندانی لەدژی خۆی دەخستە ئەستۆی "عەلی وعەممارو عەبدولای کوری عەباس".. بەلام هیچی نەگوتووە دەربارەی هاندەری هەرە گەورە"ئیبن سەبەء".

رۆژێك عوسمان چوبۆلای عەباس سکالای عەلی بردەلای وبەعەباسی گووت: (یاخال...إن علیا قد قطع رحمی، والب الناس ابنك،والله لئن کنتم یابنی عبد المطلب اقررتم هذا الامرفی ایدی بنی تیم وعدی، فبنو عبدمناف احق الا تنازعوهم فیه وتحسدوهم علیه(٣٢).

ماقوڵ نیە خەڵکی هەموو باس لەئیبن سەبەء وپلان وفرۆفێڵەکانی بکەن کە هەموو ئاسۆی تەنیوە، کەچی عوسمان نەی ناسێت وناویشی نەزانێت!!.

مەسعودی لەمەرعوسمان دەڵێت: رۆژێك عوسمان سکالای عەلی لەبەردەم خەڵکدا کردوگوتی:(عەلی لەکەدارم دەکات وپشتگیری ئەوکەسانە دەکات کەمن لەکەدار دەکەن)مەبەستی لەوانە ئەبوزەر وعەممارە...(٣٣) ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی عوسمان هیچی لەبارەی ئەوپلانەوە نەزانیوە کەقورەیش لەدژی وی تەنیویەتی...ئەو پیاوێکی دڵپاك بوو، دەیبینی خەڵك شۆرش لەدژی دەکەن، لەوە سەری سوردەمێنێت وپرسیاردەکات...ئەم وئەو تۆمەتبار دەکات لەمەسەلەی شۆرشەکەدا...ئەونازانێت قورەیش دەیەوێت بەمردوویی و بەزیندوویی سودی لێ ببینن"واتە سود لەعوسمان ببینن-وەرگێر" خودا رەحم بەعوسمان بکات...ئەو رۆیشت وبوە قوربانیەکی پاك وبێ تاوان لە قەسابخانەی تەماکاری ومەبەستە سیاسیەکاندا.

# ژێدەر و پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم

١) بڕوانە: عباس العقاد، عبقرية الأمام، ل ٦٦.
٢) بڕوانە: عبدالله السبيتي، عمارين ياسر، ل ١٠٦.
٣) بڕوانە: هسپ، ل ١٧٢.
٤) بڕوانە: هسپ، ل ١٧٥
٥) بڕوانە: عبدالحميد السحار،اهل البيت، ل ٦٣.
٦) بڕوانە: عبدالله السبيتي، هسپ، ل ٤٠.
٧) بڕوانە: هسپ، ل١٠٦.
٨) بڕوانە: عبدالحميد السحار، هسپ.
٩) بڕوانە: ابن العربي، العواصم من القواصم، ل ٦٤.
١٠) بڕوانە: تەها حسەين، الفتنة الكبرى، ج١،ل١٦٧.
١١) بڕوانە: Dawso and Gettys. Introduction to Sociology.p16.
١٢) بڕوانە: ابن العربي، العواصم من القواصم، ل٦٥.
١٣) بڕوانە:عبدالله السبيتي، هسپ، ل١٤٨.
١٤) بڕوانە: عبدالحميد السحار، هسپ، ل١٦٩.
١٥) بڕوانە: عبدالله السبيتي، هسپ، ل ١٥٠-١٥١.
١٦) بڕوانە: ابن العربي، هسپ، ل ٦٥.
١٧) بڕوانە: صادق عرجون، عثمان بن عفان، ل ١٤٩.
١٨) بڕوانە: عبدالحميد السحار، هسپ، ل١٦٧.
١٩) بڕوانە: هسپ، ل ١٦٧-١٦٨.
٢٠) بڕوانە:ابن العربي، هسپ، ل٦٤.
٢١) بڕوانە: تەبەری،تاريخ الأمم والملوك، ج٥، ل ١٨٧.
٢٢) بڕوانە: تەها حسەين، الفتنة الكبرى، ج٢، ل٨٤.
٢٣) بڕوانە: عبدالله السبيتي، هسپ، ل ١٧٥.

٢٤) بروانە:تەها حسەین، هسپ، ج٢، ل٩٨.
٢٥) بروانە: شهاب الدين الألوسى، روح المعانى، ج٦، ل ٣١٢.
٢٦) بروانە: سعد محەمەد حسن، المهدية في الأسلام، ل ٣٨-٣٩.
٢٧) بروانە: تەها حسەین، هسپ، ج١، ل ١٢٨.
٢٨) بروانە: Nioholson.op.cit.p215.
٢٩) بروانە: عبد الحميد السحار، اهل البيت، ل ٦٦.
٣٠) بروانە: تەبەری، هسپ، ج٥، ل ٦٦.
٣١) بروانە: تەها حسەین، هسپ، ج١، ل ١٦٧.
٣٢) بروانە: البلاذری، انساب الأشراف، ل١٣.
٣٣) بروانە: المسعودي، مروج الذهب، (نقلا عن: عبدالله السبيتي، عمار بن ياسر، ل ٩٧).

# بەشی نۆیەم
## عەلـــی کـــوڕی ئەبی تاڵیب

هیچ نەتەوەیەک لەسەر یەکێک لەپیاوەکانی ناکۆکی تێنەکەوتووە، بەو ڕادەیەی کەنەتەوەی ئیسلام ناکۆکی تێکەوتووە لەسەرعەلی کوڕی ئەبی تاڵب...ئەم ناکۆکیەش لەوەدایە کەهەموو پێڕەئیسلامیەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەر بەعەلین. ئەوەتا شیعەکان وەک خۆیان دەڵێن شیعەی عەلین...ئەهلی سوننەش خۆیان بەشیعەی عەلی دەزانن نەک خەڵکی تر(١)...ئەهلی تەسەوفیش پڕوپاگەندەی ئەوەدەکەن کەپێشەنگ ودامەزرێنەری ڕێبازەکەیان عەلی کوڕی ئەبی تاڵبە(٢).

ئەهلی جوانمەردیش، پێیان وایە یەکەم جوانمەرد لەئیسلامدا عەلی بووە(٣) لەمەشدا پشت بەو فەرمودەیەی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)دەبەستن کە دەفەرمێت:(لافتى الا علي ولاسيف الاذوالفقار).

ئارەزوومەندانی وەرزشی کۆن، یاخود ئارەزومەندانی "زورخانە" وەک ئەمڕۆ ناویان دەنێن،پێیان وایە عەلی دامەزرێنەری ئەم ئارەزووەیە، بۆیە لەکاتێکدا دەست بە ڕاهێنانەکانیان دەکەن ناوی عەلی دەبەن.

ئیبن ئەبی ئەلحەدید دەڵێت:(عەلی باوکی عیلمی کەلام بووە لەئیسلامدا) هەرئەم کابرایە فیقهی ئەبی حەنیفە ومالیک دەداتە پاڵ وانە دادانی عەلی"بۆئەو دوو شەرع ناسە-ورگێڕ"...(٤)هەروەها دەگوترێت:عەلی بنەماوپڕەنسیپەکانی نەحووی زمانی عەرەبی داناوە(٥).

عەلی بەوەش بەناوبانگ بووە کەیەکەم واعیزی زمانپاراو بووە لەئیسلامدا... تا هەنوکەش ئەوکۆمەڵە وتارەی کەدەدرێنە پاڵ وی، کەبە"نهج البلاغە" ناسراون، لەناوموسوڵماناندا دەستاودەستی پێدەکرێت، زۆربەیان وەک قورئانی دووەم سەیری دەکەن و، لەبارەشیەوە دەڵێن:لەقسەی خالق خوارترەو لەسەروی قسەی مەخلوقیشەوەیە.

لێکۆڵینەوەکانی دکتۆر بیرژ ئاماژەدەکەن بەوەی سوپای کۆنی عوسمانی، کەناوی سوپای ئینکیشاری بوو، ڕێبازی "بەکتاشی" یان هەبوو...بەکتاشیش ڕێچکەیەکی

سۆفیگەریەو زیادەڕەوی دەکات لەخۆشویستنی عەلیداو، لەوانەشە لەهەندێ ڕووەوە بیکەنە خودا(٦).

پرۆفیسۆر"نیکلسۆن" دەڵێت:(ئامۆژگاری وگوتەکانی عەلی، زۆربەربڵاون و لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بەسەر زارانەوەن.(٧)...هەروەها پرۆفیسۆر فیلیب حەتی دەڵێت:(عەلی لەکەلەپوری عەرەبیدا لەبریتی سولەیمانی دانایە. چونکە ژمارەیەکی زۆری پەندو ئامۆژگاری ونمونەی لەژمارە نەهاتوو، لەدەوری ناوەکەی کۆکراوەتەوە.لەچاخەکانی ناوەڕاستیشدا ناوەکەی لەسەر زۆرێك لە شمشێرە عەرەبییەکان هەڵکەندرابوو، هەرعەلی بووەتە پێشەنگ ونمونەی باڵا بۆ زۆرینەی کۆمەڵەکانی جوانمەردو دەروێش).(٨)

زۆریش سەیرە کەدەبینین عەلی تاکە پیاوێکە، کەزۆرێك لەمسوڵمانەکان بڕوایان هێناوە بەوەی خواوەند بێت!!.دکتۆر"ئەحمەد ئەمین"دەڵێت:(هەرکەسێکی سەرنجدەر، سەرسام دەبێت لەوهۆکارەی وای کرد بڕوا دروست ببێت بە خواوەندێتی عەلی. ئەمە لەکاتێکدا هیچ کەس نەیگوتووە محەمەد(دروودی خوای لێبێت)خوایە، عەلیش خودی خۆی ڕایگەیاندووە کەپەیگیری ئیسلام و شوێنکەوتەی موحەممەدە...)(٩)

بەڕاستی ئەوەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیرە، شیاوی ڕاڤەکردن وشیتەڵکردنە... نیگەرانی ئەوەین کەدەبینین توێژەرە کۆنەکان گرنگی نادەن بەشیتەڵکردنی ئەم دیاردەیە..وەك ئەوەی بەشتێکی ئاسایی وسروشتی بزانن.کەلە ڕاستیدا یەکێك لەهەرە لەغزە(مێژووی- کۆمەڵایەتی)ە تەمومژدارەکانە، زۆرتریش ئاتاجی بە ڕونکردنەوەیە.

ئیبن خەلدون لایەنێکی ئەم گرفتەی وروژاندووە لەکاتێکدا باسی لە متصوفە کردووە، ئەوسەبارەت بەوان دەڵێت:(انهم لما اسندوا لباس خرقة التصوف، ليجعلوه اصلا لطريقتهم وتخيلهم، رفعوه الى علي)(١٠)...ئیبن خەلدون سەری لەم دانەپاڵە دەسوڕمێت وپرۆتستۆی دەکات.

ئەو وادەبینێت بەبەراورد لەتەك سەحابەکانی تردا، عەلی هیچ تایبەتمەندیەکی نەبوە لەڕووی جلوبەرگ یان حاڵ وباڵیەوە. هەروا ئیبن خەلدون بڕوای وایە ئەبو

بەکرو عومەر لەعەلی دنیانەویست ترنوون. کەواتە بۆچی عەلی تایبەتکرا بەو حاڵەتەوە؟(١١)

ئەم سەرسوڕمانەی ئیبن خەلدون لەجێی خۆیدایە، هەمووتوێژەرێکی کۆمەڵایەتی تریش ناچاربەوسەراسیمەییە دەبێت، لەکاتێکدا لەومێژووەی فیکری ئیسلامی دەکۆڵێتەوە کەلەدەوری کەسایەتی عەلی کوڕی ئەبی تالبدایە.

هەروەها(ئەحمەد ئەمین)یش سەری سوڕدەمێنێت کەهەموو زانستە ئیسلامیەکان دەدرێنە پاڵ عەلی، ئەودەڵێت:(وەك ئەوەی هەمووناوەزەکان ئەزۆك بوبن، جگەلە عەلی کوڕی ئەبی تالب و وەچەکانی...(١٢) هەندێك لەتوێژەرەکان هەوڵ دەدەن شیتەڵی ئەم دیاردە سەیرە بەوەبکەن کەدەڵێن گوایە دەستکردی عەبدوڵای کوڕی سەبەئە، ئەم لێکدانەوەیەش لەخودی دیاردەکە سەیرترە. چونکە(ئیبن سەبەء) هەر چەندە بیلمەت بێت، هێشتر ناتوانێت شتێك لەنەبون دروست بکات. پێویستە لە کەسایەتی عەلیدا چەردەیەك لەسەرکەوتن وناموٚیی هەبوبێت کەوای لێکردووە بێتە جێ سەرنجی خەڵك.

***

شەرعناسی ناسراو(ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) دەڵێت:(ئەوفەزڵەی کەبۆ عەلی هاتوەوباسکراوە بۆهیچکام لەسەحابەکانی ترنەهاتوە)(١٣) هەروەهادەڵێت:( لە هەقی هیچکام لەسەحابەکان نەهاتوە پترلەوەی کەبۆعەلی هاتوە) واتە وەك باسکردنی ڕێزوفەزڵ- وەرگێر- (١٤)

ئەم گوتەیەی کەئەحمەدو گەورە پیاوانی فەرمودەشوناس دەیڵێن، کلیلێکمان دەداتێ کەلەوانەیە چارەسەری ئەم گرفتە ئاڵۆزەی پێبکەین. ئێمەلێرەدا دەبینین ئەوفەرمودانەی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)لەستایش ومەدحی عەلیدا هاتوون، زیاترن لەوانەی کەلەمەڕحی هەریەك لەسەحابەکانی تردا هاتوون. وادیارە ئەم ستایشانەی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)لەمەڕ عەلی لەسەردەمەکانی داهاتوودا بوبێتنە"ناوك"و، دواتر وەچە لەدوای وەچە شتی تری درابێتە پاڵ و بۆی زیادکرابێت. دەکرێت ئەم حاڵەتە بە"کرداری کەڵەکەبوونی فیکری" ناوزەد بکرێت.

خەڵکی ئەگەر"لەبەر هەرهۆیەک" کەسێکیان خۆشویست، دەگەڕێنەوە سەرفەزڵە پێشنەکانی وجارلەدوجاریش، بەشێوەیەکی بێ کۆتایی، شتی زیاتری دەخەنە سەر،

لەزانستی ئەتۆمی نوێشدا زانراوە ئەگەرئەتۆمێک دابەش ودووکەرت ببێت، دەبێتە هۆی دووکەرت بوون ودابەشبوونی ئەتۆمی تر. هەردووکەرت بونێکی نوێیش، دووکەرت بوونی تری بەدوادا دێت. بەم جۆرەش ئەنەرژی ئەتۆمی دروست دەبێت. ئەمڕۆش ئەوکارلێکە، ناسراوەبە" کارلێکی زنجیرەیی–Chian "Reaction".

وادیارە بیری مرۆڤیش لەسەرئەم بناغەیە کاردەکات، هەربیرێکی نوێ بەڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیری دیکەی هاوشێوەی خۆی. ئەمە ئەگەر لەکۆمەڵگەدا کارای یارێدەدەر یاخود بارودۆخی گونجاوی هەبێت،

***

عەلی دوای ئەوە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی دەست پێکرد، کەدەورە درابوو بە هالەیەک لەوفەرمودانەی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)کەئاماژە بەفەزڵ وڕێزی وی دەکەن. قەدەریش وای هێنا کەعەلی ڕاپەڕی بۆبەربەرەکانێی قورەیش و بەرهەڵستی کردنی ئەزعەی چینایەتی قورەیش لەئیسلامدا.

بەوهۆیەشەوە یادکردنەوەی عەلی بویە پەناگەیەکی ڕۆحی بۆهەرکەسێک کە بە دەست ستەم وبەکۆیلەکردنەوە بینالاندایە...ئەمەش بەڕۆڵی خۆی بویە هۆی ئەوەی خەڵکی لەخۆشویستنی عەلی وئاماژەدان بەفەزڵەکانیدا ڕۆبچن...سەرباری ئەوەش کەسەردەمی کۆکردنەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت) هاتەپێش، عەلی پشکی گەورە تیایدا هەبوو.

فەرمودەکانی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)یش، بەشێوەیەکی گشتی پڕکراون لەهەواڵ وحەدیسی درۆ وهەڵبەستراو.وادەردەکەوێت فەزڵەکانی عەلی بەڕێگەی کەڵەکەبوون وەچە لەدوای وەچە زیادیان کردووە.لەسەرەتاوە پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)ڕێگەی خۆشکردووە بۆئەم کەڵەکەبوونە، بەهۆی ئەوەی زۆری

ستایشی عەلی کردووەو فەزڵی ئەوی باسکردووە.بەمەش ڕێگەیەکی فیکری بۆ خەڵکی کردۆتەوە کەلەسنورێکدا ڕانەوەستێت.

لەوانەیە زیادەڕەوی نەکەین گەرئەفسانەکەی عەلی کوڕی ئەبی تالب بەبۆمبی ئەتۆمی بچوێنین، یەکەم ئەتۆم محەمەد خۆی(دروودی خوای لێبێت)دووکەرت و دابەشی کردووە، ئینجا وازی لێهێنا تالەدوای خۆی ببێتە هۆی دابەشبوون ودوو کەرت بوونی زنجیرەداری دیکە...ئەخاسمە دوای ئەوەی عەلی هەستا بەشۆڕشە مەزنەکەی لەپێناوی یەکسانی ودادپەروەری کۆمەڵایەتیدا.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگمان بەم تەرزە بۆدروست دەبێت:چی وایکردووە کە پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)پتر لەهەموو سەحابەکانی مەدح وستایشی عەلی بکات؟.

گومان لەوەدا نیە کەعەلی یەکێك بووە لەگەورە تێکۆشەر وموجاهیدەکان لەو جەنگانەدا کەئیسلام لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)دا کردوونی...عەلی پاڵەوان وقارەمانی جەنگەکانی"بەدر، ئوحود، خەندەق، خەیبەر، حونەین"بوو.هەرکەسێکیش بەسەرنجەوە لەوجەنگانە بکۆڵێتەوە، دەبینێت عەلی قارەمانێکی چەلەنگ بووە...عەلی لەگەڵ هەرکەسێکدا بەشەڕ هاتبێ، کوشتویێتی... تاکو لەناوخەڵکدا ئەوەبڵاوببویەوە:عەلی لەگەڵ هەرکەسێکدا بەشەڕبێت دەیکوژێت.

وادیارە محەمەد سەرسام بووەبەو قارەمانێتیە دەگمەنەی کەعەلی لەخزمەتی ئەو بانگەوازەکەیدا نیشانیداوە، بۆیە لەهەموو بۆنەکاندا ڕێژنەی ستایشی ڕژاندوە بەسەریدا...خەڵکیش ئەم ستایشە چەند بارەیەی محەمەد(دروودی خوای لێبێت) یان لەبەرکردووەو وتویانەتەوە، لەوانەشە لەلای خۆیانەوە کەم تازۆر شتێکیان بۆ زیاد کردبێت.

***

فاکتەرێکی دیکە لەگۆڕێدایە کەوایکردووە محەمەد(دروودی خوای لێبێت) پێداگری بکات لەستایش کردنی عەلیدا. ئەویش بریتیە لەفاکتەری کەسێتی... محەمەدیش(دروودی خوای لێبێت)مرۆڤ بووە، سۆزو ئارەزووی شەخسی هەبووە،

لێکۆڵیاری بێلایەن ناتوانێت ئەم فاکتەرە پشتگوێ بخات، لەکاتێکدا لەژیانی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)دەکۆڵێتەوە.
لەڕاستی دوورناکەوینەوە ئەگەربڵێین:محەمەد(دروودی خوای لێبێت)هەستی بە عاتیفەوسۆزێك دەکرد لەبەرانبەر عەلیدا، کەلەڕوویەك لەڕووەکانەوە لەهەستی باوکایەتی ئەچوو.محەمەد(دروودی خوای لێبێت)منداڵی نێرینەی نەبوو، بێگومان لەوەش بۆنەو ناخۆش بوو، عەرەب بەشێوەیەکی گشتی بایەخی زۆریەمنداڵی نێرینەدەدات.من وانازانم محەمەد(دروودی خوای لێبێت)لەوەدا ڕیزپەڕ بوبێت... لەوانەیە حەزی کردبێت عەلی لەبریتی کوڕی خۆی دابنێت، ئەمەداوی ئەوەی لە سەرەتای ژیانی هاوسەرێتیدا''قاسم''ی کوڕی کۆچی دوایی کرد.
دەگێڕنەوە ڕۆژێك یەکێك لەقورەیشیەکان تانە لەمحەمەد(دروودی خوای لێبێت) دەدات بەوەی کە''وەجاخ کوێر – ابتر''ە، لەزمانی عەرەبیدا بەکەسێك دەگوترێت "ابتر" کەمنداڵی نێرنەی نەبێت. لەوکاتەدا سورەتێکی قورئان هاتە خوارێ کە دەفەرمێت:
( إنا اعطيناك الكوثر، فصل لربك وانحر، إن شانئك هوالأبتر)...هەندێك لەڕاڤەکاران پێیان وایە مەبەست لە''کوثر'' لەوئایەتەدا زۆری وەچەیە.(١٥)
ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)پێی ناخۆش بووە منداڵی نێرینەی نەبێت، بۆیە پەروەردگاری بەڵێنی وەچەی زۆر وزەوەندی پێداوە ...پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)لەمنداڵیەوە عەلی دروستکردووەو، لەماڵی خۆیدا پەروەردەی کردووە. هەرکەعەلی گەورەبوو فاتیمەی کچی خۆیی لێ مارە کرد، لەوانەشە پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)ئومێدی بوبێت لەڕێگەی هاوسەر گیریەکەی فاتیمەوە وەچەی بۆدروست بێت.
ئیبن حەجەر دەگێڕێتەوە:جارێك عەلی دەچێتە ژورەوە بۆلای پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)ولەوکاتەدا عەباسی مامیشی لەلادەبێت. پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)هەستایەوەو باوەشی بەعەلیدا کردو نێوچاوانی ماچ کردو لەلای ڕاستی خۆیەوە داینا. عەباس لێی پرسی:خۆشت دەوێت؟پێغەمبەر(دروودی خوای

لێبێت)فەرمووی:یاعم والله...لله حیاله مني...ان الله عزوجل جعل ذرية كل نبي في صلبه، وجعل ذريتي في صلب هذا) (١٦).
گەرئەم ریوایەتە ڕاست بێت،بەڵگەیە لەسەرئەوەی پەیوەندی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)بەعەلیەوە زیاتربوە لەپەیوەندی ئاسایی نێوان شوێنکەوتەیەك بە پێشەواکەیەوە.
جارێکیان هەندێك سەحابەسکاڵای عەلی یان لای پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) کرد، بەهۆی ئەوەوە ئازار بەرخساری پێغەمبەرەوە(دروودی خوای لێبێت) دەرکەوتوە فەرمووی:چیتان ئەوێت لەعەلی؟چیتان ئەوێت لەعەلی؟ عەلی لەمنەومن لەوم، ئەو وەلی هەموو بڕواداریکیشە لەدوای من(١٧)وادیارە عەلی نزیك بوە لەدڵ و ئاوەزی پێغەمبەرەوە(دروودی خوای لێبێت).ئەوپەروەردەکراوی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)ومێردی کچەکەشی بوە، لەلایەکی تریشەوە پاڵەوانێك بوە لەپاڵەوان وقارەمانەکانی جیهادلەپێناوی بانگەوازەکەیدا...دەگمەنە لەنێو سەحابەدا یەکێکی ترئەو پلەیەی لای پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) پێ ڕابێت کەعەلی پێی براوە.

***

مامۆستاعباس العقاد بڕوای وایە پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)عەلی خۆش ویستوەو خۆشەویستیشی کردوە لای خەڵك بۆوەی ڕێگەی بۆخۆش بکات تاکو لە دوای خۆی خەلافەت بگرێتە دەست...بەڕای عەقاد، پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)نەی ویستووە ئەم ئارەزوەی بسەپێنێت بەسەرخەڵکدا، بەڵکو ویستویەتی خەڵکی بەئارەزوی خۆیان ئەوهەڵبژێرن.(١٨)
عەقاد هەوڵیداوە بەم ڕایەی جێگەیەکی مامناوەندی بگرێت لەنێوان بیروباوەڕی شیعەو بیروباوەڕی سوننە لەمەسەلەی خەلافەتدا، ئەمەش لەڕاستیدا ڕایەکە لە مێژو پێژ خاڵی نیە.
شیعەکان بڕوایان هەیە بەوەی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) ئامۆژگاری کردووەکە خەلافەت لەدوای خۆی بدرێت بەعەلی وئەمەی بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە وئاشکرای وا گوتوە کەبواری دەمبەدەمەی تیادانیە..وەڵێ ئەهلی سوننە بڕوایان

وایە کەپێغەمبەر(درودی خوای لێبێت) وەسێتی نەکردوە خەلافەت بدرێت بەهیچ کەسێک، بەڵکونەوەی بۆڕاوێژ جێ هێشتوە تاکو خەڵکی خۆیان کێیان بوێت هەڵی بژێرن

دواتر عەقاد هاتوە هەوڵی ئەوەدەدات ئەودوو بیروباوەڕە هاودژە بگونجێنێت، دەڵێت: پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت) لەقوڵایی دڵیەوە حەزی دەکرد خەلافەت بداتەعەلی، بەڵام ئەمەی بەڕاشکاوانە ڕانەگەیاند،بەڵکو ڕێ خۆشکاری بۆکردو ئامـاژەی دەدا تـاکو ئـەوەلای خـەڵک خۆشەویـست بکـات کەلـەدوای خـۆی بـە ئارەزووی خۆیان عەلی هەڵبژێرن.

هەرچۆن بێت، ئەم ڕایە، هـەردوو لاقایـل ناکات،گرفت لەوەدایە ئەم دووگروپە ئەوەندەی لەم مەسەلەیەدا ناتەبان لەهیچ مەسەلەیەکی تردا ئەوەندە ناکۆک نین، بە ڕادەیەک ئەم مەسەلەیە تاسنورێکی دوور دژوارونالۆزبێت.

شیعەکان هەزارویەک بەڵگەدێننەوە لەسەرئەوەی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت) کەسی دیاری نەکردووەبۆ ئەوپۆستە، وادیارە هەمووشیان لەبازنەیەکی بۆشدا دەخولێنەوە.لێکۆڵیاری بێ لایەن سەری سوڕ دەمێنێت لەودەمبەدەمەی کەلە سنورێکدا کۆتایی نایەت...چونکە ئاسان نیە توێژەرێک تەسەوری ئەوە بکات پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت) بەڕاشکاوانە وئاشکرا عەلی بکاتە خەلیفە، بەڵام دواتر موسوڵمانان سەرپێچی لەفەرمانەکەی بکەن...هەروا ئاسایش نیە تەسەوری ئەوەبکات پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت) لەدوای خۆی نەتەوەکەی لەناو فەوزایەکی وادا بەجێ بهێڵێت بەبێ پلان ونەخشەیەکی ڕون تالەسەری بڕۆن لە هەڵبژاردنی خەلیفەکەیاندا.

لەڕاستیدا گرفتێکی ئالۆزە، چارەسەرێکی ترنابینمەوە بۆئەم گرفتە مەگەر بەپەنا بردن بۆئەم ڕایەی عەقاد کەجێگەیەکی مام ناوەندی دەگرێت لەنێوان هەردوو گروپەکەدا.

هەروەها توێژەری بێ لایەن لەنێو مەنسوراتی هەردوگروپەکەدا بەڵگەی پشتگیری ڕایەکی عقاد دەبینێتەوە...واش دەبینم هەردوو گروپەکە بێ ئەوەی هەست بکەن ئەم ڕێچکەیەی عەقادیان گرتوە.

شیعەکان لەمەسەلەی دیاریکردنی عەلیدا بۆخەلافەت پشت بەحەدیسی غەدیر دەبەستن... بەڵام ئەهلی سوننە لەمەسەلەی دیاری نەکردنی عەلیدا بۆخەلافەت پشت بەحەدیسی الخمیس دەبەستن، گەربێتو سەرنج لەهەردوو فەرموودەکەش بدەین دەبینین دەگونجێن لەگەڵ ڕایەکەی عقاددا.

دەگێڕنەوە پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)لەدوای حەجیماڵئاوایی لە نێو ئاپۆرەیەکی گەورەی خەڵکدا فەرمووی:(من کنت مولاه فعلي مولاه، اللهم وال من والاه وعاد من عاداه...) ئەم فەرمودەیە کەبە"غەدیر" ناوزەدکراوە هەریەک لە شیعەش وئەهلی سوننەش دەیگێڕنەوە.(١٩)

هەندێک پێیان وایە پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)لەوفەرموودەیەدا دەیەوێت ڕێخۆشکاری بکات بۆعەلی وخۆشەویستی بکات لای خەڵک، تاکوبانگیان بکات بۆ وەی لەدوای خۆی هەڵی بژێرن...بەڵام پێدەچێت مەبەست لەم لێدوانە کاندید کردن بێت نەک دیاری کردن...دیارە جیاوازیەکی گەورەش هەیە لەنێوان هەردوو چەمکی "کاندیدکردن" وچەمکی "دیاری کردن"دا.

فەرمودەی" الخمیس"یش، کەئەهلی سوننە پشتی پێ دەبەستن لەدیاری نەکردنی هیچ کەسێکدا بۆخەلافەت.دیسانەوە فەرمودەیەکە هەردووگروپەکە دەیگێڕنەوەو، کۆک وتەبایشن لەسەر وردەکاریەکانی...بوخاری لەحەدیسی "الخمیس" دا دەگێڕێتەوە:لەکاتێکدا پێغەمبەر(درووەی خوای لێبێت)گەشتەحاڵەتی سەرە مەرگ، کۆمەڵێک پیاویش لەماڵەوە لەلای بوون.فەرمووی:(هلم اکتب لکم کتابا لا تضلوا بعده)عومەر گوتی:پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)ئازارو ئیش بەسەریدا زاڵ بووە وقورئانیشتان لەلایە، پەرتوکەکەی خوامان بەسە...ئەوەبوو ناکۆکی و دووبەرەکی کەوتە نێوان ئەوانەی لەماڵەکەدا بوون، هەندێکیان دەیانگوت:(قربوا یکتب لکم النبي کتابالن تضلوا بعده)هەندێکی تریشیان ڕاکەی عومەریان هەبوو ...کاتێک لەلای پێغەمبەردا پرتەوبۆڵەی زۆریان نیشاندا، پێغەمبەر(درووەی خوای لێبێت)فەرمووی:(قوموا)...ئیبن عەباس دەیگوت:(الرزیة کل الرزیة ماحال بین رسول الله وبین أن یکتب لهم ذلك الکتاب من اختلافهم ولغطهم)(٢٠)

ئیبن خەلدون پشت بەم فەرموودەیە دەبەستێت ودەیکاتە بەڵگە لەسەرئەوەی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)کەسی دیاری نەکردوە تالەدوای خۆی بکرێتە خەلیفە.(٢١) هەندێك لەمێژوونوسـان بڕوایـان وایە پێغەمبـەر(درودی خوای لێبێت)ویستویەتی بەنوسینی ئەونوسراوە عەلی بکاتە خەلیفەوجێگەداری خۆی، بۆئەوەی دوای خۆی لەمەسەلەی خەلافەتدا خەڵکی ناكۆكییان تێنەکەوێت. هەر لەبەرئەوەش فەرمووی:(هلموا اکتب لکم کتابا لاتضلوا بعده).

هەرچۆن بێت، وادەردەکەوێت پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)ویستویەتی بە نوسینی ئەونوسراوە سیستەمی خەلافەت بۆنەتەوەکەی دابنێ، تاكو لەدوای خۆی خەلافـەت نەبێتەچـاوگی نـاکۆکی...هەنـدێك لەتوێـژەران سـەرکۆنەی پێغەمبـەر (درودی خـوای لێبێـت)یـان کـردووە لەبەرئـەوەی کـەدوودڵ بـوو لەنوسـینی نوسراوەکەدا.ئەوەبوو کاتێك هەستی کرد ناکۆکی هەیە لەنێو هاوەڵەکانیدا ئیتر نوسراوەکەی نەنوسی.

ویڵز بەم شێوە تۆمەتئامێزە دەدوێت ودەڵێت:(...محەمەد بەبێ سیستەمێ بۆ پێکهێنـانی حکومەتێکی سەقامگیر، کەکاریگەری ڕای گشتی تێدا دەربکەوێت، وازی لەنەتەوەکەی هێنا. جگەلـەوەش شێوازێکی کردەییشی بۆدیاری نەکردن تاکوبەهۆیەوە سیستەمێکی دیموکراسی بەرجەستە بکات).(٢٢)

بەڕاستی ویڵز ستەمی لەمحەمەدکردووە، لەکاتێکدا تۆمەتێکی ئاوهـای داوەتە پاڵی.چونکە محەمەد ئەی دەتوانی ویستی خۆی بسەپێنێت بەسەرشوێنکەوتووە کانیدا بەبێ ئارەزووی خۆیان.

ویڵز گومانی وایە محەمەد(درودی خوای لێبێت)پادشایەکی ستەمکار بووە، وەك هەرپادشایەکی تری چاخەکانی ناوەڕاست...ڕەنگە محەمەدیشی بەهەمان پێوەری خەلیفە دواییەکانی ئیسلام خوێندبێتەوە، لەڕووی قۆستنەوەی دەسەڵات یاخود بەخشینی دەسەڵات بەویراسەت بەوەچەکان. زۆرجارگرفتی مێژوونووسەکان ئەوەیە ڕووداوەکانی قۆناغێکی مێژوویی بەپێوەری قۆناغەکانی تر دەپێون. ئیدی ئەوجیاوازیە گەورەیە لەبیردەکەن کەلەنێوان قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

محەمەد(دروودی خوای لێبێت)وەکو پادشاکان نەبووە، بەجۆرێ زاڵ بوبێت بەسەر خەڵکیدا وفەرمانی دەرکردبێت وخەڵکیش بەبێ چەندوچوون گوێڕایەڵی بووبن. بەڵکو لەهەڵسوکەوتیدا وەك ڕابەرێ وابووە لەنێو شوێنکەوتوەکانیدا...جاری وا دەبووڕایەکی هەبوو، شوێنکەوتوەکانی لەوڕایەیدا دەمبەدمەیان لەگەڵ دەکرد... زۆرجار دەبوو محەمەد پێشنیارێکی دەکرد، بەڵام شوێنکەوتوەکانی نەدەگونجان لەگەڵیدا، بۆیە وازی لەپێشنیارەکەی دەهێنا.

هەرکەس توێژینەوە لەسەر ژیانی محەمەد لەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە بکات دەبینێت ئەم ڕاستیە تیایدا ڕون وئاشکرایەو بواری دەمبەدمەی تیادا نیە.

محەمەد(دروودی خوای لێبێت)داناو واقیع بین بوو.شتێکی بەسەر هاوەڵەکانیدا نە دەسەپاند کەخۆیان نەیان ویستایە،لەوەدا پەیڕەوی ئەم پەندەی دەکرد کە دەڵێت:(ئەگەر نەتەوێت گوێت لێنەگیرێت، فەرمان بەشتێ بکە کەلەتوانادا نەبێت) بەرشێوازەش توانی پشتیوان ولایەنگر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، گەرنەوەش نەبوایە محەمەد(دروودی خوای لێبێت)فاشیل دەبوو.

ئەودەستەڵاتی لەباوکیەوە بۆنەمابویەوە، هەروا سەربازو یاساوڵی نەبوو ویستی ئەوبسەپێنێ بەسەرخەڵکدا...بەڵکو پێغەمبەرێك بوو بانگەوازی دەکرد بۆئاینێکی تازە، قورئان بەم شێوەیەی وەسف دەکات:"انما انت مذکرلست علیهم بمسیطر"، ئەو(دروودی خوای لێبێت)لەنێوهاوەڵەکانیدا ڕابەرێکی لێبوردەبوو، ڕاوێژی پێ دەکردن وگوێی بۆ بیروبۆچونەکانیان دەگرت...زۆرجاریش دەبوو لەمەسەلەیەکدا سەرپێچیان لێ دەکردوئەم(دروودی خوای لێبێت)بێدەنگ دەبوو داوای لێبوردنی لای خودا بۆدەکردن.

بێئاگایان وادەزانن محەمەد(دروودی خوای لێبێت) فریشتە بووەو هالەیەك لە ڕوناکی ونوردەوری داوەو خەڵکیش بەرەوخۆشویستن وگوێڕایەڵی کردنی چوون وەك چۆن پەروانە بەرەو ڕوناکی دەچێت ودەوری دەدات...ئەمەش باوەڕێکی هەڵەیە ولەگوزەرکردنی کاتەوە سەری هەڵداوە.

هەنوکە موسوڵمانان زۆربەگەورەیی محەمەد(دروودی خوای لێبێت) یان پەرۆز کردووەو لەنێو یادکردنەوەیدا دەتوێنەوەو لەخۆشەویستنی ئەودا نقوم دەبن،

واش خـەیاڵ دەکـەن کەموسـوڵمانە یەکەمینـەکانیش لـەژیانی محەمـەد(دروودی خوای لێبێت)دا هەمان کاریان کردووە.

ملەجەڕێ لەوەناکرێت هەندێك لەسەحابە لەژیانی محەمەد(دروودی خوای لێبێت) خۆشیدا بەوشێوەیە پیرۆزبوە بەلایانەوە، بەڵام ئەوجۆرە سەحابانە کەم بوون و زۆرینـەی موسـوڵمانەکان لەودەشـتەکییانە بـوون کەلەسـەرەتای بانگەوازەکەیـدا ئازاری محەمەدیان داو پێی پێکەنین وپیشاییان بۆدەهاویشت.

بەڕاستی ئێمە ستەم لەمحەمەد(دروودی خوای لێبێت)دەکەین گەر وابزانین توانای هـەبوە ویـستی خـۆی بسەپێنێت بەسـەرخەڵکیدا،لەکاتێکدا خـەڵکی ویـستیان نەبووبێت.چونکە بەڕاستی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)بانگخوازو(پەیامبەر-وەرگێڕ)بوە نەك دیکتاتۆر.

***

بەهـەرحاڵ حەدیسەکەی الخمیس مەغزایـەکی گـەورەی کۆمەلایـەتی هەیـە، لـەو بەسـەرهاتەدا دەبیـنین محەمـەد(دروودی خـوای لێبێت)دەیـەوێت ئامۆژگاریـەك بۆ نەتەوەکەی بنوسێتەوە کەناکۆکیان لێ دووربخاتـەوە لـەدوای خـۆی، کەچی لـەوە پاشگەزدەبێتەوە...رەنگەکاتێ پاشگەزبوبێتەوە کەبینیویـەتی بەکردەوە ناکۆکی کەوتۆتە نێوسەحابەوە!بەرلەنوسینی ئامۆژگاریەکە،کەواتەنوسینی ئامۆژگاریەکە هیچ سودێکی لێ چاوەڕوان ناکرێت.

ابن ابی الحدید دەڵێت:عومەرباسی بەسـەرهاتەکەی الخمیسی کـردوە بۆ"ابن عباس" وگوتویەتی:لقداراد رسول الله فی مرضه ان یصرح باسم علی فمنعت من ذلك حیطة علی الاسلام"(٢٣).

ئێمە ناتوانین دڵنیابین لەڕاستی ئەم هەواڵە، چونکە ئەو ابن ابی الحدیدەی کە گێراویەتیەوە کابرایـەکی موعتەزیلـەبوە...وادیـارە ئـەم هەواڵـەش لەگـەڵ ڕێبـازی موعتەزیلەدا دەگونجێت لەمەسەلەی خەلافەتدا...وادەزانن عەلی لەئەبوبەکر بەڕێز ترولەبـەرتربوو بۆخـەلافـەت، بـەلام پێشیان وایە لەبەر بەرژەوەنـدی موسـوڵمانان دەگونجێت"مفضول" بخرێتەپێش "فاضل"ەوە...لەمەشدا پشت بەوقسەیەی ئەبو

بەکر خۆی دەبەستێ کەلەوتاری دەستپێکردنی خەلافەتەکەیدا کردی وگوتی:( اما بعد...ئەی خەڵکینە من کرامە خەلیفەتان وچاکترین کەسی ئێوەش نیم...")(٢٤)

***

وادیارە عومەر لەبەر بەرژەوەندی ئیسلام ئەی هێشت پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)وەسێتەکەی بنوسێت. ڕاستیەکانی مێژووش سەلماندیان کەعومەر لەم ڕایەیدا پێکابووی.

راغبی ئەصفەهانی دەگێڕێتەوە:جارێکیان عومەر بە ئیبن عەباسی گوتوە:دەی بە خوا ئەی هۆزی عەبدولموتەلیب، عەلی ئێوە لەبەرتربوو بۆئەم کارە-واتە خەلافەت-لەمنیش ولەئەبوبەکریش، بەلام ترساین لەوەی عەرەب یەکدەنگ نەبن لەسەری"(٢٥) ئەمەش ڕیوایەتێکی ترە دیسانەوە دەگونجێت ڕاست بێت ودەشگونجێت ڕاست نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەدور نازانرێت، چونکە دەزانین کەعومەر لە سەردەمی خەلافەتەکەی خۆیدا پێداگرترین کەس بووە لەسەر بەرژەوەندی موسوڵمانان...زۆرجاردەبوو پێچەوانەی مەسەلەیەکی ڕاشکاوانە دەبوەوە کەلە قورئان یان لەفەرموودەی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)یشداهاتوە، وەك ئیجتیهادێ لەلایەن خۆیەوە بەمەبەستی پارێزگاری کردن لەبەرژەوەندی گشتی...(٢٦)ئەمەیش بۆئێمەلەم سەردەمانەدا پەندو وانەیە، پێویستە بەجۆرێکی بابەتیانە سەرنج بدەین لەبەرژەوەندیە گشتییەکانمان، بەوەش دەبینە موجتەهید نەك بەشێوەیەکی حەرفی پەیگیری ئەوحوکمانەبین کەلەقورئان وفەرموودەدا هاتوون وپێچەوانەن لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم بارودۆخەدا.(٢٧)

***

بەهەرحاڵ، عەلی کوڕی ئەبی تالیب خۆی بەلەبەرترین کەس دەزانی بۆخەلافەت، بەلام کاتێك بینی خەڵکی پەیمان بەئەبوبەکر دەدەن، ئەویش لەگەڵ خەڵکەکەدا پەیمانی پێدا.

ئەوەبوو کەخالیدوئەبوسوفیان هاتنە لای وهانیانـدا شۆڕش لـەدژی "ئەبوبـەکر" بەرپابکات، دەری کردن، لەوەدا سەیری بەرژەوەندی ئیسلامی کردو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی پشتگوێ خست...ئەو هاندانەکەی بەمەبەستێکی شەخسی تێدە گەیشت وچاوی لێ پۆشی...بەوەش بویە نموونەیەکی جوان لەنیازپاکیدا.دەڵێن (فاتیمە)سەرکۆنەی(عەلی) کردوە لەسەرئەو بێدەنگ بونەی، لەوکاتەشدا دەنگی نوێژ بەرزبویەوە-عەلی پێی گوت:ئەگەر شمشێرەکەم بەرزبکەمەوە لەئێستە بەولاوە ناوی بابت لەنێوبانگدا نابیستی.

***

وەك بینیمان، عەلی دڵسۆزبوو بۆئەبوبەکروعومەر..وادیارە عەلی بۆ لەدەستدانی خەلافەت لەسەردەمی ئەبوبەکرو عومـەردا ئازاری نەچەشتبێ...بەلام ڕەنگـە لـە دەست چونی خەلافەتەکە لەدوای عومەرەوە، ئەمی هەژاندبێ وداخی نابێ بەدڵیا - وەافی خۆشیەتی.

لەسەردەمی عوسمانـدا، عەلی هەستی بەچەند قات ئازارکرد. ئەخاسمە کەبینی قورەیش هەوڵ ئەدات ئەوسەردەمە بۆخۆی بقۆزێتەوەو، مەسەلەکان بگێڕێتەوە بۆ باری پێشویان. لەم ڕوەوە سێ پیاوپشتگیری عەلییان ئەکرد، کەبرێتی بوون لە:" ئەبوزەڕ، عەممار، سەلمانی فارسی".(٢٨)

ئەوسێ کەسە پێکهاتەیەکی سەیریان پێکهێنابوو. هەریەکێك لەوانە کەسایەتی یەکی عەنتیکەوسەیریان هەبوو، هەریەکێکیش لەوان زۆریان ڕق لەقورەیش بوو... سەیریش لەوەدایە هەریەك لەوسێ سوارچاکە بەرلەوەی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)ببینن یاخودهـەواڵی بزانن، کەمەندکێشی ئاینەکەی بوون.دواتر و لە سەردەمی عوسماندا،دەبینین هەرسێکیان لەدەوری عەلی کلێردەبنەوەو، شەڕێکی بێ دەربەستانەش لەدژی قورەیش ڕادەگەیەنن.

یەك لەوقسانەی دراون بەلای پێغەمبەردا(دروودی خـوای لێبێت)ئەم قسەیە کە دەڵێت:(بەهەشت ئامـەزرۆی چوارکەسـە: عـەلی وعەممارسـەلمان وئـەبی زەڕ) (٢٩)...ئـەرێ تۆبێـژی هەربەڕاسـتی پێغەمبـەر(درودی خـوای لێبێـت)وای

فەرموبێ؟؟یاخود فەرمودەناسەکان، دوای ئەوەی بینیویانە ئەوچوارکەسە شۆڕش لەدژی قورەیش دەکەن، ئەوجا ئەوقسەیان داهێناوە؟؟.
وادەزانم "ئەبوزەڕ وعەممار وسەلمان" لەوانەبوون کەڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوەلە بڵاوکردنەوەی ئەوفەرمودانە لەنێوخەڵکیدا، کەباس لەڕێزی عەلی دەکەن... لەبەریشدا دیتمان چۆن ئەبوزەڕ ڕابەرایەتی بزاڤی ئەعرابیەکانی دەکرد لەدژی عوسمان...ئەمە لەوەختێکدا"سەلمان وعەممار"یش، پێشڕەویتی بزاڤ کۆیلەو چەوساوەکانیان دەکرد.
لێرەدا ئەوەی شیاوی باسە، ئەوەیە کەئەو شوێنانەی هەریەك لەوسێ کەسە تیایاندا نیشتەجێ بوون، دواتر بونەتە سەنتەری هاندان ودنەدان بۆعەلی. عەممار لەسەردەمی عومەردا لەکوفە دادەنیشت و والی ئەوشارەبوو، دواترکوفە بویە پایتەختی شیعەگەرێتی لەهەموجیهانی ئیسلامیدا...سەلمانیش کاروباری مەدائینی گرتەدەست.دواتر وەك پرۆفیسۆر"ماسنیۆن" ئاماژەی پێدەدات، مەدائین بویەپێگەی شیعەگەرێتی.(٣٠) ڕەنگە شیعەچێتی لەوێندەرێوە گەشتبێ بەفارسەکان.
معاویە جارێکیان ئەبوزەڕی دوورخستەوە بۆشاخی"عامل"...(٣١)تا هەنوکەش ئەوشاخە پێگەی گرۆی"متاولة"یە، واتە ئەوانەی عەلی دەکەنە والی خۆیان.

***

لەسەردەمی عەلیدا گرفتێکی فیکری سەری هەڵدا، کەدەگونجێت ناوی بنێین گرفتی"پێچەوانەبوونەوەو ناکۆك بوونی فەرمودەکان"...ئەم گرفتەش بە هۆی زۆری ئەوفەرمودانەوە سەری هەڵدا کەخەڵکی لەستایشی سەحابەدا دەماودەمیان پێدەکردو، دەیانگێڕایەوە.
پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)هەرگا ستایشی هەرسەحابەیەکی بکردایە بە فەرمودەیەك. فەرمودەکەی لەوکاتەدا دەبوە نازناوێ یاخود لەبریتی مەدالیایەك دەبوو، خاوەنەکەی هەڵی دەگرت وشانازی پێوە دەکرد.

لەسەردەمی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)دا، مەدالیا یاخود پلەی سەربازی نەبووە، کەوەک دەستخۆشانە بدرێتە ئەوانەی خاوەنی خزمەتگوزاری بالآبوون... لەبەرئەوە پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)بەوشەیەکی کورت کەبەسەر زارەوە هاسان بێت، ستایشی ئەوانەی دەکرد کەدەیویست دەستخۆشانەیان لێبکات. ئەوستایشکردنە، وەک ئەومەدالیایەی لێدەهات کەئەمڕۆ گەورەپیاوان هەڵی دەگرن...ڕەنگە ڕاست بێت بڵێین:پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) ئەومەدالیایەی بەخشیوە بەژمارەیەکی زۆر لەهاوەڵەکانی...هەرکەس کارێکی پیرۆزی بکردایە لە خزمەتی ئیسلامدا، پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)مەدالیایەکی پێدەبەخشی کە دەبوە مایەی شانازی بۆخۆی و وەچەکانیشی لەدوای خۆی.

لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)، موسوڵمانان ئەو فەرمودانەیان کۆکردەوەو پیرۆزیان دەکردن...بەگوزەرکردنی ڕۆژگار بەهاو ئەرزشی ئەوفەرمودانە زیادی کردو، لەدیدی موسوڵماناندا بونە حوکم گەلێ ڕەها کەناکرێت دەمبەدمەیان تێدا بکرێت یاخود گومانیان لێبکرێت.

ئاشکرایە زۆربەی کات پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)لەوفەرمودانەیدا هیچ مەبەستێکی تری نەبووە جگەلەهەڵنان ودەستخۆشانە...بەلام موسوڵمانان ئەو بارودۆخەیان پشتگوێ خست کەببونە هۆی گوتنی فەرمودەکان. بەڵکو وایان لە قەڵەمدەدا کەفەرمودەکان" تنبؤ"ن، پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)ویستویەتی ڕێنمایی نەتەوەکەی پێبکات لەدوای کۆچی دوایی خۆی.

لەمەوە گرفتێکی کۆمەڵایەتی گەورە سەری هەڵدا...لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)، ڕێکەوت وابووسەحابەکان ناکۆکی و دوو بەرەکییان تێکەوت. ئیدی هەریەکێک لەوان پشتی بەو مەدالیایە دەبەست کەپێی بەخشرابوو. بەپشت بەستن بەمەدالیاکەی خۆی پڕوپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە تەنها وی، لەنێو هەموو هاوەڵەکاندا، پێکاویەتی ولەسەر هەقە.

بەوهۆیەوە موسوڵمانان سەراسیمەبوون، خەڵکی دەیان بینی ئەوکەسانەی کە خاوەنی "مەدالیای ئەبەوی"بوون، ناکۆک بوون ودژایەتی یەکتر دەکەن. بۆیە حەپەسان وپرسیاریان کرد:چۆن هاوەڵانی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)ناکۆک

دەبن، لەکاتێکدا ئەوان وەکو ئەستێرە وان وجیاوازی نیە لەنێوانیاندا، لەڕووی ئاستی ڕێنمونی ورەشادیانەوە؟.

لەو ڕووداوە ناخۆشەی کەلەبەسرەدا لەنێوان لایەنگرانی عائیشەولایەنگرانی عەلیدا ڕوویدا، ئەم گرفتەزۆر بەئاشکرا دەرکەوت.

لەو ڕووداوەدا "عەلی،عەممار، حەسەن، حسەین" لەلایەك بوون و "عائیشە وتەڵحە و زوبێر" لەلایەکی تربوون. لای خوێنەریش شاراوەنیە کەئەو باردۆخە چ ململانێ یەکی سایکۆلۆژی لەنێودەرونی مسوڵماناندا دروست دەکات. چونکە لەهەر یەکێك لەو دولایەنەدا کەسانێك دەبینران کەخاوەنی مەدالیای بەرزبوون کەبەستایشی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)رازێنرابوونەوە.

هەرچی عائیشەیە، پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)ستایشێکی زۆری کردووە و زۆریشی خۆشویستوە، هەڵی بژاردووە بەسەرخێزانەکانی تردا..لەگەڵ ئەویشدا " تەڵحە"دەبینرا کەپێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)ناوی نابوو"تەڵحەی خێر". هەروەها"زوبێری حەواری پێغەمبەر" کەپێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)مژدەی ئاگری داوە بەوکەسەی زوبێر دەکوژێت.

لەبەرەی دژیشدا، عەلی دەبینین کەبەسەر سنگە پانەکەیەوە زۆرترین ژمارەی مەدالیای هەڵگرتووە. لەگەڵ ئەودا عەمماردەبینرا"کەپێرێکی یاخی دەیکوژن"، هەروەها حەسەن وحسەینیش کەبابە گەورەیان(دروودی خوای لێبێت)دەربارەیان فەرمویەتی:دووگەورەکەی گەنجانی بەهەشتن وئەگەر دابنیشن یاخود هەستنەوە هەرپێشەوان!!.

کەواتە گرفتەکەئاڵۆزە!!... لەوەختی ڕووداوەکەی جومەلدا، کابرایەك کەدووچاری ئەم گرفتە ببوو، هاتە لای عەلی وپرسیاری لێکرد: ئایا دەگونجێت زوبێر وتەڵحە و عائیشە لەسەر باتڵ کۆببنەوە؟...ئەم پرسیارەش زۆر بێزارکەرە.عەلی لە هەمبەر مەسەلەکەی خۆیدا چاوڕوون بوو...بۆیەلەوەڵامی ئەوکابرایەدا گوتی:(إنك لملبوس عليك، إن الحق والباطل ليعرفان بأقدار الرجال...اعرف الحق تعرف اهله، واعرف الباطل تعرف اهله).(٣٢)

بەوپێیە ئاریشەکە لای عەلی بریتیە لەململانێی نێوان هەق وباتڵ، نەك ململانێی نێوان فەرموودەکان. دکتۆرتەها حسەین لەمەڕ ئەو وەڵامەی عەلی دەڵێت:(لەدوای ئەوەی نیگانەماوە، هیچ وەڵامێك لەم وەڵامە جوانترم پێ شك نایەت. کەهیچ کەسێك لەمەڵەبەدەر ناکات بەپلەوپایەی کەسەکەش هەرچەند بێت. هەقیش پاوان ناکات بۆهیچ کەس بەئەو کەسە پایەوپلەی هەرچەند بێت)(٣٣)

گرفت لەوەدایە خەڵکی لەوقسەیە تێناگەن کەعەلی کوڕی ئەبی تاڵب دەیکات، یان لەوقسەیەی کەدکتۆر تەها حسەین دەیکات. مرۆڤ کاتێك سەری لێ تێك بچێت، ناتوانێت بەڕوونی جیاوازی بکات لەنێوان هەق وناهەقدا... هەر گروپێکیش پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کەخۆی لەسەرهەقە وبەڵگەی نەقلی وئەقڵیش دێنێتەوە بۆپشتگیری کردنی پایەکەی خۆی.

عەلی دەڵێت:(هەق ئاشکرایەو باتڵیش هەروەها ئاشکرایە...تەنانەت خەریك بوو هەق وباتڵ بەچاوی سەر ئەبینی. بەڵام خەڵکی زۆرجار بەبێ ئەوەی هەست بکەن لایەنداری دەکەن لەبینینی هەق وناهەقدا... هەرمرۆڤێك بگری لەنێو ناوەزیدا چوارچێوەیەك هەیە کەسنور بۆبیرکردنەوەی دەکێشێت. کەواتە مرۆڤ ناتوانێت هیچ شتێك ببینێت، مەگەر ئەوشتە بکەوێت نێوبواری ئەوچوارچێوەیەوە.(٣٤)

لەڕووداوی "جومەلدا، بەشێك لەخەڵکی سەرنجیاندا عائیشەی دایکی ئیمانداران لەمەدینەی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)ەوە هاتوەو، داوای خوێنی ئەو خەلیفەیە دەکات کەبەستەم کوژرا...هەموونەمانەش هەقن وگومانیان تێدا نیە. بۆیە کاتێك چوارچێوە فیکریەکەی خۆیانیان بەسەردا چەسپاندووە جگەلەو (ڕاستیانە – وەرگێڕ) هیچی تریان نەدیوە... بۆیە یەکێك لەوان دەیگوت:

یا امنا عائش لا تراعي    کل بنیك بطل المصاع (٣٥)

***

وەلێ گروهەکەی تر، لەڕویەکی پێچەوانەوە سەیری هەقیان دەکرد. بینیبویان عەلی بووەتە خەلیفە، کەچی عائیشە هاتووە داوای تۆڵەکردنەوە لەبکوژانی عوسمانی لێدەکات. بەزلەوەی بەتەواوی بارودۆخی بۆهێور بوبێتەوە... بۆیە یەکێکیش لەمان گووتی:

يا امنا اعق ام نعلم        والأم تغذو ولدها وترحم
اما ترين كم شجاع يكلم        وتختلى منه يدومعصم (٣٦)

***

ئەوان لەڕوویەکەوە سەیری هەق دەکەن وئەمانیش لەڕوویەکی ترەوە...هیچ لایەکیشیان ناتوانێت لەلۆژیکی لایەنەکەی تر تێ بگات. لەمەڕ کوژراوەکانی ناو لایەنگرانی عائیشە، جارێکیان پرسیارکرا لەعەلی لەوەڵامدا گوتی:(هەرکەس بجەنگێت ونیازی ڕاست بێت لەسەرخستنی هەقدا لەبەر ڕەزامەندی خودا، ئەوە چارەنوسی وەك چارەنوسی شەهیدان دەبێت)(٣٧).
عەلی بەم وەڵامەی خەڵكی دەكات بەدووبەشەوە: بەشێك بەدڵسۆزی دەجەنگێت و دڵنیاشە لەوهەقەی کەلەپێناویدا دەجەنگێت.ئەم جۆرە هەمان چارەنوسی شەهیدانیان هەیە...کۆمەڵێکی تریش لەپێناوی مەبەستێکی شەخسیدا دەجەنگێت و وادەردەخات کەداوای هەق دەکات، ئەمەتاوانبارەو هەمان چارەنوسی خەتاكارو تاوانبارانی هەیە.
لام وایە عەلی جیاوازی کردوە لەنێوان لایەنگرانی عائیشەو لایەنگرانی معاویەدا... ئەو لایەنگرانی عائیشە بەموجتەهید لەقەڵەم دەدات: داوای هەقیان کرد بەڵام بە هەڵەدا چون لەداواکردنیدا...وەلێ لایەنگیرانی معاویە لەدیدی ویدا دنیاویست و داواکاری موڵك ودەستەڵات بوون...بۆیە داوای خوێنەکەی عوسمانیش دەکەن تاکوبیکەنە بەڵگەومیکانیزمێك بۆوەی بگەنە ئامانج ومەبەستی حەشاردراویان، ئەوەیە ئەومەرامەی کەلەپێناویدا هەوڵ دەدەن.
عەلی نوسراوێك بۆمعاویە دەنێرێت وتیایدا دەڵێت:"ئەوەی کەداوات لێکردووم بکوژانت بۆبنێرم، من واناکەم، چونکە دەزانم تۆ بۆیە داوای دەکەیت تاکو بیکەیتە پاساوێك بۆئەوەی کەمەبەستتەو، پێی بگەیتە ئامانجی خۆت و، تۆداوای خوێنی ئەو ناکەیت"(٣٨).

مامۆستا "النصولی" بەم تەرزە لەونوسراوە دەدوێت: "کۆمەڵێك وشەی نادیار و شاردراوەن، دڵنیایی نادات بەدەرون، چونکە ئەرتۆمەتەی لەخۆی دورخستەوە کە معاویە بەویەوە لکاندبوو"(٣٩).

من واگومان نابەم عەلی لەونوسراوەیدا تەمومژداربوە، بەڵکو ڕون وڕاشکاوبوە لەو نوسـراوەیدا ولەزۆربـەی گوفتاروکردارەکانیـشیدا... ئەوکەسـەش کەعـەلی بـە تەمومـژداردەبینێت، ئەوکەسـەیە کەلەچاویکەی دوژمنایەتیـەوە سـەرنجی عـەلی دەدات.

بەڕاستی پێشبینیەکەی عـەلی لەمـەڕدەرونی معاویـە ڕاست دەرچـوو، وەك چۆن پێشتر لەمەڕعائیشەخانی دایکی موسوڵمانان ڕاست دەرچووبوو... عائیشە زۆر پەشیمان بـوو لـەوەی بەرانبـەر عـەلی کردبوی، ئەوەنـدەش گریاتـاکو پەچەکەی ڕوخساری بەتـەواوی تـەڕبوو(٤٠)... بـەڵام معاویـە بـەردەوام شـەڕی لەگـەڵ عەلیدا کرد لەپێناوخوێنەکەی عوسماندا، بەڵام هەرکەسەرکەوت وەك بینیمان عوسمانی لە بیرچوویەوەو داواکردنی خوێنەکەشی پشتگوێ خست.

مێژوونوسان دەڵێن: عائیشە دەربارەی جومەل دەیگوت: (دەخوازم بیست ساڵ بەر لەو ڕۆژە بمردمایە) لەدوای گەڕانەوەشی لەبەسرە دەیگوت: (دەی بەخوا، دانیشتنم لـەو ڕۆژەدا گەربلوایە بۆم خۆشترە بەلامەوە لـەوەی دەکوڕم ببوایە لەپێغەمبەری خوا) (٤١).

***

"مبرد" دەگێڕێتـەوە کەمعاویـە ڕۆژێـك بەعائیشە دەڵێـت: (هیـوام خواست ڕۆژی جومەل بکوژرایتایە!) عائیشە گوتی: (بۆچی... بێ باوك بیت!) گوتی: (تۆ دەمردیت و دەچـوویتە بەهەشـتەوە، ئێمـەش تۆمـان دەکـرد بەگـەورەترین لەکـە بەسـەر عەلیەوە). (٤٢)

(جاحز) دەگێڕێتەوە کەمعاویە ڕۆژێکیان ڕای گەیاند، گوایە یەکێك لەوهۆکارانەی یارمەتیانداوە سەرکەوێت بەسـەرعەلیدا ڕۆژی "جومـەل" بوە، لەمـەڕ عـەلی گـوتی: (وخلا بأصحاب الجمل فقلت إن ظفربهم عليه وهنا فيدينه، وإن ظفروا به كانوا اهون عليّ شوكة منه...) (٤٣) واتە: "ئەگەر عـەلی سەربکەوتایە بەسەرئەواندا ئەوەم

دەکردە بەڵگەیەک لەسەر لاوازی دینداری عەلی. ئەگەریش ئەوان سەربکەوتنایە بەسەر عەلیدا، ئەوا ئەوان لەبەرانبەرمدا شەوکەت ودڕک وهێزیان لەعەلی کەمتر دەبوو).

لەمەوە دەردەکەوێت کەمعاویە وەک عائیشە موجتەهید نەبوە لەشەڕەکەی لەگەڵ عەلیدا، بەڵکو بەدوای مەبەستێکدا وێڵ بوو، لەوپێناوەشدا هەرچیەک دەستی پێڕا گەشتبێ بەکاری هێناوە، تەنانەت ئەگەر بیتوانیایە عائیشە دەرمانخوارد بکات بۆ ئەوەی ناوبانگی عەلی پێ لەکەداربکات، ئەوکارەی دەکردوتیایدا دوودڵ نە دەبوو.(٤٤)

هەرکە باروودۆخ بۆمعاویە یەکلایی بویەوە، ئیتر کون بەکون بەشوێن لایەنگرانی عەلیدا دەگەڕاو جنێودانی بەعەلی لەهەموو قونوتی نوێژو وتاری مزگەوتەکاندا کردە سونەت.

"ابن ابی الحدید"دەڵێت:(معاویە نامەی نوسی بۆفەرمانبەرەکانی وتیایداگوتی: "إني برئت الذمة ممن روى شيئا من فضائل ابى تراب واهل بيته" ئەوە بوو وتار بێژان لەهەمولایەکەوە لەسەرهەموو دوانگەکان هەستان ودەستیان کردبە نەفرەتکردن لەعەلی وخۆیان لەو بەری دەکردوباسی خراپی خۆیی وبنەماڵەکەیان دەکرد. (٤٥) کۆمەڵێک پیاوهاتن بۆلای معاویەو سەرزەنشتیان کرد لەسەر ئەو کارەو پێیان گوت:(تۆ بەمەرامی خۆت گەشتویت...ئیتردەست هەڵناگریت لە نەعلەتکردن لەوپیاوە"واتە لەعەلی"....؟ معاویە گوتی:(نابەخوا...تاکو بچوکەکان "منداڵەکان" لەسەری پەروەردە دەبن و، گەورەکانیش لەسەری پیردەبن و، ئیتر کەسێک نابێت باسی فەزڵی ئەو بکات)(٤٦)

لام وایە معاویە لەم مەسەلەیەدا ئەوسیاسەتی زیرەکیەی بەکارنەهێناوە کەببوە سیمای ئەوو پێیەوە ناسرابوو...معاویە لەبیری چووە کەمرۆڤ پێداگرە لەسەر هەر شتێک کەلێی یاساغ بکرێت...خەڵکی بەنهێنی دەستیان کردە باسکردنی فەزڵەکانی عەلی و، زیادەڕەویشیان تێداکرد.لەکاتێکدا بینیان دەستەڵاتدارەکانیان ڕێیان لێدەگرن لەوەی بەئاشکرا باسی فەزڵەکانی عەلی بکەن.

ئەگەر دەستەڵاتداریَ ویستی فەزڵی کەسێك بڵاوبکاتەوە، هیچی لەسەر نیە ئەوەندە نەبێت باسکردنی ئەو فەزڵانە قەدەغە بکات!!..بەوەش دەبینێت خەڵکی بە تامەزرۆییەوە باس وخواسی ئەوفەزڵانە لەبەردەکەن و، هەوڵ وتەقەلای بڵاو کردنەوەیان دەدەن.

من سەرسامم لەمعاویە کەچۆن ئەوڕاستیەی پشتگویَ خستوەو، بە جۆرێك لە تەکیدا مامەڵەی کردوە کەپێچەوانەیە لەگەڵ دووربینی و زیرەکیەکەی ئەودا.

عەبدوڵای کوڕی عروەی کوڕی زوبێر بەکوڕەکەی خۆی دەڵێت:( ئایا نابینیت وتاریێژانی هۆزی ئومەییە چۆن چۆنی عەلی لەکەداردەکەن؟.دەی بەخوا وەکو ئەوە وایە ناوچەوانی بەرز بکەنەوە بۆئاسمان...ئایا نابینیت چۆن بۆمردووەکانی خۆیان دەگرین وچاکەکانیان باسدەکەن وبڵاوی دەکەنەوەو، شاعیرەکانیان پیایاندا هەڵدەدەن؟وەك ئەوە وایە بەبۆگەنی کەلاکی کەردا هەڵبدەن!!..)(٤٧)

ئەم توندڕەویەی کەئەمەوییەکان لەزەمکردنی عەلیدا پەیڕەوییان دەکرد، خەڵکی لەبەرانبەریدا بەهەمان توندڕەویەوە ستایشی عەلییان ئەکرد. کرداریش لەزۆربەی کاتەکاندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پەرچەکردار...هەندێك لەمێژووەوانان وادەزانن ئیبن سەبەء ئەوزیادەڕۆچوونەی لەهەقی عەلیدا لەناوخەڵکیدابلاو کردۆتەوە...وەلیَ لەڕاستیدا ئەمەوییەکان خۆیان ئەو زیادەڕۆچوونەیان بڵاوکردەوە.

ئەوەی قوڕەکەی خەست کردەوە، ئەوەبوو کەزۆربەی شەرعناس وفەرمودەناسان لەسەردەمی ئەمەوییەکاندا لەموالیەکان بوون.(٤٨)... ئەمەوییەکان لەهەمان ئەو کاتەدا کەسەرزەنشتی عەلییان ئەکرد، ڕقێکی زۆریان لەکۆیلەو موالیەکانیش هەبوو، بەکەم وناتەواویان دەزانین...بەوەش عەلی بویە دروشمی موالیەکان و، ئەمان بەڕۆڵی خۆیان بەبڵاوکردنەوەی فەزڵەکانی عەلی بەربەرەکانێی دەستەڵاتدارانیان دەکرد.

بەتێپەڕینی ڕۆژگار، فەزڵەکانی عەلی زیادیان کرد... تاچەندە ئەمەوییەکان سەرزەنشتیان بکردایە، ناوی ئەو لەنێوخەڵکیدا بەرزدەبوویەوە..تادواجار وای لێهات چووە ڕیزی خواوەندەکانەوە!!.

***

پێشتر باسمان لەیەکێک لەوگرفتە فیکریانەکرد کەلەسەردەمی عەلیدا سەری هەڵدا، ئێستاش باس لەگرفتێکی تردەکەین کەبریتیە لەگرفتی پەرتەوازەکردنی کۆمەڵی موسوڵمانان... ئەم ناریشەیەش زۆرگرنگە، بەڵکو لەڕاستیدا یەکێکە لەهەرە گرفتە پربایەخەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی. ئێستاش زانایانی کۆمەڵناسی ناویان ناوە (گرفتە دوولایەنەکە).

لەهەموو کۆمەڵگەیەکی جوڵەدار وپرپزاوتدا، دەبینین کۆمەڵێک بانگەشەبۆ بیرو باوەڕێکی نوێ دەکەن، کۆمەڵگەش بەوەتوشی دڵەڕاوکە دەبێت و، لەئەنجامیشدا پەرتەوازە دەبێت... ئەم گروپە پەرتەوازەکارە، لەسەرەتاوە بەگرۆهێکی یاخی و گومرا ناوزەد دەکرێن و، لەهەموو لایەکەوە تۆمەتبار دەکرێن.

بەڕاستی ئەوکۆمەڵە، کۆمەڵ پەرتەوازە دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا گیانی نوێ بوونەوەو پێشکەوتن دەکەن بەبەرکۆمەڵگەدا. بەبێ ئەوەش کۆمەڵگە دۆگمادەبێت و، لەوقەتیس بوونەدا دەمێنێتەوە کەڕۆژێک لەڕۆژان کۆمەڵگە لەناودەبات.

***

دیرۆکی ئیسلامی پیاوێکی تری نەناسیوە وەکو عەلی کۆمەڵی پەرتەوازەکردبێت ...عەلی لەپەرتەوازەکردنی کۆمەڵی موسوڵماناندا هەربەخۆیەوە ڕانەوەستا، بەڵکو ئەم نەزعەیەی خۆیی گواستەوە بۆوەچەکانی.

هەرکەس مێژووی عەلەویەکان بتوێژێتەوە، دەبینێت شۆڕشگێڕێکی سەیربوون، لەمێژووی ئیسلامدا وەچەیەک تێنەپەڕیوە تیایدا خەڵکی هەواڵی شۆڕشێکیان نەبیستبێت، کەکابرایەکی عەلەوی یان یەکێکی سەربەوبنەماڵەیە بەرپای کردبێت. شاردراوەنیە کەیەکەم جەنگی ناوخۆیی لەنێوموسوڵماناندا لەسەردەمی عەلیدا بەرپابوو. زۆرجار عەلی بەتاوانی ڕشتنی خوێنی موسوڵمانان تۆمەتبارکراوە... تەنانەت ئیبن عەباس کەئامۆزاو پشتیوانی بوو، جارێک ئەم تۆمەتەی دایەپاڵی. دەڵێن ئیبن عەباس لەکاتێکدا فەرمانبەری عەلی بوو لەبەسرە شتێکی لە(بيت المال) هەڵگرتبوو، دواترشتەکەی برد...عەلی نامەیەکی بۆنوسی و، سەرزەنشتی کردوو

هەڕەشەی لێکردوترساندی لەخودا. ئیبن عەباس بەم تەرزە وەڵامی دایەوە: ئەو پێی باشترە بچێتە بەردەمی خواوشتێك لە(بیت المال)ی موسوڵمانانی لەگەردندا بێت... نەك بچێتە بەردەمی خواو ئەوخوێنانەی لەگەردندا بێت کەلە ڕۆژانی جومەل وصەفین ونەهرەواندا ڕژان..!! کاتێ عەلی ئەووەڵامە ڕەقەی خوێندەوە، گوتی:(ئەدی ئیبن عەباس بەشداری لەگەڵماندا نەکرد لەڕشتنی ئەوخوێنانەدا؟)

عەلی گوێی نەدەدا بەوتۆمەتە، بڕوای پتەوی بوو بەوەی لەهەمووشەڕەکانیدا لە پێناوی ڕێگەی خواداجەنگاوە...ئەمڕۆ لەگەڵ معاویەدا دەجەنگێت وەك چۆن دوێنێ لەگەڵ ئەبوسوفیانی باوکیداجەنگابوو، لەدیدی ویدا جیاوازی نیە لەنێوان ئەودوو جەنگەدا.

محەممەد(درودی خوای لێبێت)کۆمەڵی قورەیشی تێکداو، خوێنیانی ڕشت... دوای ئەوعەلی هات وکۆمەڵی موسوڵمانانی پەرتەوازەکردو،خوێنیانی ڕشت..جا ئایا هیچ جۆرە جیاوازیەك هەیە لەنێوان ئەو دوو خوێن ڕشتنەدا؟

عەلی دەڵێت جیاوازی نیە...دوژمن وناحەزەکانی عەلیش دەڵێن جیاوازیەکی گەورە هەیەلەنێوان ئەودوو خوێن ڕشتنەدا...چونکە ئەوەتا محەممەد(درودی خوای لێبێت)لەپێناوی ئەوەدا شەڕوجیهادی کرد، تاکو خەڵکی موسوڵمان بن... کەچی لەدوای ئەوەی موسوڵمان بوون، عەلی هاتووەو شتێکی تری لێیان دەوێت.

***

لایەنگرانی عەلی لەصەفیندا، هاواریان دەکردە دوژمنەکانیان ودەیانگوت:

نحن ضربناکم علی تنزیله والیوم نضربکم علی تاویله (٥٠)

واتە: ئێمە لێمان دان وشەڕمان لەگەڵ کردن لەسەر دابەزینی قورئان، ئەمڕۆش لێتان دەدەین وشەڕتان لەگەڵ دەکەین لەسەر تەئویل و ڕاڤەکردنی قورئان.

***

ئەمە یانی عەلی لەسەردەمی محەمەد(درودی خوای لێبێت)دا شەڕی قورەیشی دەکرد لەسەر دابەزینی قورئان، ئەمڕۆش لەگەڵیاندا دەجەنگێت لەسەر ڕاڤەو تەئویلکردنی قوئان.

وەك گوتمان عەلی پێی وابوو قورئان "هەڵگری چەند دیویکە". هەرپێرۆگروپێك دەتوانێت بەگوێرەی مەرامی خۆی پشتگیری لەقورئاندا بۆخۆی بدۆزێتەوە... لەبەرئەوە لەدیدی عەلیدا تەنها قورئان بەس نیە بۆڕێنمویی خەڵك، بەڵکو قورئان پێویستی بەڕاڤەیەکی گونجاوهەیە تاکونەوپەیامە کۆمەڵایەتیە بگەیەنێت کەلە پێناویدا دابەزیوە.

معاویە قورئانی دەخوێندونوێژی دەکردو ڕۆژوی دەگرت وحەجیشی دەکرد... لەو ڕووەوە جیاوازیەکی بناغەیی نەبوولەگەڵ عەلیدا... وادەردەکەوێت عەلی ئەوەندەی گرنگی دەدابە دادگەری کۆمەڵایەتی بەوئەندازەیە گرنگی نەدەدا بەسروتە ئاینییەکان... لێشی دەگێڕنەوە گوتویەتی:(چەندین ڕۆژوەوان هەیە کەجگە لە برسێتی وتێنوێتی هیچیان پێ نابڕێت، چەندکەسی شەو نوێژکەریش هەیە جگە لەشەو نخونی ونارەحەتی چیتریان پێ نابڕێت، دەی خۆزگە بەخەوو خواردنی– ئاوەزدارو ژیرەکان)(٥١).

ئەوگرفتەی کەعەلی لەژیانیدا ڕوبەڕوی بوەتەوە، ئێمەش ئەمڕۆ ڕوبەڕوی دزێوترین وێنەی دەبینەوە...ئێمەئەمڕۆ لەنێوەندی دووڕاڤەی دژبەیەکی ئایندا وەستاوین... خەڵکێك بانگەشەدەکەن بۆئاینی سروتە ودروشمەکان وجگە لەوە گوێ بەهیچی ترنادەن...هەندێکی تر بانگەشەدەکەن بۆدادپەروەری ویەکسانی وبەرتەسك کردنەوەی جیاوازیەئابوریەکان لەنێوان خەڵکیدا، ئەمەش بەوبناغەیە دەزانن کە ئاینی لەسەر بنیات دەنرێ، ئێمەش بۆخۆمان سەرسام ماوین لەنێوەندی ئەوان و ئەماندا.

***

عەلی دەڵێت:(خوای گەورە لەماڵ وسامانی دەوڵەمەندان بەشی هەژارانی دابین و فەرزکردوە، هەرهەژارێك برسی بێت بەهۆی ئەوبەشەیە کەدراوە بەدەوڵەمەندەکە، خوای بالاّ دەستیش لێیان دەپرسێتەوە)(٥٢)

***

قورەیش لەدوای عەلی دەستیان گرت بەسەرحوکمدا وئیسلامیان کردە دەوڵەتێکی فەتحکار کەبەیداخی دەوڵەتەکەیان گەیاندە سنورەکانی وڵاتی چین لەلایەکەوە،

لەلایەکی تریشەوە بەیداخیان گەیاندە دەشتاییەکانی فەرەنگستان... بەوەش تەرەف زۆربوو، ژمارەی کەنیزەك وسەباياكان لەزيادبونی دا، هەروا مزگەوتی قەشەنگ وتەلاری جوان ورازاوە دروستکران.

ئەوێ دەمێ بانگ لەبری دەنگی زەنگ وشەپپور ببویەباو... هەروا مزگەوت دروستکرا لەبری دێرونـاگردان... خەڵکیش لەجیاتی ئینجیل وزەنداقست، قورئانیان دەخوێند... ناوی خوداش لەهەموو جێگەیەکدا و لەسەر بلندگۆکانی رۆژهەلات و رۆژئاواوە بلنددەبویەوە.

هەموونەمانە بەفەزلّی فەتحەکانی دەولەتی ئەمەویەوەبوون... بەراستیش کارێکی مەزن بوو، ئیترچیترتان دەوێت؟.. وادیارە عەلی شتێکی تری دەویست چونکە لای وی گرفتی گرفتی بیروباوەڕە نەك سروت ودروشم وروالەت.

ژمارەیەکی گەورەی دانیشتوانی زەوی هاتنە ناوئیسلامەوە... بەلام ئەم موسولمان بونەیان هیچی لەوسیستەمە کۆمەلایەتیانە نەگۆڕێ کەلەسەردەمی کیسراو قەیسەردا لەنێوانیاندا باوبوو و، لەسەری دەژیان.

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەرکی بەوەکردو لەسەردەمی خۆیدا پرۆسەی فەتحی ڕاوەستاند، بەلکو گرنگیدا بەدامەزراندنی تەلاری دادپەروەری... ئەوەشی بە گرنگتر دەزانی لەدروستکردنی تەلاری ئیمپراتۆریەت، کەجگە لەتالان وبڕۆو کۆیلەکردن وخۆبەرزکردنەوە هیچی تری تێدانیە.(٥٣)

***

دوو ڕای پێچەوانەن:ڕایەکیان سەیری باشکردنی بارودۆخی ناوخۆ دەکات و ڕایەکەی تریشیان سەیری چاکردنی بارودۆخی دەرەکی دەکات... بەندەش بە تەواوی دلنیانیم لەوەی کام لەودوو ڕایە لەبەرترە بۆشوێنکەوتن وخێری خەلکی تێدایە لەماوەی درێژخایەندا.

هەرچۆن بێت، دوڕای هاو دژ وپێچەوانەن... ناگونجێت توێژەرێك ئەو دووڕایەی تێکەلاو بکات یاخود یەکێکیان بەپێوەری ئەوی دیکەبپێوێت.

***

هەندیك لەئامارە تازەكان ئاماژە دەدەن بەوەی كەداهاتی تاكەكەس لەو وڵاتانەی "موستەعمەرات" یان نیە، بەتێكڕا بەرزترە لەداهاتی تاكەكەس لەو وڵاتانەدا كە "موستەعمەرات"ی یان وپۆڕیان هەیە..ئەمەش مەسەلەیەكە مەغزایەكی كۆمەڵایەتی گاڵتە پێنەكراوی هەیە...ئەویش بریتیە لەوەی ڕادەی تێچونی پارێزگاری كردن لەموستەعمەراتەكان زیاترە لەسودی موستەعمەراتەكان، چونكە موستەعمەراتەكان پێویستیان بەكەشتیگەل ولەشكرگا وخەرجی زۆرو زەوەند هەیە بۆپارێزگاری لێكردنی.

خەڵكانێكی كەم نەبێت كەسی تر سود لەپرۆسەی ئیمپریالیزم نابینێت.

ئەو خەڵكە كەمەش بریتین لەسەركردەو دەست وپێوەندەكانیان وخاوەن كارگە و بازرگانەكان.خەڵكە ڕەشۆكیەكەش زیان دەكەن. ئەمان نەبێت سەرانەو باج بدەن و خەڵكە كەمەكەش دەستكەوتیان دەست بكەوێت...لەوانەیە ئەم ڕێسایە بچەسپێت بەسەر ئەوسیاسەتەدا كەقورەیش لە فراوانكردنی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیدا لەسەری دەڕۆیشت..چونكەخەڵكی سادە قازانجی نەكرد لەبەربڵاو بوونی فەتحەكان، ئەوەندەی سەركردەو ئەمیرو خاوەن كەنیزەكەكان سودو قازانجیان كرد.

دەڵێن:(موسی كوڕی نەصیر) سێ سەد هەزار دیلی لەجەنگەكانی ئەفریقادا دەست كەوت، پێنج یەكی ئەودیلانەشی نارد بۆخەلیفە(٥٤).

هەروا دەڵێن ئەم موسایە، كەگەڕایەوە بۆئەندەلوس سیی هەزار كەنیزەكی داوێن پاكی لەگەڵدابوو(٥٥).

ئاسایی ئەوكەنیزەكانە ڕۆیشتون بۆنێو كۆشكەكەی ئەمیری بڕواداران و ئەو پاڵەوان وقارەمانانەی كەناوی خۆیان بەرزكردەوە لەگۆڕەپانەكانی جیهادی پیرۆزدا.

موجاهیدەكان لەیەكێك لەشەڕەكانی ئەندەلوسدا ئەوەندەیان دیل گرت كەبە كەمترین نرخ دەیانفرۆشتن ولەكۆڵی خۆیان دەكردەوە...دیلێكیان بەیەك درهەم فرۆشتوەو..گوێ درێژێكیش بەپێنج درهەم.(٥٦)

بەراستی ئەمە، سەروەرییەکی گەورەیە کەزۆرێک لەرۆڵەکانی عروبە لەم سەردەمەدا هەوڵ دەدەن بیگەڕێننەوە دواوە...دەیانبینین ئەمڕۆکە گۆرانی بەباڵادا دەڵێن و سرودی بەچێژو تامیشی بۆدەچڕن.

ئەوانە لەبیریان چوە کەئەو کەنیزەک وکۆیلەو سەبایانەی کەباوباپیرانیان لەجیهاد دا دەستیان کەوتوون بەشی هەرەزۆری بوە بەموڵکی موتریفەکان وئەوانەی خاوەنی بڕیاری حەل وعەقدبون و، کابرای هەژاریش هەر وەک جاران بەنەداری مایەوەو خۆڵ لەبریتی نوێنی بوو، ئاوی ڕوتیشی دەکردە مەنجەڵ ودەیکوڵاند.

کێ دەزانێ ئەگەرئەو سەربەرزیەی باوباپیران بگەڕێتەوە، کێ دەڵێت ئەوکەسانەی داوای گەڕانەوەی سەربەرزیەکە دەکەن خۆیان نابنەدیل؟.بەخەیاڵی خۆیان سەربەرزیەکە بۆ ئەوان دەبێت، وەڵێ لەوانەیە لەسەریان بێت وئەمان تیایدا ببنە کۆیلە.

ئەوکەسەی دەیەوێت زاڵ بێت بەسەرخەڵکدا، ڕۆژێک هەردێت خەڵکی بەسەر خۆیدا زاڵ بن...ڕۆژگاریش دەورانە...ڕۆژێک بۆ تۆیەو ڕۆژێک لەسەر تۆیە"واتە بۆ یەکێکی ترە- وەرگێڕ".

هەندێک لەوانەی بێ ئاگان، دەم هەڵدەپچڕن وباس لەوفەتحانە دەکەن کەباو باپیرانیان کردویانە..بەڵام ئەوان ئەگەر دادگەر بونایە سەریان شۆڕدەکردو ملیان کەچ دەکرد.

لەم ڕۆژانەدا ڕۆمانێک لەبازاڕدا دەفرۆشێت خاوەنەکەی ناوی ناوە(وامعتصماه) چیرۆکی ئەو موسوڵمانەی تیایدا دەگێڕێتەوە کەلەسەردەمی موعتەصەمدا لە وڵاتی ڕۆمەکان سوکایەتی پێکراوەو ئەمیش هاواری کردوەو داوای فریاکەوتنی کردوە.

ئەوەبووموعتەسەم بەسوپای ئیسلامەوە کەڕێگری بۆنەبوو، بەدەم هاوارەکەیەوە چوو، لەئەنجامدا تۆڵەی ژنەکەی کردەوە. کەگەڕایەوە بارەگاکەی چەندین کۆیلە و کەنیزەکی زنجیرکراوی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا!!.

ئەوەی لێرەدا گەلێک سەیرە ئەوەیە کەئەوسەربازانەی لەگەڵ موعتەصەمدا ڕۆیشتن بۆتۆڵەکردنەوەی ژنەکە، خۆیان لەناوبەغدادا دەستدرێژیان دەکردە سەر ژن و

منداڵ وپیشێلی قەدەغەکراوەکانیان دەکرد...لەبازارەکاندا ئازاری خەڵکیان دەدا، لاوازو منداڵان ئازاری زۆریان لەوەوە بەردەکەوت، لەوانەشە یەک لەدوای یەک بە کوژراوی ببینرانایە لەسەرە ڕێگەکاندا.

دەڵێن جارێکیان موعتەصەم لەشەقامەکانی بەغدادا لەکاروانێکدا دەڕۆیشت پیاوێکی پیر ڕای وەستاند وگوتی:(لاجزاك الله عن الجوار خيرا. جاورتنا وجئت بهولاء العلوج من غلمانك الاتراك فسكنتهم بيننا فأيتمت بهم صبياننا وارملت نسائنا وقتلت رجالنا)(٥٧).

موعتەصەم سەربازەکانی خۆی بەردەداتە ژنان ولاوازەکانی بەغدادو هیچ گوێشی پێ نادات...کەچی یەک ژن لەوپەڕی زەویەوە هانای بۆدەبات، بەپەلە ئەو سەربازانە بۆفریاکەوتنی سازدەکات کەخۆشیان غەشیم بون...تەنها خودا خۆی دەزانێت ئەوسەربازانە چ کارێکیان کردووە دەرهەق بەخەڵکی ئەو شارو وڵاتانەی کەپیایدا گوزەریان کردوە یان فەتحیانکردوە.

هەنوکەکاتی ئەوەهاتوە عەرەب چاوبکەنەوەودێرۆکی خۆیان لەبەر ڕۆشنایی"لۆژیکی – وەرگێڕ" نوێدا بخوێننەوە...سەردەمی سوڵتانەکان گوزەری کردو تێ پەڕی وسەردەمی ئەوهەستانەوە فیکریە هاتووە کەلەمێژوەوە پەندی مرۆیی ئەمر وەردەگرێت.

***

لەبەردا گوتمان عەرەب سەرجەمیان، لەشۆڕشەکەیاندا دژ بەقورەیش لە دەوری عەلی کۆبونەوە...عەلی سەرکردەودروشمی بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان بوو...ئەوەبوو قورەیش لەسەردەمی عوسماندا خۆیان سەپاندبوو بەسەرمەسەلەکەدا...ئیدی عەرەب ڕاپەڕین لەدژیان وداوای دادپەروەری ویەکسانیان لێ دەکردن...دواتر قورەیش هەستی بەومەترسییە کرد کەلەڕقی عەرەب بەرانبەربەقورەیشدا سەر هەڵئەدات. بۆیە سیاسەتی خۆی گۆڕی وهەرچۆن وبەهەر ڕێگەیەک دەگونجا دەستی کردە دڵ ڕاکێشانیان.

کەم کەم عەرەبەکان دەستیان کردە دورکەوتنەوە لەعەلی...چونکە ئەوان لە سەرەتادا بۆیە عەلییان خۆش دەویست، چونکە ئەو شۆڕشی پێکردبوون دژی ئەو

قورەیشەی کەخۆی سەپاندبوو بەسەریاندا...بەڵام کاتێك دیتیان عەلی ئەوان لەگەڵ موالیەکاندا یەکسان دەکات، ئیدی لێی دوورکەوتنەوە.

گرفت لەوەدابوو کەعەلی داوای یەکسانی لەنێوان هەموو خەڵکیدا دەکرد، بەبێ جیاوازی لەنێوان سەردارێکی عەرەبی وموالیەکدا...(٥٨) لەکاتێکدا سەرکردایەتی شۆڕشی عەرەبی کردو، دواتر ئەوپرەنسیپەی تیادا جێبەجێکردن، ئیدی ڕقیان لێی هەڵگرت.

سروشتی مرۆڤ لەهەموو شوێن وکاتێکدا ئاوایە، لەکاتێکدا داوای دادپەروەری دەکات کەخۆی لێی بێبەش بێت. وەلیّ هەرکەخۆی دەستی لێی گیربوو، بۆ کەسانی ترچرووك دەبێت ودادپەروەرییان بۆبەڕەوا نابینێت....عەلی پرەنسیپی (شۆڕش دژ بەستەمکاران)ی بۆ عەرەب دامەزراند، وەلیّ هەرگیز ئەوەی بۆ نە دەسەلماندن کەخۆیان ببنە ستەمکار. ڕۆژێکیان دوو ژنی هەژار هاتن بۆلای عەلی و داوای بڕێك داراییان کرد، ئەوەبوو پێی دان. وەلیّ یەکێکیان داوای کرد فەزڵی بدات بەسەر هاوڕێ کەیداو پتری بداتێ، لەبەرئەوەی خۆی ژنێکی عەرەبەو هاوڕێکەی لەموالیەکانە...عەلی مشتێ خۆڵی هەڵگرت وسەیری کردو گوتی: (واتازانم خودا لەناوخەڵکیدا فەزڵی کەسێکی دابێ بەسەرکەسێکی تردا بە گوێڕایەڵی وپارێزگاری نەبێت)(٥٩).

مەدائینی دەڵێت:(کۆمەڵێك لەهاوەڵانی عەلی ڕۆیشتن بۆلای عەلی وپێیان ووت: ئەی گەورەی بڕواداران! ئەوسامانە ببەخشەو فەزڵی سەردارانی عەرەب بدە بەسەر موالی وعەجەمەکاندا، دڵی ئەوکەسانە ڕابکێشە کەلەوە دەترسیت لەگەڵتدا ناکۆك بن... عەلی لەوەڵامدا گوتی: ئایا داوام لێدەکەن بەستەمکردن هەوڵی سەرکەوتن بدەم؟؟)(٦٠)

هەر مەدائینی دەڵێت:(یەکێك لەگرنگترین هۆکارەکانی پشتکردنی عەرەب لەعەلی ئەوەبوو کەیەکسانی لەنێو هەموو خەڵکیدا پەیڕەو دەکرد، فەزڵی سەرداری نەدەدا بەسەر ژێردەردا وفەزڵی عەرەبی نەدەدا بەسەرعەجەمدا)(٦١).

بۆیە دەبینین عەلی لەدوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا تائەوپەڕی سنور ئازاری دەچەشت، چونکە ئەوشتێکی لەخەڵکی دەویست ولەبەرانبەردا خەڵکی شتێکی تریان لەو

دەویست، لەسەرەتای شۆڕشەکەدا خەڵکی لەدەوری کۆبونەوە دوایی لێی دوورکەوتنەوە وپشێوییان بۆدروستکرد.

"نوف البکالی" بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت:لەدوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا عەلی لەکوفە لەناو هاوەڵەکانیدا ڕاوەستاوتارێکی دوورو درێژی بۆیانداو تیایدا هاتبوو:( الا انه قد ادبر من الدنیا ماکان مقبلا، واقبل منها ماکان مدبرا، وازمعا الترحال عباد الله الاخیار... ماضر اخواننا الذین سفکت دماءهم بصفین ان لایکونوا الیوم احیاء یسیغون الغصص ویشربون الرنق...این اخوانی الذین رکبوا الطریق ومضوا علی الحق"این عمار" واین ابن التیهان؟ ذوالشهادتین؟ واین نظراوهم من اخوانهم الذین تعاقدوا علی النیة وادبر برؤوسهم الی الفجرة) دواتر عەلی دەستی کێشا بەڕیشی خۆیدا وگریانێکی بەکوڵ ودوورو درێژی کرد...(٦٢).

دوای ئەم هەڵوێستە خەمناکە، چەند ڕۆژێکی کەم تێ نەپەڕی، ئەوەبوو لە مزگەوتدا عەلی بەبێ ئاگایی کوژرا.

دەڵێن لەکاتێکدا عەلی هەستی کرد بەتیژی وکسپەی شمشێرەکە لەسەریدا، هاواری کردو گوتی:"بەخوای کەعبە سەرکەوتم" ئەم وشەیەش ئاماژەیە بۆ ڕادەی ئەوئازارە سایکۆلۆژیەی کەعەلی لەدواساتەکانی تەمەنیدا بەدەستیەوە دەیناڵاند.

دواهەمین وشە کەلەسەرەمەرگدا لەزاری مرۆڤ دێتەدەرەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەو سەرقاڵی وخەیاڵاتەی لەناوەزیدا پەنگی خواردۆتەوە.خەڵکی دڵی عەلییان پڕکرد بوو لەزوخاو"وەك خۆی دەیوت" بۆیە زەربەی شمشێرەکەی ئیبن مەلجەم لە سەریدا، بۆ وی ڕزگاری بوو.

عەلی مرد...وەلێ یادەکەی وەچەبەوەچە مایەوەو خەڵکی هان دەدا لەسەر شۆڕشکردن وبانگەشەی دەکردن بۆ داواکردنی دادپەروەری. عەلی لەگۆڕەپانی ڕامیاریدا شکستی هێنا...لە لەبوارێکی تردا سەرکەوت کەبریتیە لەشۆڕشی کۆمەڵایەتی، ئەوشۆڕشەی کەکڵپەی دانامرکێتەوە.

گەر عەلی نەبوایە، ئیسلامیش لەهەمان جۆری ئەو ئاینانە دەبوو کەبانگەشە دەکەن بۆفەتح وزاڵ بون وداگیرکاری...ئەو خەسڵەتی بەزەییەی لێ دادەڕێنرا کەمحەمەدی کوڕی عەبدوڵا(دروودی خوای لێبێت)لەپێناویدا ڕەوانەکراوە.

***

بەڕاستی جێگەی نیگەرانیە کەدەبینین ئەمڕۆ عەرەب یادی هۆزی ئومەییە بەرز ڕادەگرن و، عەلی کوڕی ئەبی تالیب لەیاد دەکەن...ئەوان بەوپێیەی یادی هۆزی ئومەییە بەرزو پیرۆز ڕادەگرن گوایە ئیمپراتۆریەتێکی گەورەیان بۆدروستکردوون وبەسەر زۆرێک نەتەوەی دنیادا زاڵیان کردون...سەیرلەوەدایە ئەوان کاتێک وا دەکەن، خۆیان خەبات لەدژی ئیمپریالیزمی ستەمکاردەکەن وهەوڵدەدەن لە وڵاتەکانیان دەری بکەن. ئەمان دژایەتی ئیمپریالیزم دەکەن ئەگەر لەدژیان بوو...

بەڵام گەر لەخۆیانەوە دژی خەڵکی تر بوو ئەوا پشتگیری دەکەن.

حەسەن بەننای خوالێخۆش بوو دەڵێت:(داگیرکەر دەربکەن لەناودڵتاندا هەر بە خۆی دەچێتە دەرێ لەزەویەکانتاندا)ئەمە بۆتەمەتم حیکمەت وپەندێکی گەورەیە، ئەمڕۆ زۆر ئاتاجمانە پەندی لێ وەربگرین...ئێمە پشتگیری داگیرکەرەکەین لەناو دڵماندا، کەچی بەشمشێرەکانمان لەگەڵیدا دەجەنگین. ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەوەی لەناوستەمکاریدا جینگڵ بدەین وهێزو پێزمان لاوازو سست دەکات.

***

سەیرترین جیاوازی کەدروست دەکرێت ئەوەیە ئێمە داگیرکردنی وڵاتەکەمان لە لایەن"تەیموری لەنگ" ەوە بەدزێو دەزانین.تەیمور بەنەفرەت لێکراوترین دروستکراوی خوا دادەنێین...بەڵام ئەو داگیرکاریانەی هۆزی ئومەییەمان پێ پیرۆزە کەجیهانیان تیادا داگیرکردو گەلانیان کردەکۆیلەو قەدەغەکراوە کانیشیان پێشێل کرد.

گۆڕەکەی تەیموری لەنگ لەسەمەرقەند گومەزەیەکی کەسکی بڵندی بەسەرەوەیە، بەنایەتەکانی ناوپەرتوکەکەی خوداش ڕازاوەتەوە..ئەو لەدیدی خەڵکی ئەوێدا پیرۆزە...حەج لەسەری دەکەن وقوربانی بۆسەردەبڕن وتەبەڕکی پێ دەکەن.

بێ ئاگاکانی ئەوێندەر نازانن ئەم وەلیەیان لەوڵاتەکانی ئێمەدا چ گۆبەنێکی بەرپا کردوە لەکوشت وکوشتار وتاڵان وبڕۆ.

خەڵکی سەمەرقەند لەسەردەمی تەیموردا خۆشگوزەران بوون بەهۆی ئەوهەموو دەستکەوت وديلانەی کەدەرژا بەسەریاندا... ئەوان بینیان لەوسەردەمەدا شارەکەیان بوەتە پایتەختی دنیا، بازاڕەکانیشی پڕبوون لەکۆیلەو کەنیزەك و جۆرەها شمەك، بەو هۆیەوە تەیموری لەنگ لای ئەوان بوە ڕابەرێکی مەزن و پاشایەکی بەبەزەیی. من دەترسم لەوەی عەرەب وەکو ئەو تەتەرانەی خەڵکی سەرمەقەند وابن، ئەوان سەیری خۆشگوزەرانی وبەرژەوەندی خۆیان دەکەن وئەو بەڵایانە لەبیردەکەن کەڕژاوە بەسەرغەیری خۆیاندا.

لەوانەیە یەکێك بڵێت فەتحەکانی هۆزی ئومەییە جیاوازی هەبوە لەوانەی "تەیمورە لەنگ"چونکە ئەویان فەتحێکی دادگەرانەبون لەپێناوی خوادا و، ئەمیان فەتحێکی ستەمکارانەبوە لەپێناوی شەیتاندا. بەڵام من وانازانم قسەیەك هەبێت ئەوەندەی ئەم قسەیە گەمژانە بێت.

ئێمە بۆیە فەتحەکانی ئەمەوی بەدادپەروەر وەسف دەکەین، چونکە سودو کەڵکمان لێ وەرگرتووە... خەڵکی سەمەرقەندیش دەگونجێت ئەوەی ئێمە فەتحەکانی هۆزی ئومەییەی پێ وەسف دەکەین، ئەوانیش فەتحەکانی تەیموری لەنگی پێ وەسف بکەن... هەرلایەك لەدەلاقەی بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە سەیری مەسەلەکان دەکات وبەرژەوەندی خەڵکانی تر لەبیردەکات.

گەر بێت ولەدەلاقەیەکی مرۆیی گشتیەوە سەرنج لەمەسەلەکان بدەین، دەبینین هەموو فەتحەکان لەدیدی ئەوانەدا کە " قوربانیی فەتحەکان – وەرگێر" دەکەوێتە سەریان ستەمکارانەن.

***

من بیری ئەو ڕۆژانەم دێت کە"ئیخوان" عەزمیان جەزم کرد عێراق داگیربکەن، ئەوێ دەمێ من زارۆبوم ولەکۆڵانەکاندا وازیم دەکرد... لەوکاتەدا هەواڵێکمان بۆ هات کەترساندینی، هەواڵەکەش ئەوەبوو ئێمە دەبینە قوربانی"ئیخوان".

ئەو کات لەناوخەڵکیدا هەواڵی ئەوە بڵاوبویەوە کەخەڵکی تائیف لەسەردەستی ئیخواندا توشی چ کوشت وکوشتارێك بوون، خەڵکیش وایان بەخەیاڵدا دەهات کە

ئەمانیش وەك خەڵكی تائیفیان وەسەر دێت، بۆیە ڕوخسارەكان زەرد هەڵگەڕان و ترسیش لەنێو دڵاندا بڵاوبویەوە.
ئیخوانەكان لەدیدی خۆیاندا قارەمان بون، چونكە مۆزەكانیان ملكەچ كردبوو، وڵاتانیان فەتح كردبوو، وەلێ ئێمە وەك پەزێك سەیری گورگێكی دڕندە بكات، سەیرمان دەكردن...وادەزانم خەڵكی ئەو وڵاتانەی كەلەژێر هەڕەشەی فەتحی ئەمەویدا بوون، هەستیان بەترس ودڵەڕاوكێ كردووە، وەك چۆن ئێمە لە ساتەوەختەكانی جیهادكرنی ئیخوانەكاندا هەستمان پێدەكرد.

***

مێژوونووسەكان دەڵێن:(لەدوای ڕووداوی حەڕڕە سوپای ئەمەویەكان هاتنە نێو مەدینەوە، بۆماوەی سێ ڕۆژ هەموو خراپەكاریەكیان ڕێپێدا، خەڵكی مەدینەیان سەردەبڕی وەك چۆن قەساب مەڕ سەردەبڕێت. بەڕادەیك پا لەنێو خوێندا پیس دەبوو، ڕۆڵەی پشتیوان وكۆچكردووەكانیشیان دەكوشت)(٦٣)
دەگێڕنەوە یەكێك لەسەربازەكانی ئەوسوپایە هەڵی كوتایە سەر ژنێكی زەیستانی ئەنساری، كەمنداڵێكی لابوو، سەربازەكە داوای پارەی لێكرد، ژنەكە پێی گوت:(...دەی بەخوا هیچیان بۆبەجێ نەهێڵاوین!!) سەربازەكە زۆرتوڕەبوو، ئەوی لەلاقی منداڵەكە لەكاتێكدا مەمكی دایكی دەمژی، لەباوەشی دایكی هێنایە دەرێ وكێشای بەدیوارەكەدا ومێشكی بەسەر زەویدا پرژو بڵاوبوویەوە..)(٦٤)
هیچ سەرسوڕمانێك لەو ڕووداوەدا نیە، چونكە لەهەركات ولەهەر شوێنێكدا بێت، فەتح هەرفەتحە... فەتحی ئەمەوی لەمەدینەدا ڕوویداوە بۆیە هەواڵەكەی بەئێمە گەیشتوە.بەڵام نازانین ئاخۆ لەوڵاتەكانی تردا فەتحەكە چۆن ڕوویداوە.خەڵكی لەو وڵاتانەدا دووچاری چ وەیشومەیەك بوون...گەر ئەو سەربازانە لەشارەكەی پێغەمبەردا(دروودی خوای لێبێت)ئاوابكەن، هیچ گوێ نادەن بەوەی لە وڵاتانی كافر وعەجەمەكانیشدا هەمان كردەوە دووبارەبكەنەوە.
لەدوای ئەوە، ئیدی پێمان سەیرنیە كەلەدوای فەتحی ئەندەلوس دەبینین موسای كوڕی نەسیر، سیی هەزار كەنیزەكی پاكداوێن بەدوای خۆیدا ڕادەكێشێت!!.

گومانم وانیە ئەوکیژانە بەویستی خۆیان کەوتبنە نێو ژیانی دیلێتیەوە...بەڵکو موجاهیدە فەتحکارەکان بەتۆبزی لەماڵەکانیان دەریانهێناون، لەدوای ئەوەی ماڵەکانیان تالان کردووەو، پیاوەکانیشیان کوشتوە...چونکە ئەقڵ نایبڕێت، موجاهیدەفەتحکارەکان چووبن بۆماڵەکانی شارەفەتحکراوەکان ودابێتیان لەدرگا و گوتبێتیان:(کیژەکانمان بدەنێ لەڕێگەی خوادا)!! بەڵکو لەپشتی بەکۆیلەکرانی هەرکیژێکەوە، چیرۆکێکی درێژ لەتالان وبڕۆ وخوێن ڕشتن وپێشێلکردنی قەدەغەکراوەکان هەیە.

موجاهیدەکان هەموو ئەم کارانەیان لەڕێگەی خوادا کردووە... ئەوان ویستویانە ئیسلام لەهەموو جیهاندا بڵاوبکەنەوە وئاینی دادپەروەری وبەزەیی و مرۆڤ دۆستی دابمەزرێنن.

***

عەرەب دڵشادبوون بەوسەرکەوتنە قەشەنگانەی کەلەسەردەمی هۆزی ئومەییەدا بەدەستییان هێنابوو.دەستیان کردە لوتبەرزی نواندن بەسەرنەتەوە ژێر دەستەکانیاندا، تەنانەت ڕۆڵەکانی ئەونەتەوانەیان بەکۆیلەی خۆیان دەزانی.

نەتەوەکان ویستیان بەچوونە نێو ئیسلام پلەوپایەی خۆیانیان بۆبگەڕێنەوە، بەڵام هەرگیز ئەوە دادی نەدان...هەرچی دەوڵەت بوو، لەسەرانەکەیان نەدەبوراو لەگەڵ عەرەبیشدا بەیەکچاو سەیری نەدەکردن.

پرۆفیسۆر نیکلسۆن دەڵێت:(نەتەوە ژێردەستەکان دانیان نا بەوەدا کەئیسلام ئاینی دادپەروەری ویەکسانیە، بۆیەکاچونە نێوئیسلامەوە...دواتر هەستیان کرد، کەلەوەدا هەڵەیەکی گەورەیان کردووە، لەبەرئەوەی چینی ئەرستوکراتی دەوڵەت لەسەربنەمای یەکسان بوون لەگەڵ عەرەبدا، مامەڵەیان لەگەڵ نەتەوەکانی تردا نەدەکرد.بەڵکوبەچاوی سوکایەتی سەیریان دەکردن و،دەیان چەوساندنەوە و باج"سەرانە"یان لەسەرهێشتنەوە... هەروەها نازناوی مەولایان بەسەردا برین کە بەمانای کۆیلە ئازادکراوەکان دێت)(٦٥).

گومانی تێدانیە کەئەمە دۆخێکی کۆمەڵایەتیەو لەهەمان کاتدا زەنگی مەترسیە – دەربڕینی وەرگێر–... لەبەرئەوە مەوالیەکان نەتەوەو گەلانێکی نەفام نەبوون، بەڵکو

خاوەنی شارستانیەت وکەلەپورێکی ژیاریی ئاڵۆزبوون. خراپ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا هانی دان خۆیان سەرقاڵ بکەن بەلێکۆڵینەوەی زانستە ئاینیەکان و پەرەپێدانی ئەو زانستانەوە.

ئەمەش مەسەلەیەکی سروشتیەو نامۆیی تێدانیە...هەرکەسێکی چەوساوە لە پێناوی سوککردنی غەمەکانیدا- دەربڕینی وەرگێڕ- پەنادەباتە بەرئەوەی کە لە زانستی سایکۆلۆژی نوێدا ناونراوە(Sublimation).

عەرەب بەفەتحەکانیان لەخۆبایی بوون، بەوەش ئاگایان ئەما لەوفشارە فیکریە توندوتیژەی کەلەناخی کۆمەڵگەدا پەنگی دەخواردەوە...موالیەکان دەستیان کردە کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)و، زیادەڕەوی کردن تیایدا...فەرمودەکانیان کردە چەکێکی مەعنەوی وبەرانبەرکێی دەستەڵاتدارە ستەمکارەکانیان پێدەکرد.(٦٦)

عەلی کوڕی ئەبی تالب پشکی شێری بەرکەوت لەوفەرمودانەی کەموالیەکان کۆیانکردەوە...عەلی لەدیدی موالیەکاندا ببووە قارەمانێکی ئاینی. ئەوەبوو هەڵپەیان دەکرد بۆکۆکردنەوەی ئەوفەرمودانەی کەباس لەفەزڵی عەلی دەکەن.

تا ئەمەوییەکان زیاتر ڕۆبچونایە لەجنێودان بەعەلیدا، ئەهلی فەرموودەناسیی پتر ڕۆدەچوون لەخۆش ویستنی عەلی وکۆکردنەوەی ستایشە ڕاست وناڕاستەکانیدا...بەڵام ئەم بارودۆخە، نوێ نیە لەدۆخە کۆمەڵایەتیە گەشتیەکاندا...بەڵکو نمونەی لەقۆناغە مێژوییە جیاجیاکاندا دەبینین...ڕونترین نمونە لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەو زیادەڕۆچونەی دیانەکان بوو لەپیرۆزکردنی مەسیحدا، کاتێک ڕۆمانەکان دەیان چەوساندنەوەو بڕکیان دەدان بۆدڕندەکان.

"فەرمودە زانەکان"دەگێڕنەوە پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)جارێکیان بەعەلی فەرمودە:"یاعلی لولا ان تقول فیک طوائف من امتی ماقالت النصاری فی عیسی لقلت الیوم فیک مقالا لاتمر بملاء من المسلمین إلا اخذوا تراب رجلیک وفضل طهورك یستشفون به..."(٦٧).

پێم وایە ئەم فەرمودەیە"فەرمودە زانەکان" بەم دواییە خۆیان دروستیان کردووە، ئەمەش لەکاتێکدا تێبینی ئەوەیان کردوە کەهەر یەک لەلایەنگرانی مەسیح وعەلی بە

هۆی ئەوچەوساندنەوەیەی کەلەسەریان پەیڕەوکراوە، زیاد ڕۆچووگن لە پیرۆز کردنی ئەودووانەدا. لەڕاستیدا ئەوئەشکەنجەدان وکوشت وکوشتارەی لە سەردەمی هۆزی ئومەییەدا دووچاری شیعەکان بوو، زۆری جیاواز نەبوو لەوەی دیانەکان لەسەردەمی ڕۆماندا دووچاری بوون.ئەوەبوو والیەکانی هۆزی ئومەییە هەموو کون وقوژبنێك دەگەڕان بەدوای شیعەکاندا... دەست وقاچیان دەبڕینەوە و بەپەلی دارخورمادا لەخاچیان دەدان.

معاویە لەڕاوەدوونانی شیعەکانی عەلیدا ،زیادی بەکارهێنا. زیاد لەسەرەتادا شیعەی عەلی بوو، بۆیە شیعەکانی دەناسی وشوێنەکانیانی دەزانی، لەبەرئەوە ستەمی وی لەسەرشیعەکان زۆر قورس وتوندبوو.

سەردەمێك بەسەر موسوڵماناندا گوزەری کرد، کەموسوڵمانان پێیان خۆشبوو پێیان بگوترێت کافرو زەندیق، بەلام پێیان نەگوترێت شیعەی عەلی کوڕی ئەبی تالب.(٦٨)... ئەم چەوساندنەوەیە، بویە هۆی بلاوبوونەوەی بیری شیعەگەری و زیادەڕەوی کردن تیایدا. هیچ شتێکیش وەکو چەوساندنەوە سوود بەفیکر ناگەیەنێت.

***

ڕۆژهەلاتناسی بەناوبانگ "فلهاوزن"دەڵێت:( بزاڤی شیعەگەری عەلەوی لەخاکێکی پالفتەی عەرەبیدا سەری هەلدا، لەناو فارسەکاندا بلاونەبویەوە تاکو دوای دەرکەوتنی موختار) هەریەك لەڕۆژهەلاتناس"گولدزیهر" وپرۆفیسۆر "ئادەم متز" لەم ڕایەدا پشتگیری لە فلهاوزن دەکەن.(٦٩)

وادیارە ئەم ڕایە تاڕادەیەکی زۆر ڕاست بێت، چونکە عەرەبەکان لەسەرەتادا لە دەوری عەلی کۆبونەوە، دواتر بونە لایەنگری پێڕی ئەمەویی...بەوەش پێڕی تەشەیوعگەر پلەبەپلە لەژینگەی عەرەبی دوورکەوتەوەو ڕوویکردە فارس و موالیەکان.

یەکەم شۆڕش کەموالیەکان بەشداریان تێداکردبێت، شۆڕشەکەی(موختاری کوڕی عبیداللە سەقەفی)بوو، موالیەکان لەدوای موختاریش هەر بەردەوام بوون لە

شۆڕشەکانیاندا...تاکو شۆڕشەکەیان بووە هۆی لەناوبردنی دەوڵەتی عەرەب، لەناوبردنێك کەخەریك بوو تەواوەتی و یەکجارەکی بێت.

عەلی عەرەبەکانی بەڕێرەوێکی پاشدا برد، ئەوەبوو(سوننەتی یەکسانی)بۆ دارشتن...گەرعەرەبەکان پەیڕەوی ئەوسوننەتەیان بکردایە، بەئەندازەی بڵندی و گەورەیی وپیرۆزی ئیسلام، ئەوانیش گەورە وبەرزدەبوون. وەلیٚ قورەیش ئەم کایەیەی لەعەرەب تێکدا، بەڕێگەیەکی دڕکاویشدابردنی کەکۆتاییەکەی سوپاسکراونیە.

عەرەب لەگردبوونەوە لەدەوری قورەیشدا زیادەڕەوییان کرد...چونکە لەتەك قورەیشدا پاڵنران بەرەویەکەمزانینی موالیەکان وچەوساندنەوەیان... بۆیە موالیەکان تۆڵەیەکی توندیان لێکردنەوە...هەرکردارێکیش، پەرچەکردارێکی توندتری لێدەکەوێتەوە...لەکۆنیشەوە گوتراوە:(کوفر بەردەوام دەبێت، بەڵام ستەم بەردەوام نابێت ودرێژە ناکێشێت)!!.

***

بزاڤی عەباسیەکان، بریتی بوو لەبزاڤی موالیەکان بۆتۆڵەکردنەوە لەعەرەب و لەناو بردنی دەوڵەتەکەیان...زۆرینەی بەڵگە مێژووییەکان ئاماژەدەکەن بەوەی دەوڵەتی عەباسی لەبەر بوغزاندنی عەرەب بنیات نرا...لەسەردەمی ئەودەوڵەتەدا پەرچەکردارێکی توند لەدژی عەرەبچێتی سەری هەڵداو، لەبەرانبەردا شعوبیەت بە جۆرێکی سەیر بڵاوبوویەوە... لەسەردەمی هۆزی عەباسدا سەرلەنوێ عەرەب گەڕانەوە بیابان و وشتریان دەلەوەڕاند.

ئیبراهیم ئیمامی ڕابەری بانگەوازی عەباسیەت نامەیەکی نوسی بۆئەبی موسلیمی بریکاری خۆی لەخۆراسان و، تیایدا گوتبووی:(إن استطعت ان لاتدع بخراسان احدا يتكلم بالعربية فافعل! وايما غلام بلغ خمسة اشبار تتهمه فاقتله، وعليك بضر فانهما العدو القريب الدار، فابد خضراءهم ولاتدع في الأرض منهم ديارا)(٧٠)

ئەبو موسلیم لەخۆراساندا ئەم سیاسەتی "دژە عەرەب"ەی بەشێوەیەکی حەرفیی پراکتیزەکرد... لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، شەش هەزارکەسی بەبێ ئاگایی و بەبێ جەنگ کوشت.(٧١)

"قەحتەبە" کەیەکێکە لەپشتیوانەکانی ئەبوموسلیم... لەناوخەڵکی خۆراساندا، وتاریدا وگوتی:(ئەی خەڵکی خۆراسان! ئەم زەویە موڵکی باوباپیرانی ئێوە بوو، ئەوان بەهۆی پاکرەوی ودادپەروەرییانەوە بەسەر دوژمنەکانیاندا سەردەکەوتن، تا ئەوکاتەی خۆیان گۆڕان وستەمیان کرد. ئەوەبوو خوای گەورە لێیان توڕەبوو، دەستەڵاتی لێ سەندنەوە... تاکو سەرشۆڕترین نەتەوەی بەسەریاندا زاڵکرد" مەبەست لەنەتەوەی عەرەبە – وەرگێڕ"... هەتادەڵێت: ئەوان بەوەی حوکمیان بە دادپەروەری دەکرد وبەرانبەر پەیمان بەئەمەک بوون وپشتی ستەملێکراویان دەگرت. دواتر گۆڕان ولەحوکمدا ستەمیان کرد، ئەوەبوو ئەهلی چاکەو پارێزکاری" جگەرگۆشەکانی پێغەمبەری خوا" یان ترساند، ئەوەتا خودا ئێوەی زاڵکردووە بەسەریاندا، تاکو بەئێوە تۆڵە لەوان بکاتەوە...)(٧٢)

لەپاشدا مەنسور هات و،سیاسەتەکەی ئیبراهیم ئیمامی برایی بەوپەڕی توندیەوە پێڕەوکرد... مەنسور بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کەزۆر ڕقی لەعەرەبەو، تەرێز دەکات لەبەکارهێنانی عەرەب لەکاروبارەکاندا... تەبەری دەگێڕێتەوە:(مەنسور خزمەتکارێکی عەرەبی هەبوو، بەڵام ئەی دەزانی خزمەتکارەکەی عەرەبە!!... بۆیە هەرکە بەوەی زانی، دەری کرد وگوتی:هەرچەندە تۆ باشترین گەنجیت، بەڵام نابێت عەرەبێك بێتە ناوکۆشکەکەمەوەو خزمەتی ماڵ ومنداڵم بکات. بڕۆ بۆهەر شوێنێك کەخۆت دەتەوێت). (٧٣)

سیوتی دەڵێت:(مەنسور یەکەم کەس بوو موالیەکانی خۆیی"مەبەست خەڵکی خۆراسانە" لەکاروبارەکاندا وەکاربرد. ئەوانی خستە پێشی عەرەبەوە، لەدوای ئەو، ئەم حاڵەتە زۆربوو تاکو ئاسەواری سەرکردایەتی عەرەب لەنێودا نەما)(٧٤)... هەروەها"مەسعودی" لەبارەی مەنسورەوە، دەڵێت:(ئەو یەکەم خەلیفە بوو کەموالیەکانی خۆیی وەکاربرد، ئەوانی خستە پێشی عەرەبەکانەوە،

خەلیفەکانی دوایی ئەم سیاسەتەیان کردە ڕێبازێک..بەوەش دەوڵەتی عەرەب بە تەواوی ڕوخا، دەستەڵاتی نەما و، پۆست وپلەکانی لەنێوچوو(٧٥).

***

بەسەرکەوتنی عەباسیەکان، موالیەکان وشیعەگەری پێکەوە سەرکەوتن...جێگەی نیگەرانیشە کەدەبینین ناوی عەلی دەلکێنرێت بەدژایەتیکردنی عەرەب ولە ناوبردنی دەوڵەتەکەیانەوە.چونکە ئەوپیاوە یەکەم سەرکردەی عەرەب بوو، گەورەترین بانگهێشتکاری ئەوەش بوو کەعەرەبەکان یەکسان بکرێن بەو قورەیشیانەی کەبالاتربوون لەوان...عەلی لەژیانی خۆیدا خوازیاری چاکە و خێر بوو بۆعەرەب. وەلێ ناوەکەی لەدوای مردنیەوە بویە دروشمی تۆڵەکردنەوە لە عەرەب.

***

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کەهەرگا شۆڕش سەرکەوت، ئیدی دەگەنێت...بەو پێیەش شیعەگەرێتی هەرکە لەسەردەستی عەباسیەکاندا سەرکەوت،ئیدی گەنیی !!. ڕەوتی مێژوو بەزەیی بەهیچ کەسێکدا نایەتەوە. ئەو یەکبینەیە لەبەرزبوون و دابەزینیدا، هەرکەسێکی سەرکەوتوو، ڕۆژێك هەردەبێت بێتەخوارێ!!.

شیعەگەرێتی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو لەپێناوی دادپەروەری و یەکسانیدا، وەلێ هەرکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئیدی سەرقاڵ بوو بەتوێکڵەوەو ئەو ناوەڕۆکەی پشتگوێ خست کەپێشتر لەپێناویدا خەباتی دەکرد.

شیعەکان لەشۆڕشەکەیاندا دژبە ستەمکاریەکانی سەردەمی ئەمەویی یەکدەنگ بوون. بەلام لەدوای سەرکەوتنی بزاڤەکەیان پەرتەوازە بوون و، دابەش بوون بەسەر دووگرووپی هاودژدا: گرووپێکیان بانگەشەیان بۆ هۆزی عەباس دەکرد، گرووپەکەی تریش بانگەشەی بۆهۆزی عەلی دەکرد...دروست وەك ئەوەی ئەو شۆڕشە سەختە لەپێناوی شەخسدا بوبێت، نەك لەپێناوی بیروباوەڕدا.

لەوسەردەمەدا موسوڵمانان سەرقاڵ بوون بەدەمبەدمەیەکی بێڕەزاوە، سەبارەت بەم کێشەیە: کامیان نزیکترن لەپێغەمبەرەوە(دروودی خوای لێبێت)،مامی یاخود

کچەکەی؟؟.موسوڵمانان ئەومۆتیڤانەی شۆڕشیان پشتگوێ خست کەپێڕی شیعەگەر بانگەشەیان بۆدەکردو، دەستیان کردە بایەخدان بەمەسەلەی نەژاد.

خەلافەت لەدیدی ئەواندا بویە بۆماوەیی...بۆیە پرسیاریان لەیەکتری دەکرد: کامیان لەبەرترن بۆمیراتگریی پێغەمبەر(درووودی خوای لێبێت)لەجێ نشینێتیەکەیدا، کچەزاکانی یاخود ئامۆزاکانی؟؟...بەوجۆرەش هەوڵەکانی عەلی بە باداچوون، وەك چۆن پێشتریش هەوڵەکانی محەممەد(درووودی خوای لێبێت)یش وەبادا چوون!!.(٧٦)

***

یەکێك لەهۆزانڤانەکان هاتە لای ڕەشید و لەبەردەستیدا هۆنراوەیەکی خوێندەوە، تیایدا ئەم دێڕە هەڵبەستە هاتبوو:

اعم رسول الله اقرب زلفة　　لديه ام إبن العم في رتبة النسب

وأيهما اولى به وبعهده　　ومن ذا له حق الوراثة قد وجب ؟

بەواتای:(ئایا مامی پێغەمبەری خوا(درووودی خوای لێبێت)لەڕووی نەژادەوە نزیکترە لێیەوە یاخود ئامۆزا؟ کامیان لەبەرترن پێی وبەپەیمانەکەیشی"واتە بە خەلافەت"، کامیشیان مافی میراتگرییان هەیە؟؟)...لەبەرانبەر ئەم هۆنراوەیەدا، ڕەشید فەرمانیدا"بیست هەزار درهەم"ی بدەنێ.(٧٧)

***

هۆزانڤانێکی تر هات بۆلای وهۆنراوەیەکی بۆگوت کەتیایدا هاتبوو:"ئایا کچان بۆیان هەیە میراتگری مامەکان بن!! ڕەشید سەری سوڕماو خەڵاتێکی گەورەشی دا بەشاعیرەکە.

لەمەوە بەڵگەی ئەوەچنگ دەکەوێت کەمەسەلەکە بوەتە ناکۆکی نێوان"اهل البيت" لەسەر میراتی باوکیان، هەر پێرێکیان پڕوپاگەندەی ئەوەی دەکرد کەخۆی لە"خوا لێ خۆش بوو"ەوە نزیکترە تائەوانی تر، بەوپێیەی خۆی لەبەر ترە بە میراتگریەکەی.

هەرکەسێك ڕوکەش بینانە لەومەسەلەیە سەرنج بدات، وای دێت بەخەیاڵدا کە محەمەد(دروودی خوای لێبێت)خەباتی بۆئەوە کردبێت تاکودەستەڵاتێ بۆمنداڵ و ئەهلی بەیتەکەی دروست بکات...لەبەرئەوەشە کە"اهل البیت" لەسەرمیراتیەکەی بابیان ناکۆك بوون!؟.

***

دواتر"فاتیمیەکان"توانیان پشکێکی زۆرلەمیراتی خەلافەت بۆخۆیان بپچڕن، دەستیان گرت بەسەر ئەفریقاو میسردا وهەڕەشەیان کرد لەبەغداد.
عەباسیەکان ئەوەیان پێ ناخۆش بوو، بۆیە دەستیانکرد بەهەوڵدان بۆ تۆمەتبارکردنی فاتمیەکان بەوەی لەوەچەی عەلی وفاتیمە نین...وەك ئەوەی مەسەلەکە بەتەنها ببێتە کێشەی نەژادو ڕەچەڵەك نەك هیچی تر...
مەقریزی دەڵێت: قادری خەلیفەی عەباسی، لەبەغداد ئەنجومەنێکی لەقازی و سەرداران وشەرعناسەکان کۆکردەوەو داوای لێکردن کۆنوسێك بنوسن وتیایدا خەلیفەکانی فاتیمی دووربخەنەوە لەڕەچەڵەکی عەلی کوڕی ئەبی تالیب...چەندین ڕوونووس لەو کۆنوسە نوسراو بەدنیادا بڵاوکرایەوە" دەربڕینی وەرگێر"(٧٨).
خەلیفەکانی فاتیمی هیچ ئیش وکارێکیان نەبوو، ئەوەنەبێت باسی فەزڵی عەلی کوڕی ئەبی تالیبیان دەکردو ئاهەنگیان سازدەدا بۆپیرۆزکردنی ناوەکەی و ستایشکردنی.
موعیزی فاتمی فەرمانیدا، لەهەموو جێگەکانی شاری میسردا بنوسرێت: "چاکترین کەسێك لەدوای پێغەمبەری خوا، عەلی کوڕی ئەبی تالیبە"(٧٩) ئەم کردەوەیەش بویەهۆی دروستبوونی پەرچەکردارێك لەلایەن گەلی میسرەوە.
میسریەکان، بەبێ گومان عەلی کوڕی ئەبی تالیبیان خۆش دەویست، بەڵام کاتێك دیتیان دەستەڵاتدارەکانیان زیادەڕەوی دەکەن لەپیرۆزکردنی عەلیدا، ئەوان لە لای خۆیانەوە دەستیان کردە بەسوك سەیرکردنی وبەرزکردنەوەی پلەوپایەی معاویەی دوژمنی عەلی.
پلەوپایەی معاویە لەدیدی میسریەکاندا بەرزدەبویەوە، لەکاتێکدا دەستەڵاتدارەکانیان دەیانویست پلەوپایەی عەلی بەرزبکەنەوە...ئەمەش دروست لەوە

دەچێت کەلەسەردەمی ئەمەویەکاندا ڕویدا، ئەوەبوو دەستەڵاتدارەکان دەیان ویست عەلی لەکەداربکەن.بۆیە خەڵکی دەستیان کردە ململانێی دەستەڵاتداران بە ستایشکردنی عەلی...میسریەکان لەسەردەمی فاتیمیەکاندا دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی ئەوبیرۆکەیەی کەدەڵێت(معاویە خالی بڕوادارانە) بە گوێرەی ئەوەی کەخوشکی معاویە خێزانی پێغەمبەری خوا(دروودی خوای لێبێت)بووە... لەشەقامەکانی قاهیرەدا کۆنەبونەوەو، ڕێبوارەکانیان تاقی دەکردەوەو، یەکێکیان لەکابرای ڕێبواری ئەپرسی:(خاڵی تۆ کێیە؟) ئەگەر نەیگوتایە(معاویە خاڵمە) لێیان دەدا.(٨٠)... ئەوخەڵکانەی لەشەقامەکاندا کۆدەبوونەوە هاواریان دەکرد: (معاویە خاڵی عەلی کوڕی ئەبی تالبە).

بۆیە میری یەکێکی نارد، بەناوخەڵکەکەدا جاڕی داوگوتی:(ئەی خەڵکینە! ئەو قسەیە کەم بکەنەوەو وازبێنن لەسەرەڕۆیی وفزولیەت، هەرکەس وابڵێت سزای ئازار بەخش دەدرێت)(٨١)

برای خوێنەرم، سەرنج لەوبڕوپاڵانتانە بدەکە موسوڵمانان پێیەوە سەرقاڵ بوون...ئەو بیروباوەڕە کۆمەڵایەتیە مەزنانەی محەمەد(دروودی خوای لێبێت)وعەلی خەباتیان لەپێناودا دەکرد، فەرامۆش کران...کەچی موسوڵمانەکان گرنگی یان بەکەسایەتیەکان دەداوشەڕیان لەسەردەکردن...

***

ئەوەی شیاوی ئاماژە پێدانە،ئەوەیە فاتمیەکان وەنەبێت لەسوڵتانەکانی تری ئەو سەردەمە کەمتر تەرەف وستەمیان هەبووبێت...بەڵکو لەوانەیە چەند قاتی ئەوان بوبن لەستەم وتەرەفدا.(٨٢)

ئەگەر متەوەکیلی عەباسی چوارهەزارکەنیزەکی بوبێت، ئەوان حاکمی فاتمیەکان دەهەزار کەنیزەک وخزمەتکاری هەبوو...لای "ست الملك"ی خوشکیشی هەشت هەزار کەنیزەک هەبوو، هەزارو پێنج سەدیان کچ بوون...کەسەلاحەدین دەستی گرت بەسەرکۆشکەکانی فاتمیەکاندا لەکۆشکە گەورەکاندا دوانزە هەزار ژنی بینی کەهیچ نێرینەیەکیان لەناودانەبوو، جگەلە خەلیفەوکوڕەکانی.

سەلاحەدین دەستی کرد بەفرۆشتنیان وبۆماوەی دەساڵ بەردەوام بوون لە فرۆشتنیان(٨٣) کەواتە سوپاس بۆئەو خوایەی کەجگە لەو سوپاسی کەس لەسەرخراپە ناکرێت.دەڵێن:(موعیزی فاتمی فەرمانی دروستکردنی پارچەیەك لە ئاوریشمی شینی بەئاڵتون نەخشکراوی قەشەنگی دەرکرد...لەپارچە قوماشە ئاوریشمەکەدا وێنەی مەککەومەدینە نەخشکرابوو، لەکۆتاییەکەشیدا نوسرا بوو: "ئەمە موعیزلدینیلا"ی فاتمی فەرمانی دروستکردنی دەرکردوە، لەبەر ئامەزرۆیی بۆخانەی خوداو دەرخستنی شوێنەوارەکانی پێغەمبەری خوا لەساڵی ٣٥٢ك دا".(٨٤).

ئەم ستەمکارە سەرسەختە ماڵ وسامانی خەڵکی تاڵان دەکات و، وێنەیەکی مەککەومەدینەی پێ دروست دەکات لەبەرئامەزرۆیی بۆخوداو پێغەمبەرەکەی(درودی خوای لێبێت)!!.

ئاوا ئاینەکەی محەممەد(درودی خوای لێبێت) بویە گەمەوگاڵتە بەدەستی سوڵتانەکانەوە، خەڵکی ئەوەیان لەبیرچوو کەمحەممەد(درودی خوای لێبێت)سەر سەختترین دوژمنی سوڵتانەکان بوو.

# ژێدەر وپەراوێزەکانی بەشی نۆیەم

١) بروانە: ابن حجر، الصواعق، ل ٩٢-٩٣.

٢) بروانە: عباس العقاد، عبقريةالأمام، ل٤٣.

٣) بروانە: .Hitti, op.cit,p183

٤) بروانە: عباس العقاد، هسپ، ل٤٥.

٥) بروانە: أحمد امين، فجر الأسلام، ل١٤٩.

٦) بروانە:.Birge, the bekslashi order,p.139

٧) بروانە:.Nichoron.op.cit,p.191

٨) بروانە:.Hitti,op.cit.p.183

٩) بروانە: أحمد امين، هسپ، ل ٢٧٠.

١٠) بروانە: ابن خلدون، المقدمه، ل ٤٧٠.

١١) بروانە: هسپ، ل ٤٧٠.

١٢) بروانە: أحمد امين، هسپ، ل٢٧٦.

١٣) بروانە: ابن حجر، هسپ، ل ٧٢.

١٤) بروانە: هسپ، ل ٧٢.

١٥) (كوپن) لەسەر وەزنی (فوعل) موبالەغەی (كثرة)یە.

١٦) بروانە: ابن حجر، هسپ، ل ٩٣.

١٧) بروانە: عباس العقاد، هسپ، ل ١٦٤.

١٨) بروانە: هسپ، ل ١٠٦.

١٩) ئیبن حەجەر دەڵێت:فەرموودەی ناسراو بەغەدیر سەحیحەو هیچ گومانێکی تیادا نیەو، کۆمەڵێك تەخریجیان کردووە وەك(تەرمزی، نەسائی، ئەحمەد)لەریوایەتێکی ئەحمەددا هاتووە:٣٠سەحابی ئەم فەرموودەیان لە پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)بیستوەو گەواهییان داوە بۆعەلی، لە کاتێکدا

لەسەردەمی خەلافەتەکەیدا ناکۆکی بۆدروست بوو، بڕوانە: ابن حجر، الصواعق المحرقە، ل٢٥.

٢٠) بڕوانە: صحیح البخاری، ج٤، ل ٥٠.

٢١) بڕوانە: ابن خلدون، هسپ، ل٢١٣.

٢٢) بڕوانە:.Well, outline of History,p.622

٢٣) بڕوانە:ابن الحدید، شرح النهج، ج٣، ل٩٧.

٢٤) بڕوانە: دەقی وتارەکە لەمێژوەکەی تەبەریدا، ج٣، ل٢٠٣.

٢٥) بڕوانە: محاضرات الراغب الأصفهاني،ل٢١٣.

٢٦) بڕوانە:أحمد أمین، فجر الأسلام، ل٢٢٦-٢٣٩.

٢٧) نوسەر لەم پەرەگرافەدا بەدەربڕینێکی توند داوای نوێکردنەوەی "فیقە"ی ئیسلامی وخوێندنەوەیەکی نوێ بۆ تێکستە پیرۆزەکان دەکات. هەرچەندە لەکاتی وەرگێڕاندا بەندە هەوڵمدا دەربڕینەکە هێوربکەمەوە.بەڵام دیارە لەوستورە پترم پێنەکراوە، جگەلەوەش ئەوحاڵەتی نێگەتیڤ ونەبونی ئیجتیهادی نوێیە کەماوەی"٨٠٠"ساڵ و پتریشە فیقهی ئیسلامی بەگشتی و"فیقهی سوننی بەتایبەتی" پیایدا دەگوزەرێت وەرجەعێك نیە نوێ بوونەوەی تیادا بکات، لەودەربڕینەش توندتر هەڵدەگرێت. وەرگێڕ.

٢٨) بڕوانە: عبدالرحمن بدوي، شخصیات قلقة في الأسلام، ل ٤٥.

٢٩) بڕوانە: عبدالله السبیتي، عمار بن یاسر، ل٤٩.

٣٠) بڕوانە: عبدالرحمن بدوي، هسپ، ل ٢٣-٢٤.

٣١) بڕوانە: محسن الأمین، أعیان الشیعة، فصل ابي ذر.

٣٢) بڕوانە: تەها حسەین، هسپ، ج٢، ل ٤٣.

٣٣) بڕوانە: هسپ، ل ٤٣.

٣٤) بڕوانە: عەلی وەردی، خوارق اللاشعور،ج١،ل١.

٣٥) المصاع: مەبەست لێی تێکهاڕین لەجەنگداوشەڕکردنە بەشمشێر. وەرگێڕ.

٣٦) بڕوانە: تەها حسەین، هسپ، ج٢،ل٥٢-٥٣.

٣٧) بڕوانە: هسپ، ل ٤٣.

٣٨) بڕوانە: ابو حنیفە الدینوری، الأخبارالطوال، ل١٧٤.

٣٩) بڕوانە: انیس زکریا النصولی، معاویەبن ابی سفیان،ل٢١.

٤٠) بڕوانە: تەها حسەین، هسپ، ل ٥٩.

٤١) بڕوانە: هسپ، ل٥٩.

٤٢) بڕوانە: المبرد، تهذیب الکامل، ج١، ل٢٩٧.

٤٣) بڕوانە: الجاحظ، البیان والتبین، ج٢، ل ٩٤.

٤٤) واباوەمعاویە گوتویەتی خودا سەربازی لەهەنگوین هەیە.

٤٥) بڕوانە: ابن الحدید، شرح النهج، ج٣، ل١٥.

٤٦) بڕوانە: هسپ، ج١،ل ٢٥٦.

٤٧) بڕوانە: هسپ، ج٢، ل٤١٤.

٤٨) بڕوانە: بڕوانە: احمد امین، هسپ، ل ١٥٢–١٥٥.

٤٩) بڕوانە: تەها حسەین، هسپ، ج٢،ل ١٣٧–١٣٨.

٥٠) بڕوانە: المسعودی، مروج الذهب، ج٢، ل ١٦.

٥١) بڕوانە: محەمەد عبدە، ج٣، ل ١٨٥.

٥٢) بڕوانە: هسپ،ج٣، ل٢٢١...قاسمی کوڕی سەلامیش لەکتێبی اموالدا بە جۆرێکی تر ئەم وتەیە دەگێڕێتەوە، ئەم لەعەلیەوە دەگوازێتەوە کە گوتویەتی:(خودا لەماڵ وسامانی دەوڵەمەندان، ئەوەندەی فەرزکردووە بۆ بەخشین کەکومسایی هەژاران بدات...جانەگەر هەژاران برسی بن یاخود ڕووت ورەجاڵ بن، ئەوەبەهۆی قەدەغەکاری دەوڵەمەندانەوەیە، حەقە لەسەرخودا کەلێیان بپرسێتەوەو سزایان بدات).

٥٣) بڕوانە:.Welhamausen, arab kingdom.p268-269

٥٤) بڕوانە: جرجی زیدان، هسپ، ج٥، ل٢٣.

٥٥) بڕوانە: ابن الأثیر، الکامل، ج٤، ل٢٧٢.

٥٦) بڕوانە: جرجی زیدان، هسپ، ج٥، ل٢٣.

٥٧) بڕوانە: هسپ،ج٤، ل ١٦٨.

٥٨) بڕوانە: أحمد أمین، ضحی الأسلام، ج١،ل ٢٣.

٥٩) بڕوانه: تەها حسەین، هسپ، ج١، ل ١٦٠.

٦٠) بڕوانه: ابن ابی الحدید، هسپ، ج١،ل١٨٢.

٦١) بڕوانه: هسپ، ج١، ل١٨٠.

٦٢) بڕوانه: محەمەد عبده، هسپ، ج٢، ل١٣٠ – ١٣١.

٦٣) بڕوانه: عباس العقاد، ابوالشهداء، ل٢١٢.

٦٤) بڕوانه: هسپ، ل٢١٣.

٦٥) بڕوانه:.Nicholson.op.cit.p.248

٦٦) بڕوانه: هەمان سەرچاوەولاپەڕە.

٦٧) بڕوانه: هاشم البحراني، علي والسنه،ل٧–٨.

٦٨) بڕوانه: ابن ابی الحدید، هسپ، ج٣، ل١٥.

٦٩) بڕوانه: ئادەم متز،الحضراة الأسلامية في القرن الرابع الهجري،ج١، ل١٢٠.

٧٠) بڕوانه: احمد امین، ضحی الأسلام، ل٣٣.

٧١) بڕوانه: ابن الأثیر، هسپ، ج٥،ل٢٢٧.

٧٢) بڕوانه: احمد امین، هسپ، ج١، ل٣٥.

٧٣) بڕوانه: تەبەری، هسپ، ج٩، ل٣١٦.

٧٤) بڕوانه: سیوتی، تاریخ الخلفاء، ل ١و٥.

٧٥) بڕوانه: مەسعودی، مروج الذهب، ج٥،ل٤٠١.

٧٦) لێرەدا نوسەر دیسانەوە بەزمانێکی توند تەعبیر لەو ئەهامەتیانەی دێرۆکی ئیسلامی دەکات کەموسوڵمانان خوڵقاندویانە...ئامانجی سەرەکی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)بەرلە بعثەو دواتریش بریتی بوو لەئاشتەوایی خستنە ناوخەڵك...بۆنمونە:چارەسەرکردنی کێشەی بەردە ڕەشەکە لەناودیواری کەعبەدا بەرلەوەی بوبێتە پێغەمبەر. هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی دێرینەو"٥٠٠ساڵە"ی، نێوان هەردوو بنەماڵەی ئەوس وخەزرەج لەدوای کۆچکردنی بۆمەدینە...هەوڵەکانی وی(دروودی خوای لێبێت)زۆرلەبەرچاون لەبەرتەسککردنەوەی ناکۆکیەکاندا.کەچی دوای کۆچی دوایی خۆی هاوەڵەکانی گەورەترین شەڕی ناوخۆییان کرد !!. جائایا توێژەر لەئاست ئەو واقیعە تاڵەدا

چیتر بێژێت، جگەلەوەی کە بڵێت:بەڕاستی ئەوهەوڵانەی پێغەمبەری مەزن(درووودی خوای لێبێت)بەباداچوون لەوەدا کەکۆمەڵگەی دەورو بەری چاوی لێبکەن و، ناکۆکیەکانی نێوانیان بەرتەسک بکەنەوە!! نەک شەڕی ناوخۆیی بکەن..؟؟!!! وەرگێڕ.

٧٧) بڕوانە: محەمەد برانق، البرامكة في ظل الخلفاء، ل١٢٧.

٧٨) بڕوانە: المقريزي، خطط مصر، ج٢، ل١٧٠.

٧٩) بڕوانە: هسپ، ج٤، ل١٠٦.

٨٠) بڕوانە: ئادەم متز: هسپ، ج١، ل ١٠٨.

٨١) بڕوانە: المقريزي، هسپ، ج٤، ل١٥٥-١٥٦.

٨٢) بڕوانە: جرجي زيدان، هسپ، ج٥، ل ١١٢و١١٦.

٨٣) بڕوانە: المقريزي، هسپ، ج١، ل٤٩٧.

٨٤) بڕوانە: جرجي زيدان، هسپ، ج٥، ل٩١٥.

# بەشی دەیەم

## سروشتی شەهید

هەندێك لە توێژەران بەراوردی نێوان(عەلی ومەعاویە) دەكەن بەوپێیەی دووكەس بوون وململانێ یان لەسەرخەلافەت كردووەو، یەكیان ئەوی تریانی بەزاندووە.. لە ئەریتی ئەو توێژەرانەدا براوە لەدۆڕاو باشتر.

گومان لەوەدایە نییە كەمعاویە لەعەلی باشترە..ئەمە ئەگەر باشێتی بەپێوەری سەركەوتن وبردنەوە لەبواری سیاسەتدا بپێوین.

وەلێ باشی وخراپی نێوان كەسەكان تەنها بەیەك پێوەرناپێورێت، لەوانەیە براوەی پێوەرێك بەگوێرەی پێوەرێكی دی دۆڕاوبێت...

كێشەی هەندێك لەتوێژەران ئەوەیە كەلەبەر ڕۆشنایی ئەولۆژیكە دێرینەدا لەمێژوو دەكۆڵنەوە كەبڕوای بەڕاستی سەقامگیرو پێوەری ڕەهاهەیە...بۆیە دەیان بینین لەمەڕ پیاوانی مێژوو دەمبەدەمە دەكەن وفەزڵیان دەدەن بەسەر یەكتردا، بەبێ ئەوەی دەمبەدەمەكەیان بگاتە ئەنجامێكی یەكلاكەرەوە.

ئەگەر لەسەرەتادا ڕێك بكەوین لەسەرئەو پێوەرەی كەپیاوەكانی پێ دەپێوین ئەوا بۆیان دەردەكەوێت پیاوێكی "فاضل" بەگوێرەی پێوەرێك،لەپێوەرێكی تردا "مفضول"ە.ڕەنگە ڕاست بێت بڵێین:جەدەلی توێژەران لەپێوەرو بەهاكان دایە، پتر لەوەی جەدەل بێت لەمەڕ ڕاستی وفەزایلەكان.

ئێمە ستەم لەعەلی دەكەین لەكاتێكدا بەهەمان پێوەریمعاویە دەیپێوین...چونكە معاویە پیاوێكی فرەلێزانی سیاسەت بووە...بۆئێمە ڕەوایە بەگوێرەی ئەوپێوەرە فەزڵی بدەین بەسەرخەڵكی تردا...بەلام عەلی پێوەرێكی تری هەبوو، كە جیاوازییەكی بناغەیی هەیە لەگەڵ پێوەرەكەی معاویەدا.

عەلی دەڵێت:(هەركەس گوناه بەسەریدا سەركەوتبێت زاڵ نابێت، هەركەسیش بە خراپە سەربكەوێت، ئەوە ژێركەوتووە)(١) عەلی بەم گوتەیەی پێوەرێكی نوێی بۆ هێناوین كەناكرێت چاوی لێ بپۆشین:بەگوێرەی ئەوپێوەرە سەركەوتوو دەبێتە ژێر كەوتەو، بەپێچەوانەیشەوە "دەربڕینی وەرگێڕ".

بەڕاستی عەلی لەبواری سیاسەتكردندا شكستی هێنا...كەواتە لەدیدی ئەوانەدا كەسیاسەت دەكەنە پیشەو جگەسیاسەت چیترلەمێژودا نابینن، عەلی زیانەو

مەندە... وەلێ لەدیدی ئەوانەدا کەمێژوو بەشەڕی بیروباوەڕەکان دەزانن، عەلی قارەمانێکی بێ چەندوچون وتەمومژە.
مێژوونوسەکان عەلی والەقەڵەم دەدەن گوایە خەلیفەیەك بوبێت لەهەمان جۆرەکەی معاویە، بەوپێیە بەهەمان پێوەری معاویە، عەلیش دەپێون.. لەڕاستیدا عەلی خەلیفە نەبوو، بەڵکوشۆڕشگێڕبوو. تاکومردیش هەربەشۆڕشگێڕی مایەوە... ئەوان پێوەرێکی لەلایەن خۆیانەوە بەسەردا دەسەپێنن و، بەوپێوەرەی خۆشیان دەیپێون وهەڵی دەسەنگێنن.
پێویستە لەسەر توێژەر،کەسەکان بەگوێرەی ئەوبەهایانە بپێون کەخۆیان بڕوایان پێی هەبوە..دزێوترین هەڵە کەمێژوونوسەکانی تێ دەکەون ئەوەیە، سەردەمەکانی رابردوو لەبەرڕۆشنایی بەها هەنووکەییەکانی خۆیاندا دەخوێننەوە.

***

گەر بابەتیانە لەخەلافەتەکەی عەلی بکۆڵینەوە دەبینین شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوە، کەمێك نەبێت ئیدی سروشتی سوڵتانی تێدانەبووە.
لەبەردا گوتمان:لەسەردەمی عوسماندا معاویە خەلیفەی ڕاستەقینەو کردەیی بوو، شام پێگەو بارەگای دەستەڵات وسەربازو شوێنکەوتوەکانی بوو، معاویە بەو جۆرە مایەوە تاکومرد. ئەوماوەیەی کەتیایدا پەیمان درا بەعەلی، ماوەیەکی پێزپەڕ بوو، هاوشێوەی هەرماوەیەکی تربووە لەوماوانەی لەمێژوودا ڕاپەڕینی جەماوەریی تیادا بەرپاکراوە.
شیاوی باسە قورەیش پەیمانی بەعەلی نەدا، هیچ کەسیش پەیمانی پێ نەدا جگە لەوشۆڕش گێڕانەی کەعوسمانیان کوشت.ئەوپەیمانەش وەك گوزەنگی شۆڕشگێڕەکان وابوو لەسەرسپاردنی سەرکردایەتی شۆڕشەکە بەعەلی کوڕی ئەبی تالیب.
جێگەی نیگەرانیە مێژوونوسەکان ئاوڕبەلای ئەم خاڵەدا نادەنەوە یان ڕەنگە دان بە بونیشیدا نەنێن...ئەوان عەلی دەخەنە ڕیزی ئەوخەلیفانەوە کەحوکمی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیان کردوە.

لەبیریان چووە کەعەلی هەلی فەرمانڕەوایی بۆنەڕەخسا ..لەوماوەیەدا کە شۆڕشگێڕەکان پەیمانیان پێدا بەردەوام لەشەڕێکی بێ ئاماندا بوو، بارودۆخی بۆ هێمن نەبویەوە تاکومرد...ئەدی هەیاران کەنگێ بوەتە خەلیفە؟.
هەندێك لەمێژونوسان سەرکۆنەی عەلی دەکەن لەبەرئەوەی خۆی نەگونجاووە لەگەڵ بارودۆخە ڕامیارییەکەیداو، خەڵکی گرد نەکردوەتەوەو سازشی بۆ والی و سەردارەکان نەکردووە.. ئەوان بەوپێیەی عەلی خەلیفەیە سەرزەنشتی دەکەن... ئەوەیان فەرامۆشکردووە کەعەلی شۆڕشگێڕبوو، شۆڕشگێڕیش بەچاویلکەیەکی جیاواز لەچاویلکەی سیاسی ودەستەڵاتداران لەمەسەلەکان ڕادەمێنێت وسەرنج ئەدات.
زۆرینەی کارەکانی عەلی کەلەماوەی بەناوخەلافەتەکەیدا کردونی، ئاماژە دەدەن بەوەی کەئەوپیاوێك بووە هیچ لەسیاسەت تێنەگەیشتوەو، سیاسەتیش هیچ لەو پیاوە تێنەگەیشتوە. ئەوکەسانەش کەلەوکردەوانە سەرنج دەدەن عەلییان بەبێ مێشك یاخود بەلاواز دێتەبەرچاو، لەبەرئەوهەموو کورت بینییەی کەلە کردەوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە...وەلێ ئەوانە ئەگەر دادگەربن، کردەوەکانی عەلی بەپێوەری شۆڕش هەڵدەسەنگێنن.بەوەش کرۆکی عەلی ومەبەستە ڕاستەقینەکانی ئەویان لەبەرچاو ئاشکرادەبێت.

***

یەکەم کارێك عەلی پێی هەستا، ئەوەبوو کەسەرجەم والییەکانی سەردەمی عوسمانی لەسەرکارلابرد.هاوەڵەکانی هاتنە لای و، ئامۆژگارییان کرد ئاواکارێك نەکات. بەلام عەلی ملی نەداو هەرسووربوو لەسەر یاخی بوونەکەی.
هەرکەس سەرنجی ئەوکردەوەیە بدات، هیچی بۆنامێنێتەوە ئەوە نەبێت کەعەلی بە باسك کورت لەبواری سیاسەتکردندا وەسف بکات...چۆن دەگونجێت دەستەڵاتدارێك، بێت بەیەکجار هەرچی دەستەڵاتداری پێشووبیناى کردووە ئەم بیڕوخێنێت ؟؟...پلەبەندی لەحاڵەتێکی ئاوادا شتێکی پێویستە. بەلام عەلی ئەم پێویستتیە نازانێت.چونکە سازشی یەکەم لەدوای خۆی سازشی دووەم ڕادەکێشێت و...هتد. تاکەقایل کردنێکیش دەبێتە هۆی زنجیرەیەك قایلکردنی تر.

"موغیرەی کوڕی شوعبە" کەیەکێك بوو لەدانا وبلیمەتەکانی عەرەب، ئامۆژگاری کرد.پێی گوت:(...فەرمانبەرەکان لەسەر کارەکانیان بهێڵەوە، تاکوپەیمان و گوێڕایەڵی خۆیان وسەربازەکانیانت بۆدێ، ئەوجا یان بیانگۆڕە یاخود وازیان لێبێنە)عەلی لەوەڵامیدا گوتی:(لا اداهن في دینی ولا اعطي الدنیة في امري) (٢) کۆمەڵێکی تر لەهاوەڵەکانی هاتنەلای وداوایان لێکرد ماڵ وسامان بەگوێرەی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی ونەژادی خەڵك دابەش بکات، بۆئەوەی دڵی خەڵکەکە ڕابکێشێت.بەڵام عەلی پێی گوتن:(ئایا دەتانەوێت بەستەمکردن هەوڵی سەرکەوتن بدەم؟!)(٣)

عەقیلی برای هات بۆلای، سکاڵای هەژاری ونەداری خۆیی لاکردو، داوای کرد هەندێ پارەی لەبیت المال بداتێ...عەلی بەکابرایەکی گوت کەلە تەنیشتیەوە دانیشتبوو:(دەستی بگرەو بیبە بۆنێو دوکانەکانی بازاڕ..بدە لەقوفڵەکان و هەرچی لەحانوتەکاندا هەیە بیبە) عەقیل پێی گوت:( تۆ دەتەوێت بمکەیتە دز ) عەلی لەوەڵامیدا گوتی:(دەی تۆش دەتەوێت من بکەیتە دز..بەوەی ماڵی موسوڵمانان بدەم بەتۆ بەبێ ئاگاداری خۆیان)(٤)بۆیە عەقیل ڕۆشت بۆشام بۆ لای معاویەو دەیگوت:(براکەم باشترە بۆدینم و، معاویەش باشترە بۆدنیام !!)(٥).

معاویە لەسەرەتای شەڕی صەفینیدا دەستی گرت بەسەرئاوی فوراتداو، ئاوەکەی لەعەلی یاساغکرد. دواتر هاوەڵانی عەلی هێرشیانکردو دەستیان بەسەر ئاوەکەدا گرت. ویستیان ئەمانیش ئاو لەمعاویەو هاوەڵەکانی قەدەغە بکەن. کەچی عەلی پێی گوتن:( خلوا بینهم وبین الماء...فإن الله قدنصرکم ببغیهم وظلمهم)(٦)یانی:( ڕێگە بەردەن باناوەکەیان بۆبچێت، خودا بەهۆی سەرکەشی وستەمی ئەوانەوە ئێوەی سەرخست). یەکێك لەسەرانی هۆزی ئومەییە هات بۆ لای وپێی گوت:(ئەی باوکی حەسەن!! ئێمە پەیمانت ئەدەینێ لەسەرئەوەی هەرچی سامانێکمان لە سەردەمی عوسماندا دراوەتێ، تۆش پێمانی بدەیت) بەڵام عەلی قایل نەبوو.(٧)

هەروەها لەو وتارەیشیدا کەسەردەمی خەلافەتەکەی خۆیی پێ دەست پێکرد، گوتی:(الا ان کل قطیعة اقطعها عثمان، وکل مال اعطاه من مال الله، فهومردود في

بيت المال... فإن الحق لايبطله شيء... ولو وجدته قد تزوج به النساء، وملك الاماء، وفرق في البلدان، لرددته، ومن ضاق عليه الحق، فالجور عليه اضيق).(٨)

***

کەسێك بیەوێت حوکمی خەڵکی بکات و، سودیان لێ وەربگرێت، کاری ئاوا ناکات.بەڵکو کەسێك کاری وادەکات کەبیەوێت بمرێت بۆنەوەی لەدوای خۆی نمونەگەلێك بمێنێتەوە تاوەچەکانی داهاتوو چاوی لێبکەن.

هەرکەسێك بیەوێت لەم ژیانەدا سەرکەوتووبێت،پێویستەدڵنەوایی قەڵەم بەدەستو دەستەڵاتدارو زمان لووسەکان بکات... خەڵکە هەژارەکان ناتوانن سودبگەیەنن بەو کەسەی سودیان پێدەگەیەنێت، ناتوانن سوپاسگوزاری ومنەتباری خۆیان دەربڕن وەك هۆزانڤانێکی زمانپاراو دەتوانێت دەری ببڕێت.هەروەها ناشتوانن پارمەتی هیچ کەسێك بدەن وەك خاوەن دەستەڵاتەکان دەتوانن.

لەبەرئەوەیە دەبینین سیاسەتمەدارە هۆشمەندەکان پارەهەڵدەڕێژن بەسەر شاعیرەکاندا لەلایەك ولەلایەکی تریشەوە بەسەر سەردارو دەستەڵاتدارەکاندا... بەوەش ئەوکەسانە دەست بەستایشکردنی دەکەن وفەزڵەکانی لەناوخەڵکیدا بڵاو دەکەنەوە.

ئەگەرسەرنجی وێژەی عەرەبی بدەین دەبینین پڕە لەستایشکردنی خوێن ڕێژو تاغوتان وخەڵکانی بێ ئەرزش.ئەوەش لەبەرئەوەی تاغوتەکان بڕێکی گەورە لەماڵ وسامانی تاڵانکراوی خەڵکیان بەخشیوەتەوە بەسەر ئەوکەسانەدا کەدەتوانن سود بگەیەنن یان زیان ببەخشن.بەڵام خەڵکە هەژارەکان، ئەوانەی کەتوانای سودو زیان گەیاندنیان نیە، ئەوانە پێکەوە دونیاوئاخیرەتیشیان چووە.

***

عەلی گوێی نەدەدا بەدەستەڵاتدارو شاعیرەکان... گرنگی هەرە زۆری دەدا بەخەڵکە ڕەشۆکیەکە... چاودێری ودڵنەوایی دەکردن وگوێی پێ دەدان... نامەی بۆیەکێك لە والیەکانی خۆی نوسیوە وتیایدا دەڵێت:(کۆڵەکەی ئاین وکۆی موسوڵمانان و

عوددەی دژبە دوژمن، بریتیە لەخەڵکە ڕەشۆکیەکە، ئاگات لێیان بێت وگرنگیان پێ بدە...)(٩)
عەلی بەم سیاسەتەی کەلەسەری دەڕۆشت سەرنەکەوت، ئەوەبوو سەردارەکان سەر شۆڕیان کردوخەڵکە ڕەشۆکیەشیان لەم سەرشۆڕکردنەدا بەدوای خۆیاندا ڕاکێشا. خەڵکی ڕەشۆکی ئازانن چ فێڵ وتەڵەیەك لەپشتی پەردەوە ڕوودەدات، بەڵکو گوێی لەزمان پاراوو سەردارەکان دەبێت کەدەدوێن، بۆیە قسەی ئەوان بەڕاست دەزانن و بەدوای قسەکانیاندا دەچن.
لەبەرئەوەیە بینیمان عەلی دەنگی نوسا ئەوەندەی هاوارو بانگ کردو هیچ کەسیش گوێی بۆنەگرت...بۆیە لەکۆتایدا هاواری کردە خەڵکی وگوتی:(من ئێوەم لەبەر خودا دەوێت، بەڵام ئێوە منتان لەبەرخۆتان دەوێت)(١٠).
عەلی لەکۆتاڕۆژەکانیدا، لەناوخەڵکیدا وتارێکیداو گوتی:(سەیرلەوەدایە معاویە، تاغوتەکان بانگ دەکات وبەبێ بەخشش وپارەتی، وساڵێك دووجاریان سێ جار بەدەمیەوە دەچن، بۆهەرلایەك خۆی بیەوێت...بەڵام من ئێوە بانگ دەکەم هەندێکتان بەپارەتی وهەندێکتان بەبەخشش کەچی لێم هەڵدەستن ولێم یاخی دەبن ولەگەڵمدا ناکۆك دەبن(١١).
عەلی سەری لەوە سوڕدەمێنێت، ئەدەبوو سەری سوڕبمێنێت، چونکی زۆربەی کات سروشتی خەڵکی وایە. معاویە دڵی تاغوتانی ڕاگیرکردو خەڵکە ڕەشۆکیەکەش بە دوایاندا هاتن...عەلی خەڵکە ڕەشۆکیەکەی قایلکرد، بەڵام ئەوان لێی حاڵی نەبوون... پلەو ڕێزیشیان نەزانی...تاکو دوای مردنی.
دەڵێن معاویە یەکی سەدهەزار دەدات بەکۆمەڵێك سەکردە، تەنها پیاوێك نەبێت لە ناویاندا حەفتا هەزاری پێ دەدات، کابرا لەم جیاوازیانە نیگەران بوو پرسیاری لە هۆیەکەی کرد...معاویە بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:(من دینی ئەوکۆمەڵەم کڕیوە...تۆشم سەرپشك کردووە لەدینەکەتداو پێم داویتەوە...)کابرا وتی:(دەی دینەکەی منیش بکڕە!!)ئیتر معاویە ئەویی یەکسان کردبە هاوشانەکانی...(١٢)و دینەکەی لێ کڕی...پەنا بەخوا...

***

یەك لەجیاوازییە كۆمیدیەكان ئەوەیە كەدەبینین"ئەختەل"شاعیری مەسیحی ناسراو، ستایشی معاویە دەكات ودەڵێت:

وطدت لنا دین النبی محمد   بحلمك اذهرت سقاها كلابها(١٣)

پێكەنینم لەم كۆپلە سەیرەدا كۆتایی نایەت.كەتیایدا دەبینم شاعیرێكی گاور ستایشی معاویە دەكات لەبەرئەوەی ئاینەكەی محەمەدی بۆسەقامگیركردوە.

گومانم نیە لەوەی ئەختەڵ لەپاداشتی ئەم هۆنراوەدا بڕێكی گەورە پارەی وەرگرتووە، كەواتە مادەم پارەی دەست بكەوێت ئیدی گوێ نادات بەوەی ئاینی محەمەد(درودی خوای لێبێت)سەربكەوێت یان ئاینی مەسیح"علیه سلام".

خەڵكی كەگوێیان لەم هۆنراوەیە دەبێت لەوانەیە چەپڵەی بۆبكوتن، یان شادمان بن بەوسازكاریەی تێیدایە...ئیترگوێ نادەن بەوەی چ مەبەستێكیان پێ هەیە.

***

یەك لەجیاوازییەكانی ئیسلام ئەوەیە، دووپیاوی تێدا دەركەوتووە كەلەهەموو روویەكەوە جیاوازوناكۆكن، یەكێكیان پادشاهیەكی گەورەی دامەزراندو ئەویشیان شۆڕشێكی تێكشكێنەری دامەزراند، ئەودوانەش بریتین لەمعاویەو عەلی.

دیرۆكی ئیسلام بوویە گۆرەپانی ناكۆكی نێوان پادشاوشۆڕشگێڕەكان، ئەوان دروستی دەكەن ونەمان تێكی دەدەن! ناشزانین لەكوێدا كۆتایی دێت.

***

لەپاش عەلی، حسەینی كوڕی پەرچەمی شۆڕشی بەرزكردەوە، لەمەشدا بەپێڕەوی ئەوكەسانەدا ڕۆیشت كەدەیانەوێت بمرن. وەك بابی لەبەردا بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشت.

دەگێڕنەوە"موسلیم كوڕی عەقیل" نێردراوی حسەین بۆكوفە، ڕۆژێكیان لەماڵێكی كوفەدا چاوی دەكەوێت بە"عبدالله كوڕی زیاد"كەدوژمنی سەرسەختی بوو، ئەو كات دەیتوانی زیاد لەناوبەرێت وحسەین ڕزگار بكات لەوتراژیدیایەی كەدواتر

دوچاری بوو. بەڵام وای نەکرد، پیاوێك لەوهۆیە پرسیاری کردو موسلیم گوتی: (فەرمودەیەکی پێغەمبەر رێی لێگرتم کەدەفەرمێت: (المؤمن قید الفتك، و لایفتك المؤمن) ئینجا کابرا بەنیگەرانیەوە پێی گوت: (...گەربتکوشتایە ستەم کارێکی گوناهبارت دەکوشت)(١٤).
وادیارە ئەوخەڵکانە لەقوڕی شەهادەت شێلرابن، شۆڕش دەکەن، کەچی لە شۆڕشەکانیاندا رێبازی سەرکەوتن ناگرنەبەر...ئەوان خۆیان خستەنێو تەلوکەو لەناوچوونەوە...لەهەر رێگەیەکەوە چوبان شکستیان لەنێوچاو نوسرابوو، جگە لە رێگەی شەهادەت.

***

حسەین بەرەو کوفە چووەدەرێ، زۆرێك لەئامۆژگاری کەران هاتنە لای و، ئامۆژگارییان کرد کەبەرەو کوفە نەچێت. بەڵام ئەو هەر سووربوو لەسەر رۆیشتن... (ئیبن عەباس، ئیبن جەعفەر، ئیبن حەنەفیە، ئیبن عومەر)هاتنە لای، ئامۆژگارییان کرد، بەڵام ئامۆژگاریەکانیان سوودی نەبوو.
دەڵێن ئیبن عومەر بەحسەینی گوتووە: (لەخوا بترسە، کۆمەڵی موسوڵمانان پەرتەوازە مەکە) حسەین لەوەڵامیدا گوتی: (ئەی ئیبن عومەر..!! ئەگەر باوکت لە ژیاندا بوایە سەری ئەخستم وپشتی دەگرتم)(١٥)...فەرەزدەقی شاعیر لەرێگەی کوفەدا توشی حسەین دەبێت وپێی دەڵێت: (ئەی کوڕی پێغەمبەری خوا(دروودی خوای لێبێت)!! خەڵکی کوفە دڵیان لەگەڵتەو، شمشێرەکانیان لەدژتە)...حسەین بەم قسەیەش دڵی سارد نەبوویەوەو هەرپێداگربوو لەسەر رۆیشتن بۆمردن.(١٦)
وادیارە حسەین دەیویست خۆی بکوژێت!!. ئەودەیزانی هۆزی ئومەییە زۆرلەوە بەهێزترن کەئەم بتوانێت بەودەرچوونەی بەسەریاندا زاڵ بێت ولەناویان بەرێت... کەواتە خۆی لەورێگەیەدا لەناودەچێت...لەوانەیە ویستبێتی بکوژرێت تاکو کوژرانەکەی ببێتە هاوارێك وکۆشکەکانی هۆزی ئومەییە راتەکێنێت، لەوانەشە لە ئاکامدا لەناویان بەرێت.
ماربینی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی، بڕوای وایە: حسەین بەودەرچونەی سەرکەوتنی دواخراوی مەبەست بوو کەدوای مردن دێت، حسەین هەستی بەنارەحەتی

سەرکەوتنی خێرا دەکرد لەژیانی خۆیدا، بۆیە ئەوەی هەڵبژارد کەشەهید بکرێت بۆوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێت...لەدوای مردنی.(١٧)

هەرچۆن بێت، کوژرانی حسەین یەکێك بوو لەفاکتەرە هەرەبەهێزەکانی لەرزاندن و لەناوبردنی پایەکانی دەوڵەتی ئەمەوی لەڕۆژهەڵاتدا.

حسەین لەدڵی خەڵکیدا خۆشەویست بوو،لەنێوچاویدا شێوەکانی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێبێت)یان دەبینی وئەویان بەپایەیەك لەپایەکانی ئەوباوەڕە دادەنا کەلەناو دڵاندا سەقامگیرە...بۆیە هەر کەکوژرا، خەڵکی هەواڵی کوژرانیان دەگواستەوەو زیادەڕەوییان تێدا دەکردو کردبویانە چەکێکی مەعنەوی لەدژی دەستەڵاتدارە تەرێزلێکراوەکان.

***

قازی ئەندەلوسی ئەبوبەکر العربی لەمەڕحسەین دەڵێت:(قتل بشرع جده)(١٨)...هەروەها ڕەخنە لەشۆڕشەکەی حسەین دەگرێت ودەڵێت:( ئەگەرحسەین ماڵ و وشتر...هتدی فراوان بوبا، خەڵکی هەموو بهاتنایەوداوایان لێکردایە هەستێ بۆهەقێ ئاوڕی بەلادا نەدەدانەوە...(١٩).

ئیبن خەلدون جۆرە پشتگرییەکی ئەو ڕایە دەکات ودەڵێت:(حسەین هەڵەی کرد لەوەدا کەڕاپەڕی ودەرچوو لەحوکمی یەزید کەئەو بەدەمارگیری قورەیش پشتگیری دەکرا)(٢٠).

ئیبن خەلدون لەم ڕایەدا پشت دەبەستێت بەبیردۆزە کۆمەڵایەتیەکەی لە دەمارگیریدا... ئەو بڕوای وایە هەق بەبێ هێزێك پشتگیری بکات هیچ خێرێکی تێدا نییە...پێویستە لەسەرکابرای خاوەن هەق، لەدیدی ئیبن خەلدوندا، پێویستە لەسەری سەرنج بدات لەهێزو دەمارگیری خۆی، ئەگەربینی کومسایی دەدەن ئەوا هەستێ بەهەقەکەی... وەڵێ ئەگەر بینی کومسایی نادات ئەوا بێ دەنگ بوون لەسەری پێویستە.

ئیبن خەلدون هەموونەو شۆڕشگێڕانە بەشێت وخەلەفاو لەقەڵەم دەدات کە سەرکەوتوو نەبوون لەشۆڕشەکانیاندا...(٢١)چونکە ئەوان بەبێ هێزێکی کۆمەڵایەتی کەپشتگیریان بکات شۆڕشیان کردوە بەسەردەوڵەتدا.
ئەوان والێك دەدەنەوە ئەوبیروباوەرە هەقانیەی کەبانگەشەی بۆدەکەن بەسە بۆ سەرکەوتنیان، ئەوە لەیەك نادەنەوە کەچ لەناوچونێکیان توش دەبێت و، کوژران بەپەلە بەرەو رویان دێت، لەبەرئەو ئاشوبەی کەناویانەتەوەو، چارەنووسی فرو فێڵەکەشیان خراپ دەبێت"(٢٢).
ئەم رایەی ئیبن خەلدون ئەقڵ دەیگرێت، بیانوەکەشی روونە وناتاجی بەبەڵگە نیە...بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا"رایەکە"برێکی زۆر لەواقیعگەرایی توندڕەویی تیادایە.
ئەوانەی خاوەنی نمونە باڵاکانن وئایدیالیستن ئەورایە ناچێتە ئەقڵیانەوە...ئەو جۆرەکەسانە شۆڕش دەکەن، ئەگەر بیشبینن شمشێرخراوەتە گەردنیان.
گومانی تێدانیە ئەوکەسە ئایدیالیستانە دەگمەنن لەدێرۆکی دونیادا، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا هەن وبونیان هەیە...سەرەڕای کەمی ژمارەیان ڕەنگەدەستکەوتی وا بەدەست بهێنن کەزۆرێك لەخەڵکی نەتوانن بەدەستی بهێنن.
ئاسایی سوڵتانەکان هێزی سلەمێنەرەوەیان هەیە، چوار دەوریشیان بەیاساوڵ گیراوە، یاساوڵی توندوتیژو پیاوکوژ..هەرچەندە کابرای شۆڕشگێڕ بەهێزو توانا بێت، ناتوانێت سەرکەوتن بۆخۆی مسۆگەر بکات لەبەرانبەر ئەوجەلادانەدا.
ئەگەر هەموو خەڵکی شوێن ئەو رایەی ئیبن خەلدون بکەوتنایە، ئەوا هیچ کەس نەی دەتوانی شۆڕش بکات یان ڕێ بیبەستێتەوە لەسوڵتان..بەوجۆرەش بۆهەتا هەتایە تاغوتان بەبێ ئەوەی ڕێگرێك هەبێت لەبەردەمیاندا،لەسەر زەویدا تەراتێنیان دەکرد.
لەم سەردەمەدا شێخ(محەمەد الخضری)دانەری پەرتوکی(مێژووی نەتەوە ئیسلامیەکان)خۆی تەسلیمی ئەورایەی ئیبن خەلدون دەکات.ئەم شێخە، سەیری شۆڕشەکانی سەرەتای ئیسلام دەکات وپرۆتستۆیان دەکات، بەوەیان لەقەڵەم دەدات کەدەرچوون بوون لەفەرمانی دەوڵەت ولەدژی دەوڵەت، بەبانگەشەیەك کە هیچ پشتگیرێکی لەهێزی واقیع نییە.

مامۆستا عەباس العقاد شێخی خضری وهاوشێوەکانی بەبازرگان وێك دەچوێنێ، ئەوان دروست وەك بازرگانێ چۆن سەیری زیان وقازانجی خۆی دەکات ئاوا لە شۆڕشەکان دەکۆڵنەوە...کابرای بازرگان لەتیانووسی حساباتەکەیدا ژمارەکان کۆدەکاتەوە ولێکییان دەردەکات، بۆئەوەی بزانێت لەبازرگانییەکەیدا چی زیانێك دەکات وچیش قازانج دەکات...خضریش دەیەوێت شۆڕشگێڕ حسابی هێزی خۆیی وهێزی دوژمنەکەی بەوپێ ودانگە بازرگانیەبکات.

عقاد دەڵێت:(ئاسایی ڕێڕەوی شەهید بوون، هەمان ڕێڕەوی ژماردن وکۆکردنەوەو لێدەرکردنی تیانوسی بازرگانەکان نیە...بانگخوازە شەهیدەکان، ژیانی خۆیان و کەس وکاریان لەدەست دەدەن، بەڵام دوای خۆیان بانگەوازەکەیان بەجۆرێکی سەرکەوتوانەی وا ڕەوان دەکەن، کەلەکۆتایدا بەسەرهەموو شتێکدا زاڵ دەبێت، تەنانەت بەسەر دیاردە عەرەزی وسودە ئەرزیەکانیشدا.

ئەوکەسانەیش خاوەنی قازانجی ئەرزین، بەڕای عەقاد لەسەرەتادا دەیبەنەوە و دوایی دەیەزێن لەبەرانبەر بانگەوازەشەهیدبارەکەدا، تاکوژیانی خۆشیان وکەس و کاریشیان دەدۆڕێنن..بەختی ئەوان بەهەموو ترازویەك دەپێورێت،دەردەکەوێت بە گوێرەی هەمووشایەنەکان زیانەومەندبوون..مێژوونوسیش لەکۆتایدا بۆی دەردەکەوێت کەتیانوسی بازرگانەکان قازانجی تیادا نەنوسراوە، تیانووسی شەهیدان نەبێت(٢٢).

عەقاد دەڵێت:(حسێن لەڕۆژی کەربەلادا شکستی هێناو خۆی وکەس وکاریشی لە دوای خۆی دووچاربوون، بەڵام ئەوبانگەوازەی بەجێ هێشت کەلەدوای خۆی پادشا عەباسی وفاتمیەکان پێی هەستان. خەڵکانێ لەئەیوبی وعوسمانیەکان کردیانە بەڵگەو دەستیان پێوەگرت، لەنێو عەرەب وفارس وهیندیەکاندا پادشایان چوونە ژێرسێبەریەوە...نمونەیەکی لەڕوناکیەکی وادا پێشکەش بەخەڵکی کردکە "ئاوی چاو دادێنێ...وەرگێڕ"...بویەهۆی شانازییەکی واش بۆخۆی کەشانازی وا لە مێژووەکانی ئەوەی مرۆڤایەتیدا نییە...لەگێتیدا خانەوادەیەك نیە شەهیدانێکی هێنابێتە بەرهەم، وەك شەهیدانی بنەماڵەکەی حسێن لەڕووی عدة وقدرة و

ذكرة"وه...بەتەنها خودی حسەین،ئەوەبەسە بۆی کەلەمێژوی ئەم دونیایەدا هەر ئەوەیە (کەشەهیدی کوڕی شەهید بێت)(٢٤).

***

ئەگەر هەموو خەڵکی شوێنی بیرەوەری "بارزگان" بکەوتنایە کەخضری وئیبن خەلدون هێناویانە، ئەوا مێژوو دەوەستا... ئەمڕۆش شتێکمان نەدەبینی ناوی دیموکراسیەت بێت...دیموکراسیەت لەسەرشان وئەستۆی ئەوشەهیدانە دروست بووە کەوەچە دوای وەچە خۆیان خستۆتە تالوکەوە.
شۆڕشگێڕێ ڕادەپەڕێ وئینجا دەمرێ...بەمردنەکەی کۆمەڵێ شۆڕشگێڕی تر دەخرۆشێنێت...بەوجۆرەش ئەوەدوای ئەوە کاروانی شۆڕشگێڕان یەکبینە دەبێت...لەهەموو جارێکیشدا تینێکی نوێ دەدەنە تیشکی ڕوناکییەکە.

***

سەیرلەوەدا نیە کابرایەك پرۆتستۆی شۆڕشەکان بکات کەلەچاخەکانی ناوەڕاستدا ژیاوە...ئەوە سەیرە، زۆریش سەیرە، پیاوێ پرۆتستۆی شۆڕش بکات کەلەسەدەی بیستەمدا دەژی!

# ژێدەر و پەراوێزەکانی بەشی دەیەم

١) بنوارە: محەمەد عبده، نهج البلاغة، ج٣، ل٢٣١.

٢) بنوارە: عباس العقاد، عبقرية الأمام، ل١١٢-١١٣.

٣) بنوارە: إبن ابی الحدید، شرح النهج، ج١، ل١٨٢.

٤) بنوارە: إبن حجر، الصواعق المحرقه، ل٧٩.

٥) بنوارە: عباس العقاد، هسپ، ل٥٠.

٦) بنوارە: عبدالحمید السحار، اهل البیت، ل١٥٣.

٧) بنوارە: إبن ابی الحدید، هسپ، ج١، ل١٧٢.

٨) بنوارە: سید قطب، العدالة الأجتماعیة.

٩) بنوارە: محەمەد عبده، هسپ، ج٢، ل٩٦.

١٠) بنوارە: عباس العقاد، هسپ، ل١٢٧.

١١) بنوارە: انیس النصولی، معاویه بن ابی سفیان، ل٦١.

١٢) بنوارە: الطبری، تاریخ الأمم والملوك، ج٢، ل٩٧.

١٣) بنوارە: انیس النصولی، هسپ، ل٧٩.

١٤) بنوارە: إبن العربی، العواصم من القواصم، ل٢٣١.

١٥) زەیدی کوڕی عەلی کوڕەزای حسەین، لەکوفەدا ڕاپەڕی لەدژی هشام کوڕی عبدالملك وگوێی نەگرت بۆئامۆژگاری مۆجگاری کەران،ئەوەبوو لە کۆتایدا وەکو باپیری کوژرا.

١٦) بنوارە: عباس العقاد، هسپ، ل ٢١٧.

١٧) بنوارە: إبن خلدون، المقدمه، ل ٢١٧.

١٨) بنوارە: إبن العربی، هسپ، ل ٢٣٢.

١٩) بنوارە: إبن خلدون، هسپ، ل٢١٦-٢١٧.

٢٠) بنوارە: ساطع الحصري، دراسات عن مقدمة إبن خلدون، ل٢٩٩.

٢١) بنوارە: هسپ، ل١٦١.

٢٢) بنوارە: عباس العقاد، هسپ، ل٢٢٩.

٢٣) بنوارە: هسپ، ل ٢٣٠.

# بەشی یازدەهەم

## کێشەی شیعەو سونە

ئەم كێشەیە تائەوپەڕی سنور ئاڵۆزە، ئەخاسمە لەعێراقدا...ئەو وڵاتەی كەدروستە ناوزەدی بكەین بە(وڵاتی یاساوڵان).

عێراق هەرلەسەرەتاوە ئالودەی ئەم كێشەیەبوە، تاهەنوكەش بەدەستیەوە دەناڵێنێت، هیچكام لەوڵاتە ئیسلامیەكان نقرۆی شتێ نەبوون، بەوشێوەیەی عێراق لەم كێشەدا نقرۆبووە.

من ئەم بەشە بۆچینی كۆنی خەڵكی عێراق نانوسم...چونكە ئەوچینە هیچی لێ حاڵی نابن، هەرلایەكیان دڵنیایە لەوەی هەق لای خۆیەتی وباتڵیش هەموو، بەشی غەیری خۆیەتی...ئەو ڕەنگە ئەم بڕوا یەكلاییەكەی لەباوباپیرانیەوە بەویراسەت بۆمابێتەوە...تەنانەت لەهیچ شتێك تێ ناگات جگەلەو ئەریت و بیروباوەڕو سروتانەی كەلەسەری پێگەیوە...وەك هەریەكێكی تر لەكۆمەڵگە دۆگماكان، خووی گرتوە بەوەوە كەبڵێت:(انا وجدنا ابانا على ذلك وانا على اثارهم مقتدون).

ئەم بەشەم بۆنەوەی تازەنوسیوە...ئەوچینەی كەبێزاربووە لەونەریتە كۆنانەو تێگەشتوە لەوەی ئەونەرتیانە چاوگ وسەرچاوەی بەڵاو موسیبەتەكانی وبناغەی لاوازی ئەون.

زۆرێك لەڕۆڵەكانی ئەم وەچەیەم دیوە كەدەركیان كردوەو وشیارن، تێبینی ئەو كێشە تایفیەو پوچی وبۆگەنیەكەی ناوی دەكەن، وبێزیان لێی دێتەوە...كۆمەڵگە نوچیداوە لەژێركۆڵە قورسەكانیدا.كەچی خەڵكەكەی سەرقاڵن بەدەمبە دەمەیەكی ئەزۆكەوە كەهیچ بایەخێكی بەدواوەنیە.

لۆژیكی سۆسۆلۆژی نوێ ئەم جەدەلە پوچ وبێ ئەرزش دەكات وبەخاوەنەكەیشی پێدەكەنێت...لۆژیكی كۆمەڵایەتی نوێ جەدەلەكە بەجەدەلێكی هۆزایەتی و تایفەگەری لەقەڵەم دەدات، پترلەوەی بەجەدەلێكی ئایدۆلۆژی دابنێت.

لۆژیكی كۆن هەق وباتڵی وەك دوروشتی پێچەوانەی یەكتر دەپۆلاند،هەر مەسەلەیەكی بەهەق دابنایە دەبوا پێچەوانەكەی ناهەق بویا، ئەم پۆلێنكردنە بە پۆلاندنی دوروجەمسەری ناودەبرێت، لۆژیكی نوێ دانی پیادا نانێت.

هەق وناهەق لەدیدی لۆژیکی نوێدا، دوومەسەلەی ئیعتیبارین، ناکۆکیش تێیاندا لەبنەڕەتەوە ناکۆکیە لەسەرپێوەرەکان، پترلەوەی ناکۆکی بێت لەسەر ڕاستی لۆژیکی نوێ بیرۆکەکانی لنگەوقوچ هەڵگەڕاندۆتەوە...بەحەسرەتین لەوەی دەبینین بیریارە هاوچەرخەکانمان تاهەنوکەش لەنێو ئەندێشەکانی بیرکردنەوەی کۆندا دەژین.

***

ئەفسانەکان بۆمان دەگێڕنەوە کە(قەلەڕەشکە)یەک چاوی دەکەوێت بەقەلەڕەشەیەکی تر، زۆرقەڵس بوو بەوهەموو ڕەشی وناجوانیەی کەلەڕوخساری هاوڕێ بەرێزەکەیدا بینی، ئەو ڕقی لەورەنگە ڕەشەبوو.کەلەڕوخساری هاوڕێکەیدا بەدی کرد، بەڵام گەربهاتباو لەئاوێنەدا تەماشای ڕوخساری خۆی بکردایە، دەیبینی لە ڕەشی وناشیرینیدا هیچی کەمترنیە لەڕوخساری برادەرەکەی...گرفتەکە لەوەدایە کەقەلە ڕەشەکە ئاوێنەی نیە تاسەیری ڕوخساری خۆیی تێدا بکات.

ئەمە گرفتی هەموو مرۆڤەکانە، هەرگروپێ خراپەکانی غەیری خۆی دەبینێت،بەڵام دەرك ناکات بەوەی خۆیشی بەجۆرێك لەجۆرەکان دووچاری هەمان خراپە بووە.

لەیەکێك لەپەرتووکەکانی پێشومدا گوتومە:(من بەم باسانەم نامەوێت قەناعەت بکەم بەهیچ کەسێك، ئەوکەوسە نەبێت کەخۆی دەیەوێت قەناعەت بکات، هەر کەسیش نەیەوێت قەناعەت بکات، ئەوا هیچ حیلەیەکمان لەبەرانبەریدا نیە)(١).

ئەوقسەیەی لەوێدا کردوومە، دەگونجێت لەم بۆنەیەشدا بیڵێمەوە. کەسێك لەژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا پێبگات ولەسەر نەریت وپێوەرە فیکریەکانی ئەو ژینگەیە پەروەردەبێت، ئارەحەتە لەسەری بەبێ لایەنی سەرنج لە مەسەلەکان بدات.

چونکە پێوەرە فیکریە تایبەتیەکانی کۆمەڵگە لەناوەزی ناوەوەدا ڕەگیان داکوتاوە، بەجۆرێك کەخۆی هەستی پێ ناکات، بیرکردنەوەی ئەو ئاراستە دەکەن...بۆیەبیرکردنەوەی ئەو دەورە دراوەبە چوارچێوەیەکی ئەستی، ئەو وادەزانێت گوایە سەربەستە لەبیرکردنەوەکەیدا، کەچی لەوگومانەدا بەهەڵەداچووە، چونکە لەڕوی کۆت وسنورە فیکرییەکانەوە هیچی کەمتر نیە لەخەڵکانی تر.

گرفتەکەش لەوەدایە کەئەم بەسنور وکۆتەکانی.خەڵکانی تر دەڵێت:(ئەی دەم و چاو ڕەش)..بەڵام بەداخەوە ڕەشی ڕوخساری خۆی لەبیردەچێت.

***

هەندێك لەپیاوە ئایینیەکان، بێزارم دەکەن کەدەیان بیتم دەنوسن و وتار دەدەن، وا ڕادەگەیەنن بۆخەڵکی گوایە بەدوی ڕاستی(مجرد)دا دەگەڕێن، ئیدی بەخۆیان نازانن کەبەشوێن ئەوڕاستیەدا دەگەڕێن کەخۆیان ئارەزووی دەکەن. مرۆڤیش هیچ لەڕاستی تێناگات، جگەلەو بەشەی لەگەڵ گریٚ دەروونیەکانی وبەها کۆمەڵایەتیەکان وبەرژەوەندیە ئابوریەکانی خۆیدا یەکانگیردەبێت ڕوەکانی تری ڕاستی پشتگوێ دەخات، بەوپێیەی گوایە ئەوبەشانەی تر درۆن یاخود زادەی بیری زەندیقەکانن"نەفرەتی خوایان لێبێت".

کەس ناتوانێت لەڕاستی تەواو نزیك بکەوێتەوە، جگەلەو کەسە گومان بازەی کە سەرنجی بێلایەنانە لەهەموو ڕاکان دەدات. بەڵام ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بە نەریتەکانی باوپایرانیان، ئینجا هاتوون زمان درێژدەکەنەوە گوایە بەدوای ڕاستی پەتیدا وێڵن، ئەوانە لەدیدی زانستی نوێدا جگە (تف) شیاوی چیدی نین.

ئێمە لۆمەی پیاوانی ئاینی ناکەین لەسەر ئەو باوەڕەی دەستیان پێوەگرتووە، بەلاّم لەسەرئەوە لۆمەیان دەکەین کەمشەخۆری دەکەن بەسەر توێژینەوەی زانستیەوە، لەکاتێکدا شیاونین بەومەسەلەیە.

باوەڕولێکۆڵینەوە تەواو پێچەوانەی یەکترن، هیچ کەسێکی باوەڕدار ناتوانێت توێژەربێت. هەرکەسیش بیەوێت ئەو دووچەمکە تێکەڵاو بکات بێگومان"وەك کورد دەڵێت: لەقەلانیش دەبێت ولەکۆترانیش"-دەربڕینی وەرگێڕ-.

***

پیاوانی ئاینی شیعەوسونئە لەسەر بنەمای تایفەگەری ڕکابەری یەکتری دەکەن، دروست وەك ڕکابەری دەشتەکییەکان لەبیابانـدا، هەرگروپێك لەخراپەو

ناتەواویەکانی بەرانبەرەکەی دەروانێت، هەر گروپێکیشیان بەوەی لای خۆیەتی دڵخۆشە.

لەوانەیە خوێنەر سەری سوڕبمێنێت، لەوەی ئەم دووگروپە لەسەرەتادا یەک گروپ بوون، ئەوکەسانەیش کەجیاوازییان خستە نێوانیانەوە بریتی بوون لە سوڵتان و واعیزەکانی سوڵتان.

لەسەردەمی دەوڵەتی ئەمەویدا شیعەوسوننە پێکەوە شۆڕشیان پێک دەهێنا. ئەهلی سوننە بەفەرمودەکانی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)شۆڕشیان لەدژی دەوڵەت دەکرد، ئەمان بەزمانیان بەرگریان لەخراپە دەکردو ئەوانیش بە دەست بەریان بەخراپەکانی دەوڵەت دەگرت.

شیاوی باسە زاراوەی"ئەهلی سوننەت و جەماعەت" لەمێژوودا بەدەرنەکەوت تاکو سەردەمی"متوکل". بەر لەومێژووە بە"ئەهلی حەدیس" ناسرابوون...هەردوو زاراوەی "حەدیس وسوننە"ش لەهەندێک ڕووەوە هاوواتان.

هەرکەس مێژووی ئەهلی حەدیس بخوێنێتەوە لەسەردەمی حوکمی ئەمەویدا، دەبینێت ئەوان دژایەتیەکی توندوتۆڵیان هەبوە لەگەڵ ئەوحوکمەتاغوتیەدا (٢).

لەسەردەمی حوکمی ئەمەویدا ماوەیەکی کورت تێ پەڕی کەدووساڵێک تەمەنی بوو، لەو ماوەیەدا"ئەهلی حەدیس" لەدەوڵەت نزیک کەوتنەوەو پشتیان گرت، ئەویش ئەو ماوەیەبوو کە"عومەری کوڕی عەبدولعەزیز"حوکمی کرد...ئەم عومەرە لەقوڵاییەکانی ناخیدا ئەمەوی نەبوو، بەڵکو ڕاشدی بوو لەژێر کاریگەری بابە گەورەی لەدایکیدا، واتە لەژێر کاریگەری عومەری کوڕی خەتابدا بوو.

جارێک پوری"عومەری کوڕی عەبدولعەزیز" دێت بۆ لای وتکای لێ دەکات لەسەر ڕێڕەوی هۆزی ئومەییە بڕوات و وازبێنێت لەڕێڕەوی عومەری کوڕی خەتاب، عومەر ئەم تکایەی قبوڵ نەکرد...بۆیەکاتێ پوری هاتە دەرەوە بەخزمەکانی گوت:(تزوجون ابنكم عبدالعزيز من العمر بن الخطاب،فاذا نزعوا الى الشبه جزعتم؟ اصبروا له وذوقوا مغبة امركم)(٣).

***

ئێمە دوورناکەوینەوە لەڕاستی ئەگەر بڵێین ئەهلی حەدیس هیچیان کەمتر نەبووە لەئەهلی شیعە لەدژایەتیکردنی ئەمەویەکان وبەرانبەرکێ کردنیاندا، تەنها بەیەک شت لەگەڵیاندا جیاوازبوون: جیاوازیەکەش لەوەدا دەبینرێت کەئەمان پەنایان بردەبەر(چەکی حەدیس)وکۆیان دەکردەوەو ئارایشتیان دەکرد بۆئەوەی دژایەتی ئەوستەم وتەرەفو لەسنوردەرچونەی پێ بکەن کەلەسەردەمی ئەمەویەکاندا باو بوو.

***

بەشێوەیەکی گشتی، شۆڕش پێویستی بەدوو جۆرە چەک هەیە کەبریتین لەچەکی قەڵەم وچەکی شمشێر...هیچ شۆڕشێکیش لەمێژوودا سەرنەکەوتووە بەبێ ئەوەی قەڵەمێکی بەهێز، یاخود زمانێکی بەهێز بانگەشەی بۆبکات وبیروباوەڕەکانی بەناو خەڵکدا بلاوبکاتەوە...تەنها شمشێر بەس نیە بۆپشتگیریکردنی بیروباوەڕێک لەبیروباوەڕە شۆڕشگێڕیەکان. ئەگەر بەهاقیکرییەکان نەگۆڕێن وخەڵکی لەناوەڕۆی خۆیاندا مۆرکی ملکەچی وبەستەڵەکی دوورنەخەنەوە، ئەوا شمشێر دەستەوسان دەبێت لەبەرپاکردنی شۆڕشێکی سەرکەوتوو.

لەبەشێکی پێشودا گوتمان عەباسیەکان لەڕوی تەرەفو ستەم یاخود لەڕوی خوێن ڕێژی وتالان وبرۆوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو لەگەڵ ئەمەوییەکاندا، تەنها بە ڕواڵەت نەبێ...ئەوەندە نەبێت ئەمەویەکان تەرێزیان لەئەهلی حەدیس دەکردو دەیان چەوساندنەوە، بەلام عەباسیەکان ڕێزیان لێ دەنان ولەکاتی ئامادەگی ئەماندا فرمێسکی بەلێزمەیان دەڕشت.

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە ئەوەیە ئەهلی فەرمودەناس وگەورە شەرعناسەکان بەو دیمەنە سەرنج ڕاکێشە تەفرەیان نەخوارد، لەوە زیرەکتربوون فێڵ وفڕ بە سەریاندا تێ پەڕێت.

ئەمان لەسەرەتەمان ڕێڕەوی یەکەمیان بوون، بانگەشەیان بۆشۆڕش دەکردو پشتگیری شۆڕشگێڕانیان دەکرد...فەزڵەکانی عەلی و ئەوپەڕەنسییە کۆمەلایەتیانە یان بەناوخەڵکیدا بلاودەکردەوە کەعەلی ونەوەکانی لەپێناویدا شۆڕشیان دەکرد.

گەر سەرنجی ژیاننامەی ئەوگەورە ئیمامانە بدەین کەلەکۆتاییەکانی سەردەمی ئەمەوی وسەرەتای سەردەمی عەباسیەکاندا ژیاون، دەبینین بەشێوەیەکی سەیر تەشەیوعیان هەبوە بۆعەلی وبیروباوەڕە شۆڕشگێڕیەکانی.سەرەڕای ئەو بارودۆخەی کەچواردەوری دابون.

ئەبوحەنیفە کەبە(ئیمامی ئەعزەم) ناسراوە، عەلەوی مەشرەب وکابرایەکی شۆڕشگێڕبوە لەجۆرە نایابەکان. زەمەخشەری دەڵێت:(ئەبوحەنیفە بەنهێنی فەتوای دەدا بەواجبێتی پشتگیری کردن لەزەیدی کوڕی عەلی وبردنی پارەو سامان بۆی ودەرچوونیش لەگەڵیدا دژی ئەو دزە زاڵ دەستەی کەناونرابوو ئیمام یان خەلیفە)(٤).

ئیبن حەجەر دەڵێت:(لەبوحەنیفە خوای لێ ڕازی بێت، زۆر ئەهل وبەیتی بەگەورە دادەناو نێزیکی دەکرد بەخەرجی کێشان وپارەوپول دان بەوانەیان کەحەشار درابوون وئەوانەشیان کەئاشکرابوون. تەنانەت دەڵێن جارێک دوازدە هەزار درهەمی ناردووە بۆیەکێك لەحەشاردراوەکان و، هاوەڵەکانی خۆیشی هان دەدا لەسەر ئەنجامدانی کاری لەوجۆرە)(٥).

کە"محەمەدی کوڕی عەبدوڵای حەسەنی" لەمەدینەدا شۆڕشی بەرپاکرد لەدژی مەنصور، ئەبوحەنیفە پەیمانی پێدا...لەدوای کوژرانی محەمەدیش لەسەر ئەو بەیعەتە مایەوە، چونکە بڕوای بەموالات ودۆستایەتی ئەهلی بەیت هەبوو(٦)...

ئەبوحەنیفە نامەیەکی نوسی بۆئیبراهیمی برای محەمەد، تیایدا ئاماژەی داوە بەوەی بەنهێنی بچێت بۆکوفە وئاگاداریشی دەکات کەلەوێندەر شیعە گەلێك هەیە کەدەتوانێت گیانی شۆڕش لەکۆمەڵگەی ئیسلامدا زیندوبکاتەوە...لەدوای کۆچی دوایی ئەویش دووکۆمەڵ لەخەڵك چڵەوی ئەوگیانە شۆڕشگێڕیەیان گرت، کە بریتی بوون لەتاقمی شیعە لەلایەك وئەهلی حەدیس لەلایەکی ترەوە...ئەوان بە شمشێر شۆڕشیان کردو ئەمانیش بەقەڵەمەکانیان.

لەکۆتایشدا ئەم دووتاقمە توانیان زاڵ بن بەسەردەوڵەتی ئەمەویدا،ئەگەر پێنوس وشمشێر شانیان کرد بەشانی یەکتردا بۆمەسەلەیەك ئەوا درەنگ یان زوو ئەو مەسەلەیە فەراهەم دەبێت.

***

دەوڵەتی ئەمەوی تەنها بەشمشێر حوکمی خۆی ئەستوورکردو، لایەنی قەڵەمی پشتگوێ خست، ئەمەیش هۆیەکی گەورەبوو لەوهۆیانەی هەرەسیان بەدەوڵەت هێنا.

ئەمەویەکان ئەزعەیەکی دەشتەکی بەهێزیان هەبوو... لەبەرئەوەش بوو بەڕێڕەوی بیابان نشینەکاندا دەڕۆشتن وبڕوایان وابوو" هەق بەشمشێرەوپیاوی دەستەو سان ئاتاجی بەشایەتی هەیە"...نەیان دەزانی شایەتەکان لەژیانی شارستانیدا گرنگیەکی وایان هەیە وەك گرنگی شمشێر.

ئەمەویەکان ئەهلی فەرموودەیان پشتگوێ خست وگرنگیان دابەشاعیرەکان، دروست وەك ئەوەی دەشتەکییەکان دەیکەن...لەبیریان چوو شاعیرەکانی شارستان وەك شاعیرەکانی دەشت نین...شاعیری هۆزی دەشتەکی بەشێکە لە هۆزەکەی ولێی دانابڕێت...وەلێ شاعیری شارستانی بەهۆی هۆنراوەیەکەوە داوای خەلات دەکات وهیچ دوودڵ نیە لەوەی ئەمڕۆ جنێو بەوکەسە بدات کەدوێنێ ستایشی کردووە...بەم جۆرە لەهەرشوێنێکەوە پارەوپول دیار بێت ئەوان بەرەو ئەوشوێنە دەسوڕێنەوە...لەبەر ئەمەشە دەبینین هەرکە ئەمەویەکان هەرەسیان هێنا، هەموو ستایش وچاکەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هەرەسی هێنا.

ئەهلی حەدیس خراپەکارییەکانی ئەمەویەکانیان وچاکەی دوژمنەکانیان تۆمار کرد، ئەم تۆمارکردنەش بەنەمری ماوەتەوەو خەڵکی وەچەلەدوای وەچە دەیخوێننەوە وباوەڕدەکەن بەوەی تیایدا نوسراوە.

ئەوهۆنراوانەش کەلەستایشی ئەمەویەکاندا وتراون، خەڵکی خوێندنیانەوە. لەسەر ئەوبنەمایەی کەدرۆترینیان پاراوترین وسازگارترینیانە...ئەو ملیۆنەها پارەوپولەش کەبۆئەو شیعرانە سەرف کران، وەباداچوون.

بەم جۆرە دێرۆکی ئیسلامی پڕبوە لەخراپەی ئەمەویەکان، مێژوونوس وفەرموودە زانەکان کەمێکی زۆر کەم نەبێت ئیدی چاکەی ئەمەویەکانیان باس نەکردووە.

***

عەباسیەکان هاتن وگرنگیەکی زۆریان دا بەئەهلی حەدیس... خەتیبی بەغدادی دەڵێت:(ئەبوحەنیفە فەتوای دەرچوونیدا لەگەڵ ئیبراهیمی کوڕی عبدللەی حەسەنیدا بۆشەڕ لەدژی مەنصور، ئەم فەتوایەش بوە هۆی ئەوەی مەنصور دەرمان خواردی بکات)(٧).

ئەبوحەنیفە بەئاشکرا لەدژی حکومەتی مەنصور قسەی دەکردو بانگەشەی دەکرد بۆپشتگیری شۆڕشی عەلەویەکان. "زفری کوری هذیل"ی هاوڕێی، بەئەبو حەنیفەی گوت:(بەخودا تۆ دەست کۆتا ناکەیت تاکو گوریس لەملمان دەنێن)(٨).

***

ئەگەر بێین بەلای شافیعیەوە دەبینین لەخۆشویستنی عەلەویەکاندا لە"ئەبو حەنیفە"توندتربوو... شافعی لەبەرئەوەی زۆر تەشەیوعی بەهێزبوو، تۆمەتبار کرا بەوەی ڕافزی بێت، خۆیشی لەبارەی ئەم تۆمەتبارکردنەوە هۆنراوەیەکی نوسیوەو تیایدا دەڵێت:

قالوا ترفضت قلت كلا — ماالرفض ديني ولاإعتقادي
ولكن توليت غيرشك — خير امام وخير هادى
ان كان حب الولى رفضا — فانني ارفض العبادى

***

شافعی هەربەم واتایە، هۆنراوە گەلێ زۆری هۆندۆتەوەو لێرەدا بوارنیە بۆ باسکردنی(٩).

پێشەوای ناسراوی مەدینە، مالیکی کوڕی ئەنەس، یەکێك بوو لەقوتابیەکانی ئیمامی عەلەوی جەعفەری صادق(١٠) هاوکاری"محەمەدی حەسەنی" کردوە لە شۆڕشەکەیدا لەدژی مەنصور وفەتوای داوە بەدروستی پەیمان پێدانی، مەنصور لەسەر ئەوهەڵوێستەی سزایداو بەقامچی فەلاقەی کرد(١١).

کەدێینە سەرباسی پێشەوای چوارەم "ئەحمەدی کوڕی حەنبەل" دەبینین لەڕوی شیعەگەرێتیەوە هیچی کەمترنیە لەئیمامەکانی پێشخۆی... هەرکەس مەسنەدەکەی

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بخوێنێتەوە، دەبینێت ژمارەیەکی زۆر لەفەزائیلی عەلی تێدا تۆمارکراوە کەزیاترە لەفەزائیلی هەرسەحابەیەکی تر...هەر ئەحمەدیشە دەڵێت:(ئەوەندەی فەزائیل بۆعەلی هاتوە بۆهیچکام لەسەحابەکانی تر نەهاتووە)(١٢).

***

بەهەرحاڵ، عەباسیەکان حەزیان بەوەستی خۆشویستنی عەلیە نەدەکرد کەلە ناخی پیاوانی ئاینیدا هەبوو، سەبارەت بەعەلی وپشتگیریکردنی شۆڕشەکەیان. عەباسییەکان شیعەبوون، بەڵام شیعەگەرێتیەکەیان مۆرکێکی تایبەت بەخۆیانی گرتبوو... ئەوان دەیانویست تەشەیوع بۆئەهلی بەیت بێت...مەبەست پشیان لە ئەهلی بەیت: عەباس ونەوەکانی بوو لەدیدی ئەواندا عەباس لەبەرترە بۆ میراتگیری پێغەمبەری(دروودی خوای لێبێت)لەعەلی وفاتیمە "وەك لەبەردا ئاماژەمان پێدا".

"محمەدی کوڕی عەبدوڵای حەسەنی" نامەیەك دەنێرێت بۆ"مەنصور" وتیایدا دەڵێت:(هەق هەقی ئێمەیە، ئێوە لەئێمەتان بردووە...عەلی باوکمان وەسی و پێشەوابوە، چۆن ئێوە بونەتە میراتگیری لەکاتێکدا ئێمەزیندووین...)(١٣).

مەنصور بەنامەیەکی درێژ وەڵامی دەداتەوە...تیایدا دەڵێت:(مەسەلەکەی عەلی باپیرەتان دراپە دەست حەسەنی بابت، حەسەن فرۆشتی بەپارەوپول ودرهەم، گەر مەسەلەکە هەربەشێکی ئێوەی پێوە بووبێت ئەواخۆتان فرۆشتوتانە)(١٤)ئینجا مەنصور دەڵێت:(هۆزی ئومەییە بەئاگر ئێوەیان دەسوتاند وبەپەلکی دارخورماوە لەخاچیان دەدان، تاکو ئێمە بۆیان دەرپەڕین وتۆڵەی ئێوەمان لێکردنەوە، ڕێزو پلەوپایەتانمان بەرزکردەوەو ئێوەمان کردە میراتگیری زەوی وموڵك ومالی ئەوان)(١٥)

مەنصور دواتر دێتە سەرباسکردنی عەباسی باپیری ودەڵێت:(ولقد علمت ان توفى رسول الله وليس من عمومته احد الاعباس فكان وارثة دون بنى عبدالمطلب، و طلب الخلافة غيرواحد من بنى هاشم فلم ينلها الا ولده فاجتمع للعباس انه ابو

رسول الله خاتم الانبياء، وبنوه القادة الخلفاء، فقدذهب بفضل القديم و الحديث...)

لەوكات وساتەدا(مەنصور) وتارێکی لەناوخەڵکی خۆراساندا داو، تیایدا هاوسەنگی خۆی لەدەست داو، یەك بەیەك دەستی کردە ژماردنی خراپەکانی عەلەویەکان وگوتی:(ئوممەتی ئیسلامی لەسەردەستی عەلی کوڕی ئەبی تاڵبدا پەرتەوازەبوو، ناکۆکییان تێکەوت وقایلیش بوو بەوەی داوەری لەکێشەکەیدا بکرێت. حەسەنیش، معاویە پێشنیازی پارەوپولی بۆکردو ئەم قبوڵی کرد، معاویە فێڵی لێکرد وئەم تەفرەی خوارد، دوایی دەستی کردە ژنهێنان وئەمڕۆ ژنێکی دەهێنا وسوزی تەلاقی ئەدا...حسەینیش خەڵکی کوفە هەڵیان خەڵەتاندو دواتر پشتیان تێکرد تاکو کوژرا...زەیدی کوڕی عەلیش، بەهەمان شێوە خەڵکی کوفە هەڵیان خەڵەتاند، ئینجادوای ئەوەی هێنایانە دەرێ دایان بەدەستەوە)(١٦).

لەپاش بژاردنی ئەو لەکەوپەڵەو ناتەواویانە، مەنسور دەستی کردە ستایشکردنی "خوراسانیەکان" وباسی لەوەکرد کەچۆن خودا ئەوانی نارد بۆ هۆزی عەباس و ستەمیان لەسەرلادان ومیراتی پێغەمبەریان بۆگەڕاندنەوە...ئینجا دەستی کردە سەرزەنشتکردنی عەلەویەکان وگوتی:(کاتێکیش "خەلافەتەک- وەرگێڕ-" لەناوئێمەدا بەفەزڵی خودا ئۆقرەی گرت،ئەوا بەستەم ونێرەیی بەرانبەرمان هەستاون...)(١٧).

ئەم دەمبەدەمەی کەوتە نێوان"مەنسور ومحەمەد حەسەنی"دوە، سەرەتای پەرت بوونی"بنەماڵەی هاشم"بوو، کەبریتی بوون لەهۆزی عەلی وهۆزی عەباس. لەدوای ململانێی قسەش، ململانێی شمشێری تێدا بەرپابوو.. پەیوەندیەکانی نێوانیشیان بەتەواوی ئاڵۆزبوو، بەتێپەڕینی ڕۆژگاریش پتر ئاڵۆزدەبوو.جێگەی ئیگەرانیشە کەدەبینین ئەم ناکۆکیە خێزانیە، ڕوکەشی ئاینی وەردەگرێت و دەچێتە نێوکرۆکی بیروباوەڕە مەزهەبیەکانەوە.

توێژەر بەبێ ئەوەی لەوململانێ خێزانیە بگات و لەتەمومژە فیکری و کۆمەڵایەتیەکانی بکۆڵێتەوە، ناتوانێت لەدروست بوونی کێشەی نێوان شیعەو سونە تێ بگات.

***

لەسەردەمی ڕەشیددا ئەم ناکۆکیانە پتر توندوتیژبوو... چونکە ئەوپیاوە زۆر ڕقی لەعەلەویەکان وپێڕۆشیعەکانیشیان بوو، تەنانەت بەرلەوەش کەببێتە خەلیفە، (١٨) یەکێك لەشاعیرەکان هات بۆلای بەرمەکیەکان و داوای لێکرن لە"ڕەشید"ی نزیك بکەنەوە تاکو هاوشانەکانی چیان دەست کەوتووە ئەمەیش دەستی بکەوێت، ئەوانیش پێیان گوت: لەشیعرەکانتدا ڕێڕەوی داشۆرین وسەرزەنشت کردنی هۆزی ئەبی تاڵب بگرەبەر. شاعیرەکە وای کردو، ئەوەی کەدەیویست دەستی کەوت(١٩).

ڕەنگە"مەئمون" ویستبێتی ئاشتەوایی بخاتە نێوان هەردوو بنەماڵەکەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، پلەی وەلی عەهدی خەلافەتەکە خۆیی سپارد بەپیاوێك لە عەلەویەکان بەناوی "عەلی کوڕی موسا"... عەباسیەکان بەمە لێی خرۆشان... بەهۆی ئەم خرۆشانەوە ناچاربوو بەتەواوی خۆی قوتار بکات لە"عەلی کوڕی موسا"... دەڵێن گوایە عەلی کوڕی موسا ژەهر خواردکراو مرد، بەمردنیشی پرۆژەی ئاشت بوونەوەی نێوان هەردوو بنەماڵەکە بۆهەتاهەتایە لەناوچوو.

وادەردەکەوێت مەئمون سەرەڕای ئەوەی عەلەویەکانی خۆشدەویست، بەڵام پێی وابوو عەباسیەکان لەعەلەویەکان لەبەرترن بۆخەلافەت. بەوپێیەی جارێکیان لەو بارەیەوە گفتوگۆیەك لەگەڵ عەلی کوڕی موسادا دەکات وپێی دەڵێت:(ئەگەر ئێوە پێتان وایە ئەم مەسەلەیە وابەستەیە بەنزیکی فاتیمەوە لەپێغەمبەری خوا، ئەوا هەقەکە لەدوای فاتیمە دەگەڕێتەوە بۆحەسەن وحسەین، عەلی لەم مەسەلەیەدا هیچ هەقێکی بەرناکەوێت، ئەگەر ئەو دووانە"حەسەن وحسەین – وەرگێڕ-"زیندووبن، جائەگەر وابێت ئەوا عەلی هەقەکەی لێداڕنیون و، دەستی بەسەر شتێکدا گرتووە کە هی خۆی نیە...)(٢٠)

لەسەردەمی متەوەکیلدا دژایەتی نێوان عەباسیەکان وعەلەویەکان گەیشتە لوتکە. متەوەکیل زۆر ڕقی لەعەلی کوڕی ئەبی تاڵب بوو... دەگێڕنەوە هاوڕێیەکی کە ناوی"عبادة المخنث"بوو، پشتیەکی دەبەست بەسکی خۆیەوەو سەرە ڕووتاوە سافەکەی خۆی ڕووت دەکرد، ئینجا دەستی دەکرد بەسەماکردن ودەیگوت:( قد

اقبل الأصلح البطين....خليفة المسلمين) مەبەستی لەعەلی کوڕی ئەبی تالیبە.
متەوەکلیش بەلای ئەم دیمەنەوە دەیخواردەوەو پێدەکەنی.
متەوەکیل فەرمانیدا گۆڕەکەی حسەین و ئەوخانوو بەرانەش بڕوخێنن کەلە دەورو بەریدان، تەنانەت قەدەغەی کرد خەڵکی سەردانی گۆڕەکەی بکەن. هەروەها فەرمانیکرد زمانی(ئیبن سکیت)ی زماننناسی ناودار بقرتێنن، ئەمەش لەکاتێکدا کەبیستی (ئیبن سکیت) ستایشی حەسەن وحسەین دەکات.

***

لەوانەیە لەڕاستی دوورنەکەوینەوە گەربڵێین: شەرعناسەکان وفەرموودەناسەکان، دژایەتی نێوان هەردوو بنەماڵەی ئەهلی بەیتیان پێناخۆش بووە. ئەوان لە قوڵاییەکانی ناخیاندا مەیلیان بەلای عەلەویەکاندا بوو...ئەو هەوڵ وکۆششانەش بێ سوودبوون کەعەباسیەکان دەیان خستنەکار بۆنزیک کردنەوەی ئەهلی حەدیس وشەرعناسەکان لەخۆیان، بەشێوەیەکی گشتی، پیاوەئاینیەکان فەزڵی عەلەویەکانیان دەدا بەسەر عەباسیەکاندا.(٢٢)
فاکتەری ئەم فەزڵدانەشیان نەدەگەڕایەوە بۆدەمارگیری هۆزایەتی وتایفەگەری، بەلام وایان دەبینی کەعەباسیەکان بەڕواڵەت وبەرپاکردنی سروتەکانەوە نەبێت، ئیدی هیچ جیاوازیەکیان لەتەک ئەمەویەکاندا نیە!!.وەلێ عەلەویەکان شۆڕشگێڕ بوون، پیاوی شۆڕشگێڕیش زیاتر نزیکە لەسروشتی ئیسلامەوە وەک لەپیاوی ملکەچ.
"عەبدولڕەحمانی کوڕی زیاد" دەڵێت:(بەر لەخەلافەت لەگەڵ ئەبوجەعفەری مەنسوردا قوتابی زانست بووم، دوای ئەوەی ئەو بوویە خەلیفە، نێردرام بۆ لای، لێی پرسیم: دەسەڵاتەکەی من لەچاو دەسەڵاتەکەی هۆزی ئومەییەدا چۆنە؟ گوتم:هیچ ستەمێکم لەدەسەڵاتەکەی ئەواندا نەدیوە کەلەوەی تۆشدا ئەم دیبێت!!)(٢٣)
شەرعناسێکی تر هات بۆلای مەنسور وپێی گوت:(خودا موسوڵمانان ومال و سامانیانی بەتۆسپاردووە، کەچی تۆ پەردەیەکت لەدیواروددرگای ئاسن لەنێوان

خۆت ونەواندا داناوە. خۆتت لەنێو ئەوپەردەیەدا زیندانی کردووە، فەرمانبەرانی خۆت ڕەوانەکردووە بۆکۆکردنەوەی باج وسەرانە، پشتگیرییان دەکەیت بەچەك و سەرباز. فەرمانتداوە جگەلەفلان وفیسار کەسی تر نەیەتە لات وسەردانت نەکات. فەرمانت نەداوە ستەملێکراو بێتەلات، فەرمانت نەداوە برسی وڕووت وڕەجاڵەکان بێنەلات، فەرمانت نەداوە بابای هەژاری لاوازبگاتە لات... هەمووکەسێکیش لەو سامانەدا پشکی هەیە، ئەوخەڵکە بونەتە هاوبەشت لەسوڵتانەکەتداو تۆش بێ ئاگایت...هەتا دەڵێت:ئەگەرکابرایەکی ستەملێکراو هەوڵیداو دەنگی خۆی گەیاندە تۆ، بەجۆرێکی وا لێی دەدرێت کەببێتە پەندبۆ خەڵکانی تریش. تۆش سەیردەکەیت وڕێگری لەودیاردەیە ناکەیت، ئیتردوای ئەمانە کەی ئیسلام ماوەتەوە؟!)(٢٤)

لەسەوە دەردەکەوێت، پیاوانی ئاینی لەودەمەدا بەفرت وفێڵی سروتە ئاینی و دیاردە ڕواڵەتیەکانی تری خەلیفە عەباسیەکان فریویان نەخواردووە. ئەوان دادپەروەرییان دەویست نەك خۆشەویستی، جگەلەوە گوێیان نەدەدا بەتوێکڵە پوچەڵەکان.

***

ڕەشید لەیەکێك لەدەرفەتەکانی قەدەردا، توانی ئەبی یوسفی هاوەڵی"ئەبو حەنیفە" بۆلای خۆی ڕاکێشێت، ئەوەبوو کردیە قازی بەغدا...قازی بەغداش لەو سەردەمەدا لەجێگەی وەزیری دادی ئێستابوو.

بەرپرسیارێتی تێوەگلانی ئاین بەسیاسەتەوە دەگەڕێتە ئەستۆی ئەم ئەبی یوسفەوە، کەیەکێك بوو لەگەورە زاناکان وپیاوێکی زۆر زیرەك ونیاز پاك بوو. ئێمەگومانمان نیە لەوەی قایل بوونی بەوپۆستە لەنیازپاکیەوەبووە...لەڕاستیشدا ئەوبەقایلبوونی بەوپۆستە سوودی گەیاند بەسیستەمی دادوەری.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەم هاوکاریکردنەی ڕەشید، قۆناغێکی نوێی لەڕێڕەوی ئیسلامدا هێنایە پێشەوە کەهیچ کەس بەرلەو دەست پێشخەری بۆنەکردبوو...ئەودەم پۆستی دادوەری لەدیدی شەرعناسەکاندا پۆستێکی تەرێزلێکراوبوو، چونکە بەپشتگیری کاری ستەمیان لەقەڵەم دەدا. خەڵکی ڕەشۆکیش ئەوپۆستەیان بەکەم وبێ ئەرزش

دەهاتە بەرچاو.. وەلێ هەرکە ئەبی یوسف پۆستەکەی وەرگرت، بۆچوونی خەڵکی بەگشتی بەرانبەر ئەوپۆستە گۆڕا.

ئەم ڕووداوە بایەخی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە. ئاین لەوپرۆسەیەدا زیانی کردوو دەوڵەت قازانجی کرد. سەردەمێك لەهەماهەنگی نێوانیان دەستی پێکرد کەتا هەنوکەش موسوڵمانان ئاسەواری لێوە دەچێژن... فەرمودەزانەکان لەوسەردەمەدا ڕیوایەتی کەسێکیان وەرنەدەگرت کەلەسوڵتان نزیك کەوتبێتەوە!. ئەوان وایان دەبینی فەرمانبەر خودا تورەدەکات گەرسوڵتان ڕازی بکات و، خوداش قایل دەکات ئەگەرسوڵتان برەنجێنێت...لەبەرئەو هۆیە ئەبویوسفیان لەکەدار کردبوو.(٢٥)

زانراوە کەئەبو حەنیفەی مامۆستای" ئەبو یوسف" دووجار داواکراوە بۆ پۆستی دادوەر بەڵام ئەوقایل نەبووە. جارێکیان لەسەردەمی ئیبن هەبیرەدا، بەڵام قایل نەبوو. لەئەنجامدا بەقامچی فەلاقەیان کرد. لەسەردەمی مەنسوریشدا بۆهەمان پۆست بانگهێشتکرا، دووبارە ئەم ملی نەدا. بۆیە مەنسور زیندانی کرد. هەندێ لە ڕیوایەتەکانیش باس لەوەدەکەن کەلەوزینداني کردنەدا کۆچی دوایی کردووە.(٢٦)

لەڕیوایەتێکدا هاتووە:(ئەبوحەنیفە بەمەنسوری گوتوە:ئەگەرسەرپشکم بکەیت بەوەی نوقمم بکەیت لەفوراتدا، یان ئەوپۆستە هەڵبژێرم، ئەوەیان هەڵدەبژێرم کەلە فوراتدا بخنکێم...)(٢٧)

لەدوای ئەبو یوسف ڕووداوێکی ترقەومیا، کەڕۆڵی زۆری هەبوو لەنزیککردنەوەی ئاینێ لەدەوڵەت. ئەویش ئەوڕوداوەیە کەمێژوونووسەکان ناویان ناوە"تەنگانە – محنە"... لەڕاستیدا ئەم ڕووداوە یەکێکە لەو ڕووداوە کۆمەڵایەتیە گرنگانەی کە مۆرکی خۆیی ناوەبەفیکری ئیسلامیدا.

جێگەی نیگەرانیە کەدەبینێن مێژوونووسەکان، خۆیان لەقەرەی ئەم ڕووداوە نادەن وبایەخی پێنادەن، لەو ڕووەوە نەبێت کەتوخنی لایەنی ڕامیاری دەکەوێت. لەم ڕووداوەو سەرجەم ڕووداوە مێژوویەکانی تریشدا دێنیان هەروایەو لەڕوکارە سیاسیەکەیەوە سەرنج دەدەن وڕوکارە سۆسیۆلۆژی وفیکریەکانی پشتگوێ

دەخەن...بەوەش مێژووی ئیسلام بویە مێژووی پادشاکان.ئەرگیانە مەبدەئیەی لێ دەرهێنرا کەئیسلام لەپێناویدا هاتبوو.

تەنگانەکە: تاقیکردنەوەیەك بوو کەشەرعناسەکان لەمەسەلەی خەلقی قورئاندا "مەئمون"و، لەدوای ئەویش" موعتەسەم و واسیق" یان تێدا ئەزمایشکرد. مەسەلەی خەلقی قورئان لەخودی خۆیدا گرنگ نیە، بەلام لەسەردەمی ئەوسێ خەلیفەیەدا بایەخی پەیدا کرد.چونکە ببویە تەوەری پرسیارو وەلام، دروشمێ بوو بیروباوەڕی کەسە تاقی کراوەکەی پێ دەناسرایەوە.

مەئمون کەسێکی فەلسەفەگوزار و، زۆرپش سەرسام بوو بەڕێبازی موعتەزیلە. موعتەزیلەش گروپێکن دەیانەوێت بیروباوەڕی ئاینی لەسەربنەمای ئاوەز و بیر کردنەوەی لۆژیکی دابڕێژن. ئەمان مەئمونیان بەکارهێنا بۆبلاوکردنەوەی ڕێبازەکەیان بەناوخەلکدا. لەم پێناوەشدا کۆششی زۆریانکرد، هەروا دەستیان کردە چەوساندنەوەی ئەوکەوسانەی کەلەگەل ڕاکانیاندا نەبوون.

شەرعناس وفەرموەدناسەکان، لەبەردەم ئەم هەوڵەدا هەلوێستێکی ڕەقیان نواندو، توانییان بەوپەڕی ئازایەتی وجەربەزەییەوە تەحەمولی ئەوچەوساندنەوەیە بکەن... ئەم ڕایەش بەدەرنیە لەزیادەڕۆچوون ولەهەمان کاتیشدا بەدەرنیە لەڕاستی.

موتەوەکیل بەتوندی دەستی کردە چەوساندنەوەی موعتەزیلە، یەك یەك بە دوایاندا دەچوو، لەوپۆستانەش دەری دەکردن کەلەسەردەمانی سێ خەلیفەکەی تردا وەریانگرتبوو...لەمیانەی ئەوکردەوانەدا کەلەم ڕووەوە پێی هەستا، ئەوەبوو فەرمانیدابەوالیەکەی خۆی لەمیسردا،تاکو ڕیشی " قازی قوزات"ی میسر بتاشێ!! چونکە جەنابی قازی موعتەزیلەیەکی توندڕەوبووە. هەروەها فەرمانیدا فەلاقەی بکەن وبەسەرپشتی گوێ درێژێکیشی بخەن و، بەبازێڕدا بیگێڕن.(٢٨)

موتەوەکیل شەرعناس وفەرموەدناسەکانی بەرترخست وخەلات وپاداشتی بۆ کردنەلێشاو. فەرمانیشی پێکردن تابە" فەرمودە مەنسورەکان" لەگەل خەلکیدا بدوێن...مەسعودی دەلێت:(کەخەلافەت درایە دەست متەوەکیل، فەرمانیدا واز لە جەدەل ودەمبەدەمە بهێنرێت.واز لەوشتانە بهێنرێت کەلەڕۆژگارەکانی موعتەسەم و

واسیقدا خەڵکی لەسەری بوون.هەروەها فەرمانیدا خەڵکی" تەسلیم وتەقلید" لە بیروڕاکانیاندا پەیڕەوبکەن)(٢٩)

هۆزانڤانەکان هاتنەگۆڕەپانەکەوەو خۆشحاڵ بوون بەم سەرکەوتنەی کەسوونەت بەسەر بیدعەتدا بەدەستی هێنا.شادومان بوون بەوسەرکەوتنەی یەکریزی و جەماعەت بەسەرپەرتەوازەییدا بەدەستی هێنا.بۆیە دەستیان کردە هۆنینەوەی هۆنراوەی ئاسك بەسەر ئەوسەرکەوتنەدا..."ئیبن خەبانە" لەستایشی متەوەکلیدا دەبێژێت:

وبعد فإن السنة اليوم أصبحت ' معززة حتى كـــان لـــم تذلل

وولى إخو الأبداع في الدين هاربا الى النار يهوى مدبرا غير مقبل شقى

الله فهم بالخليفة جـــعفر خليـــفته ذي السنة المتوكل (٣٠)

گومان لەوەدانیە کەمتەوەکیل لەخەلیفە هەرەخوێنرێـژو ستەمکارو ناچیزەکان بووە.تەنانەت هەندێك لەرۆژهەڵاتناسان ناویان ناوە"نیرونی رۆژهەلات"...بەڵام ئەو کردەوەیەی لەزیندووکردنەوەی"سوونەت"ومراندنی"بیدعە"دا کردویەتی، وای لە شەرعناسەکان کردووە ڕێزی بگرن وداوای لێبوردنی لەبەدکاریەکانی لای خودا بۆ بکەن...زۆرێك لەفەرمودەزانانیش لەخەودا بینیویانە کەخودا لەگوناهەکانی متەوەکیل خۆش بووە.!!.(٣١)

***

خەلیفەکانی هۆزی عەباس، بەرلەمتەوەکیل کۆششی زۆریان دەکرد بۆڕاکێشانی شەرعناس وپیشەوایانی ئاینی بۆلای خۆیان، وەلێ لەهەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون. ئینجا وەك بینیمان متەوەکیل هات و، توانی بەیەك بەرد دووئامانج بپێکێت کەداناکانی پێش ئەوئەیان توانیبوو ئەوئامانجە بپێکن.

متەوەکیل قۆناغێکی نوێی لەمێژووی ئیسلامدا دەستپێکرد، لەوقۆناغەدا ئاین و دەوڵەت بوونە یەك سیستەم. ئاین بەپێنوسەکەی پشتگیری لەدەوڵەت دەکرد، دەوڵەتیش بەشمشێرەکەی پشتگیری لەودەکرد...خەڵکیش دەستی نزایان بەرز دەکردەوەو دەیانگوت:(پەروەردگارا...! ئاین ودەوڵەت سەربخە).لەدەرەنجامی ئەم پرۆسەیەدا ئاین هاتەخوارێ، بەڵام دەوڵەت نەچووە سەرێ.

***

لـەدوای تەنگانەکـە، ڕووداوێکـی تـری کۆمەڵایـەتی ڕوویـدا، ئـەم ڕووداوەش گرنگیەکی گاڵتەپێنەکراوی هەبوو لەبەرەوپێش بردنی فیکری ئیسلامی وبەلاڕێ بردنیدا لـەو ڕێـڕەوەی کەلەهـەردوو سـەردەمی "ڕەشـید ومتـەوەکیل"دا لەسـەری دەڕۆشت.

ئەم ڕووداوە مێژوونووسەکان ئاوڕیان بەلادا نەداوەتەوەو، لەکاریگەریەفیکری و کۆمەڵایەتیەکانی نەکۆڵیونەتەوە، لەکەوشەنێکی زۆربەرتەسکدا نەبێت.

خەلیفەکانی "ئەنـدەلوس" هاتنـەنێو ڕێبازی "ئـەهلی سـوننەت وجەماعـەت"ەوەو، دەسـتیانکردە کێبـەرکێ لەهـەڵنانی شـەرعناس ودانەرەکانـدا...وا دەردەکـەوێت ئەمەوییەکان لەئەندەلوسدا، هەستیانکردبوو بەهەڵەی پێشینەکان یان لەشامدا، لـەوەدا کەلەشـەرعناس وفەرمودەناسانان دوورکەوتبونـەوە.بۆیەئـەمان دەسـتیان کردیە لاوەنانی ئەوهەڵەیەو، لەوپێناوەشدا کۆششی زۆریانکرد.

ئـەوان دەسـتیانکردە نزیکخـستنەوەی دانـەران وفەرمودەناسـان و، دانـراو و پەرتوکـەکانی وانیـان بـەگرانترین نـرخ وبـەها دەکڕیـەوە.هەنـدێك لەنوسـەر و فەرمودەناسـەبەناوبانگەکانیان لەڕۆژهەڵاتـەوە بانگهێـشت ئـەکردبۆ"ئەنـدەلوس" ...بۆیەئەو زانایانەی کەلەڕۆژهەڵاتدا بەدەست برسێتی وتەنگانەوە دەیانناڵانـد، دەچوونە ئەندەلوس تاکولەوێ زەنگینی وڕێزو پلەوپایەیان دەست بکەوێ.(٣٣)

ئـەوی لێرەدا شیاوی باسە ئەوەیە کەئەندەلوسیەکان لەلێکۆڵینـەوەی ئاینیدا لـە سـەر هـەمان ڕێـڕەوی(ئیجتیهاد)نەدەڕۆیـشتن کەپێشەوایانی ڕۆژهـەڵات لەسـەری دەڕۆیشتن، وەك ئـەبی حەنیفەوجەعفەری کوڕی محەمەدوشافعی..هتد... بـەڵکو ئەوان لەسـەر ڕێچکەی "تەسلیم وتەقلید" دەڕۆیشتن. واتـە لەسەرئەو ڕێچکەیە دەڕۆیشتن کەببویە مۆرکی شەرعناسەکانی ڕۆژهەڵات لەسـەردەمی متەوەکیلـەوە، جگەلەوەش زۆرلە ڕێچکەی تەقلیدوتەسلیمەکەدا ڕۆچوون.

پرۆفیسۆرنیکلسۆن لـە"مەقدیسی" ەوە، دەگێڕێتـەوە:(ئەندەلوسیەکان دانیان بە هیچ پەڕاوێکدا نـەدەنا جگـە لـەقورئان وموەتـەئی مالیك. گـەر هەرکەسێکیان لـە

پێڕەویکارانی ئەبی حەنیفەوشافیعی بدیبا،دەریان دەرکرد. هەروەها ئەگەر کەسێکی موعتەزیلیان بدیبا دەیان کوشت)(٣٣).

***

لێکۆڵینەوەی ئاینی لەئەندەلوسدا ڕووکارێکی تری وەرگرت، کەبریتی بوولەبەرزو بەڕێز ڕاگرتنی بنەماڵەی ئەمەوی ویادکردنی فەزڵی پێشینە یەکەمەکانی ئەو بنەماڵەیە..ئەمەش بەرەنجامێکی سروشتی ئەوبارودۆخە ڕامیاریە کەئەو دەمە لەوێدا باوبوە، کەخەلیفەکانی سەربە بنەماڵەی ئەمەوی بون ودەمارگیریش بوون سەبارەت بەوسەر پێ بوونە.

سەرزەنشت کردنی ئەمەویەکان ببوە سوننەت لەلای شەرعناسە یەکەمینەکان لە ڕۆژهەڵاتدا...وەلێ لەلای شەرعناسانی ئەندەلوس بەهاکان هەڵگەڕابونەوە، بەوەی یادکردنی ئەمەویەکان لایان بەرزو پیرۆز وبەهاکانی عەلەویەکان نزم وبێ ئەرزش بوو.

گەر سەرنج لەدانراوەکانی "ابن حزم" و"ئەبوبکربن العربی"بدەین، کەدوانن لە گەورەشەرعناسانی ئەندەلوس لەوسەردەمەدا،دەبینین بەئاشکرابەلای ئەمەویە کاندا دادەتاشن ولەعەلی ونەوەکانی تەرێزدەکەن.

بۆنموونە: ئیبن حزم،حەدیسی (غەدیر)کەلەفەزڵی عەلیدا هاتووە بە دروستکراوی ڕافیزە دەزانێت.(٣٤) ئەمە لەکاتێکدا ئیمامەکانی ڕۆژهەلات ئەم فەرمودەیان بە ڕاست داناوە. ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەڵێت:سیی سەحابی گەواهی ئەم فەرموودەیان داوەبۆعەلی لەسەردەمی خەلافەتەکەیدا.(٣٥).

لەوسەردەمەدا یەکێك لەووتە باوەکان ئەوەبوو کەدەیان گووت:(پێنوسەکەی ئەبو حەزم وەك شمشێرەکەی حەجاج، بڕندەوتیژوکاریگەرە.)(٣٦)...ئیبن حەزمیش بە پێنووسەکەی بەرگری لەفەرمودەکان دەکرد، وەك چۆن حەجاج بەشمشێرەکەی بەرگری لێ دەکردن...سەیرنیە، چونکە ئەو بەوەناسراوە کەمەیلی سیاسی بەلای ئەمەویەکانەوەیە...هەروەها دەشڵێن باپیری ئەومەولای "یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان"بووە.(٣٧)

***

ئەبوبکر بن العربی ئیمامی دووەمی ئەندەلوس، لەئیبن حەزم پتر ئەمەویەکانی خۆشدەویست وڕقی لەهۆزوبەرەی عەلی بوو...لەکاتێکدا دەبینین ئەبوحەنیفە خەلیفەی ئەمەویەکان ناودەنێت "دزی زاڵ دەست".کەچی لەولاترەببینین "ئیبن عەرەبی" ستایشی خەلیفەکانی ئەمەوی دەکات وپاکیان دەکاتەوە، بەرگریەکی گەرموگوڕیش لەیەزیدی کوڕی موعاویە دەکات.

ئیبن عەرەبی پێی وایە یەزید لەوکەسە خواپەرست وپیاوچاکانەیەکە شوێن قسەیان دەکەون، ئەوەتادەڵێت:(ئەمە لەکوێ وئەوە لەکوێ کەمێژوونوسەکان باسی ئەوەدەکەن گوایە مەیی خواردۆتەوەو جۆرەها تاوانی کردووە، ئایا شەرم ناکەن؟ گەرخوا پیاوەتی وئابڕویی لیکردونەتەوە، ئایانیوە دەست کۆتاناکەن؟) هەروەها ابن عەرەبی ئەوکەسانە بەبێ باوەڕ تۆمەتباردەکات کەلۆمەو سەرزەنشتی یەزید دەکەن.(٣٨)

ئیبن عەرەبی پێی وایە:بیدعەکەی مەئمون لەمەڕ(خەڵقی قورئان) خراپترە لەوەی خاوەن مێژووەکان دەڵێن فلان خەلیفەی ئەمەوی مەیی خواردوە یان ستڕانی گوتوە یاخود زینای کردوە...(٣٩)

***

پێم وایە ئەم ڕەوتە نوێیەی خۆشویستنی هۆزی ئەمەوی کەبوە مۆرکی فوقەهاکانی ئەندەلوس، هێدی هێدی دەهاتە نێوناوەندە زانستیەکانی ڕۆژهەڵاتەوە... چونکە ئەو موتروبەکردنە فیکرییە کەلەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ڕوویدا، دەبوا دێر یان زوو، بگەشتایە ئەوبەرەنجامە. ڕەنگە ئەمە فاکتەرێ بێ بۆئەوەی کەپلە بە پلە یادی معاویە لەدڵی ئەهلی سوننەت وجەماعەتدا بڵندبویەوە.

پرۆفیسۆر"متز" دەڵێت:(خەڵکی ئەصفەهان لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا زۆر زیادڕۆچوون لەخۆشویستنی معاویەدا)...مەقدسی دەگێڕێتەوە:چومە لای کابرایەکی خەڵکی ئەصفەهان کەبەخواپەرست وپیاوچاک ناسرابوو.بیتیم کابرا دەڵێت:(معاویە پێغەمبەرێکی ڕەوانەکراوە).لەکاتێکدا مقدسی ڕەدی ئەم وتەیەی

کابرادەداتەوە...کابرا تۆمەتی شیعەگەریتی دەداتە پاڵی، هاواری لێ دەکات و خەڵکی ئەصفەهان لێی ڕادەپەڕن وخەریك بوە بیکوژن ئەگەر زوو نەگەیشتایەتە کاروانەکەو شارەکەی بەجێ نەهێشتایە.(٤٠)
هەر"مقدسی" دەگێڕێتەوە: لەمزگەوتی"واست" کابرایەکی دیوە حەدیسێکی بەم تەرزە بۆخەڵك خوێندۆتەوە:(ان الله یدنی معاویة یوم القیامة فیجلسه الی جنبه و یغلفه ثم یجعلوه علی الناس کالعروس) مەقدسی لەکابرا دەپرسێت:بەچی؟ کابرا دەڵێت:(بەوەی دژایەتی عەلی کردووە)مەقدسی دەڵێت:(درۆنەکەی ئەی سەرلێشێواو) لەم کاتەدا کابرا دەقیڕێنێ:(ئەم ڕافیزیە بگرن!!خەڵکی هەڵدەکوتنە سەری...لەوێ هەندێ دەیناسنەوەو خەڵکەکەی لێ دووردەخەنەوە.(٤١)

***

لێرەدا ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە زۆرینەی فارسەکان لەوکاتەدا لەئەهلی سوننەبون(٤٢). وادیارە ئەصفەهان لەوکاتەدا پایتەخت ومەڵبەندی سەرەکییان بووبێت، وەك خەڵکی عێراق شیعەگەرایی بۆعەلی بەسەریاندا زاڵ بوەومەڵبەندی سەرەکیشیان شاری کوفەبوە.(٤٣)
ئەوەی سەیرە لەوکاتەدا لەشاری بەغداد خەڵکی لەهەردووجۆرەکە کۆببونەوەو لەو شارەدا دەژیان"دەربەدی وەرگێڕ". بەوەش بەغداد بویەگەورەترین پێگە بۆئاشوبی نێوان ئەهلی سوننەوشیعە...ئاشوبەکەش بەگوزەرکردنی کات کەڵەکە دەبوو زیادی دەکرد...تاوای لێهات ساڵێك تێ ناپەڕێت بەبێ ڕووداوێك لەڕووداوەکانی ئاشوبی نێوان ئەودووگروپە.(٤٤)
ئەم ناکۆکیەی نێوان ئەهلی سوننەوشیعەکان سەری کێشا بۆگرتنەبەری ڕێگەی توندڕەوی لەهەردوو لاوە. ئەمەش ئاساییە چونکە هەرکاتێك دووگروپ لەسەر فیکرەیەك ناکۆك بوون، ئەوا هەریەکەولەلای خۆیەوە دەست دەکات بەتوندڕەوی و زیادڕۆچون لەپێچەوانە بوون لەتەك گروپەکەی تردا.
لەوانەیە لەڕاستی دوورنەکەوینەوە گەربڵێین: ناکۆکی نێوان شیعەوسوننە شێوەی دەمارگیری بۆئالی پێغەمبەر لەلایەك ودەمارگیری بۆهاوەڵانی پێغەمبەر لەلایەکی

ترەوە وەرگرت...ئەهلی سوننە دەمارگیربوون بۆهاوەڵان...ئەمە لەکاتێکدا شیعەکان دەمارگیربوون بۆ ئالوبەیت...هەردوولاشیان دەستیان کرد بەزیاد ڕۆچوون لەگەورەکردنی ئەولایەنەی کەدەمارگیرییان بۆی هەبوو.
ئەهلی سوننە دەستیان گرت بەوفەرمودەی پێغەمبەرەوە(دروودی خوای لێبێت)کەدەفەرمێت:(هاوەڵانم وەکو ئەستێرەکان وان لەئاسماندا، دەست بەهەر کامێکیانەوە بگرن ڕێنمونی دەکرێن، ئاکۆکی هاوەڵانیشم ڕەحمەتە) (٤٥)... هەروەها شیعەکانیش دەستیان گرت بەوفەرمودەیەوە کەدەفەرمێت:(ئەهل و بەیتی من وەك کەشتیەکەی نوح وان، هەرکەس سواری بوو ڕزگاری بوو، هەر کەسیش لێی دواکەوت خنکاونقوم بوو) (٤٦).
ئەوان پێوەری فەزیلەتیان کردبوە هاوەڵایەتی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)، ئەمانیش ئەوپێوەرەیان لەڕەچەڵەکی عەلەویدا دەبینی...بەوەش ئەوپێوەرەیان ئاسۆیی وئەمیان شاقوڵی دەرچوو...هەرپیاوێ لەهێڵی پێوەرەکە نزیك بکەوێتەوە ئەوا لای خاوەنانی پێوەرەکە بەڕێزدەبوو بەبێ گوێدانە بیروباوەڕوجیهادی کابرا.پێوەری بیروباوەڕ لەگۆڕێدا ئەماولەجێگەیدا پێوەری پیرۆزکردنی ستونی و ئاسۆیی دانرا.
ئەهلی سوننە نازناوی(رافیزە)یان سەپاند بەسەرشیعەکاندا، هەروا شیعەکانیش نازناوی (نواصب)یان سەپاندبەسەر ئەهلی سوننەدا. ئەوان بەوپێیەی شیعەکان هاوەڵانی پێغەمبەریان ڕەفزکردووە ئەوانیش بەوپێیەی کەئەهلی سوننە دژایەتی ئەهل وبەیتیان کردوەو بونەتە هاوپەیمانی ئەمەویەکان، کەدوژمنی ئەهلوبەیت بوون.
شیعە لەسەرەتادا ڕافیزی نەبون، هەروەها ئەهلی سوننەش"نواصب"نەبوون، بەڵکو بەهۆی توندڕەوی، یاخودئەوەی کەناومانناوە کەڵەکەبوونی فیکری گەشتنە ئەم بەرەنجامە دڵتەنگ کەرە.
ئەگەر شیعەوئەهلی سوننە لەم سەردەمەدا دەیانەوێت یەك بگرن، ئەوا با بگەڕێنەوە بۆسەر دروشمە کۆنەکەیان کە"زەیدی کوڕی عەلی"و"ئەبو حەنیفە" هەڵیان گرتبوو،واتە دروشمی شۆڕش لەدژی ستەم بەهەموو شێوازەکانیەوە...

لەمەدا جیاوازی نیە لەنێوان ستەمکارێکی شیعەوستەمکارێکی سوننیدا... بە ڕاستی ئامانجی ئاین بریتیە لەدادی کۆمەڵایەتی...پیاوەکان تیایدا چ نین، جگە لە میکانیزم گەلێک بۆئەو ئامانجەمەزنە.

***

بوەیهیەکان لەسەدەی چوارەمدا هاتنە بەغدا.بەم هاتنەیان ئاوازێکی نوێ یان کرد بەزوڕناکەدا.

بوەیهیەکان شیعەبوون، خەلیفەکانی هۆزی عەباسیش سوننی بوون، بەم پێیەش لەبەغدا دووگروپ لەسوڵتانەکان کۆبونەوە:خەلیفەی سوننی وئومەرای شیعی. بەم حوکمە دووجەمسەرەیش بەڵاکە گەورەبوو.

گەورەپیاوانی بەغداد لەوکاتەدا دووجۆربوون: عەلەوی وعەباسی...هەر یەك لەو گەورە پیاوانە دەمارگیربوون بۆگروپەکەی خۆیان..بۆیەئاژاوە لەبەغدا زۆربوو خوێنڕژاو هەتکی قەدەغەکراوەکان کرا.

ئەهلی سوننە بڕوایان بەخەلافەت هەبوو، لەبەرئەوە پشتگیری عەباسیەکانیان دەکردو ئەوانیان بەسێبەری خودا لەسەر زەویدا دەبینی...وەڵێ شیعەکان بڕوایان بە ئیمامەت هەبوو، لایان وابوو نابێت لەنێو هۆزی عەلیدا بچێتەدەرەوە، بۆیە خەلافەتی عەباسیان بەپوچەڵ وداگیرکراو دەبینی. بەوشێوەیە گەورەپیاوانی عەلەوی وعەباسی دەمارگیری خەڵکی بەغدادیان دەقۆستەوەو لەپێناوی مەرامە شەخسیەکانی خۆیاندا بەکاریان دەهێنا.(٤٧)

ڕۆژێك لەرۆژەکانی ساڵی ٣٥٠ کۆچی عەلەویەك وعەباسیەك سەرخۆش دەبن، لەسەر مەی خواردنەوە بووبەقرەو شەڕیان، لەئەنجامدا عەلەویەکەکوژرا.بەوە خەڵکی ڕاپەڕین وئاشوبەکە گەورەبوو..گەورەپیاوان بونە لایەنگری هەریەك لە گروپی خۆی...بەڕێوەبەری پۆلیس ناچاربوو، هەموو ئەوکەسانە سزابدات کە هانی فیتنەکەیان داوە...فەرمانیدا عەلەویەکە بەعەباسیەکەوە ببەسترێتەوەو هەر بە ڕۆژلەناودیجلەدا، نوقم بکرێت...بەوەش ئاشوبەکە هێوربوویەوە.(٤٨)

لەمەوە دەردەکەوێت کەکێشەکە لەوەدەرچووبوو ناکۆکی بێت لەسەربیروباوەڕی گشتی، بەڵکو ببویە ناکۆکی وململانێ لەسەردەسەڵات.
لەکۆتاییەکانی سەدەی چواردەدا پیاوێ بەدەرکەوت بەمهدویە ناسرا، خەڵکی بە گشتی دڵیان بەلایداچوو، بانگەوازکەرانیش پەیمانیان لەخەڵکی بۆ وەردەگرت... سەیر لەوەدایە بانگەوازکارانی ئەم پیاوە بەئەهلی سوننەیان دەگوت عەباسیەو، بە شیعەکانیشیان دەگوت عەلەویە. یەکێك لەسەرۆکەکانی شیعە بەمەبەستی پشتگیری کردنی هاتەلای. بەڵام کاتێ بۆی دەرکەوت عەباسیەو عەلەوی نیە، وازی لێهێنا.(٤٩)
لەسەردەمی ململانێی عوسمانیەکان وسەفەویەکاندا لەسەرعێراق، ناکۆکی تایفەچێتی نێوان شیعەوسوننە لەعێراقدا فۆرمێکی توندی پەرلەهات وهاواری وەرگرت... ئێراق لەسەرەتاوە چاوگی ئەم ناکۆکیەبوو،دواتریش بویەپێگەی ململانێی نێوان دەوڵەتێکی سوننی ودەوڵەتێکی تری شیعەمەزەب. بەوەش کۆمەڵگەی ئێراقی کەوتە نێوان دووبەرداشەوە.
سەفەویەکان رۆڵێکی گەورەیان گێڕا لەدێرۆکی شیعەگەرێتیدا، رەنگەڕاستیمان پێکابێت گەربڵێین: ئەوکۆمەڵە مەزەبی شیعەیان مەست وسەرخۆشکرد بەوەی ئەو گیانی شۆڕشگێڕیەیان لێ دەرهێنا کەلەسەردەمەکانی پێشوترەوە لەناخیدا جێگیرببوو.جگەلەوەش شیعەگەرێتیان کردەمەزەبێکی فەرمی کەهیچ جیاوازیەکی لەگەڵ مەزەبەکانی تردا نەبوو.
بەوپێودانگەش شیعەگەرێتی چوە نێوناشی سوڵتانەکانەوەو، ئەوگیانەی لێ دەرهێنرا کەعەلی ونەوەکانی بەگوزەرکردنی وەچەکان لەوڕێبازەدا چاندبوویان...عەلی کوڕی ئەبوتاڵب سومبول وسرودی شۆڕش بوو لەهەموو دێرۆکی ئیسلامیدا، بەڵام لەسەردەستی سەفەویەکاندا بویەیاری ولەسەر تەختەی شانۆکاندا نمایش دەکرا.

***

بەرلەدەرکەوتنی سەفەویەکان، زۆرینەی فارسەکان سەربەرێبازی ئەهلی سوننە بوون.بزاڤی عەباسیەکان لەنێوفارسەکاندا دروست بوو، لەژێر سایە وچاودێری

ئەوانیشدا پێگەیی. زۆرینەی شەرعناس وپێشەوایانی فەرموودەی ئەهلی سوننەش هەر لەفارسەکان بوون. گەرسەیرێکی پەڕاوی شەرعناس وفەرموودە ناسە یەکەمینەکان بکەین، کۆمەڵە ناوێکی تێدا دەبینین،وەك:نیسابوری، خۆراسانی، شەهرستانی، گەیلانی، ئەسترابادی، خوارزمی، جورجانی، ئامدی، ئەسفەهانی... هتد. ئەوانەو چەندانی تریش کەسەر بەوڵاتە ئێرانیە جۆراوجۆرەکان بوون.

فارسەکان بەردەوام پەرچەمی سوننە گەرێتیان بلندکردبوویەوە، تائەوکاتەی سەفەویەکان بەدەرکەوتن. ئەمان جۆرەها هۆکاریان گرتەبەر بۆناچارکردنی فارسەکان لەسەرئەوەی بچنە نێومەزهەبی شیعەوە..لەم ڕێگەیەدا پەنایان بردە بەر چەوساندنەوەو کوشتن وئازاردان...لەم پرۆسەیەشدا دروشمیان بریتی بوو لە: یاعەلی!.

ئەم چەوساندنەوە مەزهەبیە کەفارسەکان لەئێراندا پەیڕەویان کرد، دروست لەو کارە دەچێت کەئەیوبیەکان لەبەردا لەمیسر پەیڕەویان کرد، لەچەوساندنەوەی شیعە، لەدوای ئەوەی فاتیمیەکانیان لەناوبرد.

لەسەردەمی سەفەویەکانەوە، شیعەگەرێتی بوەتە ڕێبازێکی نەتەوەیی لەئێراندا، بەوهۆیەشەوە ڕوکەش کرا بەڕوکەشی لەخۆبایی بوونی نەتەوەیی وبووە بیروباوەڕێکی سوڵتانی بێ گیان. هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ بیروباوەڕە سوڵتانیەکانی تردا.

سەفەویەکان لەپروپاگەندە مەزهەبیەکەیاندا کۆمەڵە بانگەوازێکیان بەکاردەهێنا کە لەهەمان تەرزی دەروێشەکان بوون، ئەوبانگەوازەیان ئەنارد بەهەموو لایەکداو ستایشی عەلییان دەکردوو سرودو هۆزانیان بۆدەگوت ویادی وی یان دەبردە کەشکەڵانی فەلەك.

ئەو دەروێشانە بەهەموولایەکدا بڵاوەیانکردو کەشکۆڵی تایبەتیان بەدەستەوە دەگرت وبەڕێگەدا بەهەنگاو وشەقاوی بچکۆلانەو هێواش دەڕۆیشتن وهاواریان دەکرد:یاعەلی!.

بەم جۆرە ناوی عەلی بویە چەکێك بەدەستی سوڵتانەکانەوە ولەپێناوی مەرامە رامیارییەکانیاندا بەکاریان دەهێنا.وەك چۆن پێشتر ناوی محەمەدو خوداشیان بەکارهێنابوو.

سوڵتانەکانی سەفەوی جیاوازییەکی بنەڕەتی وایان نەبوو لەگەڵ سوڵتانەکانی عوسمانیدا.هەموویان خودایان دەپەرست وبەندەکانی خوایان دادەڕوتاندو دەیان چەوساندنەوە،جیاوازی نێوانیان تەنها لەڕواڵەتدابوو...هەموو بایەخێکیان ڕۆکردبویە سەردروستکردنی مزگەوت و ڕازاندنەوەی دیوارەکانی.

***

جیاوازیەکی گەورە لەهەردوو کەنارەکەی دیجلەدا ڕویدا، ئیمامی (ئەعزەم) لە کەناری چەپەوە ئەسپەردە کراوەوئیمامی (کازم)یش لەکەناری ڕاستی ڕوبارەکەوە ئەسپەردەکراوە...لەوێندەرو لەهەردوو ڕووکاری چۆمەکەدا دەبینین خەڵکی ئەعزەمیە وکازمیە جنێوو ڕقەبەرایەتی لەگەڵ یەکدی دەگۆڕنەوە.

ئەو بێ ئاگایانە لەبیریان چووە کەهەردوو پێشەواکەیان سەربەیەك گرژبوون، هەردووکیان دوژمنی سوڵتانەکان بوون.ئەبوحەنیفە بەهەمان ئەوتوندیەوە بەرەنگاری مەنسور بویەوە کەموسای کازم بەرەنگاری ڕەشیدی پێدەکرد... هەردووکیشیان لەزیندانی ئەو دووسوڵتانە ستەمکارەدا گیانیان سپاردومردن. سوڵتانەکان لەدوای مردنیان لەیەکتریان جیاکردنەوە، چونکە نەیان دەتوانی بە زیندویتی لێکیان جودابکەنەوە...ولله في خلقه شؤن.

***

(ناسره الدين شاه) پادشای پێشووتری ئێران لەساڵی (١٨٧٠) زاینیدا سەردانی مەزارگەی حسەینی کرد، بەچواردەوری گلۆپەکەیدا دەستیکردە گریان و پاڕاندنەوەو دەستی پیادا دەهێناوتەبەڕکی پێدەکرد.

کەسێك کەمتمانەم پێی هەیە بۆی باسکردم، یەکێك لەخزمەتکارەکانی مزگەوتی حسەین لەبەردەم پادشادا هەندێ قسەی کردووەو تێیدا گوتویەتی:(سلاوت لێ بێ

ئەی بابی عەبدولاّ...تۆڵەڕۆژی کەربەلادا هاوارت دەکرد:ئەریَ ناصریَ(لێرەدا مەبەست لەپشتگیرو یارمەتیدەرە)هەیە؟...بەلاّم هیچ کەسێک نەهات بۆیارمەتی دانت...مژدەت لیَ بیَ وانەمریَ ناصر"لێرەدا مەبەستی لەپادشایە-وەرگێڕ" هاتۆتەلات)! خزمەتکارەکە مەبەستی لەشا ناصرالدین بووە...بەوەش پادشا گریانێکی بەکوڵی کرد تالەهۆش خۆی چوو...ئەم گریانەی شاجیاوازی نیە لەوگریانەی هارونە ڕەشیدی هاوڕێی...هەردووکیان لەترسی خواهێندە دەگریان تالەهۆش دەچوون! ڕەحمەت لەوکەسەی کەگوویەتی:(سیاسەت بچێتە هەرشتێکەوە بۆگەن وگەندەڵی دەکات)...ئەوەتا کاتیَ سیاسەت هاتەنێوڕێبازی شیعەگەریەوە، ئەومەزەبەی گەندەڵ کرد...وەک چۆن هەمووەمەزەبە ئاینیەکانی دیکەی خراپ کرد.

هەنوکە کاتی ئەوەهاتووە ئەوەی نویَ پەندلەڕابردوو وەربگرن و، سەرلەنویَ ڕێڕەوی سەرکردەیەکەمینەکان بگرنەبەر، لەشۆڕشکردنیاندا دژبەستەم بەهەموو جۆرەکانیەوە.

***

لەبەردا گوتمان سەفەویەکان مەزەبی شیعەیان بوراندەوەولەهۆش خۆییان برد... شیعەگەراییش بەم پێیەبویە"شۆڕشێکی کپکراو"...ڕەنگەلەڕاستی دوور نەکەوینەوە گەرتەشەیوع لەم دۆخەی ئێستایدا بە"گڕکانێکی کوژاوە" بچوێنین. لەوگڕکانەی کەم کەم دووکەڵی لیَ بەرزدەبێتەوە، وەک ئاماژەیەک بۆئەوەی لە پێشتردا چ تەقینەوەیەکی ڕوخێنەری هەبووە.

لێرەدا ئەوی شیاوە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیەکە تەشەیوع لەناواخنیدا ئاسەواری سروشتی شۆڕشی کۆنی تێداماوە...ئەم پاشماوانەش وەک زیادەی کرمی وان و ئەرکی یەکەمیان پوچەڵکراوەتەوەو، بەوهۆیەشەوە زیانەوەمەندو بیَ سودبووە، زۆر جاریش دەبێتە ژێدەری مەترسی و، هەندیَ جاریش ئامازە بەتەقینەوەدەدات!!.

هەرکەس بەشێوازێکی بابەتیانە لەشیعەگەرایی ئێستابکۆڵێتەوە،کۆمەڵێک نەریتی کۆمەلاّیەتی تەمومژداری تێدا دەبینیَ کەشیاوی بیرکردنەوەو سەرسوڕمانن... لەوانەیە هەندێک سەرسام بێ بەبونی ئەونەریتە تەمومژدارانە، یاخود تەرێز دەکات لەوئەفسانەو زیادەڕۆچونانەی کەتێیاندایە.

بەهەرحاڵ، ئێمە ناتوانین هۆکاری بوونی ئەونەریتانە دیاری بکەین، لەڕێگەی پاشماوەکانی سەردەمانی کۆنەوەنەبێت. پاشماوەی ئەوکاتانەی کەشیعەگەرایی پێگەوسەرچاوەی شۆڕش بوو لەجیهانی ئیسلامیدا...دەتوانین ئەوپاشماوانە بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١ — بیروباوەڕی ئیمامەت... ئەمڕۆشیعەکان بەچاوی پیرۆزکردنەوە دەڕواننە پێشەواکۆنەکانیان کەنەوەی عەلی بوون.ئەوان ئەوئیمامانە بەمەعسوم و پارێزراولەهەڵە دەژمێرن، بەرزیشیان دەکەنەوە بۆئاستێکی بەرزترلەئاستی مرۆڤ.لەهەرناڕەحەتیەکیشدا کەتوشیان دەبێت دەچنەسەرگۆڕەکانیان وپەنایان پێدەگرن ولێیان دەپاڕێنەوە.

ئەم زیادەڕۆچوونە لەپیرۆزکردنی ئیمامە عەلەویەکاندا لەبنەڕەتدا بیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانەبووە، دواترمۆرکی شۆڕشی لێ دەرهێنراو بویەئایدلۆژیایەکی بێ گیان.

پرەنسیپی(پارێزراوێتی لەهەڵە وگوناه) واتایەکی کۆمەڵایەتی هەیە.ئەویش بریتیەلەڕەخنە گرتنێکی ناڕاستەوخۆ لەوپەڕیەوە بەدو گەندەڵەی کەسوڵتانەکانی ئیسلامی لەسەری بوون.

شیعە یەکەمینەکان کەبڕوایان بەپارێزراوی پێشەواهەبوو لەگوناهوتاوان، بەوە بەرهەڵستی تاوانەکانی سوڵتانیان دەکردو لەبەرانبەر ئەوتاوانەدا نموونە گەلێکیان دادەنا کەخاڵیە لەتاوان...ئەمەش دروست لەوکارەدەچێت کەئەفلاتون و فارابی وفەیلەسوفەکانی ترکردیان وپلانی تۆباوی خۆیان دانا بۆچاکسازی کۆمەڵگە...لەدیدی ئەفلاتوون وفارابیدا کۆمەڵگە چاک ناکرێت تائەوکاتەی فەیلەسوفێکی دڵسۆزو نیازپاك ورەوشت بەرز جڵەوی کاروبارەکانی دەگرێتە دەست.

مامۆستا(موسا جاراللە) ڕەخنە لەوبیروباوەڕەی شیعەکان دەگرێت ودەڵێت:(من بیروباوەڕی شیعەکان لەمەڕ ئیمامەکان، لەنەتەوەی ئیسلامیدادەبینم)(٥٠).

مامۆستا مەبەستی لەوقسەیە ئەوەیە کەئۆمەتی ئیسلامی پارێزراوە لەهەڵە، هەر کارێك موسوڵمانان لەسەری یەکدەنگ بن ئەوە ڕاستەوگومانی تێدانیە...وادیارە

شیعە لەم قسەیە تێناگەن وپاساویشی بۆ نابینن...چونکە ئەوان شۆڕشیان لەدژی ئەوەکرد کەئومەتی لەسەربوو، ئەتەوەکەشیان پەرتەوازەکرد، لەوانەشە ئەتەوە بەوە بزانن کەلەسەر گومڕاییە، چونکە ئەونەتەوەیە گوێ ڕایەڵی سوڵتانە ستەمکاروداگیرکەرەکانی کرد.

پرۆفیسۆر (ئەدواردس) دەڵێت:هەمیشە شۆڕشگێڕان بڕوایان وایە کەندەڵی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە بۆگەندەڵی فەرمانڕەواکانی، لەبەرئەوەگومانیان وایە کۆمەڵگە چاك نابێت تائەوکاتەی خەڵکانێکی باش جێگەی فەرمانڕەوا خراپەکان دەگرنەوە).(٥١)

وادەردەکەوێت بیردۆزەکەی ئیدواردس دەچەسپێت بەسەرئەو بڕوایەی شیعە کۆنەکاندا کەبڕوایان بەعیسمەتی پێشەواکان هەبوو...ئەوان گەندەڵی کۆمەڵگەیان بەبەرەنجامی پادشاگەندەڵەکان دەبینی.شیعەکان لەیەکێك لەئیمامەکانەوە دەگێڕنەوە گوایەخودا گوتویەتی:(سزای هەر ڕەعیەتێك لەئیسلامدا دەدەم کە گەردن گیربێت بەویلایەتی پێشەوایەکی ستەمکارەوە، هەرچەندە ڕەعیەتەکە لە خودی خۆیشیدا پارێزکاروچاکەکاربێت، لەهەر ڕەعیەتێکیش خۆش دەبم لە ئیسلامدا کەگەردن گیری ویلایەتی پێشەوایەکی دادگەربێت، هەرچەندە ڕەعیەتەکە لەخودی خۆیشیدا خراپەکاربێت).(٥٢)

ئەم گوتەیە ئاماژەیە بۆئەوەی شیعەش وەك هەرگروپێکی شۆڕشگێڕی دیکە تاوانی خراپ بوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەخاتە ئەستۆی حکومەت ولەسەر ئەستۆی ڕەعیەتی هەڵدەگرێت...ئەمەش ڕایەکە خاڵی نیە لەتوندڕەوی وزیاد ڕۆچوون... وەڵ هەرچۆن بێت ڕایەکە لەنەزعەی شۆڕشەوە دەردەچێت ولەتەك سروشتی شۆڕشدا دەگونجێت.

٢) بیروباوەڕی تایبەت بەمەهدی...ئەم بیروباوەڕەش بریتیە لەوبناغەیەی کە شۆڕشگەلێکی زۆری لەسەر بەرپاکراوە لەچاخە جیاجیاکاندا.(٥٣).

مەهدی لەواتا کۆمەڵایەتیەکەیدا یانی شۆڕشگێڕ. زۆرێکیش لەڕابەری شۆڕشەکان نازناوی مەهدییان لێنراوە، هەرچەندە خۆیان بەدرێژایی ژیانیان بانگەشەی مەهدەویەتیان نەکردووە.

کە(زەیدی کوڕی عەلی) شۆڕشی لەدژی ئەمەویەکان بەرپاکردوئەوانیش کوشتیان و لەخاچیاندا، شاعیرەکەیان گووتی:

صلبنا لکم زیدا علی جذع نخلة

ولم نرا مهدیا علی الجذع یصلب (٥٤)

زەید ڕۆژێك لەڕۆژان بانگەشەی مەهدەویەتی ئەکردووە، کەچی سەرەڕای ئەوەش لەلایەن ئەمەویەکانەوە نازناوی مەهدی لێنرا..ئەمەیش یانی مەهدیەت وشۆڕش دوو واژەی هاوواتابوون لەدیدی خەڵکی ئەوکاتەدا.

لەوکاتەدا توێژەران سەرسام بوون سەبارەت بەسەرهەڵدانی ئەم واژەیە، کێ یەکەم جارلەئیسلامدا بەکاری هێناوە.من وانازانم بەهانەیەك هەبێت بۆ ئەوسەر سوڕمانە. چونکە واژەی مەهدی لەڕاستیدا بەعەرەبی کراوی ئەوواژەی مەسیحەیە کە لەتەوراتدا هاتووە وهەیە..مەسیح واتە"مەسحکراو":واتە ئەو قارەمانە ڕزگار کەرەی کەخودا(مەسحی)دەکات.لەتەوراتیشدا(مەسح)واتە:ڕێنموونی وناردن و پشتگیری کردنی خوایی (٥٥)

هەرکەس(سەفەری ئەشعیا)لەتەوراتدا بخوێنێتەوە، دەبینێت وێکچونێك هەیە لە نێوان ئەو وئەوەی شیعە سەبارەت بەمەهدی بڕوایان پێیەتی.وادیارە خواست و خەونی چەوساوە لەهەمووکات وهەمووشوێنێکدا هەریەکە.ئەوستەملێکراوەی نا توانێت تۆڵە لەستەمکارەکەی بکاتەوە،ناچار پەنادەباتە بەرئەوەی بەبیروخەیاڵ و خەون تۆڵەی لێ بکاتەوە، لەوکاتەشدا ئیدی کۆشکی قەشەنگ لەئەندێشە بۆ خۆی دروست دەکات.

دکتۆرئەحمەد ئەمین پێی وایە: بیروباوەڕی مەهدی بوەتە هۆی سەرلێشێوانی خەڵکی وسەرشۆڕکردنیان بۆخەیاڵات لەلایەك ولەلایەکی تریشەوە بوەتە هۆکاری شۆڕشی یەك لەدووی یەك لەنێوموسوڵمانانندا.(٥٦)

ئەم ڕایەش بەدەرنیە لەڕاستی. هەربیرۆکەیەکی سۆسیۆلۆژی دووجۆر کاریگەری بەرهەم دێنێت: باش وخراپ.ئەمەش پشتگیری ئەوڕایە دەکات کەمیگلی فەیلەسوف بۆی چووە وپێی وایە هەربیرۆکەیەك ئەنتەکەی خۆشی لەناوخۆیدا هەڵدەگرێت.

زانایانی کۆمەڵناسی ئەوانەی لەدێرۆکی شۆڕشەکانیان کۆڵیوەتەوە گەشتونەتە ئەوڕایەی کەدەڵێن: چینەچەوساوەکان زۆرجار پەنادەبەنە بەرهەندێك ئەفسانەو بڕوای پێ دەهێنن تاکودژایەتی فەرمانڕەواستەمکارەکانی پێ بکەن.زاناکان ئەو ئەفسانانە ناودەنێن:ئەفسانە کۆمەڵایەتیەکان(٥٨).

لەسەرئەوەش ئێمەدەڵێین: شیعەگەری ئێستا ئاسەواری کۆمەڵایەتی بڕوابون بە مەهدی لەدەستداوەو تەنها ئاسەوارەفیکریەکەی لاماوە کەئەم ئاسەوارە فیکریەش خاڵی نیەلەئەفسانە.

٣) مەسەلەی توقیە: توقیەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو دەچەسپێت بەبزافی شۆڕشەوە لەسەرەتای سەرهەڵدانیدا...شیعەکۆنەکان پەنایان دەبردەبەر توقیە، تاکوخۆیان دەربازکەن لەڕاوەدوونانی دەوڵەت.

مامۆستا موساجارالله دەڵێت:توقیە دووڕوییە لەدیندا...ئەو، توقیەی شیعەکان بەوەباس دەکات کەکرۆکەکەی دووڕوییەو ئەنجامەکەشی کوفرە.(٥٩)

وادیارە مامۆستاجارالله لەژیانیدا تامی چەوساندنەوەی نەچەشتووە، ئەوبەتوقیە دەڵێت دووڕوویی ولەبیری چوە کەبەگوێرەی ئەوەی ئەم لێی دەدوێت عەمماری کوڕی یاسر یەکەم دووڕووبوو لەئیسلامدا.

موجاهید دەڵێت:توقیەلەسەرەتای بانگەوازی ئیسلامیدا ڕێ پێدراوە بوە لە کاتێکدا قورەیش موسوڵمانە یەکەمینەکانی دەچەوساندەوە، وەلێ لەدوای بەهێز بوونی دەوڵەتی ئیسلامی ئیدی توقیە دروست نیە(٦٠).

لەم قسەیەوە دەردەکەوێت کەخاوەنەکەی پشتگیری دەوڵەتی ئیسلامی کردووە. بۆچونی پشتگیری کەریش دیارەجیاوازی هەیە لەگەڵ بۆچونی نەیاروشۆڕش گێڕدا، هەریەکیان لەوگۆشەنیگا ئایدۆلۆژیەوە دەڕوانێت کەلەگەڵ ئارەزووە سیاسیەکانیدا دەگونجێت.بەهەرحاڵ، لەم سەردەمەدا توقیەخەسڵەتە شۆڕش گێڕیەکەی لەدەستداوە.ئێستاکە شیعەکان شتێکی واسەبارەت بەشۆڕش نازانن و لەوانەشە هیچ جیاوازیەکیان نەبێت لەگەڵ غەیری خۆیاندا لەڕووی ڕەوتی ڕامیاریانەوە...بەڵکو توقیە لەلایان هەر وەکو ئاسەوارێك لەئاسەوارەکانی کەلەپوری دێرینەیان ماوەتەوە.

٤) خانی چوارەم بریتیە لەوەی ئەمڕۆ ناونراوە (پرسەی حسەین)..لەسەرەتادا پرسەی حسەین دروشم بوو دژبەدەوڵەت وپروپاگەندەیەك بوو لەدژی... بە تێپەڕینی ڕۆژگاریش ئەم پرسەیە بەرەو پێشچووە تاکو ئیمرۆ بووتەکۆمەڵێ سروتی بێ مانا.

لەکۆندا شیعەکان کۆدەبوونەوە لەسەردایەکانداوباسی تراژیدیاکەی حسەین وئەو ستەمەگەورەیان دەکردکە لێی کرا..بەوەش ستەمکاریەکانی دەوڵەتیان لەهەموو قۆناغەکانیداو بەشێوەیەکی زیمنی باس دەکرد...ئەوان لەوکردەوەیەدا دروست لە شۆڕشگێڕەکانی ئەمڕۆ دەچون کەبەپەنهانی کۆبوونەوە دەکەن، یاخود دەچن بۆ ژێر زەمین(under ground)وەك ئەمڕۆ ناویان لێ ناوە(خەباتی ژێر زەمینی).

شیعەهاوچەرخەکان ئەوبیروباوەڕەیان لەبیرچووەکە حسەین لەپێناویدا ڕاپەڕی، تەنهاگرنگی بەشین وزاری دەدەن.وەك ئەوەی گریان ئەوئامانجەگەورەیە بووبێت کەپێشەوا شۆڕشگێڕەکەیان لەسەری کوژراوە.

***

سالانە سەدان هەزارشیعە سەردانی گۆڕەکەی حسەین دەکەن، دواتر وەك چۆن ڕۆشتون دەگەڕێنەوە.هیچیان نەکردووە جگەلەگریان وهاوار..ئەوان ئەمڕۆ شۆڕشگێڕی خامۆشن.سوڵتانەکان ئەوانیان بێ هۆش کردووە، ئەوشمشێرەی کە جاران پێی دەجەنگان لەگەڵ دەستەڵاتداراندا، ئەمڕۆدەستەڵاتداران کردویانەتە زنجیر، شیعەکان بەوزنجیرە دەدەن لەخۆیان وکردویانەتە نێزە تاکوسەری خۆیانی پێ بریندار بکەن!!.کێ دەزانێت، لەوانەیە ڕۆژێك بێت دیسانەوە ئەو زنجیرو نێزانە ببنەوە بەشمشێری برندە.ئەوان لەمەدا پێویستیان بەهیچ نیە، بەکابرایەکی تێکدەر نەبێت لەهەمان جۆری ئیبن سەبەئی ئەحلەتی!!.

وەرزی سەردانی کەربەلا، لەبەرئەوەی خەڵکی بەزۆری ڕووی تێدەکەن دەکرێت بیچوێنین بەوەرزی حەج. ئەمە لەکاتێکدا لەهەندێ ڕووەوە سەردانی شیعەکان جیاوازی هەیە لەگەڵ حەجدا، چونکە ئەوسەردانە لەناوەناویدا تۆوی شۆڕشێکی

خامۆش هەڵدەگرێت، هەرکەس هەراوهوریای سەردانی کەرانی کەربەلا ببینێت، بۆی دەردەکەوێت کەلەپشتیەوە مەترسیەکی شاردراوە هەیە. متەوەکیل هەوڵیدا ئەم مەترسیەبەکۆرپەیی ولەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە لەناو بەرێت. ئەوەبوو گۆڕەکەی حسەینی ڕوخاندو،دواترکێڵای ولەناودا نوقمی کرد، (٦١) بەلام نەیتوانی بەتەواوی لەناوی بەرێت، چونکەخەڵکی بەنهێنی سەردانی کەربەلایان دەکرد، لەوپێناوشدا هەرچی شتێك بەنرخ وبەبەها بوبا سەرفیان دەکرد.

***

ئێمە شیعەگەرێتیمان لەم قۆناغەی ئێستادا بەگڕکانی خامۆش لێکچواند. چونکە ڕۆژێك لەڕۆژان ئەم شیعەگەرێتیە گڕکانێکی تەقیوبوو. دواتر بەتێپەڕینی ڕۆژگار خامۆش بویەوە. هیچ جیاوازیەکی ئەما لەتەك شاخەکانی تردا بەوەنەبێت کەئەم دەمۆلکەیەکی هەیەو دووکەڵی لێ بەرزدەبێتەوە. گڕکانی خامۆشیش هەرچەندە بەڕواڵەت هێورە، بەلام بەبەراورد لەگەڵ شاخێکی تردا، خاڵی نیەلەمەترسی.بەڵکو بەوەجیادەبێتەوە کەئەم لەناوهەناویا ئاگری بە کڵپەی تێدایەو کەسیش نازانێت چ کاتێ سەرلەنوێ ئاگرەکەی دەتەقێتەوە؟. شیعەگەری ئێستا پڕەلەئەفسانە، مەترسیەکەیشی لێرەدایە.ئەفسانەکانی شیعە لەوجۆرانەیە کەزاناکۆمەڵناسەکان ناویاننناون "ئەفسانە کۆمەلایەتیەکان"...ئەو ئەفسانانە لەسەردەمەدێرینەکاندا ڕۆڵی فرەکارایان هەبووە لەبەرپاکردنی ئاژاوەو شۆڕشەکاندا، بیرکردنەوەی لۆژیکـی بێ زیانەومەترسی لێناکرێت. چونکە پرۆسەیەکی سادەو هەست نابزوێنێت...مەترسی هەرەگەورە لەوئەفسانەیەدا پەنگ دەخواتەوە کە کۆمەڵگە بڕوای پێیەتی وکۆشش دەکات بۆبەرجەستەکردنی...لۆژیکی نوێ لەسەر ئەوبناغەیە لەبیروباوەڕی ئاینی دەکۆڵێتەوە کەچەندە بیرکردنەوەی بێوەی و لۆژیکی یەکانگرتووی تێدایە.چونکە بیروباوەڕە ئاینییەکان، بەشێوەیەکی گشتی دیاردەی سایکۆلۆژی کۆمەلایەتین پترلەوەی ئەقلی ولۆژیکی بن.

بیروباوەڕی ئیمامەت کەشیعە بڕوایان پێیەتی، وای لێکردون لەهەموو قۆناغەکانی مێژوەکەیاندا، هەرگیز خاوەنبنەوە لەڕەخنەگرتن لەدەستەڵاتداران ونەیاری کردنیان وئاشوب نانەوە بۆیان. ئەوان وادەبینن حکومەت هەرچۆن بێت هەر توڕەو ستەمکارە...بەهیچ شتێکیش قایل نابن، بەوەنەبێت کەپێشەوایەکی بێگوناه لە هۆزوبەرەی عەلی جلەوبەدەستی بێت.ئەوان نمونەیەکی زۆربالاوبلندیان داناوە بۆسیستەمی دەستەلات، بەڕادەیەك کەنزیکترە لەئەندێشەوە وەك لەوەی لە بویەرەوە نیزیك بێت. لەبەرئەوەیە کەهەمیشە بەبێ خاوبوونەوەوهێوربوونەوە لە شۆڕشی بەردەوامدابوون. ئەوان هەموودەستەلاتدارەکان بەگوێرەی ئەو پێوەرانەی ئیمامەت دەپێون کەخۆیان بڕوایان پێیەتی.بۆیەهەموو دەستەلاتدارەکان بەناتەواو وداگیرکەر دەبینن. لەسەرئەوبنەمایەش، یەکبینەو بەنهێنی یان بەئاشکرا، ئەوە لەدوای ئەوە بەشۆڕشگێڕی ماونەتەوە.

زۆربەی کات ئەم بیروباوەڕە بوەتەهۆی دروستبوونی دوژمنایەتی لەنێوان شیعە و گروپە دەستەلاتدارەکاندا...هەرلەبەرئەم هۆیەش شیعەکان هەمیشە بەزەندیق یاخود بەبێ باوەڕ تاوانبارکراون.واژەی ڕافیزەش، وای لێکراوە مانای ڕەتکردنەوەی ئاین ودەولەت پێکڤە بگەیەنێت. سەردەمێك بەسەرموسولمانانداتێپەڕی، کابرای موسولمان پێی خۆش بوو پێی بگوترێت کافرو زەندیق، نەك پێی بوترێت شیعی یاخود ڕافزی.. تائەمرۆکەش ئاسەواری ئەوبارودۆخەماوەتەوە.

ئەوەی قوڕەکەی خەستتر کردۆتەوە، ئەوەیە کەفوقەهاکانی شیعەخەلاتی حکومەت بەهیچ جۆرێك وەرناگرن...بەلکو بۆبژێوی خۆیان پەنادەبەنە بەرسەرچاوەی میللی.لەوانەیە خوێنەر سەری سوڕبمێنێت ئەگەربزانێ شەرعناسەکانی ئێران لە ئێستادا بۆبژێوی ژیانیان پشت بەکۆمەکی خەلك دەبەستن. هیچ لەحکومەت وەرناگرن هەرچەندە حکومەتێکی پالفتەی شیعەشە...هەرشەرعناسێکی شیعی زۆرسەردانی فەرمانگەکانی میری بکات لەدیدی خەلکدا بەسوك وبێ ئەرزش سەیر دەکرێت. ڕەنگە بەوهۆیەشەوە قسەوقسەلۆکی بۆدروست بکەن و، تەنانەت بە یەکێك لەزاناکانی "حەفیز"یشی بژمێرن.(٦١)نەك هەرئەوە بەلکولەوانەیە تۆمەتی سیخوڕیشی بدەنەپال.

تەریزکردن لەحکومەت لەلای شیعە وەکو گرێی دەرونی لێهاتووە.لەبەرئەوە زۆر ئەستەمە شەرعناسانی شیعە لەحکومەت نزیک بکەونەوە، لەهەمان کاتیشدا بتوانن کەرامەتی خۆیان لەناوخەڵکیدا بپارێزن. قێزەونترین تۆمەتیش کەبدرێتە پاڵ یەکێک لەشەرعناسەکانی شیعە، ئەوەیەکەپێی بوترێت:موچە لەمیری وەردەگرێت...ئەم دیاردەیەش وەک هەردیاردەیەکی تری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لایەنی باش ولایەنی بەدیشی هەیە...ئەم دیاردەیە شەرعناسی شیعەی ڕزگار کردوە لەکۆیلایەتی بۆحکومەت...بەڵام لەهەمان کاتدا کردویەتیە بەندەی ئارەزو و ئەفسانەکانی خەڵک.

فوقەهای شیعە شانازی بەوەدەکەن کەدەرگای ئیجتهاد لەلایان ئائێستاکراوەیە، بەڵام لەڕاستیدا سودی زۆریان لەم دەرگایە نەبینیوە...چونکە ئەوان بۆبژێوی خۆیان پشت بەخەڵکی دەبەستن، خەڵکیش بەشێوەیەکی گشتی، حەزلەنوێ بوونەوە ناکات لەوشتانەدا کە لەباوباپیرانەوە بۆی ماوەتەوە وەک نەریت و بیروباوەڕ.

لەڕوی تیۆرییەوە موجتەهیدی شیعی سەرپشکەلەوەی تازەگەری بکات لەزۆربەی مەسەلە شەرعییەکاندا...بەڵام بەکردەوە هەڵناسن بەم کارە، لەترسی ئەوەی ئەبا خەڵکی لێی بجۆشن وبژێویەکەی ببڕدرێت...زۆرجاری واش دەبێت موجتەهیدی شیعی شتێ لەناوناخی خۆیدا حەشاردەدات وپێچەوانەی ئەوە بۆخەڵکی ئاشکرا دەکات.

لەڕووی فەلسەفەگەری وئازادی بیرکردنەوەشەوە شیعەکان وەرەسەی موعتەزیلەن. (٦٢) موعتەزیلەکان لەنێوشیعەگەریدا توانەوە، لەدوای ئەوەی متەوەکیل ڕاوەدوی نان، ئیدی زۆرینەی کەلەپوری فیکری خۆیان ڕۆکردەنێو شیعەگەرییەوە... هەر کەس پەڕاوەکانی شیعە لەمەڕ"اصول"وەخوێنێ بەئاشکرا فەلسەفەی موعتەزیلە یان پێوەدەبینێ.(٦٣)

گرفتی شیعەکان لەوەدایە کەزانایانیان لەنێوخۆیاندا فەلسەفە پەیڕەودەکەن... کەواتەئەوان لەناخی خۆیاندا موجتەهیدن وبەئاشکراش موقەلیدن...زۆر بە

دەگمەن دەبینین زانایەکی موجتەهیدی شیعی ڕا ئازادەکانی خۆی بەخەڵکی ڕابگەیەنێت.
هەرکەسیشیان وابکەن پشکێکی زۆری ئازاریان لەلایەن خەڵکیەوە پێ دەدرێت.
لێرەدا ئەوەی شایانی گوتنە ئەوەیە، ئەم کۆیلایەتیە فیکرییە کەئاوەزی موجتەهیدەکانی کۆت کردووە بەرانبەر بەخەڵکی، لەهەمانکاتدا وای لەزاناکان کردووە هەمیشە لایەنی خەڵکی بگرن لەشۆڕشکردنیاندا لەدژی دەستەڵاتداران.

***

شەرعناسەکانی شیعە کۆمەکی زۆربەی ئەوشۆڕشانەیان کردوە کەلەم چاخانەی دوایدا لەئێران وعێراق وسوریادا ڕوویان داوە.
سەیرلەوەدایە دەبینین(بزاڤی دەستور) کەلەئێراندا بەرپابوو، لەکۆتایەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستدا. لەلایەن پیاوانی ئاینەوە پشتگیری دەکراو لەسەربنەمای فەتواکانی ئەوان دروست ببو.لەکاتێکدا دەبینین پیاوانی ئاینی لەدەوڵەتی عوسمانیدا دژایەتی بزاڤی دەستوریان دەکردوفەتوای کافر بونیان دەرکرد، دەبینین پیاوانی ئاینی لەعێراق وئێراندا پەرچەمی ئەوبزاڤەیان بەرزدەکردەوەو خەڵکیان لەپێناویدا هاندەدا.
گەرلەوبزاڤی نوێگەرییە بکۆڵینەوەکە"شێخ محەمەد عبدە" لەمیسردا پێی هەستا، دەبینین ئەوکەسەی تۆوی بزاڤەکەی چاند سەید"جمال الدین ئەفغانی"بوو، کە ئەمیش شەرعناسێکی شیعەبوو.
ئەفغانی سەیدێکی عەلەوی خەڵکی ئێرانە،تاکو ئەم ڕۆژانەشمان خزم وخوێشانی ئەولەئاوایی"ئەسەد ئاباد"ی ئێراندا دەژین...ئەفغانی وانە فەلسەفی و ئاینیەکانی لەنەجەفدا تەواوکردووە...لەکاتی خوێندنەکەیدا هۆزانڤانی ناسراو" سید محەمەد سعیدالحبوبی" هاوڕێیەتی کردووە.(٦٤)
کەسەیدجەمال الدینی ئەفغانی دەچێتە میسر، ئازناوی ئەفغانی لەخۆی دەنێت لە ڕووی توقیەکردنەوە...گەرنەوەش نەبوایە ئەی دەتوانی ئەوشۆڕشە فیکریە مەزنە لەمیسردا بەرپابکات.

سالّی(١٨٩٠ن) حکومەتی فارس مافی پاوەن کردنی دووکەلّی بەخشیە کۆمپانیایەکی ئینگلیزی... جمال الدین ئەمەی کردە هەلیك ونامەیەکی نووسی بۆ(میرزا حەسەنی شیرازی) گەورە موجتەهیدی شیعە لەوسەردەمەدا، تیایدا حکومەتی فارس لەکەداردەکات بەوکارە کەزیان بەخشە بەسامانەکانی ولاّت و یارمەتی داگیرکەران دەدات تاکو جێپێی خۆیان قایم بکەن لەولآتدا.

کاریگەری ئەم نوسراوە ئەوەبوو کە"شیرازی" فەتوایەکی دەرکردو تیایدا یاساغی کرد لەسەرهەموو بڕواداران کەتوتن بکێشن...بەهۆی ئەم فەتوایەشەوە حکومەت ناچار بووگرێبەستەکەی لەگەلّ کۆمپانیاکەدا هەلّبوەشێنێتەوەو قەرەبوویەکی گەورەش بداتە کۆمپانیاکە.(٦٥)

یەکێك لەکەسایەتیە متمانەدارەکان کەخۆی هاتنی جمال الدینی بینیوە بۆلای میرزا شیرازی لە"سامەڕا" بۆی گێڕامەوە کەئەو دووانە کۆبونەوەیەکی نهێنیان کردوەو کەسیش نازانێت ئەو دووکەسە تێکدەرو ئاژاوەچیە لەوکۆبونەوەیەدا چییان بڕیارداوە...

***

لەدوای ئەوەی ئینگلیزەکان لەشەڕی جیهانی یەکەمدا عێراقیان داگیرکرد، فوقەهاکانی شیعە بەیداخی شۆڕشیان لەدژی ئینگلیز بەرزکردەوە، لەو کاتەدا میرزا شیرازی سەرۆکایەتی دەکردن، کەبووەپاشگری"میرزا حسن شیرازی" لە ڕابەرایەتی کردنی ئیجتیهادی شیعەدا.

ئەو موجتەهیدە فەتوای سەبارەت بەپێویستی شۆڕشکردن لەدژی ئیمپریالیزم دەرکرد،ئەوەشی سەپاند بەسەر بڕوادارانـدا کـەزەکاتی مالّ وسامانیان لە چەکدارکردن ونان پێدانی شۆڕشگێڕەکاندا خەرج بکەن...شەرعناسەکانی نەجەف وکەربەلاوکازمیە، ڕۆلّێکی گەورەیان گێڕا لەشۆڕشەکەی١٩٢٠دا... دوای ئەوەش هەربەردەوام بوون لەهەلّنانی خەلّکدا لەدژی حکومەت. تاکو کار گەیشتە ئەوەی حکومەت ئەوانی دوورخستەوە بۆئێران. خاتووبیل دەلّێت:(لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەم ودوای ئەوجەنگەشدا، پیاوانی ئاینی لەگەورەترین بانگەشەکارانی شۆڕش بوون لەئێراقدا. ئەمەش وایکرد دەستەلاّتداران قوتابخانەو فێرگەی نوێ

بکەنەوە تاکو بەوهۆیەوە ئاین لەنێودڵ ودەرونی نەوەی نوێدا لاوازبکەن وبەو هۆیەشەوە ڕەگ وریشەی شۆڕش هەڵبکەن)(٦٦)

ئەم گوتەیەی "خاتو بیل" بەڕاستی شیاوی بیرکردنەوەیە...ئاشزانین ئایا دەستەڵاتدارانی داگیرکەر بەوپلانە توانییان هەستی ئایینی لەئێراقدا لاوازبکەن یاخود نا؟.

هەستی ئاینداریتی لەئێستای گەنجانی ئێراقدا لاوازەو ئەمەش گومانی تێدا نیە. ئەم دیاردەیە زۆربەی ئەوکەسانە تێبینیان کردووە کەلەدەوڵەتە دراوسێکانەوە سەردانی عێراقیان کردووە. وادیارە قوتابخانە نوێیەکان کەداگیرکەران دەستیانکرد بەدامەزراندنی، لەوفاکتەرانەبوو کەبونە هۆی ئەم بەرەنجامە. داگیرکەران بینییان شەرعناسانی شیعە بەردەوام خەڵکی هاندەدەن لەدژی دەستەڵات، لەوەدا هێورونارام نابنەوە...ڕەنگە داگیرکەران ویستبێتیان هەستی لائیکی بخەنە نێوناوەزی قوتابیانەوە بۆوەی قەڵاچۆی دەستەڵاتی مەعنەوی ئەو شەرعناسانەی پێ بکەن.(٦٧)

وادەردەکەوێت زاناکان هەستیان بەوەکردبوو، بۆیەلەسەرەتادا چونەنێو قوتابخانەیان لەسەر شوێنکەوتوانیان یاساغکرد...بەڵام ئەم یاساغکردنەش بویە هۆیەکی تر لەهۆیەکانی نەمان وبەرتەسکبوونەوەی هەژمونی ئاینییان. چونکە سەرەڕای یاساغکردنەکەش، کەچی خەڵکی دەستیان کرد بە ناردنی ڕۆڵەکانیان بۆ قوتابخانە!!. ئەمەلەکاتێکدا بینیان کەقوتابخانە دەبێتە هۆی ئەوەی وەزیفەی دڵڕفێن وپلەوپایەی سەرسامکەریان دەست بکەوێت.

شەرعناسەکان وەزیفەشیان یاساغ کرد، بەوەش بەڵاکە لەسەریان قورستر بوو. چونکە خەڵك وازلەدونیای خۆیان ناهێنن لەپێناوی پیاوانی ئاینیدا. بەڵکونەوان کاتێك پەیگیری ئاین دەبن،کەدەبینن لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیاندا یەکانگیردەبێت!!. وەلێ گەردیتیان پەیگیربونەکەیان پێچەوانەیە لەتەك بەرژەوەندیەکانیاندا، ئەوا واز لەپەیگیربونەکەیان دێنن ودەیخەنە پشتیانەوە.

حسەینی کوڕی عەلی دەفەرمێت:(الناس عبيد الدنيا والدين لعق على السنتهم يحوطونه مادارت معائشهم. فإذا محصوا بالبلاء قل الديانون!)... خەڵکی دابارین

بەسەر قوتابخانە نوێیەکانداو هاواریان دەکرد(داواکردنی زانست فەرزە لەسەر هەموو بڕوادارێك)...لەڕاستیدا ئەوان لەپێناوی بژێویدا ڕویان لەقوتابخانە تازەکان کرد. ئینجادەستیان کردە پاساوداتی ئەم کارەیان بەوەی گوایە فەرزێکیان بەجێ هێناوە!!.مەبەستی هەریەکێکیان ئەوەیە بڕوانامەیەك بەدەست بهێنێت و، وەزیفەیەك مسۆگەربکات. ئیدی بازەوی بەدانیشتوانەکەشیەوە ڕۆبچێت!.

لێرەدا تایفەچێتی لەعێراقدا فۆرمێکی تری وەرگرت...لەکاتێکدا جاران ناکۆکیەکە مەزەب گەرایی بوو، لەوکاتەوە قوتابخانە تازەکان بەدەرکەوتن، ناکۆکیەکە بویە ململانێ لەسەروەزیفە. هەرچەندە هەستە تایفە گەریەکەیشی هەرتێدا مابویەوە. بۆیە لەهەمان کاتدا هەم بوونە کەسانێکی لانیکی وهەم بونە کەسانێکی تایفەگەر...جێگەی سەرسوڕمانیش لێرەدایە.

بەهەرحاڵ دەگونجێت بگوترێت: تایفەگەری لەئێراقدا ڕوولەنەمانە. چونکە تایفەگەرێتی لەدوای نەمانی بابی"واتە نان" لەکۆمەڵگایەکدا، ئیدی ئەویش ناتوانێ بۆماوەیەکی درێژبمێنێتەوە...وەلێ ئێستا لەقۆناغی گەڕانەوەدایە بۆ ڕەحمەتی خوا. ئینجا دێربێ یان زوو هەردەگاتەوە بەباوکە ڕەحمەتیەکەی.

ئەوەی کەبوەتە هۆی مانەوەی تایفەگەری لەئێراقدا، بریتیە لەخۆش ویستنی وەزیفەی حکومی...ئەم هۆکارەش"وەزیفە حکومیەکە" بۆماوەیەکی دوورودرێژ جێگەی سەرنجی خەڵکی نابێت وبەسەقامگیری نامێنێتەوە...چونکە درگای بە ڕووی قوتابیەکانیدا داخستوەو خەڵکی لەدرگای ترەوە بەدوی بژێویدا دەگەڕێن. ئەو ڕۆژە نزیك بوەتەوە کەخەڵکی بەجۆرێکی تر لەڕاستیەکانی ژیان تێبگەن... کاروانی کۆمەڵگە هەردەبێت ڕۆژێك لەڕۆژان بگاتە مەنزڵی خۆی.

***

لێرەدا ئەوی شیاوی باسە ئەمەیە: لاوازبوونی هەستی ئایندری لەئێراقدا بوە هۆی گەورەبوونی هەستی شۆڕشگێڕی، لەبری ئەوەی ئەوهەستە لاواز بکات!!... دەستەڵاتداران ویستیان هەستی لانیکی لەعێراقدا بڵاوبکەنەوە، بۆئەوەی شۆڕشی پێ قەڵاچۆبکەن. بەڵام دواجار جڵەوەکەیان لەدەست دەرچوو.

ئەوەی نوێ لەکاتێکدا وازی لەدەمارگیری ئاینی هێنا، دەستی گرت بە دەمارگیریەکی ترەوە کەلەوسەخت تربوو، لەهەموو وڵاتە عەرەبیەکانی تر زیاتر دڵگەرمی هەبوو بۆبیروباوەڕە مۆدێرنەکان.جاران لەناوخەڵکی ئێراقدا یەک گرۆ هەبوو لایەنگری شۆڕش بوو،بەڵام بەوکارە هەموگرۆهەکان چونە نێوشۆڕشەوەو (دز ودزشاوتێکەڵ بوو – دەربڕینی وەرگێڕ).

***

دەرونی مرۆ ئارەزووی بڕوابوون بەئاینێ دەکات...بۆیە ئەگەر ئاینێکی دەست نەکەوێت کەلەئاسمانەوە بۆی هاتبێ، ئەوا ئاینێ بۆخۆی داواو پەیدا دەکات، کە لەزەویەوە بۆی هەڵقوڵابێت.

## ژێدەر وپەراوێزەکانی بەشی یانزەیەم:

١) بڕوانە: علي الوردي، خوارق اللاشعور، ج١، ل٨.
٢) بڕوانە: Wellhausen. Arab kingdom.p286.
٣) بڕوانە: سيد الأهل، الخليفة الزاهد، ل١٠٣.
٤) بڕوانە: الزمخشري، الكشاف، ج١، ل٦٤.
٥) بڕوانە: ابن حجر، الصواعق المحرقه، ل١٠٨.
٦) بڕوانە: الشهرستاني، الملل والنحل، ج١، ل٧٩.
٧) بڕوانە: الخطيب البغدادي، تاريخ بغداد، ج١٣،ل٣٩٨.
٨) بڕوانە: احمد امين، ضحى الأسلام، ج٢، ل١٨٤.
٩) بڕوانە: ابن حجر، هسپ، ل ٧٩ و ٨٨ و ١٠٨.
١٠) بڕوانە: سعد محەمەد حسن، المهدية في الأسلام، ل٨٨.
١١) بڕوانە: جرجي زيدان، التمدن الأسلامي، ج٤، ل١١٩.
١٢) بڕوانە: ابن حجر، هسپ، ل٧٢.
١٣) بڕوانە: احمد امين، هسپ، ج٣، ل٢٨٦.
١٤) بڕوانە: هسپ، ج٣، ل٢٨٨.
١٥) بڕوانە: هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشو.
١٦) بڕوانە: هسپ، ج٣، ل٢٩٠.
١٧) بڕوانە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشو.
١٨) بڕوانە: جرجي زيدان، هسپ، ج٤، ل١٥١.
١٩) بڕوانە: محەمەد برانق، البرامكة في ضل الخلفاء، ل١٢٦ — ١٢٧.
٢٠) بڕوانە: محەمەد حسين الزين، الشيعه في التاريخ، ل١٩٣.

٢١)  بڕوانە: هسپ،ل ١٦٣ – ١٦٤.

٢٢)  بڕوانە: احمد امین، هسپ، ج٢، ل١٨٤.

٢٣)  بڕوانە: هسپ، ج٣، ل ٣٩.

٢٤)  بڕوانە: هسپ، ج٣، ل ٢٠ و ٤٠.

٢٥)  بڕوانە: هسپ، ج٢، ل ١٨٤ – ١٨٥.

٢٦)  بڕوانە: هسپ، ج٢، ل ١٨٣.

٢٧)  بڕوانە: الخطیب البغدادي، هسپ، ج١٣، ل ٣٢٨.

٢٨)  بڕوانە: احمد امین، هسپ، ج٣، ل ١٨٩.

٢٩)  بڕوانە: المسعودی، مروج الذهب، ج٢، ل ٢٨٨.

٣٠)  بڕوانە: احمد امین، هسپ، ج٣، ل ١٩٨.

٣١)  بڕوانە: هسپ، ج٣، ل١٩٩.

٣٢)  بڕوانە: احمد امین، ظهر الأسلام، ج٣، ل٢١ – ٢٤.

٣٣)  بڕوانە: Nicholson, Aliterary History.p 408 – 409.

٣٤)  بڕوانە: ابن حزم، الفصل في الملل والنحل، ج٤، ل ١٤٨.

٣٥)  بڕوانە: ابن حجر، هسپ، ل ٢٥.

٣٦)  بڕوانە: احمد امین، هسپ، ج٣،ل ٥٨.

٣٧)  بڕوانە: هسپ، ج٣، ل٥٥.

٣٨)  بڕوانە: ابن العربی، العواصم من القواصم، ل ٢٣٣.

٣٩)  بڕوانە: هسپ، ل٢٥١.

٤٠)  بڕوانە: ادم متز، الحچارە الٳسلامیە،ج١، ل ١٠١.

٤١)  بڕوانە: هسپ، ج١، ل ١٠٦.

٤٢)  بڕوانە: هسپ، ج١،ل ١٠٠.

٤٣)  بڕوانە: هسپ، ج١، ل ٩٨.

٤٤)  بڕوانە: درێژەی ئەم بابەتەلەمێژوەکەی ئین کەسیردا.

٤٥) بڕوانە: ابن العربی، هسپ، ل٣٣.

٤٦) بڕوانە: محەمەد حسین الزین، هسپ، ل ٣٢.

٤٧) بڕوانە: ادم متز، هسپ، ج١، ل ٢٥٧.

٤٨) بڕوانە: هسپ، ج١، ل ٢٥٦ — ٢٥٧.

٤٩) بڕوانە: هسپ، ج١، ل ٢٥٤.

٥٠) بڕوانە: موسی جارالله، الوشیعه فی نقد عقائد الشیعه، ل پ.

٥١) بڕوانە: Edwards, Natural History of Revolution, p 44 – 45.

٥٢) بڕوانە: الکینی، اصول الکافی، ل ١٩٠.

٥٣) لەپەرتوکی داهاتوماندا (منشا الحرکات الاجتماعیة فی الأسلام) بەووردی باس لەم بیروباوەڕە دەکەین.

٥٤) بڕوانە: ابن حجر، هسپ، ل ١٢١.

٥٥) بڕوانە: Encyclopedia of Religion & Ethics, art – anointing.

٥٦) بڕوانە: احمد امین، ضحی الأسلام، ج٣، ل ٢٤٤.

٥٧) بڕوانە: Dawson & Gettys , sociology,p 703.

٥٨) بڕوانە: موسی جارالله، هسپ، ل ٨٢ — ٨٥.

٥٩) بڕوانە: محسن الأمین، نقض الوشیعة، ل ٢٢١.

٦٠) بڕوانە: ادم متز، هسپ،ج١، ل ١١٧.

٦١) بڕوانە: ئەم زاراوەمیللیە لەماوەی شۆڕشی عێراق(١٩٢٠)دا بڵاوببویەوە، حەفیز، بەعەرەبی کراوی ووشەی (ئۆفیس- فەرمانگەیە) لەزمانی ئینگلیزیدا.

٦٢) بڕوانە: ادم متز، هسپ، ج١، ل ١٠٢.

٦٣) بڕوانە: احمد امین، ضحی الأسلام، ج٣، ل ٢٦٧ — ٢٦٨.

٦٤) بڕوانە: قدری قلعجی، جمال الدین الأفغانی، ل ٢٣.

٦٥) بڕوانە: هسپ، ل ٢٤.

٦٦) بڕوانە: مصطفى عبد الرزاق، محمد عبده، ل ٥٧.... ئەم گوتەیەم لە پەرتوكێكدا خوێندەوە كەلەكتێبخانەی گشتی شاری ئۆستنی ئەمریكا خواستبووم. نیگەرانم كەناوی سەرچاوەكەو لاپەڕەكەم لەلای خۆم نەنوسی، تاكونێستا بەخوێنەرانی ئەم پەرتوكەی نیشان بدەم.

٦٧) دەسـتەڵاتی داگیركەر ویستی بەوكارەی، دەسـتەڵاتی مەعنەوی شەرعناسەكانی شیعە لەناوبەرێت. بەڵام بەوكارەی دەسـتەڵاتی هەموو شەرعناسەكانی لە عێراقدا لەناوبرد و، تەڕو وشكی پێكەوە سووتاند. وای لێهات ئەوەی ئوێ لە ئاین دووركەوتەوەو تەنانەت گەمەیش بەهەموو ڕواڵەتەكانی دێت.

# بەشی دوانزەیەم

## پەندی مێژوو

قەیمیەکان، وایان دەبینی کەدادگەری کۆمەڵایەتی لەئەنجامی بیرۆکەیەکی ڕوتەوە دروست دەبێت، کەبەئەندێشەی دەستەڵاتداردا دێت و بەهۆیەوە دەکەونە سەر ڕێگەی دادپەروەری. ئەم بۆچوونەش لەگەل لۆژیکی کۆمەڵایەتی نوێ پەسەندنیە و پاساوی بۆنابینێت.

چونکە بیربەتەنها، دەستەوسانە لەئاراستەکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ. زۆربەی جار مرۆڤ چ نیە، جگەلەمیکانیزمێ بەدەستی بارودۆخە سایکۆلۆژی وسۆسۆلۆژی و ژیاریەکەیەوە... بیرناتوانێت کاریگەری لەسەرهەڵسوکەوتی مرۆڤ دابنێت لە سنورێکی زۆر بەرتەسکدا نەبێت.

دادگەری کۆمەڵایەتی تەنها بەوەدەستەبەر نابێت کەدەستەڵاتدار بترسێنرێت لە خودا... چونکە ڕەنگە بابای دەستەڵاتدار لەتۆ زیاتر لەخوا بترسێت و ئامۆژگاریشت بکات، وەک چۆن تۆئامۆژگاری ئەودەکەیت. تەنانەت ڕەنگە لەبەر دەستی خواشدا وەک تۆ تەزەروع و خۆبەکەم زانین نیشان بدات.

تۆئەگەر هەزار جار ئامۆژگاری بکەیت، وەک خۆی دەمێنێتەوە. هەرستەم لەخەڵك دەکات ودەشڵێت: خوایەگیان یارمەتیم بدە!!... دادگەری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، بۆیە لەدوای شانەخڕێ وناکۆکیەکی سەختی نێوان دەستەڵاتدار و ژێردەستەکاندا ئەوجا کۆمەڵگە پێی دەگات.

دەستەڵاتدار ناتوانێت هەرلەخۆوە دادگەربێت!... چونکە ئەو بەرلەهەرشتێ مرۆڤە، ئەو ئاتەواویانەی نێوسروشتی ئادەمیزاد کەلەکەسانی تردا هەیە لەنێو ناخی ئەمیشدا هەیە... ئەو هەرچەندە لەقوڵاییەکانی ناخیدا پارێزکاربێت، ناتوانێت بەو جۆرە دادگەری تێبگات کەژێردەستەکانی لەکوخە دوورەدەستەکاندا لێی تێدەگەن.

لەهەموو کات وشوێنێکدا، مرۆڤ هەرمرۆڤە.... ئەوهاوڕێیەت کەقسەکانێت پێخۆشەو ڕواڵەت و ئەدەبیت بەجوان دێتە بەرچاو، ڕەنگە کاتێ بویە دەستەڵاتدار لەستەمکارترینی خەڵك بێت، ئەوئێستە بۆیە باشە چونکە لەکەشخەییەکانی

دەستەڵاتەوە دوورە.تۆش نازانیت ئەوچی دەکات ئەگەرلەسەرکورسی دانیشێت و یاساوڵ وجەلاد لەهەموولاوە دەوری بگرن.پەندێکی ئینگلیزی هەیە دەڵێت:(ئەگەر ویستت ڕاستی مرۆڤێ بزانیت ئەوا سامان یان دەستەڵاتی بدەرێ)

هەرچۆن بێت چاکێتی دەستەڵات مەسەلەیەکی ڕێژەییە، چونکە ئەوشتەی کە کۆمەڵێك پێیان چاك بێت کۆمەڵێکی تریێیان چاك نیە...دەستەڵاتدار هەرچەندە لە ناخی خۆیدا چاك بێت نازانێت دەست وپێوەندو خۆشەویستانی چی فروفێڵ و پلانێ لەدەوری دەکەن بەمەبەستی قۆستنەوەو تەرەف...ئەوان لەپشتیەوە تالان و بڕۆی خەڵکی دەکەن وئەم بەخۆی نازانێت وهەست ناکات...ئەو تەنها ڕواڵەتە جوانەکان وخەندە سازکارەکانیان دەبینێت ونازانێت لەپشتی ئەوەوە چ ستەم کاری وکارەساتێ حەشاردراوە.

هەردەستەڵاتدارێ دەورە دراوە بەدەست وپێوەندێ کەلەخەڵکی دەشارنەوەو دوری دەخەنەوە...ئەویش فێڵ لەخۆی دەکات ودەچێتە دەرێ بۆناوخەڵکی وگوێ بۆسکالاکانیان دەگرێ...لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت تێ بگات لەڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگە جگەلەوەی چوارچێوە فیکریەکەی خۆی"کەدەست وپێوەندەکانی بۆیان دروستکردووە"دەی سەلمێنێت.

ڕەنگە کابرای دەستەڵاتدار خێری خەڵکی بوێت، بەڵام نازانێت چ خراپەیەکی پەنهان لەزەویدا بڵاوەو کەس پێی نازانێت. جگەلەوانەی کەرتونەتە نێوان کەڵبە کانیەوەو بێدەنگیشن. ئەودەست و پێوەندەی لەدەوری دەسەڵاتداران دەتوانن ڕەشی لێ بکەن بەسپی...ئەگەر خەڵکی ڕاپەڕین وداوای نانیان دەکرد، دەورو بەرەکەی دەتوانن دەستەڵاتدارەکە حاڵی بکەن گوایە ئەوخەڵکە"پاقلاوە"یان دەوێت، ئەگەر ستەملێکراویش هات تاکو شکایەتی حاڵی خۆی لابکات دەتوانن واحاڵی بکەن ئەوستەملێکراوە زەندەقێکەو دەیەوێت ئاینی ئیسلام بڕوخێنێت، بەڵاکە لەکاتێکدا گشتگیردەبێت، کەکۆمەڵێك مورتەزیقەو لادەر لەپیاوانی ئاینی لە دەوری دەستەڵاتدار کۆدەبنەوە. ئەوان کابرای دەستەڵاتدار دەکەنە سێبەری خودا لەسەر زەویەکانیدا، فریشتەو پێغەمبەران دێنن تاکو یارمەتیدەری بن لەحوکمە بۆگەنەکەیدا...بەوەش دەستەڵاتدار دەبێتە گورگێ لەپێستی مەڕدا.

***

دەوڵەت بۆیەکەم جار لەمێژوودا بەدەرکەوتنی ژیانی شارستانی دەرکەوت، بەم پێیە سەرهەڵدانی نوێیە، تەمەنی لەنزیکەی "شەش هەزار ساڵ" تێ پەڕناکات... کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرلەدەرکەوتنی شارستانێتی لەسیستەمی هۆزایەتیدا دەژیا کەنەدەوڵەتی تێدابوو، نەسوڵتانێ کەجڵەوی بگرێت.

شارستانی سەری هەڵداولەگەڵیشیدا دیکتاتۆرەکان سەیان هەڵدا، مرۆڤیش تامی ستەمکاریەکانی ئەوانی کرد...بەرلەوە خەڵکی ملکەچ بوون بۆڕابەرێ کەلەساتە وەختە سەختەکاندا سەرکردایەتی دەکردن. ئەو نەی دەتوانی فشارو زۆریان لێ بکات بەئارەزوی خۆیان نەبایە.

دەوڵەت سەری هەڵدار لەگەڵیشیدا ستەمی کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا...ملەجەڕێ لەوەناکرێ کەدەوڵەت لەڕویەک لەڕوەکانەوە سودی بەمرۆڤایەتی گەیاندوە، دەوڵەت شارەکانی دروستکردو پەرستگای دامەزراند وهانی زانست وهونەریدا، بەلام لەهەمان کاتدا خەڵکی کردەکۆیلە ومالّ وسامانیانی تالان کرد... بە دەربڕینێکی تر:دەوڵەت گەشەیدا بەشارو لەهەمان کاتدا گەشەیشیدا بە "ئیستغلال".

هەندێك لەساوایرەکان سەریان سوڕدەمێنێت بەئاسەواری شارستانیەتە کۆنەکان ولەوانەیە شانازیش بکەن پێیانەوەو بەنیشانەی سەربەرزی بزانن...بەلام لەڕاستیدا ئەوە جگەلەنیشانە لەسەرستەمێکی گەورە هیچی ترنیە...ئەوئاسەوارە گەورانەی ئەم ساوایرانە سەریان لێ سوڕدەمێنێت بەخوێن وئەشکی چەوساوەو بێ چارەکان دروست کراوە، تەنها ئاسەوارێك لەوئاسەوارانە دروست نەبووە دوای ئەوە نەبێ کەقامچی وشەلاق بەسەر هەزاران کۆیلەدا دابارێنراوە وپێستەکانیان پێ دڕاوە.

"حافز ابراهیم" ستایشی "میسری فیرعەونی" دەکات، بەزمانیەوە دەدوێت و دەڵێت:

وقف الخلق ينظرون جميعا    كيف ابني قواعد المجد وحدي

بەڵام ئەو ئەگەر دادگەربوایە دەبوا بیگوتایە:

وقف الخلق ينظرون جميعا　　كيف ابنى قواعد الظلم وحدى

***

ڕۆژێکیان سەیری ئاسەوارێکی سەردەمی زێڕینی خۆمانم دەکرد کەزۆر ورد دروست کرابوو، هاوڕێیەکم لەتەنیشتمەوە هاواری کرد: سەیری مەزنی باوباپیران بکە! منیش پێم گوت: (نەخێرسەیری ستەمی باوپیران بکە).

ئەو مرۆڤ باجێکی گەورەوگرانی داوە لەبەرانبەر شارستانیەتە کۆنەکاندا... ئەو شارستانیەتانە پێشکەوتنی مادی بوون شانبەشانی دواکەوتنی کۆمەلایەتی... تاچەندە گەورەیی سوڵتان زیادی بکردایە ئەوەندەش ستەمی لەسەر ڕەعیەتەکانی گەورە دەبوو... ئەوکەسانەش کەدڵیان خۆش دەبێ بەئاسەواری سەربەرزی دێرینیان، نازانن کەڕەنگە باوکیان لەوکاتەدا کۆیلە بوبێ لەلای سوڵتان و داکیشیان کەنیزەك بوبێت لەتەلارەکەشخەکانی سوڵتاندا.

سەیر لەوەدانیە یاساوڵەکان شادمان بن بەئاسەواری باب وباپیرانمان، بەڵکو سەیرومەخسەرە لەوێ دایە کەڕۆڵەی چەوساوەکان پێی شادومان بن... وەك ئەوەی بیانەوێت ئەمڕۆش وەك باوکیان لەدوێنێدا ببنەکۆیلە.

دێرۆکی کۆن دووجۆرە بیری بەخۆوە بینی: جۆرێکیان بانگەشەی دەکرد بۆ دەسەلات وداگیرکاری وتەرەف، جۆرێکی تریشیان داوای دادگەری کۆمەلایەتی دەکرد... بەم پێیە خەڵکی دووبەش بوون: لایەنگرانی دەوڵەت ولایەنگرانی شۆڕش... دێرۆکی شارستانیەتە کۆنەکان بریتیە لەکارلێکی نێوان ئەم دووجۆرە بیرە.

لەبەرئەوە مێژوو لێوان بووە لەدووجۆر جەنگ.

تاچەندە فراوانخوازی دەرەوەی داگیرکاری لەدەرەوەدا وشۆڕش لەناوەوەدا.

دەوڵەت زیادبکات، ئەوەندەش دابەش بوون وپارچەبونی ناوەکی زیاد دەکات.

ئەوەی شیاوی باسە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە سەرانی شۆڕش لەسەردەمە کۆنەکاندا لەبری پێغەمبەران بوون، ئەوانەی کەئاینێکی نوێ دێنن... بیروباوەڕی ئاینی ئەردەم بەسەرئاوەزی خەڵکیدا زاڵ بوو... دەستەلاتدارانیش دەست و

پێوەندیکیان لەپیاوانی کۆنی ئاینی بۆخۆیان بەکرێ دەگرت، ئینجا لەبەرانبەر ئەوەدا پەیامبەرانێک دەردەکەوتن ئەوئاینەیان دەرماند کەدەستەڵاتداران بە کرێیان گرتبوو، لەبریتیدا ئاینێکی شۆڕشگێڕیان دەهێنا.

قورئان دەفەرمێت:(وما ارسلنا في قرية من نذيرالا قال مترفوها: انابما ارسلتم به كافرون) بەوگوێرەیە قورئان سەرکردەکانی خەڵکی لەسەردەمە کۆنەکاندا دابەش دەکات بۆدووجۆری هاودژ: وریاکەرەوەکان وموتریفەکان..وریاکەرەوەکان بەو پێیە بریتی بوون لەڕابەرە میللیەکان، ئەمان شۆڕشیان کردوە لەدژی موتریفەکان. گەرسەرنجی ژیاننامەی پێغەمبەرەکۆنەکان بدەین، دەبینین شۆڕشگێڕبوون و هەژارو ڕووت ورەجاڵەکان لەخەڵکی ستەملێکراو شوێنیان کەوتوون...نوح و ئیبراهیم وموساوعیسی ومحەمەد...هتد لەوکەسانەبوون کەئاژاوەیان ناوەتەوە و ڕابەری بزاڤە میللیەکان بوون.

قورئان باسی موتریفەکانی سەردەمی نوحمان بۆدەکات ودەفەرمێت:ئەوان گاڵتەیان پێ دەکردوپێیان دەگووت:(ومانراك اتبعك الاالذين هم اراذلنا بادي الراي...) لەڕاستیشدا زۆرینەی چارشوێنکەوتوانی پێغەمبەران لەوجۆرە خەڵکە ڕووت ورەجاڵ وبێ ئەرزشە بوون- پەنابەخوا.

هەندێک لەم چاخەدا وادەبینن کەئاین خەڵکی بانگەشە دەکات بۆ ملکەچی وخۆ دان بەدەست دەستەڵاتدارە ستەمکارەکانیانەوە...ئەم ڕایەش بەسەر ئەوئاینەدا دەچەسپێت کەستەمکاران وتاغوتان بەکرێیان گرتووەوبەکاری دێنن.وەڵێ ئەو ئاینەی کەپێغەمبەرە وریاکەرەوەکان هێناویانە، لەشیرینترین واتاکانیدا ئەوەیە کە بڵێین ئاینی شۆڕشە...ئێمە پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئاین وکەهانەدا. وەك مامۆستا خالدمحەمەدخالد دەڵێت...(١)

هەموو ئاینێکیش دەبێتە کەهانە لەکاتێکدا سوڵتانەکان بەکر دەگرن وپیاوەکانی دەکەنە واعیز بۆ خۆیان.

***

شۆڕش نەزعەیەکی ڕەسەنە لەکۆمەڵگەی شارستانیدا، کۆمەڵگەی شارستانی ناتوانێت وازی لێ بهێنێت مەگەربیەوێت بەڕێگەی لەناوچووندا بڕوات...لەوکاتەوە

سیستەمی دەوڵەت دەرکەوتووە، لەبەرانبەریدا نەزعەی شۆڕش دروست بووە... ئەم نەزعەیەش بەردەوام گوررزی خۆی ئەوە لەدوای ئەوە وەشاندوەو ئارام وهێور نەبوەتەوە.

دیموکراسیەتیش لەنێو نەتەوەنوێیەکاندا بەهۆی بیرۆکە گەلێ مندالانەوە کە واعیزەکان چەنەی پێوە لێدەدەن دروست نەبووە.

بەڵکو بەرەنجامی ئەوشەڕوجەنگە تێکشکێنەرانەیە کەگەلان دژبەدەسەڵاتدارە خۆسەپێنەکان بەرپایان کردوە... خودی دیموکراسیەتیش تائەمڕۆکە خاو نەبوەتەوە لەشۆڕش... بەڵکو مێژووەکەی بریتیە لەزنجیرەیەک شۆڕشی یەک لەدوای یەکی بێ کۆتایی.

سیستەمی دەنگدان کەدیموکراسیەتی نوێ لەسەری دادەمەزرێت لەواتا کۆمەڵایەتیەکەیدا چ نیە جگە لەشۆڕشێکی دەمامکدار... هەڵبژاردن لەڕاستیدا شۆڕشێکی هێمنە، خەڵکی ئەمڕۆ ڕوودەکەنە سندوقەکانی هەڵبژاردن، وەک چۆن بۆگۆڕەپانەکانی شۆڕش دەچوون، بەوەش دەستەڵاتدارەکانیان لەکاردەخەن و دەستەڵاتداری دیکە لەبریتیان دادەنێن.

مستەر"لیمان" نوسەری ئەمریکی بەناوبانگ دەڵێت: شۆڕشگێرانی نەتەوە دیموکراسیەکان، کارتەکانی دەنگدان لەبریتی فیشەکی تفەنگەکان بەکاردێنن!.

خەڵکە کۆنەکان سیستەمی هەڵبژاردن ودەنگدانیان نەدەزانی، یان لەوانەیە زانیبێتیان ونەیان توانی بێ پراکتیزەی بکەن... بۆیە لەشۆڕش کردنیاندا لەدژی دەستەڵاتداران پەنایان دەبرد بۆشمشێر... بەڵام لەم سەردەمەدا فێربوون کارتەکانی دەنگدان بەکاربێنن... لەبەرئەوە مێژوو بەهێمنی ودڵنیایی ڕێیان پێ دەکات.

حکومەتی لێزان وکامڵ لەم سەردەمەدا ئەوحکومەتەیە کەڕابەرایەتی شۆڕشی میللی دەکات وبەربەرەکانێیان ناکات... بەربەرەکانێی شۆڕش بێ هودەیە، چونکە شۆڕش ڕێ دەکات، بەکوێرایی چاوی ئەوانەوە کەبەرەنگاری دەکەن... وەک پەندی دەشتەکییەکان دەڵێت:(کاروانەکە دەڕوات وسەگەکانیش دەوەڕن).

شۆڕشی چەکداری لەنێونەتەوەیەکدا سەرهەڵ نادات کەپەیگیربێت بەرێگەی دیموکراسیەوە...لەبەرئەوەی حکومەت لەنێوناخی گەلەوە سەرچاوە دەگرێت، وە بریتیە لەوێنەیەکی ئەوئارەزوەی لەنێوناخی گەلدایە...ئەوحکومەتە لەگەڵەوەیەو بەگەڵەو لەپێناوی گەلدایە. وەك ئیبراهام لنکۆلن دەڵێت:زۆردەگمەنە ببیستین شۆڕشی چەکدار لەنێو وڵاتێکدا ڕوبدات کەدیموکراسیەتی ڕاستەقینەیان هەیە... ئەمەش مانای وانیە خەڵکی ئەو وڵاتانە پەژن وهەست ناکەن...ئەوان بۆیە شۆڕش ناکەن چونکە دەتوانن ڕێگەیەکی تر بۆشۆڕش بدۆزنەوە کەبریتیە لەڕێگەی دەنگ دانی هێمن، لەوەشدا دەستەڵاتدارەکان یاریی پێ ناکەن.

ئەوان ناوەناوە دەستەڵاتدارەکانیان دەگۆڕن، ئەناژاوە ڕوودەدات وئەخوێن دەڕژێت... هەرحکومەتێ ڕەعیەتەکانی ڕائەهێنێت لەسەرگرتنەبەری ڕێگەی شۆڕشی هێمن وئارام...بێگومان ڕۆژێك لەڕۆژان ڕووبەڕووی شۆڕشی خوێناوی توندوتیژ دەبێتەوە.

***

لەم پەرتوکەدا ڕوداوەکانی دێرۆکی ئیسلامیمان لەژێر ڕۆشنایی لۆژیکی نوێدا خوێندەوە، بینیمان دووگرووپی تێدابوە کەلەسەر"مانەوە" ململانێیان کردووە: گرووپی دەستەڵاتدارو سوڵتانەکان لەلایەك وگرووپی شۆڕشگێڕانیش لەلایەکی ترەوە.

معاویە پادشایەتی بۆماوەیی لەئیسلامدا دامەزراند. عەلیش لەبەرانبەردا شۆڕشی دامەزراند. ئەم دوونەزعە هاودژەش ئەوە لەدوای ئەوە کارلێکیان لە یەکترکردووە.

سوڵتانی موسوڵمان لەڕێگەی باوکی ڕەحمەتییەوە دەهاتە سەرکورسی دەستەڵات، هیچی لەکاروباری دەوڵەت نەدەزانی جگەلەوەی چێژەمیراتەکەی بابی ببینێت و لەگەڵ ئەوجەلادودەست وپێوەندانەشدا مودارا بکات کەهاریکاری دەکەن.

بەمردنی سوڵتان دەست وپێوەندەکانی دادەبارین بەسەر وەرەسەکەیداو پەیمانی خەلافەتیان دەدایە...پەیمانی خەلافەت لەسەردەمی ڕاشیدیەکاندا بەهەڵبژاردن بوو...دواتربوە نمایشێکی شانۆیی ودەست وپێوەندەکان تیایدا هەرکەس بەڕۆڵی

بەسەردا سەپاوی هەڵدەستا، یەکێکیان پەیمانی دەدا بەخەلیفە لەسەرپەڕاوی خوداو سوننەتی پێغەمبەرەکەی...دووەمیان چەندئایەتێکی قورئانی دەخوێند... سێیەمیان دەستی پاڕانەوەی بۆئاسمان بەرزدەکردو نزای دەکرد خودا ئاین و دەوڵەت سەربخات، چوارەمیشیان فاتیحای دەخوێند...پێنجەمیش دەیگووت: ئامین...!.

بەم شێوەیە مێژووی خەلافەت لەئیسلامدا گوزەری کرد...لەئەنجامی ئەمەدا شۆڕشگێڕانی یاخی دەرکەوتن، دژبەردەوڵەتەش وەئاینەش جەنگێن کەلە سایەیدا گەشەدەکات.

بەوەش موسوڵمانان دابەش بوون بەسەردوو بەرەدا: یەکێکیان بانگەشەی دەکرد بۆفەتح وداگیرکاری، ئەوی دیکەشیان بانگەشەی دەکرد بۆدادگەری کۆمەڵایەتی... هەربەرەیەکیش لەخودا دەپاڕایەوە تاسەری بخات بەسەر دوژمنەکەیدا...ناشزانین خودا ویستویەتی پشتگیری کام لەودووبەرەیە بکات وسەریان بخات.

دکتۆر"ئەحمەد ئەمین" دەبێژێت:(گومانم وایە موسوڵمانان دەنگیان یەك بوایە، ئەوکۆششە مەزندە بکرایە کەخراوەتە کار بۆملکەچکردنی عەلەویەکان بۆهۆزی ئەمەوی وهۆزی عەباسی، یان بۆملکەچکردنی هۆزی ئەمەوی وعەباسی بۆ عەلەویەکان. ئەوا ئەوکۆششە بەس بوو بۆفەتح کردنی زیاتری دنیاوملکەچ پێکردنی بۆموسوڵمانان وبەوەش بەتەواوی ڕووی مێژوو دەگۆڕا وهەر هەمووی سەرلەنوێ بەجۆرێکی ترەنوسرایەوە...وەڵێ ئارەزووی حوکم ودەستەڵات هەمیشە لەهەموو سەردەمێکدا دەنگەکان پەرتەوازە دەکات، یەکبوونی ئومەت ناهێڵێت، هێزو پێزیش پەرت دەکات...)(٢)

وادیارە ئەم دکتۆرە بەلەش ولار لەسەدەی بیستەمداو بەبیروبۆچوون لەسەدەی دەیەمدا دەژی...ئەودەیەوێت موسوڵمانان سەربکەون وجیهان داگیربکەن...ئیدی گوێ نادا بەوەی ئەوداگیرکارییە لەهەمان جۆری داگیرکاریەکەی خاوەنی جەلالەت (تەیمورخانی لەنگ) بێت.

وادیارە ئەم دکتۆرە ئەوەی لەبیرچووە کەشۆڕش ئەزعەیەکی ڕەسەنە لەنێو ئەزعەکانی کۆمەڵگەی شارستانیدا...گەرحکوم خۆسەپێن بوو، ئەوا هەردەبێ

ستەمکاربێت... گەرواش بوو ئیترڕێگەچارەیەک جگەلە هەڵگیرسانی شۆڕش لە دژی نیە.ئیدی دێربێ یان زوو.

گەرعەلەویەکان لەدژی ستەم شۆڕشیان بەرپا نەکردایە، لەبری ئەوان خەڵکانێکی دی بەرپایان دەکرد...مێژوو لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی لۆژیکی ڕێ ناکات... بەڵکو ڕاستڕلەسەر بنەمای ئەو ئەزعەرەسەنانە ڕێ دەکات کەلەسروشتی مرۆڤدان وئاڵوگۆڕ قبوڵ ناکەن.واعیزەکانی سوڵتان ناوبانگی عەلەویەکانیان شێواندووە و بەوە تۆمەتباریان کردوون کەتەماحیان بەپۆستەکانی دەستەڵات هەبووە... ڕاستیش ئەوەیەکە عەلەوییەکان وەک هەرکەسێکی تر مرۆڤ بوون، لەڕووی ئارەزووە مرۆییەکانیانەوە جیاوازیان نەبووە لەغەیری خۆیان...بۆیە دوریش نیە وابێت وەک دوژمنەکانیان تۆمەتباریان دەکەن.

لۆژیکی سۆسۆلۆژی نوێ خەڵکی ناپۆلێنێ بەگوێرەی تەماح ومەبەستەکانیان بەڵکو لەسەر بنەمای ئەوبەرەیە دەیانپۆلێنێت کەمرۆڤەکان لەناقاربارودۆخی باودا گرتویانە لەڕووی پشتگیریکردنی ئەو بارودۆخە یاخود دژایەتیکردنی(٣).

دێرۆکی بازێریش ﭻ نیە جگەلەمێژووی ململانێی نێوان پشتگیریکەران و ئەیاران "ی بارودۆخی باو" ئەوان پارێزگار وئەمان نوێگەر... وادەردەکەوێت سەرکەفتنی کۆتایش ببێتە بەشی نوێ گەران، چون لەسەرئەستۆی ئەمان دیموکراسیەتی مۆدێرن بەرپادەبێ.

***

بەڕاستی جێگەی نیگەرانیە کەدەبینین عێراقی نوێ ئەم بیرە سوڵتانیانەی تێدا سەرداره... زۆربەی فێربووان تیایدا گوێ نادەن بەوەی ﭻ بەڵایەک ئەڕژێ بەسەر هەژاراندا، هەموو هەوڵێکیان چڕدەکەنەوە لەسەرگەڕاندنەوەی شانازیەکانی باپ و باپیران.

ئەوان تەنها بەدەستکەوتەکانی ڕەشید قایل نابن. بەڵکو داوای گەڕاندنەوەی دەستکەوتەکانی(حامورابی وئاشوریانیپال) دەکەن...گەرئەمانە خەڵکی (سەمەرقەند) بوبان، ئەوادەسکەوتەکانی(تەیمور لەنگ خان) یان بۆزیاد دەکرد.

ئەوان کاریان ئەوەیە مۆزەخانە دروست بکەن کۆشك وتەلار بەرپابکەن بۆ وەی بیانیەکان دیمەنیان پێ جوان بێت، بەوەش ناوی نیشتمان بەرزبێتەوە بۆ ئەزموونی ئەمری، وەك خۆیان گومان دەبەن. گەرگوێ شل کەین بۆئەو سرودانەی هەموو کاتێ خەڵك دەیڵێن دەبیستین ووشەی" نیشتمان...نیشتمان"ی بەزۆری تێدایە...من نازانم مەبەستیان لەونیشتمانە چیە کەستران بەناویەوە دەڵێن... چونکە لەڕاستیدا ئەونیشتمانە، نیشتمانی"ستەمکارومو‌تریف و...هتد"ەکانە، وەڵێ هەژاریش وەك هەمان سەردەمی سوڵتانەکان ماوەتەوە، زەوی دادەخات و ئاسمان دەدات بەخۆیدا!!

ئەوان گەر ئەومۆزەخانانەی کەشانازی پێوەدەکەن بفرۆشن بەموتریفەکانی نێو نەتەوەکانی دی، ئینجا بەنرخەکەی خەزنەگەلێکیان دروست بکردایە کەبەربەستی ئەو زریانە درێژەیان بکردایە، ئەواخزمەتی بەشی هەرە زۆری هاوزێندانیان پێ دەکرد.

موسیبەت لەوەدایە کەئەمان دەیانەوێت گێتی بگرن،بەڵام نایانەوێت وڵاتەکانی خۆیان فەتح بکەن ورزگاری بکەن لەچنگالی نەخۆشی ونەزانی وبرسێتی.
ڕۆژێ بەسەرعێراقدا تێپەڕی، دەستەڵاتداران گوێیان نەدەدا بەجۆتکارو حاڵوباڵی، ئەوەندەی کەگوێیان دەدا بەبەیداغ وتەپڵ وسرود، دەنگیان نوسا، هێندەیان قیراند:(بۆپێشەوە...بۆپێشەوە) من نازانم ئەو (پێشەوە) کامەیەکە ئەوان دەیانەوێت.

***

دەستەڵاتی واعیزەکانی دینداری لاوازبوو، لەجێگەیدا دەستەڵاتی واعیزەکانی شارستانی بوون گەورەبوو...سەیرلەوەدایە واعیزە"پێشکەوتنخوازەکان" جیاوازییان نیە لەگەڵ واعیزە"شاشك"بەسەرەکاندا، تەنها بەڕواڵەتی دەرەوەیان و ئەو زاراوانەیەبێت کەدەمی پێوەهەڵدەچن..ئەوان هاوار دەکەن: "ئاین...ئاین...ئەی بەندەکانی خوا" ئەمانیش هاوار دەکەن:"شارستانی

بوون... شارستانی بوون ئەی ڕۆڵەی فەتحکەران"!. ئەمان هاوردەکەن:بۆپێشەوە! ئەوانیش هاوردەکەن: بۆدواوە!.

لەوانەیە بۆیە وابکەن تاکو خەڵکی بێهۆش بکەن وسەرقاڵیان بکەن لەوەی سەرنج لەگرفتەکانی ئێستا بدەن، کە ئەوگرفتانە گرفتی هەنووکەن نەبۆپێشەوەن ونەبۆ دواوە!.

دەبینی واعیزی پێشکەوتنخواز، کەپۆی بەرزکردۆتەوەو پۆزلێنەدات بەسەر مەردومدا... ئەگەر بەکوچەیەکی یەکێك لەگەڕەکە هەژارەکاندا تێپەڕێت، دەست بە لوتیەوە دەگرێت و، ڕەنگە لەهۆش خۆی بچێت. ئەو ئەدارەکانی ئەوگەڕەکەی پیایدا تێدەپەڕێت، بەدڕندەی قێزەون دەبینێت...چونکە لێیان نزیك نابێتەوەو سەرنج لەگرفتەکانیان نادات. ئەوگرفتانەی کەئەونەدارانە پێیانەوە دەناڵێنن... کەچی دێت هاواردەکات:بۆپێشەوە!!.

هەژارێك چووە لای یەکێك لەواعیزەپێشکەوتنخوازەکان و، سکاڵای حاڵی خۆی کرد. کابرای پێشکەوتنخواز تەریقی کردەوە وپێی گوت:(دەی مەگەرچیتە وا ئیش ناکەیت؟ کەس لەکردە ناهومێد نابێت! –دەربڕینی وەرگێڕ-).

ئەوانە ڕێگەی ڕۆزی وبژێوی بەهەژار نیشان نادەن، کەچی پێی دەڵێن: هەوڵ بدە بۆ ڕۆزی... ئەوان وەك مامۆستا "ماری ئەنتوانێت"وان، مامۆستاش کاتێ کۆمەڵێك برسی هاتن بۆلای وداوای نانیان کرد، لەوەڵامیاندا گوتی:بڕۆن کێك بخۆن؟!.

واعیزە پێشکەوتنخوازەکان هیچیان کەمترنیە لەواعیزە شاشك بەسەرەکان، لەڕوی شەیداییانەوە بۆنامۆژگاری بەتاڵ... هەریەکێکیان دەچێتە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی و کاتێ دەگەڕێتەوە دەست دەکاتە گەورەکردن وستایش کردنی سروشتی ڕۆژئاواییەکان وبڵندی ئاکاریان. ئینجا دەڕوانێت بۆنەوچەوساوانەی کەلەدەورو بەریدان وسەرکۆنەیان دەکات و، بەچاوی قێزوبێزەوە تەماشایان دەکات و دەڵێت: (بۆچی ئێوەش هەمان ڕەوشتی خۆرئاواییەکان وەرناگرن؟)!.

شاشك بەسەرەکان شانازی بەئاکاری پێشینەچاکەکانەوە دەکەن، ئەمانیش شانازی بەڕەوشتی ڕۆژئاواییەکانەوە دەکەن. هەموشیان دەیانەوێت ئامانجی

بخەنە بەردەمی خەڵك كەبەدەست ناهێنرێت، ئەمەش بۆئەوە دەكەن ئامەردوم لە خشتەبەرن.

ڕەوشت چ نیە، جگە لەبەرەنجامێك لەبەرەنجامەكانی بارودۆخی كۆمەڵایەتی... دەبینین ڕۆژئاواییەكان ڕەوشتیان باشە، ئەمە تەنها لەبەرئەوە نیە كەحەزیان لە ناكاری باش بووە، بەڵكوئەوان بارودۆخی ژیاری وئابوورییان باش بوو، بەوپێیەش ڕەوشت وناكاریان بەرەوچاكی ڕۆشت. كەواتە ستەمە گەرداوا لە زەحمەتكێشێ (كەلەكوخێكی بێ نرخدا دەژی) بكەین ئاپاك وخاوێن و ڕاستگۆ بێت.ئەو ناچارە بەوەی درۆبكات ودەست ببڕێت ودزی بكات بۆوەی ژیانی كولەمەرگی خۆی بگوزەرێنێ...ناتوانێ پاك وخاوێن بێت، چونكە پاكژی لای ئەوانەی لەكوخەكاندا دەژین شتێكی بێ واتایە.

واعیزەكان دەیانەوێت هەژاران ببنە خێوی ڕەوشتی چاك.لەوانەیە مەبەستیان بێت بەوە پەردەپۆشی ئەوستەمكاریە بكەن كەگەورەكانیان پێی هەڵدەستن... ئەوان ئامانجەكەلـێ ئەستەم دەخەنە بەردەم خەڵكی، بۆوەی ئۆباڵی ئاسوورەكان بخەنە ئەستۆی خەڵكەكەوە، دواتر پێیان دەڵێن:(ئاكارو ڕەوشتتان، بەڵاو ناڕەحەتی هێناوە بەسەرتاندا)!.

***

گرفت ئەوەیە ئەوان وتارو قسەكانیان پڕدەكەن لەودەستەواژانەی كەخەڵكی ڕەشۆكی لێی حاڵی نابن...ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی دەیانەوێت خەڵكی وركەن"دەربڕینی وەرگێڕ"... لەوانەیە بیانەوێت زیان بەخەڵكی بگەیەنن لەبری ئەوەی سودیان پێ بگەیەنن. كێ دەزانێت لەوانەیە لەپێناوی ئەوئامانجە دووردا بەكرێ گیرابن؟!.

لەسەردەمە دێرینەكاندا، سوڵتانەكان دووجۆر یاساوڵیان بەكاردەهێنا: یاساوڵی شمشێر ویاساوڵی پێنوس، ...ئەوسوڵتانانە سەربازگەوقەڵا...هتد،یان دروست دەكرد،لەهەمان ئەوكاتەدا كەقوتابخانەو مزگی وتەكیەگای دەروێشانیان ئاوا دەكرد.

لەڕاستیدا حوکم ودەستەلاتی ستەمکار تەنها بەشمشێر بەرقەرار نابێت.بەڵکو
پێویستی بەهۆنراوەو فەتواو پەرتوك ومەوعیزەش دەبێت!. ئەوسوڵتانەش کەبۆ
پشتگیریکردنی دەستەلاتەکەی بەتەنها پشت بەشمشێردەبەستێت، فەرمانداریە
کەی زۆردرێژە ناکێشێت.

***

هەنوکە کاتی ئەوە هاتووە کودەتایەك لەشێوازی بیرکردنەوماندا بەرپابکەین...
سەردەمی سوڵتانەکان تێپەڕیوەو، سەردەمی گەلان هاتۆتە پێشەوە...شیاونیە بۆ
ئێمە کەلەسەدەی بیستەمدا دەژین، بەهەمان ئەوستایلە بیربکەینەوە، کەلەپێشی
ئێمەدا واعیزەکانی سوڵتان بیریان پێدەکردەوە.
عانی ئەوەمانە لەسروشتی مرۆۆ بگەین، وەك ئەوەی واقیعەو هەیە، دانیش بنێین
بەو ناتەواویە غەریزیانەدا کەلەسروشتی مرۆڤدان ومرۆۆ ناتوانێت لێیان دەرباز
بێت. دواتر لەسەر ئەوبنەمایە پلانی چاکسازی دابرێژین.
دەنا گەرمرۆۆ بەفریشتە دابنێین وداوای لێبکەین لەژیانیدا بەرێرەوی پێغەمبەراندا
بڕوات. مانای وایەداوای ئەستەمی لێدەکەین. ئەودەم تاغوتان هەردەمێننەوەو،
یەکبینە گەندەڵـی وخراپەکاری لەسەرزەویدا بڵاودەکەنەوە...سەرباری ئەوە
تاغوتان بێ وەی دەمێننەوە.

***

## ژێدەر و پەراوێزەکانی بەشی دوانزەیەم


1) بڕوانە: خالد محەمەد خالد، من هنا...نبدا، ل 46 ودواتر.
2) بڕوانە: احمد امین، ضحی الأسلام، ج3، ل298 – 299.
3) بڕوانە:.Sims, Social change.en2


کــــۆتــــایــــی
2006/ 6 / 18 یەك شەممە

# واعیزەکانی سوڵتان

نوسینی:
دکتۆر عەلی وەردی

وەرگێڕانی:
عەبدوڵڵا جەبار شەمسەدین



لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ ( ٧٠٠٠) دینار

فەرهاد
Designer